بابەت و وتوویژەکانی
هاوڕێی تێکۆشەر عەلی بداغی
کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

پێڕست

بابەتی ساڵی: ٢٠١٨ ..... لاپەڕەی ٥

١- لایحەی بودجەی ٩٧ بەتاڵکردنی سفرەی خەڵک و ئاخنینی باخەڵی هێزە چەکدارەکان.....

٢- چالاک و بەندکراوی سیاسیی کورد لە بن تیغی تاوانە ئەمنیەتییەکاندا.....

٣- جا چۆن شێت نەبن، نەدەن بە خۆدا؟.....

٤- لە سووری دۆراندوە لە کایەی تێ هەڵدێنێتەوە.....

٥- کوردستان و مافی مرۆڤ لە ساڵی ٩٦ی هەتاویدا.....

٧- کرێکاران لە بەستێنی ناڕەزایەتییەکانی ئێستادا.....

٨- بەرجامی بێ ئەنجام.....

٩- کۆمەڵگەی ئێران و تابۆی دەستدرێژی کردنەسەر ژنان و منداڵان.....

١٠- ئێران بەرەو کوێ دەڕوا؟.....

١١- بەندیخانەکان لە بەندیخانەیەکی گەورەتردا.....

١٢- منداڵانی تەمەن ٨ ساڵ و گەمەیان بە مادەی هۆشبەر.....

١٣- کۆماری ئیسلامی و دواهەڵبژاردنی خەڵک؟.....

١٤- ئەمجارەیان کێ دادیان دەدا؟.....

١٥- کۆماری ئیسلامی لەبەرچی حیزبی دێموکراتی کوردستانی کردە ئامانجی مووشەکە بالستیکەکان؟.....

١٦- هێزی ڕاستەقینە لە نێوان خەڵک و دەسەڵاتدا.....

١٧- ساڵی نوێی خوێندن و وەرزێکی دی لە بێبەشیی خوێندن بە زمانی دایکی.....

١٨- تێرۆریزمی دەوڵەتی و سەری مارەکە!.....

١٩- حاشاکردنی ڕێژیم لە قەیرانەکان و هەناسەساریی خەڵک.....

٢٠- کەی ئەمە ژینە و کوا ئەمە داد؟.....

بابەتی ساڵی: ٢٠١٩ ..... لاپەڕەی ٥٣

٢١- مەترسییەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستی نوێ بۆ کۆماری ئیسلامیی ئێران.....
٢٢- نرخی مرۆڤ لای ئەوان.....
٢٣- کۆمار و پێشەوامان لە ئەزموونەوە بۆ وانە.....
٢٤- مافی زمانی، مافێک بۆ هەموو وەرزەکان.....
٢٥- ئاریشەکانی کۆمەڵگە و نیگەرانییەکانی جەناب!.....
٢٦- ئەمریکا و ئێران، ماراتۆنی سزا و خۆلادان.....
٢٧- ئەم دەفرەی کە لەمێژە لێی دەڕژێ.....
٢٩- تەکلیفی خەڵک لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ڕوون و یەکلایە، نایانەوێ.....
٣٠- تێرۆریزمی کۆماری ئیسلامیی ئێران چەشن و شێوازەکانی.....
٣١- "حەشدی شەعبی"ی عێراق و "حیزبوڵڵا"ی لوبنان و ئەوانیدی لە ئێران چ دەکەن؟.....
٣٢- کرێکاری بێکار لە دۆزەخستانی ئێرانی ئێستادا.....
٣٣- ئەو کاتانەی دەمامکەکان لا دەدرێن.....
٣٤- ئەو بەڵایەی دەبێ لە کۆڵ خەڵکی ببتەوە.....
٣٥- چرای مااڵنە قاسملوو.....
٣٦- پەلەقاژەی مانەوە لە متمانەی "نەبوو" دا.....
٣٧- هەتاکەی دەرفەتدان و گرتنەوە؟!.....
٣٨- ئێعدام لەپێناو مانەوەدا.....
٣٩- بەزۆر بشکێ دەبێ دەرکی قەڵایە.....
٤٠- خەڵک و خوێندنەوەیان لە هەڵبژاردنەکان و بودجەی وڵاتدا.....
٤١- کوژرانی قاسم سلێمانی و چڕژانی هیلالی شیعی.....
٤٢- دیسان لێدانەوەی قەوانە کۆنەکە.....

بابەتی ساڵی: ٢٠٢٠ ..... لاپەڕەی ١٠٩

٤٣- گرینگیی هەڵبژاردنەکان بۆ ڕێژیم لەنێوان پێگەی مەجلیس و چەندی و چۆنیی بەشداریی خەڵکدا

٤٤- لە کام ئازان و بە چی بەزیون؟.....
٤٥- کۆماری ئیسلامی کیش یان مات؟.....
٤٦- سووچی گەمارۆکانە یان بێکیفایەتی و گەندەڵیی خۆیان؟.....
٤٧- بەتاڵایی ئەرکەوەخۆگری لە حکوومەتی سەرکوتدا.....
٤٨- کرێکار و مافەکانی لە ئێران لە دەیەی پێنجەمی کۆماری ئیسلامییدا.....
٤٩- خومەینیزم و میراتگرانی.....
٥٠- ئاکامی سەبر و زەبری ئەمجارەیان؟.....
٥١- پێویستیی متمانە بە یەکتر بۆ تێپەڕین لە کۆماری ئیسلامی.....
٥٢- ناگاتە دەریایە زنە.....
٥٣- شەڕ و ئاشتی و پڕەنسیپە جیهانگیرەکان لە کولتووری سیاسیی حیزبی دێموکراتدا.....
٥٤- هەتا لوتکە کەمی ماوە.....
٥٥- ئادرەسی ڕوونی قەیران و چارەسەر.....
٥٦- ئەمنیەت و داد لە نیزامی دادی ڕێژیمدا.....
٥٧- چرۆ و پشکووتنەکانی دوای خەزەڵوەر.....
٥٨- قۆناغی دوای کۆرۆنا بۆ خەڵک و دەسەڵاتی سیاسی چارەنووسسازە.....
٥٩- کۆماری ئیسلامی و تراویلکەی بایدەن.....
٦٠- بیری چیایی.....

وتوویژەکان ..... لاپەڕەی ١٦٩

بابەتی ساڵی: ٢٠١٨

لایحەی بودجەی ٩٧ بەتاڵکردنی سفرەی خەڵک و ئاخنینی باخەڵی هێزە چەکدارەکان

دەوڵەتی حەسەنی ڕوحانی بودجەی ساڵی ١٣٩٧ی داوەتە مەجلیس. ئەگەرچی مشتومڕەکان لەسەر پەسندکردن یان گۆڕانکاری لەو بودجەیەدا جارێ درێژەی دەبێ، بەڵام ئەوەی ئێستا ڕوونە ئەوەیە لەو لایحەیەدا بودجەی هێزە چەکدارەکان زیادی کردوە، ناوەندە مەزهەبییەکان و دامەزراوە بەناو کلتووری و ئاینییەکانی ژێر دەسەڵاتی کاربەدەستانی ئایینیی کۆماری ئیسلامی پشکیان لە بودجەی ئەمساڵدا زیاتر لە ساڵانی ڕابردوویە؛ هەروەها دەوڵەت پێشنیاری لابردنی یارانەی لەسەر قووتی سەرەکیی ژیانی خەڵک، واتە نان کردوە، بودجەی بەشی ئاوەدانکردنەوەی وڵات سەدا ١٥ و هەروەها بودجەی بەشی پەروەردە و فێرکردن سەدا ٤٠ لە کەمی داوە و خشتەی ژمارە ١٧ش چۆتە ڕەدیفی بودجەوە.

خشتەی ژمارە ١٧ی بودجە لەمێژ ساڵە خەڵک دەیزانن و دەیناسن، ڕیزی کۆمەڵێک بنیات و ناوەندی ژێر دەسەڵاتی بەڕێوەبەری ئایینی و مەرجەعە مەزهەبییەکان، کاربەدەستانی دەستڕۆیشتوو کە ساڵانە هەزاران میلیارد تمەن لە سامانی گشتیی وڵاتیان دەدرێتێ، بێ ئەوەی کەس بزانێ ئەو پارە بە لێشاوە لە کوێ و لە چیدا خەرج دەکرێ و قازانجی بۆ خەڵک چیە؟

«حەوزەی عیلمییەی قوم»، «سازمانی تەبلیغاتی ئیسلامی»، «دامەزراوەی توێژینەوە و فێرکاریی ئیمام خومەینی» کە لە ژێر دەسەڵاتی میسباح یەزدیدا بەڕێوە دەبرێ، «جامعە المصطفی العالمیە» کە لە بەردەستی ئایەتوڵڵا مەکارم شیرازی دایە، «دامەزراوەی دایەرەتولمەعارفی فیقهی ئیسلامی» کە سەید مەحمود هاشمی شاهروودی هەڵیدەسووڕێنێ، «دامەزراوەی بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانی ئیمام» کە سەید حەسەن خومەینی دەیگێڕێ، «بنیاتی ئێرانناسی» کە محەممەد خامنەیی، بۆ سەید عەلیی ڕێبەری کۆماری ئیسلامی بەڕێوەی دەبا، «بنیاتی سەعدی، دایەرەتولمەعارف و فەرهەنگستان» کە غولامعەلی حەداد عادل، خەزووری کوڕی خامنەیی سەرۆکایەتیی دەکا، «زانکۆی موتەهیری»، «فەرهەنگستانی هونەر»، «کتێبخانەی ئایەتوڵڵا مەڕعەشی» و دەیان ناو و شوێن و دامەزراوەی دی کە هەر کام ساڵێ لە نێوان ١٥ هەتا ٤٥٠میلیارد

تەمەنیان بەبەلاش دەدرێتێ، بێ ئەوەی تەنانەت دەوڵەت بۆ خۆیشی دەسەڵاتی هیچ جۆرە چاودێرییەکی بەسەر جۆری چالاکی و چۆنیەتیی خەرجکردنی ئەو هەزاران میلیارد تمەنە هەبێ کە لە باخەڵی خەڵک دەری دێنن و لە حسێبی ئەوانی دەکەن.

ئەوەی لە لایحەی بودجەی ئەمساڵدا دەردەکەوێ، دەوڵەت ئەو خشتەیەیەی لابردوە و وەک ساڵان و بە شێوەی سەربەخۆ نەیگونجاندوە، بەڵکوو لە ڕیزی تێچووەکانی وەزارەتی فەرهەنگ و ئیرشاددا هێناونی کە ئەگەرچی وەک هەوڵێکی دەوڵەت بۆ شەفافییەتی زیاتر و چاودێری بەسەر چۆنیەتیی ئەو بەشینەوە زۆر و زەوەندە چاوی لێدەکرێ، بەڵام ئەسڵی بابەت هەر لە جێی خۆیەتی. خەڵک دەپرسن کاری ئەم هەموو دامودەزگا پان و بەرینە بەو هەمووە تێچووە قورسە چییە و چییان کردوە و لە پێناو کام پرس و خەمی کۆمەڵگەدان کە خوانی ئاوایان بۆ ڕادەخرێ.

بەپێی داتا و دێکۆمێنتەکان ئەوەندەی بە ئاشکرا دەدرێتە ئەو شوێنانە لە ساڵدا نیزیک بە ٨٠٠٠ میلیارد تمەنە، ئەویش لە حاڵێکدا بەپێی سەرچاوە ڕەسمییەکان بودجەی هەر هەموو ژینگەپارێزیی وڵات تەنیا ٣٠٠ میلیارد تمەنە، هەروەها لە هەموو بودجەی تەرخانکراوی ئەمساڵ بۆ پڕۆژەکانی ئاوەدانکردنەوە کەمێک زیاتر لە ٧٠٠ میلیارد تمەنی بۆ تەرخان کراوە(١)، بە واتایەکی دی سەرجەم بودجەی ئاوەدانی و وەبەرهێنان و گەشەی وڵات ناگاتە ئەو پووڵ و پلەیەی بەبەلاش و بێبەرامبەر دەدرێتە ئەو ناوەند و دەزگا حکوومییانەی هیچ فەڕ و خێرێکیان بۆ خەڵک و کۆمەڵگە نییە.

حەسەن ڕوحانی لە حاڵێکدا ڕایگەیاندوە کە ئامانجی سەرەکیی بودجەی ساڵی ٩٧نەهێشتنی هەژاریە لە کۆمەڵگەدا، بەڵام کە سەیری ڕەیفی بودجە و هەروەها پڕاکتیکەکانی ناوبراو دەکەین، دەبینین کابینەکەی ئەویش نەک بۆ ئەو مەبەستە بەڵکوو بۆ سەقامگیربوونی زیاتری ڕێژیم و لە پێناو بردنەپێشێی سیاسەتە ئیدۆلۆژیکییەکانی ڕێژیمەکەی هەنگاوی ناوە. چۆن؟

لە حاڵێکدا سەرجەم بودجەی پێشنیارکراو بۆ ساڵی ١٣٩٧ لە چاو ساڵی ڕابردوو تەنیا سەدی ٧ - ٣ زیادی کردوە، بەڵام بودجەی پێشنیارکراو بۆ وەزارەتی بەرگری سەدا ٣٣ و بودجەی سپای پاسداران بە تایبەتی سەدا ٤٢ زیادی کردوە. بودجەی سپا ئەوەندەی بە ئاشکرا لە ڕەیفی بودجەدا هاتوە، ساڵی ڕابردوو ١٥ هەزار و ٥٠٠میلیارد تمەن بوو و بۆ ئەمساڵ ٢٧ هەزار میلیارد تمەنی بۆ لەبەرچاو گیراوە. بەڵام؛

پشکی بودجەی ئاوەدانکردنەوەی وڵات بۆ ساڵی داهاتوو ١١ هەزار میلیارد تمەن لە چاو ساڵی ڕابردوو لە کەمی داوە، ئەویش لە کاتێکدا کە بە هەزاران پڕۆژەی نیوەچڵ بەسەر دەستی دەوڵەتدا ماوەتەوە و سروشتییە لەو دۆخەدا چیی بە

کوردستان و ناوچە پەراوێزخراوەکانی دیکەی ئێران دەبڕێ کە بە درێژایی هەموو تەمەنی کۆماری ئیسلامی بەلاوەیان ناون. کەمکردنەوەی١١ هەزار میلیارد تمەنی لە بودجەی وەبەرهێنان و ئاوەدانکردنەوەی ولات و زیادکردنی ١٢ هەزار میلیارد تمەنیی زیاتر لە بودجەی ساڵی ڕابردوو بۆ سپای پاسداران دەریدەخا کە سپای پاسداران لە حاڵێکدا زیاتر لە نیوەی هەموو بودجەی هێزە چەکدارەکانی ئیرانی دراوەتێ، بۆ ساڵی داهاتوو چ خەون و خەیاڵێکی لەسەر دایە.

سەیر ئەوەیە کە حەسەن ڕوحانی لە کاتێکدا پێشنیاری ئەو بڕە بودجەیەی بۆ سپای پاسداران کردوە کە پێش هەڵبژاردنەوەی بە سەرۆک کۆماری بەردەوام ڕەخنەی لەوە دەگرت کە کۆکردنەوەی دەسەڵاتی ئابووری و نیزامی و ڕاگەیاندن لە شوێنێک - کە مەبەستی سپای پاسداران بوو - بووەتە هۆی گەندەڵییەکی هەوسار پچڕاو.

لەلایەکی دیکەشەوە تەرخانکردنی بەشی هەرە زۆری داهات و بودجەی گشتیی ولات بۆ سیاسەتە شەڕخوازانەکانی ڕێژیم لە حاڵێک دایە کە هەژاری، بێکاری و گرانی بینەقاقای زۆرینەی خەڵکی ئێرانی گرتوە و هێنانی «نان» بۆ سەر سفرە بۆتە بارگرانی بۆ زۆر خەڵک، هەر ئەو نانەی کە ئێستا لە بودجەی ٩٧ دا بڕیارە یارانەی دەوڵەتیی لەسەر هەڵگیرێ و نرخەکەی ئازاد بکرێ، بە واتایەکی دی ئەگەر مەجلیس ئەو بەندە لە بودجەی پێشنیاریی دەوڵەت پەسند بکا نرخی نان زیاتر لە دوو هیندەی ئێستا گرانتر دەبێ و خەڵکێکی زۆر هەر ئەو نانە ویشکەیان بۆ ناکڕدرێ.

چەند خاڵێکی دیکەی بودجەی ٩٧ جێی سەرنجە:

- بودجەی پێدانی مانگانە بۆ پەککەوتووان و بنەماڵەی مەلا کۆچکردووەکان ١٨٧میلیارد تمەن و بودجەی یارمەتیدانی ژیانی فەقێکانی حکومەت ٣٣٥ میلیارد تمەنە و ٢٥٣ میلیارد تمەن بۆ بیمەکردنیان تەرخان کراوە، بەڵام لە کوردستان نەک کۆڵبەران و کرێکاران بیمە ناکرێن و قوربانی و بنەماڵەی قوربانیانی تەقینەوەی مین و دەستڕێژی هێزە چەکدارەکان قەرەبوو ناکرێنەوە، بگرە دەگیرێن و جەریمەش دەکرێن.

- بودجەی ناوندی خزمەتگوزارییەکانی حەوزەکانی عیلمییە ٦٠٠میلیارد تمەنە، بەڵام سەرجەم کتێبخانە گشتییەکانی ولات ١٥٧ میلیارد تمەنیان دەدرێتێ.

- «جامعە المصطفی العالمیە» کە تەنیا یەکێک لە ناوەندەکانی پەروەردەی ئایینیی سەر بە دەسەڵاتە، بە تەنێ ٣٣٠میلیارد تمەنی دراوەتێ، بەڵام بودجەی زانکۆکانی سەنعەتیی شەریف و ئەمیرکەبیر ٢٥٤ میلیارد تمەنە.

- لەو بودجەیەدا سەرانەی قێرکردن و پەروەردە بۆ ساڵی داهاتوو نیوە کراوە، ئەویش لەبەرچاوگرتنی ئەو هەموو کەمایسییە لە دابینکردنی شوێن و ئیمکاناتی خوێندن، وەک کەمیی قوتابخانە و خوێندنگەکان، نۆژەنکردنەوە و کۆک و پۆشتەکردنیان.

- لە بودجەی ٩٧دا پێشبینی کراوە داهاتێکی زیاتر لە ئی ئەمساڵ، واتە نیزیک بە ١٩,٥هەزار میلیارد تمەن لە بەشی ماڵیات و پیتاک بە نەسیبی دەوڵەت بێ؛ کە هەر کەسەو لە ئێران ٢٤٥ هەزار تمەنی پێ دەبڕێ.(٢) واتە دەوڵەت دەیەوێ بە کەمتر حسێبکردن لەسەر داهاتی فرۆشی نەوت، نوقسانیی ئەو بەشە بە زۆرکردنی باج و پیتاک لەسەر خەڵک و، گرانکردنی خزمەتگوزارییەکانی وەک ئاو و برق و گاز و سوتەمەنییەکانی وەک نەوت و گازۆڵ و بێنزین و تەنانەت نان و سەیرتر لەوە وەرگرتنی باجی قورسی سەفەر بۆ دەرەوەی وڵاتی خەڵک بەپێی بڕوانامەی خوێندن پڕ بکاتەوە.

- دواجار لایحەی بودجەی ساڵی داهاتووش لە کاتێکدا هەمیسان تێچووەکانی ڕاپیکردنی کاروباری وڵات سەدی ٩ زیادی کردوە، کە حەسەن ڕوحانی لە ٥ ساڵی سەرکۆماریی خۆیدا بەردەوام لەو سۆنگەیەوە ڕەخنەی تووندی لە سەردەمی ئەحمەدینژاد دەگرت، ڕێچکەیەک کە بۆ خۆی خراپتر پێیدا دەڕوا.

بە کورتی بودجەی ٩٧ نەک هیچی بۆ خەڵکی ئێران تێدا نییە، بەڵکوو لە سفرەی خەڵک و لە زاری خەڵکیان گرتۆتەوە و لە دەمی هێز و دەزگا نیزامی و ئەمنیەتییەکانیانی ڕۆ کردوە.

سەرچاوەکان

١) ایلنا، کد خبر: ٥٦٩٠٣٢ ٢١ - ٩ - ١٣٩٦

٢) روزنامه خراسان: شماره : ١٩٧٠٦ - ١٣٩٦ پنج شنبه ٢٣ آذر

(لە ژمارەی ٧١٦ی"کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٣ی دێسەمبەری ٢٠١٧

چالاک و بەندکراوی سیاسیی کورد لە بن تیغی تاوانە نەمنیەتییەکاندا

دوای ٤ دەیە لە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی ئێستاش «تاوانی سیاسی» لەو وڵاتە پێناسە نەکراوە و ئەوەش دەستی ئاوەڵا کردوە بۆ ئەوەی چی نەیار و دژبەر و ڕەخنەگر و ئۆپۆزیسیۆن هەیە لەو وڵاتەدا، تاوان دژی ڕووخاندنی ڕژێمیان بخرێتە پاڵ و خوێنیان حەڵاڵ بکرێ.

لە نیزامی دادی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا هەر بەو هۆیە کە «تاوانی سیاسی» پێناسە نەکراوە، زیندانیانی سیاسی بە تۆمەتگەلی وەک «محاربە» و «هەوڵدان بە دژی ئەمنیەتی وڵات» دەدردادگایی دەکرێن و سزای قورسیان لەو سۆنگەیەدا بەسەردا دەسەپێ، بەمجۆرە کۆماری ئیسلامیی ئێران هەم دژبەران و ڕەخنەگرانی خۆی دەمکوت دەکا و ڕاپێچی سووچی زیندانیان دەکا، هەم بەو پەڕی ڕووهەڵماڵراوی دێ و دەڵێ وڵاتەکەی تاقە یەک زیندانیی سیاسی نییە!

لە کوردستان ئەو دۆخە بۆ چالاکانی سیاسیی کورد و ڕەخنەگرانی کۆماری ئیسلامی بە جۆرێکی دیکەیە، واتە تێچووی چالاکیی سیاسی و بەرهەڵستکاری لەچاو ناوچەکانی دیکەی ئێران گەلێ قورسترە. واتە بۆ کاری وەک یەک، سزای وەک یەک نییە و چالاکی سیاسی هەیە لە کوردستان بە تاوانی! ڕومالکردنی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ سزای ١١ ساڵ زیندانیی بەسەردا سەپاوە، بەڵام هەر هەمان کار لە تاران سزاکەی ٦ مانگ بووە. ئەوە جیا لەوەی لە دوو دەیەی ڕابردوودا کوردستان لە ڕووی سەپاندن و جێبەجێکردنی سزای ئێعدام بە سەر زیندانیانی سیاسیدا پشکی شێری بەرکەوتوە، هەروەها لە ڕووی سەپاندنی سزای زیندانیی درێژماوەی ٢٥ ساڵ زیندان تا زیندانی هەتاهەتایی.

با چاوێک بە ناماڕەکاندا بخشێنین:

لە ئێستادا لانیکەم ١٤٠ زیندانیی سیاسیی کورد هەن کە بە تۆمەتەکانی وەک «ئەندامەتی و هاوکاریی حیزبە کوردییەکانی ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی»، «هەوڵدان دژی ئەمنیەتی وڵات» و « بانگەشە دژی کۆماری ئیسلامی» لە دادگاییکردنێکی ناعادڵانەدا حوکمی زیندانی درێژخایەنی ٥ ساڵ تا ٣٥ ساڵ و لە چەند حاڵەتیشدا زیندانیی هەتاهەتاییان بەسەردا سەپاوە.

هەروەها لانیکەم ٢٢ زیندانیی سیاسیی کورد لە بەندیخانەدان کە بە تۆمەتی «محاربە» لە ڕێگەی ئەندامەتیی حیزبێکی

کوردی سزای ئێعدامیان بەسەردا سەپاوە، بەشێکی زۆر کەسانە مافی ئەوەشیان پێ نەدراوە بۆ خۆیان پارێزەر بگرن و دادوەری پەروەندەکانیان بڕیاری ناوەندە ئەمنیەتییەکانیان وەک حوکم و سزا بە سەریاندا سەپاندوون.

ئاماژە بە بارودۆخی چەند زیندانیی سیاسیی کورد باشتر دەتوانێ تەعبیر لەو هەلومەرجە بکا کە بەندکراوانی سیاسیی کوردی تێدا دەژین:

محەممەد نەزەری، ساڵی ١٣٧٣ لە شاری بۆکان بە تۆمەتی ئەندامەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان گیرا و لە دادگای ورمێ بە بڕیاری قازی جەلیلزادە، سزای ئێعدامی بەسەردا سەپا. ئەو حوکمە ساڵی ٧٨ ی هەتاوی بۆ زیندانی ئەبەد گۆڕدرا.

بارودۆخی خراپیی سڵامەتیی محەممەد نەزەری دوای ٢٤ ساڵ مانەوە لە زیندان لە حاڵێک دایە کە ئەو لەو ماوەیەدا لە هەرچەشنە مافی مەرەخەسییەکیش بێبەش بووە، ناوبراو دواجار بۆ پێڕاگەیشتن بە پەروەندەکەی مانی لە خواردن گرت و پاش ٩٩ ڕۆژ بێ ئەوەی مەرجەکانی وەدی بێن، لەسەر داوای چالاکانی مافی مرۆڤ مانگرتنەکەی شکاند.

عوسمان مستەفاپوور کە بە تاوانی ئەندامەتی لە حیزبی دێموکراتی کوردستان گیراوە، ٢٣ ساڵ لە زیندان دایە و هێشتا مەرەخەسی نەدراوەتێ. ئەو کە ئێستا تەمەن ٤٩ ساڵە، لە ٢٣ی پوشپەڕی ساڵی ٧٣ی هەتاوی هەتاوی دەسبەسەر و لە لقی یەکی دادگای ورمێدا، بە بڕیاری قازی جەواهیری سەرەتا سزای ئێعدامی بەسەردا سەپا و دوای ٦ ساڵ بەندکرانی سزاکەی بۆ ٣٥ ساڵ زیندان داشکا. ئەو بەهۆی ئەو کێشانەی ناوەندە ئەمنیەتییەکان بۆی دروست دەکەن، لە ماوەی ئەو ٢٣ ساڵەدا تا ئێستا ئیزنی تاقە ڕۆژێک مەرەخەسی نەدراوەتێ.

کەماڵ شەریفی، زیندانیی سیاسیی کوردی دوورخراوە بۆ زیندانی میناب ساڵی ٨٧ی هەتاوی بە تۆمەتی ئەندامەتیی حیزبی دێموکرات دەسبەر و سەرەتا سزای ئێعدامی بەسەردا سەپا و لە دادگای پێداچوونەوەدا حوکمەکەی بۆ ٢٥ ساڵ زیندان داشکا. ئەو ئێستا لە زیندانی میناب وێڕای چەند زیندانییەکی سیاسیی دیکە لە نێو تاوانبارانی ماددە هۆشبەرەکاندا بەندکراوە و خەریکی کێشانی ماوە زیندانییەکەی خۆیەتی لە دوورخراوەییدا.

حەبیبوڵا لەتیفی خوێندکاری کۆتا ساڵی بەشی »ئەندازیاریی سەنایەع» لە زانکۆی ئیلام بوو، کە ڕۆژی ١ی خەزەڵوەری ساڵی ٨٦ دەسبەسەر و بە تۆمەتی هەوڵدانی دژی ئەمنیەتی میللی و شەڕ لەگەڵ خودا، حوکمی ئێعدامی بەسەردا سەپا. ئەم بەندکراوە کورده لەوەتی گیراوە نەک پێدانی مەرەخەسییان لێ قەدەغە کردوە، بگرە هەتا ئێستاشی لەگەڵ بێ نەیتوانیوە

لە نزیکەوە چاوی بە بنەماڵە و کەسوکاری بکەوێ.

عـومەر فەقێیـوور، زینـدانییەکی سیاسـیی دیـکەی کـوردە لە سـاڵی ١٣٧٨ دەستبەسـەر کـراو بە تـۆمەتی هەوڵـدان بەدژی ئەمنیەتی میللی و شەڕ لەگەڵ خودا لە ڕێگەی ئەندامەتیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان، لە لایەن دادگای ئینقلاب لە شـاری مەهابـاد حـوکمی ئێعـدامی بەسـەردا سـەپێندرا، بەڵام دواتـر ئەم حـوکمە لە دادگـای پێـداچوونەوەدا بـۆ زینـدانی تـاهەتـایی داشکا.

نـاوبراو لە کـاتی دەستبەسـەرکرانیدا کچێکـی ٣ سـاڵانەی بـووە، بەڵام ئێسـتا پـاش تێپەڕینـی ١٨ سـاڵ بـۆ تـاقە ڕۆژێکـیش نەیتوانیوە لە نزیکەوە لەنێو بنەماڵەکەی خۆیدا بێ.

ڕەوتـی گـرتن و زینـدانیکردنی چالاکـان و هەڵسـوڕاوانی کـورد لە کوردسـتان تەواو سیسـتماتیکە، بە جۆرێـک کە ناوەنـدە ئەمنیەتییەکـانی وەک ئیتلاعـاتی سـپای پاسـداران، ئیـدارەی ئیتلاعـاتی سـەر بە وەزارەتـی ئیتلاعـات و هەروەهـا بەشـی ئیتلاعاتی هێزە ئینتیزامییەکان بەبەردەوامی لە سایەی کەشی ئەمنیەتیی زاڵکراو بە سەر کوردستاندا هەڵسوراوانی کـورد دەگـرن و سـزای زینـدان و دوورخسـتنەوەیان بـۆ ناوچەکـانی زۆر دوو لە کوردسـتان، یـان بـارمتەی قـورسـی مادییـان بەسـەردا دەسەپێنن.

هەر لەو ماوەیەدا و لە ڕۆژانی پێش بەڕێوەچوونی ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی لە باشووری کوردستاندا زیـاتر لە ٧٠٠ کەس لە خەڵکی کوردستان بە تـاوانی خۆشیدەربڕین و پشتیوانی لە مافخوازیی کوردی باشوور گیران و ئێستاش دەیـان کەس لەوان لە زیندانداا ماونەتەوە.

کوردسـتان لـە ڕوانگـەی کاربەدەسـتانی کۆمـاری ئیسـلامی سـەری مارەکەیـە و دەبـێ پـان بکرێتـەوە، بۆیـەش دەبینین تێچـووی چـالاکیی سیاسـی، مـەدەنی و هەڵسـوورانی کۆمەڵایـەتی لـە کوردسـتان لـە چـاو ناوچـەکانی دیکـە زۆر لەسـەرێیە، بـەڵام لە هەمانکاتدا دەبینین کە ئەوانە هیچیان نەیانتوانیوە بەرهەڵستی ڕوحی بەربەرەکانی و تێکۆشان لە کوردستان ببنەوە.

(لە ژمارەی ٧١٧ی"کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٦ی جانیۆڕی ٢٠١٨

جا چۆن شێت نەبن، نەدەن بە خۆدا؟

شکی تێدا نیە ناڕەزایەتیدەربڕین بە بارودۆخی خراپی ئابووری، بێکاری و هەژاری و گرانی یەک لە هۆکارە سەرەکییەکانی هاتنەسەرشەقامی خەڵک و دەنگ بەرزکردنەوەیان لە دژی کۆماری ئیسلامی بوو.

کۆمەڵانی خەڵکی ئێران کەمیان لە سیاسەتی چەوتی ئابووریی ڕێژیم نەچێشتوە کە لە ژێر باندۆڕی سیاسەتی دەرەوەی وڵات دایە کە ئەویش پەرەپێدان بە هێزۆنیی کۆماری ئیسلامی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستە و تێچووی ئەو پڕۆژانە هەموو لەسەر حسێبی سامانی گشتیی وڵات و قووتی خەڵک بووە.
ناڕەزایەتییەکانی ئەمجارەی خەڵکی ئێران کە نیزیک ١٠٠ شاری گرتەوە و بۆ ماوەی ١١ ڕۆژ بەردەوام بوو، چەند ڕۆژ پاش ناردنی لایحەی بودجەی ساڵی ٩٧ بۆ مەجلیس و گرانبوونی یەکجێی هێلکە لە بازاڕ بوو. پرسیار ئەوەیە کە لایحەی بودجەی ساڵی ٩٧ کە هێشتا بە تەواوی لە مەجلیس پەسند نەکراوە چۆن ڕێک خراوە کە ئاوا لە ڕەوتی ناڕەزایەتییەکاندا و لە زۆر دروشم و باسەکاندا ڕەنگی دایەوە. هەندێ وردبوونەوەی لە چەند خاڵ و بڕگەیەکی ئەو لایحەیە بەرچاوڕوونیی زیاترمان دەداتێ:

لە بودجەی ئەمساڵدا بەشی ڕێکخراوی میراتی کلتووری، پیشەسازییە دەستییەکان و کەرتی گەشتیاریی وڵای ٢٦٠ میلیارد تمەنە، بەڵام شورای بەرزی حەوزە عیلمییەکان ٤٤٠ میلیارد تمەنی بۆ لەبەرچاو گیراوە.

هەموو پشکی وەزارەتی جیهادی کشتوکاڵ ١٦٧ میلیارد تمەنە، بەڵام «جامعه المصطفی العالمیه»، یەک لە ناوەندە پەروەردەییە ئیدۆلۆژیکییەکانی نیزام بە تەنێ ٣٠٠ میلیارد تمەنی دراوەتێ.
بۆ وەزارەتی تەعاون، کار و خۆشبژیوی کۆمەڵایەتی ١٦٢ میلیارد تمەن لەبەرچاو گیراوە، بەڵام مافی بیمەی مەلا و فەقێ بێکارەکان ٢٩٦ میلیارد تمەنە.

لەو بودجەیەدا بەشی ڕێکخراوی ئۆرژانسی وڵات ١٥٠ میلیارد تمەن، پشکی ڕێکخراوی بازڕەسیی وڵات ١٢٨ میلیارد، هیلال ئەحمەر ١٢٥ میلیارد تمەن و وەزارەتی سەنعەت و کانزاکان ٩٧ میلیارد تمەن لەبەرچاو گیراوە، کەچی شوڕای سیاسەتدانانی حەوزەی عیلمییەی ژنان ٢٥٨ میلیارد تمەن، شوڕای هەماهەنگیی تەبلیغاتی ئیسلامی ١٨٤ میلیارد، کۆڕی جیهانیی ئەهلی بەیت ٤٧ میلیارد و سندووقی پەرەپێدانی فەرهەنگی قورئانی ٤٠ میلیارد تمەنیان دراوەتێ.

پشکی وەزارەتی ڕێگاوبان و شارسازی لە بودجەی ساڵی داهاتوو ٨١ میلیارد تەمەن، ڕێکخراوی ژینگەپارێزی ٥٧ میلیارد، ڕێکخراوی خۆراک و دەرمان ٣٣ میلیارد، ستادی بەربەرەکانی لەگەڵ قاچاغی کاڵا و دراو ٤٢ میلیارد، شارەداری و دیهیارییەکان ٢١ میلیارد، بەرنامەی دابینکردنی دەرمان ١٦ میلیارد، ڕێکخراوی کاروباری خوێندکاران ١١ میلیارد و بەشی ڕێکخراوی نۆژەنکردنەوە و پەرەپێدانی قوتابخانەکانی وڵات ١١ میلیارد تەمەنە؛ کەچی بودجەی بەشی خزمەتکردن و پێڕاگەیشتن بە مەلا و فەقێکانی حەوزە عیلمییەکان ٦٠٠ میلیارد تمەن، کۆڕی جیهانیی نیزیکردنەوەی ئایینزا ئیسلامییەکان ٣٧ میلیارد، ناوەندی بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانی خومەینی ٢٦ میلیارد، ڕاهیانی نور ٢٢ میلیارد، پێڕاگەیشتن بە گۆڕی خومەینی ١٨ میلیارد، ستادی نوێژی هەینی ١٨ میلیارد، ناوەندی توێژینەوە زانستە ئیسلامییەکان ١٦ میلیارد و بەڕێوەبردنی ساڵۆڕۆژی مردنی خومەینی ٩ میلیارد تمەنە...

ئێستا ئەو وڵاتە چۆن پێش دەکەوێ کاتێک بودجەی خزمەتکردن بە مەلا و فەقێی حەوزە عیلمییەکان بەرامبەرە لەگەڵ بودجەی چوار وەزارەتخانە و سێ ڕێکخراوی هەرە گەورە و بەڕێوەبەریی وڵات:

* وەزارەتی جیهادی کشتوکاڵ
* وەزارەتی کار و خۆشبژیوی
* وەزارەتی سەنعەت و کانزاکان
* وەزارەتی ڕێگاوبان و شارسازی
* ڕێکخراوی ژینگەپارێزی
* ڕێکخراوی شارەوانی و دێهیارییەکانی سەرجەم وڵات
* ڕێکخراوی کاروباری خوێندکاران)؟

ئەو بارودۆخە لە حاڵێکدایە کە کرێکارێک مووچە و حەقدەستەکەی خۆی کە خوارتر لە هیڵی هەژارییە لە کاتی خۆیدا پێی نادرێ و بووە کە هەتا شەش مانگان وەدوا کەوتوە.

خەڵکی ئێران چۆن دەتوانن دڵیان بە ژیان و داهاتوویەک خۆش بێ کە هەر هەموو پشکی ڕێکخراوی جۆراک و دەرمان لە بودجەی وڵات ٣٣ میلیارد تمەن، بەڵام بەشی بیمەی فەقێ و مەلا دانەمەزراوەکان ٢٩٦ میلیارد تمەن و ٩ هیندەی ئەوە؟ ئەو خەڵکە چۆن هانا بۆ شەقام نابەن و نایکەنە گۆڕەپانی ناڕەزایەتی و بەربەرەکانی، کاتێک دەبینن کە «جامعە المصطفی العالمیە» کە کەس نازانێ کاری چیە و خێر و بێری بۆ کۆمەڵگەی ئێران لە چی دایە بە پێدانی ٣٠٠ میلیارد تمەن، ٢٤ میلیارد تمەن لە سەرجەم بودجەی سێ وەزارەتخانەی دەدرێتێ؟

سەرچاوە Serchawe

بـۆیە پـێچەوانەی ئـیدیعای حەسـەن رووحـانی و کاربەدەسـتانی دیـکەی ڕێـژیم باسـەکە نەبـراوەتەوە و تـازە لە دەسـپێک و هەڵکشان دایە. ڕەنگبێ وەک هەمیشە سیاسەتی سەرکوت، کوشتن، گرتنی هەزاران کەس و فیلترینگی تـۆڕە کۆمەڵایەتییەکـان تـوانیبێتی بارسـتایی نارەزایەتییەکـان لەسـەر شـەقام سـووک بکـا، بەڵام کێشـەکان هەر لەجێـی خۆیـانن و خەڵـکەکەش هەروەها.

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بەو هەمووە قەیرانەی بۆ کۆمەڵگەی ئێران و کۆمەڵگەی جیهـانی لە نـاوچەی ڕۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـتی دروست کردوە، ئێستا کێشەیەکە لەبەردەم ئەمنیەتی جیهانیدا.

ئەو ڕێژیمە دوای ٤ دەیە دەسەڵاتی ڕەها نەیتوانیوە ڕەوتی پەرەپێدانی وڵات بەرەو پێش ببا و وەڵامدەری و ماف و داخـوازە سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و مەدەنییەکانی خەڵک بە تـاییەت لاوان نـیە. لەلایەکـی دیکەوە لە نێوخۆی حاکمییەتیشدا کێشە لەسەر دەسـەڵاتی زیـاتر و بەرزەفڕی و هێژمونیخوازیی باڵەکـانی ڕێـژیم قـووڵتر بـۆتەوە و گەنـدەڵیی سیسـتماتیک و ناکـارامەیی دەوڵەت و حـاکمییەت ئیـدارەکردنی وڵاتـی گەیانـدۆتە بنبەست کە هەردەم چـاوەروانیی تەقینـەوە گەورەکەی لـێ دەکرێ. لە ئاستی ناوچەییشدا ئیدی بڕیـار و ئیرادەکـان بـۆ سنووردانان بـۆ کۆمـاری ئیسلامی خەریکە جیـدیتر و تـۆکمەتر دەبێتەوە و ئەوەش کاریگەریی ڕاستەوخۆی دەبێ لەسەر کڵپەسەندنی نارەزایەتییەکان لە نێوخۆی وڵات.

نارەزایەتییەکانی مانگی بەفرانبار دەریان خست کە ڕێـژیم نە مەشـرۆعییەت و ڕەوایـی لای خەڵـک هەیە و نە خەڵـک چیـدی هیوایان بە چاکسازی و گۆڕینی دەوڵەت و کاربەدەستان بـۆ دەرچـوون لە قەیرانەکـان هەیە؛ لە دەرەوەی وڵاتـیش خـۆ ئەگەر ڕێژیم مەیلی زیـاتری بـۆ پەرەپێـدان بە چالاکییەکـانی هەبـێ، بەڵام بەهـۆی کـاردانەوە نێودەوڵەتییەکـان لە بـواری لەوەنـدە زیـاتری دەدرێتێ و نە ئەوەندە سەرچاوەیەشی بە دەستەوەیە کە بیهەوێ لەو بەرنامـانەی بەردەوام بـێ. کـۆی ئەوانە کۆمـاری ئیسـلامی لە نێوخـۆی وڵاتـدا بەرەوڕووی قەیرانێکـی گەورەتـر دەکـاتەوە، ئەویـش یەکلاکـردنەوەی چارەنووسـی خـۆی لەگەڵ خەڵکی ناڕازی، کە بێگومان لە هەموو ململانێکاندا براوەی دواجار هەر خەڵک دەبن.

(لە ژمارەی ٧١٨ی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢١ی جانێوێری ٢٠١٨

لە سووری دۆڕاندوە لە کایەی تێ هەڵدێنێتەوە

مەجلیسی شوڕای ئیسلامی لە دوای ڕاپەڕینەکەی مانگی بەفرانبارەوە کەوتۆتە خۆ هەتا بە داڕشتنی پڕۆژە یاسایەک هەوڵی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی لە ئێراندا بدا و بە چاوەدێریکردنی پارە و سامانی کاربەدەستانی پلەژووری نیزام، وەک خۆیان باسی دەکەن ئاوڕیان لە گلەیی و داخوازیی خەڵک دابێتەوە و لە مەودوا پێشیان بە دزی و فزییەکانی بەرپرسان گرتبێ.

بابەتی گەندەڵیی سیستماتیک لە نێو حاکمییەتی کۆماری ئیسلامیدا چیدی تابۆ نیە، بگرە زۆر لە کارناسانی سیاسی تەنانەت کەسانی سەر بە حوکمەتیش گوتویانە ئەوەی لە ئیستادا زۆرترین مەترسیی بۆ سەر مان و مانەوەی کۆماری ئیسلامی هەیە دەستێوەردان و هێرشی وڵاتانی بیانی، یان سەرهەڵدان و پەرەسەندنی ناڕەزایەتیدەربڕینەکان لە نێوخۆی وڵات نیە؛ بەڵکوو گەندەڵییە کە وەک خۆرکە لە سەرتاپای ڕێژیمی داوە و خەریکە سەری دەخوا.

ئێستا پرسیار ئەوەیە کە ئاخۆ مەجلیس دەتوانێ بەم پڕۆژە یاسایەوە بچێتە ئەم شەڕە قورسە؟ کێن ئەوانەی سامانەکەیان ئاشکرا دەکرێن و ڕێگای یاسایی بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ لادانەکان چین؟ ئاخۆ هەر لە جێدا دەکرێ بەرهەڵستی گەندەڵیی سیستماتیکی نێو سیستمی کۆماری ئیسلامی ببیەوە؟ ئایا ئەوە تەنیا خۆڵ لە چاوی خەڵک کردنە لە لایەن مەجلیسی شوڕاوە، یان بەڕاستی دەسەڵاتدارانی ڕێژیمیش هەستیان بەو مەترسییە کردوە؟

دیارە پێشینەی هەوڵێکی لەو چەشنە بۆ لایەحەی «لە کوێت بوو» دەگەڕێتەوە کە ساڵی ١٣٨٤ لە بەرنامەی شەشەمی گەشە و پەرەپێدانی وڵاتدا گونجێندرا و دوای ١٠ ساڵ پەسندیش کرا؛ بەڵام قەت نەچووە بواری جێبەجێ کردنەوە و لە هیچ کۆ کاری پێ نەکرا. وەک چۆن دەبینین هەتا ئێستاش دەزگای قەزایی ئاکامی پرسینەوە لە گەندەڵییەکی ڕانەگەیاندوە و زۆربەی ئەو گەندەڵییانەش کە لەلایەن میدیاکانەوە ئاشکرا کراون، یان شەڕی باڵبالێنی نێو دەسەڵات پەردەی لەسەر هەڵداونەوە، تاوانبارەکانی پێشوەختە لە ئێران باریان کردوە! ئەوانەش کە وەک بابەک زەنجانی بڕیاریان لە سەر دراوە، تاق تەنێک لەو پارەیەی هەڵیان لووشیوە نەهاتۆتەوە جێی خۆی.

گەندەڵییەکان لە ئێران یەک و دوو نین، لە یەک دوو شوێن و جێگەی تایبەتیش نەکراون، بەڵکوو هەموو پێکهاتەی دەسەڵات و دەسەڵاتبەدەستان کەم و زۆر تێوەی گلاون.

یەکەمجار لە سەردەمی سەرۆککۆماریی ڕەفسەنجانیدا گەندەڵییەکی ١٢٣ میلیارد تمەنی ئاشکرا کرا کە وەک بڕێکی زۆری گەندەڵی هەتا ماوەیەک بنێشتەخۆشەی سەر زاران بوو، لە سەردەمی ئەحمەدینژاددا گەندەڵیی ماڵی سەرەتا لە ٣ هەزار میلیارد تمەنڕا لە هەڵلا درا و ئێستا ڕێکۆردی ٦٥٠ هەزار میلیارد تمەنی جێ هێشتووە.

گەندەڵیی هەزار میلیاردی لە ڕێکخراوی خانەنشینکراوان، ڕانتخۆریی ٦٥٠ میلیۆن یۆرۆیی کۆمپانیای «سپید استوار» لە بانکی ناوەندی، وەرگرتنی بەرتیلی ٣٠ تا ٩٠ میلیۆن تمەنیی ١٧٠ نوێنەری خولی هەشتەمی مەجلیس لە محەممەدرەزا ڕەحیمی، جێگری مەحموود ئەحمەدینژاد؛ گەندەڵیی ٨ هەزار میلیارد تمەنی لە سندووقی پاشەکەوتی فەرهەنگییان، گەندەڵیی ٩٤ هەزار میلیارد تمەنیی «پدیده شاندیز»، گەندەڵیی ٣ هەزار میلیارد تمەنیی بانکی سادرات و ونبوونی ١٧ پەروەندەی پێوەندیدار بە گەندەڵی و لادان لە دەوڵەتی ئەحمەدینژاد تەنیا دڵۆپێکن لە دەریای گەندەڵییە سیستماتیکەکان لە کۆماری ئیسلامیدا. خۆش ئەوەیە دەزگای قەزاییش کە دەبێ لە گەندەڵییەکان بپرسێتەوە خۆی چ وەک دەزگایەکی سەرەکیی بەڕێوەبەری وڵات و چ وەک بەرپرسانی سەرووی، بەشێکی لێکدانەبڕاو لە گەندەڵیی سیستماتیکی نێو نیزامن. هەر چەندمانگ لەوە پێش بوو کە مەحموود سادقی، نوێنەری شاری تاران لە مەجلیس لە پێوەندی لەگەڵ حیسابە شەخیسییەکانی سادق لاریجانی، سەرۆکی دەزگای قەزایی لە عەلی تەیبنیا، وەزیری ئابووریی هەڵ پێچا.

باسەکە ئەوەیە کە جەنابی سەرۆکی دەزگای قەزایی ٦٣ حیسابی شەخسیی بانکیی لە بانکە جۆراوجۆرەکانی وڵاتدا هەیە. ئەو پووڵ و وەسیقە و بارمتە ماڵییانەی کە زیندانییەکان دەیدەنە دەزگای قەزایی دەخرێنە نێو ئەو حیسابانەوە و ئەگەرچی لە ڕواڵەتدا دوایە چییان بەسەرنایە، بەڵام ئەو سوود و بەهرەیەی لە سۆنگەی ئەو پووڵانەوە دەچێتە حیسابی ئاغای لاریجانی لە مانگدا ٢٠ میلیارد تمەن و لە ساڵدا ٢٥٠ میلیارد تمەن بووە. هەروەها ئەو بڕە پووڵە لەو کاتەوە کە جەنابیان لە ساڵی ١٣٨٨ەوە بە بڕیاری خامنەیی وەک سەرۆکی دەزگای قەزایی دیاری کراوە، دەکاتە ١٦٠٠ میلیارد تمەنی ناقابیل. ئەو کارەی سادق لاریجانی کردوویەتی گەندەڵییەکە ئاو ناپاڵێوێ، بەڵام کێ دەبێ لێی بپرسێتەوە و مەگەر لە دەزگای داددا کەس هەیە لە سەرووی خۆی، هەتا متەقی لێوە بێ؟

لەلایەکی دیکەوە لە تەنیشت ئەو وردە پەروەندانەی لەسەر گەندەڵییەکان ئاشکرابوون و لەو وتارەدا ئاماژە بە چەند نموونەیان کرا، باسی سەروەت و سامانی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامیش لە جێی خۆی کە هەر سامانی خامنەیی و بنەماڵەکەی ئەوەندەی پێی زاندراوە لە ٩٢ میلیارد دۆلار تێپەڕیوە. جا بە دووی ئەودا دەیان و سەدان ناو ڕیز دەبن کە لەسەر خوانی کۆماری ئیسلامی و لە سامانی گشتیی خەڵک و وڵات، حسێبی میلیاردییان لە بانکەکانی ئوروپا و ئاسیادا بۆ خۆیان کردۆتەوە.

ئێستا بەو پێیە ئەگەر مەجلیس بیەوێ ئەو پڕۆژە یاسایە پەسند بکا و حاکمییەتیش بیەوێ بیخاتە بواری جێبەجێکردنەوە، لە هەموو پێکهاتەی سیستمی کۆماری ئیسلامیدا کەسی دەستپاک چنگ دەکەوێ کە لە گەندەڵی نەگلابێ و وەدوای ئەو کارە بکەوێ؟

ئەمجاریان لەو پڕۆژە یاسایەدا هاتووە کە تەنیا لێپرسینەوە لە سەروەت و سامانی کاربەدەستانی دەوڵەت، سەرۆکی سێ دەزگای یاسادانان، داد و بەڕێوەبەریی و جێگرەکانیان دەکرێ. بەڵام بەیتی ڕێبەری، هێزە چەکدارەکان، بەڕێوەبەرانی بنیاتە ئابووری_ئاینییەکانی سەر بە دەسەڵات، ناوەندە سیاسی و ئابوورییەکانی سەر بە ڕێبەری، نوێنەرانی خامنەیی و جێگرەکانی لە هەموو پارێزگاکانی وڵات لە لێپرسینەوەکان مەعاف کراون و ئەو یاسایە نایانگرێتەوە. باشە ئێستا کە سەرچاوەی سەرەکیی هەموو گەندەڵی و تاڵان و برۆپەکان لە وڵات لە لێپرسینەوە وەلا نراون، هەر لە جێدا ئەو پڕۆژە یاسایە بە نەزۆکی لە دایک نابێ؟

کۆماری ئیسلامی ڕێژیمێکە گەندەڵی لە هەناویدا دروست دەبێ. بنەماڵەیەکی گەورە کە دەسەڵات تەنیا لە پاوانی کۆمەڵە کەسێک دایە و بەڕێوەبەرانی سەرەکیی ڕێژیمەکە لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دی و، لەم بەشە بۆ ئەو بەشەی ڕێژیمەکەیان دەچن. بازنەیەک لە کەسانی خزم و خزمانی سیاسی کە سەرەڕای هەموو جیاوازیی بیرو بۆچوونەکانیان، بەڵام لە سەر بەرژەوەندییە گشتییەکانی بنەماڵە گەورەکە! هاوهەڵوێستن.

هەر لەبەر ئەوەشە کە وادە و بەڵێن و بڕیارەکانی حکومەت و دەوڵەت بۆ بەگژداچوونەوەی گەندەڵی، زیاتر وەک گاڵتە دەچێ و ناتوانن چیدیکە خەڵکی پێ فریو بدەن.

(لە ژمارەی ٧٢١ی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٧ی مارچی ٢٠١٨

کرێکاران لە بەستێنی ناڕەزایەتییەکانی ئێستادا

چەند ڕۆژ لەوە پێش ڕۆژی جیهانیی کرێکار بوو. کۆماری ئیسلامی ئەمساڵیش نەیهێشت کرێکاران کۆبوونەوە و ڕێوڕەسمی سەربەخۆی خۆیان هەبێ و لە چەند شارێکی وەک تاران و سنەش کۆبوونەوە کرێکارییەکان سەرکوت کران و چالاکانی کرێکاریی ڕێکخەری کۆبوونەوەکانیش دەسبەسەر کران و گیران.

لە سەرەتای ئەمساڵیشەوە ناڕەزایەتیی کرێکاران لە زۆربەی ئەو کارخانە و شیرکەتانەی لە قەیرانی ئابووریی ئێستادا هێشتا لەسەر پێ ماون، بە بەردەوامیی درێژەی بووە و مانگرتنی شارە سنوورییەکانی کوردستانیش بۆ ناڕەزایەتیدەربڕین بە داخستنی دەروازە سنوورییەکان، بە تایبەت لە بانە سێ حەوتووی بڕی. لە بارودۆخی ئابووریی ئێستای ئێراندا کرێکاران لە هەموو تۆێژەکانی کۆمەڵگە بێماقتر و سفرەی ماڵەکانیان پتر لە هەموو کاتێک بەتاڵتره. هەر لە جێدا سەرەڕای نەبوونی ڕێکخراوە کرێکارییە سەربەخۆکان، بەڵام وەڕێخرانی بە سەدان و هەزاران کۆبوونەوە، مانگرتن، ناڕەزایەتیدەربڕین و خۆپیشاندان دەرخەری ئەو ڕاستییەن کە کرێکاران لە ژیانی کۆڵەمەرگیی ئێستایان وەزاڵە هاتوون و ناڕەزایەتییەکانی مانگی بەفرانباری ساڵی ڕابردوش هەر لەوەوە سەرچاوەی دەگرت و شەپۆلی نوێی ناڕەزایەتییەکان لەمساڵیشدا بەڕێوەن.

پرس و داوای کرێکاران چین؟ یەک لە کێشە هەرە سەرەکییەکانی کرێکاران ڕاوەستانی جموجۆڵی بەرهەمهێنان لە کارگە پیشەیی و پڕۆژەکانی ئاوەدانکردنەوەیە کە هۆکارەکەی بۆ نەبوونی نەختینەیی و تەرخاننەکردنی بودجە لەلایەن دەوڵەتەوە بۆ بەشی ئاوەدانکردنەوەی وڵات دەگەڕێتەوە. سروشتییە لەوەها دۆخێکدا مۆتەکەی بێکاری باڵ دەکێشێ بەسەر کرێکاراندا. لەبەر ئەوەش کە لە ناوچە پەراوێزخراوەکانی وەک کوردستاندا ژمارەیەکی کەم لە کرێکاران بیمەن و لە سۆنگەی ئەوەش کە ساڵانێکە خاوەنکارەکان لە ئێران بە مەرجی خۆبیمەنەکردن کرێکار وەردەگرن، لە ئەگەری بێکاریشدا لە هەر چەشنە مافێکی سینفی و کۆمەڵایەتیی خۆیان بێبەش دەبن.

کێشەیەکی دیکەی کرێکاران کە تەنگی پێ هەڵچنیون دواکەوتنی مووچە و حەقدەستەکانیانە و ڕۆژ نیە کرێکارانی کارگە و یەکە بەرهەمهێنەرەکان لە شارێک یان چەند شارێکی ئێران لەو سۆنگەیەوە مان نەگرن و هیچ ڕێکارێکی قانوونیش نیە کرێکاران لە پێناو گەیشتن بە مافەکانیاندا بیگرنە بەر.
هۆکاری ئەوەش بۆ جێبەجێکردنی ئەسڵی ٤٤ی قانوونی بنەڕەتی لە دوو دەیەی ڕابردوودا دەگەڕێتەوە کە پڕۆژەی کەرتی تایبەت خرایە ڕۆژەقی کاری دەوڵەتەوە.

هەندی بەدواداچوونی ورد دەری دەخا زۆربەی نیزیک بە تەواوی ئەو کارگە و شیرکەت و یەکە بەرهەمهێنەرانەی مووچە و حەقدەستی کرێکاران دوادەخەن گەورەکۆمپانیا دەوڵەتییەکانن کە بە ڕواڵەت دراون بە کەرتی تایبەت و لە ڕاستیدا لە پاوانی مافیای ئابووریی سەر بە حوکمەت دان.

لە ساڵی ڕابردوو و لە ساڵانی ڕابردووشدا بینیمان کە چەندین گەورەکارخانەی وەک «ئەرج»، «پارس ئیلیکتریک»، «جێنەرالْ ئیستیل» و «زاگرۆس» داخران و لە درێژەی ئەو ڕەوتەدا دەیان کارخانە و بڕێندی بەناوبانگی دی خەریکن مایەپووچ دەبن.

کێشەی هاوبەشی کرێکارانی هەموو ئەو کارگە و یەکە بەرهەمهێنەرانە لە ئێران ئەوەیە کە خاوەنکارەکانیان کەسێکی پایەبەرزی دەوڵەت و حوکمەتە و کارگە و کارخانەکەی بە نرخێکی یەکجار کەم لە بایی ڕاستەقینەی خۆی کڕیوە و لە داخرانیشی زەرەر ناکا و مەکینە و دەزگاکان دەفرۆشێ و؛ ئەوەی لەو نێوەدا دەستی بە هیچ ڕاناگا و دەنگی بڕ ناکا کرێکارەکەیە کە لە هەموو مافەکانی بێبەری دەکرێ.

بڕی مووچەی پەسندکراوی دەوڵەت بۆ کرێکاران و هێلی هەژاری لە کۆمەڵگە کێشەیەکی دیکەی کرێکارانە.

مافی هەر ئینسانێکە بتوانێ ماڵی هەبێ و بژیوی ژیان، جلوبەرگ، بیمە، تێچووی خوێندنی خۆی یان منداڵانی دابین بکا، بەڵام کرێکاران لە ئێران ئەو بەشە لە کۆمەڵگەی مرۆیی ئێرانن کە لەو مافانە بێبەشن و هەژاری و دەسکورتی بڕستی لێ بڕیون. هێلی هەژاریی ٤ میلیون تمەنی و مووچەی کەمتر لە نیوەی ئەو بڕە وایکردووە سفرەی کرێکاران تا دێ چووکەتر بێتەوە و دەنگ و هەرای مافخوازیشیان نەگاتە ئاکام.

چوونەسەرێی مووچە و حەقدەستی دادپەروەرانە، دابینبوونی ئەمنیەتی شوغلی، نەمانی گرێبەستە کاتییەکان و ڕێگەدان بە دروستکردنی ڕێکخراوە کرێکارییە سەربەخۆکان گرینگترین داوای سینفیی کرێکارانن لە ئێران؛ کە سەرەڕای ئەوەی تێچووی زۆری بۆ دەدەن بەڵام تا ئێستاش پێی نەگەیون.

ئەگەر پرس و داوای کرێکاران لە ئێران هاوبەش و وەک یەکە، بەڵام دۆخی ئابووری لە کوردستان بەهۆی پەرەنەسەندنی ئابووری و، لەو سۆنگەیەوە بارودۆخی کرێکارانی کورد تا ڕادەیەکی زۆر جیاوازترە لە ناوچەکانی دیکەی ئێران. ئامارە ڕەسمییەکان دەڵێن نرخی بێکاری لە کوردستان سەروو سەتا ٥٠یە و لە ئێستاشدا سیاسەتی داخستنی ناوچە سنوورییەکان و

قوڵبوونەوەی قەیرانە ئابووری و سیاسییەکان وایکردووە ئاماری بێکاری لە کوردستان هەردەم لە هەڵکشاندا بێ. ڕوانگەی ئەمنیەتی زاڵ بەسەر کوردستانیش لەجێی خۆی کە هەر چەشنە ناڕەزایەتیدەربڕینێکی کرێکاران مۆرکی دژایەتی لەگەڵ نیزامی لێ دەدرێ و چالاکانی کرێکاری بەرەوڕووی فشار و سەرکوت دەبنەوە. لە ماوەی یەک ساڵی ڕابردوودا زیاتر لە دوو هەزار کرێکار لە کوردستان لە کار دەرکراون و نیزیک ٤٠ کرێکار و چالاکی کرێکاریی کورد لەلایەن ناوەندە ئەمنیەتییەکانەوە گیراون و پەروەندەیان لە دژ ساز کراوە و ژمارەیەک لەوان سزای زیندانیی درێژخایەنیشیان بەسەردا سەپاوە.

کێشەیەکی دیکەی کرێکاران لە کوردستان ئەوەیە کە ژمارەیەکی یەکجار کەم لەوان بیمەی دابینکردنی کۆمەڵایەتییان هەیە، هەروەها بەهۆی سیاسەتی پەراوێزخستنی کوردستان لە پەرەسەندنی ئابووریدا ئەگەرچی هەر چوار پارێزگاکەی کوردستان لە سەرسنووری وڵاتانی عێراق و هەرێمی کوردستان، تورکیە و ئازەربایجان هەڵکەوتوون، بەڵام بەهۆی ڕوانینی ئەمنیەتی کوردستان نەکراوە بە ناوچەی ئازادی ئابووری و ئەو دەرفەتە گرینگەی لێ ئەستێندراوەتەوە.

ئێستا سەرباری ئەوەش بڕیاری داخستنی سنوورەکان نیزیک مانگێکە خراوەتە بواری جێبەجێکردنەوە، بڕیارێک کە کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر ژیانی سەدان هەزار کەسی خەڵکی ناوچە سنوورییەکان داناوە. ئەو سەدان هەزار کەسەی کە بەهۆی بێکاری و نەبوونی هیچ دەرەتانێک بۆ هەڵسووراندنی چەرخی ژیان ئامادەبوون تەنانەت سینگ بە گوللەوە بنێن بۆ ئەوەی پارووە نانێک بێنێنەوە سەر سفرەی ماڵیان، بەڵام ئەوەشیان پێ ڕەوا نەدیون. بەڵام ئەمە لە درێژەی ئامانجێکی ستراتیژیکە کە هەڵتەکاندنی ئابووریی کوردستانی دەوێ. لە ڕوانگەی ستراتیژیکەوە ناوچەی ئازادی ئابووری لە کوردستان دەبێتە هۆی کەڵەکەبوونی سامان و پەرەسەندن و بەربڵاویی وەبەرهێنان لە کوردستان، ئەوەش بە سەربەخۆیی ئابووری و بەستراوەیی کەمتر بە ناوەندی لێک دەدرێتەوە و حوکمەت دەیەوێ بە داخستنی سنوورەکان هەم ڕێ لە پەرەسەندنی ئابووریی کوردستان بگرێ و هەم پەرە بە بێکاریی زیاتر لە نێو کوردا بدا هەتا بە گومانی خۆی بوار بۆ ڕاکێشانی زیاتری ئەوان بۆ لای خۆی خۆش بکا.

بۆیە مانگرتنەکەی بانە دەتوانێ ڕۆڵی گرینگ و یەکلاکەرەوەی لەو هاوکێشەیەدا بە قازانجی خەڵک هەبێ.

(لە ژمارەی ٧٢٥ی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٧ی مای ٢٠١٨

بەرجامی بێ ئەنجام

بەرجام، ڕێککەوین لەسەر بەرنامەی ناوکیی کۆماری ئیسلامیی ئێران دوای نیزیک بە دوو ساڵ وتووێژی چڕ و پڕ لەلایەن وڵاتانی (١+ ٥) (وڵاتانی هەمیشەیی شووڕای ئەمنیەتی نەتەوە یەکگرتووەکان لەگەڵ ئەڵمان) لەلایەک و ئێران لەلایەکی دیکە، لە ڕۆژی ٢٣ی پووشپەڕی ٩٤ ئیمزا کرا.

بەرجام بۆ ئەوە بوو ئێران بەرنامە ئەتومییەکەی ڕابگرێ و بە قەبوڵکردنی پڕۆتۆکۆڵی ئیلحاقی پێملی بڕیارەکانی ئاژانسی نێودەوڵەتیی وزەی ئەتوم بێ و؛ لە بەرامبەر ئەوەدا ئەو گەمارۆ جیهانییانەی لەلایەن شووڕای ئەمنیەتی نەتەوە یەکگرتووەکان، یەکیەتیی ئوروپا و گەمارۆ یەکلایەنەکانی ئەمریکا لە سۆنگەی هەوڵەکانی ئێران بۆ دەستڕاگەیشتن بە چەکی ئەتومی بەسەر ئێراندا سەپابوون، لە سەر ئەو وڵاتە هەڵ دەگیرێن. بەرجام لە هەناوی خۆیدا هەڵگری تێگەیشتن و ڕێککەوتنێکیش بوو کە ئێران بە دەستهەڵگرتن لە سیاسەتی قەیرانخوڵقێنی لە ناوچەدا بۆ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بگەڕێتەوە.

نیزیک سێ ساڵ دوای ئەو ڕێککەوتنە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دوای هەوڵدانێکی زۆر و بێ ئاکامی لەگەڵ لایەنەکانی دیکەی ڕێککەوتنەکە بە مەبەستی پێداچوونەوە بە هەندێ بەش و بڕگەی بەرجامدا، یەکلایەنە لێی هاتەدەر.

هاتنەدەڕێی ئەمریکا لە بەرجام چ بۆ جێبەجێکردنی وادەیەکی ئینتیخاباتیی دیکەی تڕامپ بووبێ، چ وەک پریزیدنێت تڕامپ وەک گەڕاندنەوەی شکۆی لە دەستچووی ئەمریکا لە سەردەمی ئۆباما‌دا ناوی دەبا؛ گەمەیەکی قورسی سیاسییە کە ئەو وڵاتە دەستی پێ کردوە. سەرۆککۆماری ئەمریکا هۆکاری سەرەکیی کشانەوە لە بەرجام بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە کە بەرجام نەک نەبووە هۆی ئەوەی کۆماری ئیسلامیی ئێران وەک ڕێژیمێکی دەروەست و بە پەرەنسیپ ڕەفتار بکا، بگرە ئەو کرانەوە و ئیمکاناتەی لە سۆنگەی بەرجامەوە خرانە بەردەستی کۆماری ئیسلامی، ڕێژیم ڕێک بۆ ناسەقامگیریی سیاسی لە ناوچە و پەرەپێدانی تێرۆریسمی دەوڵەتی و دەستێوەردان لە کاروباری نێوخۆیی وڵاتانی دەوروبەری خۆی بەکاری هێنا.

تڕامپ لە هەمان کاتدا کە باس لە هێنانەوە سەرجێی هەموو سزا ئابووریەکانی پێشتر و قورستریش بۆ سەر ئێران دەکا، داوای گەڕانەوەی ئەو وڵاتە بۆ سەر مێزی دانوستانیش دەکا، دانوستان لەسەر چەند داوای سەرەکیی ئەمریکا کە بریتین لەوەی کۆماری ئیسلامیی ئێران واز لە پەرەپێدان بە بەرنامەی مووشەکیی خۆی بێنێ، لە دەستێوەردان لە کاروباری نێوخۆیی

سەرچاوە Serchawe

وڵاتانی دەورووبەری بکشێتەوە و ئەو وڵاتانە جێ بهێڵی، گەرەنتیی وازهێنانی هەمیشەیی لە بەرنامە ئەتوومییەکەی بە ئەمریکا و لایەنەکانی دیکە بدا و ئاژانسی نێودەوڵەتیی وزەی ئەتوم دەستی ئاوەڵا بێ لە هەر کاتێکدا هەر شوێنێکی بیهەوێ - بە تایبەت بنکە و شوێنە نیزامییەکان - بپشکنێ.

کۆماری ئیسلامی پێشتریش پیشانی داوە کە لە بەرامبەر فشاری قورسی سزا ئابووریپەکان خەسارهەڵگرە و چۆک دادەدا، بەڵام ئەوە کە ئاخۆ فشارە ئابووریپەکان ئەمجارەشیان ئێران ناچار دەکا بۆ دانوستان لەسەر ئەو مەرجانە بۆ سەر مێزەکە بگەڕێتەوە، بەشێکی زۆری بەندە بە بڕیاری ئوروپا و شەریکە ئابووریپەکانی ئێران وەک چین و ڕووسیە.

یەکیەتیی ئوروپا لە ئێستادا بە وەگەڕخستنەوەی قانوونی بلۆکەکردنی گەمارۆکان دەیەوێ هەم بەرپەرچی بڕیارەکانی ئەمریکا بداتەوە و هەم بە ڕاگرتنی ئێران لە بەرجامدا، ئەم وڵاتە پێملی نێوەرۆکی ڕێککەوتنەکە بێلێتەوە. میکانیزمەکانی کارکردنەوە بەو قانوونەی لە دەیەی ٩٠ی سەدەی پێشووەوە کاری پێ نەکراوە چی دەبێ و ڕەزامەندیی کۆمپانیا وەبەرهێنەرەکان و هەروەها ئێرانیش چۆن دەبێ، جارێ هێشتا بە ڕوونی دیار نیە. بەڵام ئەوەی لە بڕیاری کۆمپانیا زەبەلاحەکانی وەک «زیمنس»، «بانکی DZ لە ئەڵمان»، «تووتاڵ»، «بوئینگ» و «مێرسیک» و... دەردەکەوێ ئەوەیە کە، بڕیاری یەکلاکەرەوە لای کۆمپانیاکانە نەک ئەو وڵاتانەی بۆ خۆشیان دوودڵن لەوەی بتوانن ئەمنیەتی چالاکیی ئابووریی کۆمپانیاکانیان لە تیغی سزاکانی ئەمریکا بپارێزین.
ئوروپا لەو گەمەیەدا بەدوای ئامانجێکی دیکەشە. ئەوەی کە لە ژێر باری قورسی گەمارۆکانی ئەمریکا بۆ سەر ئێراندا هاندەری کۆماری ئیسلامی بۆ ئیمتیازدانی زیاتر بن، هەم لەسەر بەرنامە ئەتوومییەکەی، هەم لەسەر بەرنامە مووشەکییەکەی و هەم لەسەر سیاسەتی هێژمۆنیخوازییەکەی لە ناوچەدا. ئەوەش کاتێک وەدی دێ کە ئێران بیەوێ لە بەرجامدا وەمێنێ و لەو دوو مانگ دەرفەتەی ئێران بۆ ئوروپای داناوە، گەرەنتیی پێویست بۆ ڕەچاوکرانی بەرژەوەندییەکانی ئێران بەو وڵاتە بدا؛ بابەتێک کە سەخت و دژوار دەنوێنێ و وێدەچێ دوای ئەو ماوەیە ئێرانیش لە بەرجام بێتە دەر و سەرەنجامی بەرجام بەوە کۆتایی بێ. هاتنەدەرێی ئێران لە بەرجام چاوەڕوانکراوە، چونکی لە ئەگەری مانەوەیدا هەم خۆی پێملی کۆمەڵێک بەڵێن و دەروەستی هێشتۆتەوە و هەم لە زۆر ئیمتیاز و دەسکەوتیش بێبەش بووە کە لە سۆنگەی لەسەرلاچوونی گەمارۆکانی ئەمریکا و دروستبوونی پێوەندیی ئابووری لەگەڵ کۆمپانیاکانی ئەو وڵاتە دەهاتنە دی.

ئێستا کۆماری ئیسلامیی ئێران لەو بارودۆخەدا کە سێبەری گەمارۆ و سزای ئابووریی قورس و گورچکبڕی لە سەرە و گوشاری کشانەوە لە سووریە - لەلایەن ڕووسیەی هاوپەیمانی - و وازهێنان لە پرکێشییەکانی دیکەی لە ناوچەشی هاتۆتە سەر؛ لە نێوخۆی وڵاتیشدا لەگەڵ شەپۆلی نوێی ناڕەزایەتییە گشتییەکان بەرەوڕوویە. ئەو ناڕەزایەتی و مانگرتنانەی لە سۆنگەی

بێ مافی و گرانی و قەیرانی ئابووریيەوە هەر ڕۆژە و لە سووچێکی ئەو وڵاتەدا سەر هەڵ دەدەن و زەرفییەتی ئەوەیان تێدا بەدی دەکرێ لە ئاستی سەرانسەریدا بتەقێنەوە. بێکاری، گرانی، ئاوسانی ئابووری، گەندەڵی، بێ بایەخیی دراوی نیشتمانی لەبەرامبەر دراوی بیانیدا، مایەپووچ هاتنەوەی بیمە و سندووقەکانی دابینکردنی کۆمەڵایەتی، بێهیوایی بەتایبەت لە نێو لاواندا و تەقینەوەی خەسارە کۆمەڵایەتییەکان چەند نموونەیەک لە قەیرانەکانی ئێرانی ئێستان کە حوکمەت نەک لە خەمی چارەسەرکردنیانیدا نیە، بگرە ئەگەر بیشیهەوێ ئیدی لە توانایدا نیە. وە لە کاتێکێشدا کە خەڵک حکومەت بە هۆکاری هەموو ئەو نەهامەتییانە دەزانن، ئەگەری تەقینەوەی ناڕەزایەتییەکان لە دژی دەسەڵات لە هەموو کاتێک زیاترە، بە مەرجێک بزووتنەوە ناڕەزایەتییەکان بەشێوەی ئامانجدار ڕێک بخرێن و ڕێبەری بکرێن. ئەوەش کە لە بەردەم ڕێژیمدا دەمێنێتەوە دوو شتە: یان ئەو گوشارە نێوخۆیی و دەرەکییانە دەبنە هۆی کۆڵدان و پاشەکشەیان لەبەرامبەر ئیرادەی خەڵک و ڕێگەدان بە کرانەوەی سیاسی، کە بەهۆی بێ متمانەیی خەڵک وێناچی ئەو بژاردەیە بێ حوکمەت دەستی بۆ ببا. یان هەمدیسان لەکارکردن و تەجرەبەکردنەوەی چەکی سەرکوت و زەبروزەنگ، بەڵام لەوڵاش خەڵکە کە هیچی نەماوە لە کیسی بچێ. بۆیە هەم خەڵک و هەم حوکمەت لە ئێران لەبەردەم هەڵبژاردنێکی قورس و چارەنووسساز دان.

(لە ژمارەی ٧٢٦ی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢١ی مای ٢٠١٨

کۆمەڵگەی ئێران و تابۆی دەستدرێژی کردنەسەر ژنان و منداڵان

لەو ماوەیەدا بابەتی ئازاری جینسیی و دەستدرێژیی جینسی بۆ سەر منداڵان لە ئێران جارێکی دی بووە مانشێتی هەواڵ و باسی گەرمی میدیا و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان.

هێشتا بابەتی دەستدرێژیی سەعید تووسی، وانەبێژی قورئان و مەدداحی خۆشەویستی خامنەیی بۆ سەر چەند منداڵێک کە هاتبوونە لای قورئانیان فێر بکا، و وەلانانی پەروەندەکەی لە دەزگای قەزایی لە سەر زاران بوو کە سەرەتا هەواڵی دەستدرێژی کردنە سەر کیژۆڵەیەکی پەناخوازی ئەفغانی لە خومەینی شاری ئیسفەهان بڵاو بوویەوە و پاشان ڕووداوی دەستدرێژی بۆ سەر منداڵان لە قوتابخانەی دواناوەندیی «معین» لە تاران و دەستدرێژی بە کۆمەڵ بۆ سەر ژنان لە

ئێرانشەهر لە هەڵلا درا.

«بەهارە»ی کێژۆڵەی ئەفغان سێهەمین کچی ئەفغانە کە لە ماوەی دوو ساڵی ڕابردووودا دەبنە قوربانیی دەستدرێژی. لەشی نیوەمردووی بەهارە دوای ئەوەی لەکاتی یاریی منداڵانەدا لەلایەن سێ پیاوی زەلامەوە دەڕفێندرێ و دەستدرێژیی دەکرێتە سەر، چەند سەعات دوای ڕووداوەکە لە کەلاوەیەکدا دۆزرایەوە.

کۆمەڵگەی ئێران هێشتا شۆکی ئەو ڕووداوە بەری نەدابوو کە هەواڵی دەستدرێژی بۆ سەر ژمارەیەک لە قوتابییانی خوێندگەی «معین» بڵاوبۆوە و ئەوەندە زوو کارتێکەریی خۆی دانا کە خامنەیی و دەوڵەت و مەجلیس و دەزگای قەزایی هێنایە سەر خەت. بڕیار درا حەددی شەرعی لە سەر کەس یان کەسانی تاوانبار جێبەجێ بکرێ، ئەوەی قوتابخانەی «معین» کە دەسبەسەرە و ئەو سێ پیاوەش کە دەستدرێژییان کردووەتە سەر بەهارە هێشتا نەگیراون. بەڵام پرسیار ئەوەیە کە ئەو ڕووداوانە بۆ ئەوەندە لە کۆمەڵگەی ئێراندا ڕوو دەدەن؟ حەددی شەرعی چۆن دەتوانێ چارەسەر بێ بۆ کاردانەوە بەو تڕاژیدییە و بنەبڕکردنی؟ سەیر ئەویە هەموو کاربەدەستانی ئێران باس لە پێویستیی فێرکردنی منداڵان لە بواری پاراستن و خۆپارێزییان لە بەردەم مەترسییەکانی ئازاردانی جینسی دەکەن، بەڵام هەر بۆ خۆشیانن کە پێش بەم کارە دەگرن. هەر ماوەیەک لەوە پێش بوو کە بە گەلەکۆمە بەڵگەنامەی ٢٠٣٠ی یونێسکۆیان ڕەت کردەوە. ئێستاش دوای لەهەڵلادرانی ئەم ڕووداوانە جارێ بەر لە هەر چارەسەرێک لە هەوڵی ئەوە دان ئەوانەی ڕووداوەکەیان ئاشکرا کردوە سزا بدرێن بۆ ئەوەی خەڵکانی دی تەمبێ بن و جاری دیکە نەچن پەردە لەو جینایەتانە هەڵدەنەوە! پەردەپۆش کردنی جینایەتەکان لەولا بوەستێ، هێشتا کۆمەڵگەی ئێران لە شۆکی دەستدرێژییەکەی سەعید تووسی بۆ سەر منداڵە فێرخوازەکانی قورئاندا بوو کە پەروەندەکەی بەهۆی فەرمانی ڕێبەری! دیزەبەدەرخۆنە کرا.

حاڵەتەکانی دەستدرێژی بۆ سەر منداڵان لە ئێران زۆرن، زۆرتر لەو هەواڵ و ئامارە ڕەسمییانەی بڵاو دەکرێنەوە، زۆر لەو ئامارەش کە تۆژەرانی کۆمەڵایەتی بە نموونە دەیهێننەوە، وە لەبەر ئەوەش کە ئەم دیاردەیە شاراوەیە، کەمتر سەرنجی میدیا و بیروڕای گشتیی دەچێتە سەر، مەگەر ئەوەی لە هەناوی ئەو دیاردەیەدا تڕاژیدییەک ڕوو بدا و کارتێکەریی لەسەر کۆمەڵگە هەبێ.

قانوونەکانی ئێران بۆ پاراستنی مافی منداڵان هەم نوقسانن هەم ناکارامە. یەکەم پڕۆژەیاسای پاراستنی مافەکانی منداڵان ساڵی ١٣٨١ و چارەگە سەدەیەک دوای هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامی پەسەند کرا. ئەو پڕۆژە یاسایە هیندە نوقسان و ناکارامە بوو کە ٧ ساڵ دواتر دەزگای قەزایی خۆی بیهەوێ لایحەیەک بداتە مەجلیس و سەرەڕای ئەوە ئەم لایحەیە نیزیک

بە ١٠ ساڵە دراوەتە مەجلیس، کەچی هێشتا نەخراوەتە بەرچاوی نوێنەرانی مەجلیس و لای لێ نەکراوەتەوە. لایحەیەک کە زۆر لە کارناسان و چالاکانی مەدەنی پێیان وایە لە ئەگەری پەسەندکرانیدا کەمێک لە کێشەکانی منداڵان لەسەر شانیان سووک دەبێ و چەند هەنگاوێک لە مافەکانیان نیزیک دەکاتەوە، بەڵام ئەوە هەموو شتێک نیە؛ چونکی کێشەی بنەڕەتی ڕوانین بۆ ئەو دیاردەیە و پێناسەکردنیەتی.

کێشەی بنەڕەتی لە قانوونەکانی ئێراندا ئەوەیە کە پێناسەیەکی ورد و ڕوون لە تۆندوتیژی دژی منداڵان و ئازاردان و دەستدرێژیی جینسی بۆ سەر منداڵان لە قانوونەکاندا نەکراوە و بەو پێیەش سزایەک بۆ بکەرانی ڕوون نەکراوەتەوە و لەمپەری سەرەکیی ئەو ناڕوون مانەوەیەش «شەرع»ە کە بەربەستی پەسندکران و جێبەجێبوونی قانوونە مەدەنییەکانە.

لە حکومەتێکدا کە هەموو قانوونەکان بە پێودانگی بنەما و بڕیارە ئیسلامییەکانە و ڕێگە بە شووکردنی کچانی تەمەن ٩ ساڵ دەدا و، لە کۆمەڵگەیەکدا کە پەروەردەی ویشکی ئایینی لە کولتوور و فەرهەنگیدا ڕەگاژۆی کردوە؛ سروشتییە کە هەمیشە بەستێن بۆ وەها کارەساتێک خۆش و لەبار بێ. لەبەر ئەوەی قانوونەکانی ئێران کە لە سەر بنەمای خوێندنەوەیەک لە ئایین دارێژراون، نەک کۆسپ و ڕێگر نیە لەبەردەم پەرەسەندنی تۆندوتیژیی جینسیدا، بگرە خۆی بوارخوڵقێن و بەستێنسازی ئەو دۆخەیە.

ڕاستە دیاردەی «ئازاری جینسیی منداڵان» دیاردەیەکی جیهانییە، بەڵام جیاوازی و جۆراوجۆریی فەرهەنگی و گەشەی کۆمەڵایەتیی وڵاتان کاریگەریی لە سەر چەندی و چۆنیی ئەم دیاردەیە هەیە. لە کۆمەڵگە نەریتی و پاشکەوتووەکاندا بەهۆی نەبوونی پەروەردە و فێرکردنی سەردەمیانە لە بنەماڵە و خوێندنگەدا، سەرەڕای سزای قورس بۆ ئەو تاوانگەلە، بەڵام تاوانی ئازاری جینسیی منداڵان بە شاراوە و لە ئاستێکی بەربڵاودا لە کۆمەڵگەدا ڕوو دەدا.

سروشتییە چەندی کۆمەڵگە لە بواری فێرکاری و پەروەردەوە کراوەتر و سەردەمیانەتر و گەشەسەندووتر بێ، ئەگەری ڕووداتی ئەم جۆرە تاوان و دیاردەیە کەمتر دەبێ و لەو کۆمەڵگەیانەشدا کە بەهۆی هەژاریی فیکری و فێرکاری و بەهۆی سیاسەتی ئیدۆلۆژیکی دەسەڵات ئەو بابەتە تابۆ بێ و کەمتر قسەی لەسەر بکرێ و لە نیزامی پەروەردەیی خێزان و خوێندنگەدا جێی بۆ کرابێتەوە، شاراوەمانەوەی و پەرەسەندنی زیاترە.

لە کۆماری ئیسلامیدا سێکسوالیتە و کۆنترۆڵکردنی ئامرازێکی گرینگی بەهێزکردنی دەسەڵاتی سیاسییە و حوکمەتی دیکتاتۆریی کۆماری ئیسلامی تێ دەکۆشێ لە ڕێگەی سەرکوتی مەیلی جینسی و تابۆکردنی ئەو بابەتە شکۆی سیاسیی خۆی

بپارێزێ. لە حوکمەتێکیشدا کە دژایەتیی فەلسەفی و وجوودیی لەگەڵ ژن و مافەکانی هەیە و هیچ گرنگییەکیش بە مافی منداڵان نادا، خۆی هۆکاری ئەم دۆخە تراژیدیکەیە. گۆڕینی ئەو دۆخەش تەنیا لە گەڕەوی گۆڕینی قانوونەکانی وڵات و بنەما پەروەردەییەکانی کۆمەڵگە دایە کە ئەویش بە واتای نەمانی کۆماری ئیسلامی و تەنیا لە گۆڕینی ئەم ڕێژیمەدا دێتە دی.

(لە ژمارەی ٧٢٨ی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٣ی جوونی ٢٠١٨

ئێران بەرەو کوێ دەڕوا؟

لەوەتی کۆماری ئیسلامیی ئێران جڵەوی دەسەڵاتی ئێرانی بەدستە، قەت ئەوندەی ئێستا چییەتی و چۆنیەتیی ئەم نیزامە سیاسییە و هەروەها کۆمەڵگەی وڵات جێی سەرنج و وردبوونەوە نەبووە.

ئەوەندەی بۆ خەڵک و کۆمەڵگە دەگەڕێتەوە، دەبینین کە بێکاری، هەژاری، بێهیوایی، قەیرانی ئابووری، قەیرانی ئاو و ژینگە و دەیان قەیرانی دیکە کە هەمووی دەرەنجامی شێوەی ڕوانین و دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامین؛ بینەقاقای ئەم وڵاتەیان گرتووە و کۆمەڵگەی خستووەتە بەردەم هەڵبژاردنێکی سەخت، بەڵام یەکلاکەرەوە. بێتوانایی دەوڵەت و حکومەتیش لە چارەسەری کێشەکانی خەڵک، یان لە بنەڕەتدا بێبایەخبوونی ئەو کێشە و ئاڕێشەیانە لای کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی ئیدی هیچ هیوایەکی بۆ خەڵک، جیا لە هیوادارببوون بە تێپەڕین لە تەواوەتیی کۆماری ئیسلامی نەهێشتۆتەوە. ڕاپرسییە جۆراوجۆرەکان کە لەلایەن ناوەندە جۆربەجۆرەکانەوە دەکرێن لە یەک دەراوێشتەدا پێک دەگەن، ئەویش ئەوەی زیاتر لە سەتا ٨٠ی خەڵکی ئێران دەخوازن ئەم ڕێژیمە نەمێنی.

لەولاش کۆماری ئیسلامییە کە لەلایەک بە سیاسەتی قەیرانخوڵقێنیی لەناوچە و جیهاندا ئێرانی خستووەتە بەردەم تیغی قورسترین سزا و گەمارۆ ئابووریەکانی زلهێزێکی وەک ئەمریکا؛ لەنێوخۆی وڵاتیش بە گەندەڵیی هەوسارپچڕاو و لە شووشەکردنی خوێنی خەڵک و تەمابڕاوکردنیان لەئیسلاح و چاببوون، هیندەی دیکە لە چاوی خەڵک لە نێوخۆ و لە

هاوکێشە ناوچەیی و جیهانییەکاندا تەرە بوون. ئەم بارودۆخە و ئەم کەلێن و لەبەریەکوەستانە کۆمەڵگە بەرەو گۆڕانێکی بنەڕەتی و دەسەڵاتیش بەرەو ڕووخانی زووتر پاڵ پێوەدەنێ، بەڵام ئەم گۆڕانکارییانە چی دەبن و تێپەڕین لە کۆماری ئیسلامی و ئاوابوونی خۆری ئەم ڕێژیمە چۆن دەبێ؟

ئێستاش لەوانەیە ئەم بۆچوونە تین و گیانی لەبەردا مابێ کە دەکرێ لەڕێگەی هێزە ئیسلاحخوازەکانەوە قەیرانی گۆڕانکارییەکان لە ئێراندا مودیرییەت بکرێن، بەتایبەت کە لەلایەک ئێستاش بۆچوون و خوێندنەوەی زۆر لە ولاتانی ئوروپا لەو خانەیەدا چڕ دەبێتەوە کە لەنەبوونی هێزێکی بەهێزی جێگرەوەی تۆکمە و ڕێکخراو لەجێی کۆماری ئیسلامی، تاکەهێز کە هەم توانای ڕێکخستنی خەڵک و هەم ئەزموونی ئیدارەکردنی ولاتیان هەبێ هەر ئیسلاحتەڵەبەکانن. ئەوان تەنانەت ئێستاش بەو خۆشباوەڕییەوە چاوی خۆیان لەو ڕاستییە دەنووقێنن کەئیسلاحتەڵەبەکان و بناژۆخوازەکان لە حوکمەتی کۆماری ئیسلامیدا لەسەر بنەما فیکری و ئیدۆلۆژییەکانی سیستم کەمترین ناکۆکییان لەگەڵ یەکتر هەیە. ڕوونە کە ئیسلاحتەڵەبەکان و بناژۆخوازەکان هەتا ئێستاش لەهەموو شتێکی جەوهەریدا - سیاسەتی هێژمۆنیخوازیی ئێران لە ناوچە، سیاسەت لە بەرامبەر ئەمریکا، بەرنامەی ئەتومی و مووشەکی، کێشەی ئیسرائیل و فەلەستین، پرسی نەتەوە و جۆراوجۆرییەکانی دیکە لەنێوخۆی ولات - ئەو دوو قۆڵەی نیزام هیندە لێک نیزیکن ئاو نادەڵێنن، ئەوەی دیکە دەمێنێتەوە سەر شەڕی دەسەڵات و شێوەی ڕاپیکردن و بەڕێوەبەریی ولاتە؛ ئەگینا لە هیچ کام لە جینایەتەکانی کۆماری ئیسلامی کە دەرحەق بە خەڵکی ئێران کراون و لە هیچ کام لەو قەیرانگەلەی لەچوار دەیەی ڕابردوودا تووشی ئەو ولاتە کراوە، ئیسلاحتەڵەبەکان نەدەتوانن خۆیانی لێ دەراوێن و بێبەری بن؛ نە تا ئێستاش گۆڕانێکیان لەبابەتە مەبدەئییەکاندا تێدا پێک هاتووە. ئەوەی پڕدیارە ئەوەیە کە هەردوولا هەموو شتێک دەکەن لە پێناو مانەوەی ڕێژیمەکەیاندا و هەموویان دانیشتووی کەشتییەکن کە ئێستا ئیدی بە تەواوی لەقوڕ چەقیوە.

ئێستا ئیدی هەموو دەرهاویشتەکان پێمان دەڵێن کە ئەم ڕێژیمەقابلییەتی گۆڕان و چابوونی نییە و ناشیهەوێ تۆخ فڕێ بدا، ئەو پەیامەش بە زمانێکی ڕوون و ئاشکرا دەدا، بەڵام ئەوەی تا ئێستا یارمەتیی مانەوەی ڕێژیمی داوە وەرنەگرتنی ئەو پەیامەیە بە چەند هۆ. یەکەم؛ لە نێو ئەوانە کە دەتوانن دەوری کاریگەریان هەبێ کەم نین ئەوانەی دژبەری سەرەکیی ڕێژیمیشن، بەڵام بەرژوەندییە جەوهەرییەکانیان لە مانەوەی ڕێژیم دایە. دووهەم؛ ئەوەی کەسان و گرووپگەلێک هەن کە پێیان وایەکێشەی ئێران قوولتر لە کۆماری ئیسلامییە و لە ئەگەری ڕووخانی ئەم ڕێژیمەدا بگرە ئێرانیش لەبەر یەک هەڵوەشێ، یان نیزامێکی سیاسیی بەستراوە بێتە سەرکار و لەو سۆنگەیەوە مانەوەی کۆماری ئیسلامییان پێ باشتر بووە. هەشن ئەوانەی تا سەر ئێستقان دژی ئەم ڕێژیمەن، بەڵام زراویان لە شەڕ و شۆڕش و هەروەها ئیستیعدادەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ سەرکوتی خەڵکی ناڕازی و ڕاپەڕیو چووە؛ هەروەها ئەو ترسەش کەڕێژیم زیرەکانە و بەبەرنامە لە بەسووریە و

بەیەمەن و بەعێراقبوونی وڵات لە ئەگەری نەمانی کۆماری ئیسلامیدا بڵاوی دەکاتەوە، لەو ئاکامگیرییەدا بێ هۆ نییە. بەشی زۆری کۆمەڵگەش کە ئامارەرەسمییەکان خۆیان دەڵێن سەروو سەتا ٨٠ی کۆمەڵگە ڕێژیمی ناوێ، بەپارێزن و چاوەڕوانی ئاڵتێرناتیڤیکی بەهێز نابینێ کە بچنە پشتی.

لەو گۆشەنیگایەشەوە کە بڕوانین دەبینین خاڵی بەهێزی مانەوەی تا ئێستای ڕێژیم، لە بێهێزییەکەی تا ئێستای ئۆپۆزیسیۆندا بووە کە لەئیستادا خەریکە تۆخ فڕێ دەدا و خۆی ڕێک دەخاتەوە. ئەوەی لەو نێوەدا گرینگە متمانەیەکی کاڵوەبووەی خەڵکە بە ئۆپۆزیسیونی دەرەوەی وڵات کە بەرهەمی چوار دەیە کاری بەبەرنامەی ژووڕە فیکری و عەمەلیاتییەکانی ڕێژیمە و؛ ئەم متمانەیە دەبێ بگەڕێتەوە جێی خۆی. ئەوەی ئۆپۆزیسیونی لێبڕاوی ڕێژیم لە ئێستادا دەبێ هەیبێ و بیگرێتە بەر ئەوەیە: گوتاری ڕوون و شەفاف لەسەر بنەمای هزر و ئەندێشەی دێموکرات و ئەمرۆیی و، بە مەرزبەندییەکی تەواو ڕوون لەگەڵ هەموو بنەما فیکرییەکانی کۆماری ئیسلامی. لە قۆناغی دواتردا یەکیەتیی بەکردەوەی هەموو هێزە شۆڕشگێڕانەرەکان و یەکخستنی وزەی خەباتگێڕی و گۆڕانخوازیی کۆمەڵگە.

لە بارودۆخی ئێستادا کە هەم ناڕەزایەتییەکان و خەباتی مەدەنی لەنێوخۆی وڵات لە پەرەسەندن دان و هەم کۆمەڵێک گۆڕانکاری لەسیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا و چەند وڵاتێکی ئوروپایی لەهەمبەر ئێراندا بەرچاو دەکەوێ، لایەنە سەرەکییەکانی ئۆپۆزیسیونی گۆڕانخواز و ڕاستەقینە پێویستە هەم دەست ببزێون، هەم دەست لە کۆمەڵێک بیرکردنەوە و سیاسەتی پێشوویان هەڵگرن. ئەوەی لە ئێستادا بەری هەموو شتێکە، ساغبوونەوە لەسەر بەرژەوەندیی هاوبەشە، بەرژەوەندیی هاوبەشیش بەر لە ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی؛ ساغبوونەوە لەسەر مافی وەک یەک و بەرامبەری هەموو پێکهاتە نەتەوەیی، ئایینی و فرەییەکانی دیکەیە لەگەڵ یەکتر، هەتا لە داهاتوودا سووڕی هەڵەسەرلەنوێ دەست پێ نەکاتەوە.

(لە ژمارەی ٧٣٠ی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٣ی جوولای ٢٠١٨

بەندیخانەکان لە بەندیخانەیەکی گەورەتردا

ئەگەرچی میژووی دروستبوونی بەندیخانەکان بۆ سەردەمانی یەکجار کۆن لە کۆمەڵگەی مرۆییدا دەگەڕێتەوە، بەڵام ڕوونە بەندییەکان ئەوانە بوون یاسا و ڕێسا باوەکانی کۆمەڵگە، یان دەسەڵاتیان ژێرپێ ناوە و پێملی نۆرم و قانوونەکانی کۆمەڵی خۆیان نەبوون، یان ئەوەی لە دژی دەسەڵات سەربزێوییان کردوە. لەگەڵ پەرەسەندنی کۆمەڵ و پڕۆسەی پەروەردە و فێرکردن و داڕشتنی قانوون و ئیلتیزامەکان بۆ سەقامگیریی ئەمنیەتی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگە مرۆییەکاندا، مانا و چییەتیی بەندی و بەندیخانەکانیش گۆڕانی بەسەردا هات. لە هەر حاڵدا و لە چەمکە گشتییەکەیدا بەندیخانە شوێنێکە بۆ جیاکردنەوەی کەسانێک کە بوونیان لە نێو کۆمەڵدا زیانی هەیە بۆ پێوەندییە گشتییەکان و مەبەست لە ڕاگرتنیان لەو شوێنانەش بارهێنان و گەڕاندنەوەیان بۆ کۆمەڵگەیە.

یەکەم بەندیخانە لە شێوەی ئەمڕۆییەکەیدا لە ئێران بۆ سەردەمی قاجارەکان دەگەڕێتەوە کە لەسەر دەستی ئەمیرکەبیر و بەمەبەستی ڕێکوپێککردنی کاروباری گرتنگەکان و بارودۆخی بەندییەکان بڕیاری لەسەر درا. لەگەڵ هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامی کۆمەڵێک پێناسەی نوێ بۆ بەندی و بەندیخانەکان کرا کە گرینگترین و جەوهەریترینی ئەوان بریتی بوو لەوەی کە مەبەست لە زیندانیکردن پەروەردەی تاوانبار و بەئاگاهێنانەوەی لە تاوان و سەرلەنوێ داڕشتنەوەی کەسایەتیی ئەوە، بۆوەی دوای تەواوبوونی ماوە زیندانییەکەی، وەک کەسێکی پاک و بێ خەوش بۆ کۆمەڵگە و ژیانی ئازادی خۆی بگەڕێتەوە.

ئەوە بوو کە لە ساڵی ١٣٦٤دا پرسی بەندیخانەکان کە تا ئەو کات لە دەستی کۆمیتەکانی شۆڕش، شارەبانی و ناوەندە ئەمنیەتییەکاندا بوو یەکلا کرایەوە و، «ڕێکخراوی زیندانەکانی وڵات» دامەزرا. بەڵام پرسیار ئەوەیە دوای ٤٠ ساڵ دەسەڵاتداڕەتیی کۆماری ئیسلامی کە خۆی بە سەرچەشنی هەموو دەسەڵاتێکی سیاسی لە جیهانی ئەمڕۆدا دادەنێ و، بەو خوێندنەوەیەی بۆ پێوەندی و بایەخەکانی کۆمەڵگەی هەیە؛ بارودۆخی بەندی و بەندیخانەکان لەو وڵاتەدا چۆنە؟

کۆماری ئیسلامی کاتێک دەسەڵاتی ئێرانی گرتە دەست کە حەشیمەتی ئەو وڵاتە ٣٦ میلیون و ژمارەی بەندکراوان ١٠ هەزار کەس بوو. دوای چوار دەیە حەشیمەتی ئێران دوو هێندە زیادی کردوە، بەڵام بە سەرنجدان بەوەی لە ئێستادا ٢١٠ هەزار کەس لە زیندان دان، دەبینین ئاماری بەندکراوان بیست هێندەی ئەو کات زیادی کردوە.

حەقیقەتەکانی پێوەندیدار بەو بابەتە هێندە زەق و ئاشکرایە کە هەر بە چاوخشاندن بە ئاماڕە ڕەسمییەکان و لێدوانی

کاربەدەستانی حکومەت قوولایی کارەساتەکە دەردەکەوێ:

حەسەن مووسەوی چەلەک، سەرۆکی ئەنجومەنی مەدەدکاریی ئێران دەڵێ لە ساڵدا لە نێوان ٤٥٠ تا ٥٠٠ هەزار تاوانبار دەدرێنە زیندان کە زیاتر لە ٢٠٠ هەزار کەسیان لە زیندان دەمێننەوە.

نوێترین ئامارەکان دەڵێن لە کۆتایی ساڵی ١٣٩٥دا زیندانەکانی وڵات ٢٢٤ هەزار کەسیان تێدا بەند کراوە و سەتا ٧٠ی بەندکراوانیش تەمەنیان خوار ٤٠ ساڵ بووە. ڕەزا مەحجووبی، بریکاری کاروباری خەسارە کۆمەڵایەتییەکان لە ڕێکخراوی کاروباری کۆمەڵایەتیی ئێران دەڵێ لە دوو ساڵی ڕابردوودا ٣٠ میلیۆن پەروەندە لە دەزگای قەزاییدا دروست بوون و سەتا ٦٠ی بەندکراوان لە ئێران بە تاوانەکانی پێوەندیدار بە ماددەی هۆشبەر گیراون.

عەلی ئەسغەر جەهانگیر، سەرۆکی ڕێکخراوی زیندانەکانی وڵات قسەی زیاتری پێن. ئەو دەڵێ: سەتا ٧٠ی ئەوانەی دەکەونە گرتووخانەکان کار و کاسبیی ئەوتۆیان نییە و زۆرینەیان بێکارن و خوێندەواریی کەمیان هەیە و قەیرانە ئابووریەکان بڕستیان لێ بڕیون.

جەهانگیری کە ساڵانێکە بەردەوام داوای دروستکردنی گرتووخانەی زیاتر دەکا، نایشارێتەوە کە ژمارەی بەندکراوان دوو هێندەی زەرفییەتی بەندیخانەکانی وڵاتە و یەک لە چواری گیراوەکان لەبەر زۆریی پەروەندەکان لە دەزگایی قەزاییدا هێشتا چارەنووسیان ناڕوونە.

لێرەدا پرسیاری بەجێ ئەوەیە کە ئەو هەموو زیندان و زیندانییە بۆ؟ ئەو هەموو تاوان و کەڵەکەبوونی پەروەندەکان لە سۆنگەی چی؟ لە کۆمەڵگەیەکدا کە کاربەدەستانی نیزام بە ئیسلامی و بە پاک و سەرچەشن بۆ هەموو کۆمەڵگەی مرۆیی دەیناسێنن ئەو هەموو تاوانە بۆ ڕوو دەدەن و بۆ هەردەم ڕوو لە زیادبوونن؟

کۆمەڵناسان پێیان وایە هەژاری و ئیعتیاد بە مادەی هۆشبەر و دابڕان لە خوێندن سێ بەستێنی گرینگی تاوانخولقێنی لە کۆمەڵگەدان. گیرۆدەبوونی نیزیک بە ٤ تا ٧ میلیون کەس بە ماددەی هۆشبەر، هەژاری لە نێو زیاتر لە نێوەی حەشیمەتی ئێران و دابڕانی زیاتر لە ١٠ میلیون کەس لە خوێندن، نەبوونی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و گەندەڵیی هەوسارپچڕاو لەنێو کاربەدەستانی حکومەتی کاریگەریی لە سەر نۆڕم و بایەخە کۆمەڵایەتییەکان داناوە و بواری بۆ لادان و تاوانکارییەکان خۆشتر و زیاتر کردوە.

لە کۆمەڵگەی ئێستای ئێراندا کە نوقمی قەیرانە ئابووریيەکانە، تاک خۆی بە بنەڕەتی هەموو دیاردەکان دەبینێ و هەموو شتێکی بۆ بەرژەوەندیی خۆی دەوێ و لە پێناو ئەو بەرژەوەندییەدا نە پێملی یاساکان دەبێ و نە دەربەستی بەها و بایەخە کۆمەڵایەتییەکانە. بەتایبەت لە کاتێکدا کە دەزگای قەزایی و نیزامی دادئەستێنی لە ئێران نەک هیچ شان و شکۆیەکی نیە، بەڵکوو بە سەرچاوەی سەرەکیی زۆربەی قەیرانەکان دادەنرێ و ئەوەش خەڵک بۆ پشتێکردن لە قانوونەکان هان دەدا.

چوار دەیە حوکمەتی ئیسلامی، چوار دەیە ناکارامەیی و گەندەڵی لە ژێر دەمامکی دەسەڵاتی ئایینی و دادپەروەری، چوار دەیە سیاسەتی قەیرانخوڵقێنی لە دنیا لە پێناو مانەوەی زیاتر لە دەسەڵاتدا وایکردوە کە کۆمەڵگە نوقمی خەسارە کۆمەڵایەتییەکان بێ. چوونەسەرێی نرخی بێکاری، پەرەسەندنی هەژاری، نادادپەروەری و نابەرامبەری لە داهاتی وڵات و دروستبوونی کەلێنە کۆمەڵایەتییەکان، سیاسەتی چەوتی پەرەسەندنی ئابووری و لەو سۆنگەیەوە شاڵاوی پەراوێزنشینی، پەروەردەی ناسەردەمیانە، ناکارامەیی و گەندەڵی لە دەزگای قەزایی و زیندانەکاندا وایکردوە کە ڕێژەی تاوان و تاوانکاری لە کۆمەڵگەدا هیندە بچێتە سەرێ کە لە ئێستادا هاواری سەرەکیی کاربەدەستان چۆنیەتیی جێکردنەوەی بەندکراوان بێ.

لەو بارودۆخەدا چارەسەرەکان لە ڕوانگەی حوکمەت و دەوڵەتەوە تەنیا لەسەر دوو تەوەر خول دەخواتەوە، یان هەراوکردن و زیادکردنی ژمارەی بەندیخانەکان، یان دیاریکردنی سزای جێگرەوەی ماددی بۆ کەمکردنەوەی حەشیمەتی گیراوەکان کە تەنیا بە مەبەستی گۆڕانکاری لە ئامارەکاندا دەکرێ، نەک چارەسەری کێشە سەرەکییەکانی کۆمەڵگە کە بەستێنی لەبەری بۆ تاوانکاری خۆش کردوە.

ئێرە ئێرانە بە کاتی کۆماری ئیسلامی...

(لە ژمارەی ٧٣١ی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٧ی ئاگۆستی ٢٠١٨

منداڵانی تەمەن ٨ ساڵ و گەمەیان بە مادەی هۆشبەر

لە کاتێکدا دەنگوباسی سیاسی و هەواڵ لەسەر بارودۆخی نالەباری ئابووری لە ئێران سێبەری خستووەتە سەر زۆر دیاردە و ڕووداوی دی، ئامارە ڕەسمییەکان دەڵێن توشبوون بە مادەی هۆشبەر گەیوەتە قۆناغی تەقینەوە و؛ ئەوەی گرینگە دابەزینی تەمەنی گیرۆدەبووان بۆخوار ١٠ ساڵە.

بەڕپرسی ناوەندی دەرمانی ئێعتیاد سەر بە ڕێکخراوی بێهێزیستیی وڵات دەڵێ توشبوون بە مادەی هۆشبەر لە منداڵانی تەمەن ٨ تا ١١ ساڵدا پەرەی سەندووە و زۆرترین منداڵانی موعتادیش لە پارێزگای سیستان و بەلوچستاندا دەژین.

فەرید بەراتی وێڕای ڕاگەیاندنی ئەم ئامارە وەک پیشەی زۆربەی کاربەدەستانی دەوڵەت بەرپرسایەتیی دەرمان و وازپێهێنان بە منداڵانی بێ سەرپەرستی گیرۆدەی ماددەی هۆشبەری لە ئەستۆی ڕێکخراوی بێهێزیستی دامالێیوە و حەوالەی وەزارەتی بێهداشتی کردوە.

ناوبراو دەڵێ هیچ ناوەندێک لە پارێزگای سیستان و بەلووچستان منداڵانی موعتاد وەرناگرن، چونکی لە کۆبوونەوەی هاوبەشی نێوان وەزارەتی بێهداشت و ستادی بەربەرەکانی لەگەڵ ماددەی هۆشبەردا لەسەر ئەوە بڕیاریان داوە کە کردنەوەی ناوندی وەرگرتن و هێشتنەوەی منداڵانی موعتاد پێویست نییە و پێویست بە خەواندنیان ناکا و بۆ دەرمان وچارەسەر دەبێ خۆیان هاتوچۆ بکەن.

بەپێی ڕێککەوتنەکانی ئەو دوو لایەنە وەزارەتی بێهداشت دەبێ ١٦ نەخۆشخانە لە ئاستی ئێراندا بۆ وەرگرتن و دەرمان و چارەسەری منداڵانی موعتاد بە ستادی بەناو بەربەرەکانی لەگەڵ مادەی هۆشبەر و هەروەها ڕێکخراوی بێهێزیستی بناسێنێ، بەڵام وەک فەرید بەراتی باسی دەکا؛ هەتا ئێستا لەو بارەوە هیچ نەکراوە و ڕوون نییە کە بەرنامەی وەزارەتی خوێندن و پەروەردە بۆ دەستنیشانکردن و جیاکردنەوەی منداڵانی موعتاد چۆنە و چ دەبێ. هەروەها وەزارەتی بێهداشت هێشتا بڕیاری نەداوە کە ئەو بەرنامەیە ئەگەر بخرێتە بواری جێبەجێکردنەوە ئاخۆ منداڵانی کار، منداڵانی سەرشەقام و هەروەها منداڵانی کۆچبەر و پەناخوازیش دەگرێتەوە یان نا؟

بەڕپرسی ناوەندی دەرمانی ئێعتیاد سەر بە ڕێکخراوی بێهێزیستیی وڵات لەبارەی ئاستی تەمەنیی منداڵانی گیرۆدەی مادەی

سەرچاوە Serchawe

هۆشبەر دەڵێ ئێعتیاد هەموو گرووپە تەمەنییەکانی منداڵانی داگرتوە، منداڵ هەیە زگماک کە لەدایک دەبێ بەهۆی موعتادبوونی دایکی ئەویش موعتادە، هەتا دەگاتە منداڵانی سەروو ١٠ ساڵ و خوار ئەو تەمەنە. بەڵام زۆرترین ڕێژەی گیرۆدەبووان بە مادەی هۆشبەر لە منداڵان لە نێوان ٨ ساڵ بۆ ١١ ساڵ دایە.

ئیسنا، هەواڵدەریی خوێندکارانی ئێرانیش لە ڕاپۆرتێکدا کە لەبارەی ژنان و منداڵانی کارتۆن خەو لە تاران بڵاوی کردووەتەوە،

دەڵێ: تەنیا لە کەلاوەکانی شاری تاراندا مانگانە بەشێوەی مامناوەند ١٢٠ منداڵی گیرۆدە بوو بە مادەی هۆشبەر لە دایک دەبن کە زۆربەیان لە هەمان یەکەم ڕۆژەکانی دوای لە دایکبونیاندا بەهۆی ئیعتیادەوە دەمرن، یان دەفرۆشرێن و یان گیرۆدەی چارەنووسی دایکە موعتادە کارتۆنخەوەکانیان دەبن. چاوەدێرانی سیاسی دەڵێن هیچ پلان و بەرنامە و ئیرادەیەک بۆ چارەسەری ئەم دیاردەیە و دەرمانکردنی منداڵانی موعتاد و بەرگرتن لە دووگیانبوونی ژنانی موعتادی کارتۆن خەو لە ئێراندا نییە.

کارناسانی کۆمەڵایەتیش دەڵێن هیچ ئۆرگانیزم و پلانێک لە ئێراندا نییە ڕێ بگرێ لەو ژنانەی کە گیرۆدەی مادەی هۆشبەر و کارتۆنخەو و دایکی چەند منداڵن، هەتا جارێکی دی منداڵی دییان نەبێتەوە، منداڵێک زگماک موعتاد لە دایک دەبێ.

ئەوان دەڵێن دەوڵەت هیچ بەرنامەیەکی بۆ بەرەنگاربوونەوەی لە دایکبوونی منداڵانی موعتاد نییە. دەوڵەت چاوەڕێیە منداڵ بە موعتادی لە دایک بێ ئەمجارەیان ئەگەر کرا هەوڵی دەرمان و چارەسەری بۆ بدا. ئەویش لە کاتێکدا کە ئەگەر سەدا ١٠ی حەشیمەتی موعتادەکانی وڵات ژن بن و لە ساڵدا تەنیا یەک لە چواری ئەو ژنانە دووگیان بن، لە داهاتوویەکی نیزیکدا و لە نەبوونی بەرپرسایەتیی حوکمەت و دەوڵەتدا ئاماریکی ترسناک لەو دیاردەیە بەرۆکی کۆمەڵگە دەگرێ.

ئامارەکانی ئۆرژانسی کۆمەڵایەتی لە ئێران دەڵێن لە ئێستادا و لە ڕۆژدا لە نێوان ٢٠ هەتا ٢٠٠ منداڵی موعتاد لە دایک دەبن کە دەبێ لە بەشە تایبەتییەکانی نەخۆشخانەکاندا بخرێنە ژێر چاوەدێری، بەڵام لە هیچ نەخۆشخانەیەکی وڵاتدا شوێن و دەرەتانی ئەو پێڕاگەیشتنە نییە.

پەرەسەندنی دیاردەی ئێعتیاد و هەڵکشانی ئاماری منداڵانی موعتاد لە کاتێک دایە کە تا ئێستا کاری بەرپرسان هەر تاوانبارکردنی یەکتر و حەوالە بە گەوالەکردنی بەناو پلان و بەرنامەکانی بەرەنگارییە.

کۆماری ئیسلامیی ئێران لە دوو دەیەی ڕابردوودا بەرەوڕووی کۆمەڵێک قەیران و خەساری کۆمەڵایەتیی وەک بێکاری، تەڵاق، ئێعتیاد، خەمۆکی، خۆکوژی و زۆربوونی حەشیمەتی ژنانی سەرپەرست بۆتەوە کە ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر جێیان لە کۆمەڵگەدا خۆش کردوە و هەمووشیان بە جۆرێک شوێنکاریان لەسەر یەکتری هەیە.

کارناسانی کۆمەڵایەتی دەڵێن ماکە و سەرچاوەی سەرەکیی هەموو قەیرانەکان بێکاری و هەژارییە و لەگەڵ ئەو ڕادە هەژارییەی لە ئێستادا کۆمەڵگەی تەنیوە، زۆر زەحمەتە مرۆڤ بتوانێ خۆی لەو خەسارانە بەدوور بگرێ.

خەسارە کۆمەڵایەتییەکان دیاردەیەکن کە تایبەت بە هەموو کۆمەڵگەیەکن، بەڵام چەندی و چۆنییەکەیان بە پێی نێوەرۆکی ئەم کۆمەڵگانە لێک جیاوازن. دیارە لە هەر حاڵدا خەسارە کۆمەڵایەتییەکان شتێک نین کۆنترۆڵ نەبن، یان چارەسەریان نەبێ و بنەبڕ نەکرێن، بەڵام ئەوەش پێوەندیی بە سیستمی بەڕێوەبەریی وڵاتان و پێکهاتەی کۆمەڵگەکان هەیە. لە کۆمەڵگە کراوەکاندا دەسەڵاتی کۆمەڵگە لە سیاسەت زیاترە و سیاسەتی بەڕێوەبەریی کۆمەڵگەش لەڕێگەی سیستمی پەروەردەوە دەخزێتە هەناوی کۆمەڵگە و دەسەڵات کەمترین دەستتێوەردانی لەو بوارەدا هەیە، بەڵام لە کۆمەڵگە داخراوەکان و یەک لەوان ئێراندا ئەوە سیاسەت و هێزی دەسەڵاتە کە هەموو قانوونەکان بەسەر کۆمەڵگەدا دەسەپێنێ و هۆکاری سەرەکیی هەموو قەیران و دیاردە و خەسارەکانە.

بەو پێیە لە کۆمەڵگە کراوەکاندا خەسارە کۆمەڵایەتییەکان زۆر زوو کۆنترۆڵ دەکرێن، چونکی ئەوە خەڵک و ڕێکخراوە مەدەنی و نادەوڵەتییەکانن کە ڕێگاچارەکانی بەربەرەکانی لەگەڵ خەسارە کۆمەڵایەتییەکان دەستنیشان دەکەن و بە گژیاندا دەچنەوە، بەڵام لە کۆمەڵگە داخراوەکاندا ئەوە نیزامی سیاسیی زاڵ بەسەر وڵات دایە کە نەتەنیا هەوڵێک بۆ چارەسەری کێشەکانی کۆمەڵگە نادا، بەڵکوو خۆی خەسارخوڵقێنە و خەسارە کۆمەڵایەتییەکانیش وەک چەکێک لە پێناو مانەوەی خۆیدا بەکار دێنێ.

لە ژمارەی ٧٣٢ی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٤ی ئاگۆستی ٢٠١٨

کۆماری ئیسلامی و دواهەڵبژاردنی خەڵک؟

نیشانەکان هەموو ئەوە دەڵێن کە ئابووریی ئێران لە گیانەڵڵا دایە. سیاسەتی ناکارامەی ئابووری لە ماوەی چوار دەیەدا، زیاتر لە دە ساڵ گەمارۆی کەرت نەوت و بانکەکان و گەندەڵیی سیستماتیک و هەوسارپچڕاو بووەتە هۆی تێکڕامانی ئابووریی وڵاتێک، کە ئەگەر دەسەڵاتێکی دێموکراتیک و خەڵکی لەسەرکار با، دەبوا لە خۆشبژیوترین وڵاتانی دنیا با.

پیشەسازییەکان لە ئێران وەستاون، وەبەرهێنان ڕاگیراون، بەرهەمهێنان لە قۆرچەقیون، هەناردەکردنەکان لە کەمییان داوە، بازاڕ و بازاڕی دراو بەتایبەت سەقامگیر نین، پیشە بچووک و وردەفرۆشییەکان دادەخرێن و نامێنن، سێڵاوی بێکاری هەمو شتێک ڕادەماڵێ و شەپۆلێکی نوێی چوونەدەرێی سەرەوەت و سامان بەگوڕتر لە جاران بۆ دەرەوەی وڵات هەڵی کردووە، ئەوانە تەنیا دوندی دیاری کێوە سەهۆڵەکەن لە قەیرانی ئابووریی ئێراندا، وڵاتێک کە بەو سەرچاوە زەبەلاحە لە هێزی مرۆیی و سەرچاوە سروشتییەکان دەبوا ئێستا لە ڕیزی هەرە وڵاتانی گەشەسەندووی دنیا با! ئابووریی شپرێو و داتەپیوی ئێران بەو وەزعەوە دەبێ بەرەنگاری گەرێکی نوێی گەمارۆکانی ئەمریکا ببێتەوە کە لە سێزدەی خەزڵوەری مانگی داهاتووەوە دەخرێتە سەری، ڕیزە گەمارۆیەک کە دەیانەوێ هەناردەی نەوتی ئێران بکەنە هیچ و بە یەکجاری چۆک بە کۆماری ئیسلامی دابدەن. کەچی بەو حاڵەش کاربەدەستانی ڕێژیم جیا لە یەکتر بە تاوانبارناسین ڕێکارێکی بەکردەوەی چارەسەریان بۆ بەرگرتن بە قوڵبوونەوەی قەیرانەکان نەگرتووەتە بەر و، هەر وەک پیشەی
جارانیان درێژە بە گەندەڵی و تاڵانبڕییەکانیان دەدەن.

لە ئێستادا بەدەر لە کەمایەتیی دەسەڵات کە تێر و پڕن، زۆرینەی خەڵک لە کارمەندە بگرە هەتا وەرزێڕ، لە کرێکارەوە بگرە هەتا بازاڕی و کاسبکار گرانی ئەوکی گرتوون و هەناسەی لێ بڕیون. سفرەی خەڵک بەردەوام چکۆلەتر دەبێتەوە، خەڵک نەک پاشکەوتیان پێ ناکرێ، بۆ دابینکردنی بژیوی ڕۆژانەشیان داماون، زۆر شتی وەک سەفەر، پەروەردەی غەیرەدرسی، وەرزش و بێهداشت لای زۆرینەی خەڵکی وڵات دەخرێنە لاوە و وێنە و دیمەنەکان پێمان دەڵێن ژمارەی ئەو کەسانەی لە زبڵەکاندا بەدوای خواردندا دەگەڕێن؛ ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ زیاتر دەبن.

دۆخی شپرێوی کۆمەڵگەی ئێران لەژێر تیغی خەسارە کۆمەڵایەتییەکان بەوەندە نابرێتەوە و میراتی چوار دەیە دەسەڵاتدارەتیی کۆماری ئیسلامی بریتییە لە وڵاتێکی پڕ قەیران و تەواو نەخۆش. تایتێڵەکان ئاوا خۆیان دەدوێن:

لەسایەی سەری دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ خەڵک هەژارتر دەبن و بێکاری هەر دەم زیاتر دەبێ و ئاکامەکەشی لە هەڵکشانی تاوانکاری و سەرهەڵدانی زۆر دیاردەی وەک "گورچیلەفرۆشی و فرۆشتنی ئەندامانی دیکەی لەش"، "گۆڕخەوی"، "منداڵانی کار"، "لەشفرۆشێ" دا خۆی دەردەخا.

لە سایەی چوار دەیە سیاسەتی شەڕخوازی و پشتیوانی لە تێرۆریزمدا، وڵات کەوتووەتە بەر تیغی قورسترین گەمارۆکان و لەو سۆنگەیەوە خەڵک تووشی نەخوازراوترین دۆخ بوون؛ کار گەیوەتە جێیەک کە ئاماری خۆکوژییەکان دوو هیندە زیاتر ببێ، زۆر بنەماڵە ناچار ببن کۆرپەکانیان بفرۆشن، زیاتر لە ٦ میلیۆن کەس موعتاد بن و کۆمەڵگە لە هەر چەشنە گومانێکی چابوون و گۆڕان تەمابڕاو بێ.

چوار دەیە ئێعدام، چوار دەیە جینایەت و کوشتوبڕ، چوار دەیە دەسەڵاتی پۆلیسی و زەبروزەنگ، چوار دەیە گەندەڵی و تاڵان و بڕۆ، چوار دەیە خوێنی خەڵک لە شووشەکردن ئیدی بە تەواوی بڕستی لە خەڵکی بڕیوە. ئەوەی خەڵک دواجار دەبێ بۆی بگەڕێتەوە تەنیا ئیرادەیانە، ئیرادەی تێپەڕین لە کۆماری ئیسلامی و سپاردنی بە گۆڕخانەی مێژوو. دەرفەت دانەوە بە کۆماری ئیسلامی تەنیا ئاسنی ساردکوتانە و تاکەڕێگا و دواهەڵبژاردە، هەر ڕاپەڕین و کۆتاییهێنان بە تەمەنی ئەم ڕێژیمەیە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٨ی ئاگۆستی ٢٠١٨

نەمجارەیان کێ دادیان دەدا؟

بارودۆخی ئێستای کۆماری ئیسلامی هیچ باش نییە و ڕەنگبێ بۆ ڕەشبینترین کەسانی لایەنگری کۆماری ئیسلامیش پێشبینیی ڕۆژێکی وا سەخت بووبێ کە ڕێژیمەکەیان بکەوێتە تەنگانەیەکی ئاوا سەختەوە.

لە ئاستی نێودەوڵەتیدا جارێکی دی نادڵنیایی بە سەقامگیریی سیاسی لە ئێران بووەتە هۆی ڕاکردنی کۆمپانیا زەبەلاحەکانی وەبەرهێنان و کشانەوەی بانکەکان لە مامەڵە و سەودا لەگەڵ ئێران. فشارەکانی ئەمریکاش هیندەی تین بۆ کۆماری ئیسلامی هێناوە کە هانا بۆ دادگای لاهە ببا، بەڵکوو لەو ڕێگەیەوە خۆی لە تیغی سزا ئابووریییەکانی ئەمریکا

ڕزگار بکا. گەندەڵییەکان هەناسەیان بەبەر ڕێژیمدا نەهێشتووە و، ناکۆکییە نێوخۆییەکانیش گەیوەتە سنووری تەقینەوە و ناکارامەیی دەسەڵات لای کاربەدەستانی ڕێژیمیش ئەوەندەی بڕیوە کە لە کۆبوونەوەی مەجلیسدا باس لە ڕاپرسی لەسەر سیاسەتی دەرەوەی حاکمییەت، نیزارەتی ئیستسوابیی شووڕای نیگابان، مەجلیسی خیبرەگانی ڕێبەری و کارکردی هەندێ لە دامودەزگا ئیداری و بەڕێوەبەرایەتیەکانی ژێر دەسەڵاتی ڕێبەریدا دەکرێ.

ئەوانەش کە لەو نیزامە سیاسییەدا ئیستاش بەدوای ڕزگارکردنی ڕێژیمەکەیانن، بەحەق پێیان وایە تەنیا گەڕانەوە بۆ دەنگ و ئیرادەی خەڵکە کە دەتوانێ ئەم بەلەمە تێک و پێکدادراو و شەق و شڕە لەو دەریا پڕ شەپۆلە یاخی و تووڕەیەدا بگەیەنێتە کەنارە ئارامەکان. بەڵام ئایا خەڵک لە نیزامێکدا کە هیچ ئاسەوارێک لە خەڵک سەروەریی تێدا شک نابا، خەڵکێک کە باری هەموو نەهامەتییەکانی دەسەڵاتدارەتیی ئەم ڕێژیمەیان لەسەر شانە، خەڵکێک کە لە ئاکامی سیاسەتەکانی ئەم ڕێژیمەدا بڕستی لێ براوە و خنکێندراوە، خەڵکێک کە هەموو باج و تێچووی سەرەڕۆییەکانی ئەم ڕێژیمە و قەیرانخوڵقێنییەکانی دەدا، خەڵکێک کە هەر لە سۆنگەی ئەم دەسەڵاتەوە لە هەموو مافە مەدەنی، سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی بێبەش کراوە، خەڵکێک - بەشی ژنانی کۆمەڵگە - کە تەنانەت ڕێ لە سەیرکردنی یارییە وەرزشییەکانیشی لێ گیراوە، دێن بە فریای ئەم ڕێژیمە؟ وە لە جێدا ئاخۆ دەبێ بێن و ڕزگاری بکەن؟

خەڵکی ئێران چوار دەیەیە هەرچی بەڵایە بەسەریان دێ لە سۆنگەی ئەم ڕێژیمەیە. یەک لەوان ٨ ساڵ شەڕ لەگەڵ عێراق کە هەر لە مانگەکانی یەکەمی دوای دەسپێکردنیدا دەکرا کۆتایی پێبێ، بەڵام بەهۆی ملنەدان و پێداگریی ڕێبەرانی ئەم ڕێژیمە بۆ ماوەی ٨ ساڵ درێژ کرایەوە و هەموو تێچووە گیانی و ماددییەکەی هەر خەڵک دای. لە بەرزەفڕییە ئیدۆلۆژییەکانی ڕێژیم لە پێناو دروستکردنی هیلالی شیعی و دەستڕاگەیشتن بە چەکی ئەتومی، کە ناسەقامگیری لە ناوچەی لێ کەوتەوە و لەو سۆنگەیەوە ئێران کەوتە ژێر سەختترین گەمارۆ ئابووریەکانی ئەمریکا و ئوروپا؛ کە لەوێشدا ئەوە خەڵک بوون باجەکەیان دا. هەر کاتێ لە ئاستی نێودەوڵەتیدا ئەم ڕێژیمە تەنگانەی هاتووە - بۆ نموونە پەراوێزخرانی سیاسیی ئێران لە دوای بڕیاری دادگای میکونووس - دیسان ئەوە خەڵک بوون کە بە دەنگدان بە باڵی ناسراو بە ڕێفۆرمخوازی ڕێژیم دەرفەتی پشتڕاستکردنەوە و تێپەڕین لە قۆناغی قەیرانیان بە دەسەڵات داوە، بەڵام ئاخۆ ئێستا جارێکی دیکەش دەبێ خەڵک بە هانای حوکمەتەوە بێ؟ کام حوکمەت و کام خەڵک؟

حوکمەتێک کە لە چوار دەیە دەسەڵاتی مافیایی خۆیدا جیا لە هەژاری و نەگبەتی هیچی دیکەی بۆ خەڵک بەدیاری نەهێناوە، حوکمەتیک کە لە ئاستی نێودەوڵەتیدا پێناسەکەی تێرۆر، ئێعدام، هۆکاری ناسەقامگیریی سیاسیی ناوچەیە و؛ لەنێوخۆی وڵاتیشدا هەژاری و بێکاری و گرانیی هەوسارپچڕاو، تەقینەوەی قەیرانە کۆمەڵایەتییەکانی وەک ئێعتیاد بە

مادەی هۆشبەر، لەشفرۆشی، خۆکوژی و بێهیوایی بە ژیان؛ تەنیا بەشە دیارەکەی شاخە سەهۆڵەکەیە. ئەم حکوومەتە نادەروەستە لە ئاویلکەدانێکی دیکەدا دیسان چاوی هیوای هەر لە خەڵکە، ئەو خەڵکەی لە چوار دەیەی ڕابردوودا بە بەرگەگرتن لە بەرامبەر قەیرانەکان و چوونە پشتی ڕێفۆرمخوازەکان بوونەتە قەڵغان و بەڵاگێڕەوەی ئەم ڕێژیمە. بەڵام ئەمجارەیان ئیدی خەڵک بڕیویەتی. خەڵک دەزانن ئیدی کار لە کار ترازاوە و خاتەمییە تەداروکاتچییەکانیش ئیدی ناتوانن بە سوور و سپیاکردنی ڕوخساری ڕێژیم بیمەی تەمەنی درێژ بکەنەوە. خەڵک ئیدی دەزانن ئەو ڕێژیمە نە چاک دەبێ و چاکەکارێکیش لە چوارچێوەی ئەم دەسەڵاتەدا دەست دەکەوێ. ئەوە تایبەتمەندیی هەموو ڕێژیمە سەرەڕۆیەکانە کە لە چاکسازی دەسڵەمێنەوە، چونکی دەزانن یەک هەنگاو پاشەکشە دەبێتە هۆی بڕوابەخۆبوونی خەڵک و فشاری زیاتر بۆ پاشەکشەی زۆرتر. ئەم ڕێژیمە ڕێگا و ئاسۆی خۆی دیاری کردووە و لەگەڵی دەڕوا و، هیچ بۆی گرینگ نییە تاق دۆلارێک بگاتە ١٥ هەزار تمەن و چەرخی هیچ کارخانەیەکیش لەو وڵاتە نەگەڕێ. هیچ دەربەستی ئەوەش نییە خەڵکەکەی ڕووت و ڕەجاڵ بن، وڵات گەمارۆی بخرێتەسەر و خەڵک لەو سۆنگەیەوە ژیانیان بەبا چێ؛ ئەوان دەزگای پۆلیسی و سەرکوتی خۆیان شک دەبەن و هەتا ئەو جێیەی بۆیان بلوێ خۆیان لەسەر پێ ڕادەگرن. ئەوەش کە ئەم ڕێژیمەی هەتا ئەو ڕادەیە چاوسوور کردووە هەر خەڵکە، خەڵکێک کە دەرفەتیان بەو ڕێژیمە دا دەست و مەچەکی قەوی بکا و لە دژی خۆیان بیخاتە کار.

لە ئێستاشدا کە قەیرانی ئابووری لە هەموو باران و بەربڵاوتر لە جارن ئەوکی گرتوون، خەڵک دەزانن کە گەمارۆکانی ئەمریکا و سزا ئابووریەکانی دیکە لە سۆنگەی پشتیوانیی ڕێژیمە لە تێرۆریسمی جیهانی، لەبەر دەستێوەردانیەتی لە کاروباری نێوخۆیی وڵاتانی دی، لەبەر ناسەقامگیرکردنی ئەمنیەت و ئاسایشی ناوچە و جیهانە، و لەبەر دژایەتیی ئەو ڕێژیمەیە لە مافی سەروەریی وڵاتانی دی؛ بۆیە نەک لە پشتی ڕێژیم نامێنن، بەڵکوو پتر لە دژی ڕادەپەڕن.

خەڵکی ئێران لێیان ڕوونە کە ئەوەی ئەوانی خستووەتە تەنگانەوە، نەک ئەمریکا و وەک ڕێژیم دەڵێ سیاسەتی دوژمنکارانەی دەرحەق بە وڵاتی ئێران، بەڵکوو چوار دەیە سیاسەتی ناکارامەی ئابووریی دەوڵەت و حوکمەت و بەرهەمی چوار دەیە بەڕێوەبەریی فەشەل پێهاتووی وڵاتە لە سۆنگەی سیاسەتی ئیدۆلۆژیکیی ڕێژیمەوە. خەڵک بە ئێسک و پێستەوە دەیچێژن و دەزانن ئەوەی ئەوانی لە ژیان خستووە، گەندەڵیی سیستماتیک لە نێو حوکمەتە کە هەموو سامانی گشتیی خەڵکیان بە تاڵان بردووە و خوێنی خەڵکیان لە شووشە کردووە، ئەویش لەلایەن کاربەدەستانی ڕێژیمەوە، نەک لە سۆنگەی دوژمنایەتی لە دەرەوەی سنوورەکانی ئەو وڵاتەوە.

ئەوەش دەزانن کە دەردی ئەوان هەر قەیرانی ئابووری و سزاکانی سەر ئێران لە سۆنگەی سیاسەتی دوژمنکارانەی کۆماری ئیسلامی نییە، بەڵکوو زەوتکردنی ماف و ئازادیی خەڵک و نەتەوەکانی ئەو وڵاتەیە کە ڕاستەوخۆ حوکمەت و نیزامی

سیاسی کردوویەتی و دەیکا، نەبوونی هیچ چەشنە ئازادییەکی سیاسی و مەدەنییە کە هەمووی پلانی ڕێبەرانی ئەم ڕێژیمەی لە پشتە، گەندەڵی و بەتاڵانچوونی سەروەت و سامانی خەڵکە کە هەمووی مافیاکانی دەسەڵات و سپای پاسداران دەیبەن. خەڵک دەزانن کە ڕاستە ئەمریکا بەرژەوەندییەکانی خۆی لە هاوکێشە جیهانییەکاندا دەوێ، بەڵام ئەوەی ئەم دۆخەی بەسەر وڵات هێناوە ئەمریکا نییە، بەڵکوو کۆماری ئیسلامی و دەسەڵاتی خۆسەپێنە لەو وڵاتەدا. خەڵک هەروەها دەزانن کە ئامانج لەو سزا و گەمارۆیە فشار خستنەسەر ڕێژیمە بۆ گەڕانەوە بۆ سەر مێزی وتووێژ، بەڵام ئەوەی نایەوێ کێشەکانی لەگەڵ کۆمەڵگەی جیهانی بە ڕێگەی دانوستان و وازهێنان لە سیاسەتی قەیرانخولقێنی و پشتیوانی لە تێرۆریسم چارەسەر بکا، هەر کۆماری ئیسلامییە و ڕاستە لەو نێوەشدا پڕیشکی سەرەکیی ئاگرەکەش هەر بەر خەڵک دەکەوێ؛ بەڵام ئەوە ڕێژیمە کە لێی بەرپرسیارە و دەبێ تاوانەکی بدا. بێگومان لە ئەگەری بەردەوامیی ئەم فشارانەدا هەر بە چۆکدا دێ و ڕاست لێرە دایە کە خەڵک دیسان دێنەوە گۆڕێ و ئەمجارەیان ئیدی نابێ ئیزن بدەن ڕێژیم پشت ڕاست بکاتەوە.

(لە ژمارەی ٧٣٣ی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٧ی سێپتەمبەری ٢٠١٨

کۆماری ئیسلامی لەبەرچی حیزبی دێموکراتی کوردستانی کردە ئامانجی مووشەکە بالستیکەکان؟

ڕۆژی ١٧ی خەرمانان کۆماری ئیسلامیی ئێران بە ٧ مووشەکی بالستیک هێرشی کردە سەر بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان و، ئەو هێرشە ١٥ شەهید و زیاتر لە ٤٠ بریندار لێ کەوتەوە و وێرانییەکی یەکجار زۆری لێ بەجێما.

هێرشی ئەمجارەی کۆماری ئیسلامی لە درێژەی ئەو سیاسەتی قڕکردن و سەرکوتەی بزووتنەوەی کورد و حیزبی دێموکراتدا دێ، کە ماوەی چوار دەیەیە لەسەری بەردەوامە، بەڵام دەبینین کە خەباتی میللەتی کورد و تێکۆشانی حیزبی دێموکراتی کوردستان ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ پتر لە پەرەسەندن دایە.

کۆماری ئیسلامی بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستانی کردە ئامانج و بۆ لە ئێستادا؟ هەموومان دەزانین کە لە ئێستادا کۆماری ئیسلامی لە ژێر بەگوڕترین فشاری نێودەوڵەتی دایە، ئابووریەکەی لەوپەڕی شپرزەیی و تێکڕمان دایە، کەلێنی خەڵک و

دەسەڵات تا دێ زیاتر دەبێ و ناڕەزایەتییە گشتییەکان لە هەموو شوێنی ئەو وڵاتە هەر بەرین و بەربەرینتر دەبنەوە. ڕێژیم پێویستیی بەوە بوو بۆ ماوەیەکیش بێ سەرنجەکان لەسەر قەیرانە نێوخۆییەکان ببات شوێنێکی دی. هەروەها پەیامێکیش بەگوێی ئەمریکادا بدا و لەگەڵ ئەوەشدا تاقیکارییەکی مووشەکیش بۆ ئەو مووشەکانە بکا کە بە بەهای خوێن و گیان و ماڵی خەڵکی ئێران لە وڵاتانی بیانیی کڕیوە و، حسێبێکیش بێتە دەستی کە کاردانەوەکانی دواتر چ دەبن و ئەو چەندە دەستی ئاوەڵا دەبێ بۆ هەنگاوەکانی دواتری. بەڵام بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستانی کردە ئامانج؟

وەڵامەکەی ئاسانە. کوردستان و حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ماوەی چوار دەیە دەسەڵاتدارەتیی کۆماری ئیسلامیدا هەمیشە چقڵی چاوی ڕێژیم بوون. کوردستانێک کە هەر لە سەرەتاوە "نا"یەکی گەورە و یەکدەستی بەو ڕێژیمە گوت و بوو بە سەنگەری خۆڕاگری لە دژی زۆرداری. حیزبی دێموکراتێکیش کە بە مێژووی دامەزرانی کۆماری کوردستان و هەروەها خەباتێکی بەردەوام لە پێناو دابینکردنی مافی گەلی کورد، کۆسپێکی گەورەی بەردەم سیاسەت و بەرنامەکانی ئەم ڕێژیمە بووە. ئەوەی کۆماری ئیسلامیی ئێرانی لەسەر ئەم دوژمنکارییە ڕژد کردووە، بێگومان پەیام و گوتار و سیاسەتی ئەم حیزبەیە کە پەرەپێدان بە مافخوازیی هەموو چین و توێژەکانی کوردستانە و، سیاسەتی بەهێزکردنی ئیرادە و ویستی جەماوەرییە لەبەرامبەر ئامانجی تواندنەوە و نەهێشتنی شوناسی نەتەوەیی. ئەوەی زراوی ڕێژیمی بردووە خۆشەویستیی ئەم حیزبەیە لە نێو دڵی خەڵکدا کە قسەی لێ وەردەگرن، کە وەڵامی دەدەنەوە، کە کاریگەریی هەیە لەسەر جووڵە و ئاراستەی خەباتی مەدەنی و ماف ویستیی خەڵک. ئەمە شوعار و ئیدیعای سیاسی نییە و مانگرتنە گشتییەکەی ڕۆژی ٢١ی خەرمانان لە کوردستان سەلماندی کە حیزبی دێموکرات چ ڕەگ و ڕیشەیەکی لە نێو دڵی خەڵکدا هەیە و. ڕێفراندۆمێک بوو لە نێوان دوو هەڵبژاردندا: کوردستان خاوەنداری لە کێ دەکا و ئەوەی دیکە کە دەبێ بارگەی تێکەوەپێچێ کێ و کام لایەنە....

شکی تێدا نییە کە ئەم زەبرەی کۆماری ئیسلامی لە حیزبی دێموکراتی داوە قورس بووە، هەم لە ڕووی ئەژماری شەهید و بریندارەکان، هەم لە ڕووی ئەم وێرانی و خەسارەتەی بەر بنکە و بارەگاکانی حیزب کەوتووە. بەڵام ئەوانەی مێژووی حیزبی دێموکراتی کوردستانیان خوێندۆتەوە دەزانن کە ئەم حیزبە زەبری لەو چەشنەی زۆر وێکەوتووە، بەڵام قورس و قایم لەبەریان هەستاوەتەوە. ڕووخانی کۆماری کوردستان و لەداردرانی پێشەوا قازی محەممەد، شکانی ڕاپەڕینە چەکدارییەکەی ٤٦ - ٤٧، تێرۆری دوو ڕێبەری کاریزمای ئەم حیزبە دوکتور قاسملوو و شەرەفکەندی چەند نموونەیەکن کە تێیاندا لە سەری حیزبی دێموکرات درا، بەڵام ئەم حیزبە لەبەری نەکەوت و بەسەربەرزییەوە درێژەی پێدا. بێگومان ئەمجارەش حیزبی دێموکراتی کوردستان ئەم کۆستە دەکاتە هەوێنی سەرکەوتنێکی دی. بە تایبەت کە چەند ڕۆژ پێش، مانگرتنەکەی کوردستان پێی گوتین کە کوردستان قەڵایەکی لەگیراننەهاتوویە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٥ی سێپتەمبەری ٢٠١٨

هێزی ڕاستەقینە لە نێوان خەڵک و دەسەڵاتدا

ئەوەی لە کوردستان ڕوو دەدا و ئەوەی لە سۆنگەی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامییەوە بەسەر کورد لە ئێران دێ، بەرهەمی دوو عەقڵییەت و دوو جۆر ڕوانین، و هەروەها ئاکامی چوار دەیە تۆڵەستێنیی کۆماری ئیسلامییە.

عەقڵییەتی نەتەوەیەک کە سێ دەیە پێش هاتنەسەرکاری ئەم ڕێژیمە ئەزموونی دەسەڵاتێکی دێموکراتیک و بەهامەند و خەباتێکی دوور و درێژ بۆ مافەکانی بووە و ڕوانگەی ڕێژیمێک کە بوونی خۆی لە سڕینەوەی هەموو "ئەوانی دی"دا دەبینێ و لەو نێوەدا ڕق ئەستوورتر لە هەر لایەک بۆ کورد دەڕوانێ. ئەویش بێ هۆ نییە. چوار دەیە لەوە پێش و لە دەم و وەختێکدا کە دەسکەوتەکانی شۆڕشی گەلانی ئێران لەلایەن تاریکپەرەستانەوە بە تاڵان دەبرا و دەنگی مەشروعییەت بۆ ئەو دەسەڵاتە نگریسە وەردەگیرا، کورد لە ئێران پێشەنگی "نا" گوتن بەو ڕێژیمە بوو کە هەر لە سەرەتاوە باش ناسیبووی. کورد لە ئێران لەو کاتەوە هەمدیسان وەک پێشوو بۆوە بە "ناخۆیی" و "کوردستان"یش ناوچەیەک بۆ تاڵان و بڕۆ و کاولکاری. کورد لە ئێران چوار دەیەیە تێچووی ئەم "نا"گوتنە دەدا و لەسەر خەباتی شوناسخوازیی خۆی بەردەوامە.

کارنامەی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان تا بڵێی ڕەش و هەتا خوا حەز بکا پڕ جینایەت، کارەسات و شوورەییە. لە یەکەم ڕۆژەکانی دوای سەرکەوتنی شۆڕشەوە بەهاری ئازادیی کورد لە خوێن وەردرا. فیتوای جیهادی خومەینی دژی کورد و پەلاماردانی کوردستان لە ڕێگەی عەرز و ئاسمانەوە و داگیرکردنی بە زەبری چەک و ویستی تۆڵەستێنی، بوون بە سەرەتای سیاسەتێکی دوژمنکاری لەسەر بنەمای سڕینەوەی نەتەوەیی و نەهێشتنی بیری خەبات و ئازادیخوازی.

ئەم سیاسەتە چوار دەیەیە بە هەموو ئیمکاناتی نەرم ئامێری و ڕەق ئامێرییەوە لە کوردستان پەیڕەو دەکرێ. سەپاندنی شەڕێکی بەردەوام و نابەرامبەر، کۆمەڵکوژی لە گوندەکان، پۆل پۆل ئێعدامی تێکۆشەرانی سیاسیی کورد، تێرۆری سەدان کادر و پێشمەرگە و ڕێبەرانی جوولانەوەی سیاسیی کورد، میلیتاریزەکردنی کوردستان و بەتاڵانبردنی بەردەکان و سەرچاوە سروشتییەکانی، هەوڵدان و پلاندانانی بەردەوام بۆ دروستکردنی قەیرانی شوناس بۆ نەوەی نوێی کورد تەنیا بەشێک لە نێوەرۆک و پێناسی ئەم ڕێژیمەن لە کوردستان؛ لە بەرامبەریشدا قەڵای خۆڕاگریی کورد دەبینین کە نە سیاسەتی زەبر و زەنگ و، نە قەڵاچۆ کۆڵی پێ نەداوە و دەرکەی بۆ ڕێژیم نەخستۆتە سەر پشت. حەماسەتەکەی ٢١ خەرمانان پیشانی دا ئەو قەڵایە لە گیرانەهاتوویە.

خەڵکی کوردستان نیشانیان دا بـا حیزبەکانیـان پەرت و بڵاویش بـن، بـا کەشی سەرکوت و زەبروزەنگ بـێ پەڕ و بـاڵی کـردبن، بەڵام چـوار دەیە سیاسـەتی دوژمنکـاری و هەواڵـی ئاسـیمیلە کـردن بێهەڵوێسـتی نەکـردوون هـیچ، زینـدووترین و ئەکتیڤترین بەشی نیشتمانەکەیان هەر ئەوانن. ئەوەش کە لەو نێوەدا چەک بـووە دەسـەڵاتە و ئەوەش چەکی لەسـەر پێیە، خەڵکە کە بە ئیرادەوە شەڕی مافەکانی دەکا.

چەکی دەسـتی خەڵـک پاشـخانێکە لە خەبـات و مـافخوازی، دەریـایەک خـوێن کە بـۆ ئـازادی داویەتـی و ئیمـان و بـاوەڕ بە داهاتوویەک کە بەری ڕەنج و قوربانیدانێتی. چەکی ژەنگاویی دەستی ڕێژیمیش هەمدیسان سەرکوت و تەنـاف و دار؛ چەکێک کە تـا ئێستا دادی نەداون و بۆوان تەنیا ئاسنی ساردکوتـان بووە.

ئەگەر سپای سـەرکوتی کۆمـاری ئیسـلامی بەوە دەنـازێ کە توانیـویەتی چەنـد مووشـەکی بالسـتیکی خـاڵکوتی بیـانی کە بە بەهای لەشووشەکردنی خوێنی خەڵکی ئێران کڕیوتەتی لە "قەڵای دێموکرات"، ئادرەسی خەبـات و خۆڕاگریی کـورد هەڵ بکـا و هەندێ لە ئامانجەکەشی کە زەبرلێدان لە حیزبی دێموکرات بپێکێ؛ بەڵام چوار ڕۆژ دواتـر هەڵی گرتەوە. چوار ڕۆژ دواتـر خەڵک پێیان گـوت قەڵای سـەرەکیی دێموکرات ئەوانـن کە لە گیـران نـایەن و گۆڕەپـانی سـەرەکیی خەبـاتیش کوردستانە کە ئەوان پێی نامۆن.

مێژوو دووپات دەبێتەوە، ئەویش لە کوردستان! خەڵکی کوردستان وەک چۆن چوار دەیە لەوە پێش "نـا"یـان بە ڕێژیمک گـوت کە بناغەی دەسەڵاتەکەی لەسەر تێرۆر و سڕینەوە دانابوو، ئەمجارەشیان بەو "نا"گوتنە پێیـان گـوت کە هەروا لەسـەر پێن، و وەک چۆن لە زۆر کات و ڕووداوی دیکەشدا پیشانیان داوە کوردستان هەروا سەنگەری ئازادییە. خەڵکی کوردسـتان هاوکـات حیزبەکانیشیان قەرزباری ئەم هەڵوێستەیان کرد و ئەو پەیامەیان دانێ کە تەنیا یەکیەتیـی بەکردەوە و تەبـاییە دەتـوانێ چـۆک بە ڕێژیمـدا بـدا و بـۆ ئەوەش پێویستە هێـز و لایەنە سیاسییەکانی کوردسـتان وزەی خەباتگێڕییـان یەک بـخەن و بە پاڵپشتیی ئەم خەڵکە وەرزێکی دی لە خەبات و تێکۆشان بۆ ڕزگاریی نەتەوەیی دەست پێ بکا.

(لە ژمارەی ٧٣٤ی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی سێپتەمبەری ٢٠١٨

ساڵی نوێی خوێندن و وەرزێکی دی لە بێبەشیی خوێندن بە زمانی دایکی

ساڵی نوێی خوێندن لە ئێران دەستی پێکردووە، بەڵام وەک هەموو ساڵانی دی دیسانەکەش بێبەشیی منداڵانی کورد لە خوێندن بە زمانی دایکی، کێشەی سەرەکیی کۆمەڵگەی کوردستانە لە پرۆسەی پەروەردە و فێرکردندا.

کێشەکە لەوەڕا دەست پێدەکا کە ئێران وڵاتێکی فرەنەتەوەیە، بەڵام تەنیا یەک نەتەوە باڵادەستە کە فارسەکانن و، تەنیا یەک زمانیش ڕەسمییە کە زمانی فارسەکانە. ئیدی منداڵ کە چووە قوتابخانە لەپڕ بە سەر کۆسپێکی گەورەدا دەکەوێ و تووشی بارودۆخێکی گەلێ ناخۆش دەبێ. منداڵانی کورد دەبێ کتوپڕ فێر ببن ئەوەی تا ئێستا پێیان گوتووە "دەوری" دەبێ لەوەدوا پێی بڵێن "بوشقاب" و؛ ئەوەی تا ئێستا پێیان گوتووە "خلیسکێن"، ئەوە دەبێ پێی بڵێن "سورسورە" و... خۆ هەر بەپێی ئامارە ڕەسمییەکانی ناوەندە حکومەتییەکان لە ساڵدا هەزاران کەس لە ناوچە دووزمانەکان هەر بەم هۆیە واز لە خوێندن دێنن.

زانایانی بواری زمان و پەروەردە و دەروونناسی هەموو لەسەر ئەوە کۆکن کە زمانی دایک و پەروەردە بەو زمانە کاریگەریی یەکجار زۆری لەسەر شکڵگرتنی شوناس و کەسایەتیی منداڵ هەیە. منداڵ لە ڕێگەی زمانەوە بوونی خۆی بە ڕەچەڵەک و شوناسی باووباپیرانی گرێ دەدا و هەر بەو زمانەی زگماک فێری بووە دەتوانێ باشترین دەربڕینی لە هەست و سۆز و تێگەیشتنەکانی لە دەوروبەر هەبێ.

منداڵێک کە بە زمانی خۆی دەخوێنێ ساناتر فێر دەبێ و پێ دەگا، کەم نین ئەو پسپۆڕانەی زمان کە پێیان وایە نەبوون یان کاڵبوونی پەروەردە بە زمانی دایک و ناچارکردنی منداڵان بە خوێندن بە زمانی فارسی و فێربوونی زۆرەملێی ئەم زمانە لە ناوچە نافارسەکان، بە واتای کوشتن و نەهیشتنی زمانی ئەو نەتەوانە دێ؛ ئەویش لە کاتێکدا کە زیاتر لە نیوەی خەڵکی ئێران لە نەتەوە نافارسەکان پێک دێن. ئەوەش واتایەکی دیکەی ئەمەیە کە سستیماتێک ڕێ لە گەشە و پەرەپێدانی وڵات دەگیرێ و هەموو ئەوانەش ئامانجی سیاسیی شوینیستیی نەتەوەی باڵادەستی فارسی لە پشتە.

ئەوەی کە لە ماوەی چوار دەیە دەسەڵاتدارەتیی کۆماری ئیسلامیدا بۆ تواندنەوە و سڕینی شوناسی کوردان دەکرێ و بە بەرنامە و سیستماتیک دەچێتە پێشێ، میراتی شوومی دەسەڵاتدارەتیی پەهلەوییە کە لێ بڕابوو ئێرانێکی یەک نەتەوە و یەک زمان دروست بکا؛ بۆ ئەوەش دەبوا بە گژی هەموو زمانەکان و پێکهاتە نەتەوەییەکانی دیکەدا بچێ و ڕێگری لە

خوێندن بە زمانی زگماک؛ شاکلیلی ئەو شوناسە دەسکرد و درۆیینە بوو. وە ئەلحەق کە کۆماری ئیسلامیش میراتگرێکی باش بۆ ئەو ڕێژیمە سەرکوتگەرە بوو. بەو جیاوازییە کە ئەمەیان بەپیلانی نەرمتر بەرنامەکانی دەباتە پێشێ.

ئێستا باس لەوە نییە کە ڕێگری لە خوێندن بە زمانی دایک چ زەبرێکی قورس لە پرۆسەی پەروەردە و فێرکردنی ئەو منداڵانە دەدا کە دەبێ بەزۆرەملێ فێری زمانێکی دیکە ببن، باس لەوەش نییە کە کێشە لە نیزامی پەروەردە لە کۆماری ئیسلامیدا تەنیا بێبەشکردنی کورد و نەتەوە نافارسەکانی دیکەی ئێران کە خوێندن و فێربوون بە زمانی دایکی و زگماکییانە؛ چونکی پەروەردەی ئیدئۆلۆژیک لەسەر بنەمای سرینەوەی جیاوازی و جۆراوجۆرییەکان و بارهێنانی منداڵ لەسەر بنەمای ملکەچی و خۆبەکوشتدان و باسکردن لە خەسارەکانی زۆر لەوە زیاتر هەڵدەگرێ؛ باس ئەوەیە کە ئاکامی چوار دەیە حاشاکردنی کۆماری ئیسلامی لە زمانی نەتەوەکان چی بووە؟

ڕاستە ئێستاش خوێندن بە زمانی کوردی وەک مافێکی بنەڕەتی و سروشتی لە خەڵکی کوردستان زەوت کراوە، بەڵام زمانی کوردی وەک کۆڵەکەی شوناسی نەتەوەیی کورد بەردەوام ڕوو لە گەشە و خەملێن و پشکووتندا بووە. ڕاستە لە نیزامی ئامووزشیدا ڕێگری لە خوێندن و فێربوونی زمانی کوردی دەکرێ، بەڵام لەسایەی زەحمەت و ماندووبوون و ئەرکوخۆگریی چالاکانی مەدەنی و خەمخۆرانی زمان، شوێن لەو کوردستانە نییە فێرگەی زمانی کوردیی لێ دانەنرابێ و مانگانە فێرخوازی زیاتر وەرنەگرن. ڕاستە لەلایەن دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامییەوە چل ساڵە هەوڵی تواندنەوەی زمانی کوردی دەدرێ، بەڵام دەبینین کە پرسی خوێندن بە زمانی کوردی بابەتێکی هەرە هەستیاری کۆمەڵگەیە و لە هەموو هەڵبژاردنەکانی نێو حاکمییەتدا - چ سەرکۆماری و چ مەجلیس و شووڕاکاندا - لە بەرنامە و دروشمەکانی بەربژێرەکاندا ڕەنگ دەداتەوە؛ چونکی دەزانن خەڵک ئەوە بە ماف و ویست و داوایەکی سەرەکیی خۆیانی دادەنێن و ئەوانیش ئەمەیان لەبەرچاو ون نییە و هەموو کاتێ بە بانگەشە و دڕووشمی بێ کردەوە کەلکی خراپیان لەو بۆشاییە وەرگرتووە.

ئەوەی تا ئێستا کۆماری ئیسلامیی ئێران وەدووی کەوتووە و پێی نەگەیشتووە نەهێشتنی زمانە نافارسییەکان و تواندنەوەیان لەو زمانەدا بووە. ئەوان بەو خوێندنەوەیە کە زمان نەک وەک پاژێک، بەڵکوو بنەمای شوناسی نەتەوەییە و ئەوەشیان بە مەترسییەکی گەورە بۆ ئەمنیەتی میللیی! خۆیان زانیوە، هەوڵیان داوە ئەم زمان گەلە لە پەنا و پەسیوان باوێن و لەو ڕێگەیەوە ڕێگە لە نەشونومایان بگرن.

ئەوەی کە چەندە گۆڕان لەو جۆرە بیرکردنەوەیەدا پێک هاتووە و چەندە لە ئێستادا وەک دەگوترێ قەیرانی ئابووریی ڕێگەی لە پلاندانان بۆ خوێندن بە زمانی دایکی یان خوێندنی زمانی دایکی گرتووە هیچ لەو ڕاستییە ناگۆڕێ کە خەڵکی

کوردستان پتر لە هەموو کاتێک لەسەر ئەو مافە ڕەوایە دەڕۆن. قەیرانی ئابووریش بیانوویەکی پڕوپووچە، چونکی خەڵک دەپرسن چۆنە بۆ پەرەپێدانی زمانی فارسی هەموو بوودجەیەک تەرخان دەکرێ و لە ڕێگەی دەیان دامەزراوەی فەرهەنگی و ئەمنیەتییەوە کاری بۆ دەکرێ، بەڵام کە دەگاتە سەر زمانەکانی دی ویشکایی دێ؟

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٨ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٨

تێرۆریزمی دەوڵەتی و سەری مارەکە!

هێشتا چەند ڕۆژێک لە کاردانەوەی کۆماری ئیسلامیی ئێران بە تێرۆری خاشقچی و مەحکوومکردنی عەرەبستانی سعوودی سەبارەت بەو کوشتنە سیاسییە لەلایەن دەمڕاستەکانی ڕێژیمەوە تێ نەپەڕیبوو کە دەزگا ئەمنیەتییەکانی وڵاتی دانمارک ڕایانگەیاند پیلانێکی تێرۆریستییان لە وڵاتەکەیان پووچەڵ کردووەتەوە کە بڕیارەکەی لە ئێرانەوە دراوە.

وەزارەتی دەرەوەی دانمارک دەسبەجێ بانگۆێزی کۆماری ئیسلامیی ئێرانی بانگ کرد و بڕیاری دا بانۆێزی خۆی لەو وڵاتە بکێشێتەوە. هەروەها دەوڵەتی دانمارک داوای لە یەکیەتیی ئورووپا کردووە کە سەبارەت بەو کردەوانەی کۆماری ئیسلامی لە خاکی ئورووپادا سزا و گەمارۆ بخاتە سەر ئێران. ئاشکرابوونی ئەم پیلانە تێرۆریستییەی کۆماری ئیسلامی لە حاڵێکدایە کە ڕێژیم هێشتا ژانەسەری دەسبەسەرکرانی ئەسەدوڵلا ئەسەدی، دیپلۆمات تێرۆریستەکەی لە کۆڵ نەبووەتەوە کە سەبارەت بە هەوڵێکی تێرۆریستیی بێئەنجام بۆ سەر کۆبوونەوەیەکی ئۆپۆزیسیونی کۆماری ئیسلامی لە فەرانسە لە بێلژیک دەسبەسەر کراوە.

پێش ئەوەش لە هولەند شوێنپێی تێرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی لە تێرۆری دوو کەس لە ئەندامانی ئۆپۆزیسۆنی ئێراندا هەڵ گیرابوو. لە ئاڵمان و بێلژیکیش چەند تیمێکی تێرۆریستیی سەر بە کۆماری ئیسلامی پێش ئەوەی بتوانن پیلانەکانیان سەر بخەن؛ ئاشکرا بوون و پێشیان پێ گیرا.

***

پێشینەی کردەوەی تێرۆریستیی کۆماری ئیسلامی وەک نیزام و دەسەڵاتێکی سیاسی بۆ پێش دامەزرانی ئەم ڕێژیمەش دەگەڕێتەوە، ئەو کاتەی کە ڕێبەرانی ئێستای ڕێژیم و هێزی دژبەری ڕێژیمی پاشایەتیی پێشوو لە چەکی تێرۆر هەم بۆ

تێرۆری دژبەرانی فیکریی خۆیان - وەک ئەحمەد کەسرەوی - و؛ هەم بۆ تێرۆری کاربەدەستانی سەرووی حوکمەت - وەک عەلی ڕەزمئارا، عەبدولحوسێن هەژیر، حەسەنعەلی مەنسوور، سێ سەرۆک وەزیرانی ڕێژیمی پاشایەتیی پەهلەوی - کەلکیان وەردەگرت. لە دوای شۆڕشی ساڵی ٥٧ و هاتنە سەر کاری کۆماری ئیسلامی سیاسەتی تێرۆر و تۆقاندن هەم بۆ نەهێشتنی دژبەران و هەم بۆ زاڵکردنی کەشی سەرکوت و، هەم لەپێناو جێبەجێکردنی سیاسەت و وێژمانی «ناردنە دەرەوە»ی شۆڕش! بوو بە نێوەرۆک و بەشی جیانەکراوە لە پێناسە و جەوهەری کۆماری ئیسلامی.

لەو کاتەوە تا ئێستا چوار دەیەیە باڵوێزخانە و نووسینگەکانی نوێنەرایەتیی کۆماری ئیسلامی لە وڵاتان شوێنی داڕشتن و جێبەجێکردنی پیلانە تێرۆریستییەکانی ڕێژیمن. بە درێژایی ئەم ساڵانە زیاتر لە ٢٥٠ چالاکی سیاسی و دژبەری نیزام لە وڵاتانی ئورووپایی و زیاتر لە ٤٠٠ تێکۆشەری سیاسیی کوردی دژبەری ڕێژیم لە هەرێمی کوردستان لە ڕێگەی تۆڕ و تیمە تێرۆریستییەکانی کۆماری ئیسلامییەوە کوژراون و بە سەدان کەسیش بریندار بوون. ئەوەی لەو نێوەدا بارتەقای تاوانەکانی کۆماری ئیسلامی گرینگە سیاسەتی هەڵکردنی وڵاتانی ئورووپاییە لەگەڵ کۆماری ئیسلامیدا، کە لەپێناو پاراستنی بەرژەوەندییە ئابووریی‌ەکانیان چاویان لە تەڕاتێنی تیمە تێرۆریستییەکانی کۆماری ئیسلامی نووقاندوە و، ئەوەش بووەتە هۆی ئەوەی ئەم عەمەلیاتە تێرۆریستییانە تێچوویەکی ئەوتۆی بۆ ڕێژیم نەبێ و بە بەردەوامی دەستی بۆ کوشتن و لەنێوبردنی دژبەرە سیاسییەکانی ئاوەڵا بێ.

ئێستا پرسیار ئەوەیە ئاخۆ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی پشت لە تێرۆر دەکا؟ چی وای کردبوو کە ڕێژیم ماوەیەک دەستی لە کردەوە تێرۆریستییەکانی لە ئورووپادا پاراستبوو و ئێستا چۆنە بێ هیچ دانْغە و حاشا و شاردنەوەیەک و بە بەرچاوی دنیا تیر و شیر لە دژبەرانی دەسوێ؟

تێرۆر بۆ کۆماری ئیسلامی تەنیا چەکێک بۆ لەنێوبردنی دژبەرانی نییە، بەڵکوو جەوهەرێکی پیرۆزی بۆیان هەیە و بەپێی خوێندەوە ئیدۆلۆژیکییەکانیان ڕەوایی پیرۆز و ئامانجداری هەیە. بۆیە لەهەر جێیەک و لەهەر هەلومەرجێکدا بواری لەبار بۆ سەرکەوتنی تیمە تێرۆریستییەکانی خۆش بێ، بە تامەزرۆییەوە بەرەو پیلی دەچن. بۆیە ئەگەر لە چەند بڕگە و قۆناغێکی تەمەنی ئەم ڕێژیمەدا مەودای کورتماوەیان لەگەڵ کردەوەی تێرۆریستی گرتبێ - کە ئەوەش دواخستنی تێرۆر نەک ڕاگرتنی بووە -، هۆکارەکەی نەک بۆ گۆڕانکاری لەو خوێندنەوەیە، بەڵکوو تەنیا بۆ تێکچوونی باڵانسی دەسکەوت و تێچووی قورسی کردەوە تێرۆریستییەکانیان لەو کاتە تایبەتییانەدا دەگەڕێتەوە.

ڕووداوەکانی ئەم دواییانە وەک، تێرۆری شەوی یەلدای بەر بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە نیزیک

کۆیە، تێرۆری چەند کادر و ئەندامی حیزبی دێموکرات لە چەند شارێکی هەرێمی کوردستان، تێرۆر و کوشتنی چەند زانایەکی بواری جۆراوجۆرەکان لە نێوخۆی وڵات، مووشەکباران کردنی قەڵای دێموکرات، مووشەک تێگرتن لە ناوچەیەکی بندەسەڵاتی دژبەری بەشار ئەسەد لە سووریە، شوێنهەڵگرتنی تیمە تێرۆریستییەکانی سەر بە کۆماری ئیسلامی لە چەند وڵاتێکی ئورووپایی دەری دەخەن کە ئەم ڕێژیمە ئیدی گوێی لە بەدناوی و مەحکوومکردن و ڕیسواییەکان لە دنیای دەرەوە نییە. وا وێدەچێ ئەم ڕێژیمە ئیدی نیگەرانی کاردانەوەی ئەم سیاسەتەی لەسەر دیپلۆماسیی بیانیی وڵاتەکەی نەبێ و بێتوو کۆمەڵگەی جیهانی و وڵاتانی زلهێزی بیانی نەیانەوێ بەرەوڕووی ئەم کارانەی کۆماری ئیسلامی ببنەوە، لە نێوخۆی وڵات و دەرەوەی وڵات کردەوەی تێرۆریستیی زۆر و زیاتر لە کۆماری ئیسلامی دەبینین. چونکی سیاسەتی هەڵکردن و بێدەنگیی هەندێ وڵاتی شەریکە سیاسی و بازرگانی لەگەڵ ئێران وای کردووە کە ئەم ڕێژیمە چیدی هەوڵ و بەرنامەکانی خۆی لە چوارچێوەی سەرکوتی توندی دژبەران و پێشێلکردنی سیستماتیکی مافی مرۆڤ لە نێوخۆی وڵاتدا قەتیس نەکا و؛ لە دەرەوەی سنووردەکانیش بەدوای نێچیرەکانییەوە بێ. «تۆقاندن» و «باجوەرگرتن» و ئاوێتەکردنیان وەک سیاسەتێک لەبەرامبەر وڵاتانی ئورووپایی تا ئێستا بۆ کۆماری ئیسلامی دەسکەوتێکی زۆری بووە، و ئێستاش کۆمەڵگەی جیهانی و بەتایبەت وڵاتانی ئورووپایی لەبەردەم تاقیکردنەوەیەکی سەخت و یەکلاکەرەوە دان.

وڵاتانی ئورووپایی کە بەربەرەکانی لەگەڵ تێرۆریزم وەک بنەما و پڕەنسیپێک بۆ خۆیان پێناسە دەکەن و هاوپێوەندیی جیهانیی بۆ پێک دێنن و لە وڵاتانی وەک سووریە و عێراق و ئەفغانستاندا شەڕی تێرۆر دەکەن و بە گیانی سەربازەکانیان و هەروەها خەرجکردنی مادی تێچووی بۆ دەدەن، ئێستا لە بەرامبەر گیانگرتنەوەی تێرۆریسمی دەوڵەتیی ئێراندا هەڵوێستیان چی دەبێ؟ ئەویش لە بەرامبەر ڕێژیمێکدا کە ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر دەکەوێتە بەر ڕق و بێزاریی خەڵکەکەی و نە لە نێوخۆی وڵاتدا هیچ ڕەواییەکی هەیە و نە لە نێو هاوکێشەکانی کۆمەڵگەی جیهانیدا نەک هیچ ڕۆڵێکی بۆ سەقامگیری و ئاشتی نییە، بەڵکوو ماکە و هۆکاری زۆربەی قەیران و نائارامییەکانە.

(لە ژمارەی ٧٣٧ی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٧ی نۆڤەمبەری ٢٠١٨

حاشاکردنی ڕێژیم لە قەیرانەکان و هەناسەساردی خەڵک

دوو حەوتووبە ئەمریکا گەڕی دووهەمی سزاکانی خۆی سەپاندووەتە سەر ئێران، زنجیرە گەمارۆیەک کە بە مەبەستی بەچۆکداهێنانی یەکجارەکیی کۆماری ئیسلامی گرتووبەتە بەر؛ بەڵام تا ئێستاش کۆماری ئیسلامی بە ڕەسمی حاشا لەوە دەکا ئەم گەمارۆیانە کار بکەنە سەر ئابووریی ئەم وڵاتە.

ڕەنگبێ بۆ زۆر کەسیش پرسیار بێ کە گەمارۆ نوێیەکان چۆن شوێن لەسەر ئابووریی ئێران و ئاستی بەرگەگرتنی ڕێژیم دادەنێن؟ هەموو دەزانین ئابووریی ئێران پشت بە فرۆشتنی نەوت دەبەستێ و وڵات هەتا ئێستاش بەستراوەیە بە داهاتی نەوتەوە. کەمبوونەوە لە داهاتی نەوت، ئاڵۆزی لە بازاڕی دراو، کێشە دروستبوون بۆ مامەڵەی بازرگانیی ئێران لە ئاستی جیهانیدا دەبنە هۆی کێشەخوڵقێنی بۆ ئابووریی ئێران، ئەویش ئابووریەیەک کە بەهۆی گەندەڵیی سیستماتیک و ڕانتخۆری لە چوار دەیەی ڕابردوودا خۆی لە خۆیدا تێک تەپیوە و کەوتووەتە ئاویلکەدانەوە.

لە گەڕی یەکەمی گەمارۆکاندا کە لە نێوان ساڵانی ١٣٩١ - ١٣٩٢دا گەیشتە چڵەپۆپەی خۆی و هەتا ساڵی ١٣٩٤ و بە بەرجام ڕاگیرا، نرخی گەشە و هەڵدانی وڵات بۆ خوار (٩-) دابەزی. فرۆشی نەوتی ئێران وەک تاکەسەرچاوەی سەرەکیی داهاتی وڵات گەیشتە لانیکەمی خۆی و، لەبەشی پەرەپێدانی کەرتی وزە و هەموو بوارەکانی دیکەدا وەبەرهێنەرانی بیانی ڕوویان لە ئێران وەرگێڕا. لەو سۆنگەیەوە بەشی پیشەسازیی وڵاتیش لە قۆڕ چەقی و دەرگە لە بەشی بازرگانی گاڵە درا و کەرتی بیناسازی، خزمەتگوزارییەکان و کشتوکاڵیش بەرەوڕووی هەرەسهێنان بۆوە.

دوای هەموو ئەو هەناسەسواریە «بەرجام» بووە هۆی ئەوەی ئابووریی ئێران پشوویەکی بێتەوە بەر، بەڵام بەهۆی بەردەوامیی ئێران لە سیاسەتی قەیرانخوڵقێنی لە ئەمنیەتی ناوچەیی و جیهانیدا و تەرخانکردنی دراوە نازادکراوەکانی ئێران لە سۆنگەی بەرجامەوە بۆ ناسەقامگیریی سیاسیی وڵاتانی ناوچە و هەوڵدان بۆ پەرەپێدانی بە چەکی کۆمەڵکوژ و مووشەکە بالستیکەکان کە دژایەتییان لەگەڵ ڕووحی بەرجام هەبوو؛ ئەمریکا لەو ڕێککەوتنە هاتە دەر و لە ئێستاشدا هەموو گەمارۆکانی پێشووی بە زیادەوە خستووەتەوە سەر ئێران.

ڕاستە ئێران ئەزموونی باشی لە گەمارۆکانی پێشوو هەڵچنیوە و کەم و زۆر بە ڕێگاکانی دەورلێدانی سزاکانی زانیوە، بەڵام لەو لاش ئەمریکا هیندە دەستەوەستان دانەنیشتووە و مشووری لە هەموو ئەوانە خواردووە؛ بۆیە ئەمجارەیان

بەرەوڕووبوونەوەیەکی سەخت لە نێوان ئەم دوو لایەنەدا ڕوو دەدا.

ئەوەی لەو نێوەدا ئێران قەڵای هیوای لەسەر هەڵچنیوە بەندە بە چەندی و چۆنیی هاوڕییەتی و هاوکارییەکانی ئورووپا و شەریکە ئابووریییەکانی دیکەی ئێران وەک چین و ڕووسیە لەگەڵ کۆماری ئیسلامی. بەڵام بێتوو ئەمریکا بتوانێ لە درێژەی گوشار و هەڵمەتە دیپلۆماسی و ئابووریییەکانیدا ئورووپا ڕەگەڵ خۆی بخا، ئەوە هەمان ئەم ڕۆژڕەشییەی ڕێژیمە کە بەپێی ئەزموونەکانی پێشووی هەڤڕکێی نێوان ئەمریکا و ئورووپا ناکرێ دوورەدەست بێ.

لەوەها بارودۆخێکدا گەشەی ئابووریی وڵات نەک هەر دەوەستێ، بەڵکوو بە تەواوی دادەڕمێ؛ هەناردەی نەوتی ئێران بۆ کەمتر لە یەک میلیۆن بۆشکە لە کەمی دەدا؛ بەشی پیشەسازیی وڵات بە تەواوی ئیفلیج دەبێ و لەو سۆنگەیەوە بێکاری و گرانی سەر لە کێوان دەدا.

پێشبینییەکان بۆ بارودۆخی ئابووریی ئێران لە بەردەوامیی گەمارۆکان لە حاڵێکدایە کە «بانکی جیهانی» ڕایگەیاندووە کۆماری ئیسلامی پتر لە ٦ میلیارد دۆلاری پێ قەرزدارە. لە نوێترین ڕاپۆرتی بانکی جیهانیدا هاتووە کە ئێران لە ماوەی یەک دانی ڕابردوودا ٥٣٣ میلیۆن دۆلاری لە بنیاتە ماڵییەکانی سەر بەو بانکە قەرز کردووە کە لەچاو ساڵی ٢٠١٦ پێنج هێندە زیادی کردووە.

بەپێی دواڕاپۆرتی ئەو ناوەندە جیهانییە کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ئێستادا ٦ میلیارد و ٢٧٦ میلیۆن دۆلار قەرزدارە و بە لەبەرچاوگرتنی گەڕێ نوێی گەمارۆکان زەحمەتە کۆماری ئیسلامی بتوانێ لەمساڵ و ساڵانی داهاتووشدا لەو ناوەندە ماڵییە قەرز بکا و دراوێک بۆ نێوخۆ ڕاکێشێ.

کەوتنە تەنگانەی کۆماری ئیسلامی لە بارودۆخی ئێستا لە سۆنگەی پشتیوانیی لە تێرۆریسمی جیهانی لە حاڵێکدایە کە باری قورسی گوشاری ئەم گەمارۆیانە هەتا ئێستاش هەر لەسەر شانی خەڵکە، کەچی لەولا و سەرەڕای ئەو هەلومەرجە نالەبار و کارەساتە سیاسەتی ڕێژیم لە پێوەندی لەگەڵ پشتیوانییەکانی لە تێرۆریسم نەگۆڕاوە.

ڕۆژی ١٣ی نۆڤامبر، نیتێن ئەی سیلز، ڕێکخەری بەشی دژەتێرۆر لە وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا ئاشکرای کرد کە کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ساڵدا لانیکەم یەک میلیارد دۆلار لە داهاتی ئەم وڵاتە بۆ پشتیوانی لە تێرۆریزم خەرج دەکا و لە سفرەی خەڵک دەدزێ و گیرفانی حیزبوڵلا، حەماس و حوسییەکانی پێ پڕ دەکا.

ئەو کاربەدەستەی ئەمریکا لە کۆبوونەوەیەکی «بنیاتی سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست»دا ڕایگەیاند: «ڕێژیمی ئێران گەورەترین نیزامی سیاسیی پاڵنەر و پشتیوانی تێرۆریزمە لە جیهاندا، ئەویش لە کاتێکدا خەڵکی ئەم وڵاتە نوقمی هەژاری و بێدەرەتانییە و تێچووی هەموو ئەم دەستدرێژی و بەرنامە تێرۆریستییانە لە گیرفانی خەڵک دێننە دەرێ.»

ماڵپەڕی «باڵوێزخانەی مەجازیی ئەمریکا لە ئێران»یش لە ڕاپۆرتێکدا ئاماژێکی لەو حاتەمبەخشییەی کۆماری ئیسلامی بڵاو کردووەتەوە. بەپێی ئەو داتایە کۆماری ئیسلامی هەموو ساڵێ ٧٠٠ میلیۆن دۆلار دەداتە حیزبوڵڵا و بە پێدانی سەدان میلیون دۆلاری دیکەش بە گرووپە تێرۆریستییەکان لە وڵاتانی یەمەن، عێراق، سووریە و بەحرەین وەک پشتیوانی سەرەکیی تێرۆریسمی دەوڵەتی لە جیهاندا خۆی دەرخستووە. ڕێژیم هەروەها بێ ئەوەی گوێ بداتە بارودۆخی ئابووریی وڵات و لە خەمی کێشەکانی خەڵک و کۆمەڵگەدا بێ، ئەولەوییەتەکانی هەروا پرچەککردنی خۆی و پەرەپێدان بە توانا مووشەکی و هێرشبەرییەکانیەتی.

(لە ژمارەی ٧٣٨ی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی نۆڤەمبەری ٢٠١٨

کەی ئەمە ژینە و کوا ئەمە داد؟

ناڕەزایەتیدەربڕینی پۆلێک کرێکاری بێکارکراوی پێترۆشمیی ئیلام و دەرەنجامەکەی دەکەینە پێشەکی و بیانوویەک بۆ باس لەسەر ڕەوشی دڵتەزێنی کرێکارانی کورد لە دۆخی کارەستباری ئێستادا:
نێوەڕاست مانگی بەهاری ئەمساڵ پۆلێک کرێکاری لەسەرکاردەرکراوی کارخانەی پێترۆشیمیی ئیلام بۆ ناڕەزایەتیدەربڕین بە بێکارکرانیان، ئەویش لەو بارودۆخە سەخت و دژوارە ئابووریەی ئێستادا لەبەردەم ئەم کارخانەیە کۆبوونەوە. ئەو کۆبوونەوەیە لەلایەن هێزە چەکدارەکانەوە هێرشی کرایە سەر، بەشداران سەرکوت کران و بە تووندترین شێوە لێیان درا، زیندانی کران و ئێستاش سزای زیندانیان بەسەردا سەپاوە.

دەزگای قەزایی کۆماری ئیسلامی١٥ کەس لەو کرێکارە بێکارکراوانەی بە تۆمەتی شێواندنی نەزمی گشتی! و ئاژاوەنانەوە دادگایی کردووە و بڕیاری زیندان و لێدانی قامچیی لەسەر داون. بڕیارەکە ڕۆژی ٢٢ی ڕەزبەر لە دادگا دەرچووە و ڕۆژی ١٤ی

سەرماوەز پێیان ڕاگەیەندراوە. "میلاد دوستی"، نوێنەری ئەم کرێکارانە دوو ساڵ زیندان و سزای ٧٤ قامچیی بۆ بڕاوەتەوە و چوارده کەسەکەی دیکەش هەر کام یەکی شەش مانگ زیندان و ٧٤ قامچییان بەسەردا سەپاوە.

پانۆرامای ڕووداوەکان بەمجۆرە بوو: ئەم کرێکارانە کە ١٥٠ کەس بوون، لە خەزەڵوەری ساڵی ١٣٩٣دا بۆ ناڕەزایەتیدەربڕین بە دواکەوتنی چەند مانگ مووچە و حەقدەستیان و هەروەها بڕینی مز و جێژنانە و دەسخۆشییەکانیان سکاڵایان بردە ئیدارەی کار. بەرپرسانی کارخانەش لە کاردانەوە بەم داوا و مافخوازییەی کرێکاران، سەت کەس لەوانیان دەرکرد و هاتوچۆ و هاتنەوە بۆ کارخانەیان لێ قەدەغە کردن. ئیدارەی کار بڕیاری گەڕانەوە بۆ سەر کاری ٥٠ کەس لەوان و پێدانی ٥٠ میلیون تمەن مووچەی دواکەوتووی ئەم کرێکارانەی دا، بەڵام خاوەنکاری کۆمپانیاکە ملی بۆ بڕیاری ئیدارەی کار ڕانەکێشا و سکاڵاکەی گەڕاندەوە بۆ دیوانی عەدالەتی ئیداری و ئێستا دوای چوار ساڵ کەس لەو پەروەندەیەی نەپرسیوەتەوە؛ کارخانە هەر لەجێی خۆیەتی و کرێکارە بێکارکراوەکانیش هەروا چاوەڵەدەست و چاوەڕوان...

کۆمپانیای پێترۆشیمیی ئیلام کە ساڵی ١٣٨٢ بەردی بناغەی داندرا، دوو ساڵ دواتر ڕادەستی کەرتی تایبەت کرا و دواجار ساڵی ١٣٩١ و پاش ١٠ ساڵ وەگەڕ خرا. هەر لەو کاتەوە ناکۆکیی نێوان کرێکارانی کارخانەکە و خاوەنکارەکان سەری هەڵدا. هیندەی پێ نەچوو بەڕێوەبەری گشتیی کۆمپانیاکە بە تاوانی گەندەڵی گیرا و؛ ئەحمەد شۆهانی، نوێنەری شاری ئیلام گەندەڵیی ٤٤٠ میلیارد تمەنیی بەرپرسانی ئەم شیرکەتەی لەقاو دا. ناوبراو ڕەخنەی ئەوەی لە دەزگای قەزایی گرتبوو کە نەک هەر لە گەندەڵییە ٤٤٠ میلیارد تمەنییەکەی بەڕێوەبەرانی ئەوم کارخانەیەی نەپرسیوەتەوە، بەڵکوو ٣٢٠میلیون یۆرۆی دیکەیان داونەتێ و کەس نییە لەو حیسابانە بپرسێتەوە. ئێستاش لەم بارودۆخەدا هەر ئەم دەزگای داد و قەزاییە هاتووە لە کێشەی ئەم کرێکارە دەرکراوانەی پرسیوەتەوە و بە تاوانی! مافخوازی و ناڕەزایەتیدەربڕین بە زەوتکرانی مافەکانیان، سزای زیندانی و لێدانی قامچیی بەسەردا سەپاندوون.

ئەم بڕیارە نائینسانی، نادادپەروەرانە و نائەخلاقییە - کە حەقکوژییەکی تەواوە - لە کاتێکدا لە دژی ئەم پۆلە کرێکارە داماوە دراوە کە ناڕەزایەتیی کرێکاران، مامۆستایان و چین و تۆێژەکانی دیکەی کۆمەڵگەی ئێران بە بارودۆخی نالەباری ئابووری و گەندەڵییە ئیدارییەکان و دواکەوتنی مووچە و حەقدەست و بێکارکرانیان ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ لە پەرەسەندن دان. وەڵامی دەزگای داد و ناوەندە ئەمنیەتییەکانیش هەتا ئێستا هەر لە چوارچێوەی هەڕەشە و سەرکوت و گرتنی کرێکاراندا بووە.

ئەوەی لە ئیلام ڕووی دا و ئەوەی بەسەر ئەو پۆلە کرێکارەی پێترۆشمیی ئەم شارە هاتووە نموونەیەکی بچووکە لەو مەینەتییانەی چینی کرێکاری ئێران دەیکێشن. لە ئێرانی بندەستی کۆماری ئیسلامیدا کرێکار ئەمنیەتی کاریی نییە،

ئەمنیەتی ژیان و خۆپاراستنی نییە، لەژێر هێڵی هەژاریدا دەژی، بە چەند مانگ و تەنانەت ساڵ مووچە و مزی دوا دەکەوێ، ئیزن و تەنانەت توانای دروستکردنی ڕێکخراوی سینفیی خۆی نییە، بیمەی نییە، منداڵان بەجێی خوێندن و پەرورده وەبەر کاری تاقەتپڕووکێن دەنرێن، ژنان نەک هەرزانترین هێزی کاری وڵاتن بەڵکوو بە مەرجی شوونەکردن یان دووگیاننەبوون کاریان دەدرێتێ (ئەگەر هەشبێ) و لە هیچ کوێی ئەم وڵاتەدا و لە هیچ جێیەک قانوونەکان پشتی کرێکار ناگرن و هەموو لە بەرژەوەندیی خاوەنکار دان.

بارودۆخی ژیانی کرێکاران دڵتەزێنتر لەوەیە کە بکرێ بە نووسین باس بکرێ و کەم نین ئەو بنەماڵە کرێکارانەی بۆ دابینکردنی بژیوی ڕۆژانەیان، یان خەرجی دەواودەرمانی نەخۆشییەکانیان ناچار بە فرۆشتنی گورچیلە، یان ئەندامێکی دیکەی لەشیان بوون؛ خەسارە کۆمەڵایەتییەکانی دیکەش کە لە سۆنگەی هەژاری و بێئەنواییەوە تووشی دەبن بەدەر لە باسی سەرەکیی ئەم نووسینەیە کە لەسەر مافی کرێکاران لە ئێراندا لەنگەری گرتووە.

ئەم مافانەی کرێکارانی ئێران داوای دەکەن و لێی بێبەشن و ئەو داوایانەی لەسەریان سزا دەدرێن نەک ڕەوا و بنەڕەتی، بگرە سەرەتاییترین مافی مرۆڤین کە هەر ئەرک و دەسەڵاتێک دەبێ پێبەند بێ بە لەبەرچاوگرتنی.
بۆ مەگەر پێدانی مووچە و حەقدەستێکی گونجاو لەگەڵ بارودۆخی ئابووریی وڵات و دوانەکەوتنی، یان پێدانی مزە دواخراوەکان تاوانە کە لەسەری بدرێنە بەر قامچی؟ بۆچی مەگەر نارەزایەتیدەربڕین بە دەرکران و کۆتاییهێنان بە گرێبەستی کاتی و ئیمزاکردنی گرێبەستە سپییەکان تاوانە کە لە سۆنگەیەوە پەروەندەی ئەمنیەتییان بۆ دروست بکرێ و لەسەری بگیرێن و سزا بدرێن؟ لە کوێی ئەم دنیایەدا کرێکار لەسەر نارەزایەتیدەربڕین بە بارودۆخی کار و کەمیی حەقدەست لە کارەکانیان دەردەکرێن؟ یان مووچە و مزی کرێکاری ژن و پیاو بۆ کاری وەک یەک جیاوازە؟
ئەوە زوڵمەی ئەمڕۆ لە ئێراندا لە کرێکار دەکرێ تاوان و غەدرێکی گەورەیە ڕێژیم دەیکا و ئەوەی دەبێ لەبەرامبەردا بکرێ هاودڵی و هاوخەباتیی هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگەیە کە کرێکاران لەو مەیدانەدا بە تەنیا نەهێڵنەوە و لە پشتیان بن. بێگومان هاوپشتی و یەکگرتوویی هەموو چین و توێژەکانە کە دەتوانێ چۆک بە کۆماری ئیسلامیدا بدا و شنەی ڕزگاری بۆ وڵات بەدیاری بێنی. هێمن گوتەنی:

دەبێ بشکێ بە زۆر دەرکی قەڵایە
دەنا ئەم دەرکە بۆ کێ ئاوەڵایە..

(لە ژمارەی ٧٤٠ی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢١ی دێسەمبەری ٢٠١٨

بابەتی ساڵی: ٢٠١٩

مەترسییەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستی نوێ بۆ کۆماری ئیسلامیی ئێران

داوود هێرمیداس باوند، مامۆستای پێوەندییە نێونەتەوەییەکان لە بابەتێکدا کە لە ڕۆژنامەی "شەرق" بڵاو بۆتەوە، بە سەرنجدان بە بڕیاری ترامپ بۆ کشاندنەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە سووریە و، وازهێنانی وەزیری بەرگریی ئەم وڵاتە کە لەگەڵ ترامپ لە زۆر شتدا هاوڕا نەبوو؛ نووسیویەتی: هەڵبژاردنی وەزیری بەرگریی نوێی ئەمریکا وەک کەسێکی هاوڕا لەگەڵ ترامپ و بڕیارەکانی ئەو لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، لە قازانجی کۆماری ئیسلامیی ئێران ناشکێتەوە.

ماڵپەڕی حکومەتیی "نامەنیوز"یش نووسیویەتی: ئامانجە شاراوەکانی چوونەدەرێی ئەمریکا لە سووریە چین؟... ئەمریکا بێتوو ڕواڵەتیش لە سووریە بکشێتەوە بەڵام بەهیچ کلووجێک ئامانجە ستراتیژی و گەورەکانی خۆی لە ناوچەکەدا لەبیر ناکا.. هەرچی بێ ناوچە لەبەردەم گۆڕانکاریی و هاتنەئارای گەلێ هاوکێشەی نوێ دایە..."

ئەفشار سلێمانی، دیپلۆماتی پێشووی ڕێژیمیش لە ڕۆژنامەی "جهان صنعت" دا چوونەدەرێی سەربازیی ئەمریکا لە سووریەی بە نووکی شاخەسەهۆڵەکە شوبهاندووە کە بەشی زۆری لە بن ئاودا نەدیوە و نووسیویەتی:"... بەر لە هەموو شتێک ڕوونە کە ئەمرییکای ترامپ سووریە بداتە هەر هەر وڵاتێک و گەمەکەرێکی دی، بەڵام بۆ کۆماری ئیسلامیی ئێرانی بەجێ ناهێڵێ..."

عەلی بیگدلی، کارناسی کاروباری نێودەوڵەتیش بە ئاماژە بەوەی بەکشانەوەی ئەمریکا لە سووریە سەرنجەکان لەسەر ئێران کۆ دەبێتەوە، گوتی: سەربازە ئەمریکییەکان لە سووریە دەچنە دەسرێ، بە دووی ئەوەدا ڕووسیە و تورکیە و بگرە ئێرانیش دەبێ هێزەکانیان لە سووریە بکێشنەوە. دیارە ئەوەش بۆ ئێران زەبرێکی قورسە... "ئەو لە درێژەدا دەڵێ:"... بێ و نەبێ ئێران و هێزە چەکدارەکانی دەبێ لە خاکی سووریە بکشێنەوە و بەوەش پێوەندیی ڕاستەوخۆی ئێران و حیزبوڵڵا دەپچڕێ. ئەوەش دەری دەخا کە ئەمریکا هەموو توانای خۆی لەسەر ئەمە هەڵچنیوە کە ئێران لە خۆیدا کۆ بکاتەوە و بەر بە دەسترۆیشتوویەکەی لە ناوچەدا بگرێ و ئەگەر ئەمەی بۆ بچێتە سەر هەموو لە زەرەی ئێرانە..."

کارناسێکی دیکەی ئێران بەناوی مێهدی موتەهەرنیا دەڵێ دەبێ وریای زەبری کتوپڕی ئەمریکا بین و بە شوبهاندنی ئەمریکا بە زنجیروەشێنی لێهاتوو دەڵێ:"... زنجیروەشێنی لێهاتوو زنجیرەکەی لە دەستیدا کۆ دەکاتەوە، یان لە گیرفانیدا دەیشارێتەوە و بەوەخت و لەکاتی پێویستدا لە دژی نەیارەکەی دەینهێنتە دەر و دەیوەشێنێ... لەشکەرکێشیی نوێی ئەمریکا لە کەندای فارسیش پێمان دەڵێن دەبێ ئاگامان لە خۆمان بێ..."

شرۆڤەکارێکی سیاسەتی نێودەوڵەتیش لە تاران دەڵێ: "... ئەگەر کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا سەبارەت بە هەڕەشەی کاربەدەستانی سەربازیی کۆماری ئیسلامی بێ کە ماوەیەکە باس لەوە دەکەن دەستیان دەگاتە هێزەکانی ئەمریکا، بەڵام هاتنەدەرێی ئەمریکا لە سووریە و ڕاکێشانی گەلەپاپۆڕی فڕۆکەهەڵگر لە کەنداوی فارس دەکرێ پتر بۆ ئێران جێی نیگەرانی بێ..."

ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لەبەردەم گۆڕانکارییەکی گەورەدا

عەلی خورەم، دیپلۆماتی پێشووی کۆماری ئیسلامی و شرۆڤەکاری کاروباری ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دەڵێ: "ئەمریکییەکان لەمێژە باس لە هاوینێکی بەتین دەکەن بۆ ئێران و بێتوو تڕامپ بە فیکر و مەنتیقێکی تایبەت بڕیاری کشانەوەی هێزەکانی لە سووریە و ئەفغانستانی دابێ، دوور نییە ئەو هاوینە بەتینە لەڕێدا بێ. ئەوەی ڕوونە ئەوەیە ئەمریکییەکان بەرنامەیان بۆ ئێران هەیە و لەسەر ئەو باوەڕەن کە ئەگەر گۆڕانکاریی نوێیان لە ڕۆژهەڵاتی ناوین گەرەکە، دەبێ لە پێشدا لە ئێرانەوە دەست پێبکەن..."

ئەو دیپلۆماتەی پێشوو لەگەڵ ئامۆژگاریکردنی کاربەدەستانی ئێران بۆ ئەوەی دەبێ پتر هەڵسەنگاندن بۆ سیاسەت و ڕەفتارەکانیان بکەن، دەڵێ:"... ئێمە نابێ لە ئێستادا هیچ بیانوویەک بدەینە دەست ئەمریکا و ئیسرائیل. حاشا لەوە ناکرێ کە ئەوان پێیان خۆشە لەو هەلومەرجەدا ئێران لە جێیەک هەڵخلیسکێ و ئەوان بە دووپاتکردنەوەی سیناریۆی عێراق بیروڕای گشتیی جیهان لەگەڵ خۆیان بخەن و بە هێزی سەربازی هەڵکوتنە سەر ئێران..."

* سەرچاوە: دەنگی ئەمریکا

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢ی جانیۆیڕی ٢٠١٩

نرخی مرۆڤ لای ئەوان

ڕۆژەکانی یەکەمی بەفرانبار بوو کە ناوەندی مافی مرۆڤی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕاپۆرتی وەرزانەی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە کوردستانی ئێرانی بڵاو کردەوە. لەو ڕاپۆرتەدا هاتبوو کە هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی لە ماوەی ئەم وەرزەدا لانیکەم ٧٠ کۆڵبەر و کاسبکاری ناوچە سنووریيەکانیان کوشتووە و بریندار کردووە، بەوەش ژمارەی ئەو مرۆڤە مەدەنی و زەحمەتکێشانەی لە سەرەتای ئەمساڵەوە لە کوردستان بە دەستی هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی کوژراون و بریندار بوون گەیشتە ١٨٥ کەس. ڕێک لەو کاتەدا موحسین ڕەزایی، فەرماندەی گشتیی پێشووی سپای پاسداران لە شەڕی هەشت ساڵە لەگەڵ عێراقدا ڕایگەیاند کە عەمەلیاتی «کەربەلای ٤»، ئۆپەراسیون و تاکتیکێک بۆ هەڵخەڵەتاندنی دوژمن بۆ سەرخستنی عەمەلیاتی «کەربەلای ٥» بووە. ئەم دوو عەمەلیاتەی کە بەپێی ئامارە ڕەسمییەکان ١٧ هەزار کەس لە هێزەکانی ئێرانی تێدا کوژران و ٢٦ هەزار کەسیش بریندار بوون. ڕەنگبێ یەکەم دەراویشتەی بە یەکگرتنی ئەم دوو ڕووداوە ئەوە بێ کە لای ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامیی ئێران ئەوەی نرخ و بایەخی نەبێ گیانی مرۆڤە، جا ئەم مرۆڤە خەڵکی سڤیل و ڕووتوقووتی ناوچە سنووریيەکانی کوردستان بێ کە بە دەستی هێزە چەکدارەکانی ئەم ڕێژیمە گیانیان لێ دەستێندرێ، یان هێزە چەکدار و پیادەنیزامەکانی سوپاکەی خۆی!

دەراوێشتەکانی دیکەی ئەم باسە دەکرێ ئەوانە بن؛ کە کاربەدەستانی هەرەسەرووی ئەم ڕێژیمە کەسانی تا بڵێی نالایق و تەنانەت خایین بە خەڵکی وڵاتن کە هەموو شتێکیان تەنیا بە ڕبەی ئیدۆلۆژییەکانی خۆیان پێواوە و دوای ئەم هەمووە ڕیسواییەی لە شەڕی هەشت ساڵەدا بەباریان هێنا و پاش ئەم هەمووە کارەساتەی بەسەر خەڵکیان هێنا؛ دواتریش لەباتی ئەوەی وەڵامدەری تاوانەکانیان بن، لە هەرە شوێنەکانی قووچەکی دەسەڵاتدا خۆیان مەڵاس دا. بە دوای ئەمەش سێ دەیەیتر دەسەڵاتی بەڕێوەبەری و ئیدارەی ئەم وڵاتە کە ئێستا ئیدی پتر لە کاولاشێک دەچێ.

لە کوشتن و ئێعدامی دەیان هەزار دژبەری سیاسی و جیابیری ئەم نیزامە سیاسییە کە زووتر و باشتر لە هەمووان بۆیان دەرکەوتبوو وڵات کەوتووەتە بەردەستی چ ڕێژیمێکی چاخی بەردین و مافیایەکی خوێنمژ کە بگوزەرێین، دێینە سەر میراتی چوار دەیە دەسەڵاتی ئەم ڕێژیم و نیزامە سیاسییە دیکتاتۆرە. نیزامێکی سیاسی کە قەیرانخوڵقێنی لە ناوچە و جیهان بە مەبەستی مانەوەی خۆی لەگەڵ ئاسوودەیی و خۆشبژیوی خەڵکی وڵاتی گۆڕیوەتەوە، دەسەڵاتێک کە هەموو بەرژەوەندییەکانی خەڵک و وڵاتی لەگەڵ ئامانجە ئیدۆلۆژیکییەکانی تاقمێک سەودا کردووە و بەوەش زۆرینەی هەرەزۆری خەڵکی وڵاتی تووشی بەشمەینەتی و بێهوایی کردووە.

گرینگترین شت لەنێوان هەر دەوڵەت و دەسەڵاتێکی سیاسیدا متمانەیە، کە لە ئێران نە خەڵک بە دەسەڵاتی هەیە و نە دەسەڵاتیش پشتی بە خەڵک گەرمە. ئەوەشە کە نە خەڵک هیوای بەو ڕێژیمەیە و نە ڕێژیمیش بایەخێک بۆ خەڵک و خاک و سامانە مادی و مەعنوییەکانی ئەم وڵاتە دادەنێ. چوار دەیە دەسەڵاتدارەتیی ئەم ڕێژیمە کۆمەڵگەی ئێرانی بەرەو گەلێ خەسار و زیان بردووە. تۆڕێنەوەی ناوەندە زانستییەکانی وڵات دەڵێن ئەمڕۆکە پتر لە ٢٠ میلیون کەس قەراخنشینی شارە گەورە و بچووکەکانن و بەهۆی ئەم پەراوێزنشینییەوە لە کەمترین ماف و ئیمکاناتی ڕیفاهی و خۆشبژیوی بێبەشن. نیزیک بە ٨ میلیون کەس خوویان بە مادەی هۆشبەر گرتووە و پتر لە نیوەی خەڵکی وڵات تووشی بەدخۆراکی بوون و تەمەنی لەشفرۆشی بۆ خوار ١٢ ساڵ دابەزیوە. لە هەر چوار قوتابی یەکیان لە قۆناغە سەرەتاییەکانی پەروەردەدا واز لە خوێندن دەهێنن و، ڕووخانی خوێندنگە و کەوتنەوەی ئاگر لە پۆلەکانی خوێندنی قوتابخانە نیوە ئاوەدان و نیوە کاولبووش لەجێی خۆی؛ کە هەر جارەو لە شوێنی ئەم وڵاتەدا ڕوو دەدەن و قوربانی وەردەگرن.

ئێران دووهەم وڵاتی خاوەنی گاز لە دنیا بە پاشکەوتی زۆرە، هەروەها لە ڕیزبەندیی وڵاتانی خاوەنی نەوت و هەناردەکەری زێڕی ڕەش لە پلەی سێهەمی دنیادا جێ دەگرێ. ئەم وڵاتە خاوەنی دەیان کانگای زێڕ، زیو، مس، سەرچاوە ژێر زەوییە دەوڵەمەند و کانزا بەنرخەکانە لە ئاستی دنیادا، کەچی ئێستا سەدا 45ی خەڵکەکەی لە سایەسەری ئەم حکومەتی بەناو دادی خوداییەدا لەژێر هێڵی هەژاریدا دەژین و خۆکوژی، فرۆشتنی ئەندامانی لەش وەک باوترینیان کە گورچیلەیە و لەشفرۆشی، دیارترین لێکەوتەی ئەم دۆخەن کە بەسەر خەڵکی ئێران هاتووە.

لە ماوەی ٤٠ ساڵ دەسەڵاتی ڕێژیمی ئیسلامیدا بایەخی دراوی ئەو وڵاتە ١٤٠٠ هێندە دابەزیوە. ساڵی ١٣٥٧ کە شۆڕشی گەلانی ئێران بە دژی ڕێژیمی پاشایەتی سەرکەوت، نرخی هەر دۆلارێکی ئەمریکا ١٠ تمەن بوو، بەڵام لە خەرمانانی ساڵی ١٣٩٧دا نرخی هەر دۆلارێکی ئەمریکا گەیشتە سەروو ١٤٠٠٠ تمەن. ئێران ١٠ میلیۆن بێکاری هەیە و لە نێوان ٩٠ وڵاتی دنیادا لە ڕووی پێوەری داماوی و فەلاکەتەوە لە پلەی دەیەمدا جێی گرتوە. لە ساڵدا ١١ میلیارد دۆلار کاڵا و شمەکی قاچاغ دێتە وڵاتەوە و هەموو دەروازە سنوورییەکان و گومرکی وڵات لە پاوانی «برایانی قاچاغچی»ی سپای پاسداران دایە، بەڵام لە ناوچە سنوورییەکان لە سەر کۆڵەبارێک خەڵکی بێکار و برسی دەدرێنە بەر دەستڕێژ و دەکوژرێن... بەڵام لەولا بە سەدان هەزار میلیارد تمەن بەهۆی کاربەدەستانی حکومەتەوە حەپەلووش کراوە کە پشکی هەر ئێرانییەک لەو گەندەڵییە سیستماتیکانەی کاربەدەستانی ڕێژیم کردوویانن و خەڵک و میدیا پێیان زانیوان ٣٥٠ میلیون تمەنە.

لە ساڵدا زیاتر لە ٤ هەزار کەس لە ئێران خۆیان دەکوژن. لە ساڵدا ٨٥ هەزار کەس لە ئێران نەخۆشیی شێرپەنجە دەگرن. لە هیچ جێیەکی دنیا هێندەی ئێران نەخۆشیی شێرپەنجە بڵاو نابێتەوە، هۆکارەکەشی بەڕێوەبەریی سەقەتی

حکوومەت لە بەشی بەرهەمهێنان و کشتوکاڵ، پیسیی هەوا و ناردنی پاڕازیت بۆ سەر کانالە ماهوارەییەکانە. لە ساڵدا ٩٣ هەزار کەس لە ئێران بە نەخۆشیی سەکتەی دڵ و ٤٣ هەزار کەس بە نەخۆشیی سەکتەی مێشک دەمرن، ٥ میلیۆن کەس لە ئێران نەخۆشیی شەکرە (دیابێت)یان هەیە، سەدا ٢١ی خەڵکی ئێران نەخۆشیی درێژخایەنی ڕووحی و دەروونییان هەیە و سەدا ١٢ی خەڵکی ئێران نەخۆشیی خەمۆکییان گرتوە، لە ساڵدا ٢٠ هەزار کەس بەهۆی ڕووداوی هاتوچۆ گیانیان لە دەست دەدەن و ٥٠٠ هەزار کەس بریندار و نقوستان دەبن؛ ئێران لە نێو ١٩٠ وڵاتی دنیادا لە ڕووی ئەمنیەتی هاتوچۆ و ڕێگاوبانەوە لە پلەی ١٨٩دا جێی گرتوە! هەموو ئەو نەهامەتییانەش لە سۆنگەی دەسەڵاتدارەتیی باندێکی مافیاییە بە سەر وڵاتدا کە مرۆڤایەیی و مافی خەڵک و گیان و ژیانیان لای ئەوان هیچ بایەخێکیان نییە و بۆ خەڵکیش تەنیا یەک شت دەمێنێتەوە، ئەویش تێپەڕینە لە تەواوەتیی کۆماری ئیسلامی.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٦ی جانیۆوێری ٢٠١٩

کۆمار و پێشەوامان لە نەزموونەوە بۆ وانە

لەو کاتەوە کە پێشەوا قازی محەممەد لە چوارچرای مەهاباد لەبەر دەم ئاپۆرای جەماوەردا بە دەنگێکی دلێر گوتی: «ئەمن بە خودا، بە کەلامی عەزیمی خودا، بە نیشتمان، بە شەرافەتی میللیی کورد، بە ئاڵای موقەدەسی کوردستان سوێند دەخۆم کە تا ئاخرین هەناسەی ژیانم و ڕژانی دواپین تنۆکی خوێنم بە گیان و ماڵ لە ڕێی ڕاگرتنی سەربەخۆیی و بەرز کردنەوەی ئاڵای کوردستاندا تێبکۆشم...»؛ ٧٣ ساڵ ڕادەبڕێ. تەمەنی سەرۆکایەتیی پێشەوا و کۆمارەکەی کورد کەم، بەڵام هۆکار چییە دوای حەوت دەیە باڵای پێشەوا هەر هەمان باڵای ئازادی و سەربەخۆیی و، خەونەکانی هەمدیسان هیوا و خەونی نەوە دوای نەوەیەتی؟ بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە دەبێ لە جەوهەر و کەسایەتیی پێشەوا قازی محەممەد ورد بینەوە و، گوتار و پەیامی کۆمارەکەمان ورد کەینەوە.

دوو ساڵ پێش ئەوەی جارنامەی جیهانیی مافی مرۆڤ لە کۆڕی گشتیی نەتەوە یەکگرتوەکاندا پەسند بکرێ، لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا، لە هەرێمی شەڕ و کاولکاری و داگیرکاریدا، لە نێو کەشی داخراوی نەریت و کۆمەڵگەی داخراودا، کەسایەتییەکی ڕووناکبیر، ئینسانویست، دادگەر و مافدەر و مافپەروەر، لەسەر بنەمای خۆشەویستی و متمانەی خەڵکەکەی دێتە مەیدان؛ بۆوەی بەلەمی چارەنووسی پڕ هات و نەهاتی گەلەکەی لە دەریای تووڕە و پڕ شەپۆلانی ڕووداو و

بەرژەوەندیی لێکنەبانی وڵاتانی داگیرگەر و زلهێزدا بگەیەنیتە کەناراوەکانی هێمنی و ئازادی. مرۆڤێک لەو سەروبەندەدا و لە جوغرافیایەکی بچووکی ئەم گۆێ زەوییەدا حوکمەتی ڕاگەیاند کە هەم خۆی مرۆڤتەوەر بوو، هەم دەسەڵاتەکەی بۆ پاراستنی کەرامەتی مرۆڤ لە هەر ڕەگەز و تیرەیەکی نێو بازنەی حوکمەتەکەی بەکارهێنا.

پێشەوای کوردان لە ماڵی دنیا هیچی کەم نەبوو، پلە و پایەی ئیداری و کۆمەڵایەتیی بەرزی هەبوو، ناوبەدەرەوە و دەسترۆیشتووش بوو؛ بەڵام ئەو کە بۆ پێشەوایەتیی گەلە بندەستەکەی خوڵقابوو؛ هەموو ئەم سامانە مادی و مەعنەوییانە و تەنانەت گیانیشی؛ بۆ بەردی بناخەی خەونی کورد، واتە دەوڵەتی کوردی دانا.

مرۆڤبوون، ڕاستگۆیی، دادپەروەریی کۆمەڵایەتی، ڕوحی دەست لەنێودەستنان و پێکەوە کارکردن، یەکیەتیی بەکردەوە، گەڕانەوە بۆ دەنگ خەڵک و لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندی و پرەنسیپە گشتییەکانی کۆمەڵ و نەتەوە ئەو بایەخانە بوون کە لە کەسایەتیی پێشەوادا بەرجەستە ببوون و لە کارنامەی دەسەڵاتەکەشیدا بوونە هۆی کەڵەکەبوونی خەرمانێک دەسکەوت و ئەزموونێکی سەرکەوتوو.

وە کاتێکیش حوکمەتە ساواکەی پێشەوا بەرگەی باهۆزی گۆڕانکارییە ناوچەیی و جیهانییەکانی نەگرت، کاتێ وڵاتانی زلهێزی بەناو بانگەشەکەری مافی مرۆڤ و دێموکراسی و دەسەڵاتی گەل خۆیان لێ نەدا، و سۆڤییەتە بەناو پشتیوانەکەشی، پشتیوانییەکەی بە نەوتی باکووری ئێران و بەرژەوەندییەکانی دیکەی فرۆشت، وە کاتێکیش لەنێو گەلی خۆیشیدا تەنیا مایەوە؛ پێشەوا دوا وانەی مەکتەبەکەی چپاندە گوێی قوتابی و نەوەی دواڕۆژی؛ وانەی خۆبەختکردن لە پێناو سەروەریی گەل و نیشتماندا.

ئەدی کۆمارە جوانەمەرگەکەی کوردستان لەبەرچی ئێستاش ئیلهامە بۆ بنیاتنانی داهاتوو لە هەر کام لەو نیشتمانە لەتکراوەدا؟ لەبەر چییە کە ئێستاش کۆمار ئەستێرەی هەرە پرشنگدارە لە ئاسمانی خەونەکانی کورددا؟ لەبەر ئەوەیە کە کۆمار توانی ئامانج و خەونی بەرحەق و ڕەوا و مێژوویی بە میلیون کوردی سەر ئەم گۆی زەوییە وەدی بێنێ و بیسەلمێنێ کە ئەم گەلە هەم دەتوانێ سەربەست و سەربەخۆ بێ؛ هەم بە مۆدێلی حوکمڕانییە مەدەنی و پێشکەوتووەکەی دەریخست کە شایانی ئەوەیە شکۆی دەوڵەتداریی لێ فێر ببن؛ وە لەخۆڕاش نەبوو کە نەیارانی لە دژی یەکیان گرت.

کۆماری کوردستان کەسایەتیی ئیرادەگەریی بە تاکی کورد بەخشی، هەستی باوەڕبەخۆبوونی تێدا بەهێز کرد، کردیە خودانی شوناس و کەسێتیی تایبەت بە خۆی و، ئەوەش بۆشاییەکی وای لە دڵ و زەین و ئارمانخوازیی تاکی کورددا پڕ کردووەتەوە

کە بۆ هەمیشە لەگەڵیەتی و بۆ داهاتووش چاوی لێیەتی.

هەڵکردنی ئالای کوردستان، ڕاگەیاندنی حوکمەتی کوردی، پێکهێنانی سوپای میللی لەژێر ناوی هێزی پێشمەرگەدا، بەربەرەکانی لەگەڵ نەخوێندەواری، بایەخدان بە زمانی کوردی، چاپی کتێب و ڕۆژنامە و گۆڤار، بووژاندنەوەی ئابووریی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی کۆمار، دانانی یاسا بۆ ڕاییکردنی کاروباری کۆمەڵ، بەڕێکخراوکردنی پرسی ژنان و لاوان ئەویش تەنیا لە ماوەی ١١ مانگدا و؛ پێوەندیی نێوان خەڵک و دەسەڵات و متمانەی دوولایەنەی خەڵک بە حوکمەت و دەسەڵات بە خەڵک پێمان دەڵێن ئەم حوکمەتە چەندە بەڕۆژ، چەندە گەلی و چەندە پڕ دەسکەوت بووە. وەئەگەر چارەنووس واینەکردبا دەبوو بە نموونەیەکی دەگمەن لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و جیهانیشدا.

ئێستا دوای حەوت دەیە لە واقعییەتی تاڵی ڕووخانی کۆماری کوردستان، خەون و خولیاکەی نەوە دوای نەوە هاتووە، ئامانجەکانی کۆمار نەخشەڕێ و بەرنامەی حیزبە نەتەوەییەکانی کوردی ڕۆژهەڵاتن و ئاسۆی گەیشتن بەم ئامانجانەش پتر لە هەموو کاتێک ڕوون و نیزیک دەنوێنێ، بەڵام ئاخۆ کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەتەواوی وانە میژوویییەکانی کۆماری وەرگرتووە؟

گرینگترین وانەی کۆمار ئەمە بوو کە دەسکەوتە بەنرخەکان لە تەبایی و یەکگرتوویی دایە وەدی دێن و دەشپارێزرێن، هەروەها ئەگەرچی هێزی پشتیوانی دەرەکی دەتوانێ ڕۆڵی گرینگ لە یەکلابوونەوەی هاوکێشەکاندا ببینێ؛ بەڵام ئەوەی دەبێ کۆشکی هیواتی لەسەر هەڵچنی هەر خۆت و هێزەکەی خۆتە. لێ مەخابن ئێستا لە کاتێکدا کە فاکتەری دەرەکی بە قازانجی جووڵانەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە و دوژمنی سەرەکی و هاوبەشی کورد لە ئێران، واتە کۆماری ئیسلامی پتر لە هەر کاتێک گلۆڵە بەختی کەوتووەتە لێژی؛ هێزە سیاسییەکانی کورد نەیانتوانیوە ئەو یەکڕیزی و یەک گوتاری و یەکبوونە پێک بێنن کە بۆ وەڵامدانەوە بەو دۆخی پێویستە.

ئێستا کە ئیدی پێشەوا قازی محەممەد بووەتە ڕەمز و سیمبولی هەموو کوردان و ڕێبازی نەتەوەیی و، شوناسخوازیی کۆماریش بووەتە ڕێباز و ئامانجی هاوبەش بۆ خەبات؛ پتر لە هەموو کاتێ پێویستە کەسێتیی پێشەوا و ئەزموونی کۆمار ببنە وانەیەک بۆ ژیاندنەوە و بنیاتنانەوەی دەسەڵاتی نەتەوەییمان. وانەیەک لە پێشەوا و کۆمارەوە بۆ هەمووان.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢١ی جانیۆیڕی ٢٠١٩

مافی زمانی، مافێک بۆ هەموو وەرزەکان

بیست ساڵ لە سەدەی بیست و یەک تێدەپەڕێ و ئێستاش بە میلیۆن کەس لە ئێران لە مافە سروشتییەکانیان بێبەشن، هەروەها پتر لە حەفتا ساڵ لە پەسەندکرانی جارنامەی جیهانیی مافی مرۆڤ تێدەپەڕێ؛ کەچی ئێستاش بە میلیۆن مرۆڤ لەم وڵاتە بە قانوون و سیستماتیک لەو مافە قانوونییانە بێبەش کراون. ئەوەی لێرەدا باسی ئێمەیە مافی خوێندن بە زمانی زگماک و پرسی پەروەردەبوون بە زمانی دایکە.

خوێندن بە زمانی زگماک مافی مرۆیی و سروشتیی هەر مرۆڤێکە کە لە زۆر لە بەڵگەنامە حقووقییە نێونەتەوەییەکاندا پێداگری لەسەر کراوە، وەک: میساقی نێونەتەوەیی مافە مەدەنی و سیاسییەکان، (دێسامبری ١٩٩٦ - بەندی ٢٧)؛ کۆنڤانسیۆنی مافی منداڵ (نۆڤامبری ١٩٨٩ - مادەی ٣٠)؛ جارنامەی مافی کەسانی سەر بە کەمایەتییە نەتەوەیی و ئاینی و زمانییەکان، پەسەندکراوی کۆڕی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان (دێسامبری ١٩٩٢) - بەندەکانی ٣ و ٤)؛ جارنامەی جیهانیی مافە زمانییەکان (پەسەندکراوی کۆڕی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان - ١٩٩٦) و مەنشووری زمانی دایک (یونێسکۆ - ١٩٩٦). بەڵام لەگەڵ ئەوەدا کە ئێران هەموو ئەم جارنامە و کۆنڤانسیۆنە جیهانی و نێونەتەوەییانەی بەڕەسمی ناسیوە و ئیمزای کردوون؛ کەچی لە جێبەجێکردندا دەروەستیان نەبووە و بە پێچەوانەیان جووڵاوەتەوە.

گرینگیی خوێندن و پەروردە بە زمانی دایک و بایەخدانی کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی بەو مافە لە چییەوە سەرچاوە دەگرێ؟ هاتنەئارای پرسی خوێندن بە زمانی دایکی و داواکردنی وەک مافێکی سروشتی لە ئێران و کوردستان بۆ کەی دەگەڕێتەوە؟ دەسەڵاتی سیاسی لە ئێران لەبەر چی سیاسەتی تواندنەوە و سڕینەوەی زمانی نەتەوە نافارسەکانی لە ئێران گرتووەتە بەر و چەندەی تێدا سەرکەوتوو بووە؟ لەم نووسینەدا هەوڵ دراوە تەتەڵەی ئەم مژارە بکرێ.

دەروونناسان و کارناسانی پەروردە تێکڕا لەسەر ئەو باوەڕەن کە منداڵ سەرەتا بە زمانی زگماکی خۆی تەعبیر لە هەست و نەستی خۆی دەکا و بە زمانی دایکیی خۆیەتی کە پەی بە سەرەتاییترین ناسکردن و تێگەیشتنی لە خۆی و ژیان و ژینگەی دەوروبەری دەبا. هەروەها پرۆسەی خوێندن و فێربوون لەگەڵ لەدایکبوونی منداڵ دەست پێدەکا و لە بەردەوامیی ئەم پرۆسەیە دایە کە بنەما و ڕەگەزەکانی هەوێتی و کێیەتی و شوناسی، بیچم دەگرێ و بۆ ڕۆڵبینین لە کۆمەڵگەدا باری دێنێ. لەبەرئەوە بێبەشکردنی منداڵ لەو ڕەوتە سروشتییە و ڕێگرتن لە خەملان و پەروەردەی بە زمانی دایکیی، دەبێتە هۆی دابەزینی ئاستی تێگەیشتن و پێگەیشتنی و سنووردارکردنی پێوەندییە دەرەکی و سرووشتییەکانی.

سەرچاوە Serchawe

لەخۆڕا نییە کە ئێستا یەک لە کێشە هەرە سەرەکییەکانی سیستمی پەروەردە لە ئێران کە بەرۆکی ناوچە غەیرە فارس زمانەکانی لەو ولاتە گرتووەتەوە، دابڕان و وازهێنان لە خوێندن و دابەزینی ئاستی پەروەردەیە. "ناوەندی توێژینەوەکانی مەجلیسی شووڕای ئیسلامی" لە ڕاپۆرتێکدا دەڵێ لە پێنج ساڵی ڕابردوودا نیزیک بە ٥ میلیۆن قوتابی لە قۆناغی سەرەتایی خوێندنـدا ڕەت بـوونەوەتەوە کە بەشی هەرە زۆر و نیزیـک بە تەواویـان لەو ناوچـانەی ئێـران بـووە کە زمـانی زگماکییـان فارسی نەبووە، بابەتێک کە نیزامی پەروەردە بەهۆی تێڕوانینی سیاسی؛ هیچ بایەخێکی نەداوەتێ.

پرسی خوێندن بە زمانی دایکی و داواکردنی وەک ماف بـۆ سەردەمی دەسەڵاتدارەتیی ڕەزاخـان دەگەڕێتەوە، بەڵام سیاسـەتی تەواوەتیخوازیی ڕێژیمی پەهلەوی و بەرنامەی توانـدنەوەی هەموو جۆراوجـۆرییە نەتەوەیـی و زمانییەکـان لە نەتەوەی فـارس و زمـانی فارسـیدا؛ ڕێـی لە هەمـوو ئەم هەوڵانە دەگـرت. تەنیـا لە سـەردەمی کۆمـاری کوردسـتان و ئازەربایجانـدا و لە ناوچەکانی بن دەسەڵاتی ئەم دوو حوکمەتەدا و بۆ ماوەیەک دوو نەتەوەی کورد و ئازەری توانییان بە زمانی زگماکی خۆیـان بخوێنن و زمانەکەیان بەڕەسمی بناسێنن.

دوای شۆڕشـی ١٣٥٧ کە لەسـەر شـانی گەلانـی ئێـران و قوربانیـدانی هەمـوو نەتەوە و پێکهاتەکـانی ئەم وڵاتە سـەرکەوت، نیزامی حاکم کە هێشتا نەیتوانیبوو بەتەواوی دەست بەسەر هەموو جومگەکانی دەسەڵاتدا دابگرێ، لەژێر گوشاردا ناچار بـوو مل بۆ داوای خوێندن بە زمانی "قەوم"ـە جۆراوجۆرەکـان لە تەنیشت زمـانی فارسـی ڕابکێشـێ و، ئەو وێستە لە ئەسڵی ١٥ی قـانوونی بنەڕەتیی وڵاتدا ڕەنگی دایەوە، ئەسڵێک کە پـاش ٤٠ سـاڵ ئێستاش نەخرایە بواری جێبەجێکردنەوە و دەوڵەت هیچ لایەکی لێ نەکردەوە. هەڵبەت ئەم هەڵاوردنە هەر زمانی نەتەوە نافارسەکانی نەگرتـووەتەوە و بەوەنـدە سنووردار نەبـووە و، هەوڵی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی بۆ سەرکوتی هەموو ماف و ئازادییەکانی خەڵک بە تایبەت لە کوردستان بووە.

بـۆیە دەتـوانین بڵێـین لە یەک سـەدەی ڕابـردوودا کە دەوڵەت - نەتەوە و سیسـتمی ناوەنـدگەڕێتی بەسـەر گەلانـی ئێرانـدا سەپاوە، دەسەڵاتی ناوەندی هەموو ڕێککەوتن و کۆنڤانسیۆن و قـانوونە نێونەتەوەییەکان لە بواری مافی خوێنـدن و فێربـوون بە زمانی دایکی، بەتەواوی پێشێل کردووە و زۆر پلان و پیلانی نەرم و زبر بۆ تواندنەوە و لەنێوبردنی زمـان و کەلەپـووری نەتەوە نافارسەکان لە ئێران و، دەغمکردنـی لە زمـان و کولتـووری فارسیدا خـراوەتە بـواری جێبەجێکردنەوە و؛ بـارتەقـای ئەوە و پتر لە مەش هەوڵ بۆ خەملاندن و دەوڵەمەندکردنی زمانی فارسی دراوە.
ئەم تێڕوانین و هەنگاونانە لە کۆماری ئیسلامیدا بەوەندەش نەوەستا و لە دەیەکانی ڕابـردوودا و لە کوردسـتان، هەرچەشـنە مافویستی و هەوڵدانێک بۆ نرخاندنی زمانی کوردی و داوای مافی زمانی برایە خانەی هەڕەشە لە ئەمنییەتی وڵات و، لەو سۆنگەیەوە زۆر سوارچاک و شۆڕەلاوی کورد لە بەندیخانە پەستاوتران.

کۆماری ئیسلامیی ئێران لە کاتێکدا پرسی خوێندن بە زمانی زگماک دەباتە خانەی ئەمنییەتی و بە هۆکاری شکڵگرتنی یەکیەتیی نیشتمانیی دادەنێ کە سەرکوت و زەوتکردنی مافە نەتەوەیی و زمانییەکان خۆی دەتوانێ پەرە بە دابڕان و دووڕکەوتنەوە لە یەکتری بدا. نموونەی وڵاتی وەک ئێران زۆرن، بەڵام لەو وڵاتانەی فرەزمانن هەڵبژاردنی سیستمی پەروەردەیی چەندزمانی بووەتە هۆی یەکیەتی و لەو سۆنگەیەوە لە هەموو بوارەکانی پەرەسەندنی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و مرۆییدا پێش کەوتوون. وڵاتانی سەرکەوتوو لەو بوارەدا کەم نین، هیند بە ٢٣ زمانی ڕەسمی، چین بە چوار زمانی ڕەسمی، بێلژیک بە سێ زمانی ڕەسمی، سوئیس بە چوار زمانی ڕەسمی و عێراقی دراوسێی ئێران بە دوو زمانی ڕەسمی چەند نموونەیەکن پێمان دەڵێن فرەزمانی و بەڕەسمی ناسین و کارپێکردنیان نەک هۆکاری ترازان و هەڵوەشانی وڵات نییە، بەڵکوو هۆی پشکوتن و گەشەکردنی کولتووری هاوبەشە و، لە ڕاستیدا ئەوە حاشاکردن و هەوڵدان بۆ سڕینەوەی جۆراوجۆرییەکانی وڵاتە مەترسی لەسەر یەکیەتیی وڵات دروست دەکا. هەروەها بێ گرینگیدان و ڕێزگرتن لە ویست و مافە زمانی، کولتووری، سیاسی و مەدەنییەکانی پێکهاتەکانی ئێران و بەشدار و هاوبەشکردنیان لە کایە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکاندا هیچ جۆرە ئارامی و پێشکەوتن و سەقامگیرییەک لەو وڵاتەدا سەر ناگرێ. وە هەروەها دەیان ساڵ سیاسەتی ناوەندگەرێتی و بەربەرەکانی لەگەڵ نەتەوە و زمانە نافارسەکان لە ئێران تا ئێستا هیچ دەسکەوتێکی بۆ نیزامی سیاسی لەم وڵاتە نەبووە و ئەوەی ئەمڕۆ پتر لە هەموو کاتێک دیار و بەرچاوە، مافخوازی و پرسی شوناسخوازیی نەتەوەکان و یەک لەوان کوردە کە لە هەموو بەستێنەکاندا و لە بەستێنی زمانیشدا بەرەوڕووی دەسەڵاتی دەکەنەوە.

زمان نەک هەر مافێکی سروشتی و مرۆیی بەڵکوو بەشێک لە کێیەتیی فەرهەنگی و شوناسی هەر گەلێکە و نوێنگە و دەربڕی هزر و کولتوور و داب و نەریتی نەتەوە و خەڵکێکە قسەی پێدەکەن، بۆیە هەر جۆرە هەوڵێک بۆ سنووردارکردنی ئەم زمانە لە خەملاّن و بەکارهێنانیدا دەچێتە خانەی دوژمنایەتی و هەوڵدان بۆ سڕینەی کولتوور و هزری ئەم نەتەوەیە؛ هەوڵێک کە یەک سەدەیە دەسەڵاتی ناوەندگەرا لە ئێران دژی نەتەوە نافارسەکان دەیدا و بەرنامەی بۆ دادەنێ، بەڵام بە ئامانج نەگەیشتووە.

کورد و نەتەوەکانی دیکە لە ئێران مافی خۆیانە زمانی خۆیان دەکار بکەن و هەوڵی پاراستن و خەملاّندنی کولتوور و زمانەکەیان بدەن. ئەو مافە سروشتی و بنەڕەتییە و، سەنگ و سووکی لەگەڵ ناکرێ و هیچ نەتەوەیەکی دی بۆی نییە بڕیار لەسەر زمانی نەتەوەیەکی دی و چەندی و چۆنیی بەکارهێنانی بدا و ئەو مافە بە خۆی بدا کە چوارچێوە و سنووری بۆ دابنێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٩ی فێبریوێری ٢٠١٩

ناڕێشەکانی کۆمەڵگە و نیگەرانییەکانی جەنابت!

جەنابی خامنەیی، ڕێبەری کۆماری ئیسلامی چەند ڕۆژ لەوە پێش لە کۆبوونەوەیەکی لەگەڵ مەداحەکانی ڕێژیمەکەیدا دانی بە قوڵبوونەوەی قەیرانە کۆمەڵایەتییەکان دانا و نیگەرانیی خۆی سەبارەت بە خەسار و زیانگەلی ئەو دیاردانە نەشاردەوە و بەڕوونی و وەک ناوهێنان، ئاماژەی بە دابەزینی پێکەوەنانی ژیانی هاوبەش، تەقینەوەی تەڵاق و سەرهەڵدانی دیاردەی نوێی «زەماوەندی سپی» کرد. دیارە جەناب هەر بە هەوای قەوانە کۆنەکە سەرچاوەی هەموو قەیرانە کۆمەڵایەتییەکانیشی بۆ پیلانەکانی «دوژمن!» گەڕاندەوە و داوای کرد کە بەرپرسانی وڵات پتر لە خەمی! «لاو»ەکان و پیرۆزیی نەریتی «خیزان»دا بن و نەهێڵن «دوژمن» لەو بەستێنەشدا ئەوەندە ڕمبازێن بکا!

پرسیار ئەمەیە کە چی گەردی خستووەتە سەر دڵی جەناب و بەچی ئاوا کەمێک هەڵچووە؟ با چاوێک بەو ئامارانەدا بخشێنین کە بەرپرسانی حوکمەتەی جەناب لە میدیاکاندا باسیان کردووە و چەند و چۆنیی ئاماژە ڕاستەقینەکانیش - کە بێگومان زۆر لە ئاماژە ڕاگەیەندراوەکان زیاترن و دەشبێ بێ نوقسانی بە گوێی جەنابیان گەیاندبێ - با لەجێی خۆی بمێنێ.

پێش هەموو شتێک دیاردەی «زەماوەندی سپی» کە گوایە جەنابیان پێی قەڵسن و لە زەوقیان دراوە.

ژیانی هاوبەشی کچ و کوڕ بێ ئەوەی زەماوەندیان کردبێ و لێک ماڕە کرابن و بەڵگەیەکی ڕەسمیی حکوومەتییان بە دەستەوە بێ، «زەماوەندی سپی»ی پێ دەڵێن. ئەم دیاردەیە لەگەڵ ئەوەدا کە لە ئێران کۆسپی قانوونیی لەبەردەمە و لەگەڵ شەرع و نۆرمە فەرهەنگی و ئاینییەکانی کۆمەڵیشدا نایەتەوە، بەڵام دیاردەیەکە کە ئێستا و بەتایبەت لە شارە گەورەکاندا گەلێ باوە و لەگەڵ لەکەمیدانی ژیانی هاوبەش و پەرەسەندنی تەڵاق تا دێ زیاتر ڕەنگی دەبێ.

کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی تا ئێستا نەیانویستووە خۆ لە قەرەی ئەو باسە بدەن، بەڵام کاتێک کە ئیدی نە توانای پێشگرتن بە پەرەسەندنی و نە توانای شاردنەوەیان ما، لە ئاستی هەر سەرووی ڕێژیمدا - عەلی خامنەیی - کاردانەوەیان لەسەری دەبێ و بە پیلانی ناحەزان و دوژمنانی ئێران، ئەویش بە مەبەستی هەڵتەکاندنی کۆمەڵگە و وڵاتی! ناو دەبەن.

زەماوەندی سپی کە بە مانای کاڵبوونەوەی نۆرم و حەساسییەتە ئایینییەکان و بەگژداچوونەوەی قانوونە حکوومەتی و

هەروەها نەریتە باوەکانی کۆمەڵگە، دەرەنجامگەلێ زۆریشی هەیە؛ وەک پەراوێزخرانیان لەلایەن بنەماڵە، سزای قورسی حەدی شەرعی بەپێی قانوونەکانی حوکمەت و هەروەها ئەو ناو و ناتۆرانەی لە کۆمەڵگەدا دەخرێتە پاڵ ئەوانەی ڕووی تێدەکەن و ئەم شێوازە لە ژیانی هاوبەش دەگرنە بەر. لێرەدا ئەم پرسیارە دێتە پێش کە ملدان بەو بارودۆخە و قبووڵکردنی ئەم مەترسییانە لەپای چی و قازانج و زەرەرەکانی کامانەن؟

کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی دەڵێن ڕاکردنی لاوانی ئێستا، لە ئەرک و بەرپرسایەتییەکانی خێزان وای کردووە ڕوو بکەنە زەماوەندی سپی، چونکی هیچ دەروەستییەک لە گۆڕێدا نییە و کەی پێیان خۆش بوو دەتوانن کۆتایی بەو پێوەندییە بێنن؛ بەڵام کارناسانی کۆمەڵایەتی دەڵێن خۆی ئەمە سڕینەوەی ئەسڵی بابەتەکەیە و لە ڕاستیدا خوێندنەوەی نیزامی سیاسی و بەڕێوەبەریی وڵات بۆ ئەم دیاردەیە، خۆدزینەوە و ڕاکردنە لە ئەرک و بەرپرسایەتی.

ئاماژە ڕەسمییەکان دەڵێن لە ئێستادا ١٢ میلیۆن کەس لە ئێران ڕەبەنن، بەڵام بەهۆی کێشەی بێکاری، نیشتەجێبوون و قەیرانی ئابووری ناوێرن و ناتوانن خۆ لە قەرەی پێکەوەنانی ژیانی هاوبەش بدەن. خۆ ئەگەر بێتوو کۆمەڵێک لەوانیش بە یارمەتییە کاتییەکانی بنەماڵەکانیان ژیانی هاوبەش پێکبێنن، بەهۆی کێشە ئابووریەکان پاش ماوەیەکی زوو لێک جیا دەبنەوە. ئاماژەکانی دەزگای قەزایی دەڵێن کێشەی ئابووری هۆکاری سەرەکیی نەسازان و جیابوونەوەی ژن و مێردەکان لە ئێرانە. هەروەها نیزیک بە دوو میلیۆن کەس لە حەشیمەتی ڕەبەنی وڵات ئیدی پیرەکچ و پیرەکوڕن و لە تەمەنی ستانداردی پێکەوەنانی ژیانی هاوبەش لایان داوە کە سێ لە چواریان ژنن. هەروەها کێشە و قەیرانە ئابووریەکان، نەبوونی ئەمنییەتی کار و نەریتی دواکەوتووانە و لەسەرێبوونی چاوەڕوانییەکان کۆسپی زۆر گەورەن لەبەردەم تۆڕی ڕەبەنی کۆمەڵگە کە نەوێرن بە دڵنیاییەوە بیر لە پێکەوەنانی ژیانی هاوبەش بەشێوەی قانوونییەکەی بکەنەوە؛ بەڵام تۆ بڵێی ئەمانە بۆ جەنابی خامنەیی گرینگ بن؟

ئەمجارەیان با بێینە سەر چەند ئامار و دیاردەیەکی دی؛ لە ئێستادا لانیکەم چوار میلیۆن کەس لە ئێران تووشبووی مادەی هۆشبەرن، سەدا ١١ی تووشبووان بە مادەی هۆشبەر ژنن، ٨ میلیۆن کەس گیرۆدەی خواردنەوە ئەلکۆلییەکانن، سەروو ١٠٠ هەزار کەس هەڵگری ویرووسی (HIV) ئایدزن، سێ میلیۆن ژن سەرپەرستی خێزانن، نیزیک بە یەک میلیۆن ژن بەرهەڵدا و پەراوێزخراون، لە ساڵدا حەوت هەزار کچ لە ماڵ ڕادەکەن و نیزیک بە شەش هەزار کەس خۆیان دەکوژن، نیزیک ٦ میلیۆن کەس بەتایبەت لە قۆناغەکانی سەرەتایی و ناوەندیدا لە خوێندن وازیان هێناوە و لە پڕۆسەی پەروەردە و فێربوون دابڕاون. لە نێوان ٢ تا ٣ میلیۆن منداڵی کار لەبەردەم مەترسیی جۆرەها زیانی کۆمەڵایەتیی دیکە دان و، تەمەنی لەشفرۆشی بۆ خوار ١٥ ساڵ دابەزیوە. دزی و تاوانە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە لە سۆنگەی هەژاری لەچاو چەند

ساڵی ڕابردوو سەدا ٣٠ زیادی کردووە. سۆنامیی هەژاری وای کردووە نیزیک بە دوو میلیۆن کەس بۆ نانی شەویان دابمێنن و سەدا ٨٠ی خەڵکی ئێران هەژار و یەک لە سێی خەڵک لەژێر هێڵی هەژاریی ڕەهادا بن. فرۆشتنی ئەندامانی لەش بەتایبەت گورچیلە تەنانەت ئەویش بە نرخی زۆر کەم هەر دێ و زیاتر دەبێ. لە ساڵدا زیاتر لە ٣ میلیۆن پەروەندەی کەیفەری و ٢ میلیۆن پەروەندەی حقووقی لە دادگاکانی وڵاتدا دەکرێنەوە و، زیاتر لە ٣ میلیۆن پەروەندەش لە «شووڕاکانی حەلی ئیختلاف»دا بەدواداچوونیان بۆ دەکرێ. لە هەر ١٠٠ هەزار کەسی ئێران، ٢٠٠ کەسیان لە زیندان دان. زیندانەکانی ئێران بۆ زەرفییەتی ٥٠ هەزار زیندانی دروست کراون، بەڵام لە ئێستادا ٢٥٠ هەزار کەسیان تێ پەستاوتووە. کاربەدەستانی ڕێژیم نایشارنەوە کە لە دوای ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتییەوە حەشیمەتی ئێران ٢ بەرامبەر بووە، بەڵام ئەژماری زیندانییەکانی ئێران بۆتە ١٠ بەرامبەر. لە نێوان چوار تا پێنج میلیۆن کۆچبەری ئێرانی لە ٢٢ وڵاتی دنیادا بڵاو بوونەتەوە کە یەک لە چواریان بڕوانامەی خوێندنی کارناسیی باڵا و دوکتوڕایان هەیە. لە ساڵدا لە ئێران نیزیک ٢٠ هەزار کەس بەهۆی ڕووداوی هاتوچۆ گیانیان لە دەست دەدەن و نیزیک بە ٧٥٠ هەزار کەس بریندار دەبن.

دۆخی شێرێوی کۆمەڵگەی ئێران لەژێر تیغی خەسارە کۆمەڵایەتییەکان بەوەندە نابڕێتەوە و میراتی چوار دەیە دەسەڵاتدارەتیی کۆماری ئیسلامی بریتییە لە وڵاتێکی پڕ قەیران و تەواو نەخۆش. لەسایەی سەری دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ خەڵک هەژارتر دەبن و بێکاری هەر دەم زیاتر دەبێ و ئاکامەکەشی وەک گوترا لە هەڵکشانی تاوانکاری و سەرهەڵدانی زۆر دیاردەی وەک «گورچیلەفرۆشی و فرۆشتنی ئەندامانی دیکەی لەش»، «گۆڕخەوی»، «منداڵانی کار» و «لەشفرۆشی»دا خۆی دەردەخا. لە سایەی چوار دەیە سیاسەتی شەڕخوازی و پشتیوانی لە تێرۆریزمدا، وڵات کەوتووەتە بەر تیغی قورسترین گەمارۆکان و لەو سۆنگەیەوە خەڵک تووشی نەخوازراوترین دۆخ بوون؛ کار گەیوەتە جێیەک کە ئاماری خۆکوژییەکان چەند قات زیاتر ببێ و زۆر بنەماڵە ناچار بن کۆرپەکانیان بفرۆشن!

تازە ئەم بارودۆخە لە حاڵێک دایە کە گەڕی نوێی گەمارۆکانی ئەمریکا هێشتا بەتەواوی کاریگەریی خۆیان لەسەر ڕەوشی ئابووری و کۆمەڵایەتیی ئێران دانەناوە و بێگومان ڕۆژانێکی زۆر سەخت لە چاوەڕوانیی ئێران دایە، ئێرانێکی شەکەت و ماندووی بندەستی کۆماری ئیسلامی کە چوار دەیە لەوە پێش بە قۆستنەوەی هەل و دەرفەتەکانی پاش شۆڕش توانی جڵەوی دەسەڵاتی وڵات بگرێتە دەست و، بە سەرکوت و سەپاندنی نیزامێکی سیاسیی توتالیتێر درێژە بە مانەوەی خۆی بدا.

مێژووی ئەم شۆڕشە هێندە دوور نییە و هێشتا خەڵکێکی زۆر ئەم ڕۆژانەیان لە بیرە. لە ئێران شۆڕش کرا بۆوەی مەودای هەژار و دەوڵەمەند نەمێنێ، شۆڕشگێڕەکان نووکە ڕمبی پەلاماریان لە «شا» گرتبوو. دەیانگوت شا بۆ خۆی لە کەشکەڵانی ئاسمان و لە کۆشکەکانیدا دانیشتووە و ئاگای لە خەڵکی بێ ئەنوا نییە کە لە قەراغ شارەکان بە چ هەناسەساردییەک ڕۆژ

دەکەنەوە.

شۆڕش سەرکەوت و شۆڕشگێڕەکان و یەک لەوان جەنابی خامنەیی کە ئێستا ڕێبەری ڕێژیمە، بناغەی نیزامێکیان داڕشت کە دروشمیان بۆ دەدا و خەڵک بۆ ئەو دروشمانە حەمەڕەزاشای پەهلەوییان لە تەختی شایەتی هێنایە خوارێ.

چوار دەیە لە دەسەڵاتدارەتیی کۆماری ئیسلامی تێپەڕیوە و کۆشکەکان هەر لەجێی خۆیانن، تەنیا کەسەکان ناویان گۆڕاون، شای پێشوو جلوبەرگی ڕازاوە و خەملاو بە میدالێ و نیشانی شایەتیی دەبەر دەکرد و ئەوەی ئێستا عەبا و مەندیلی هەیە و ئەنگوستیلەی نقیمداری لە دەست دایە... خەڵکی ئێران هەژارتر و بێ ئەنواتر بوون و مەودای دارا و نەدار لەو وڵاتەدا قەت ئەوەندەی ئێستا نەبووە، بەو جیاوازییە کە ئەوانەی دەوڵەمەندن و هەیانە، بەشی کەمی کۆمەڵگەن و هەژار و بەشمەینەتەکەش زۆرینەی ڕەهان.

ئەم ئامارانە تەعبیر لە دۆخێکی هەستیار دەکەن کە دەکرێ ڕووخان و هەڵتەکانی کۆمەڵگەی ناو بنێین کە هەرەسهێنانی نیزامی سیاسیی وڵات بەدووی خۆیدا دێنێ. ئەوەی ئەمڕۆ لە هەموو کاتێ پتر ئاشکرایە ئەوەی کە نیزامی سیاسی نەک شەرعییەتی لای زۆرینەی ڕەهای کۆمەڵگە لە دەست داوە، بەڵکوو خۆیشی ئەوەی لە ئیدۆلۆژی و گوتار ماویەتی نیسێیەکی کاڵە و ئەوەی تۆخە تەنیا زەبروزەنگی دەزگای سەرکوت و مافیای دەسەڵاتە کە شادەمارەکانی ئابووریی وڵاتیان لە پاوان دایە و بۆ دواهەناسەکانی دیکەی خۆیان بەکاری دێنن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٧ی مارچی ٢٠١٩

ئەمریکا و ئێران، ماڕاتۆنی سزا و خۆڵادان

وەزیری دەرەوەی ئەمریکا لە کۆبوونەوەیەکی بەڕێوەبەرانی کۆمپانیا نەوتییە زەبەلاحەکاندا کە وەزیرانی نەوتی چەند وڵاتێکیش تێیدا بەشدار بوون، ڕایگەیاند کە ئەمریکا ئێستاش سوورە لەسەر ئەوەی هەناردەی نەوتی ئێران بە تەواوی ڕابگرێ.

لەلایەکی دیکەوە بریکاری کاروباری تێرۆریزم و زانیارییە ماڵییەکانی وەزارەتی خەزێنەداری ئاشکرای کردووە کە لەو بنیاتەی ژێر دەسەڵاتی ئەودا بەشێکی نوێ کراوەتەوە هەتا زانیاریی زیاتر لەسەر ئێران کۆ بکرێتەوە و هەموو ڕێگا نوێیەکانی بەربەرەکانی لەگەڵ تاران پێیان بزاندرێ و دەکار بکرێن.

هاوکات لەگەڵ ئەم کۆبوونەوە و گۆڕانکارییانەدا، حەسەن ڕووحانی، سەرۆککۆماری ئەمریکا سەردانی عێراقی کرد هەتا بتوانێ بەرپرسانی ئەم وڵاتە قایل بەوە بکا لە دەورلێدانی سزاکانی ئەمریکادا لە پشتیان بن. پرسیار ئەمەیە کە بڕاوەی ئەم ماڕاتۆنە کێ دەبێ؟

مایک پۆمپێئۆ لە دریژەی هەوڵەکانی بۆ تەریکخستنەوەی ئێران ڕۆژی سێشەممە، ٢١ی ڕەشەمە لە هیۆستۆن لە ئەیالەتی تێگزاس خانەخوێی بەڕێوەبەرانی کۆمپانیا گەورەکانی بواری نەوت و وزە و هەروەها وەزیرانی کۆمەڵە وڵاتێک بوو. ئەو لەو کۆبوونەوەیەدا پێی لەسەر ئەوە داگرتەوە کە ئیدارەی تڕامپ سووڕە لەسەر ئەوەی هەناردەی نەوتی ئێران بە تەواوی وشک بکا، بۆیە وا باشە کۆمەڵگەی جیهانی لە پشتی بێ بۆ ئەوەی دەستی کۆماری ئیسلامی بۆ ژیاندنی تێرۆریزمی نێودەوڵەتی کورت بکرێتەوە.
دەوڵەتی تڕامپ دەڵێ تاران هەروەک جاران پاڵپشتی لە تێرۆریزم دەکا و لە چالاکیی تێکدەرانەی لە وڵاتانی ناوچەدا بەردەوامە و پەرەپێدان بە بەرنامەی مووشەکە بالستیکەکان دەستی ڕێژیمی بۆ نائەمنیی زیاتری ناوچەکە ئاوەڵاتر کردووە.

هاوکات و هەر هەمان ڕۆژ "سیگال مێندلکەر"، جێگری کاروباری تێرۆریزم و زانیارییە ماڵییەکانی وەزارەتی خەزێنەداریی ئەمریکا لە کۆبوونەوەی لەگەڵ یەکێک لە کومیتە لاوەکییەکانی نوێنەراندا گوتوویەتی بنیاتەکەیان بەشێکی نوێی بۆ چاودێریی کۆماری ئیسلامیی ئێران کردۆتەوە بۆ ئەوەی بتوانن هەموو جموجۆڵەکانی ڕێژیمیان لەبەرچاو بێ.

دەوڵەتی تڕامپ لە یەک ساڵی ڕابردوودا کە لە "بەرجام" کشاوەتەوە، گەرێکی دی لە گەمارۆکانی خستووەتەوە سەر ئێران، بەڵام خاتوو مێندلکەر دەڵێ ئیدارەی تڕامپ لەسەر بەردەوامیی "گوشارە قورس"ـەکان بۆ سەر کۆماری ئیسلامی سووڕە. ئەو دەڵێ وڵاتەکەی بۆ هاوڕاکردن و ڕەگەڵ خستنی وڵاتانی ئوروپا سەبارەت بە هەڕەشە و مەترسییەکانی ئێران لەسەر ئەمنیەتی جیهان لەگەڵ هەموو ئەو لایەنانە کەوتۆتە دانوستان.
مێندلکەر دەڵێ ئێمە بەئاشکرا گوتوومانە هەر کەس و لایەن و وڵاتێک بیانەوێ گەمارۆکانی ئەمریکا دەور لێدەنەوە بۆ ئەوەی سەودایان لەگەڵ ئێران هەبێ، خۆیان خستووەتە بەر مەترسییەکی گەورە؛ چونکی دەستیان لە سیستەمی ماڵیی ئەمریکا کورت دەکرێتەوە و ئیدی ناتوانن لەگەڵ ئەم وڵاتە مامەڵە و بازرگانییان بمێنێ.

لەو لاش ئێران دەستەوەستان دانەنیشتووە و دەڵێ هەوڵەکانی ئەمریکا مایەپووچ دێڵنەوە. کۆماری ئیسلامیی ئێران دەڵێ هاتنەدەرێی ئەمریکا لە بەرجام بڕیارێکی "نایاسایی"یە و لە هەوڵ دایە چارەسەرێک بۆ بەردەوامیی سەودا و مامەڵە و پێوەندییە ئابووریپەکانی بدۆزێتەوە.

ئێران هەروەها پێی وایە کە سیاسەتی سزادانی ئەمریکا و ڕاگرتنی هەناردەی نەوتی وڵاتەکەی نایەتە دی، چونکی ئەوان چوار دەیەیە ململانێی گوشارەکانی ئەمریکا دەکەن و بەپێی ئەزموونیش بێ زۆر کون و کەلەبەریان هەیە بتوانن نەوتی پێدا بەڕێ بکەن و کاریگەریی سزاکان بە لانیکەمی خۆی بگەیەنن.

هەر بۆ ئەو مەبەستەش لە حەوتووی ڕابردوودا حەسەن ڕۆحانی، سەرۆک کۆماری ئێران بۆ یەکەمجار سەردانی عێراقی کرد. ئەم سەردانە گرینگ و وەرچەرخانێکی مێژوویی بوو، چونکی سەرۆک کۆماری ئێران ڕووی کردووەتە وڵاتێک کە 8 ساڵی ڕەبەق لەگەڵی لەشەڕدا بوو و خەونی بە وێرانکردن و شکستدانی دەبینی؛ بەڵام ئێستا تەنیا ئەو شک دەبا داڵدەی بدا و لە قۆرتی گەمارۆکانی ئەمریکا ڕزگاری بکا. بەڵام پرسیار ئەوەیە ئاخۆ عێراق دەبێتە ئەو ڕزگاریدەرە؟

کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی نایشارنەوە کە چاوەڕوانیی ئەمەیان هەیە عێراق دوای پشتیوانییەکانی کۆماری ئیسلامی لەو وڵاتە لە شەڕی داعش لە پشتی ئێران بمێنێتەوە و ئێستا کە چەقۆی گەمارۆکانی ئەمریکای لەسەرە، وەک حەسارخەڵوەتێکی باش بۆ ئابووریی ئەم وڵاتە بێ و یارمەتیی بدا سزاکانی ئەمریکا مایەپووچ بێتەوە. ئێران لە کاتێکدا ئەم داوایەی هەیە کە ئەم دوو وڵاتە کێشەی زۆریان لەسەر پرسی سنوور و مامەڵەی نێوانیان هەیە، چونکی ئێران بە تەواوی لە عێراق بەگلەییە کە هاوکارییەکانی کەم کردووەتەوە و ئاستی بازرگانیی نێوانیان لە کەمیی داوە. ئەو سەردانەش لە کاتێک دایە کە بارودۆخی ئێران بەتەواوی شپرزەوە و ئەم وڵاتە کەوتووەتە گێژاوی قەیرانە ئابووریپەکان و لە سۆنگەی گوشار و گەمارۆکانی ئەمریکاوە خەریکە هەرەس دێنێ. بایەخی دراوی نیشتمانیی ئێران بە تەواوی دابەزیوە و ناڕەزایەتییەکان لە نێوخۆی ئەم وڵاتەش هەردەم لە پەرەسەندن دان؛ بۆیە ئەم پرسیارەش جیدییە کە ئاخۆ عێراق گرێو لەسەر ئەسپی تۆپیو دەکا؟ نیشانەکان دەڵێن کە لەوانەیە وابێ.

بەرهەم ساڵح، سەرۆک کۆماری عێراق بەڕاشکاوی ڕایگەیاندووە کە وڵاتەکەی بە هانای ئێرانەوە دەچێ و کۆماری ئیسلامیی لەوە دڵنیا کردۆتەوە کە باری قورسی گەمارۆکانی ئەمریکایان لەسەر شان سووک دەکەن. بەرهەم ساڵح لە پرێس کۆنفرانسێکدا گوتی کە وڵاتەکەی دژی سزاکانی ئەمریکا لە دژی ئێرانە و عێراق نابێتە بەشێک لەو گوشارە و

ئەوەندەی لە توانایدا بێ هەوڵ دەدا بەرژەوەندییەکانی ئێران بپارێزێ. کۆماری ئیسلامیی ئێرانیش هیوایەکی زۆری لەسەر ئەم بەڵێنانە
هەڵچنیوە.

ئاشکرایە ئێران پەیوەندیی زۆر نیزیکی لەگەڵ زۆربەی سیاسەتمەدارە شیعەکانی عێراق هەیە کە بەشی زۆریان لە ماوەی شەڕی ئێران و عێراقدا پەنایان بۆ ئێران بردبوو. وەک، مەجلیسی باڵای ئیسلامیی عێراق، ڕێکخراوی بەدر، حیزبی «الدعوة» کە دوو سەرۆک وەزیری پێشوو، "نوری المالکی و حیدر العبادی" لە ئەندامانی ئەم حیزبە بوون و هەروەها موقتەدا سەدر، کەسایەتیی ئایینی ناسراو کە پەیوەندییەکی پڕ لە هەوراز و نشێو و جار دۆستانە و جار پڕکێشەی لەگەڵ تاران بووە، بەڵام قەت پەیوەندیی خۆی لەگەڵ ئێران نەپچڕاندووە. بەگشتی، ئێران لە ڕێگای دزەکردنە نێو ئەم گرووپانە و لایەنە دەسەڵاتدارەکان تا ڕادەیەک هەڵوێستی دۆستانە و سەرنج و پشتیوانیی بەغدای بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە و ئێستا پشت ئەستوور بەوانە، بە تەمایە خۆی لە تیغی سزاکانی ئەمریکا ڕزگار بکا، بەڵام دواجار کێ لە مەیدانی عێراقدا دەیباتەوە، ئێران یان ئەمریکا؟

شەڕی وزە مەیدانی سەرەکیی ململانێی ئەمریکا و ئێرانە. لە ئێستادا هەشت کڕیاری سەرەکیی نەوتی ئێران، (چین، هیند، ژاپۆن، کۆرەی باشوور، تایوان، تورکیە، ئیتالیا و یوونان)ی بە شێوەی کاتی لە سزادان بواردووە، بەڵام ئەو وەلانانە لە ١٤ی بانەمەڕدا کۆتایی دێ و ئەمریکا ڕایگەیاندوە کە چیدی ئەم مۆڵەتە درێژ ناکاتەوە و بەخشینەکانیش هیچ وڵاتێک ناگرێتەوە؛ بەوەش ئێران بەشێوەی قانوونی زۆربەی زۆری کڕیارەکانی لەدەست دەدا. لێرە دایە کە ئێران ناچارە پەنا بۆ فرۆشی بە قاچاغی نەوتەکەی بێنێ، بەڵام بۆ ئەوەش گەلەپاپۆڕی پێویستی لەبەردەستدا نییە و دیسانەکەش پێویستیی بە عێڕاقە!

هەواڵدەریی ڕۆیتێرز ئاشکرای کردووە کە ئێران بەتەمایە لە وڵاتانێکی وەک ویتنام بەدزی چەند نەوتهەڵگرێکی دەستی دوو بکرێ، چونکی ناوگانی دەریاییەکەی لە کەلک کەوتووە و، ئێستاش بە گەڕانەوەی گەمارۆکانی ئەمریکا ناتوانێ سووک و سانا مامەڵەی نەوتبەری نوێ بکا. ڕۆیتێرز دەڵێ پاناما لانیکەم ٢١ نەوتبەری لە کەلککەوتووی ئێرانی لە لیستەی خۆی دەراویشتووە و ئێران بە تەمایە جێگەیان بە نەوتبەری کارکردوو پڕ بکاتەوە.

هەنارەکردنی نەوت بۆ ئێران زۆر گرینگە. نەوت شادەماری ئابووریی ئێرانە و پتر لە سەدی ٧٠ی بودجەی دەوڵەت و هەروەها تێچووی حوکمەت لە ڕێگەی فرۆشی نەوتەوە دابین دەبێ، بۆیە کێشەی جیدی لەبەردەم هەناردەی نەوت، ئەم وڵاتە

بەرەوڕووی زۆر قەیرانی گورچکبڕی دیکە دەکاتەوە. بەڵام گەمارۆکانی ئەمریکا هەر ئەوە نین کە ڕێگە لە فرۆشی نەوتی ئێران دەگرن؛ بەڵکوو لەم بەشەشدا کۆسپێکی دیکەن لەبەردەم نوێکردنەوەی ناوگانی لەکەلککەوتووی نەوتبەری ئەم وڵاتەدا.

لەم بارودۆخە کەم کەس و لایەن دەوێرێ بیر لەوە بکاتەوە سەودای لەگەڵ ئێران هەبێ؛ چونکی هەرچەشنە هاوکارییەک بە مانای لە دەستدانی پێوەندیی ئەوانە بە سیستمی مالّیی ئەمریکا و، ئەمە شتێک نییە وڵاتان و کۆمپانیا زەبەلاحەکان بیانەوێ لێی تێپەڕن یان باجی ئەم زیانە قورسەی بۆ بدەن.

ئێستا ئەوەی ماوەتەوە ئەمەیە کێ بڕاوەی ئەم ماڕاتۆنە دەبێ و پێشهاتە سیاسییەکان لە داهاتوودا چ گۆڕانکارییەک لەم هەڤرکێیەدا پێک دێنن؟

سەرچاوە: مالّپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٠ی مارچی ٢٠١٩

ئەم دەفرەی کە لەمێژە لێی دەڕژێ...

کوردستان سالّێکی دیی لە بێمافی و بەشمەینەتیدا بەڕێ کرد، کۆماری ئیسلامیش توانی بە زەبروزەنگ و چەکی سەرکوت سالّێکی دیکەش بخاتە سەر تەمەنی دەسەلّاتەکەی و؛ کۆمەڵگەی جیهانیش ڕێگەی دا ڕێژیمی تاران ئەمسالّیش هەروا پشتیوانی تێرۆریزمی نێودەوڵەتی و تێکدەری ئەمنییەتی ناوچە و جیهان بێ.

ئێعدام، گرتن و لە بەندیخانە پەستاوتن، سەرکوتی بیروڕای جیاواز، پێشێلکردنی مافی کەمایەتییە ئاینییەکان، سەرکوتی ویست و ماف و داوای نەتەوە نافارسەکان، توندوتیژی، هەڵاواردن، زەوتکردنی مافی زیندانیانی سیاسی، کرێکاران، ژنان و منداڵان؛
ئەمسالّیش وەک سالّانی پێشوو چەکی دەستی ڕێژیم بۆ زالّکردنی هەیمەنە و دەسەلّاتەکەی بەسەر ئێراندا بوو.

ئەمسائیش زۆر مل بە پەتەوە کران، مانگرتن و خۆپیشاندان و ناڕەزایەتیدەربڕینەکان سەرکوت کران، بەربەستی زیاتر لەبەردەم کار و چالاکیی حیزب و ڕێکخراوە سینفی و مەدەنییەکان هەڵچندران، مامۆستایان و چالاکانی مەدەنی و ژینگەپارێزان نەک دەنگ و داوایان نەبیسترا، بەڵکوو بە توندی بەگژیاندا چوونەوە. وە لەگەڵ ئەمەدا ئەمسائیش ڕەخنەی زۆر بەرەوڕووی ئێران کرایەوە، هەم لە لایەن ڕێکخراوە جیهانییەکانی داکۆکی لە مافی مرۆڤ، هەم لە لایەن شووڕای مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان، وە هەم لەلایەن وەزارەت و ئۆرگانە دەوڵەتییەکانی ئەمریکا و ئوروپا و هتد.

سەرکوتی ماف و ئازادییەکانی خەڵک ئەگەر لە هەموو شوێن و ناوچەیەکی ئێراندا درێژەی هەبوو، لە کوردستان توندتر و بەربڵاوتر بوو. بەردەوامی لە تێرۆری چالاکانی سیاسی و مووشەکبارانی بنکە و بارەگای حیزبی دێموکراتی کوردستان کە ١٦ شەهید و دەیان بریندارى لێ کەوتەوە، کوژران و بریندارببوونی لانیکەم ٢٥٠ کەس لە کۆڵبەر و کاسبکارانی هەژار و بەشمەینەتی ناوچە سنووریییەکان کە هێزە چەکدارەکانی ڕێژیم کەوکوژی دەیاندەبە بەر دەستڕێژ، دەسبەسەرکردنی لانیکەم ٦٠٠ کەس و سەپاندنی سزای درێژخایەنی زیندان لەسەر داوای ناوەندە ئەمنیەتییەکان بەسەر سەدان کەس لەوان بێ ئەوەی لە بێدادگاکانی ڕێژیمدا مافی بەرگری لە خۆیان هەبووبێ، بەردەوامیی تەقینەوەی مین لە بن پێی منداڵان و ناوچە پەراوێزخراوەکانی کوردستان بێ ئەوەی گنجێک بخاتە نێوچاوانی کاربەدەستانی ڕێژیم و، بەردەوامی لە تێکدانی ژینگە و بەتاڵانبردنی ئاو و سەرچاوە سرووشتییەکانی دیکەی کوردستان؛ تەنیا چەند نموونەیەک لە درێژەی سیاسەتی دوژمنکارانەی کۆماری ئیسلامی دەرحەق بە خەڵکی کوردستان بوون.

وەک باس کرا ڕەوتی سیستماتیک و بەبەرنامەی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە ئێران و کارنامەی ڕەشی کۆماری ئیسلامی لەو بەستێنەدا شتێک نییە لەبەرچاوی کۆمەڵگەی جیهانی و وڵاتان ون بووبێ. بیست و حەوتەمین کۆبوونەوەی شووڕای مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان کە ڕۆژی دووشەممە، ٢٠ی ڕەشەمە لە ژنێف گیرا، نوێترین جێ بوو کە تێیدا کۆماری ئیسلامیی ئێران سەبارەت بە پێشێلکردنی ڕەهای مافی مرۆڤ مەحکوم کرایەوە. لەم دانیشتنەدا جاوید ڕەحمان، ڕێپۆرتێری تایبەتیی شووڕای مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کاروباری مافی مرۆڤ لە ئێران جارێکی دیکەش تاوان و جینایەت و سەرەڕۆییەکانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران لە بەستێنی مافی مرۆڤی ڕیز کردەوە و سەبارەت بەو بارودۆخە نیگەرانی و ناڕەزایەتیی دەربڕی. ناوبراو نەیشاردەوە کە ڕێژیمی ئێران لە چوار دەیەی دەسەڵاتی خۆیدا لە ڕیزی هەرە پێشەوەی وڵاتانی پێشێلکەری مەنشووری نەتەوە یەکگرتووەکان و بڕیارنامەکانی شووڕای ئەمنیەتی ئەم ڕێکخراوەیەیە و لەم ماوەیەدا نەیویستووە هیچ گۆڕانکارییەک لە ڕەفتار و سیاسەتەکانیدا بکا.

هەڵبەت لە ماوەی چل ساڵ دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا دوو ساڵی لێ دەرچێ، هەموو ساڵێ کۆڕی گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ڕێژیمی تارانی لهسهر پێشێلکردنی سیستماتیکی مافی مرۆڤ مەحکووم کردوە و بڕیارنامەی لەدژی دەرکردوە. ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان هەروەها لە ڕێگەی کۆمیسیۆن و شووڕای مافی مرۆڤەوە تا ئێستا شەش ڕێپۆرتێری تایبەتیی بۆ پرسی مافی مرۆڤ لە ئێران دیاری کردوە و، ئەگەرچی کۆماری ئیسلامیی ئێران هاوکاریی هیچ کام لەوانی نەکردوە؛ بەڵام ئەمە لایەنێکی سەرنجی کۆمەڵگەی جیهانی لەهەمبەر پێشێلکرانی مافی مرۆڤ لە ئێراندا دەردەخا. لەگەڵ ئەوەشدا ئەو پرسیارە دەگووڕێ کە چۆنە سەرەڕای ئەم دۆخە، کاردانەوەکان بڕیارێکی ئەوتۆیان لێ نەکەوتۆتەوە کە کۆماری ئیسلامیی ئێران ناچار بە پاشەکشە لە ڕەفتارەکانی و دەروەستبوون بەو پڕەنسیپە نێونەتەوەییانە بکا کە خۆی لەسەر کاغەز ئیمزای کردوون؟

ڕەخنەی جیدی لەو پێوەندییەدا ڕووبان لە شووڕای ئەمنییەتی نەتەوە یەکگرتووەکان، ئەمریکا و وڵاتانی ئوروپاییە. خەمساردیی ئەم لایەنانە لەو پێوەندییەدا ئەم ڕاستییە دەردەخا کە سەرنجدان و گرینگیدانی شووڕای ئەمنییەت و یەکیەتیی ئوروپا بە پرسی مافی مرۆڤ لە ئێران پتر لەوەی لە باوەڕی ئەوان بەو پڕەنسیپانە و نیگەرانییەکانیان لە پێشێلکردانی ئەم بایەخانەوە سەرچاوە بگرێ، وەک ئامراز و لاهێزی سیاسی بۆ فشار خستنەسەر ئێران بۆ ساتوسەودا و لە بوارەکانی دیکەدا چاوی لێ دەکرێ. هەروەها لە کەس شاراوە نییە کە ئەوەندەی پرسی پشتگیریی ئێران لە تێرۆریزم، بەرنامەی ئەتومی و مووشەکیی بالستیکی ئەم ڕێژیمە و پەرەپێدانی ڕادیکالیسمی ئیسلامیی هەناردەکراوی کۆماری ئیسلامییان بۆ گرینگە، ئەوەندە لا لە پرسی پێشێلکرانی مافی مرۆڤ لەم وڵاتە ناکەنەوە.

ڕەوشی مافی مرۆڤ لە ئێران لە داهاتووشدا بەهۆی ماهییەتی کۆماری ئیسلامی زەحمەتە گۆڕانی بەسەردا بێ، مەگەر ئەوەی گوشاری کۆمەڵگەی جیهانی ناچار بە ملدانی بکا و، هەتا ئەو کاتەی بڕیارنامەکان هەر لەسەر کاغەز بن و نەچنە خانەی پڕاکتیک و تێچووی قورس نەخەنە سەر ڕێژیم؛ کۆماری ئیسلامی لەم ڕەفتارەی بەردەوام دەبێ. پرسی مافی مرۆڤ دەبێ لە بابەتێکی نێوخۆیی وڵاتان بێتە دەرێ و گرێ بدرێ بە شەرعییەتدان بە دەسەڵاتی سیاسی یان ئەستاندنەوەی ئەم شەرعییەتە لەم دەسەڵاتەی مافی خەڵکەکەی پێشێل دەکا. وڵاتانی زلهێز و خاوەن بڕیاری دنیا تەنیا بە وەلانانی ڕەفتاری دووفاقەیان لەگەڵ ئێران لە بەستێنی مافی مرۆڤدا دەتوانن ئەم ڕێژیمە لە ڕەهەندە ئەمنیەتییەکانی وەک تێرۆریسم و بەرنامەی مووشەکی و قەیرانی ئەتومیدا ناچار بە پاشەکشە و گۆڕینی ڕەفتار بکەن.

دواجار بەڕێز جاوید ڕەحمان و هەموو لایەن و ناوەندەکانی دیکەی پێوەندیدار دەبێ بزانن کە ئیدی دەبێ لە قۆناغی نیگەرانی و ناڕەزایەتیدەربڕین تێپەڕن و ڕوو لە بڕیاری جیدی بنێن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٠ی مارچی ٢٠١٩

تەکلیفی خەڵک لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ڕوون و یەکلایە، نایانەوێ

(دەقی قسەکانی عەلی بداغی، ئەندامی ڕێبەریی حیزب لە ڕێوڕەسمی کۆتایی دەورەی ٢٣٢ی سەرەتایی پێشمەرگە)

هاوڕێیانی کادر و پێشمەرگە!
ئامادەبووانی بەڕێز!
بەشدارانی دەورەی ٢٣٢ی سەرەتایی پێشمەرگە!

ئەمڕۆ لێرە کۆبوونەوە هەتا پیرۆزبایی بە پۆلێک لاوی شۆڕشگێڕی دیکەی نیشتمانەکەمان بڵێین کە لە پێناو ماف و ئازادییەکانی نەتەوەی کورد لە ئێران و، بۆ خەبات لە دژی دەسەڵاتی جەور و جینایەتی کۆماری ئیسلامی؛ سەنگەری حیزبی دێموکراتی کوردستانیان هەڵبژاردوە. بۆیە هەر لە سەرەتای قسەکانمدا لە قووڵایی دڵەوە پیرۆزبایی بە ئێوە بەشدارانی دەورە و بە خۆشمان دەڵێم. چونکی بوونی ئێوە و، بڕیاری شۆڕشگێڕانەی ئێوە و هەڵبژاردنی ئەم سەنگەرەی ڕووتان تێکردووە؛ ڕەواییەتی خەباتی نەتەوەیەکی ئازادیخوازە و هەروەها، متمانەی قووڵی ئەم گەلە بەو سەنگەرەیە کە حیزبی دێموکراتی کوردستانە.

هەڵبژاردنەکەی ئێوە دەقیق و لەجێی خۆی دایە. ئەگەر ئەمڕۆکە دوای ٤٠ ساڵ لە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی خەریکە هاوڕاییەکی گەورە بۆ "نا" گوتن بەو ڕێژیمە دروست دەبێ، کورد لە ئێران هەر لەگەڵ گوورانی ئەم دەسەڵاتە لە خاکەلێوەی ٥٨ی هەتاویدا "نا"ی پێگوت.

ئەگەر ئەمڕۆکە دوای چوار دەیە بە ڕواڵەت باسکی چەکداری ئەم ڕێژیمە، بەڵام لە ڕاستیدا هەر تەواوەتیی ڕێژیم دەخرێتە لیستی ڕێکخراوە تێرۆریستییەکانەوە، بزووتنەوەی سیاسی و مقاومەتی کورد لە ئێران بە پێشەنگایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، چل ساڵە شەڕی ئەم دەسەڵات و هێزە تێرۆریستییە دەکا.

بـزووتنەوەی سیاسیی کـورد لە ئێـران سـەری بەرزە، کە سـەرەڕای ئەوەی خـوێنی زۆری لەبەر ڕۆیشـتووە و زەبـری قورسیشـی وێکەوتووە؛

بەڵام کـۆڵی نەداوە، دەسـتی نەکێشـاوەتەوە. مێژوویەکـی خوێنـاوی، بەڵام پـڕ دەسـکەوت و سـەرەوەریی لە مـافخوازی و حەماسەخوڵقێنی و قوربانیداندا تۆمار کردوە. کۆماری ئیسلامیی ئێران لەو چل ساڵەدا ئەوەی لە دەستی هـاتووە دەرحەق بە کـورد و سیاسـییەکانی کـورد کردوویەتـی. چەک نەمـاوە لە دژی ئەم بـزووتنەوەیە دەکـاری نەکردبـێ. سـەپاندنی شـەڕ، پاشخستنی کوردستان لە پەرەسەندنی مرۆیی و ئـابووری، ئێعـدام و تێـرۆری تێکۆشـەرانی سیاسـی، لێـدانی چەنـد جـارەی لەسەری حیزبی دێموکرات، میلیتاریزەکردنی کوردستان، قەڵاپرچن کردنی بەنـدیخانەکان لە ڕۆژە بە هەڵوێستەکانی کـورد، دروسـتکردنی قەیرانـی هـۆوییەت و پیلانـی دامـاڵینی شوناسـی نەتەوەیـی، بەڵام نە ئەوانە و نە مووشـەکی بالسـتیکیش نەیتوانی خەونە چەوتەکەی بێنێتە دی. ڕێفراندۆمەکەی ٢١ی خەرمانان و پێشتریش حەماسەکەی خەڵک بـۆ بەهانـاوەچوونی خەڵکی بوومەلەرزەلێـدراوی کرماشـان وەڵامێکی گەلـێ ڕوون بـۆ ئەم ڕێـژیمە، بگـرە زللەیەکـی زۆر تونـد بـوو کە وەخەبەری هێنان، کە ئێمە بە دار و تەناف و ئاگر و ئاسن ناتوێنەوە، بشمانبرنەوە لەسەر کۆتەی خۆمـان دەڕوێـنەوە. ئێمە دەمێنین و ئێوەن کە دەبێ بارکەن بڕۆن و، مێژوو بە فەنابوونتان دەسپێرێ.

هاوڕێیانی بەشداربووی دەورەی ٢٣٢ی پێشمەرگە!

ئەم بەرگەی ئێوە ئەمڕۆ دەبەرتـان کردوە گەلێ پیرۆزە. وشەی پێشمەرگە لەگەڵ ئازادی و سەربەستیی نیشتمان پیرۆزترینـی واتاکـانن لە قـامووسـی ئەم میللەتەدا. ئەم چەکەی ئێـوە ئەمـڕۆ کردتـانە شـان، بگێـڕەوەی گەلـێ حەماسـە و داسـتانە لە سەروەریی میللەتێک. میللەتێک کە نە لافاوی ستەم و نە بـوومەلەرزەی بێـدادی و نە دەیـان سـاڵ وێشکەسـاڵی هەناسـەدان بە ئـازادیی، خەونـی ئـازادی و سەربەسـتیی لەبیـر نەبـردۆتەوە. ئەوەتـا لەم کـاروانە بێپسـانەوە و بەردەوامەدا پـۆل پـۆل لاوی بـاڵابەرزن بەخۆنەوێستی، بەڵام بە عەشق و خۆشەویستیی نیشـتمان دێن و ئـاگردانی ئەم شۆڕشـەی بەرەو ڕوونـاکی، پڕگـر و بەتین ڕادەگرن.

بێگومـان ئێـوە لەم مـاوەیەدا و لە فێـرگەی حیزبـی دێموکراتـدا زۆر وانەی بەنـرخ فێربـوون، لە ڕابـردووی بزوتنـەوەی نەتەوایـەتیمان، لە ئێستای خەبـات و تێکۆشانمان، وە لە سبەینێی ئەرک و بەپرسیارەتییەکانمان. لەگەڵ مامۆستاکانتان باسـی کـورد و چەنـدی و چـۆنیی چارەسـەری ئەم پرسـەتان هێنـاوەتە بەربـاس، تەتەڵەی ڕێبـاز و ئامانجەکـانی حیزبـی دێموکراتتـان کـردوە. ژینگە و سروشـتی دەوڵەمەنـد بەڵام بەتـاڵانبراوی کوردسـتان و مەترسـییەکانی بەردەم ئەم سروشت و

ژینگەیە، خەسار و کۆی زیانەکانی بەردەم ئەم کۆمەڵگەیە، باس لە جەوهەری کۆماری ئیسلامی و گەوهەری لاوانی کورد لە سەنگەری شوناسخوازیدا؛ هەموو باس و مژاری لێدوان و ئاخاوتنی ڕۆژان و شەوانی ئەم ماوەیەتان بوون. بەڵام ئەمە سەرەتای ڕێگایە. ڕێگایەک کە ئێوە بە هەڵکەوت تووشی نەبوون، بەڵکوو هەڵتان بژاردوە و بۆ بڕینی هەتاسەر و گەیشتن بە لوتکە؛ دەبێ هەگبە و کۆڵەپشتییەکەتان پڕکەن لە توێشوو. توێشووی ئەم ڕێگای سەخت و پڕ کەند و گەوە، کە هاوکات چەکی دەستمان و زامنی سەرکەوتنمانە، زانستە. زانستی ناسینی کۆمەڵگە و خەباتەکەمان، زانستی سەرکەوتن بەسەر دوژمنانمان، زانستی چێکردنی نیشتمانی ئازادمان و ماناوەمان لە گێژاوی دنیای سیاسەتی ئێستادا؛ ئەم ڕەوتی فێربوون و پەروەردەیەش نەک هەر ئەرکی ئێوە، بەڵکوو لەسەر شانی هەموومانە.

ئێوە بەڵێنتان داوە هەتا ئەو عەیامەی کورد چارەنووسی خۆی نەگرێتە دەست، هەتا ئەو دەمەی دڵنیا نەبێ خاکەکەی بەتاڵان نابڕێ و پێی غەوارەی لەسەر نییە، هەتا ئەو کاتەی لاوانی ئازادیخوازی چیدی لەو سۆنگەیەوە ناخرێنە بەندیخانە و ناچنە بن پەتی سێدارە؛ هەتا ئەو کاتەی لەم نیشتمانەدا ئیدی کەس لەپێناو پاروو نانێکی کۆڵبەری منداڵی هەتیو و دایکی شینگێڕ و شەریکەژیانی مل بەکوێنی لەپاش بەجێ نامێنێ، هەتا ئەو ساتەی هەوری حاشا لە زمانی ئەم میللەتە لا دەدرێ و منداڵانمان لە قوتابخانە بەدەم چرینی سەربەستانەی "ئەی ڕەقیب"ەوە دەچنە پۆلەکانیان؛ هەتا ئەو دەمەی تەوری سەرکوت لەسەر گەردنی ئەم خەڵکە هەڵدەگیرێ؛ ئێوەن شۆڕەسواری ئەم مەیدانە و ئێوەن ئاڵاهەڵگری ئەم خەباتە. بۆیە تا گەیشتن بە لوتکە نابێ هیچ بەربەستێک ساردمان کاتەوە، نابێ هیچ چەڵەمەیەک چۆکمان پێ دابدا، نابێ هیچ نەهاتی و نەهامەتییەک شلمان کاتەوە. میللەتێک چاوی لە ئێمەیە. لەم ڕێگەیەشدا گەلێ ڕۆچنە و دەرفەت هەیە کە دەبێ دەکاریان بکەین و بیانقۆزینەوە. بێگومان سەرکەوتن بۆ ئێمەیە. سەربەخۆیی و ئازادی مافی ئەملاوئەولا و بەحەق شایانی ئەم میللەتەیە کە لە پێناویدا ڕووبارێک خوێنی لەبەر دەڕوا.

ئامادەبووانی بەڕێز!

کۆمەڵگەی کوردستان و هەروەها بزاوتی سیاسیی ئەم نەتەوەیە لە ئێران بە ئاقارێکی چارەنووسسازدا تێدەپەڕێ. هەواڵی خۆش زۆرن، دەرفەتەکانیشن کەم نین و لەبەردەمانن؛ بەڵام گێرە و کێشەشمان هەیە کە دەبێ بیانبینین.

پرسی شوناسخوازی لە کۆمەڵگە و ئامادەبوونی کۆمەڵ بۆ گۆڕانکارییەکان گەیوەتە لوتکە و چۆتە قۆناغی داواخوازییەوە، ئێستا ئیدی کورد لە تەواوەتیی خۆیدا چ وەک کۆمەڵ و چ وەک ئیلیت و بژاردەکانی، هیچ جۆرە متمانەیەکیان بە نیزامی

سیاسیی ولّات و واده و بەڵێنەکانی هیچ بانێکی ئەم رێژیمە نییە. ئەو بایەش کە لە دەرەوە هەڵی کردووە سازگارە. هەتا لوتکە زۆری نەماوە و ئەوەی ماوەتەوە خۆمانین و خۆمان.

ئەم گۆڕانکارییانە دەتوانن ببنە بەستێنی زۆر ڕووداو و وادێتە بەرچاویش کە گۆڕانکارییەکان بەرەو ئاقارێکی تایبەتمان بەرن. بەڵام مخابن هێزە سیاسییەکانی کورد بەتەواوی بۆ ئەم هەلومەرجە ئامادە نین. هێشتا پەرەم پەرەم و پەرتەوازەین، هێشتا نیری دەمارگژی و تەنیا خۆبەتەوەرزانیمان بەتەوای لە مل دانەماڵیوە، هێشتا بە یەک زمان باس لە نیاز و ئاوازەکانمان ناکەین و ئەمەش کە هەر کام لەبەر خۆیەوە سازی خۆی بژەنێ کارساز نین. شان و شەوکەتی خەباتێکی دوور و درێژ، خەونی بە هەزاران هەزار شەهیدی سەنگەر، ئاواتی بە میلیۆن کۆرپەی چاو لە داهاتوو دەبێ لەو قۆناغەمان دەرباز بکەن. دەبێ قەڵەمباز بدەین و پێکەوە و یەکگرتوو لەو گێژاوەدا ئەم خەباتە بگەیەنینە سەرمەنزڵی مەقسوود.

لە کۆتاییدا دەخوازم هەموو خۆمان لەو مەیدانەدا ببینینەوە، هەموومان ئەرکوەخۆگر بین، هەموو شان بدەینە بن ئەو بەرپرسایەتییە و لە حاندی ئەم متمانەیە بین کە میللەتەکەمان پێی کردووین.

سەرکەوێ و سەردەکەوێ خەباتی بەخوێن نەخشاو، بەڵام ڕەوا و بەرحەقی ئەم میللەتە!

پیرۆز بێ لە ئێوەش دەبەرکردنی بەرگی پیرۆزی پێشمەرگایەتی و دەشانکردنی چەکی قەت نەکەوتووی پارێزگاری لە کەرامەتی خاک و نەتەوە و نیشتمان!

هەر شەکاوە بێ ئالای تێکۆشانی حیزبی دێموکراتی کوردستان!

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٥ی ئەپریلی ٢٠١٩

تێرۆریزمی کۆماری ئیسلامیی ئێران چەشن و شێوازەکانی

کۆماری ئیسلامیی ئێران ڕێژیمێکی سیاسییە کە دوای شۆڕشی گەلانی ئێران بەدژی ڕێژیمی پاشایەتی لە ساڵی ١٩٧٩دا هاتە سەر کار. ئەم ڕێژیمە هەر لە سەرەتاوە ئایدۆلۆژیی پەرەپێدانی ئیسلامی سیاسی_شیعەی کردە گوتاری سیاسی و پراکتیک لە سیاسەتی دەرەوەی وڵاتدا. بۆیەش کۆماری ئیسلامی لە زۆربەی وڵاتانی ناوچەدا کەوتە دروستکردنی میلیشیای بەستراوە بە خۆی یان پشتیوانیکردن لەو میلیشیا و ڕەوتانەی لە هێڵی سیاسیی ئەودا دەچوونە پێشێ. ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە چوار دەیەی ڕابردوودا پشتیوانیی مالّی، هێزی مرۆیی و لۆجستیکیی زۆر لە ڕووداوە تێرۆریستییەکانی کردوە لە جوغرافیایەکی بەرینی ناوچەیی و جیهانیدا و لە سۆنگەی ئەم کردەوە تێرۆریستییانەوە لەلایەن دەزگای قەزایی زۆر لە وڵاتانی وەک ئەڵمان، بریتانیا، ئیسرائیل، ئەمریکا و ئەرژانتینەوە بڕیاری لەدژ دراوە و سەبارەت بە بڕیاردان، جێبەجێکردن، دەستتێداهەبوون و پشتیوانیی لە کردەوە تێرۆریستییەکان مەحکووم کراوە.

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران تێرۆری بە چەکێکی پێویست و گرینگ بۆ حەزف و لەنێوبردنی نەیارانی خۆی زانیوە. ئەم ڕێژیمە بۆ لێدانی مخالفانی خۆی بەتایبەت لە نێو هێزە پێشکەوتنخواز و مافویستەکاندا تێرۆری لە چەشن و شێوازی جۆراوجۆری خۆیدا بەکار هێناوە. هەوڵدان و پیلاندارشتن بەمەبەستی زەربەوەشاندنی فیزیکی لە حیزب و لایەنەکان و کەسایەتییە مخالف و جیابیرەکان کە بە ناوی تێرۆریزمی دەوڵەتیی کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ هەموو لایەک ناسراوە، هیچ سنوور و جوغرافیاییەکی نەناسیوە. بەشێک لە کارنامەی تێرۆریستیی ئەم ڕێژیمە بریتییە لە:

تێرۆری دەیان کەسایەتیی سیاسیی دژبەری ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران

بۆ نموونە: شەهریار شەفیق، کوڕی ئەشرەف پەهلەوی لە پاریس لە ساڵی ١٣٥٨؛ د، عەبدوڕەحمان قاسملو، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ڤیەن لە ساڵی ١٣٦٨، شاپووری بەختیار، دوایین سەرۆکوەزیرانی ڕێژیمی پەهلەوی لە پاریس لە ساڵی ١٣٧٠؛ فەرەیدون فەڕخزاد، شاعیر، نووسەر و هونەرمەند لە «بون»ی ئەڵمان لە ساڵی ١٣٧١، د. سادق شەرەفکەندی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە «بێرلین»ی ئەڵمان لە ساڵی ١٣٧١ و...

لە بڕیاری مێژوویی دادگای بێرلین (مێکۆنووس) لە بەهاری ١٣٧٦دا بەڕوونی پەردە لەسەر ئەوە لادرا کە هەموو تێرۆرەکان لەلایەن کۆمیتەیەکی تایبەت پێکهاتوو لە ڕێبەری باڵا، سەرۆککۆمار، وەزیری دەرەوە، وەزیری ئیتلاعات و فەرماندەری سپای قودس (باڵی دەرەوەی سنوورەکانی سپای پاسداران)ەوە بڕیاریان لەسەر دراوە.

کردەوە تێرۆریستییەکانی ڕێژیم لە وڵاتانی دی

بۆ نموونە: تەقینەوەی ئامیا لە ئارژانتین لە هاوینی ١٣٧٣؛ زنجیرە تەقینەوەکانی ساڵی ١٣٩١ی بانکوک لە تایلەند؛ پیلانی تیرۆری «عادڵ ئەلجوبەیر»، وەزیری دەرەوەی عەرەبستان لە واشنگتۆن کە لێیان ئاشکرا بوو؛ تەقینەوەی «دێهلی» لە هیند لە ساڵی ١٣٩١؛ کردەوەی تیرۆریستی لە «کێنیا» لە ساڵی ١٣٩١، کردەوەی تیرۆریستی لە بەحرەین» لە هاوینی ١٣٨٤؛ کردەوەی تیرۆریستی لە بەردەم بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە شەوی یەلدای ١٣٩٥؛ پەلاماری مووشەکی بۆ سەر بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە نیزیک کۆیە لە هەرێمی کوردستان لە سێپتامبری ١٣٩٧، تیرۆری زیاتر لە ٦٠٠ سەربازی ئەمریکا لە عێراق و هاوکاریی چرووپڕی ئەلقاعیدە و هتد.

چەکی تیرۆر لە دژی بزووتنەوەی سیاسیی کورد

تیرۆریزمیی دەوڵەتیی کۆماری ئیسلامی ئێران لە ماوەی چوار دەیە دەسەڵاتداریی ڕەشی خۆیدا دژ بە هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئەم ڕێژیمە، بەشی شێری بەر بزووتنەوەی مافخوازانەی کورد و حیزبی دێموکراتی کوردستان کەوتووە. کارنامەی تیرۆریزمی دەوڵەتیی کۆماری ئیسلامی ئێران دژ بە حیزبی دێموکراتی کوردستان، هەر لە تیرۆری سەرگورد حەبیبوڵڵا عەبباسی، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و بەرپرسی شووڕای نیزامیی حیزب لە هاوینی ١٣٥٩ تا هێرشی مووشەکی بۆ سەر کۆبوونەوەی ڕێبەریی حیزب لە قەڵای دێموکرات سێپتامبری ١٣٩٧، ناوی سەدان ڕێبەری ئاستبەرز، کادر، پێشمەرگە و تێکۆشەری ئەم حیزبەی تێدا تۆمار کراوە کە بەرچاوترینیان تیرۆری دوو سکرتێری گشتیی حیزب، شەهیدان دوکتور قاسملوو و دوکتور شەرەفکەندیە.

ئامانجی سەرەکی و گشتیی ڕێژیم لەم تیرۆرانە لاوازکردنی بزووتنەوەی مافخوازانە و نەتەوەیی خەڵکی کوردستان بووە و هەیە و بۆ ئەم مەبەستەش حیزبی دێموکراتی کوردستان وەک لایەنی سەرەکی و شوێندار لەم بزووتنەوەیەدا کراوەتە ئامانج و تا ئێستاش ئەم حیزبە بۆ تیرۆریزمی دەوڵەتیی کۆماری ئیسلامی ئێران وەک هەمیشە ئامانجە.

کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ماوەی چوار دەیەی ڕابردوودا پتر لە ٤١٦ کەس لە ئەندامان و تێکۆشەرانی ئۆپۆزیسیونی کوردی داوەتە بەر پەلاماری تیرۆریستی کە حیزبی دێموکرات بە بوونی ٣١٤ قوربانی، ئامانجی سەرەکی بووە. جیا لە شەهیدکردنی ئەم ٤١٦ کەسە، لەو کردەوە تیرۆریستییانەدا لانیکەم دەیان کەسی دیکەش بریندار بوون و توانیویانە گیان دەرباز بکەن.

نێعدام و کوشتنە سیاسییەکان لە کوردستان

ئەو ئامارەی لە بەشی پێشوودا خرایە بەرچاو تەنیا ئەو بەشە لەو کوشتنە سیاسییانە دەگرێتەوە کە ناوەندە ئەمنیەتی و دەزگای سیخوڕی و تیمە تێرۆریستییەکانی ڕژێم بە پلان و پیلانی پێشوەختەداڕێژراو تێرۆری کردوون، بۆیە دەبێ ئێعدامە سیاسییەکانیش هەر لە ڕیزی تێرۆردا جێیان بۆ بکەینەوە.

کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ماوەی چوار دەیەی ڕابردووودا لە کوردستان لانیکەم ١٨٧٠ بەندیی سیاسیی کوردی لە دار داوە کە ٤٦٠ کەس لەوان ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستان و ٣٥٠ کەس ئەندامی کۆمەڵە بوون؛ سەدان کەس لەو ئێعدامکراوانە مەدەنی بوون و دانیان بە ئەندامەتیی هیچ حیزبێکی سیاسی دانەناوە و ئەوانیتر سەر بە ڕێکخراوەکانی دیکەی کوردستانی و چالاکی سیاسیی کوردی ئەندام لە ڕێکخراوە سەراسەرییەکانی وەک مجاهیدین و چریکی فیدایی و... بوون.

ماشێنی تێرۆری کۆماری ئیسلامی، بێ تورموز و نەوەستاو

ئێستا پرسیار ئەوەیە لە کاتێکدا هەر لە ماوەی یەک ساڵی ڕابردووودا کۆماری ئیسلامی لە حەوت وڵاتی ئورووپایی (دانمارک، هۆڵەند، ئەڵمان، نۆرویژ، ئوتریش، فەڕانسە و بێلژیک) سەبارەت بە دەستتێداهەبوون لە چەندین هەوڵی سەرکەوتوو و ناسەرکەوتووی کردەوەی تێرۆریستیدا ناوی هاتۆتە نێو ناوان؛ ئەویش لە کاتێکدا بۆ مانەوەیان لە بەرجامدا خۆی بە ئاو و ئاوردا دەدا و؛ هەروەها لە حاڵێکدا وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەڕەسمی سپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانی خستووەتە لیستی ڕەشی ڕێکخراوە تێرۆریستییەکان؛ ماشێنی تێرۆری کۆماری ئیسلامی بۆچی ناوەستێ؟ وە بۆچی بەشی زۆری داهات و سەرچاوە ماڵییەکانی وڵاتی ئێران لەلایەن دەسەڵاتی حاکم بەسەر وڵاتدا بۆ کردەوەی تێرۆریستی و بۆ پاڵپشتی و تەیارکردنی میلیشیا تێرۆریستەکان خەرج دەکرێ؟

وەڵام ئەوەیە: تێرۆر لە تەنیشت ئێعدامەکان لە ئایدۆلۆژیای کۆماری ئیسلامیدا بە مەبەستی لێدان لە دژبەر و نەهێشتنی دەنگی هەڵبوو کارێکی تابلێی پیرۆزە و شەرعییەت لە دەقە ئاینییەکانیش وەردەگرێ. بۆیە لە هیچ بڕگەیەکی زەمەنی و لە هیچ بارودۆخێکدا وەلای نانێن؛ وە ئەوە تەنیا گوشار و بەرەوڕووبوونەوەی شێلگیرانە و ئیرادەی تێکڕای کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیی بەرەی دژەتێرۆرە کە دەتوانێ ئەو ماشێنە سامناکەی ڕژێم بوەستێنێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی ئەپریلی ٢٠١٩

"حەشدی شەعبی"ی عێراق و "حیزبوڵڵا"ی لوبنان و ئەوانیدی لە ئێران چ دەکەن؟

دوای لافاوەکان لە ئێران کە کورستان، باکوور و باشووری ئێرانی گرتەوە، لە هەواڵەکاندا هات کە حەشدی شەعبیی عێراق بە کەرەستە و چەکوچۆڵی بەربڵاوەوە هاتوونەوەتە نێو خاکی ئێرانەوە. لە ماوەی کەمتر لە حەوتوویەکدا ڕاگەیەندرا کە هێزەکانی "حیزبوڵڵا"ی لوبنان، "زێنەبییون"ی پاکستان و "فاتمییون"ی ئەفغانستانیش بۆ بەهاناوەچوونی! لافاولێدراوان لە ئێران هاتوونەتە نێو خاکی ئەم وڵاتەوە.

بەپێی یاسای بنەڕەتیی ئێران ئەوە مەجلیسە کە دەبێ لەبارەی هاتنی هێزی چەکداری وڵاتێکی دی بۆ نێوخۆی وڵات بڕیار بدا، هیندێک جاریش شوڕای بەرزی ئەمنیەتی نیشتمانیش دەتوانێ بڕیار لەسەر هاتنی هێزی چەکداری بیانی بدا؛ بەڵام تا ئێستا ئەو بابەتە لە پارڵمان و شوڕای ئەمنیەتی بەرزی وڵاتدا بڕیاری لەسەر نەدراوە و هیچ کاربەدەستێکی ئێران ڕوونی نەکردووەتەوە کە ئەم هێزانە لەسەر داوای کێ هاتوون؟ ئیرەج مەسجێدی، باڵوێزی ئێران لە عێراق دەڵێ میلیشیای حەشدی شەعبی بۆ یارمەتیدانی لافاولێدراوانی باشووری ئێران هاتوونەتە نێوخاکی ئەم وڵاتەوە، ئەویش لە حاڵێکد اکە پێشتر حەشدی شەعبی خۆی لە ڕاگەیەندراوێکدا گوتبووی کە هێزەکانیان بۆ گۆڕینی ڕێڕەوی لافاوەکان و ڕێگری لە دزەکردنیان بۆ خاکی عێراق سنووریان بەزاندوە؛ بەڵام کۆی دەنگی چالاکانی سیاسیی دژبەری کۆماری ئیسلامی ئەوەیە کە هێزەکانی حەشدی شەعبی بۆ سەرکوتی ناڕەزایەتییەکانی خەڵک و زاڵکردنی کەشی ئەمنیەتیی زیاتر بەسەر ناوچە لافاولێدراوەکان بردراونەتە ئێران. ئەو بۆچوونە کاتێک بەهێزتر دەبێ کە ماوەیەک لەوە پێش مووسا غەزنەفەرئابادی، سەرۆکی دادگای شۆڕشی تاران گوتبووی: "هەر ئێمە نین کە دەبێ ئەو شۆڕشە ڕابگرین، وە ئەگەر ئێمەش ئەوە نەکەین حەشدی شەعبیی عێراق، فاتمییونی ئەفغان، زێنەبییونی پاکستان، حوسێیەکانی یەمەن و حیزبوڵڵای لوبنانن کە دێنە ئێران و بەفریای شۆڕش دەکەون."

سەرچاوە Serchawe

ڕوون و ئاشکرایە کە هێنانی ئەم میلیشیا و گرووپانە نەک بۆ مەبەستی فریاکەوتن و بەهانەوەچوون، بەڵکوو ئامانجی سیاسیی لەپشتە.

بەپێی عورفی دیپلۆماتیک کاتێک وڵاتێک داوای یارمەتی لە هێزێکی بیانی دەکا تا لە ڕووداوێکی سروشتیدا فریای بکەوێ کە، یەکەم وڵاتی بەڵالیدراو کەرەستە و سەرچاوەی پێویست بۆ مودیریەتی قەیران و بەرگرتن لە زیان و خەسارەکانی نەبێ. تۆ بڵێی ئێستا ئێران ئەوەندە لۆدێر و گریدێر و هێزە ئینسانییەی نییە کە حەوجێ بە حەشدی شەعبی و حیزبوڵلا ماوەتەوە، ئەویش ئەو هێز و گرووپانەی کە بۆ خۆی تەیاریان دەکا؟ خۆ ئەگەر ئەم یارمەتییەش پێویست بوو بۆ داوا لە حەشدی شەعبی ئەویش بە هێنانی کەرەستە و چەکوچۆڵی سەربازی دەکرێ و ڕوو لە مانگی سووری عێراق و دەوڵەتی ئەم وڵاتە نەنراوە؟ مەگەر غەیری ئەوەیە کە هەموو ڕابردووی حەشدی شەعبی لە دروستبوونییەوە هەتا ئێستا تاڵان و قەڵتوبڕ و وێرانکردن و ڕووخاند بووە؟ یان لە ڕاستیدا هێنانی ئەو هێزانە جۆرێک ڕێکخستنی تایبەتە بۆ بەرەوڕووبوونەوە لەگەڵ ئەگەری تەنگژە و بشوێیەکان لە نێوخۆی ئێران و ناوچە؟ یان بڵێی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی باوەڕی تەواوی بە بەدەنە و هێزەکانی خوارەوەی سپای پاسداران و هێزە چەکدارەکانی دیکەی نییە لە کاتی پێویستدا بۆ دامرکاندنی شۆڕشە نێوخۆییەکان پشتیان پێ ببەستێ؟ یان دەیەوێ دوای بەتێرۆریست ناساندنی سپای پاسداران ئەو پەیامە بە ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی بدا کە لە ئەگەری هەر گۆڕانکارییەکدا ئەوە تەنیا کۆماری ئیسلامیی ئێران نییە کە دەبێ ئامبازی بن، بەڵکوو سەرجەم گرووپ و ڕێکخراوە تێرۆریستییەکانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستن کە دەبێ بەرەوڕوویان ببنەوە.

خوێندنەوەیەکی دیکەش کە دەکرێ بۆ هاتنی هێزی حەشدی شەعبی بۆ ئێران بکرێ ئەوەیە کە لە ساڵانی ڕابردوودا پرسی شوناسخوازی لە ناوچە عەرەبییەکانی ئێراندا تۆختر بۆتەوە. دەسەڵاتی سیاسی لە تاران بەمجۆرە هەڕەشە لە خەڵکی خوزستان دەکا کە لە ئەگەری سەرهەڵدانی بزووتنەوەی شوناسخوازیدا هیچ پێویست ناکا لە ناوەند و ناوچەکانی دیکەوە هێزی سەرکوتیان دەسەر بکا، بەڵکوو لە بنەپاڵەوە حەشدی شەعبیی هەیە کە بەگژیاندا بکا.
لایەنێکی دیکەی ئەم بابەتەش بۆ کێشە نێوخۆیی و ملبەملەکانی نێوان باڵبالێنی دەسەڵات دەگەڕێتەوە و لە درێژەی ئەم هەوڵانەدا دێن کە دەیانەوێ بە دەوڵەت بڵێن داوەڵ و بێدەسەڵاتە. هەر ماوەیەک لەوە پێش بوو کە بەشار ئەسەد سەردانی ئێرانی کرد و هیچ حسێبێک بۆ دەوڵەت نەکرا کە وازهێنانی کاتیی جەواد زەریفی لێکەوتەوە، ئێستاش دەوڵەتی سێبەر _سپای پاسداران کە هەموو جومگەکانی دەسەڵاتی ئێرانی بەدەستە - ویستی بە دەوڵەتی ڕواڵەتی بڵێ کە بۆ هیچ کاروبارێکی سیاسی و ئابووری و بەڕێوەبەری و تەنانەت فریاگوزاریش حەوجێیان پێی نییە.

دوا قسە:

کۆماری ئیسلامیی ئێران راست دەکا و ڕاکێشانی حەشدی شەعبی، حیزبوڵلای لوبنان، زێنەبییون"ی پاکستان و "فاتمییون"ی ئەفغانستان بۆ ئێران بەمەبەستی فریاکەوتنە، بەڵام نەک بەهاناوەچوونی لافاولێدراوان و بۆ خزمەت و پیرۆگەیشتن بەوان؛ بەڵکوو بۆ فریاکەوتنی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی و قوتارکردنی لە تەنگژە و ئەگەری سەرهەڵدانە نێوخۆییەکان لە ئێرانە کە لە ئێستادا لە هەموو کاتێک پتر چاوەڕوان دەکرێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٦ی ئەپریلی ٢٠١٩

کرێکاری بێکار لە دۆزەخستانی ئێرانی ئێستادا

ڕۆژی ١ی مای هەموو ساڵێک کە ڕۆژی جیهانیی کرێکارە، دەرفەتێکە بۆ باس لەسەر بارودۆخی کرێکارانی وڵات، بارودۆخێک کە لە ئێران نەک ساڵ بە ساڵ، بەڵکوو مانگ بە مانگ و تەنانەت ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ خراپتر دەبێ. وە لەو شەڕەی ڕێژیم ماوەی چل ساڵە لەدژی خەڵکی ئێران وەڕێی خستوە، ئەوە تۆڕی کرێکارانی کۆمەڵگەن کە پتر لە هەموو چین و تۆژەکانی دی زیان و خەساریان بەرکەوتوە. کرێکاران لە ئێران قوربانیی ڕیزی هەرە پێشەوەی سیاسەتی قەیرانخوڵقێنیی کۆماری ئیسلامی لە دەرەوەی سنوورەکان و مافیای دەسەڵات و بەڕێوەبەری لە نێوخۆی وڵاتن.

ئەوەی لە پێوەندی لەگەڵ پرسی کرێکاران لەو ڕۆژەدا دێتە گۆڕێ ئەوەیە کە ئەگەرچی داوای ئەوان هەر هەمان ویست و داواکانی ساڵانی پێشوو، بەڵام بارودۆخی بەڕێوەچوون و گوزەرانیان هێندە خەراپتر بووە کە ژیانی بۆ زۆر لەوان کردووەتە مەرگەساتی لەبڕاننەهاتوو. وە ئەمساڵیش لە کاتێکدا ڕۆژی جیهانیی کرێکارمان گەیشتێ، کە مۆتەکەی کەمیی مووچە و حەقدەست و دواکەوتن و پێنەدانی هەر ئەو کەمە مووچەیە هەروا بەسەر ژیانی کرێکارانەوە بوو. جیا لەوەی هیچ کرێکارێک نەبووە شەوانە بەو ترسەوە نەنووستبێ کە سبەینێی دوایی کارەکەی لە دەست نەدا و بێکار و ڕووزەردی بنەماڵەکەی نەبێ! مەسەلەی گرێبەستی سپی و بیمەنەکرانی کرێکاران و نەبوونی ستانداردە ئەمنیەتییەکانی شوێنی کارکردنیش لەجێی خۆی کە دەردی سەرباری هەموو دەردێکی کرێکارانە. بۆ نموونە لە ساڵی ڕابردوودا ئەوەندەی پێ زانداراوە و بەمیدیایی کراوە ٨٥١ کرێکار لە سۆنگەی نەبوونی لانیکەمی ستانداردەکانی پاراستنەوە گیانیان لە دەست داوە و ١٤٦٥ کرێکاریش بریندار و نقوستان بوون. بەڵای گرێبەستی سپی لە بەرژەوەندیی خاوەنکار - دەوڵەت و مافیای دەسەڵات - یش وایکردووە کە تەنیا دەرسەدێکی زۆر کەم لە کرێکاران بیمەی کار و دابینبوونی کۆمەڵایەتییان هەبێ.

لەگەڵ ئەو هەموو بێمافی و بەشمەینەتییانەدا، بەڵام کرێکاران بێدەنگ نەبوون و دەستەوەستانیش نەماونەتەوە. ئەوەندەی ئامارەکان ئاماژەی پێدەدەن لە ساڵی ڕابردوودا لانیکەم ٤٩٨ کۆبوونەوەی ناڕەزایەتیدەربڕینی کرێکاری لە ئاستی ئێراندا بەڕێوە چووە و، ٣٣٩ کۆبوونەوەی پیشەییش بۆ بەدواداچوونی مافە مەدەنی و سینفییەکانی کرێکاران گیراوە کە هەموویان یان بە وادە و بەڵێن کۆتاییان پێ هێندراوە، یان بە زەبری چەک و زۆر سەرکوت کراون. هەروەها لە ساڵی ڕابردوودا لانیکەم ١٨٦ چالاکی کرێکاری و ٥٢٦ چالاکی سینفی و پیشەیی لەلایەن ناوەندە ئەمنیەتییەکانەوە گیراون و زۆر لەوان دوای ئەشکەنجەدانی زۆر سزای زیندانیی درێژخایەنیان بەسەردا سەپاوە.

هۆکاری سەرەکیی بێمافی و بێئەنوایی کرێکاران بەدەر لە نێوەرۆکی دژەکرێکاریی دەسەڵاتی زاڵ و، سیاسەتی ئابووریی لایەنگری بەرژەوەندیی خاوەنکار و، پڕۆژەی سەقەتی بڕەودان بە کەرتی تایبەت و جێبەجێکردنی سەقەتتری ئەم خسووسی کردنە لەلایەن مافیای دەسەڵات؛ بەردەوامیی ڕێگرییەکانی دەوڵەتە لە دروستبوونی سەندیکا و ڕێکخراوە کرێکارییەکان. دوای چوار دەیە لە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی ئێستاشی لەگەڵ بێ کرێکاران لە ئێران خاوەنی ڕێکخراوەی خۆیان نین. ئەنجومەنی سینفی» و «شوڕای ئیسلامیی کار» دوو ڕێکخراون کە دەوڵەت خۆی دروستی کردوون و هەر ئەوانەش بەڕەسمی دەناسێ. لە بەرامبەریشدا هیچ کرێکارێکیش ئەم ڕێکخراوانە بە ئی خۆی نازانێ؛ چونکی نەک هیچ کام لەوان پێوشوێنی مافی کرێکار ناکەون و بەرژەوەندیی تۆڕی کرێکاریان بۆ گرینگ نییە، بگرە هەر بۆخۆیان لە جێدا کۆسپن لەبەردەم دروستبوونی ڕێکخراوە و دامەزراوەی سەربەخۆی کرێکاراندا و؛ وەک قۆڵێکی دەسەڵات و حاکمییەت خۆیان بەسەر ئەم کۆمەڵگەیەدا فەرز کردوە. ئەگینا چۆن دەبێ مل بۆ دیاریکردنی مووچەی مانگانەی یەک میلیون و ٢٠٠ هەزار تمەنی بۆ کرێکاران ڕابکێشن، لە کاتێکدا هێڵی هەژاری لە گەشبینانەترین حاڵەتی خۆیدا کەمتر لە ٢ میلیون و ٧٠٠ هەزار تمەن نییە! ئەو بارودۆخەش وایکردوە کە بەپێی ئامارە ڕەسمییەکان کرێکاران سەتا ٧٠ی توانای کڕینەکانیان لە دەست بدەن و هەموو مووچەی مانگانەی کرێکارێک بەشی بەڕێچوونی حەوتوویەکیان نەکا.

دیاردەی کاری منداڵان، هەڵاواردنی ژنان لە دامەزراندن و بێبەشکردنیان لە پێدانی مووچەی وەک یەک بۆ کاری وەک یەک لەگەڵ پیاوان و دەیان حاڵەتی دیکەی دژ بە ماف و بەرژەوەندیی کۆمەڵگەی کرێکاری لایەنەکانی دیکەی ئەو باس و بارودخەن کە لەلایەن ناوەندەکانی دەسەڵاتەوە پەرەیان پێدەدرێ.

لە کوردستان بارودۆخەکە جیاوازتر، مەینەتییەکە زیاتر و زیان و خەسارەکانی بۆ کۆمەڵگە پتترن. کوردستان لە چوار دەیەی ڕابردووی تەمەنی کۆماری ئیسلامیدا بەهۆی سیاسەتی بەخۆیی نەزانین لەلایەن دەسەڵاتی ناوەندەی و لە سۆنگەی ڕوانگەی ئەمنیەتییەوە بەردوام لە ڕەوتی گەشە و پیشەسازی دواخراوە، ئەوەش وایکردوە کە بۆ نموونە پارێزگای کرماشان

لە ڕووی بێکارییەوە یەکەم پارێزگا بێ لە ئاستی ئێراندا. لە پارێزگاکانی ئیلام و ورمێ و سنەش ئەگەر نرخی بێکاری زیاتر لە سەتا ٥٠ نەبێ کەمتر نییە، وە ئەمە نەک ئیدیعایەکی ڕووت؛ بەڵکوو قسە و ڕەخنەی نوێنەرانی کوردە لە مەجلیس و کاربەدەستانی دیکەی حوکمەت لە کوردستان.

ئەم بارودۆخە لە کوردستان بە درێژایی ساڵانی رابردوودا بۆتە هۆی دروستبوونی زۆر جۆر کار و پیشەی ساختە و «کاذب» کە «کۆڵبەری» یەک لەوانە. کۆڵبەری کە بەرهەمی پەراوێزخستن، پەرەنەسەندن و پاشکۆبینینی کوردستانە و ئێستا زۆر کەس وەک «کار» پەنای بۆ دەبەن، تێچووی زۆری لەسەر دەستی کۆمەڵگەی کوردی داناوە. ئەگەر لە ساڵی ڕابردوودا لە ئێران ٨٥١ کرێکار بەهۆی نەبوونی ستانداردی خۆپاراستن گیانیان لە دەست داوە، لە کوردستان ٢٤٢ کۆڵبەر لە پێناو پارووە نانێکدا بە ئانقەست دراونەتە بەر دەستڕێژ وکوژران و بریندار بوون. ئەو کارەساتە لە حاڵێکدایە کە لە بەشەکانی دیکەی ئێران سنووری بوون پوانێکی گرینگە و کردنەوەی بازاڕە سنوورییەکان دەرفەتی کار و بووژانەوەی بۆ ئەو ناوچانە دروست کردوە، بەڵام پشکی خەڵکی کوردستان لە سنووری بوونی ناوچەی بۆنی باڕووت و خوێنە. ڕووکارێکی دیی بابەتەکە ئەوەیە کە کرێکار و چالاکی کرێکاریی کورد لە کوردستان لە ئەگەری هەر چەشنە ناڕەزایەتییەک بە بارودۆخی ژیان و ماف و چەندی و چۆنیی مووچە و حەقدەستی پەروەندەی ئەمنیەتیی لەدژی دروست دەکرێ و بەرەوڕووی سزای قورس دەبێتەوە.

پوختەی مەبەست ئەوە کە ئەگەر کۆماری ئیسلامیی ئێران دۆزەخێکی بۆ خەڵکی ئێران خوڵقاندوە، ئەوەی لەو دۆزخستانە پتر هەڵدەپڕووزێ تۆڕی کرێکارە و لە نێو ئەوانیشدا پتر کرێکاری کورد.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٦ی مای ٢٠١٩

ئەو کاتانەی دەمامکەکان لا دەدرێن

لەگەڵ هاتنەدەرێی ئەمریکا لە بەرجام و ڕاگەیاندنی لایەنی ئوروپا بۆ مانەوەیان لە بەرجامدا و ڕاگرتنی، کۆماری ئیسلامی هەوڵی دا زۆرترین قازانج لەو کەلێنەی نێوان ئەمریکا و ئوروپا وەرگرێ.

ئێران لەڕووی ژینۆپۆلۆتیک و ستراتیژیی بانەوە چاوی ئوروپای لەسەرە، بە تایبەت کە چالاکییە ئەتۆمییەکانی ئەم وڵاتە گرینگییەکی دیکەشی بەو جێگەوپێگەی ئێران لە خوێندنەوەکانی ئوروپا دابوو. هەر لەم ڕووەوە "بەرجام" و ڕێککەوتنی ئەتۆمی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی لە خوێندنەوەی وڵاتانی ئوروپادا بە گەورەترین دەسکەوتی دیپلۆماتیک دادەنرا و هەر ئەوەش بوو کە دوای کشانەوەی ئەمریکا هەوڵیان دا بە هەموو هێز و تواناوە ئەم ڕێککەوتنە ڕابگرن. ئێرانیش ئەوەی باش دەزانی، بۆیە لەگەڵ جەختکردنەوەی لەسەر پێبەندمانی بە بەرجام، تێدەکۆشا ئوروپا بکاتە قەڵغانێک و هەڕەشە و مەترسییەکانی ئەمریکای پێ لە خۆ دوور بخاتەوە. بەڵام نە ئوروپا هیچی بۆ چووە سەر و نە ئێران توانی لەودا سەر بکەوێ و هەر کام لەوانە هۆکاری خۆی هەبوو.

لەپێشدا ئەوەی کە پێداگریی ئوروپا لەسەر درێژەدان بە مامەڵەی بانکی و بازرگانی لەگەڵ ئێران لە چوارچێوەی مانەوەی بەرجامدا دیوی بڕیارە سیاسییەکەی یەکیەتیی ئوروپا بوو، بەڵام لایەنی بڕیاردەر و یەکلاکەرەوەی ئەم بابەتە نەک دەوڵەتەکان؛ بەڵکوو گەورە بانک و کۆمپانیا زەبەلاحە ئابووریییەکانی ئوروپا بوون کە بەرژەوەندییەکانیان هاوتەریب لەگەڵ ئەم بڕیارە سیاسییە نەبوون. بەستراوەیی ئابووری و تەنانەت ئەمنیەتیی ئوروپا بە ئەمریکا بە ڕادەیەکە کە وڵاتانی ئوروپایی هەر لە سەرەتاشەوە دەیزانی کە ناتوانن بەرهەڵستی بڕیاری ئەمریکا ببنەوە، بەڵام لە لایەک پێیان وانەبوو تڕامپ تا ئەو ڕادەیە لەسەر ئەم سیاسەتەی سوور و شێلگیر بێ، دووهەم هەتا بڵێی پێویستیی ژیانەکییان بە مانەوەی بەرجام هەبوو و ئێستاش هەیە. بەرجام نەک هەر لە ڕووی ئابووری، بگرە لە ڕووی سیاسی و ئەمنیەتیشەوە قازانجی زۆری بۆ ئوروپا هەیە.

یەکەم؛ لەو سۆنگەیە کە ئەم ڕێککەوتنە جڵەوی بەئەتۆمی بوونی ئێرانی - بەدەر لە مەترسیی بەرنامە مووشەکییەکانی - ئەستاندبوو.

دووهەم؛ ئوروپا دەزانێ لە ئەگەری بەردەوامیی تەنگەژە و ئاڵۆزییەکان کە ئەگەر بە لای شەڕ و پێکدادان لە ناوچەدا بشکێتەوە، پێش هەموو شتێک ئەوە ئوروپایە کە یەکەم شت دەکەوێتە بەردەم شەپۆلێکی دی لە شاڵاوی کۆچبەران. بۆیە لەبەرامبەر گوشارەکانی ئەمریکادا خۆڕاگرییان دەکرد بۆوەی چەندی دەکرێ کار لە گرێژنە دەرنەچێ، ئەگینا ڕوون و ئاشکرایە کە هەڵبژاردنی ئوروپا لە دواجاردا هەر ئەمریکایە، نەک ئێران.

لە لایەکی دیکەشەوە ئێران سەرەتا نەیدەویست ڕەفتاری سیاسیی ئوروپا وەک هەیە بیخوێنێتەوە. ئوروپاییەکان بەپێی زۆر فەکتی مێژوویی ڕەفتاری سیاسیی ئاڵۆزتر و پێچەڵاوپووچتریان لەچاوی ئەمریکاییەکان هەیە. ئەمریکا بەپێی خەسڵەتی دەروونیی خۆیان لە ئابووری و سیاسەتدا چی بوێ و بەدوای چیدا بگەڕێ بەئاشکرا و بێ پێچ و پەنا دەیڵێ. وە توانای زۆر و مەزنی ئابووری و نیزامییەکەیان لە دنیادا ئەوانی لەو ڕوونیێژییەدا بێمنەت کردووە. بەڵام ڕەفتاری سیاسیی

ئوروپاییەکان ئاڵۆزتر و زۆر جاریش تێگەیشتنەکان لە لێڵی و ناڕوونیدا دێڵێتەوە. ئەوە بوو کاتێک کۆماری ئیسلامی هەموو مەبەستەکانی ئوروپای خوێندەوە، دەمامکەکان لەسەر ڕوخساری خۆیشی لاچوون؛ وابوو کە ئەمجارەیان هەڕەشەکانی ئێران دەستیان پێکرد.

هەڕەشەکانی ئێران جۆراوجۆر بوون، بۆ نموونە وەزارەتی دەرەوەی ئێران ڕایگەیاندکە لە ئەگەری گوشارە ئابووریەکانی ئەمریکادا هەموو ئەفغانییەکانی نیشتەجێ لە ئێران لە وڵات دەردەکەن، بەوەش شەپۆلێکی دی لە کۆچ بەرەو ئوروپا وەڕێ دەکەوێ و بەوەش وڵاتانی ئوروپا تووشی تێچووی قورس دەکەن. یان ڕایانگەیاند ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە لیبی ڕا هەتا ئەفغانستان هەمووی پڕ کێشە و قەیرانی شەڕ و هەژاری و برسێتییە و ئەگەر ئێران لە بەرجام بکشێتەوە، ئەمنیەتی ئوروپا بە تەواوی دەکەوێتە مەترسییەوە. ئەوان بۆ نموونە باس لەوە دەکەن کە ئەو ئەفغانییانەی لە ئێران داڵدە دراون لە ساڵدا لە نێوان ٣ هەتا ٥ میلیارد یۆرۆ پارە لە ئێران دەبەنە دەرێ و بۆ کەسوکاریان لە ئەفغانستانیان دەنێرنەوە. هەروەها نیزیک بە ٤٦٠ هەزار قوتابیی ئەفغان لە ئێران دەخوێنن کە تێچووی هەر کام لەوان لە ساڵدا نیزیک ٦٠٠ یۆرۆیە، بۆیە ناچارین جوابیان بکەین و لەو ئەگەرەشدا بەشێکی زۆر لەوان شاڵاو بۆ وڵاتانی ئوروپا دێنن. وە سەیر ئەوە کە هەر ئەم ئەفغانییانەی ئێران هەڕەشەی دەرکردنیان دەکا ماوەی شەش ساڵە لە سووریە و لەژێر ناوی "فاتمیوون"دا شەڕی نیابەتی بۆ ڕێژیم دەکەن بۆوەی مانەوەی خۆیان لە ئێراندا مسۆگەر کردبێ.

ئەم هەڕەشانە لە زمان حەسەن ڕووحانی، سەرکۆماریشەوە کران. ئەو ڕووی لە ئوروپا کردووە و دەڵێ ناکرێ "بەرجام"یک هەبێ و ئێمە جەورەکەی بکێشین، بۆیە ئێوە دەبێ بێنە پێشێ و بۆ بەرگرتن لە شاڵاوی مادەی هۆشبەر و کۆچبەر بۆ ئوروپا هاوکاریی ئێران بکەن. هاوکارییەکەش ڕوونە کە بەردەوامیی دژایەتیی ئەمریکا و دریژەی بیزنس و بازرگانییەکان لەگەڵ ئێرانە.

ڕووحانی پێشتریش گوتبووی کە گەمارۆکانی ئەمریکا لە دژی ئێران توانای ئەو وڵاتە بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ قاچاغ! و ترانزیتی مادەی هۆشبەر بۆ ئوروپای دابەزاندووە. ئەو هەڕەشەی ئەوەی کردبوو پێویستە ئوروپا سەیرێکی جوغرافیای ئێران بکا، چونکی ئەگەر ئێران حەز بکا و بیهەوێ هەر هەموو ئوروپا لە بن داروپەردووی مادەی هۆشبەر و کۆچبەر و تێرۆریزمدا ورد و خاش دەبێ.

ئەم هەڕەشانەی کۆماری ئیسلامی لە ئوروپا بۆ ئەوەیە کاتێک دەبینێ بە تەنیا دەروەستی ئەمریکا نایە و خەریکە بەچۆکدا دێ، وڵاتانی ئوروپا بێنێتە سەر خەت تا لە ڕێگەی ئەوانەوە گوشار بخرێتە سەر ئەمریکا و بەمجۆرە ئیمتیازێکی وەرگرتبێ. هەڕەشەکانی ئێران بەوەندەش نابڕێنەوە. داخستنی گەرووی هورموز، داخستنی "باب المندب"، پەلامار بۆ سەر

بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی ئەم وڵاتە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بە پشتیوانیی میلیشیاکانی سەر بە خۆی، هاتنە دەرێ لە ڕێککەوتنیNPT، دەستپێکردنەوە بە پیتاندنی ئۆرانیۆم، بڕەودان بە هاوکاریی سەربازی و سیاسی و تێکنۆلۆژی لەگەڵ کۆرەی باکوور، هێرشی مووشەکی، پەسەندنەکردنی لایحەکانی پالێرمۆ و CFT، و FATF، هەناردەی چەکوچۆڵ و تێرۆریزم و مادەی هۆشبەر و کۆچبەر بەشێک لەو هەڕەشانەن کە لە ماوەی چەند مانگی ڕابردوودا بەردەوام لەسەر زار و زمانی کاربەدەستانی ورد و درشتی کۆماری ئیسلامی بوون.

ئەو هەڕەشانەی ڕێژیم بەدەر لەوەی لە ئەگەری جێبەجێ کردن و بردنە سەرێی هەر کام لەوان کێشە و قەیرانی دیکە لەبەردەم ڕێژیمدا دروست دەکا، بێ ئەوەی لە هیچ کوێ فریای ڕێژیم بکەوێ؛ بەڵام یارمەتیی ئوروپا دەدا زووتر بچێتە پشت ئوروپا. دوا بەدوای ئەوە بوو کە برایان هووک، نوێنەری تایبەتیی ئەمریکا بۆ کاروباری ئێران ڕایگەیاند کە وڵاتەکەی لە هەموو بوارێکەوە لەسەر ئوروپا حسێب دەکا، تەنانەت لە ڕووی پاڵپشتی و هاوپەیمانیی سەربازیش!

قووڵایی ستراتێژیی ئەمریکا و ئوروپا لێرەدا پێک دەگەن کە هەر دوو لا بەرژەوەندیی زۆریان لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دایە و جیا لە نالێکی بۆچوونیان لەسەر پرسی ڕێککەوتنی ئەتۆمی لەگەڵ ئێران لە زۆر بابەتی دیکەدا هاوڕا و هاوهەڵوێستن. لە پرسی ئەمنیەتیی وزەوە بگرە هەتا دەگاتە بابەتگەلی وەک پێشێلکردنی مافی مرۆڤ و پاڵپشتیی ئێران لە تێرۆریزمی دەوڵەتی. بابەتی مووشکە بالستیکەکانی ڕێژیمیش لەجێی خۆی کە لە ئێستادا دەتوانن بەشێک لە ئوروپا بنگێون. پاراستنی ئەم بەرژەوەندییانەش لە سەقامگیریی سیاسی و ئەمنیەتیی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دایە، جوغرافیا و ناوچەیەک لەم جیهانەدا کە هەمووان دەزانن ئێران هۆکار و لایەنی سەرەکیی هەموو قەیران و شڵەژانییەکانێتی. وەک چۆن جێرمی هانت، وەزیری دەرەوەی بریتانیا چەند ڕۆژ پێش ئێستا ڕایگەیاند وڵاتەکەی لەگەڵ ئەمریکا هاوڕایە کە ئێران هەڕەشەیەکی گەورەیە، بۆیە بەوردی چالاکییەکانی ئەم ڕێژیمەی خستووەتە ژێر چاودێرییەوە و وەک هەمیشەش نیزیک و شانبەشانی ئەمریکا هەنگاو دەنێن!

ئەوەی تڕامپ لە یەک ساڵی ڕابردوودا بە ئێرانی کرد و ئەو بژێرانەی ئێستاش بۆ هەر دوو لایەن کراوەن بەدەر لەوەی شەڕەکە ڕوو دەدا یان جامە ژاڕەکە دەخوڕێتەوە، چەند دەسکەوت و چەند ڕاستییەکی تێدان: دەرکەوت کە پێچەوانەی چوار دەیە دروشمی "ئەمریکا ناتوانێ هیچ غەڵەتێک بکا"، ئەمریکا توانی ئێران تووشی ئیفلاسی سیاسی و ئابووری بکا. دەریخست کە ئەم ڕێژیمە توانا سەربازییەکەشی ئەوە نییە کە بتوانێ لە کێشە و هاوکێشەکان لەگەڵ وڵاتانی دیکەدا بکەونە فریای. هەروەها ئەوەی لەو نێوەدا بۆ وڵاتانی زلهێز نە گرینگە و نە دەخوێندرێتەوە ویستی سەرەکی و بنەڕەتیی خەڵکی ئێرانە کە نەمانی ئەم ڕێژیمە و دەستەبەری ماف و ئازادییەکانیانە. بۆیەش خەڵک و ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی

چیدی نابێ لە چاوەڕوانیی "گۆدۆ"دا بمێنینەوە و، تەنیا بۆ خۆیانن کە دەبێ و دەتوانن خۆیان لەگەڵ ئەم ڕێژیمە یەکلا کەنەوە و لەو نێوەشدا گوشارە نێودەوڵەتییەکان تەنیا دەتوانن ڕۆڵی هاندەرانە و خێرابەخشینیان بەو ویست و بڕیارە هەبێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی مای ٢٠١٩

ئەو بەڵایەی دەبێ لە کۆڵ خەڵکی ببتەوە

بیانووی نووسینی ئەم بابەتە لێدوانێکی دۆناڵد تڕامپ، سەرکۆماری ئەمریکا بۆ ڕۆژنامەنووسان لە وڵاتی ژاپۆنە کە گوتی، «ئێران هەر بەو ڕێبەرانەی ئێستای دەتوانێ وڵاتێکی گەورە بێ.»

کۆماری ئیسلامیی ئێران چوار دەیەیە لەسەر کارە و حوکمی وڵات دەکا. پرسیار ئەوەیە چوار دەیە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی چ خێروبێرێکی بۆ خەڵک و وڵاتی ئێران بووە، هەتا ئەم وڵاتە گەورەیە! بیەوێ لە هاوکێشە نێودەوڵەتییەکاندا لایەنێکی بێزەڕ بێ و ماناوەی قازانجی بۆ کۆمەڵگەی جیهانی هەبێ؟ ڕەنگبێ لێرەدا تەنیا فەکت و ئامارەکان بن کە بتوانن وەڵامێکی باش بەو پرسیارە بدەنەوە.

ڕێژیمێک کە تینووی خوێن و کوشتنە

لە ماوەی چوار دەیە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا (لە ڕێبەندانی ١٣٥٧ هەتا سەرماوەزی ١٣٩٧) ئەوەندەی پێی زانداوە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ٢٦٣٢٥ کەسی ئێعدام کردووە. لە شەڕی ٨ ساڵە لەگەڵ عێراقدا کە دەکرا هەر لە مانگەکانی یەکەمدا کۆتایی هاتبا و ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی بەئانقەست و بە مەبەستی ڕەگداکوتانی دەسەڵاتەکەیان درێژیان کردەوە ٢٥٥٥٧٠ کەس بەکوشت دران، ٥٧٤١٠١ کەس بریندار بوون کە ٢٣٧٨١٩ کەسیان سەتا ٢٥ هەتا سەتا ٧٥ نقوستان بوون. هەر لەو شەڕەدا ٥٥٠ هەزار منداڵی چەکدارکراو نێردرانە بەرەکانی شەڕ کە ٣٦٠٠٠ کەس لەو منداڵانە تەرمەکانیان گەڕانەوە.

لە ئێران لە ساڵدا ١٨ هەزار کەس بە ڕووداوی هاتوچۆ دەمرن، ٩ هەزار کۆرپە بەهۆی هەژاریی بنەماڵەکانیان گیان لەدەست دەدەن، ٥ هەزار کەس بەهۆکاری جۆراوجۆری ئابووری و کۆمەڵاتی خۆیان دەکوژن؛ و لانیکەم ٢ هەزار کەس بەهۆی ڕووداوی کار تێدا دەچن. وە بەڕپرسایەتیی هەموو ئەم مردنانەش لە ئەستۆی کۆماری ئیسلامی و ڕێبەرانیەتی.

دەسەڵاتێکی تا سەر نێسقان دژی ئازادییەکان

هیچ ساڵێک نەبووە کە کۆماری ئیسلامیی ئێران سەبارەت بە پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ، مافی کەمینە نەتەوەیی و ئاینییەکان و سنووردارکردنی ماف و ئازادییەکانی خەڵکی ئێران لەلایەن شووڕای مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانی داکۆکی لە مافی مرۆڤەوە مەحکووم نەکرابێ. دیاریکردنی ڕێپۆرتێری تایبەت بە کاروباری ئێران لە شووڕای مافی مرۆڤ هەر لەجێدا پێمان دەڵێ کە لە ئێران چ ڕادەبڕێ!

ڕێکخراوی ئەمنستی ئینترناشنالّ دەڵێ ئێران زیندانی ڕۆژنامەنووسانە و هەرنەبێ ٧ هەزار ڕۆژنامەنووس بەتۆمەتی جۆراوجۆر کەوتوونەتە زیندانەکانی ئەو ڕێژیمەوە. هەر چەند ڕۆژ پێش ئێستا بوو ڕێکخراوی هەواڵنێرانی بێسنوور ڕایگەیاند کە کۆماری ئیسلامیی ئێران لە بواری فیلترینگ و سانسۆرکردنی بابەت و نووسین و بڵاوکراوەدا وەپێش وڵاتی چین کەوتوە و دوای وڵاتانی «سوومالی» و «کۆرەی باکوور»، لە پلەی سێهەمی ڕیزبەندیی جیهاندا ڕاوەستاوە. کاربەدەستانی دەزگای قەزایی خۆیان ئاشکرایان کردوە کە هەموو ساڵێ ٤٣٠ هەزار کەس لە ئێران دەکەونە بەندیخانەوە و گرتووخانەکان سێ هیندەی زەرفییەتی خۆیان بەندییان تێ پەستاوتوون.

خەساندنی کۆمەڵگە بە پیلان و پلان

سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی لە چوار دەیەی ڕابردوو لە بەستێنی کۆمەڵایەتیدا کۆمەڵگەی ئێرانی بەرەو هەرەس بردوە. چوار هەتا شەش میلیون کەس لە حەشیمەتی ئێران گیرۆدەی مادە هۆشبەرەکانن. تەمەنی توشبوون بە مادەی هۆشبەر بۆ ١١ ساڵ دابەزیوە. لە سۆنگەی پەرەسەندنی دیاردەی ئێعتیاد، هەژاری و بێکارییەوە ئاماری تەڵاق بەردەوام لە هەڵکشان دایە. تەمەنی لەشفرۆشی بۆ خوار ١٤ ساڵ دابەزیوەکە بەشی زۆریان خوێندەوارن و خاوەن مێرد و منداڵن.

لە ئێرانی ئێستادا ڕۆژ بە ڕۆژ تەمەنی لادان و تاوانکاری دێتە خوارێ و درۆ و چەوتی هەموو جومگەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیی خەڵکی داگرتوە بەپێی ئاماری دەزگای قەزایی لە ساڵدا لانیکەم ٣ میلیۆن پەروەندەی کەیفەری و ٢ میلیۆن

پەروەندەی حقووقی لە دادگاکانی وڵاتدا کاریان لە سەر دەکرێ و، زیاتر لە ٣ میلیۆن پەروەندەش لە «شووڕاکانی حەلی ئیختلاف»دا بەدواداچوونیان بۆ دەکرێ. کاڵبوونەوە و گۆڕانی بایەخ و نۆڕمە کۆمەڵایەتییەکان، لادان و قانوون بەزاندن و دروستبوونی کەلێن و کەلەبەر لە نێوان تاک و کۆمەڵگە واقعێکی حاشاهەڵنەگری کۆمەڵگای ئێرانە کە دەرەنجامی شکستی سیستەمی پەروەردەیی و سیاسەتی کەلانی کۆماری ئیسلامییە لە مەهندیسی کردنی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگەدا.

خەڵک لە دەرەوەی هەموو ئامانج و بەرنامەکان

بیرهێنانەوەی چەند ئاماری ڕەسمی پێمان دەڵێن کە کۆماری ئیسلامی ئەوەی بۆی گرینگ نەبێ خەڵکی ئێران و ماف و گوزەرانیانە. لە ڕوانگەی ئەوانەوە خەڵک تەنیا بۆ شانۆگەریی هەڵبژاردنەکان دەبن و، لە کاتی شەڕدا بۆ دەم لوولەی تۆپەکان. کاربەدەستانی ڕێژیم خۆیان دەڵێن کە لە ئێستادا دوو میلیون بنەماڵە کرێچین و ماڵ و حاڵیان نییە و لەو هەوایەش بڕوا قەت نابنە خاوەنی چوار گۆشەیەک میچەکەی ئی خۆیان بێ. ئەویش لە کاتێکدا کە لە یەک ساڵی ڕابردوودا کرێماڵ دوو هێندەی پێشوو زیادی کردوە.

نان کە سەرەکیترین قووت و بژیوی ژیانی خەڵکە، لەچاو پار سەتا ٢٠ گران بووە، تێچووی بەرهەمهێنان بۆ وەرزێر و خاوەن باغ و ئاژەڵداران دوو قات چۆتە سەرێ و ئەوان یان دەبێ بەروبوومیان لە بازاڕدا گران بکەن، یان مایەپووچ ببنەوە.

کۆمیسیۆنی کۆمەڵایەتیی مەجلیس ڕایگەیاندوە کە پێوەری داماوی (فلاکت) بۆ سەروو سەتا ٥٠ هەڵکشاوە. (داماو بە کەسێک دەڵێن بێکار بێ و لەو بارودۆخەشدا کە هەموو ڕۆژێک نرخی کاڵا و شمەک گرانتر دەبێ، ئەو لەبەر بێ داهاتی نەتوانێ هیچی دەست کەوێ.) کار گەیوەتە جێیەک کە قەیرانەکان کاریگەریی لەسەر بالاکورتی خەڵکی ئێران هەبێ. لێژنەی زانستیی تۆێژینەوەی خواردەمەنی و پیشەسازیی خۆراک لە ئێران دەڵێ لە ٢٥ ساڵی ڕابردوودا خەڵکی ئەم وڵاتە بالایان لە کورتیی داوە کە هۆکارەکەی لەکەمیدانی بەکارهێنانی شیر و شیرەمەنییە لە سفرە و خواردنی ماڵاندا.
ڕاپرسییەکی مەیدانی دەری خستووە کە ٢٦ میلیون کەس لەبن هێڵی هەژاریی موتلەقدا دەژین. نیزیک بە ٤ میلیون کەس لە خەڵکی ئێران لە ساڵی ١٣٩٧دا دەمیان بۆ گۆشی سوور نەبردوە و ٩ میلیون کەس تامی ماسییان نەکردوە. هەروەها فرۆشتنی ئەندامانی لەش لەسۆنگەی هەژاری و بێدەرەتانی دیاردەیەکە کە لە سایەسەری ئەم حکوومەتەدا ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر لە کۆمەڵگەی ئێراندا پەرە دەستێنێ.

بەشی خۆم بۆ خۆم و بەشی تۆش دەخۆم

بودجەی ئاوەدانی و قەرار بۆ خۆشبژیوی خەڵک کەمترین بەشی هەیە لە بودجەی ساڵانەی وڵاتدا، بەڵام بودجەی ناوەندەکانی سەرکوت، هێزە سەربازی و ئەمنیەتییەکان، داموودەزگاکانی سەر بە دەسەڵات و پیلانگێڕی و شەڕخوڵقێنی لە ناوچەی بەپێی فیلانە. بۆ نموونە سپای پاسداڕان کە خۆی حاکمی بەڕ و بەحرە لە ئێراندا و شادەماری ئابووریی ئەم وڵاتەی لە دەست دایە، کەچی «قەرارگای خاتەمولئەنبیا»ی سەر بەو ڕێکخراوەیە لە بودجەی گشتیی وڵات بۆ ساڵی ۱۳۹۸، ئەوەندەی ئاشکرایە بڕی ۳۳۵ میلیارد و ۸۰۰ میلیون تمەنی بۆ تەرخان کراوە؛ چەندەش بێ ئەوەی دەنگی لێ دەربێنن ڕایدەکێشن با لەوێندەر بوەستێ.

بەشی دامەزراوە و بنیات و ڕێکخراوە دینی و ئیدۆلۆژییەکان لە بودجەی وڵات چەند قات لە بەشی زانکۆ و پەروەردە و بنیاتە زانستییەکانی وڵات زیاترە کە خزمەتی وڵات و کۆمەڵگە دەکەن.

هەڕەشەیەک بەناوی تێرۆریزمی دەوڵەتیی کۆماری ئیسلامی

بەڕێز تڕامپ لە کاتێکدا بە توانج، یان هەر بەڕاست ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی شایانی بەڕێوەبردنی وڵاتێکی وەک ئێران دەزانێ، کە هەر بەپێی ڕاگەیاندنی بەرپرسانی ئەمریکا لانیکەم ٦٠٨ سەربازی ئەم وڵاتە بە بڕیاری ڕێبەرانی ئێران لە خاکی عێراقدا کوژراون. هەروەها ئێران لە پشتی هەموو ئەم شەڕ و قەیران و ناسەقامگیرییانەی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستە.

هەتا ئێستا چەند دادگای نێودەوڵەتی و دەزگای دادی سەربەخۆی وڵاتان کۆماری ئیسلامیی ئێرانیان سەبارەت بە بڕیاردان و دەستێوەردانە بوون لە کردەوە تێرۆریستییەکاندا مەحکووم کردوە. مەحکوومکرانی ئێران لە پەروەندەی «آمیا» لە ئارژانتین، «میکونووس» لە ئەڵمان، زنجیرە تەقینەوەکانی ساڵی ۲۰۱۲ی بانکوک لە تایلەند و «هیند» و «کێنیا» تەنیا چەند نموونەیەک بۆ بیرهێنانەوەن. تۆ بڵێی تڕامپ کاتێک ئەو قسانەی دەکرد هیچ بیری لەوە کردبۆوە کە باسی کەسانێک دەکا ئارا و قەرایان نەک لە خەڵکی خۆیان، بگرە لە خەڵکی دنیا هەڵگرتوە؟!

ڕێژیمێکی بارمتەگر، لە سەرەتاوە تا ئێستا

دەسەڵاتی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی هەر لە سەرەتاوە بە داگیرکردنی باڵوێزخانەی ئەمریکا لە تاران و بەبارمتە گرتنی ٦٦ دیپلۆماتی ئەم وڵاتە بۆ ماوەی ٤٤٤ ڕۆژ دەستی پێکرد. ئێستا ئەم ڕێژیمە چوار دەیەیە هەموو خەڵکی ئێرانی بە بارمتە

گرتوە و کردوونی بە قەڵغانی بەڵا. نابێ و ناکرێ لەبەرچاوی هیچ سیاسییەک و کاربەدەستی هیچ وڵاتێک شاراوە بێ کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران هیچ پێگەیەکی لەنێو خەڵکی ئێراندا نییە و ئەوەی تا ئێستا ڕێژیمی ڕاگرتوە و فریای کەوتوە تەنیا دەزگای سەرکوت و داپڵۆسینەکەی بووە. بەردەوامی و پەرەسەندنی ناڕەزایەتییەکان لە ئێران و وەئامان هاتنی هەموو چین و توێژەکان لەم وڵاتە بەڕوونی دەری دەخەن کە ویست و هەڵبژاردنی خەڵک چییە و کامانەن!

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بەڵایەکە هەم بۆ خەڵکی ئێران و هەم بۆ کۆمەڵگەی جیهانی، کاربەدەستانی ئەم ڕێژیمەش تەنیا شیاوی ئەوەن کە بدرێنە دادگای خەڵک و سەبارەت بە تاوانەکانیان تێیان هەڵپێچن. بۆیە ڕەوا نییە بێ لەبەرچاوگرتنی ویستی ئەم خەڵکە و ڕاستییەکانی ئەم کۆمەڵگەیە، لەگەڵ ڕێژیمێک بەو پێناسە گەندەڵ و نێوەرۆکە دژەمرۆڤایەتییە بکەویە سازان.

ئەم ڕێژیمە دەبێ لە کۆڵ خەڵکی ببتەوە، خەڵکی ئێرانیش قۆڵیان لەم کارە هەڵماڵیوە و بۆ سەرکەوتن لەم ئامانجەش چاویان لە پاڵشتیی وڵاتانی دێموکرات و هێزە پێشکەوتنخوازەکانە و، ئەمەش چاوەڕوانییەکی بەجێ و دروستە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٦ی جوونی ٢٠١٩

چرای ماڵانە قاسملوو

سی ساڵە قاسملووی ڕێبەرمان بەجێی هێشتووین، بەڵام کۆڵان و شەقامەکانی شار هەر وا پڕن لە ناوی ئەو. سی ساڵە قاسملووی ڕێبەریان بە دەستی غەدر و تاوان لێ ستاندووین، بەڵام ئەوان ئێستاش زراوچووی پیلانی نگریسیانن و؛ لای ئێمەش ڕۆژ نییە قاسملوو لەگەڵ هەڵهاتنی خۆر لەدایک نەبێتەوە و ئێواران نەبێتەوە چرای ماڵان و سەر بە هەموو ژوانگەیەندا نەکاتەوە.

ڕێک سی ساڵە دەمی ئەم تەورە گەیوەتە بەورە چنگ بەخوێنەکەی قەندیل، بەڵام ئەم زامە هەروا بەسوێیە و، لای ڕێبوارانی بۆتە ڕقی پیرۆز.

سی ساڵە شەنگەسوارمان گلاوە، بەڵام کاروانی ڕیزبەستووی ڕووەو خۆری ئەو هەر بەپێوەن؛ هەر بەڕێوەن... پێیان وابوو دەرکی فێرگەمان لێ گاڵە دەدەن، بەڵام نەیانزانی هەموو ئەم نیشتمانە پەیڤی قاسملووە، و هەموو کوردستان وانەکانی ئەون. لە ئێوارەیەکی پووشپەڕدا دەستی ئەهریمەن بە پیلان و دەهۆ گەیشتە خوای خۆشەویستی، خستی؛ بەڵام ئەو هەموو بەیانییەک لە ناخماندا دەژێتەوە و ئێوارانیش بە سبەینێی ڕزگاریمان دەسپێرێ...

٣٠ ساڵە قاسملووی ڕێبەرمان لە پێرلاشێز، سووچێکی ناوداری ئەم دنیایەدا ئارامی گرتوە، بەڵام ئەوەی هەدا نادا ڕووحی نەسرەوتووی و هزری لەبڕاننەهاتوویەتی کە هەموو ئان و ساتێ سەر بە ماڵی دڵاندا دەکا و دەمانلاوێنێتەوە...

سی ساڵە و هەموو ساڵێ لە ساڵیادی تێرۆری د. قاسملوودا ئەم پرسیارانە دێنەوە و دەکرێنەوە کە چ شتێک دوکتور قاسملوو لە ڕێبەرانی دیکەی بزووتنەوەی کورد جیا دەکاتەوە کە دوای تێپەڕینی ٣٠ ساڵ لە مەرگی، ئاوا لە ئاسمانی یادی خەڵکەکەیدا لەنگەری گرتوە و سیلەی چاوەکانی هەروا لەسەرە؟ بێگومان دوو شت: هزر و باوڕ و سیاسەتەکانی قاسملوو، لەگەڵ شێوەی مەرگ و گیان لێ ئەستاندنەکەی.

کاریگەریی دوکتور قاسملوو لەسەر بردنەپێشێی دۆزی کورد نەک هەر لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بگرە لە بەشەکانی دیکەی کوردستانیش - بەتایبەت باشوور - ڕوخسارێکی تایبەتیی بە ناوی قاسملوو و مانا‌تەکی تایبەتتری بە کاراکتەری سیاسیی ئەو داوە. قاسملوو کوردستانی لەتوپەتکراو و سنووره کێشراوەکانی نێو نیشتمانەکەی خۆی دەدی، دوژمنانی نەتەوەکەشی باش ناسیبوو؛ دەیدی کە ڕێژیمەکانی زاڵ بەسەر کوردستان لە هەر کام لە بەشەکانی نیشتمانەکەی چاری کوردەکانی خۆیان ناوێ و چاویان لە کوردی بەشەکانی دیکەیە بۆ گەیشتن بە مەرامەکانیان؛ بۆیەش فێری کردین کە دەکرێ ناکۆکیی دوژمنانی نەتەوەکەت لە بەرژەوەندیی دۆز و سەروەریی پرسی سیاسیتدا بقۆزیتەوە، بەڵام ناکرێ و نابێ لەسەر حسێبی پرس و بەرژەوەندیی کورد لە بەشێکی کوردستان چاوت لە دەسکەوتێک بێ بۆ خۆت!
قاسملووی مەزن دەیزانی کورد خۆی پەرەمپەرەم و پەرتەوازەن، ڕێگای خەبات و چارەسەری پرسەکەشی پڕ «کەند و لەند و گەوە»، بۆیە لەم ڕێگە ئەستەم و دژوارەدا بەدووی دۆست و پارتنەرەوە بوو لەسەر بنەمای بەرژەوەندیی هاوبەش. بۆ ئەوەش هەگبەکەی پڕ بوو لە مەعنەوییاتی مرۆیی.

قاسملووی گەورە هەر دوور نەیدەڕوانی، بەڵکوو ڕوون دەیڕوانی و سیلەی دەگرت. خەباتە ڕەواکەی ئەو کاتە بە سەرکەوتوو دەزانی کە گەیشتبێتە کەنارەکانی ئاشتی و ئارامی. ئەو باوەڕی قووڵی هەم بە مافەکانی نەتەوەکەی و هەم بە پێکەوەژیانی خەڵک و ژیارەکان دی لە تەنیشت یەکتر هەبوو؛ باجی ئەم باوەڕەش هەم بۆ خۆی و هەم بۆ حیزب و نەتەوەکەی گەلێ قورس بوو، و گیانی لەسەر دانا.

دوگماتیزم و چەقبەستن لە بیرکردنەوە و باوەڕەکانی قاسملوودا جێیان نەبوو، ئەو سیاسەتی نەک لەسەر بنەمای تیوریی نەگۆڕ، بەڵکوو لەسەر بنەمای زانست و داتا و لێکدانەوە دەکرد کە هەموویان بگۆڕێن. ئەو لە توێی تیۆرییەکاندا بەدوای چارەسەری پرسی نەتەوەکەی نەدەچوو، بەڵکوو قۆڵی لێ هەڵدەکرد و لە مەیدانی کردەوەدا بنیاتی دەنا؛ بۆیەش حیزبەکەی لە سەردەمی بەڕێوەبەریی ئەودا ببووە گەورەترین هێزی کوردی و، هەروەها خاوەن و داهێنەری بنچینەییترین پڕەنسیپ و دەسکەوتە نەتەوەییەکان. لەم سۆنگەیەوە ڕەخنەی ئەو لە ڕابردووی دۆزی نەتەوەکەشی هەر لەپێناو بنیاتنانی داهاتوویەکی گەش بوو.

میراتی د. قاسملوو هەر ئەم بەها و بایەخانە نین کە هێنایە نێو حیزبەکەی و ئێستاش جێی شانازی و فەخرپێکردنن، میراتی قاسملوو وانەکانیەتی بۆ خەبات و لە سەنگەردا مانەوە هەتا دواتروپکی سەرکەوتن. ئەو بوو فێری کردین کە دێموکراسی چەند بۆ دابینبوونی مافەکانمان گرینگە، سەربەخۆیی سیاسی و بڕیاردانمان بۆ مانەوەمان بە سەربەرزی چەندە زەرووری و، واقعبینیمان لە سیاسەتدا چەندە پێویست. دەرسی ئەوەی داداین شێلگیر و بوێر بین و لە بڕینی هەڵەمووتەکانی بەرەو ئامانجدا دەستی هیوا بەرنەدەین و ئیمانمان بە سەرکەوتن پتەو بێ. دەرفەت بخوڵقێنین و هەڵە ڕەخساوەکان لەکیس خۆمان نەدەین. دەستی خۆمان نەبەستین و چاوڵەدەستی خەڵکیش نەبین.

زامی لەدەستدانی قاسملووی ڕێبەرمان بەژانە و لەکیسچوونی، ئەویش بە دەستی غەدر و تاوان برینێکی ئاوەڵایە، قەتماغە نابەستێ و لە پووشپەڕی هەموو ساڵێکدا جارێ ئەم ناعەدالەتی و بێدادییە دەدا کە دەرحەق بە تێرۆرەکەی ڤییەن کراوە. بۆیە ئەم پەروەندەیە لە ویژدانی مرۆڤایەتی و لە ڕوانگەی ئێمەوە لە دەسەڵاتی دادی ئوتریشیشیدا هەروا کراوە و ئاوەڵایە.

قاسملوو مێژوویەکە دەیخوێنینەوە، وانەیەکە فێری دەبینەوە، سەرمەشقێکە هەموو کاتێ لەبەر چاومانە و، ڕێباز و ئامانجێکە کە لە ئاسۆی ڕوانین و لە قووڵایی فەلسەفەی ڕامانەکانیدا پێی دەگەین.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٦ی جوولای ٢٠١٩

پەلەقاژەی مانەوە لە متمانەی "نەبوو" دا

متمانە بنەڕەتیترین پێوەندیدەری خەڵک و دەسەڵاتە و، گەورەترین سەرمایەی کۆمەڵایەتیی هەر وڵاتێکیش بریتییە لە باوەڕ و متمانەی خەڵک بە حاکمییەتی سیاسی. متمانە نێوان خەڵک و دەسەڵات دەستەبەری ئەمنیەت، ئاسوودەیی، نەزمی کۆمەڵایەتی، بەرژەوەندیی ئابووری و هاوبەشیی سیاسییە بۆ خەڵک. دەسەڵاتیش دەتوانێ بە پشتبەشتن بە متمانەی خەڵک بە هێز و ئیقتدارەوە بچێتە نێو کایە سیاسییە ناوچەیی و جیهانییەکان، هەروەها ئەم متمانەیە لەلایەک گەرەنتیی مانەوەی لە دەسەڵاتدا بەبێ تووندوتیژی و ناڕەزایەتیی گشتیی خەڵک دەکا. هاوکات دەوڵەت پشتبەستوو بەو متمانەیە دەستی ئاوەڵایە لە بڕیارە گرینگە سیاسی و ئابوورییەکاندا.

لە پرسی متمانە لە حاکمییەتی سیاسیی هەر وڵاتێکدا سەرنجەکان لەسەر دەسەڵاتە. لە ئێستادا کە ڕەوتی دێموکراتیزاسیۆن زۆربەی وڵاتانی دنیای گرتووەتەوە، دەسەڵاتی سیاسی کە هەڵبژێردراوی خەڵکن، مانەوە و بەردەوامییان گرێدراوی متمانەیەکە خەڵک پێیان دەکەن، یان لێیانی دەستێننەوە. چەندی متمانەی سیاسی لە وڵات لە نێوان خەڵک و دەسەڵاتدا زۆر بێ، هێمنی و سەقامگیریی پتر چێ دەبێ. بێتوو ئەم متمانەیەش لە نێواندا نەمێنێ، دەسەڵات بەردەو تاکڕەوی دەڕوا و خەڵکیش پشتی کاربەدەستان چۆڵ دەکەن و هەوڵی شکاندنی نۆرم و یاسا و ڕێساکانی وڵات دەدەن و ئەوەش خۆی کۆمەڵێک قەیرانی سیاسی و کۆمەڵایەتی بەدووی خۆیدا دەهێنێ.

لە کۆمەڵگەی دێموکراتیک و دەسەڵاتی گەلیدا متمانەی خەڵک بە دەسەڵات لە سێ ڕەهەندا خۆ دەنوێنێ: متمانە بە سیستم و نیزامە سیاسی، زانستی و حقوقییەکان؛ متمانە بە نیزامی قانوونداناان و هەروەها جێبەجێکار (دەوڵەت) و؛ دواجار متمانەی بە یەکدی لە پێوەندییە مرۆیی و کۆمەڵایەتییەکاندا. بەڵام لە ئێرانی بندەستی کۆماری ئیسلامیدا بەهۆی ئەوەی "ئیمان و ملدان" جێی "متمانە و دەروەستی"ی گرتۆتەوە، دیاردەی بێ متمانەیی لە هەر سێ ڕەهەندەکەی باسکراودا گەیوەتە تروپکی خۆی. لەو سۆنگەیەوە خەڵک نە باوەڕی بە قانوونی بنەڕەتی و نیزامی قانووندانان لە وڵات هەیە، نە باوەڕی بە دەوڵەت و دەزگای داد و هەروەها تەواوەتیی حاکمییەت و نیزامی سیاسییە. هاوکات لەسایەی ناکارامەیی دەسەڵات و سیاسەتە کولتوورییەکانەوە متمانەی خەڵک لەگەڵ یەکتریش خەوشدارە کە ئەمەیان بە زیانی تەواوەتیی کۆمەڵگەیە.

سەرچاوە Serchawe

هاتنەسەر کاری کۆماری ئیسلامیی ئێران دەرەنجامی شۆڕشێک بوو کە خەڵک بە دژی ڕێژیمی پاشایەتی کردیان، بۆیە نیزامی سیاسیی نوێ دەبوا نوێنگەی چاوەڕوانییەکانی خەڵک بێ، بەڵام ئێستا پاش چوار دەیە لە ڕوانگەی ڕێژیمەوە "خەڵک" بریتین لەو کەمایەتییە هەرە کەمەی بەرژەوەندییان لەگەڵ مانەوەی دەسەڵاتە و؛ خەڵکانی دیکەش هەر بۆوە دەشێن لە بەناو هەڵبژاردنەکاندا بێنە سەر سندووق و گەواهیی مانەوەی ئەوان ئیمزا بکەن.

متمانەی خەڵک بە دەسەڵات لە میژووی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا ڕەوتێکی بەردەوام بەرەو دابەزین پێواوە. زۆرترین ئاستی متمانەی خەڵک بە دەسەڵات لە سەرەتای ساڵی ١٣٦٥ی هەتاویدا بووە کە گەیشتووەتە سەدا ٨١، بەڵام لە ساڵی ١٣٧٣دا ئاستی ئەم متمانەیە دەگاتە سەدا ١٠* و لەو کاتەوە تا ئێستا دەسەڵاتی سیاسی لە ئێران نەیتوانیوە متمانەی گشتیی خەڵکی هەبێ و تەنیا لە ڕێگەی زەبروزەنگ و دەسەڵاتی پۆلیسییەوە هەیمەنەی خۆی سەپاندوە.

قەیرانی ئابووری، قەیرانە کۆمەڵایەتییەکان، قەیران لە پێوەندییە نێودەوڵەتییەکانی ئێران لەگەڵ کۆمەڵگەی جیهانی، گەندەڵیی سیستماتیک و هەوسارپچڕاوی دەسەڵاتبەدەستان، بەفیڕۆچوونی سامانی وڵات لە پشتیوانیی گرووپە تێرۆریستی و خەڵکانی وڵاتانی دیکەدا و پێشێلکردنی ماف و ئازادییەکانی خەڵک و سەرکوتی هەر چەشنە ناڕەزایەتیدەربڕین و ڕەخنەگرتنێک لە دەسەڵات، سەرەکیترین هۆکاری بێ متمانەیی هەراوی خەڵک بە دەسەڵاتن.

هەر لە سەرەتادا بەردەوامی لە شەڕ لەگەڵ عێراق لە کاتێکدا هەر لە یەکەم مانگەکاندا دەکرا کۆتایی پێبێ، بەڵام لەسەر پێداگریی ڕێبەرانی ڕێژیم ٨ ساڵ درێژ کرایەوە، زیانێکی گیانی و مەعنەویی قەرەبوونەکراوی بە خەڵکی ئێران گەیاند. پاش ئەم قۆناغەش ئەوەی دەبوا ئاوەدان کراباوە، ئێران نەبوو؛ شوێنی دی بوون. ئەوانەش کە دەبوا خزمەتیان کرابا و قەرەبوو کرابانەوە دیسان خەڵکی وڵات نەبوون؛ بەڵکوو لوبنان و یەمەن و سووریە و فەلەستین بوون کە لە ڕوانگەی ڕێژیمەوە لە خەڵکی ئێران لەپێشتر بوون. سامانی وڵاتیش لەجیاتی بووژاندنەوەی ژێرخانی ئابووری تەرخانی پڕۆژە سەربازییەکان، دروستکردنی بۆمبی ئەتوم و مووشەک و، پشتیوانیی مادی و لۆجستیکی لە حیزبوڵڵا، حەماس، حەشدی شەعبی و حوسییەکان و؛ سیاسەتی ئاژاوەخوڵقێنی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و کردەوە تێرۆریستییەکان لە چوارقوژبنی دنیا کرا.

کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ساڵدا چەند میلیارد دۆلار بۆ پاڵپشتیی ئەو ڕێکخراوە تێرۆریستییانەی شەڕی بەوەکالەتی بۆ دەکەن دەنێتە لاوە، بەڵام هیچ ساڵێ کۆی بودجەی بەشی ئاوەدانکردنەوەی وڵات و کەرتی پەروەردەی لە سەدا 10 زیاتر نەبووە کەچی کۆمەڵێک بنیات و ناوەندی ژێر دەسەڵاتی بەرپرسانی ئایینی و مەرجەعە مەزهەبییەکان، کاربەدەستانی

دەسترۆیشتوو سالانە هەزاران میلیارد تمەن لە سامانی گشتیی ولاتیان دەدزێتێ، بێ ئەوەی کەس بزانێ ئەو پارە بە لێشاوە لە کوێ و لە چیدا خەرج دەکرێ و قازانجی بۆ خەڵک چین؟

"حەوزەی عیلمییەی قوم"، "سازمانی تەبلیغیاتی ئیسلامی"، "دامەزراوەی توێژینەوە و فێرکاریی ئیمام خومەینی" کە لە ژێر دەسەڵاتی میسباح یەزدیدا بەڕێوە دەبرێ، "جامعه المصطفی العالمیه" کە لە بەردەستی ئایەتوڵڵا مەکارم شیرازی دایە، "دامەزراوەی دایەرەتولمەعارفی فیقهی ئیسلامی"، "دامەزراوەی بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانی ئیمام" کە سەید حەسەن خومەینی دەیگێڕێ، "بنیاتی ئێراننناسی" کە محەممەد خامنەیی، برای سەید عەلیی ڕێبەری کۆماری ئیسلامی بەڕێوەی دەبا، "بنیاتی سەعدی، دایەرەتولمەعارف و فەرهەنگستان" کە غولامعەلی حەداد عادل، خەزووری کوڕی خامنەیی سەرۆکایەتیی دەکا، "زانکۆی موتەهیری"، "فەرهەنگستانی هونەر"، "کتێبخانەی ئایەتوڵڵا مەرعەشی" ناونیشانی بەشێک لەو دەیان شوێن و دامەزراوانانەن کە هەر کام لەوان سالێ لە نێوان ١٥ هەتا ٤٥٠ میلیارد تمەنیان بەبەلاش دەدزێتێ، بێ ئەوەی تەنانەت دەوڵەت بۆ خۆیشی دەسەڵاتی هیچ جۆرە چاوەدێرییەکی بەسەر جۆری چالاکی و چۆنیەتیی خەرجکردنی ئەو هەزاران میلیارد تمەنە هەبێ کە لە باخەڵی خەڵک دەری دێنن و لە حسێبی ئەوانی دەکەن.

ڕۆژ نییە لە ئێران گەندەڵییەک لەقاو نەدرێ، جا ئەو گەندەڵییە لە ڕێکخراو و دامەزراوەیەکی دەوڵەتی بێ، یان ناوەند و بنیاتە گشتییەکان. بانکەکان، شارەداری، بیمە، گومرک، تەعاونییەکان، بنیاتە ماڵییەکان و هەموو ئەو جێیانەی کە پووڵیان لێیە و سیستمی چاوەدێری تێیاندا لاوازە. گەندەڵی لە کۆماری ئیسلامیدا هەموو کاتێ یەکێک لە جۆرەکانی دابەشکردنی سەرچاوەکانی وڵات لە نێوان کاربەدەستان و بەڕێوەبەرانی وڵاتدا بووە و حکومەت هەموو کاتێ ویستوویەتی و ئەوەش یارمەتیی بە هاوپێوەندیی سیاسیی نێوخۆیی ڕێژیم کردوە. ئەوەش کە لەو نێوەدا نە قەت خوێندراوەتەوە و نە لەلای دەسەڵات بایەخی بووە، دیسان خەڵک و بەرژەوەندییەکانیان بووە.

لە ئێستادا ڕێژیم لە برگەیەکی دیکەی مێژووی تەمەنیدا جارێکی دی ڕووی لەو "خەڵک" دیە کە لەلایەک بەرگەی گوشار و گەمارۆکان - لەپێناو مانەوەی خۆیان لە دەسەڵاتدا - بگرن و لەلایەکی دیکەش بە متمانەپێکردن بە ڕێژیم لەو تەنگانەیەیان ڕزگار بکەن. بەڵام ڕوونە و ئاشکرایە کە خەڵک لەمێژە ڕیزی خۆیان لە دەسەڵات و بەرژەوەندییەکانی ڕێژیم جیا کردۆتەوە. خەڵک خۆیان ڕێک خستووە و ئامادەیی ئەوەیان تێدا هەیە کە بە گڕی ڕێژیمدا بچنەوە و بەرەوپیلی هەر هەل و دەرفەتێکیش دەچن کە بەڵای ڕێژیمیان لەکۆڵ بکاتەوە.

---

* توێژینەوەی "هۆکاری شوێندانەر لە متمانەی سیاسیدا" لە زانکۆی سەنعەتی شەریف

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٧ی ئاگۆستی ٢٠١٩

هەتاکەی دەرفەتدان و گرتنەوە؟!

هەتا ئێستاشی لەگەڵ بێ کۆمەڵگەی جیهانی لە هەوڵدایە کۆماری ئیسلامیی ئێران بێنێتە ڕەدایە کە وەک دەسەڵاتێکی سیاسیی بە پەرەنسیپ هەڵسوکەوت بکا و بەجێی قەیرانخوڵقێنی لە ناوچەدا کۆمەگ بێ بۆ سەقامگیری و ئەمنیەت. ئەو هەوڵانە بە دوو ئاراستەی "هاندان" کە ئوروپا گرتوویەتە ئەستۆ و، "گوشار" کە بە زۆری لە لایەن وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە خراوەتە بواری جێبەجێکردنەوە؛ دەڕواتە پێشێ. ئەو ١٥ میلیارد دۆلارەش کە ئوروپا ساغ بۆتەوە لە ئەگەری ڕەزامەندیی ئەمریکا و لە زەمانەتی پارەی فرۆشی نەوت بیداتە ئێران بۆوەی پێملی "بەرجام" بمێنێتەوە و ئابووریەکەی لەژێر گوشاری گەمارۆکانی ئەمریکادا بەتەواوی نەڕمێ؛ هەر لەو چوارچێوەیەدا جێ دەگرێ. ئەمە یەکەمجار نییە کە هەوڵی سازان لەگەڵ ئێران، ئەم ڕێژیمە نەحاواوە لەگەڵ خەڵک و کۆمەڵگەی جیهانی لە تەنگانە ڕزگار دەکا. پێشتر و لە کاتی بڕیاری دادگای مێکونووسیشدا نەرمینواندنی ئوروپا وەفریای ئێران کەوتبوو. بەڵام هۆی چییە کە ئەم هەمووە هەوڵی سازان و حاوانەوە لەگەڵ ئێران نابڕێتەوە؟ ئایا کۆمەڵگەی جیهانی دڵی بەوە خۆشە کە دەتوانێ کۆماری ئیسلامیی ئێران بکاتە "تەیرە مەعقوول"ەکە؟ ئایا هەتا ئێستاش ئەم باوەڕەیان لەجێی خۆیەتی کە لە نێوخۆی ئێراندا دەکرێ بە هاتنە مەیدانی قۆڵێکی دەسەڵات - بەناو میانەڕەو و ڕێفۆرمخواز - ڕێ لە مەترسییەکانی ئێران بگیردرێ؟ یان ئەوەی هەتا ئێستاش ئالتێرناتیڤێک بۆ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران نەدۆزراوەتەوە؟

لە نێوخۆی وڵاتیشدا بارودۆخەکە شپرزەتر لەوەیە باس دەکرێ. کاریگەریی گەمارۆکان لەلایەک، ناکارامەیی و ناوەستایی بەڕێوەبەران لەلایەکی دی و سەرباقی ئەوەش درێژەی گەندەڵی و بەفیڕۆدانی سامانە نیشتمانییەکان هیندەی دیکە خەڵکی تووشی بێهیوایی و بێدەرەتانی و کۆمەڵگەی بەرەو قەیرانی زێدەتر بردوە. کەچی ئەم بارودۆخە پێچەوانەی چاوەڕوان

دەکرێ پەرەی بە ناڕەزایەتییە گشتییەکان لە ئاستی بەرفراوانی سەرتاسەریدا نەداوە و هەستان و ڕاپەڕینە بنەڕەتییەکە بۆ لەکۆڵ کردنەوەی کۆماری ئیسلامی هێشتاکە هەر پاش دەخرێ؟ بۆ؟ ئاخۆ لێرەشدا نەبوونی بەدیل و جێگرەوە هۆکار و سەبەبە؟

ڕوون و ئاشکرایە ڕێبەرانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران کە لە نیزیکەوە لەگەڵ شۆڕشە گشتگیر و بەربڵاوەکەی خەڵکی ئێران بەدژی ڕێژیمی پاشایەتی بوون، ئێستا کە خۆیان لەسەر تەختی دەسەڵاتن دەزانن کە دەبێ هەر هەموو ئەو بوار و بەستێنانە دابخەن کە ڕێفۆرمی بنەڕەتی یان شۆڕش و ڕاپەڕینی جەماوەریی لێ دەکەوێتەوە. چل ساڵ سیاسەتی زەبروزەنگ، دەسەڵاتی سەرکوت و خنکاندنی ئازادییەکانیش تا ڕادەیەک ئەم ئاسوودەییەی بە ڕێژیم بەخشیوە. ڕاستییەکی تاڵە بەڵام لە ئێستای ئێراندا حیزبێکی سیاسیی بەهێز نییە بتوانێ کۆمەڵانی هەراوی خەڵک لەگەڵ خۆی ڕێک بخا، هەروەها لە هەناوی کۆمەڵگەشدا سازوکار و بزووتنەوەی مەدەنیی هیند بەگوڕ نییە بتوانێ داخوازە گشتییەکان بە ئاراستەی ملبەملەی دەسەڵات ببا. ئەوە لە حاڵێکدایە کە کۆمەڵگە بەهۆی کەڵەکەبوونی کێشە و قەیرانەکان عەمباری باڕووتە و زۆرایەتیی بێدەنگ بەڵام ناڕازیی کۆمەڵگە لە چاوەڕوانیی دیتنەوەی مەرجەعێکدایە. ئەگەر لە ڕابردووشدا ڕێژیم بەهۆی درندەیی دەزگای سەرکوت و سەپاندنی کەشی ترس و تۆقاندن ئەم وەهمەی دروست کردبوو کە کەس ناتوانێ بەرهەڵستی ببێتەوە؛ لە دوای خۆپیشاندانەکانی بەفرانباری ساڵی ٩٦ ەوە ئیدی ئەم ترسەش لای خەڵک ڕەویوەتەوە. ئەوەی وەک بۆشاییەک لەو نێوەدا دەوری سەرەکی دەبینێ دیسان هەر نەبوونی متمانەی هەراوی کۆمەڵگە بەو دەنگ و هێز و لایەنانەیە کە لەو هەلومەرجەدا لە گۆڕەپانەکەدان و خۆیان وەک بەدیلی ڕێژیم وێنا دەکەن.

لە تەنیشت ئەم هۆکارانە حەقیقەتێکی دیکەش هەیە: هەتا ئێستا باوەڕمەندبوون بە ڕێفۆرم و چاکسازی کاتی یەکجار زۆری بۆ ڕێژیم کڕیوە تا بە سەرقاڵکردنی خەڵک بەو پڕۆژەیە درێژە بە سەقامگیریی خۆی بدا. لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا ڕوانگەی گشتیی خەڵک و تەنانەت دژبەرانی ڕێژیمیش بۆ نیزامی سیاسیی پاش کۆماری ئیسلامی وەک یەک نییە و ئۆپۆزیسیۆنی پڕشوبڵاوی کۆماری ئیسلامی بەجێی گەیشتن بە خاڵی تێگەیشتنی هاوبەش لە شێوە و جۆری حکومەتی داهاتوو و، یەکخستنی توانا و ڕیزەکانیان بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی؛ چوار دەیەیە بەربەرەکانیی فیکری و نەزەریی یەکتر دەکەن.

ئەوەی لە فۆرمی ئۆپۆزیسیوندا هەیە لە ڕاستیدا کۆمەڵێک دژبەر و بەرهەڵستکاری لێکدوور و پەرتەوازەن کە دوژمنی هاوبەشیش نەیتوانیوە لە یەک بەرەدا کۆیان بکاتەوە. لە سۆنگەی ئەوەشەوە ناڕەزایەتییەکانی خەڵک لە نێوخۆی وڵات بە گرانی، بە نەبوونی ئازادییەکان و سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی لە چوارچێوەی گەردەلوولی تویتێری و تۆڕە

کۆمەڵایەتییەکاندا قەتیس دەمێنێتەوە. بەوەندەش ناکرێ ڕێژیمێکی سەرکوتگەر و نادێموکراتیکی وەک کۆماری ئیسلامی ناچار بە پاشەکشە و ملدان بکەیت. دیارە بەوەش وزە و کاتێکی زۆریان بەفیڕۆ داوە و هەنگاوی یەکەم بۆ گۆڕانکاریی بنەڕەتی و تێپەڕین لە ڕێژیمیش لێرەوە دەست پێدەکا: وەلانانی ناکۆکییەکان و خڕبوونەوە لە دەوری ئامانج و پڕەنسیپە گشتی و هاوبەشەکان، دووركەوتنەوە لە دوگماتیزمی ئیدۆلۆژیک و ڕێکخراوەیی و قبووڵکردنی واقعییەتەکانی کۆمەڵگەی ئێران و؛ یەکخستنی توانای گۆڕانخوازی و خەباتکارییان لە دژی ڕێژیم. ئەمە دەکرێ سەرەتا و بنچینەیەک بێ بۆ وەدەستهێنانی متمانەی گشتیی خەڵک کە لە هەموو فاکتەرێک سەرتر و گرینگترە. ئەم یەکیەتییەی هێزە سیاسییەکان لە قۆناغی دواتردا دەتوانێ کاریگەریی لەسەر شەرعییەتی دەسەڵات لە ئێران لای کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هەبێ و ببێتە خاڵی کۆتایی هەموو ئەو گرتنەوە و دەرفەتدانەی زلهێزە جیهانییەکان هەتا ئێستا بەرامبەر کۆماری ئیسلامیی ئێران بوویانە.
کۆماری ئیسلامیی ئێران لە گەورەترین قەیرانی ژیانی سیاسیی خۆیدا نوقم بووە. قەیرانە سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و ژینگەییەکان تەنگیان پێ هەڵچنیوە، گوشارەکانی ئەمریکا و گەمارۆکان بڕستیان لێ بڕیوە، پارتنەر و هاوپەیمانەکانی کاریگەرییەکی ئەوتۆیان لە گۆڕینی دۆخەکە لە بەرژەوەندیی ڕێژیمدا نییە، ناڕەزایەتییەکان دەتوانن لە هەموو بەستێنێکدا ڕێژیم بەچۆکدا بێنن، وە هەموو ئەوانەش لەگڕەوی یەکیەتیی بەکردەوەی ئۆپۆزیسیۆن و هاوبەشیی خەڵک لە بزووتنەوە ئیعترازییەکاندایە.

دواڕێگا و تاکەڕێگای تێپەڕین لەو ڕێژیمە دروستکردنی ئەلترناتیڤێکی بەهێزە لە هەموو پێکهاتە ئیتنیکی و ئایینییە جۆراوجۆرەکانی ئێران کە باوەڕیان بە مافی بەرامبەر و وەکیەکی هەموو جۆراوجۆری و فرەییەکان لەم وڵاتەدا هەبێ، بۆ ئەوەش دەبێ هەموو لایەک لە خۆیان ڕا دەست پێبکەن و ئەم دێموکراسی و باوەڕەندییە لە خۆیاندا نەهادینە بکەن و بەرەو قۆناغی یەکیەتیی نێوان خەڵک و ئۆپۆزیسیۆنی ڕاستەقینەی ڕێژیم بچن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٦ی سێپتەمبەری ٢٠١٩

ئێعدام لەپێناو مانەوەدا

دەزگای دادی کۆماری ئیسلامی لە سێ ڕۆژدا (ڕۆژانی ٣ و ٥ و ٨ ڕەزبەری ئەمساڵ) ٨ بەندکراوی کوردی لە سێدارەدا. بە ئێعدامکرانی ئەو ٨ کەسە ژمارەی ئەو کەسانەی لە ماوەی ئەمساڵدا لە کوردستان ئێعدام کراون، گەیشتە ٢٩ کەس. دەزگای قەزایی کۆماری ئیسلامی ساڵی ڕابردووش لانیکەم ٤٩ زیندانیی کوردی لە دار دابوو.

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران هەر لە سەرەتاوە فرچکی بە خوێن و کوشتن و کوشتوبڕ گرت. ئێعدام، بە تایبەت ئێعدامی سیاسی هەر لەگەڵ یەکەم ڕۆژەکانی دەسپێکی تەمەنی ئەم ڕێژیمە و حەوشەی قوتابخانەی «ڕیفاە» لە تاران و بە حەزفی فیزیکیی کاربەدەستانی ڕێژیمی پێشوو دەستی پێکرد. لەگەڵ لەشکرکێشیی ڕێژیم بۆ کوردستان، کورد زۆر زوو بووە قوربانیی سیاسەتی تەناف و سێدارەی ڕێژیم و لە چوار دەیەی ڕابردوودا پشکی شێری لە ئێعدامەکاندا بەرکەوتوە. ڕێکخراوی لێبوردنی نێونەتەوەیی دەڵێ کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ساڵی ١٣٥٧ ڕا هەتا ساڵێ ١٣٩٥ی هەتاوی پتر لە ٦١ هەزار کەسی لەو وڵاتەدا لەدار داوە.

ئێعدامەکان لە ئێران هەر تابعی قانوون و هەلومەرجی نین، چاوخشاندن بە ئاماری چەند ساڵ ڕابردوو پێمان دەڵێن کە سزای ئێعدام لە ئێران دەتوانێ ڕەهەندی سیاسیی بۆ مامەڵە لەگەڵ دنیای دەرەوەش هەبێ. کۆماری ئیسلامیی ئێران کە بەپێی حەشیمەتەکەی پتر لە ٤٠ ساڵە لە ڕیزی هەرە سەرەوەی وڵاتانی جێبەجێکەری ئیعدام لە دنیایە، لە ساڵی ١٣٩٤ی هەتاویدا ٩٧٠ کەسی لەدار دابوو. دوای بەرجام و لە ساڵی ١٣٩٥دا ژمارەی ئێعدامەکان لە ئێران ٥٨٠ کەس بوو، لە ساڵی ١٣٩٦دا ئێعدامەکان بوون بە ٣٩٠ کەس. بەڵام لەگەڵ ئاڵۆزبوونەوەی پێوەندییەکانی ئێران و کۆمەڵگەی جیهانی لە ساڵی ڕابردوودا، ژمارەی ئێعدامەکان لە ساڵی ١٣٩٧ لە ٥٧٠ کەس تێپەڕی.

لەو ٥٧٠ ئێعدامە ڕاگەیەندراوە لە ئێران لە ساڵی ڕابردوودا، ٢٠٥ ئێعدامیان پێوەندیدار بە تاوانەکانی ماددەی هۆشبەر بووە و ٢٤٠ حاڵەتیان پێوەندیی بە کوشتنەوە (قەساس) بووە و یەکەمجارە کە پشکی ئێعدامەکانی پێوەندیدار بە مادەی هۆشبەر لە ئێران کەمترە لە تاوانەکانی دی. هۆکارێکی ئەوە بۆ ئەو فشارە زۆرە دەگەڕێتەوە لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا لەو سۆنگەیە لەسەر کۆماری ئیسلامی بووە. لە ئێستادا مەجلیس دەیەوێ بە پەسندکردنی قانوونێک سزای ئێعدام لەسەر بەشێک لە تاوانەکانی پێوەندیدار بە مادەی هۆشبەر هەڵبگرێ و سزای زیندان و جێگرەوەی دیکەیان لە بری ئەوە بۆ لەبەرچاو بگرێ. مەجلیسی شوڕای ئیسلامی بە ڕەسمیش داوای لە دەزگای قەزایی کردوە هەتا یەکلابوونەوەی ئەو قانوونە دەست لە ئێعدامکردنی زیاتر لەو ٥ هەزار کەسە بپارێزێ کە لەو سۆنگەیەوە سزای ئێعدامیان بەسەردا سەپاوە؛ بەڵام دەزگای قەزایی بێگوێدانە ئەو داوایە کەم و زۆر، بەڵام بە پارێزی زیاترەوە لە جێبەجێکردنی سزای ئێعدامەکان بەردەوامە. ئێستاش کە نیوەی یەکەمی ساڵی ١٣٩٨مان بەڕێ کردوە، ئەوەندەی زاندراوە دەزگای قەزایی کۆماری ئیسلامی زیاتر لە ٣٠٠ کەسی لەدار داوە.

بەردەوامیی سزای ئێعدام لە ئێران لە حاڵێکدایە کە لە ١٩٣ وڵاتی ئەندامی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ١٧٠ وڵاتیان سزای ئێعدامیان هەڵگرتوە و، کەمپینی هەڵگرتنی سزای نامرۆڤانە و دواکەوتووانەی ئێعدام لە سەرانسەری دنیا بە گوڕوتینی زیاترەوە کار و هەوڵەکانی بەردەوپێش دەبا.

کۆماری ئیسلامیی ئێران دەڵێ ئامانج لە سزای ئێعدام جێبەجێکردنی دادپەروەری و سەقامگیریی ئەمنییەتە، بەڵام بەدەر لە ئامانجە سیاسی و شاراوەکانی ڕوونە لە ئێعدامدا ئەوەی نەبێ عەدالەت و دادپەروەرییە، چونکی کاتێک کەسێک لەدار دەدرێ، نامێنێ هەتا لەئەگەری دەرکەوتنی بێتاوانییەکەی، پاکی و کەرامەتی بۆ بگەڕێندرێتەوە. کەم نەبوون کەسانێک کە بە تۆمەتی تاوانی نەکردووی کوشتن و... لەدار دراون و دواتر دەرکەوتوە کە تاوانبار کەسێکی دیکەیە و تازە کار لە کار ترازاوە. پاشان لە مەسەلەی کوشتنەوەدا ئەوەندەی بۆ عەدالەت و دادپەروەری دەگەڕێتەوە خۆی لە جێدا خەوشدارە، چونکی ئەگەر کەسێک بە دەستی کەسێک بەکوشت چووبێ، خاوەنی ماف خۆیەتی، واتە کەسە کوژراوەکە نەک خوێنگر و کەسوکاری. بۆیە عەدالەت ئەوە نییە کە ژیان لەویش بستێندرێ، بەڵکوو ئەوەیە پەرورەدەی کۆمەڵگە جۆرێک بێ کەس مافی ئەستاندنی ژیانی خەڵکی دیکەی نەبێ؛ شتێک کە کۆماری ئیسلامی نەک کاری بۆ ناکا، بەڵکوو پێچەوانەکەی گرتووەتە بەر و ئێعدام وەک ئامرازێک بۆ کۆنترۆڵکردنی کۆمەڵگە سەیر دەکا و بەکاری دێنێ.

یان ڕێژیم ئەگەر مەبەست لە ئێعدام بۆ سەقامگیریی ئەمنیەت دەکا، مەبەست ئەمنییەتی کۆمەڵگە نییە، بەڵکوو دەسەڵات و هەیمەنەکەیەتی. لەبەر ئەوەی دەبینین لە ماوەی ٤٠ ساڵی ڕابردوودا کە ئێران بە نیسبەت حەشیمەتەکەی پلەی زۆرترین ئێعدامی لە دنیادا هەیە، لە ئێستادا لە ڕووی تاوان و جینایەت و لادان و قەیرانە کۆمەڵایەتییەکان دارماوترین کۆمەڵگەیە؛ ئەدی چۆنە ئەو هەموو ئێعدام و کوشتنانە ئەمنیەت و دڵنیایی لە وڵاتدا چێ نەکردوە؟ ئەوەی لە پرسی کوشتنەوە و بەردەوامیی ئێعدامەکانیشدا نابیندرێ یان گرینگیی پێ نادرێ، بڕەودان بە هەستی تۆڵەکردنەوەیە کە بەردەوام لە نێوان بنەماڵەکانی بکوژ و کوژراو و دواتر دیسان کوژراو و بکوژدا دەمێنێ و لە کۆمەڵگەدا ڕەگ دادەکوتێ. بۆیە ئێعدام جیا لە بەرهەمهێنانەوەی توندوتیژی لە کۆمەڵگەدا، دەتوانێ سووڕی باتڵی تاوان و تاوانکاریشی بەدووا بێ کە هێناویەتی.

ئەوەی دەبێ لێرەدا ئاماژەی پێبکرێ ئەوەیە کە دژایەتی لەگەڵ سزای ئێعدام بەمانای بەهیندنەگرتنی تاوان و جینایەت بەتایبەت کوشتنی بەئانقەست نییە، بێگومان کوشتن و تێدابردنی ژیانی ئینسانەکان گەورەترین تاوان و کردەوەی نامرۆییە و پێویستە کەسی بکوژ و تاوانبار سزای خۆی وەرگرێ. ئەوەی لێرەدا گرینگە تێکەڵ نەکردنی دوو کانسێپتی تۆڵە و

دادپەروەرییە. بەڵام وەک گوترا، هۆکار بۆ دژایەتی لەگەڵ سزای ئێعدام دەکرێ پشت بە کۆمەڵێک فەکت ببەستێ، وەک ئەوەی سزای ئێعدام گەڕانەوەی بۆ نییە و قەرەبوو ناکرێتەوە؛ یان ئەوەی سزای ئێعدام ناتوانێ بەرگێرەوە بێ و؛ یان ئەوەی ئێعدام خۆی کوشتنە و بڕەودانە بە کولتووری تووندوتیژی و کوشتنەوە، بەتایبەت ئەگەر بەبەرچاوی خەڵکی دییەوە بێ. بۆیە ئێعدام ناکرێ لەژێر هیچ بیانوو و پاساوێکدا بەرگریی لێبکرێ، چونکی خۆی خەسار و زیانێکی قورسی کۆمەڵایەتییە. لە ڕووی سیاسی و مەنتیقی کۆمەڵایەتیشەوە بەڕەسمی ناسینی ئێعدام وەک کردەیەکی ڕێگەپێدراوی قانوونی، بەمانای شکاندنی کەرامەتی مرۆڤ و بێبایەخ کردنی ژیان و گیانی مرۆڤ و مرۆڤایەتییە و ڕێگە بۆ کوشتنی سیاسی و دەوڵەتیش خۆش دەکا. ئەمە بۆ کۆماری ئیسلامی ڕێک لەجێی خۆیدایە.

هۆکاری سەرەکیی سزای ئێعدام لە ئێران پەرەپێدانی ترس و تۆقاندنە لە ئێران بۆ ئەوەی لەو سۆنگەیەوە ڕێ لە سەرهەڵدان و دژبەرایەتی بگرن، چونکی کۆماری ئیسلامی نیزامێکی سیاسیی توتالیتێرە کە بناغەی دەسەڵاتەکەی لەسەر کوشتن و حەزفی فیزیکیی نەیاران و سەپاندنی کەشی سەرکوت و تۆقاندن ڕاگرتوە. وەک لە سەرەتای نووسینەکەشدا هات دەزگای قەزایی و ناوەندە ئەمنیەتییەکانی کۆماری ئیسلامی لە چوار دەیەی ڕابردوودا زیاتر لە ٦٠ هەزار کەس لە خەڵکی ئەم وڵاتەیان ئێعدام کردوە کە هەزاران کەس لەوان کوشتنی سیاسی بوون. لەم نێوەدا سروشتی ئیعدامەکان لە کوردستان لە چاو ناوچەکانی دیکەی ئێران جیاواز بووە. ئیعدامی سیاسی لە کوردستان لە سەر بنەمای «هەوڵی تێکۆشەرانی سیاسی بۆ دژایەتیی کۆماری ئیسلامی» و «بە دژەخودا ناسینی چالاکانی سیاسی» و بەمجۆرە بە موستەحەق زانینی ئەو کەسانە بە مەرگ و سێدارە ڕەوتێکی نەپساوەیە و بەردەوام لاهێزی دەستی کۆماری ئیسلامی بۆ سەرکوتی نەیارانی سیاسیی بووە و؛ لەو سۆنگەیەوە کۆمەڵگەی کوردستان و هێزە سیاسییەکانی کوردستان تێچوویەکی زۆریان داوە.

تەنیا لە کوردستان بەپێی ئاماری ناوەندەکانی ڕاگەیاندنی حیزبی دێموکرات و کۆمەڵە زیاتر لە ٢٣٠٠ ئەندام، پێشمەرگە و چالاکی سیاسیی کورد بە بڕیاری دەزگای قەزایی و تیمەکانی تێرۆری ئەم ڕێژیمە ئێعدام کراون. کۆماری ئیسلامیی ئێران لای وابوو کە بە ئێعدام و کوشتن و تێرۆرەکان دەتوانێ جووڵانەوەی کورد لە پێ بخا، هەوڵێکی بێ سەمەر و ئاسنی ساردکوتان؛ چونکی ئەگەر ئیعدام و لە سێدارەدان و زیندان و سەرکوت پێشێ بە پەرەسەندنی خەبات بۆ ئازادی و ڕزگاری گرتبا، هەر لە دوای لە سێدارەدانی پێشەوا و ڕووخانی کۆماری کوردستان دەبوا بزووتنەوەی سیاسیی کورد و خەبات بۆ شوناس و مافخوازی لە پێ کەوتبا و کەس لە کوردستان باسی لە ماف و ئازادییەکانی نەکردبا، بەڵام دەبینین ئەم سیاسەتەی ڕێژیم خەباتی مافخوازانەی کوردی نەک پێ بنکۆڵ نەبووە، بەڵکوو ئەم بەرگری و شوناسخوازییە لە هەموو ڕەهەند و بوارەکاندا پەرەی سەندوە و ڕێژیمی بەرەوڕووی ئاستەنگ و چالنج کردوە.

لە ئێستاشدا کە ڕێژیم چ لە ڕووی ئابووری و چ لە ڕووی سیاسی خەریکە دادەڕمێ و مەترسیی هەڵچوون و ڕاپەڕینی خەڵک پتر لە هەموو کاتێک هەست پێدەکا، بە لێبڕاویی زیاترەوە هەموو ئامرازەکانی سەرکوت و یەک لەوان ئێعدام لە دژی خەڵک ئەویش بەمەبەستی کۆنترۆڵکردنی کۆمەڵگە دەکار دەکا.

هەڵبەت لە کۆتایی ئەم بابەتەدا ناکرێ باس لەوەش نەکەین کە کۆسپێکی دیکە لە بەردەم مانەوەی ئێعدام لە ئێران بەشێک لە کۆمەڵگەیە کە بە گەڕانەوە بۆ دەقە ئایینییەکان و خوێندنەوەی بەراوەژوو بۆ چەمکی عەدالەت، لایەنگری سەپاندنی ئەم سزایەن بەسەر تاوانبارانداا. ئەوەش تەواو بە دڵی ڕێژیمە و ئەوەندەی بۆی دەکرێ لەو ئامادەییە زەینییەی ئەم بەشەی کۆمەڵگە کەلکی خراپ بۆ مەبەستە سیاسی و ئەمنیەتییەکانی وەردەگرێ. لایەنگرانی نەمانی سزای ئێعدام لە ئێران جیا لە خەبات لە دژی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی و قانوونە پاشکەوتووەکانی بە مەبەستی گۆڕینی ئەم نیزامە سیاسییە، پێویستە کاری ڕۆشنگەریی پتر لە ناستی کۆمەڵگەشدا بکەن؛ بۆوەی تەواوەتیی کۆمەڵگە لەگەڵ ئەم باوەڕە بخەن کە هێڵێکی سوور بەسەر سزای ئێعدامدا بکێشرێ و لە بری ئەوە سزای قورسی جێگرەوەی وەک زیندانیی درێژخایەن دابندرێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٩ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٩

«بەزۆر بشکێ دەبێ دەرکی قەڵایە...»

خۆپیشاندان و سەرهەڵدانەکان لە ئێران بۆ ناڕەزایەتی دەربڕین بە گران کردنی نرخی بێنزین هەموو پارێزگاکانی وڵات و زیاتر لە ١٣٠ شاری گرتۆتەوە و، تا ئێستا پتر لە ٢٠٠ کوژراو و چەند ئەوەندەش بریندارى لێ کەوتۆتەوە. پێچەوانەی ناڕەزایەتییەکانی پێشوو کە باڵێک لە دەسەڵات سەرهەڵدانەکانی بە تونديی سەرکوت دەکرد و لایەکەی دی هەوڵی دەدا خۆی لە بەرەی خەڵک بخزێنی، ئەمجارەیان هەر سێ دەسەڵاتەکە و هەر دوو باڵە سەرەکییەکەی ڕێژیم بە پشتقایمیی تەواویان بە ئەمر و فەرمانی خامنەیی لە مەیداندان، بۆوەی پێکەوە خوێنی خەڵکی بڕێژن و چەندی بۆیان دەکرێ بە پاشەکشە کردن بە خەڵک ڕێژیمەکەیان لەو تەنگانەیەش ڕزگار بکەن.

بارودۆخەکە لە ناوچەش لە بەرژەوەندیی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا نییە. لە عێراق ناڕەزایەتییەکان بە گەندەڵی و بێکاری و لە تەنیشت ئەوانەشدا هەڵکوتانە سەر حەشدی شەعبی و دەستێوەردانەکانی ئێران لە کاروباری نێوخۆیی ئەم وڵاتە

بەردەوامە. لە ناڕەزایەتییەکانی لوبنانیشدا نووکەڕمبەکە ڕووی لە حیزبوللا و ڕۆڵی تێکدەرانەی کۆماری ئیسلامییە. بەوەش وێدەچێ «میحوەری مقاومەت»ـەکەی ڕێژیم تووشی ئاستەنگی قووڵ بووبێتەوە. بۆیەش لە ئەگەری بەردەوامیی سەرهەڵدانەکان لەم سێ ولاتە دوور نییە ئەم میحوەرە بە هەموو هێز و توانایەوە لە بەرامبەر ویست و ئیرادەی گشتیی خەڵکدا بەچۆکدا بێ.

پرسیار ئەوەیە کۆماری ئیسلامیی ئێران کە لەلایەک بە بردنەسەرێی بڕی پاشکەوتی ئاوە قورسەکانی هەنگاوێکی دیکەش لە ڕێککەوتنی بەرجام کشاوەتەوە و لەو سۆنگەیەوە گوشارێکی پتری نێودەوڵەتیی بەرەوڕووی خۆی کردۆتەوە؛ یان لە کاتێکدا بەهۆی ئیمزا نەکردنی FATF هیندەی دیکەی کێشە لەخۆی هاڵاندوە؛ چی وایکرد نرخی بێنزین - وەک کاڵایەکی سەرەکیی شۆڕشگێڕانەر لەسەر نرخی زۆربەی زۆری کاڵاکانی دی - نەک دوو هێندە، بگرە سێ هێندە ببات سەرێ؟ بێگومان دەستەوەستانی و هەرەسهێنانی لەڕووی داراییەوە کە ئاکامی گەمارۆ و گوشارە قورسەکانی ئەمریکایە لە دژی.
بەڵام لەوبەر، دەردی خەڵک هەر گران کردنی نرخی بێنزین نییە، بەڵکوو وەزاڵەهاتنە لە ڕێژیمێک کە ئەوەی لێیان دیتوە هەر قەیرانە و بەشمەینەتی. ئەو هاتنە سەر شەقامە هاوار کردنی ئازادییەکانیانە کە خنکاندوویانە، بانگی ئەو مافانەیە لێیان زەوت کراوە و ناڕەزایەتی بە دزی و گەندەڵییەکانی ڕێژیم و سیاسەت قەیرانخولقێنیانە لە ناوچەکەدا، کە ئاکامەکەی بۆ خەڵک بریتییە لە هەژاری، بێکاری، گرانی، بێدەرەتانی و دەیان قەیرانی کۆمەڵایەتیی تر. خەڵکێک کە کەرامەت و بەهاکانی پێخوست کراوە و کاتێک کە دەنگ هەڵدەبڕێ، بە تێکدەر و ئاژاوەچی ناوی دەبرێ. خەڵکێک کە چیدی نایانەوێ تاوانی سەرەڕۆییەکانی کۆماری ئیسلامی لە ناوچە و جیهاندا ئەوان بیدەن، ئەو خەڵکەی نایانەوێ تێچووی پشتیوانیی ڕێژیم لە تێرۆریزم و ئاژاوەگێڕییەکانی لەسەر حسێبی ماڵ و گیرفانی ئەوان بێ، ئەو خەڵکەی پشووسوار لە گەندەڵیی سیستماتیکی دەسەڵاتی سیاسی و تاڵانوبڕۆکان کە ئیدی گەیوەتە ئێسکی و؛ دەپرسێ بۆچی دەبێ قەرەبووکردنەوەی کورتیهێنانی بودجە - ڕووحانی گوتەنی ٤٥٠ هەزار میلیارد تمەن - و بەرنامە نیزامی و ئیدۆلۆژیکییەکانی ڕێژیم لە ئەستۆی ئەوان (خەڵک) بێ. بۆیە وێدەچێ سروشتی خۆپیشاندانەکانی ئەمجارە لەگەڵ ناڕەزایەتییە سەراسەرییەکانی بەفرانباری ٩٦ دوور و لێکجیاواز بن و، خەڵک بەمزووانە شەقامەکان چۆڵ نەکەن. بێهۆ نییە کە ڕێژیم قوتابخانەکانی داخستوە، کێبرکێ وەرزشییەکانی هەڵوەشاندۆتەوە، ئینتێرنێتی لە خەڵکی گرتۆتەوە؛ بەڵام شەقامەکانی پڕ کردوە لە هێزی پۆشتە و تەیار بۆ سەرکوت.

سەرکوتی ئەمجارەی ناڕەزایەتییەکان بەئاشکرا تەعبیر لە ترس و نیگەرانیی قووڵی حکوومەت دەکەن، ترس لەوەی کار لە گرێژنە بترازێ و چیدی نەتوانن بەسەر دۆخەکەدا زاڵ بن؛ لەوەشدا ورد و درشتی دەسەڵات کەوتوونەتە یەک بەرە و هەر هەموو حاکمییەت (خامنەیی، سپا، دەوڵەت، هێزە چەکدارەکان، دەزگای قەزایی، شووڕای بەرزی ئەمنیەتی میللی و...)

لەسەر قەڵاچۆکردنی خەڵکی هاوڕان. بەوەش دەردەکەوێ کە نەک لە پێوەندی لەگەڵ پرسە ئەمنیەتییەکان و لەسەر مانەوەی ڕێژیم، بەڵکوو لە سەرکوتی سەرەتاییترین مافی ئینسانی خەڵکی ئێران وەک دابینکردنی نان و بژێویشدا؛ هیچ تۆفیرێک لەنێوان ئوسولگەرا و ڕێفۆرمخوازدا ناکرێ و «پەشێو» گوتەنی «...ئەوان هەر دووک دەمی تیژی یەک مقەستن...»

لە کوردستان بەڵام دۆخەکە جۆرێکی تر‌ە. ئەگەر دوو مانگ لەوە پێش جاوید ڕەحمان، ڕێپۆرتێری شووڕای مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان ڕایگەیاندبوو کە پتر لە نیوەی زیندانیانی سیاسی لە ئێراندا کوردن و نیزیک بە تەواوی ئیعدامە سیاسییەکان لە کورد دەکرێن؛ لەم ڕۆژانەشدا و لە خۆپیشاندانەکاندا بینیمان کە زۆرترین تاوانەکان لە کوشتن و سەرکوت و گرتنەکان لە کوردستان کران. بەوەش دەردەکەوێ کە لە ڕوانگەی ڕێژیمەوە کوردستان هەمیشە ناوچەیەکی جیاوازە و ترسی ڕێژیم لە جموجۆڵە سیاسی و ناڕەزایەتییەکانی خەڵک لە کوردستان پتر لە هەموو جێیەکی ئێرانە؛ هەروەها دەستی خۆی ئاوەڵا دەبینێ بۆ تونڈترین سەرکوت و خوێنڕشتن، وەک لە هەموو ماوەی تەمەنی دەسەڵاتەکەیدا لە کوردستان کردوویەتی. ئەمەش بێهۆ نییە. ڕێژیم زۆر باش بزووتنەوەی کورد و خەباتە حەقویستانەکەی دەناسێ و دەزانێ بەو پاشخانە دەوڵەمەندەی کوردستان لە بەربەرەکانی لەگەڵ ڕێژیم و خەباتی شوناسخوازی و مافویستی هەیەتی؛ لە ئەگەری هەر گۆڕانکارییەکدا پێشەنگ دەبێ و دەتوانێ ڕۆڵی کارا لە هاوکێشەکاندا ببینێ.

بەڵام دووڕە دیمەنی ئەم ڕووداوانە چین؟ لەمێژە حیزبی دێموکراتی کوردستان ڕایگەیاندوە ئەم ڕێژیمە نە ڕەواییەتی خەڵکی هەیە و نە پێچەوانەی ئەوەی دەنوێنی سەقامگیریی نێوخۆیی، بەڵکوو تەنیا بەهۆی دەزگای سەرکوت و داپڵۆسینە هەتا ئێرەی هێناوە. بۆیە لە ئێستادا داکۆکی لە خەڵکی ئێران ئەرکی سەرشانی هەموو وڵاتان و کۆمەڵگەی جیهانییە. کۆماری ئیسلامیی ئێران ناتوانێ هاوبەشێکی جێی متمانە بۆ وڵاتان بێ و، بەرگری لە کۆمەڵانی خەڵکی ئێران گرێدراوی دێموکراسی و مافی مرۆڤ و هەموو ئەو بەها و بایەخە مرۆیی و جیهانگیرانەیە کە وڵاتانی ئوروپا و ئەمریکا و لایەنە سیاسییە نێودەوڵەتییەکان دانیان پێدا ناوە و؛ ناکرێ لە هەمبەر ئەو بارودۆخەدا بێدەنگ و بێهەڵوێست بن. ئەوەی لە ئێران دەگوزەرێ پێویستە لە ئۆرگانیزمە جیهانییەکانی وەک شووڕای ئەمنییەتدا بێتە بەرباس و ئیزن و دەرفەتی ئەوە بە کۆماری ئیسلامی نەدرێ ئاوا بێترس و مەحابا خەڵکی وەزاڵەهاتوو و مافخوراوی ئێران خەڵتانی خوێن بکا.

فازی نوێی مافخوازیی خەڵکی ئێران لە ڕۆژی ٢٤ی خەزەڵوەرەوە دەستی پێکردوە. ئێران و خەڵکی ئەم وڵاتە و بارودۆخەکە ناکرێ بۆ پێش ئەم ڕێکەوتە بگەڕێنەوە، بۆیە هاوکات لەگەڵ گوشاری نێودەوڵەتی، ئەوەی لە هەموو کاتێک پێویست

دەنوێنی ئینسجامی سیاسیی هێز و لایەنەکانە بۆوەی بتوانن فۆرمێک لە ڕێبەری کردنی ناڕەزایەتییەکان دروست بکەن و کۆنترۆڵی ڕووداوەکان بگرنە دەست.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی نۆڤەمبەری ٢٠١٩

خەڵک و خوێندنەوەیان لە هەڵبژاردنەکان و بودجەی وڵاتدا

سەرەتای مانگی ڕەشەممەی ئەمساڵ یازدەهەمین خولی هەڵبژاردنەکانی مەجلیس لە ئێراندا بەڕێوە دەچێ. دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی لە کاتێکدا بەرەو مەهەندیسی کردنی هەڵبژاردنەکانی ئەمجارەش دەچێ، کە کۆمەڵگە هێشتا تازیەباری لەدەستدانی ئەو ڕۆڵە بوێرانەیەتی کە بە دەستی غەدر و تاوان خەڵتانی خوێن کراون و لە سۆنگەی مافویستییەوە سیلە لە مێشک و چاویان گیرابوو. هەروەها لە بارودۆخێکدا ڕیزبەندییەکانی گەمەی هەڵبژاردن خەریکی خۆپێناسەکردنن کە خەڵک چیدی نایەوی مافە سروشتی و کەرامەتی مرۆییان لەلایەن ڕێژیمێکی هەتا سەر ئێسقان نامرۆییەوە پێشێل بکرێ و بە چوونەسەر سندووقی دەنگدان پرس و بابەتە جەوهەرییەکانی خۆیان بخەنە پەراوێز و بیننە لاوە. لەگەڵ نیزیک بوونەوە لە وادەی هەڵبژاردنەکان، کات دەگاتە ئەم هەڵبژاردنەش کە کێ لە بەرەی خەڵکدا دەمێنێتەوە و کێ لەوبەر؟ کێ بەتەمایە سەرکوتی دەیان ساڵەی خەڵک و ڕووداوەکانی خەزەڵوەر بخرێتە بۆتەی فەراموشی و بیرچوونەوە و، کێ دەیەوێ لەبەرەی مافخوازیدا بمێنێتەوە و بیەوێ کوورەی خەبات دژی ئەم ڕێژیمە نێڵ بدا؟

بەڵێ، لە ڕۆژانێکدا بەرەو وادەی هەڵبژاردنەکان دەچین کە لە کوردستان لە بنەماڵەیەکدا و لە ماوەی سێ ڕۆژدا تەرمی دوو کوڕ بۆ دایک دێتەوە، دوو برای کۆڵبەری ١٤ ساڵ و ١٧ ساڵ کە دەبوا کۆڵی پشتیان کتێب و جانتای قوتابخانە با نەک کۆڵەباری دی، کەچی لەپێناو هێنانەوەی پاروونانێک بۆ سەر سفرەی هەژارانەی ماڵێیان ناچار بوون بە کرێوە و باوبۆرانیش ملی گەردەنە و ڕێی چیا بگرن و تەرمیان بێننەوە؛ یان ئەو باوکە جەرگسووتاوەی هەموو ئان و ساتێک دەمری و دەژێتەوە، کاتێک کە نوێنەری شارەکەی لە مەجلیس لە وەزیری نێوخۆ دەپرسێ بۆ کەوکۆژی سیلەتان لە سەر و مێشکی کوڕی خەڵک گرتوە و، ئەویش بە خەمساردی لە وەڵامدا دەڵێ نا وانییە، لە لاق و لەتەریشمان داون...!

بە ڕوویەکی دیکەشدا، لە بارودۆخێکدا کۆماری ئیسلامیی ئێران دەیەوێ بە گاڵتەجاڕی هەڵبژاردن و بە پشتبەستن بە سندووقی دەنگدان و بەشداریی "خەڵک" ڕەواییەتی درۆیین بە دەسەڵاتەکەی بدا، کە لەبەرچاومانە لە بودجەی ساڵی ٩٩ دا چەندە جوان ئەو "خەڵک"ە دەبینێ و پشک و بەشی بۆ دیاری دەکا!

لە لایحەی بودجەی ٩٩ دا ئەوەندەی بۆ بەشی دەسەڵات و حوکمەت دەگەڕێتەوە، نە شتێک بەناوی قەیرانی ئابووریی هەیە و نە گەمارۆیەکیش لەسەر وڵاتە، چونکی وەک هەمیشە پاروویی دامەزراوە دەوڵەتییەکانی وەک حەوزەکانی عیلمییە، ڕێکخراوەکانی تەبلیغاتی ئیسلامی، بەسیج و سپا و هێزە چەکدارەکانی دیکەی ڕێژیم لە ڕۆندایە و بەشی "خەڵک"و پەروەردە و سڵامەتی و ئاوەدانیش دیارە چیبە و چەندە و "ئابووریی بەرگری" و "خۆڕاگری" دەخوازێ بەوەندە قایل بن و هیچ نەڵێن!

خەڵک و ژیان و پێداویستییەکانیان لە ڕوانگەی ڕێژیمەوە تەنیا لە سەرچاوەی داهات، قەڵغانی بەڵا و ڕەواییەتدانی درۆییندا پێناسە دەکرێن، دەنا چۆن بودجەی حەوزەکانی عیلمییە کە هیچ خێروبێرێکی بۆ کۆمەڵگە نییە دەبێ ٥٤ هێندەی بودجەی بەرنامەی پاراستنی سەرچاوە سروشتییەکانی وڵات، ١٦ هێندەی بودجەی بنیاتی نەخۆشینە دەگمەن و درێژخایەنەکان بێ؟ چۆن دەکرێ تەنیا ڕێکخراوەیەکی مەزهەبیی وەک «جامعه المصطفی العالمیه» بڕی ٣١٨ میلیارد تمەنی بدرێتێ کە ٩٢ هێندەی کۆی بودجەی پشتیوانی لە قوتابیانی سەرەتایی ناوچە هەژار و پەراوێزخراوەکانە؟

حەسەن ڕووحانی ڕۆژی ١٧ی سەرماوەز لە کاتێکدا لایحەی بودجەی بردە مەجلیس و لە پشتی میکرۆفۆن ڕایگەیاند کە نرخەکان لە ساڵی داهاتوودا وەک خۆیان دەمێننەوە، کە هەر لەو یەک مانگەدا بەهۆی بڕیاری گرانکردنی نرخی بێنزین - ئەویش بۆ پڕکردنەوەی کورتهێنانی بودجەی دەوڵەت - نرخی هەموو کاڵا و کەلوپەلەکان لە سەتا ١٢ هەتا سەتا ٣٠ زیادی کردوە و ڕوونە کە گوشار و قورساییەکەشی دەستەودامێنی کێ بووە، هەر خەڵکی بێماف و هەژار! لەو بارودۆخەدا ڕوونە کە هەڵوێستی خەڵک بەنیسبەت هەڵبژاردنەکان چۆن دەبێ و دواتر بەنیسبەت بەردەوامیی ڕوانگەی دەسەڵات بۆ خەڵک کە هەر سەرکوت و بێبەشکردنە لە مافەکانیان بە کام ئاقاردا دەشکێتەوە.

خۆپێشاندانەکانی بەفرانباری ٩٦ و خەزەڵوەری ٩٨ بەو خوێندنەوەیەی بۆ دروشمەکان و هەروەها پەیام و ویست و داخوازە گشتییەکان دەکرێ نیشانی دا کە خەڵک لە پرۆژەی ڕێفۆرمخوازیش تێپەڕیون و، چیدی دەسەڵات ناتوانێ بەو مەکروحیلە لەلایەک کۆمەڵگە سەرقاڵ بکا و لە چاوەڕوانیدا بیهێڵێتەوە؛ لەولاش لە هاوکێشە جیهانییەکاندا بۆ بەرژەوەندییەکانی ڕێژیمەکەیان (نەک خەڵک) کەڵک لەو پرۆژەیە وەربگرێ. ئیدی لای خەڵک ڕوون و ئاشکرایە کە مەجلیس لە کۆماری

ئیسلامیدا ناتوانێ نوێنگەی ئیراده و بەشداریی خەڵک بێ لە بڕیاردان لەسەر چارەنووسی خۆی، بەڵکوو شوێنی تێکگیرانی بەرژەوەندیی ڕەوت و لابانەکانی نێو حاکمیەتە و کام لا کورسیی زیاتری بە حسێبی دەنگی خەڵک بەرکەوتبێ، ئەوا بەشی زیاتری لە گەندەڵی و تاڵانوبڕۆ پێ بڕاوە. بەو پێیە و بەتایبەت دوای ڕووداوەکانی خەزەڵوەر ڕوونە کە هەم خەڵک و هەم حکوومەت حسێبی خۆیان لەگەڵ یەکتری جیا کردۆتەوە و هەر کام بە ڕێی خۆیدا دەڕوا، بەوەش ئەوەی زیاتر لە هەموو شتێک چاوەڕوانکراوە، سەرهەڵدانەکان و پەرەسەندنی ناڕەزایەتییەکانی خەڵکە.

هەموو شتێکیش بۆ ئەم ناڕەزایەتییانە ئامادەیە، چونکی لەگەڵ بەردەوامیی گەمارۆکان ئابووریی وڵات نەک بەرەو باشی ناچێ خراتریش دەبێ، بەوەش نە دەوڵەت لە توانایدا هەیە پشت بە سەرچاوەکانی داهاتی زیاتر ببەستێ و، نە مافیای بەیتی ڕێبەری و بنیاتە ئابوورییەکانی سەر بە سپای پاسداران و هێزە چەکدارەکانی دیکەی ڕێژیم ئامادەن ماڵیات بدەن و نە سیستمی بانکیی مایەپووچ دەتوانن بگەنە فریای دەوڵەت؛ بۆیە دیسانەکەش قورساییەکە دەخرێتەوە سەر شانی خەڵک و خەڵکیش دەڕژێنەوە سەر شەقامەکان. لێرەدایە کە ئەم پرسیارە بەرەوڕووی هەموو لایەک دەبێتەوە کە چۆن ئەمجارەیان داری ناڕەزایەتییەکان بێتە بەر؟ چۆن بکرێ هەتا بە زیانی گیانیی کەمتر دەسکەوتی گەورە دەستەبەر بکرێ؟ چۆن دەکرێ سەرکوتی خوێناویی خەڵک تێچوویەکی قورسی بۆ ڕێژیم لێ بکەوێتەوە؟
پێش هەموو شتێک یەکیەتیی بەکردەوەی خەڵک چ لە هەڵبژاردنی دروشم و چ لە تاکتیکی بەرەوڕووبوونەوە لەگەڵ ڕێژیم خاڵی گرینگی فازی نوێی ناڕەزایەتییەکانە. چینی مامناوەندیی کۆمەڵگە با هیندەی چینی بندەستە هەژاری و گوشاری ئابووری نەیهاڕیبن، بەڵام وەک هەموو چین و توێژەکانی دیکەی کۆمەڵ لە ماف و ئازادییە مەدەنی و کۆمەڵایەتییەکانیان بێبەشن، هەروەها لەگەڵ بەردەوامیی سیاسەتەکانی ڕێژیم ڕۆژبەڕۆژ ستاتووی ئەم چینەش دادەڕمێ؛ بۆیە پێویستە هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگە وزەی خەباتگێری و ناڕەزایەتی دەربڕینی خۆیان یەک بخەن، کەواتە کەلێنە چینایەتییەکانی بزووتنەوەش دەبێ پڕ بکرێتەوە.

خەلاقییەت لە مێتۆدی بە چالشکێشانی دەسەڵاتیش ڕۆڵی بنەڕەتی دەگێڕی لە یەکلاکردنەوەی ناڕەزایەتییەکاندا، ئەویش ئەوەی کە ناڕەزایەتییەکان وێڕای بەخاوەنکردنی شەقام، بەرەو ئاراستەی مانگرتن و داخستنی بازاڕ، کارگە و ڕێگاکانی هاتوچۆ بچێ و لەڕووی زەمەنیشەوە بەردەوام بێ. بەوە ڕێژیم بەچۆکدا دێ و لەگەڵ پاشەکشەی دەسەڵات، هەم ستاتوی خەڵک و ناڕەزایەتییەکان بەرەو سەر هەڵدەکشێ و هەم خەبات و مافخوازیی خەڵکی ئێران دەکەوێتە سەر ڕێڕەوێکی تر.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٣٠ی دێسەمبەری ٢٠١٩

بابەتی ساڵی: ٢٠٢٠

کوژرانی قاسم سلێمانی و چڕژانی هیلالی شیعی

فڕۆکەخانەی بەغدا دواوێستگەی ژیانی تێرۆریستێکی نێودەوڵەتی بوو. قاسم سولەیمانی، فەرماندەی سپای قودس، باڵی سەربازیی ڕێژیم و سپای پاسداران لە دەرەوەی وڵات کە دەستی لە تێرۆری سەدان چالاکی سیاسیی دژبەری ڕێژیم، هەڵگیرساندنی شەڕی نێوخۆیی لە چەند وڵاتی ناوچە و کوژرانی سەدان هەزار کەس و ئاوارەبوونی بەملیۆن کەس لە سووریە و یەمەن و عێراق هەبوو؛ بەرەبەیانی ڕۆژی هەینی، ١٣ی بەفرانبار لەگەڵ کۆمەڵێک کاربەدەستێکی حەشدی شەعبیی عێراق کرایە ئامانجی چەند ڕۆکێتێکی پەهبادەکانی ئەمریکا.

کوژرانی قاسم سولێمانی، دووهەم کەسی دەسەڵاتبەدەستی ڕاستەوقینە لە کۆماری ئیسلامیی ئێرانـدا و نووری بینایی خامنەیی کە ساڵی ڕابردوو میدالی زولفەقار، بەرزترین نیشانی سەربازیی ئێرانی لە سینگی دا، هەم گرینگە و هەم بۆ هەیمەنەی ڕێژیم چارەنووسساز. گرینگە، چونکی پاش چوار دەیە تەڕاتێنی سپای قودس لە پەرەپێدان بە تێرۆریزمی دەوڵەتی، لە قەیرانخوڵقێنی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، لە نانەوەی شەڕ و ئاژاوەی ئیتینیکی و بەکوشتدانی سەدان هەزار کەس؛ یەکەمجارە کە شێلگیرانە هەس دەدرێتەوە و پێی دەگوترێ جاری بووستە. گرینگە، چونکی هیندەی گوشارە لانیزۆرەکەی ئەمریکا لەدژی ئێران کاریگەریی لەسەر بڕیاری ڕێژیم هەیە، کوژرانی بەمشێوەیەی سەردارەکەی سپا و کاراکتێرە بنەڕەتییەکەی ڕێژیم لە هاوکێشەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستیشدا شوێنی لەسەر یەکلاکردنەوەی بڕیارەکان دەبێ. وەک گوترا چارەنووسسازیشە، چونکی کاریگەریی ڕاستەوخۆی هەیە لەسەر ڕووکاری نوێی پێوەندییەکانی ئەمریکا و عێراق، مانەوەی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و هەروەها چوار دەیە ململانێی نێوان ئێران و وڵایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا.

چوار دەیە پێش ئێستا باڵوێزخانەی ئەمریکا لە ئێران لە پێتەختی ئەو وڵاتە هێرشی کرایە سەر و بەوەش گرژیی پێوەندییەکان و ململانێ و دوژمنایەتیی ٤٠ ساڵەی نێوان ئەمریکا و ئێران دەستی پێکرد. چوار دەیە پاش ئەم ڕووداوە و لە

ئاکامی هەوڵێکی هاوشێوە - هێرش کردنە سەر باڵوێزخانەی ئەمریکا لە بەغدا - کە لایەنگرانی کۆماری ئیسلامی لەپشتی بوون و کوژرانی قاسم سولێمانیی لێ کەوتەوە، بەریەککەوتنی نێوان ئەم دوو وڵاتە پتر لە هەموو کاتێک بەرهەستترە.

هەنگاوەکانی دواتری ئەم دوو وڵاتە ڕەهەندە جۆراوجۆرەکانی ئەم بەریەککەوتنە وێنا دەکەن. مەسەلە ئەوەیە کە سپای پاسداران کلیلواژەی مانەوە و ئەمنییەتی کۆماری ئیسلامی و هێژمۆنیی ڕێژیمە لە ناوچەدا. بەتایبەت کە سپای قودس لە دوو دەیەی ڕابردوودا کە "قاسم سولێمانی" سەرۆکایەتیی کردوە، هاوتەریب لەگەڵ سیاسەتی دەرەوەی ئێران، ئەکتەری سەرەکیی ڕووداوەکان لە عێراق، سووریە، لوبنان و یەمەن بووە. دیارە بە مەرگی قاسم سولێمانی ئەویش بەو خەسڵەتە تایبەتییەی لە ڕێکخستنی هێز و میلیشیاکانی سەر بە ئێران و دەستڕۆیشتوویی لەنێو کەسایەتی و پێکهاتەکانی ئەم وڵاتانەدا هەیبوو، سپای قودس و بە تەبیعەتی ئەوەش هێز و دەسەڵاتی ئێران لە ناوچەدا جیاوازتر لە پێشوو دەبێ و زۆری دەوێ کۆماری ئیسلامی بتوانێ خۆی ڕێک بخاتەوە و بگاتەوە ئەو ئاستەی کە پێش کوژرانی سولەیمانی بووی.

ئەم بەرکەوتنە لەم فۆرمەدا دوو ڕەهەندی هەیە. یەکەمیان ئەوەی کە ئەمریکا ئیدی گەیوتە ئێستکانی و وادیارە چیدی تابشتی سەرەڕۆیی و ملهوڕییەکانی ئێران لەدژی بەرژەوەندییەکانی ناهێنێ و، تێکدەری و ئاژاوەگێڕییەکانی ڕێژیم ئەوەندەی مەترسیی بۆ سەر کۆشکی سپی دروست کردوە کە ئامادە بووە ڕیسکێکی ئەوەندە گەورە بکا کە ڕێک لە سەرەکیترین ئەکتەرە مەیدانییەکەی ڕێژیم بدا، لە کەسێک بە ناوی قاسم سولێمانی کە لە ڕاستیدا "وەزیری دەرەوەی خامنەیی" بوو لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا.

لایەکی دیکەی ئەگەرەکان کاردانەوەی ئێران و میلیشیاکانی سەر بە ڕێژیمە بەتایبەت لە عێراق. ئایا کوژرانی قاسم سولەیمانی و کەسی دووهەمی حەشدی شەعبی شەپۆلێکی نوێی پەلامار بۆ سەر هێزەکانی ئەمریکا و ناوەندە و بنکەکانی ئەم وڵاتە لە عێراقدا وەڕێدەخا؟ ئایا لە سۆنگەی نیگەرانیی لایەنە سیاسییەکانی عێراق - چ لایەنگر و چ دژبەری کۆماری ئیسلامی - لە هەڵگیرسانی شەڕێکی گەورە لە خاکی ئەم وڵاتەدا مانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لەم وڵاتەدا پرسیاری دەخرێتە سەر؟ ئاخۆ سەرکەوتنی نیزامیی ئەمریکا بە تایبەت لە ساڵی هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماری لەم وڵاتەدا لە ڕووی سیاسیشەوە لە بەرژەوەندەیی ئەم وڵاتە، بەتایبەتیتر ئیدارەی تڕامپ دەشکێتەوە؟ بۆ وەڵامی هەندێک لەو پرسیارانە دەبێ چاوەڕوانی ڕووداوەکان لە ڕۆژ و مانگەکانی داهاتوو بین.

لە ئێستا ئەو ئەمریکایەی کە ٤٠ ساڵە بەردەوام کاربەدەستانی ئێران دەڵێن هیچ غەڵەتێکی لەدەست نایە، دووهەمین پیاوی بەهێزی کۆماری ئیسلامی و ئیدۆلۆگی شەڕە نیابەتییەکانی ڕێژیم لە ناوچەی کوشتوە. ئێستا تۆپەکە لە مەیدانی

کۆماری ئیسلامیدایە کە ئاخۆ هەڕەشەکانی دەگاتە کوێ؟ ئاخۆ دەتوانێ لە ڕێگەی حیزبوللاّی لوبنانەوە زەبرێک لە ئیسرائیل وەک هاوبەشی ستراتیژیکی ئەمریکا بدا، یان لە خاکی سووریەدا بەرژەوەندییەکانی ئەم وڵاتە بکاتە ئامانج؟ وێدەچێ لەبەر پێگەی لاواز و لەرزۆکی حیزبوللا لە ئێستای لوبناندا و هەروەها مەوقعییەتی نەزۆر قایمی خۆیشی لە سووریە ئەو مەبەستانەی بۆ نەیەتە دی. دەمێنێتەوە عێراق کە لەوێدا بە کەلکوەرگرتن لە بارودۆخی شپرزەی سیاسی و ناسەقامگیری لە ناوەندی ئەم وڵاتە، شەڕەکەی لە دژی ئەمریکا ببات پێشێ.

لەگەڵ ئەمەشدا ئەم پرسیارەش کەم هێز نییە لە بنەڕەتدا ئاخۆ تۆڵەیەک لە گۆڕێدایە، یان وەک چۆن لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا هێزەکانی ڕێژیم لە سووریە و لایەنە نیابەتییەکانی لە وڵاتانی ناوچە بەبەردەوامی لە لایەن ئیسرائیل و ئەمریکاوە لێیان دراوە و ڕێژیم دژکردەوەی هاوچەشنی نەبووە؛ ئەمجارەش ڕێژیم هەوڵ دەدا خۆی لە ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاستەوخۆ لەگەڵ ئەمریکا بەدوور بگرێ؟ ئاشکرایە کە کۆماری ئیسلامی لەسەر دووڕێیانییەکی سەختدایە. وەک چۆن حەوتووی پێشوو ڕایگەیاندبوو کە هیچ ڕۆڵێکی لە هێرش کردنە سەر باڵوێزخانەی ئەمریکا لە بەغدا نەبووە و ئەوە لەم ترسەوە سەرچاوەی دەگرت کە نایەوێ ڕاستەوخۆ لەگڵ ئەمریکا ڕاچێ؛ ئێستاش نایەوێ ڕیسکێکی وابکا کە بۆ لای شەڕ لەگەڵ بەهێزترین وڵاتی نیزامیی دنیای ببا. شەڕێک کە بە دڵنیاییەوە بڕاوەکەی ئەو نابێ. بەڵام بێتوو کاردانەوەشی نەبێ، لەنێو خۆی حاکمییەتدا و لەنێو هێز و میلیشیاکانی سەر بە ڕێژیم لە ناوچەدا تووشی هەڵوەرین دەبێ و ستاتووی ئێستای لەدەست دەدا.

بەڵام دەردی ڕێژیم خۆ یەک و دوو نین. لەلایەک گەمارۆکانی ئابووریەکانی ئەمریکایە کە بڕستی لێ بڕیوە و، لەلایەک کەڵەکەبوونی ناڕەزایەتییەکانی خەڵکە کە هەر جارە و بە بیانوویەک دەتەقێتەوە و پاشان ئەو پێگە لەرزۆکەی لە ناوچەدا کە لانیکەم لە یەک ساڵی ڕابردوودا گاردی هێرشبەرانەی بە ڕێژیم نەهیشتووە و بەردەوام جێی پێ لێژ کردوە.

خەڵکی ئێرانیش وەک لایەنێکی دیکەی ئەم هاوکێشەیە بە مەرگی دراماتیکی قاسم سولێمانی دڵخۆشن، چونکی باشتر لە هەر وڵات و لایەنێک دەیناسن و دەزانن کە هۆکاری سەرەکیی هەموو بەشمەینەتی و نەهامەتییەکانیان سیاسەتە چەوتەکانی ڕێژیمێکە کە کەسانی وەک قاسم سولێمانی بەڕێوەی دەبەن؛ بۆیە وەها مەرگ و کۆتاییەک شایانی کەسانێکی وەک ئەوە کە هەموو میژووەکەیان کوشتن و زەوتکردنی ماف و ئازادییەکانیان و، سەرکوتی ویست و داواکانیان بووە؛ هەروەها لەسەر ئەو باوەڕەن کە ڕێژیمەکەش دەبێ بە دەردی قاسم سولێمانی و چارەنووسی ئەو بچێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٤ی جانیۆیری ٢٠٢٠

دیسان لێدانەوەی قەوانە کۆنەکە

ڕووداوەکان لەو ماوەیەدا هیچ بە دڵی کۆماری ئیسلامی نـاچنە پێشـێ و خـۆری هیـوای ڕێـژیم پتـر لە هەموو کاتێک ڕوو لە ئاوابوونە.

مەیتگێـڕییەکەی دەزگـای پـڕوپاگنـدەی کۆمـاری ئیسـلامی کە بە مەبەسـتی هەڵخڕانـدنی هەسـتی ئـایینی و بگـرە نیشـتمانیی خەڵکی ئێـران و، پاشـان نیشـاندانی ڕەواییەتـی نەبـووی خـۆی بەبەرچـاوی کـۆمەڵگەی نێـودەوڵەتی بە تـابووتی سـوڵەیمانی وەرێـی خسـتبوو، زۆری بـڕ نەکـرد. بینیمـان کە لە سـەرهەڵدان و نـاڕەزایەتییەکـانی دوای بەردانەوەی فـڕۆکە ئـۆکراینییەکە یەکەم شت ئەوە وێنە و بیلبوردەکانی قـاسم سولێمانی بوون کە شڕودڕ کران و سووتێندران، دواتر ئەوە خـودی خـامنەیی وەک تـرۆپک و مەرجەعی دەسەڵات بوو کە دروشمی زۆر تـوند لەدژی درا و جارێکی دیـش دەرکەوت کە ڕێـژیم مـانەوەی تـا ئێسـتای نەک لە سۆنگەی ڕەواییەتی خەڵکی؛ بەڵکوو بەهۆی دەزگای سەرکوت و بە زەبری چەک بووە.

پرسی گرینگ ئەوەیە کە کەڵەکەبوونی ویست و داواکانی خەڵک لە دوو ساڵ لەمەوبەرەوە ئاراستەیەکی دیکەی بە خۆپێشـاندان و نـاڕەزایەتییەکـان داوە و ڕاپەڕینـی خەڵـک لە ناکـارامەیی دەسـەڵات و وەڵامنەدانەوە بە داوا ژیانەکییەکـانی خەڵـک، خەریـکە مەسـیری سـەرهەڵدانەکان بەرەو شۆڕشـێکی دی ببـا. قەیرانـی ئـابووری وەک دیـارترین فـاکتەری نـاڕەزایەتییەکان لە ئێستادا شتێک نییە حکوومەت بتوانێ یان تەنانەت بیەوێ لێی دەرباز ببێ. بودجەی ساڵی ١٣٩٩ خـۆی ئـاوێنەی هەموو ڕاستییەکانە. بـودجەیەک کە هەر لە ئێستاڕا تەنـانەت ئابووریناسـانی سـەر بە حکوومەت پێشبێنی دەکەن سەدان هەزار میلیارد تمەن کورتی بێنێ و دەوڵەت بۆ قەرەبووکردنەوەی ناچارە قەرز بکا، یـان مڵک و دارایییەکـانی بفرۆشـێ بۆوەی بتوانێ مووچەی کارمەند و خانەنشینکراوەکان بدا و، دواجار باج و ماڵیات لەسەر خەڵک و کەرتی وەبەرهێنـان زیـاد بکا کە دوائاکامی هەموو ئەوانە هەرەسهێنانی زیـاتری ئـابووریی وڵات و لەو سۆنگەیەشەوە پەرەسەندنی نـاڕەزایەتییەکـانی خەڵک و ڕادیکالیزەبوونی ویست و داواکانیانە.

سیاسەتی دەرەکیی ڕێژیمیش ئاهی بەبەرەوە نەماوە. ئەوەی لە سووریە و عێراق ڕوو دەدا نیشانەی ئیفلاسی سیاسیی ڕێـژیمە. پاشگەزبوونەوەی ئێران لە دەروەستییەکانی «بەرجام»یش دواجار هاوبەشە ئوروپاییەکـانی ڕێـژیم ناچـار دەکـا سیاسـەت و ڕوانگەیـان بەنیسبەت ڕێـژیم بگـۆڕن و بیـانەوێ و نەیـانەوێ بە لای ئەمریکـادا بشکێنەوە. ئەگەرچی بریتانیـا، فەڕانسـە و

ئەڵمان ڕایانگەیاندوە کە نایانەوێ لە ئێستادا پەروەندەی ئێران بنێرنە شووڕای ئەمنییەت - کە لەگەڵ ناردنی بێ سێودوو گەمارۆکانی دژی ئێران دێنەوە جێی خۆیان -، بەڵام خۆی چالاک کردنی میکانیزمی پەلاپیتکە، واتا میکانیزمی چارەسەری ناکۆکییەکان وا دەکا ئاژانسی نێودەوڵەتیی وزەی ئەتوم نەتوانێ چاودێریی بەسەر بەرنامە ئەتومییەکانی ئێراندا بمێنێ؛ هەروەها بەشێک لە گەمارۆ ئابووریییەکانی یەکیەتیی ئوروپا لە دژی ئێران لە ماوەی سێ مانگدا دێنەوە جێی خۆیان. بەوەش قۆناغێکی دی لە گوشارە نێودەوڵەتییەکان لەدژی کۆماری ئیسلامیی ئێران دەست پێدەکاتەوە.

چوار دەیە ئەزموونی کۆماری ئیسلامی و لێکەوتەی سیاسەتەکانی ئەم ڕێژیمە لەسەر ئەمنیەت و سەقامگیریی نێوخۆی وڵات و وڵاتانی ناوچە، چوار دەیە سپۆنسەری کردنی تێرۆریزمی دەوڵەتی، هەناردەی شۆڕشی شیعەگەری و قەیرانخوڵقێنی لە وڵاتانی دراوسێ، چوار دەیە سەرکوتی هەرچەشنە ماف و ئازادییە بەرحەق و ڕەواکانی خەڵکی ئێران پێمان دەڵێن هەڵکردنی کۆمەڵگەی جیهانی، بەتایبەت وڵاتانی زلهێز و خاوەنبڕیاری جیهان لەگەڵ ئەم ڕێژیمە بەتەمای گۆڕانی ڕەفتارەکانی بێکەڵکە و کات بەفیڕۆدانە. پێمان دەڵێن سیاسەتی دیالۆگی ڕەخنەگرانە و مماشاتی کۆمەڵگەی جیهانی چ لە ڕەهەندی سیاسەتدا و چ لە بواری بازرگانی و ئابووریدا قازانجەکەی هەر ڕێژیم بردوویەتی و تەنانەت لە هیندێک بڕگە و قۆناغی مێژووییدا بووەتە هۆی خۆگرتنەوە و هێزمەندبوونی ئەم ڕێژیمە لە بەرامبەر ئەم گۆڕانکاری و ڕووداوانەی لە نێوخۆی وڵات بەدژی ڕێژیم بەڕێوە بوون. پێمان دەڵێن کە وڵاتانی دنیای ئازاد کاتیەتی لە بری ڕێژیم و هەوڵدان بۆ گۆڕینی ڕەفتاری ئەم ڕێژیمە کە ناگۆڕدرێ خەڵک هەڵبژێرن، دەنگی ناڕەزایەتیی خەڵک ببیستن و بەهێندی وەربگرن و؛ لەجیاتی دەرفەتدانەوە بە ڕێژیم لەژێر ناوی گەڕانەوە بۆ دانوستان و لەڕاستیدا بۆ خۆبەهێزکردنەوەی لەڕووی ئابووری بۆ بەردەوامییان لە سیاسەت و ئایدۆلۆژییە ناسەردەمیانەکانیان پشتی خەڵک بگرن. یان تەنانەت ئەگەر لە گۆڕینی ئەم ڕێژیمەدا لەگەڵیان نین، لەم کات و ساتە چارەنووسسازەشدا دەرفەتی هێزمەند بوونەوە بۆ ڕێژیم نەڕەخسێنن.

وردبوونەوە لە قسەکانی خامنەیی لە نوێژی هەینیی ئەم حەوتوویەشدا پێمان دەڵێن تەمای گۆڕان لە کۆماری ئیسلامیدا چەند دوور لە چاوەڕوانییە. خامنەیی لە کاتێدا چووە پشتی تریبوونی نوێژی هەینی کە ناڕەزایەتییە گشتییەکان لە وڵات بەردەوام لە پەرەسەندندان، زیاتر لە ١٥٠٠ کەس لە ڕەوتی سەرکوتی خۆپیشاندانەکانی مانگی خەزەڵوەردا کوژراون، کارەساتی بەردانەوەی فڕۆکە ئۆکراینییەکە خەڵکی تازیەبار کردوە، سەرباری قەیرانی ئابووری کە هەموو وڵاتی داگرتوە لافاو و بوومەلەرزەش دەردی سەر باری دەردان بۆ خەڵکی چەند ناوچەیەکی وڵات بووە؛ بەڵام ڕێبەری کۆماری ئیسلامی لە جیاتی ئەوەی ئاورێک لە ویست و داواکانی خەڵک بداتەوە، هاوخەمییەک لەگەڵ خەڵکی لافاولێدراوی خوزستان و سیستان و بەلوچستان و قوربانییانی ڕووداوەکەی فڕۆکە ئۆکراینییە بکا، باس لە گۆڕانکارییەک لە بەرژەوەندیی خەڵک لە بەرنامەکانی حکوومەتەکەیدا بکا؛ دیسان قەوانە کۆنەکەی لێ دایەوە.

لە ڕوانگەی ڕێبەری ڕێژیمەوە ئەوانەی دێنە سەر شەقام و داوای مافەکانیان دەکەن و بە سەدان کەسیان لێ دەکوژن و بە هەزاران کەسیان بەند دەکەن خەڵک نین، فریوخواردووی دوژمنانن! ئەوانەی وێنەکانی قاسم سولەیمانی دادەگرن و لەگەڵ هاوخەمی لەگەڵ بنەماڵەی قوربانییانی فڕۆکە ئۆکراینییەکە داوای وەڵامدانەوەی لایەنە پێوەندیدارەکان دەکەن خەڵک نین، شوێنکەوتووی نەیاران و میدیا بیانییەکانی دژبەری ڕێژیمن! ڕێبەری ڕێژیم جارێکی دیکەش بێ ئەوەی هەست بە هیچ بەرپرسایەتییەک لە بەرامبەر بارودۆخی کارەساتباری وڵات و بەشمەینەتیی خەڵک بکا کە بەرهەمی سیاسەتی چەوتەکانی خۆیانە، پەنای بردە بەر دەقە پیرۆزەکان و خۆی لە جێی حەزەرەتی مووسا دانا و گوتی خەڵک دەبێ بەسەبر و شوکرانەبژێر بن! هاوکات لە ڕوانگەی ئەوەوە باشترین بژێرە بۆ ئەم بارودۆخە ئەوەیە کە ئەوان دەبێ بەهێزتر بن، بەو مانایە کە سەرچاوە و سامانی گشتیی وڵات پتر بخرێتە خزمەتی پڕۆژە نیزامییەکانی ڕێژیم و؛ بودجەی زیاتر بۆ هێزە چەکدارەکانی ڕێژیم و گرووپ و میلیشیاکانی سەر بەوان تەرخان بکرێ کە لە وڵاتانی ناوچەدا شەڕی نیابەتییان بۆ دەکەن!

لەمڕۆدا چاوەڕوانیی بەجێی خەڵکی ئێران ئەوەیە کە وڵاتانی ئوروپایی دەست لەو ڕێژیمە بشۆنەوە و چیدی دەرفەت بە ڕێژیم نەدەن لە ناکۆکیی نێوان ئوروپا و ئەمریکا بژیو وەربگرێ. کاتێک خامنەیی بە پێشخزمەت و نۆکەری ئەمریکایان دادەنێ و تەنانەت بە دەستەواژەی وڵاتانی «حەقیر» سووک و چرووکیان دەکا؛ فۆڕچەدان بەوە ڕێژمە لەژێر ناوی دیپلۆماسی و وتووێژ بە مانای دەرفەتدانە بۆ بەردەوامیی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی لە ئەتککردنی هەموو ئەو بەها و بایەخانەی کە دنیای ئازادی دەرەوە جاڕی دەدەن.

کۆمەڵگەی جیهانی کاتیەتی دەنگی خەڵکی ئێران ببیستێ و بێتە پشتی. کاتێک کە ناڕەزایەتییەکان لە ماوەی زەمەنیی 10 ساڵ جارێکەوە بۆ چەند مانگ جارێک وەڕێ دەخرێن و کاتێک دروشمەکان جار بە جار ڕادیکاڵتر و بەئاراستەی ڕووخان و نەمانی ئەم ڕێژیمە دەدرێن، کاتێک پێبەپێی سەرکوتی توند خەڵک و خۆپیشاندەران بوێرتر و شۆڕشگێرتر دێنەوە پێشێ، ڕوونە کە داهاتوو بۆ کێیە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢١ی جانێوێری ٢٠٢٠

گرینگیی هەڵبژاردنەکان بۆ ڕێژیم لەنێوان پێگەی مەجلیس و چەندی و چۆنیی بەشداریی خەڵکدا

دوو ڕۆژی دی و جارێکی دی هەڵبژاردنەکانی مەجلیس لە ئێراندا بەڕێوە دەچن. ئەو هەڵبژاردنانەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە ئێستادا پتر لەوەی خەمی پێکهاتەکەی بێ، نیگەرانی بەشداریی خەڵکە لە پڕۆسەی دەنگدانەکەدا. ئەو هەڵبژاردنانەی بە هەموو ڕێگە و ئامرازێکەوە خەڵکیان بۆ ڕەکێشی سندووقەکانی دەنگدان دەکەن، بەڵام ئەوانەی دەبێ دەنگیان بدرێتێ لە پێشدا دەنگی خۆیان لە لایەن دەسەڵاتی سیاسیی وڵاتەوە وەرگرتوە و دەنگی خەڵک تەنیا لایەنە ڕوتووشکردنی پڕۆسەکەیە؛ بەڵام ئەمجارەیان زۆری و کەمیی دەنگدەران بۆ ڕێژیم باری حەیسییەتیی هەیە. لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆککۆماریشدا خۆ ئەگەر لە هەموو ئەو مەهەندیسیکردن و فرت و فێڵانە و تەنانەت دزیی چەند میلیونیی دەنگەکانی خەڵک بە قازانجی کەسی مەبەستی ڕێبەری - ئەحمەدیەژاد لە هەڵبژاردنەکانی خولی دەهەمی سەرۆککۆماری/ ١٣٨٨ی هەتاوی - بگوزرێین؛ ئەوە خامنەیی وەک کەسی یەکەمی نیزامی سیاسییە کە دەبێ جەنابی سەرۆککۆمار لە شوێنی خۆی دابنێ و بۆمان ڕوون بێتەوە کە هەڵبژاردن و دەنگی خەڵک پووڵێکی قەڵب ناهێنێ.

بەڵام هەڵبژاردنەکانی ئەمجارە دیارە مەبەست تەنیا بەشی بەشداریی خەڵک لە دەنگدان، نەک مەهەندیسی ڕەوت و ئاکامەکانی هەڵبژاردن لەبەرچی بۆ ڕێژیم گرینگە؟ بۆچی خامنەیی بە ئەرکی موسوڵمانێتیی دادەنێ و ڕوحانی لەبەر خەڵکی دەپارێتەوە؟ وەڵامەکەی ڕوون و ئاشکرایە کە لە ماوەی چوار دەیەی ڕابردوودا ئەوەی تۆسقاڵە ئابڕوویەکی نەبووی بۆ کۆماری ئیسلامیی لە لای بیروڕای گشتیی جیهان دروست دەکرد، پیشاندانی ئەو سەتا چەندە لە خەڵکی وڵات بووە لە هێنانە سەر شەقام لە بۆنە حکومەتییەکان و لە هەڵبژاردنە مەهەندیسی کراوەکاندا. بەڵام نیزامی سیاسی باشتر لە هەموو کەس و لایەنێک دەزانێ کە ئیدی ناتوانێ خاوەنێتیی بەدرۆش لەم ئابڕووە نەبووەی بکا. ئەمەش کاتێک پتر دەردەکەوێ کە هەواڵدەریی فارس، میدیای نیزیک لە سپای پاسداران ئاکامی ڕاپرسییەکی دامەزراوەی توێژینەوە کۆمەڵایەتییەکانی زانکۆی تارانی بڵاو کردۆتەوە کە تێیدا هاتوە سەتا ٢٥ خەڵکی ئێران لەم هەڵبژاردنانەدا دەنگ دەدەن. هەر بۆیە بایکۆتی هەڵبژاردنەکان وەک چۆن پێشتر نموونەکەی لە ڤێنێزوێلا بیندرا، یەکێک لە میکانیزمە کارامەکانی سڕینەوەی ڕەواییەت لە دەسەڵاتێکی گەندەڵ و سەرکوتگەر و دیکتاتۆرییە و دەتوانێ وەک پارامێترێک لە ڕاکێشانی پشتیوانیی کۆمەڵگەی جیهانی لە بەرژەوەندەیی خەڵکدا دەور ببینێ.

هۆکارەکانی پشتتێکردنی خەڵک لە سندووقەکانی دەنگدان چی بێهیوایی ئەوان لە نیزامی سیاسیی وڵات بێ، یان ناکارامەیی مەجلیس لە پێکهاتەی دەسەڵاتی وڵات و، چ لێکەوتەی قەیرانە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگە؛ بەرهەمی عەقڵییەتێکی گشتیگرە کە مەجلیس خۆی دەرەنجامی ڕانت و گەندەڵی حکومەتی و هەڵاواردنە. لەم سۆنگەیەشەوە

هەرچەشنە دەنگدانێک بەوانەی دوای قەڵتوبڕی هەزاران پالێوراو بە پاکراوی خراونەتە بەر دەمی خەڵکی دەنگدەر، خۆی دەنگدان بەو حەقکوژی و هەڵاواردنەیە.

ئەم عەقڵییەت و تێگەیشتنە ڕێگە نادا هیوا لەسەر هەڵبژاردن و پرۆسەی بەشداریپێک هەڵبچندرێ کە هەڵبژێراوانی پرۆسەکە پێشتر لە چوارچێوەی نیزارەتی ئیستسوابیی شووڕای نیگابان و لە پاڵێنەی چەند لایەی وەزارەتی نێوخۆ، سپای پاسداران، وەزارەتی ئیتلاعات و هێزە ئینتیزامییەکان دراون.

هەڵبژاردنەکانی مەجلیس لە کاتێکدا بەڕێوە دەچن کە بەشداریی زۆر کەمی خەڵک لە ڕێوڕەسمی حکومەتیی ٢٢ی ڕێبەندان، ٤١ ساڵەی سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران سێبەری قورسی خۆی بەسەر چەندیوچۆنیی بەشداریی خەڵک ئەمجارەیان لە دەنگدانەکەی ٢ی ڕەشەمەدا بڵاو کردۆتەوە.

بارودۆخی کارەساتباری ژیان و بژیوی خەڵک، قووڵبوونەوە و کەڵەکەبوونی قەیرانەکان لەسەر یەکتری، سەرکوتی خوێناویی خەڵک لە ناڕەزایەتییەکانی خەزەڵوەر، بەردانەوەی فڕۆکە نەفەرهەڵگرەکەی ئۆکراین لەلایەن سپای پاسداران و درۆ و چەواشەکارییەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ هەڵخەڵەتاندنی بیروڕای گشتی زیاتر لە هەر کاتێک دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیی لە نێوخۆ و لەلای خەڵک بێمتمانە و، لە دەرەوەی و لای وڵاتان بێئیعتبار کردوە.

هاوکات لەگەڵ هەڵبژاردنەکان کۆبوونەوەی کارگرووپی تایبەتیی (FATF) لە حەوتووی داهاتوودا دەگیرێ و دوادەرفەتی ئێران بۆ جێبەجێکردنی کۆنڤانسیۆنی «پالێرمۆ» و بەربەرەکانی لەگەڵ تێرۆریزم کۆتایی دێ و وێناچێ کۆماری ئیسلامی بتوانێ لەم ماوە کەمەدا ئیمزایان بکا و هەنگاوەکانی خۆی لەگەڵ ویستی کۆمەڵگەی جیهانی ڕێک بخا. بۆیە تەنیا شتێک کە کۆماری ئیسلامی بەدەستیەوە ماوە ئەوەیە بەشداری و دەنگدانی خەڵک بکاتە کارتێک بۆ متمانەی خەڵک لە نێوخۆ و، بۆ چوونە شەڕ و بەربەرەکانیی کۆمەڵگەی جیهانی لە دەرەوەی سنووورەکانیدا. لێرەدایە کە خەڵک جارێکی دی چەکی سپی بۆ ئەم ڕێژیمە ئیمزا ناکەنەوە.

ئەوەی خەڵک ئێستا پتر لە هەموو کاتێک دەیزانن ئەمەیە کە لە کۆماری ئیسلامیی ئێراندا قەت هەڵبژاردن بەو مانا باوەی لە نیزام و کۆمەڵگە دێموکراتیکەکاندا پێناسە دەکرێ، لە ئێراندا نەبووە و لە قامووسی کۆماری ئیسلامیشدا جێی نابێتەوە. لە کۆماری ئیسلامیی ئێراندا هەڵبژاردنەکان نە ئازاد بوون و نە دێموکراتیک. خەڵک بە عام مافی هەڵبژاردنیان بووە، بەڵام مافی هەڵبژێران تەنیا بە کەمایەتییەکی زۆر بچووک دراوە. لە هەموو ماوەی تەمەنی کۆماری ئیسلامیدا حیزبە

سیاسییەکانی ڕەخنەگری حکومەت و ئۆپۆزیسیونی مافخواز سەرکوت کراون و دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی دۆزەخێکی گەورەی لە ئێران بۆ خەڵکی ئەم وڵاتە دروست کردوە.

خەڵکی ئێران وەک لە ڕابردوودا نیشانیان داوە ئامادەن باجی دەربازبوون لەو دۆزەخە بدەن و بێگومان بایکۆتی هەڵبژاردنەکان دەکەنە دەسکەوتێکی دی لە خەباتی مافخوازانەیان بەدژی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی.ا

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٠ی فێبریوێری ٢٠٢٠

لە کام ئازان و بە چی بەزیون؟

قەیرانە سروشتییەکان لە سۆنگەی کۆمەڵێک دیاردەی وەک هەردەهەژان، لافاو و بڵاوبوونەوەی پەتا و نەخۆشییەوە لە هەموو شوێن وکۆمەڵگەیەکدا ڕوو دەدەن، بەڵام ئەوەی گرینگە شێوەی مودیرییەتی ئەم جۆرە قەیرانگەلەیە.

لە وڵاتە گەشەکردووەکاندا مودیرییەتی قەیران بەر لە هەر شتێک لەسەر بنەمای پێشگرتن ئەویش بە پشتبەستن بە هەموو توانا زانستی و تێکنۆلۆژییەکان دەوەستێ و، بێتوو بەوە دەروەست نەهاتن و قەیرانەکە ڕووی دا؛ ئەمجارەیان هەموو ئیمکاناتی وڵات و حکومەتی بۆ تەرخان دەکەن هەتا بە کەمترین زیان بەسەریدا زاڵ ببن. بەڵام لە وڵاتانی ڕوو لە گەشە یان گەشە نەکردوو و نادێموکراتیکەکاندا - کە بەتایبەت دەسەڵاتی سیاسی لەو وڵاتانە خۆی سەرچاوەی قەیرانگەلی جۆراوجۆریشە - مودیرییەتی قەیران جۆرێکی تری. لەم وڵاتانەدا کەمترین بایەخ و گرینگی بە بنەڕەتی پێشگرتن نادرێ، چونکی ئەمە پلان و تێچووی مادی و مشوور خواردنی گەرەکە. دوایەش کە بەسەردا کەوتن، چەندی بکرێ هەوڵی شاردنەوەی ڕاستییەکان بەمەبەستی خۆدزینەوە لە ئەرک و بەرپرسایەتییەکانی دواتریان دەدەن و پەردەی ئاخریش بریتییە لە هەندێک هەڵتوزداتوز و خۆنواندنی بێبنەما.

بەفرانباری ساڵی ٩٥ کاتێک قالیباف، شارەداری ئەوکاتی تاران لە مەجلیس ڕاپۆرتی ڕووداوەکەی "پلاسکۆ"ی دەداوە، سەرەباسێکی گرینگی کردەوە و گوتی "مودیرییەتی قەیران لە وڵاتی ئێران خۆی لە قەیراندایە". بەڵام خۆی لە پلەی کەسی یەکەمی شار و بەدوای ئەم کارەساتەدا نە وازی لە بەرپرسایەتییەکەی هێنا و نە تەنانەت داوای لێبوردنیشی کرد.

بەفرانباری سێ ساڵ دواتر و کاتێک کە پەتای کرۆنا لەسایەی مودیرییەتی قالیبافەکانەوە گەیشتە ئێران، کاربەدەستانی ڕێژیم لەبەر ئەوەی تەندووری هەڵبژاردنەکانیان سارد نەبێتەوە، ماوەی زیاتر لە مانگێک خۆیان لێ گێل و نەبان کرد و هەر لەگەڵ تەواوبوونی هەڵبژاردنەکان دەزگای مانۆڕ و تەبلیغاتی ڕێژیم کەوتە خۆ؛ بەڵام ئیدی کار لە کار ترازابوو، و ئێران نەک هەر قوربانیی ئەم پەتایە، بەڵکوو ببوو بە سەرچاوەی هەناردەکردنیشی بۆ وڵاتانی دی.

پێش ئەوەش بوومەلەرزەکەی کرماشان، لافاوەکەی شیراز و لوڕستان و هەر لەم ماوەیەدا هەردەهەژێنەکەی قوتوور و لێکەوتەکانی پێمان دەڵێن لە ئێراندا نە بنیات و دامودەزگا دەوڵەتییەکان لە هەلومەرجی قەیراندا فریای خەڵک دەکەون و نە خەڵکیش متمانەیان بە ڕێژیم و دەسەڵاتە هەتا بایەخ بۆ کار و کردەوەکانی ڕێژیم دابنێن.

لە کۆماری ئیسلامیی ئێراندا مودیرییەت تەنیا بە هەندێک کاری ڕۆتێن و هاوئاهەنگیی چەند ئیدارەیەک پێناسە کراوە و ئەوەی ئیدارە و ڕێکخراوەکانی بەناو مودیرییەتی قەیران بەلایدا نەچوون، خەسارناسی و شرۆڤەی ڕووداوەکان، پلانی پێشگیرانە، ئامادەیی بەرەوڕووبوونەوە لەگەڵ قەیرانەکان، گەیاندنی بەوەختی زانیارییەکانی پێوەندیدار بە خەڵک و فێرکردنی گشتی و تایبەتییە بۆ کۆنترۆڵکردنی قەیرانەکان و کەمکردنەوەی زیان و خەسارە مرۆیی و ماددییەکانە.

ئێران لە ڕیزی دە وڵاتی پڕ ڕووداوە سروشتییەکاندایە و لە ٤٠ جۆر بەڵای سروشتی زیاتر لە ٣٠ دانەیان لە ئێران ڕوو دەدەن و لە سۆنگەی ناکارامەیی دەوڵەتەوە بەرۆکی خەڵکی ئەم وڵاتە دەگرن. لە ئێران مودیرییەتی قەیران دوای ڕووداوەکە دەست پێدەکا و ئەویش تەنیا خۆی لە پرسی بەهاناوەچوونێکی سەقەتدا دەبینێتەوە، سروشتییە لەو بارودۆخەدا لەبەر ئەوەی جۆری ڕووداوەکە پێشبینی نەکراوە و کەرەستە و ئیمکاناتی بەرگرتن و چارەسەری بۆ تەرخان نەکراوە؛ جارێ هەتا گەیشتنی هێزی یارمەتیدەر زەبر و زیانە سەرەکییە خەڵکی بەرکەوتوو چێشتوویەتی. دوایەش هەموو شتێک پشتگوێ دەخرێ و لەبیر دەکرێ. هەڵبەت ئەمجارەیان بابەتی "کرۆنا" لە دیاردە و بەڵا سروشتییەکانی دی کەمێک جیاوازترە.

دەسەڵاتی سیاسی لە ئێران پەتای کرۆنای سەرەتا بەسیاسی کرد و دواتریش لە پرۆسەیەکی ئایینی - ئەمنیەتیدا هەوڵیدا بەسەریدا زاڵ ببێ کە نەیتوانی. سەرەتا بە مەبەستی نەسڵەماندنەوەی خەڵک لە سندووقەکانی دەنگدان بڵاوبوونەوەی ئەم پەتایەی لە ئێراندا شاردەوە و دوایەش کەمیی بەشداریی خەڵک لە هەڵبژاردنەکانیشی بۆ ترسی خەڵک لە کرۆنا گەڕاندەوە. لەبیرمانە کە خامنەیی تەنانەت لەو بابەتەشدا دیسان قامکی تاوانی بۆ "دوژمن"ە خەیاڵییەکە درێژ کردەوە و دوایەش ئەوە ئایەتوڵڵاکانی قوم بوون کە بە ڕوانگەی ئایینی و ئەمنیەتی ئەوەندەی بۆیان کرا ڕێیان لە ڕێکارە زانستییەکانی بەگژداچوونەوەی ئەم قەیرانە گرت.

بەئەمنیەتیکردنی دیاردە، ماف و بابەتە سیاسی و تەنانەت مەدەنییەکانیش لە هەموو ماوەی تەمەنی کۆماری ئیسلامیدا چەکی دەستی ئەو ڕێژیمە بووە بۆ سەرکوتی هەرچەشنە ناڕەزایەتی و مافخوازییەک؛ هەروەها لە ڕوانگەی ئایینیش هەم بۆ شەرعییەتدان بە حەزفی فیزیکیی نەیارانی سیاسی کەلکیان وەرگرتوە و هەم بۆ مەرامی بێبەشکردنی هەموو ئایینزا و کەمایەتییە ئایینییەکانی دیکە لە مافەکانیان. بۆیە لە بابەت کڕۆناشدا سەرەتادا مەلاکانی قوم و مەرجەعە تەقلیدەکان ئامادە نەبوون ئەم مەیدانە بۆ خەڵکی پسپۆڕی خۆی بەجێ بێڵن و دەسەڵاتیش لە ڕەهەندی ئەمنیەتییەوە هەتا ئێستاش لە بەرژەوەندیی خۆیدا بەکاری بێنێ. بەڵام وەنەبێ ئەم ڕێژیمە لە مودیرییەتکردنی هەموو پلان و بەرنامە و دیاردە و قەیرانێکدا کورتی هێنابێ، ئەساس ئەوەیە کە چیی لە بەرژەوەندیی دەسەڵات - نەک خەڵک - دا بووە بەباشترین شێوەی دڵخوازی خۆی ڕایی کردوە و چیش زەرەری بۆ پەز بووە، لەبۆ قازانجەکانی خۆی سیاسەتی لەگەڵدا کردوە. کارنامەی ٤١ ساڵەی ئەم ڕێژیمە پڕە لەو شێوەی مودیرییەتە:

ڕێژیم هەر لە ڕۆژەکانی یەکەمی گرتنەدەستی دەسەڵات کەوتە پڕۆژەی نەهێشتنی نەیارانی سیاسیی خۆی و تەنافەکانی ئێعدامی دەمودەست لە سەربان و حەوشەی مەدرەسەی ڕیفاهـ هەڵخست و هەتا ئێستاش تێرۆر و حەزفی فیزیکیی دژبەرانی سیاسیی خۆی مودیرییەت دەکا! ئەم ڕێژیمە ٨ ساڵ شەڕی ماڵوێرانکەر لەگەڵ عێراقی لەپێناو سەقامگیریی دەسەڵاتی سیاسیی خۆیدا دروێژ کردەوە، شەڕێک کە بە میلیون کەسی تێدا کوژران و بریندار بوون و ژێرخانی ئابووریی وڵاتی هەڵتەکاند، بەڵام ئەوان بەپێی بەرنامەکانی خۆیان مودیرییەتیان کرد و ئاکامی دڵخوازی خۆیان لێ وەرگرت! ئەوان ئازابوون لە مودیرییەتی کوشتارەکانی کوردستان، خوزستان و تورکەمەنسەحرا و، کوشتاری زیندانیانی سیاسی لە هاوینی ساڵی ٦٧. ئەوان ئازا بوون لە مودیرییەتی ئینقلابی فەرهەنگی! و ئیدۆلۆژیستە کردنی نیزامی پەرورده و هەموو ئەو نەهامەتییانەی بەسەر میژوو و هونەر و ئەدەبییاتی ئەم وڵاتەیان هێنا. سەرکوتی کۆمەڵگەی مەدەنی، بێبەشکردنی کەمایەتییە نەتەوەیی و ئایینییەکان لە مافەکانیان، کپکردنی هەرچەشنە ناڕەزایەتییەک و سەرکوتی سیستماتیکی ماف و داخوازییەکانی ژنان و هتد بەشێکی دی لەو پڕۆژانەن کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە مودیرییەتکردنیاندا ئازا بووە!

ئەم ڕێژیمە خۆی شێرپەنجە و پەتایەکی کوشندەیە و وەک بەڵایەکی ئاسمانی بەرۆکی خەڵکی ئێرانی گرتوە و نە دەیهەوێ و نە دەتوانێ بەرەوڕووی پەتایەکی وەک کۆرۆنا بێتەوە کە خۆی ڕۆڵی سەرەکیی بووە لە تەشەنەکردنی لە وڵاتدا؛ بۆیە بەر لە هەموو شتێک ئەوە خەڵکن کە دەبێ فریای حاڵی خۆیان کەون و دواتریش ڕێکخراوی جیهانیی تەندروستییە کە دەبێ چاوی بەسەر ئێران و ڕەفتار و بڕیارەکانی کۆماری ئیسلامییەوە هەبێ لەو پێوەندییەدا.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٦ی مارچی ٢٠٢٠

کۆماری ئیسلامی کیش یان مات؟

کۆمەڵگەی مرۆیی زۆری نەهامەتی و کارەسات بەسەر هاتوە، وەک شەڕی وڵاتان لەگەڵ یەکتری و لێکدانە جیهانییەکان، بەڵا و قەیرانە سروشتییەکانی وەک لافاو و بوومەلەرزە و، بڵاوبوونەوەی نەخۆشییە گشتگیر و گواستراوەکانی وەک تاعوون و وەبا، بەڵام نەوەستاوە و هەموو ئەوانەی بەجێ هێشتوە. بۆیە بە دڵنیاییەوە بەسەر ئەم جۆرەی «کۆرۆنا»شدا سەر دەکەوێ، بەڵام گرینگ دواترەکان و قۆناغی ئەولای تێپەڕین لەو قەیرانگەلەن.

ئەوەندەی بۆ کۆمەڵگەی مرۆیی لە ئێران و دەسەڵاتی سیاسی لەم وڵاتە دەگەڕێتەوە، هەرنەبێ لە مێژووی هاوچەرخدا خەڵک و دەسەڵات لەم وڵاتە لە تەنگانە و قەیرانەکاندا نەک پێکەوە، بەڵکوو لە بەرامبەری یەکتری بوون. یەکنەبوونی بەرژەوەندیی خەڵک و دەسەڵات وایکردوە زیان و خەساری قەیرانەکان پتر لەسەر خەڵک بارگرانی بکا و، حاکمیەتیش نەک هەر ژیان و گیانی خەڵکی بۆ گرینگ نەبێ؛ بگرە تەنیا و تەنیا لە فیکری مانەوەی خۆی لە دەسەڵاتدا بێ. چوار دەیە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی بەسەر خەڵک و وڵاتی ئێران و لێکەوتەکانی دەربڕی ئەو ڕاستییەن کە زۆرینەی ڕەهای خەڵک و نیزامی سیاسیی وڵات لە یەک ڕەگەز نین. ئێران ئەمڕۆ یەکێک لە گەشەنەکردووترین وڵاتانی دنیایە، وڵاتێک کە سەرەڕای ژێرخانی ئابووریی دەوڵەمەند، بەڵام بەشی هەرەزۆری خەڵکەکەی لەژێر هێڵی هەژاریدا دەژین. وڵات نوقمی بێکاری و قەیرانەکۆمەڵایەتییەکانە، کەچی حکوومەت ئەوەی خەمی لێ دەخوا نەک خەڵک و وڵات، بەڵکوو پاراستنی هەیمەنە و بەرژەوەندییەکانیەتی، ئەویش کە پتر لە دەرەوەی سنوورەکانیدا بۆی دەگەڕێ.

سەرنجڕاکێش ئەوەش لە هەر قەیرانێکدا کە ڕووی لە وڵات کردبێ یان هەر بەڵایەک کە خۆی بەسەر وڵاتی هێنابێ و لەهەر جێیەک بۆخۆی کورتی هێنابێ، خەڵکی کردوەتە قەڵغان و بەڵگێرەوەی خۆی. هاوکات بۆ تێپەڕین لە دۆخەکەش چاوی لە هێزی مرۆیی و توانا و ئیمکاناتی ماڵیی خەڵک بووە. کە بوومەلەرزە و لافاو ڕوو لە وڵات دەکا، بۆی گرینگ نییە خەڵک ماڵ و حاڵی کەوتۆتە سەر ئاو یان ژێر داروپەردوو و، ئەوە ئەرکی سەرشانی ئەوە خەمیان لێبخوا، بەڵام لە کاتی شەڕ و گەمە سیاسییەکانی وەک هەڵبژاردندا بە ئەرکی سەرشانی خەڵک دەزانێ بەدەم داوای حکوومەتەوە بچن! خەڵک سەرکوت دەکەن، دەکوژن، دەبڕن و نە تەرمەکانیان دەدەنەوە بە بنەماڵەکانیان و نە تەنانەت ئامادەن بڵێن چەندیان لە

ڕۆڵەی ئەم خەڵکە کوشتوە؛ بەڵام کە قەیرانێک ڕوویان تێدەکا، بە هۆی دەستەوەستانی و بێدەسەڵاتییان لە مودیریەتی قەیراندا خەڵکیان بیر دێتەوە و دەستیان بۆ پان دەکەنەوە. وەک چۆن ئێستاش لە قەیرانی "کۆرۆنا"دا بە پارانەوە و لاڵانەوە دەڵێن چاویان لە خەڵکی چاکەکار و ڕێکخراوە مەدەنییەکانە لەگەڵیان دەست دەنێ، هەر ئەو ڕێکخراوانەی هەتا دوێنێ ئەندامەکانیان لەسۆنگەی چالاکییەکی مەدەنی و داواکردنی سەرەتاییترین مافێکی مرۆیی دەگرت و لە زیندانیان توند دەکردن!

کاتێک هەموو دنیا هاتوچۆی لەگەڵ چین ڕاگرتبوو، سپای پاسداران کە لە ئێراندا خۆی بە حاکم و خاوەنی بەڕ و بەحر دەزانێ، بڕیاری دا گەشتەکانی ماهان بۆ چین بەردەوام بن. ئەوەی ڕێژیم بۆی گرینگە ئەوەیە هاتنی چەکوچۆڵە و کەرەستەی سەربازی و تفاقی شەڕ ڕانەوەستێ، جا با لەگەڵ ئەوانە کۆرۆناش بێ و خەڵک گیرۆدە بکا! گرینگ ئەوەیە کارگەی ئەتۆمی و دروستکردنی مووشەکەکانیان لەگەڕ نەکەوێ، خەڵک دەکەون ئەویان بە تووڵ!

ئەوان هەموو جەنایەتێک و خەیانەتێک دەرحەق بەو خەڵکە دەکەن و دوایەش دەکەونە پیلان بۆوەی ئەوەندەی دەکرێ هەر ئەم خەڵکە بخاپێنن و، لاوازی و دۆشداماویی خۆیان لە ئیدارەکردنی وڵاتیان پێ بشارنەوە، چۆن:

خەیانەتەکە ئەو کاتە دەستی پێکرد کە زووتر لە هەموو کەس دەیانزانی وڵاتیان تووشی چ بەڵایەک کردوە، بەڵام شاردیانەوە و بە ڕێگری لە داخستنی "قوم" وەک چاوگی بڵاوبوونەوەی پەتاکە و شوێنە ئاینییەکان وەک ناوەندی کۆبوونەوەی گشتیی باوەڕمەندان ڕێگەیان بۆ تەشەنەکردنی پەتایەکە خۆش کرد.

جەنایەتەکەش ئەو کاتە بوو کە بە ئەقڵی خۆیان بابەتەکەیان هەڵسەنگاند و ئەوەش وایکرد دەیان هەزار کەس بیگرنەوە و بە هەزاران کەسیش تێدا بچن. هەموو لە بیرمانە ڕۆحانی هاتە سەر شاشە و گوتی هەمووی سێ ڕۆژە، دوایە هەرچی کاروباری پەکخراوە، دێنەوە جێی خۆیان و دۆخەکە ئاسایی دەکەنەوە. ئێستاش کە بە قووڵایی کارەساتەکەیان زانیوە و داماو و دەستەوەستانتر لەوەشن چارەی کەن، لە لایەک هانایان بۆ خەڵک هێناوە و لە لایەکی دی بە بڵاوکردنەوەی ئەم ئیدیعایە کە ئەوە شەڕی بیۆلۆژیی دژی ئێرانە، کەوتوونەتە پیلان بۆ وەی خۆڵ لە چاوی هەر ئەو خەڵکە بکەن و، بێتوانایی و زەبوونی و بێکیفایەتیی خۆیانی پێ بشارنەوە.

بەدەر لەو جەنایەت و خەیانەتە هاتوون چەندی بۆیان بکرێ "کرۆنا" بکەنە "وجه‌المصالحه' بۆوەی گەمارۆ ئابووریەکانیان لەسەر لابچێ، ئەمەش نەک بۆ ئەوەی بتوانن کەرەستەی خۆپاراستن و ئیمکاناتی بێهداشتیی زیاتر بۆ خەڵکی پێ دابین

بکەن، بەڵکوو بۆوەی پارەی زیاتریان بۆ دروستکردنی بۆمب و مووشەک و دابینکردنی تێچووی بەخێوکردنی میلیشیاکانی سەربە خۆیان لە ناوچە بێتە دەست.

لەو تەنگانەیەی ئێستادا خەڵک کۆمەڵێک شت بەچاوی خۆیان دەبینن کە بێگومان هەمووی دەسمایەی ناڕەزایەتی و سەرهەڵدانەکانی دوای کۆرۆنا بەدژی ڕێژیم دەبن.

خەڵک بە چاوی خۆیان دیتیان ئەم ڕێژیمە بەڕواڵەت زۆر سەقامگیرە لە کاتی قەیراندا و لە نێوان بەشە جۆراوجۆرەکانی دەوڵەت و حوکمەتیشدا هەڵوەشاوە و پەرت و پەرپووتن. خەڵک بە چاوی خۆیان دیتیان ئەو دەسەڵاتەی جەلال و جەبەروودی خۆی لە عەرشدا دەبینێ، بەڵام لە دابینکردنی دەمامک و دەستەوانە نەک بۆ هەموو خەڵک، بگرە بۆ کادری دەرمانیی نەخۆشخانەکانیش زەبوون و داماوە. خەڵک کە هەر لەمسائڵدا و بەدوای ئەزموونکردنی لافاوەکەی خاکەلێوە، گرانکردنی بێنزین و کوشتارەکەی خەزەڵوەر و، بەردانەوەی فڕۆکە ئۆکراینییەکە بە مووشەکی سپای پاسدارانەوە بۆیان دەرکەوتبوو کە ئەوەی لای کاربەدەستانی ئەم ڕێژیمە بایەخی نەبێ گیان و ژیانی خەڵکە، ئەم جارەیان بە کاتی "کۆرۆنا"ش زیاتر لە جاران تێگەیشتن کە چەندە غەیرەخۆیی و زیادەن! خەڵک بە ئێسک و پێستەوە چێشتیان کە ئەوەی بۆ کۆماری ئیسلامی لە پێشە تەنیا و تەنیا پەرەپێدانی هێز و دەسەڵاتی خۆیەتی لە ناوچە و، ئەوەی لە گەندەڵی و هەڵووشینی سەروەت و سامانی گشتیی وڵات ماوەتەوە بۆ ئەوی تەرخان کردوە؛ نەک بەهێزکردنی ژێرخانە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی وڵات و بێهداشت و سڵامەتیی خەڵک.
لە تەنیشت ئەو شتانەی خەڵک دیتیان، خەڵک هەندێک شتی دیکەی نەدی کە دەیتوانی سووکە متمانەیەک و چووکەڵە ئێعتبارێک لە نەبوودا بۆ دەسەڵاتی سیاسی دەستەبەر بکاتەوە. خەڵک چاوەڕوان بوون دەسەڵات لەم قەیرانەدا و لە پێوەندی لەگەڵ ئامار و زانیارییەکانی پێوەندیدار بەم کارەساتەوە لەگەڵیان ڕووڕاست بێ، بەڵام دیسانەکەش درۆیان لەگەڵ کرا. خەڵک چاوەڕوان بوون زیندانییانی سیاسی مەرەخەسییان بدرێتێ و لانیکەم هەتا کۆتایی قەیرانەکە بنێردرێنە ماڵەوە، بەڵام بینیمان نەک هیچ زیندانییەکی سیاسی - بە تایبەت کورد - مەرەخەسی پێنەدرا؛ لەم ماوەیەدا هەم ئێعدامەکان درێژەیان هەبوو، هەم سەپاندنی حوکمی زیندانی درێژخایەن.

خەڵک چاوەڕوان بوون دەسەڵات بە پێی ئەرک و وەزیفەشی بووبێ لە شوێنی سەرچاوە گشتییەکان ئاوڕ لە خەڵکی هەژار و بێدەرەتان و بێئەنوای وڵات بداتەوە کە لە سۆنگەی کۆرۆناوە گردەنشین بوون و کەوتوونەتە تەنگانەی قورسەوە؛ داواش کرا و هاواریشیان بەرز بۆوە، بەڵام دەسەڵات نەیبیست.

سەرچاوە و سامانی گشتیی وڵات ئیی هەموو خەڵکی وڵاتە و خەڵک مافی خۆیانە بە تایبەت لە کاتی قەیرانەکاندا لێی بەهرەمەند بن، خەڵک چاوەڕوان بوون لەو ماوەیەدا دەوڵەت لانیکەم پووڵی ئاو، برق و گازیان لێ نەستێنێ؛ دانەوەی قەرزەکانیان بە بانکەکان دوا بخرێ، بەڵام ئەوەشیان نەکرد.

بۆیە کۆماری ئیسلامی ئەگەر بتوانێ ئەم قەیرانەش تێپەڕێنێ، ئیدی ناتوانێ دەسەڵاتە سیاسییەکەی پێش کۆرۆنا بێ، خەڵکیش ئەگەر لە پاش ئەو کارەساتە بمێنن ناتوانن بۆ دواوە بگەڕێنەوە. کرۆنا ئەوەندەی کۆمەڵگە لە حکوومەت تووڕە کردوە و خەڵک ئێستا هێندە لەو ڕێژیمە پڕن کە قەت ناتوان ئەو ڕۆژانە و ئەو بارودۆخە لە بیر خۆیان بەرنەوە.

بێگومان سەردەمی دوای بەزاندنی کۆرۆنا لە ئێران سەردەمێکی زۆر جیاوازتر لە کاتی پێش هاتنی ئەو پەتایە دەبێ. چوار دەیەیە کرۆنای کۆماری ئیسلامی خوێنی خەڵکی ئەو وڵاتەی دەشووشە کردوە، کاتی ئەوە هاتوە کە ملۆزمی کۆرۆنا ببێتە سەبەبی گۆڕین و تێکەوەپێچانی ئەم ڕێژیمە دیکتاتۆر و خوێنمژە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٩ی مارچی ٢٠٢٠

سووچی گەمارۆکانە یان بێکیفایەتی و گەندەڵیی خۆیان؟

سێ مانگ دوای بڵاوبوونەوەی نەخۆشیی کۆرۆنا دەرکەوت کە دردی سەرەکی لە ئێران ئەم پەتایە نییە، بگرە حکومەتێکە کە هەر لەجێدا بۆخۆی هێشتی کۆنترۆڵی ئەم نەخۆشییەی لە دەست بترازێ، ئەوەش وایکردوە کە تا نووسینی ئەم دێڕانە بەپێی ئاماژە ڕەسمییەکانی وەزارەتی بێهداشتی ئێران، کۆرۆنا نیزیک بە ٧٥ هەزار کەسی لەم وڵاتە لە نەخۆشخانەکان خستبێ و گیانی زیاتر لە ٥ هەزار کەسیش ئەستاندبێ. بەردەوامیی گەمارۆکانی ئەمریکا، ڕاگیرانی بازرگانی لەگەڵ وڵاتان بەتایبەت عێراق وەک گەورەترین شەریکە مەعامەلە لەگەڵ ئێران، لەکیسچوونی زیاتر لە ١٠ میلیارد دۆلار لە داهاتی توریسم و گەشتیاریی شوێنە ئاینییەکان و دابەزینی زیاتر لە سەتا ٣٠ی بەرهەمهێنانی پاکنەکراوی نێوخۆیی ئاماژە بۆ ڕاستییەکی تاڵن: قووڵبوونەوەی قەیرانی ئابووری، دابەزینی زیاتری توانای کڕینی خەڵک و چوونەسەرێی زیاتری ئاماری مردنەکان بەهۆی پەتای کۆرۆناوە.

لەو بارودۆخەدا حکوومەتی ئێران پتر لەوەی لە خەمی مان و ژیانی خەڵکدا بێ، "کۆرۆنا" بە نیعمەت و بەرەکەتێکی یەزدانی دەبینێ و هەوڵێکی دیپلۆماسیی بەرینی وەڕێ خستوە بۆوەی بە هەڵخڕاندنی بیروڕای گشتیی جیهانی و بەبیانووی بەربەرەکانی لەگەڵ کۆرۆنا، گەمارۆکانی سەر خۆی لابباـ بەڵام ئاخۆ هۆکاری پەرەسەندنی کۆرۆنا لە ئێران و سەرتربوونی ئەژماری مردنەکان لەم وڵاتە لە چاو وڵاتانی دی گەمارۆکانی سەر ئێرانن یان گەندەڵیی سیستمی ئیداری و بێکیفایەتی و نادەروەستبوونی بەرپرسبەران و کاربەدەستانی ئەم وڵاتە؟ چۆنە ئێران بە بیانووی ئەوەی گەمارۆکان رێیان لە پرسی چارەسەر و پێڕاگەیشتن بە نەخۆشەکانی کۆرۆنا لە وڵات گرتوە، داوای لابردنیان دەکەن؛ بەڵام رێگە لە بەرنامە پزیشکی و خزمەتە دەرمانییەکانی رێکخراوی پزیشکانی بێسنوور لە پێڕاگەیشتن بە توشبووانی کۆرۆنا لە نێوخۆی وڵاتدا دەگرن؟ کۆماری ئیسلامی کە چاوی لە گۆڕانی سیاسەتی وڵاتانی دی، بەتایبەت ئەمریکا و ئوروپا لەسەر خۆیەتی - بە دیاریکراوی هەڵگرتنی گەمارۆکان -، ئەدی بۆ خۆی چ گۆڕانکارییەکی لە سیاسەتی تونددئاژۆ و رەفتاری دوژمنکارانەی بەنیسبەت بەرژەوەندییەکانی ئەم لایەنانە کردوە هەتا ئەم چاوەڕوانییەی لێیان هەبێ؟ ئاخۆ گەمارۆکان بوونە هۆی رەگداکوتانی کۆرۆنا لە ئێران یان شاردنەوەی لە لایەن حکوومەت بۆ ماوەی زیاتر لە مانگێگ لەبەر هەڵبژاردنەکان و خۆپیشاندانەکانی ٢٢ی رێبەندان؟ تەشەنەکردنی کۆرۆنا لە وڵات سووچی گەمارۆکان بوو، یان بێکیفایەتی ئەوان لە ئیدارەکردنی ئەم قەیرانەدا بە رێگەدان بە بەردەوامیی رێوڕەسمە ئایینییەکان و قەرەنتینە نەکردنی شارەکان، بەتایبەت شاری قوم وەک سەرچاوەی سەرەکیی بڵاوبوونەوەی ئەم پەتایە؟

رێبەرانی کۆماری ئیسلامی دەڵێن دراو و سەرچاوەی مالیی پێویست بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ کۆرۆنایان لەبەردەستدا نییە و چاویان لەوەیە گەمارۆکانیان لەسەر لابچێ، باشە ئەگەر وایە بۆچی ئامادە نین رێککەوتننامە نێونەتەوەییەکانی وەک "ئێف ئەی تی ئێف" ئیمزا بکەن بۆوەی دەرگا داخراوەکانیان بەڕوودا بکرێتەوە؟ ئەدی سەدان میلیارد دۆلار داهاتی ئێران لە فرۆشی نەوت و هەناردەکانی وڵات لەکوێن؟ ئەو سەدان بنیاتی ئابووری و مالییەی سەربە بەیتی رێبەری و دامودەزگا دەوڵەتی و ئەمنیەتی و نیزامییەکانی وڵات کە چوار دەیەیە هەموو جومگە ئابووریییەکانی وڵاتیان پاوان کردوە و مالیاتیش نادەن لەکوێی ئەم هاوکێشەیەدا جێ دەگرن، بۆ دەست لە باخەڵی ئەوان ڕۆناکەن؟ مەگەر دوای بەرجام کە بە میلیارد دۆلار پادەستی ئێران کرایەوە، چەند لەو دراوە خەرجی ژێرخانی ئابووریی وڵات و ئاریشەکانی کۆمەڵگە کرا، چەندەی خەمی خەڵک سووک کرد و مەگەر هەمووی خەرجی بەرنامە نیزامی و ئەمنیەتییەکانی رێژیم و چالاکییەکانی سپای پاسداران نەکرا؟

پێش ئەویش خەڵک و کۆمەڵگەی جیهانیش لەبیریانە کە دوای بوومەلەرزەکەی شاری "بەم" دەیان هەزار خێوەت و پەتۆ بۆ زیاندیتووانی بوومەلەرزە درانە کۆماری ئیسلامی، بەڵام بەشی هەرە زۆریان خرانە بازاڕەکانەوە. خەڵک لە هیچ کوێی

هاوکێشەکانی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامیدا نییە، وەک چۆن دەبنین ئێستاش قوربانیانی بوومەلەرزە و لافاوەکانی ئەم ساڵانەی دوایی لە خێوەت و کانتینێرەکاندا دەژین، کەچی سەرەڕای داوای دەوڵەت لە خامنەیی بۆ هەڵگرتنی بڕە پارەیەک لە سندووقی گەشەی نیشتمانی؛ ئاوڕ لەو خەم و دەردەی خەڵک نەدرایەوە.

بێگومان لابردنی گەمارۆکانی سەر حکوومەت و دەسکەوتنی داهاتی زیاتر ئاخۆ دەچێتە گیرفانی سپای پاسداران یان خەرجی دەرد و مەرگی خەڵک دەکرێ، مەگەر هەم خەڵکی ئێران و هەم لایەنە بیانییەکان ئەمەیان ئەزموون نەکردوە؟ پاشان، چۆنە خامنەیی لە سندووقی گەشەی نیشتمانیی وڵات بڕی دوو میلیارد و ٥٠٠ میلیون دۆلار (ساڵی ١٣٩٧) بۆ بەرنامە نیزامی و شەرەنگیزییەکانی حکوومەتەکەی لە ناوچە تەرخان دەکا، یان دوای کوژرانی قاسم سولەیمانی (١٣٩٨) بە دیاریکراوی ٢٠٠ میلیون یۆرۆ دەخاتە حسێبی سپای پاسداران؛ بەڵام لەو کاتە ئەستەم و قەیرانەدا کە بەرۆکی خەڵکی وڵاتی گرتوە بۆ دراوەکانی ئەم سندووقە ناگەڕێتەوە؟

ئەم بارودۆخە تاوانی گەمارۆکانە یان دەرەنجامی گەندەڵیی تا ملان هاتووی کاربەدەستانی حکوومەت؟ مەگەر ساڵی ڕابردوو سەعید نەمەکی، وەزیری بێهداشت لە زمانی دەرنەپەڕی کە ئەو زیاتر لە یەک میلیارد دۆلار دراوەی بۆ کڕین و هاوردەی داودەرمان تەرخان کرابوو ون بووە و کەس بە سۆراغی نازانێ؟

ئایا هۆکارەکانی بێکاری، وەستانی ئابووری، داخرانی کارخانە و ڕاوەستانی بەرهەمهێنان، کەمایەسیی داودەرمان و کەرەستەی پزیشکی، سیاسەتەکانی ئەمریکایە لەهەمبەر ئێران؛ یان بێکیفایەتی و گەندەڵیپیشەیی کاربەدستانی ئەو ڕێژیمە کە سەرەڕای ژێرخانی ئابووریی پتەوی ئێرانی سەردەمی پاشایەتی و چوار دەیە داهاتی زۆروزەوەندی نەوت، لەبەر دزیوفزی و تاڵان و برۆ نەیانویستوە و وێ ڕانەگەیشتوون ئاوڕێک لە بارودۆخی وڵات بدەنەوە؟

ئەوەی کۆماری ئیسلامی لە هەڵمەتی بەربڵاوی لابردنی گەمارۆکاندا لێی دەگەڕێ، تۆ بڵێی کەس نەزانی بە بارمتەگرتنی خەڵک و دۆخی کۆرۆنایە تەنیا بە مەبەستی دەسخستنی دراوی زیاتر، ئەویش بۆ قەرەبووکردنەوەی کورتیهێنانی بودجەی ٩٩ و بەرنامە نیزامی و ئەمنیەتییەکانی دیکەیەتی. ڕوون و ئاشکرایە کە مەبەستی حکوومەت لەو هەڵمەتە _هەڵگرتنی گەمارۆکان_ ئاخنینی گیرفانی خۆیەتی، نەک بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ کۆرۆنا و وەڵامدانەوەی خەم و پێداویستییەکانی خەڵک و تێپەڕین لەم قەیرانە. ئەگەر وا نییە، چۆنە ئێستاش لە بڵاوکردنەوەی ئامار و ڕاستییەکانی زیان و قوربانییەکانی کۆرۆنا خۆ دەبوێرن؟

ئەگەر کۆرۆنا بەو مەترسییە گەورە دەزانن چۆنە ئیزنیان دا لە ڕۆژانی نەورۆزدا پتر لە چەند میلیون کەس سەردانی مەشهەد و شارەکانی باکووری ئێران بکەن و هیچ بڕیارێکی مەنعی هاتوچۆیان نەدا؟ چۆنە هەتا گوشاری کارناسان، خەڵک، کۆڕ و کۆمەڵە مەدەنی و کەرتی پزیشکیی وڵات نەگەیشتە ئەوپەڕی خۆی ئامادە نەبوون ڕێ لە هاتوچۆی گشتیی خەڵک بگرن؟ چۆنە بەجێی سپاردنی ئەم ئەرکە بە وەزارەتی بێهداشت و نێوخۆ دەیان گرووپی هاوتەریب لەژێر ناوی جۆراوجۆری "ستاد" و "قەرارگا" و "بەسیج" دروست کراون کە بە هەموویان نەیانتوانیوە بڕیارێکی شیاویان هەبێ و ڕێوشوێنێکی دروست بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەم پەتایە بگرنە بەر؟ چۆنە نەک هیچ بایەخێک بە کاری پڕبایەخی ڕێکخراوە و کۆمەڵە مەدنییە خەڵکییەکان نادەن، بگرە لە زۆر شوێن - بۆ نموونە کوردستان - کێشە و ئاستەنگیشیان بۆ دروست دەکەن؟ چۆنە لە بارودۆخی قەیرانماویی ئێستا یارمەتیی ١٠٠ میلیون دۆلاریی ئەمریکا ڕەت دەکەنەوە و لەوڵاش لە ڕێگەی وڵاتی سویسەوە کیتی دەرکەوتنی نەخۆشیی کۆرۆنا بۆ خەڵکی "موستەزعەف" و بێئەنوای! ئەمریکا دەنێرن؟

گاڵتەجاڕی شەڕ و دوژمنایەتیی "جندۆکەکان" لە زمان خامنەیی لەهەڵ کۆماری ئیسلامی و، پاشان "طب اسلامی"، "ڕۆنی وەنەوشە"، "خاک و خۆڵی کەربەلا و شارە مەزهەبییەکانی دی" و "عەتری پێغەمبەر"یش با لەولا بوەستێ کە چ سووکایەتییەک بوو بە عەقڵ و کەرامەتی خەڵکی ئەم وڵاتە.

بۆیە بەلەبەرچاوگرتنی هەموو ئەو شتانەی باس کران، بۆ بەشی هەرە زۆری خەڵکی ئێران و بارودۆخی ژیان و گوزەرانیان، ئێران چ گەمارۆی لەسەر بێ و چ گەمارۆی لەسەر هەڵگیرێ، فەرق ناکا. چونکی بەشی هەرە زۆری سەروەت و سامانی وڵات لە پاوانی مافیا و تاقمی دەسەڵاتدایە. کارنامەی چوار دەیەش دەسەڵاتی ئەم ڕێژیمە جێی شک و گومانی بۆ هیچ کەس و لایەنێک نەهێشتۆتەوە کە ئەوەی بۆ کۆماری ئیسلامی گرینگ و لەپێشە خزمەتکردن و پێڕاگەیشتن بە خەڵک نییە، بەڵکوو چەندیوچۆنیی سەرکوتی ناڕەزایەتی و مافخوازیی ئەوانە.

هەروەها ئەم هەوڵانەی دەزگای دیپلۆماسیی کۆماری ئیسلامیش وێناچێ دەسکەوتی شایانی سەرنجی بۆ ڕێژیم هەبێ، چونکی پەرەسەندنی گرژی و ئاڵۆزییە زارەکییەکانی کاربەدەستانی تاران و کۆشکی سپی و، سزا ئابووریییە نوێیەکانی ئەم ماوەیەی ئەمریکا لەدژی ئێران پێمان دەڵێن هەوڵی ئێران بۆ لابردن یان تەنانەت سووککردنی گەمارۆکان ئاو دەبێژنگ کردنە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٣ی ئەپریلی ٢٠٢٠

بەتاڵایی ئەرکەوەخۆگری لە حکوومەتی سەرکوتدا

دەوڵەت بەرزترین نوێنگەی هێز و دەسەڵاتە لە هەر وڵاتێکدا. لە گشتیترین پێناسەدا «دەوڵەت پێکهاتەی هێزێکە کە لە چوارچێوەی جوغرافیایی دیاریکراودا بەسەر خاک و خەڵک و دانیشتووانەکەیدا دەسەڵاتی جێگیری هەیە و ئەرکەکەی پاراستنی ئەمنیەت و نەزمی کۆمەڵگە و بەرژەوەندیی خەڵک و هاووڵاتییانە لە مەترسییە دەرەکییەکان».

هاوتەریب لەگەڵ هێز و دەسەڵاتی دەوڵەت، لایەنێکی سەرەکیی بەرژەوەندیی خەڵکیش کە لەو پێناسە گشتییەدا هاتوە، بریتییە لە ئەرک و خزمەتەکانی دەوڵەت بە تایبەت لە بواری ئابووری، ژیان و بژیو و سڵامەتیی خەڵکدا. ئەوە ئەرکی هەر دەوڵەتێکە بە مەبەستی داهاتی زیاتری نیشتمانی و وەبەرهێنانی نێوخۆیی بیر لە گەشەی ئابووریی وڵات بکاتەوە و خەمی لێ بخوا. هەروەها پلان بۆ سەقامگیریی ئابووری بە مەبەستی ڕاگرتنی نرخەکان و پێشگرتن بە هەڵاوسان داڕێژێ و لە تەنیشت ئەوانەشدا بەرنامەی بەڕێوجێی بۆ کارخولقێنی و نەهێشتنی بێکاری و بردنەسەرێی توانای کڕینی خەڵک هەبێ. لە کاتی قەیرانە سروشتی و پێشهاتە چاوەڕوانکراوەکانیشدا بەهۆی ئەوەی بەشی هەرە زۆری ئیمکاناتی مادی و لۆجستیکیی کۆمەڵگە لە پاوانی دەوڵەتدایە، چاوەکان هەموو لەسەر ئەرکەوەخۆگریی دەوڵەت کۆ دەبێتەوە.

ئێستا پرسیار ئەمەیە لە ئێران، دەوڵەت هەر لە چوارچێوەی هێز و دەسەڵاتێکدا پێناسە دەکرێ یان ئەرک و بەرپرسایەتییەکیش بۆ خۆی دادەنێ؟ ئەدی خەڵک (وەک هاووڵاتی لە بەرامبەر دەوڵەت) بەو مافانەی خۆیان دەزانن کە نەک هەر چاوەڕوانیی جێبەجێبوونیان لە دەوڵەت هەبێ، بەڵکوو دەسەڵات ناچار بە جێبەجێکردنیان بکەن؟ لێرەدا تایبەت، مەبەست مافەکانی خەڵک و ئەرکی دەوڵەت لە هەلومەرجێکی نەخوازراوی وەک بڵاوبوونەوەی پەتای کۆرۆنادایە.

لە هەموو ماوەی تەمەنی کۆماری ئیسلامییدا سیاسەتەکانی حکوومەت نەک لە پێناو بەرژەوەندیی خەڵک، بەڵکوو تەنیا لەسەر تەوەری هێزمەندی و دڕێژکردنەوەی تەمەنی خۆیان بووە، ئەو ئامانجەش کە ناتەبا لەگەڵ نەزمیجیهانی و نەحاوانەوە لەگەڵ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بووە، وایکردوە کە لە کاتی سەرهەڵدانی بەڵایەکی وەک کۆرۆنادا حکوومەت کە پێشتریش چەندین ئەزموونی ناسەرکەوتووی لە مودیریەتی قەیرانە سروشتییەکانی وەک بوومەلەزرە و لافاوەکاندا هەبوو؛ نەیتوانیبێ لانیکەمی ئیمکاناتی پزشکی و دەرمانی بۆ پاراستنی گیانی خەڵک دەستەبەر کردبێ. هەروەها ئەم سیاسەتە چەوتە وایکردوە کە وڵاتی دەوڵەمەندی ئێران بە پاشخانی سەرچاوە سروشتی و ژێرزەوییەکان هێندە هەژار و ئاتاج ببێ کە ئێستا چاولەدەستی وڵاتانی دی و قەرزکردن لە سندووقی نێودەوڵەتیی دراو بێ.

وەک بـاس کـرا مـافی سـڵامەتی، یەکێـک لە مـافە بنەڕەتییەکـانی هـاووڵاتی و دابینکردنـی ئەو مـافە یەکێـک لە ئەرکە سـەرەکییەکانی دەوڵەت و دەسـەڵاتی سیاسییشـە. بەڵام چونکی لە ئێـران بەرژەوەنـدیی خەڵـک و دەسـەڵاتی سیاسـی لە یەک خـانەدا جـێ نـاگرن، بینیمـان کە حکـوومەت بە بەسیاسـی کردنـی کۆرۆنـا و شـێوەی بیرکردنەوەیـان، یـارمەتیی ڕێکخـراوی پزشکانی بێسنوور و، هەروەها داوای یارمەتیی ئەمریکا و چەند وڵاتێکی دیکەی ڕەت کردەوە؛ لە حاڵێکدا ئەو یارمەتییـانە دەیانتوانی گیانی سەدان کەس لەوانەی بە هۆی ئەم نەخۆشییە گیانیان لەدەست داوە لە مردن ڕزگار بکا. یـان لە کـاتی وادا وڵاتـانی دژبەر هەوڵ دەدەن ئاسـتی گـرژی و ئـاڵۆزیی پێوەنـدییەکانیان دابەزێـنن، بەڵام کۆمـاری ئیسـلامیی ئێـران بەجێی قۆستنەوەی ئەم هەلە بۆ ئاسـایی‌کردنەوەی پێوەنـدییەکانی، بە جموجۆڵی گومانـاویی هێزەکـانی سپای پاسداران لە نیزیک ناوگانی ئەمریکا لە ئاوەکانی کەنداو هەوڵی ورووژاندنیان دەدەن!

ئێستا کە چەند مانگێک بەسەر بڵاوبوونەوەی کۆرۆنـادا تێدەپەڕێ، پرسیارە کە دەوڵەتـان چییـان بـۆ خەڵکی وڵاتەکانیـان کردوە و ئێران چۆن لەو تـاقیکارییە هاتۆتە دەری؟

وڵاتانی دەوڵەمەند کۆمەڵێک ڕێکاریان بۆ بەزاندنی کۆرۆنا گرتە بەر، وەک تەرخـانکردنی دراو بـۆ ڕێگری لە هەرەسهێنانی کەرتـی وەبەرهێنـان، کەمکـردنەوەی بەهـرە و قـازانجی بانکەکـان و یـارمەتی دانـی کاروکاسـبییە بچووکەکـان؛ هەروەهـا دەسگرتنی ئەو کەسانەی بە هۆی ئەو قەیرانەوە سەرچاوەی داهاتیان لەدەست داوە.
بـۆ نمـوونە ئەمریکـا وەک زلهێزتـرین وڵاتـی دنیـا دوو تریلیـۆن دۆلاری بەبەر ئـابووریی وڵاتـدا کـردوە و دووسـەد میلیـارد دۆلاریش پـارەی نەغـد بە پێـی سـەری خێـزان دەخـاتە حسێبی بـانکیی خەڵـکەوە. هەروەهـا بانکەکـانیش بـۆ ئەوەی کـار و کاسبیی خەڵک ڕانەگیرێ، هەموو قـازانجەکانیان لە پێدانی قەرز گەیانـدۆتە ڕادەی سفر. دەوڵەتـی ژاپـۆن پـڕۆژەی پێـدانی قەرزی بەبێ قـازانجی بۆ ماوەی ساڵێک خستوەتە بەردەم خەڵک. بریتانیا ٤٠٠ میلیارد دۆلاری بۆ پشتیوانی لە کـار و پـڕۆژە بچووکە ئابوورییەکـان تەرخـان کـردوە، لە تەنیشت ئەوەش بـۆ سـێ مانـگ دانەوەی قەرزی بانکەکـانی دوا خستوە و بـاج و پیتاکی لەسەر زۆرێک لە خزمەتگوزارییەکان هەڵگرتوە. یەکیەتیی ئوروپاش ٢٠٠ میلیارد یۆرۆی وەک یـارمەتیی بێبەرامبەر بـۆ خەڵکی وڵاتـانی ئەم کۆنسـێپتە لە بەرچـاو گرتـوە. ئیتالیـا کە زۆرتـرین خەسـاری ئینسـانیی کۆرۆنـای بەرکەوتـوە و لە بـارودۆخی قەرەنتیـنەی تەواودایە، ٤٥ میلیـارد دۆلاری بـۆ پشـتیوانی لە فەرمـانبەرانی حکـوومەت و کۆمپانیـا و کەرتـی وەبەرهێنان تەرخان کردوە. هەروەها بڕە پارەیەکی زۆری بـۆ بەشی بێهداشت و دەرمـانی وڵاتەکەی تەرخـان کـردوە و وێـڕای زیادکردنی یـارمەتییەکانی قۆناغی بێکاری، هەموو باج و ماڵیات و دانەوەی قەرزە بانکییەکانی ڕاگرتوە.

بەگشتی هەموو دەوڵەتان بە پێی توانا و زەرفییەتی خۆیان هەوڵیان داوە ئەو بارگرانییە لەسەر شانی خەڵک سووک بکەن و لەم قەیرانە خۆ قوتار بکەن، چ بە یارمەتیی کەرتی وەبەرهێنان، چ بە یارمەتیی نەغدیی ڕاستەوخۆی خەڵک، بەخشینی ماڵیات؛ یان هەڵگرتنی قەرز و قازانجی بانکی و ڕێگەی جۆراوجۆری دی. بەڵام لە ئێران هەتا ئێستا خەسار و زیانەکان نەک بەرەوڕووی دەوڵەت، بەڵکوو تەنیا لەسەر شانی خەڵک بووە. لە ئێران دەوڵەت نە تاقە تمەنێکی یارمەتیی کەرتی وەبەرهێنان کردوە، نە قازانجی بانکەکان کەمی کردوە، نە یارمەتیی نەغدیی خەڵک کراوە، نە باج و ماڵیات و دانەوەی قەرزەکان ڕاگیراوە، نە تەنانەت دانەوەی قەبزی برق و گاز و ئاوی هاووڵاتی دواخراوە. لە حاڵێکدا هەر بۆ نموونە جەک دۆرسی، خاوەنی کۆمپانیای تویتێر یەک میلیارد دۆلار (یەک لە چواری هەموو سەرمایەی خۆی)ی بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ کۆرۆنا تەرخان دەکا و دەیداتە وڵاتان، خامنەیی نەک ئامادە نەبووە دەست بۆ تاقە تمەنێک لەو پتر لە ١٠٠ میلیارد دۆلارەی لە خەڵکی ئێرانی بەتاڵان بردوە ببا، یان کەمێک سەری کیسەی بنیاتە ماڵییەکانی سەربە خۆی شل بکا کە بارن بەسەر شانی خەڵکەوە؛ تازە دوای ١١ ڕۆژ درەنگ خستن ئامادە بوو یەک میلیارد یۆرۆ لە "سندووقی پەرەپێدانی نیشتمانی" بدرێتە دەوڵەت کە ئەویش ڕوون نییە بەبیانووی بەربەرەکانی لەگەڵ کۆرۆنا خەرجی چی دەکرێ؟

لە ئێران حکوومەت نەک هیچ هاوکارییەکی خەڵکی نەکردوە، بگرە کۆسپی لە بەردەم هەوڵی ڕێکخراوە مەدەنییەکان و کەمپەینەکانی بەهاناوە چوونی خەڵکی هەژاریش دروست کردوە. هاوکات گەندەڵییەکان درێژەیان بووە و چەند ڕۆژ پێش لە ئێستا بوو کە لەقاودرا بڕی ٤ میلیارد و ٨٠٠ میلیۆن دۆلار دراوی دەوڵەتی کە بۆ هاوردەی کاڵا و شمەک بە کەسانی حەقیقی و لایەنە حقووقییەکان درابوو، هیچ شتێکی پێ نەکردراوە و لەو بارودۆخەدا کە دەکرا دەردێک لە خەڵکی سووک بکا حەپەلووش کراوە! سەر باری ئەوەش کۆماری ئیسلامی هەتا ئێستاش هەوڵ دەدا بیزنس بەو بارودۆخەوە بکا و بە بیانووی کۆرۆنا و کردنە قەڵغانی خەڵک گوشاری گەمارۆکان لەسەر خۆی لابدا و داوای ٥ میلیارد دۆلار قەرزیش لە سندووقی نێودەوڵەتیی دراو دەکا کە تا ئێستا بە هۆی بێمتمانەیی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و ڕێگرییەکانی ئەمریکاوە هەوڵەکانی بێئاکام بوون.

کۆرۆنا و لێکەوتەکانی ئەو ڕاستییەی دەرخستەوە کە پێکهاتەی دەسەڵات و بەڕێوەبەری لە ئێران پێویستیی بە گۆڕانکاریی بنەڕەتییە، گۆڕانکارییەک لە لە قۆناغی دواکۆرۆنادا تەنیا بە تێپەڕین لە کۆماری ئیسلامی وەک حکوومەتی سەرکوت دێتە دی.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٠ی ئەپریلی ٢٠٢٠

کرێکار و مافەکانی لە ئێران لە دەیەی پێنجەمی کۆماری ئیسلامییدا

چینی کرێکار لە ئێران ڕۆڵی زۆر بنەڕەتییان لە هێنانە سەرکاری کۆماری ئیسلامیی ئێراندا هەبوو.

خومەینی توانیبووی بە دروشمگەلی وەک "ئاو و برِق و هاتوچۆ دەکەینە خۆڕایی" و "هەموو کەس دەکەینە خاوەنی خانووی خۆی" سەرنجی کرێکاران بۆ لای خۆی ڕابکێشێ. بەتایبەت کە زۆر پێش سەرکەوتنی شۆڕش لە ڕێگەی کاسێتەکانیەوە حەدیس و ئایەتی جۆراوجۆری لەسەر پێگەی شایانی ڕێزی کرێکاران دەهێنایەوە کە گوایە چەند ئیمام و ڕابەرێکی ئایینیی شیعەکان کرێکار بوون و شۆڕش هەمووی لە بەرژەوەندیی داهاتووی کرێکاران دەبێ. بەم جۆرە کرێکارەکان بە مانگرتنە سەرتاسەری و بەردەوامەکانیان خومەینییان لە نۆفێل لۆشاتۆی پاریسەوە هێنایەوە ئێران و گەیاندیانە ترۆپکی دەسەڵاتێک کە "شا"ی پێشووش نەیبوو.

چینی کرێکار زۆر پێش سەرکەوتنی شۆڕش و لە شارە گەورەکاندا ڕێکخراوەی کرێکاریی تایبەتیان دامەزراندبوو. ئەوان بەپێی هەلومەرجی ئەو کات داواکانی خۆیان فۆرموولە کردبوو و ڕێبەرانی شۆڕشیش وادەی جێبەجێبوونی هەموو ئەوانەیان پێدابوون، وەک چاکسازی لە قانوونی کار، نەهێشتنی هەڵاواردنی ڕەگەزی، جێبەجێبوونی کۆنڤانسیۆنەکانی پێوەندیدار بە مافی کرێکاران، مافی پێکهێنانی سەندیکای سەربەخۆی کرێکاری، کەمکردنەوەی سەعاتی کاری حەوتووانە، زیادکردنی مز و حەقدەست و پاداشتی ساڵانەیان.

کرێکاران دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران زۆر زوو مزی ئەو پاڵپشتییەیان وەرگرت. هەر لە یەکەم بەهاری تەمەنی کۆماری ئیسلامی و لە خۆپیشاندانەکانی ڕۆژی ١ـی مەی بوو کە ڕێکخراوە کرێکارییەکان کەوتنە بەر شاڵاوی سەرکوت. زۆر زوو "خانە کارگر" کە لەلایەن کۆمەڵێک سەندیکا و شۆڕای کرێکارییەوە دروست کرابوو، کەوتە بەر پەلامارە "حیزبوڵڵایی"ەکان و بەبیانووی ئەوەی "دژە شۆڕش" دەستیان بەسەردا گرتوە، دەستی بەسەردا گیرا! بەم جۆرە هەتا ئێستاش شەڕ و ملبەملەی کۆمەڵگەی کرێکاری کە داخوازی مافەکانیانن و کۆماری ئیسلامی کە حاشایان لێدەکا، درێژەی هەیە.

لە هەموو ماوەی ئەو چوار دەیەدا چینی کرێکار چەوساوەتەوە و هەژارتر بووە، قانوونەکانی پشتیوانی لە مافەکانی یەک لە دوای یەک کاڵتر بوونەوە، توانای کڕینی لە کەمیی داوە و سفرەی مانێی بچووک بۆتەوە، مەترسیی دەرکران و

بێکاربوونی لەسەر بووە و لە سەرەتاییترین مافی خۆی کە پێکهێنانی رێکخراوی کرێکاری بووە بێبەش بووە و؛ هەر چەشنە ناڕەزایەتی و داخوازییەکی کرێکارانیش ئەنگی شێواندنی بیروڕای گشتی و چالاکی لەدژی ئەمنیەتی وڵاتی لێدراوە و هێزەکانی دژی شۆڕشیان بەگژدا کراوە و چالاکانی کرێکاری لەو سۆنگەیەوە سزای قورسی زیندانیان بەسەردا سەپاوە.

ڕۆژی جیهانیی کرێکاران ئەمساڵ لە سێبەری قورسی قەیرانێک بەناوی "کۆرۆنا"دا گەیشتێ، قەیرانێک لە دڵی قەیرانی ئابووریی تێکتەپیوی ئێراندا کە بەهۆی سزا ئابووریەکانەوە پێشتریش نووزەی لێبڕابوو، قەیرانێک کە بەپێی پێشبینی و بەراوردە سەرەتاییەکان خەساری بێکاربوونی شەش هەتا حەوت میلیۆن کرێکاری لە ئێراندا لێدەکەوێتەوە. ڕۆژی "یەکی مەی"ی ئەمساڵ لە حاڵێکدا تێپەڕی کە لە ئاوسانی ئابووریی سەروو سەتا ٤٠ی ئێستادا مزی کرێکاران تەنیا سەتا ١٥ زیادی کردوە، حەقدەستێک کە جیا لە لێدانی زۆر خەرجیی پێویست، بەو حاڵەش بەشی یەک لەسێی مانگێکیان ناکا. ناڕەزایەتییەکانیش بەداخەوە هەتا ئێستا دادی نەداون، بەڵام ئەوانی لە داخوازیی مافەکانیان شێلگیر کردوە؛ وەک چۆن لە ساڵی ڕابردوودا لانیکەم ٣٥٧ کۆبوونەوە و مانگرتنی کرێکاری ڕوویان داوە. خۆ ئەگەرچی زۆربەی ئەو خۆپیشاندان و مانگرتنانە یان سەرکوت کراون یان بە دانی وادە و بەڵێن بڵاوەیان پێکراوە، بەڵام ئاسۆی ڕوونی خەباتی مافخوازیی کرێکارانی ڕوونتر کردوە.

چوار دەیە سیاسەتی ناکارامەی ئابووری کە سێبەری قورسی لێکەوتەکانی سیاسەتی دەرەوەی ئێران لەسەر بووە، ئابووریی ڕانتی، سپاردنی کارخانە و کۆمپانیاکان بە کەرتی تایبەت - بەڵام بە شێوەی سەقەت و مانەوەیان لە پاوانی دەوڵەتییەکاندا - وایکردوە لە لایەک قەیرانی بێکاری ببێتە سەرەکیترین کێشەی کۆمەڵگەی ئێران و لەولاش سەرمایەی ئابووری و کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگەش سووک و بەلاش بەتاڵان ببرێن. سندووقی نێونەتەوەیی دراویش ڕایگەیاندوە کە هەڵدانی ئابووریی ئێران - سەرەڕای دروشمە بەباق و بریقەکانی ساڵانەی خامنەیی - بۆ سێهەم ساڵی یەک لە دوای یەک خوار سیفر و لە هەڵدێرانی بەردەوامدایە. ڕاگیرانی هەناردەی نەوت و دابەزینی سەرسوورهێنی نرخی نەوت ئەویش بۆ ئابووریی بەستراوەی ئێران بە نەوت چەند فاکتەری دیکەن کە هیندەی دیکە لەسەر ئابووریی سیس و نابووتی وڵات کاریگەریی ڕاستەوخۆیان هەیە و ئەوە کرێکارانن کە لە ڕیزی پێشەوەی زیاندیتووانی ئەو بارودۆخەن.

بەڵام کێشەکانی کۆمەڵگەی کرێکاری نە یەک و دوون و نە هەر ئەوانەن. جیا لە مەسەلەی کەمیی مز و مووچە، بەدەر لە گرانی و لەکەمیدانی توانای کڕینیان و، لەولای کێشەی نیشتەجێبوون؛ ئەوە گرێبەستەکانی کارە کە وایکردوە کرێکاران کەمترین ئەمنیەتی ڕاگرتن و مانەوەیان لەسەر کارەکانیانە. زۆر لە خاوەنکارەکان کرێکارەکانیان یان بە گرێبەستی کاتی و یان تەنانەت بە گرێبەستی سپی دادەمەزرێنن. بەوەش ئەم کرێکارانە کە بەشی زۆری کۆمەڵگەی کرێکاریی ئێران پێکدێنن

هیچ قانوونێکی دامەزران و ئەوەی پێی دەڵێن "مەزایای کرێکاری" نایانگرێتەوە. هەروەها هەلومەرجی کار و چەندی و چۆنیی مز و حەقدەستەکانیان هەمووی بەسراوەتەوە بە ویست و سەلیقەی خاوەنکار. خۆ بێتوو لەسەر کاریش دەربکرێن چونکی گرێبەستێکی ڕەسمییان لە نێواندا نییە، بیمەی بێکارییان نادرێتێ؛ یان ئەگەر تووشی ڕووداوی کار بن و خاوەنکار نەیەوێ تێچووی دەرمان و پەککەوتنیان بدا و زیانەکەیان بۆ قەرەبوو بکاتەوە، ناتوانن شکایەت بکەن و پێوشوێنی مافەکانیان کەون.

هەڵاواردنی ڕەگەزی کێشەیەکی دیکەی کۆمەڵگەی کرێکاریی ئێرانە. خاوەنکارەکان زۆربەیان بۆ دامەزران پیاوان وەپێش دەدەن و لە کاتی کەمکردنەوەی هێزی کاریشیان ئەوە ژنانن کە وەپێش دەدرێن. ژنان و بەتایبەتی ژنانی سەرپەرستی خێزان - کە بەداخەوە لە سۆنگەی قەیرانە کۆمەڵایەتییەکانی ڕۆژ بە ڕۆژ ئەژمارییان زیاتر دەبێ - نەک دەرفەتی وەکیەک بۆ خۆدیتنەوەیان لە بازاڕی کاردا نییە، بەڵکوو لە ئەگەری دامەزرانیشدا ناچار بە ماوەی کاری زیاتر و مزی کەمتر دەکرێن.

خۆ ئەگەر ئاوڕێکیش لە کوردستان بدەینەوە، بەسەر هەندێ دیاردەی دیکەشدا دەکەوین. جیا لە هاوبەشیی مەینەتی و بێمافیی چینی کرێکار لە هەموو ئێران، بەڵام چوار دەیە سیاسەتی پەرەنەسەندنی ئابووری و بەئەمنیەتیکردنی کوردستان دۆخێکی جیاوازتری بۆ کرێکاران لە کوردستان خوڵقاندوە. ئەوەش لە حاڵێکدایە هەر چوار پارێزگاکەی کوردستان لەسەر سنووری وڵاتانی عێراق و هەرێمی کوردستان، تورکیە و ئازەربایجان هەڵکەوتوون، بەڵام بەهۆی ڕوانینی ئەمنیەتیی کوردستان نەکراوە بە ناوچەی ئازادی ئابووری و ئەو دەرفەتە گرینگەی لێ ئەستێندراوەتەوە. هاوکات لە ساڵدا چەند جار بە هۆی داخستنی ئەو کەمە دەروازە سنوورییەش کە بە شێوەی سنووردار ڕێی بۆ کۆڵبەریی قانوونی ئاوەڵا کردوە، ئەم دەرفەتەش لە خەڵکی هەژاری ئەم ناوچەیە دەستێنن و پەرە بە بێکاریی زیاتر لەو ناوچانە دەدەن.

هەروەها لە کوردستان سەرەڕای بێکاریی زۆر سەرووتر لە نێونجیی بێکاریی وڵات، بەڵام بە هۆی کەمیی کارگە و کارخانەکان حەشیمەتی کرێکارانی ڕەسمیی خاوەن گرێبەست زۆر کەمن. زۆربەنەی حەشیمەتی کرێکار لە ئێران لە یەکە بچووکەکانی دەرەوەی بازنەی قانوونەکانی کار و کەرتی بیناسازییدا سەرقاڵن، یان بە پیشە ساختە (کاذب)ـەکانی وەک دەستگێڕییەوە خەریکن، یان لە ناوچە سنوورییەکانی کوردستاندا ڕوویان لە کۆڵبەری کردوە. کێشەی سەرەکیی ئەو کرێکارانەش ئەوەیە کە ژمارەیەکی یەکجار کەم لەوان بیمەی دابینکردنی کۆمەڵایەتییان هەیە و لە ئەگەری بێکاربوون یان تووشبوون بە ڕووداوی کاردا لە هەموو مافێکیان بێبەشن.

بەڵام سەربارى هەموو ئەو بەشمەینەتى و نەهامەتییانە چینى کرێکار کۆڵیان نەداوە و بەشى سەرەکیى هەیکەلى بزووتنەوەى ناڕەزایەتى لە ئێران پێکدێنن. ناڕەزایەتییە کرێکارییەکان کە پێشتر لە یەکە بچووکەکانى بەرهەمهێنانداڕوویان دەدا، ئێستا کارگە و کارخانە زەبەلاحەکانیشى گرتۆتەوە و تەنانەت هاوپشتیى یەکتریش دەکەن و؛ ئەوەش کە نیشانى وشیارى و پێگەیشتوویى چینى کرێکارە، ڕوخسارێکى تەواو سیاسى و مافخوازانە بە ناڕەزایەتییەکان دەدەن. بێگومان هاوبەشیى بزووتنەوەى کرێکارى لە بزووتنەوە سەرانسەرییەکاندا و فازى نوێى ناڕەزایەتیى کۆمەڵگەى کرێکارى لە قۆناغى پاشکۆڕۆنادا کۆمارى ئیسلامیى بەرەوڕووى بارودۆخێکى زۆر دژوار دەکا.

کاکڵى باسەکە ئەوەیە سەرەڕاى ئەوەى بەرپرسانى حکوومەتى و کاربەدەستانى دەوڵەتییش، دان بە شپرزەیى بارودۆخى کرێکاران و پەرەسەندنى هەژارى و بێکارى لە وڵاتدا دەنێن، بەڵام ئیرادەیەک بۆ ئاوڕدانەوە لە مافى کرێکاران و لاکردنەوە لە دۆخى نالەبارى ئەوان لەگۆڕێدا نییە. نە باسێک لە بووژانەوەى ئابووریى وڵات و هەڵى کارى هەیە و نە بردنەسەرێى مز و حەقدەستى کرێکاران کە هەمیشە لەژێر هێڵى هەژارییەوە بووە. ئەمەش واتاى بەردەوامیى ناڕەزایەتیى کرێکاران و بەشدارییى زیاتریان لە بزووتنەوە ئێعترازییەکانى سەرانسەرىدایە.

سەرچاوە: ماڵپەڕى کوردستان و کورد - ڕێکەوتى: ٤ى مای ٢٠٢٠

خومەینیزم و میراتگرانى

ئەمڕۆ (١٤ى جۆزەردانى ١٣٩٩ى هەتاوى) ٣١ ساڵ بەسەر مەرگى خومەینیدا تێپەڕى. پیاوێکى ئایینى و سیاسى کە توانى خەونى لەمێژینەى حاکمیەت و دەسەڵاتى ئیسلامى سیاسى - شیعى لە ئێراندا وەدى بێنێ و ماوەى ١٠ ساڵ حوکمەتەکەى گرینگترین دەیەى مێژووى هاوچەرخى ئێرانە. گرینگ چونکى کاریگەرییە قووڵ و بنەڕەتییەکانى ئەم بڕگەیە لە مێژووى ئێران هەتا ئێستاش بەسەر ژیانى سیاسى و کۆمەڵایەتى و چارەنووسى خەڵکى ئەم وڵاتەوە دیارە.

ئەوە خومەینى بوو کە بەردى بناغەى ناردنەدەرێى شۆڕشى ئیسلامیى دانا و ویژەانى سیاسەتى نوێى دەرەوەى ئێرانى داڕشت، ویژەانێک کە لە بنەڕا دژایەتیى بنەڕەتیى لەگەڵ بەرژەوەندییە نیشتمانییەکانى ئێران بوو. خومەینى بە سیاسەتى دوژمنایەتىکردنى ئەمریکا زۆربەى هاوکێشەکانى ڕۆژهەڵاتى نێوەڕاستى تێک دا، ئەو کە بە ڕوانگە پانئیسلامیستییەکانى

پێی وابوو دەتوانێ ڕێژیمی سیاسیی دەسەڵاتە ناوچەییەکان لە بەرژەوەندیی ئیسلام (شیعەگەری)یدا بگۆڕێ، کەوتە هاندان و ڕێکخستن و وەخۆگرتنی میلیشیا تێرۆریستەکان و هەر ئەوەش بووە هۆی ئەوەی لە لایەک لە کۆمەڵگەی جیهانییدا تەریک بخرێتەوە و، لەلایەکی دی بەهۆی پرکێشییەکانی عێراق هەست بە مەترسی بکا و هێرش بکاتە سەر ئێران.

ئەم شەڕە کە دەکرا لە ساڵی یەکەمدا و دوای پاشەکشەی عێراق و لە هەلومەرجی هێزمەندیی ئێراندا تەواو ببا، بە هۆی دروشمەکانی "ڕێگای قودس لە کەربەلاوە تێدەپەڕێ" و "شەڕ شەڕ هەتا سەرکەوتن" بۆ ماوەی ٨ ساڵ درێژ کرایەوە. کۆمەڵگەی ئێران هەتا ئێستاش نەیتوانیوە پشت لە حاند زیانە مادّی و گیانییەکانی ئەم شەڕە ماڵوێرانکەرە ڕاست بکاتەوە، بەڵام ئەمە بە لای ڕێژیمی سیاسیی ئێرانەوە گرینگ نییە، چونکی بنەما فیکری و ئیدئۆلۆژییەکانی خومەینی، بەرژەوەندییەکانی خەڵک و دەسەڵات لە ئێرانی لێک جیا کردۆتەوە.

سیاسەتەکانی خومەینی لەو دەیە چارەنووسسازەی حوکمەتەکەیدا وای کرد ئێران جیا لە سووریە و لیبی یەک وڵاتی عەرەبیی هاوپەیمانی نەبێ، بەردی بناغەی سزا ئابووریەکانی ئەمریکا دژی ئێران دابندرێ - کە تا ئێستاش بە هۆکاری جۆراوجۆر و لە فۆرمی جیاوازدا درێژەی هەیە - ، فتواکەی لەدژی سەلمان ڕوشدی ساردی بخاتە نێوان پێوەندییەکانی ئێران و وڵاتانی ئوروپا و؛ ئەمانەش هیچ کام لە بەرژەوەندیی خەڵکی ئێراندا نەبوون و نین.

خومەینی و دەوروبەری بەڵام لە نێوخۆی وڵاتدا خەونی گەورەیان بۆ ڕێژیم و دەسەڵاتەکەیان دیبوو کە ئەو دۆڵپایە پێش هەموو شتێک پێویستیی بە زەوتکردنی ماف و ئازادییەکانی خەڵک بوو. قەوارەی حکوومەتیی وێلایەتی فەقیهـ، بەیتی ڕێبەری، خوبرەگانی ڕێبەری، شۆڕای نیگابان، کۆڕی دیاریکردنی بەرژەوەندییەکانی نیزام و، دەوڵەتی سێبەر هەمووی لە خزمەتی خومەینیزم و پەراوێزخستنی خەڵک و بەهێندنەگرتنی ئازادییەکانی ئەوان بووە. چ لە سەردەمی خومەینی و چ دوای سی ساڵ لە مەرگی، ئێستاش هەڵبژاردنەکان مەهندیسی دەکرێن و دەنگی خەڵک لای وان کایە و بایە. چل ساڵە حەزفی فیزیکی و سەرکوتی حیزبە سیاسییەکان و شەڕی نەرم لەدژی بزووتنەوەی ئێعترازیی خەڵک دەستووری کاری هەمیشەیی ئەم ڕێژیمەیە. چل ساڵە وڵات و هەموو سامانە سروشتییەکانی پاوانی کاربەدەستانی ڕێژیمە و بەتاڵان دەبرێ. چوار دەیە گرتنەبەری سیاسەتی تواندنەوەی نەتەوەکان، حاشا کردن لە مافەکانیان و سەرکوتی بزووتنەوەی مافخوازییان، چوار دەیە سڕینەوە و هەڵاواردن و پەراوێزخستنن لە سۆنگەی جیایی ئایین و ئایینزاکانەوە، چوار دەیە شمشیر لەڕوو بەستن لەدژی ژنان و تووندگرتنی ئەوکی لاوان و تاراندنیان لە خاک و نیشتمانی خۆیان سیاسەتی نەگۆڕ و بەشێک بووە لە خومەینیزمی کۆماری ئیسلامی.

سەرچاوە Serchawe

کۆمەڵکوژیی زیندانییانی سیاسی بە بڕیاری خومەینی جینایەتێکی دیی ئەم دیکتاتۆرە مەزهەبییە بوو کە بووە هۆی ئێعدامی زیاتر لە ٣٠ هەزار زیندانی، هەروەها بەردەوامیی سەرکوت و کوشتنی خەڵک لە زیندان و خۆپیشاندان و ناڕەزایەتییەکانیشدا بەشێکە لە "وەسیەت"ـە مێژوویەکەی جەنابیان.

خومەینی بە دروشم بەخۆڕایی‌کردنی ئاو و برق، خەڵکی هەژار و بەشمەینەتی ڕەگەڵ خۆی خست، جارێ دا کەس بە لای خانووکڕیندا نەچێ، چونکی کرێچی لە ئێراندا ناهێڵن؛ بەڵام هەر دوێنێ بوو کە ئاو و برقی خەڵکی هەژاریان - ئەویش لە سەردەمی کۆرۆنادا - بە هۆی تێنەکردنی پووڵ هەڵبڕی و لە کرماشان مانگی هیوایان بەسەر ئاسیەی داماودا ڕووخاند و گیانیان لێ ستاند. لە کاتێکدا خەڵکی ئاتاج و هەژار لە زبڵوزانڵدا بەدوای ژەمە خواردنێکدا دەگەڕێن، بەڵام لە ساڵدا بە میلیارد میلیارد تەمەن لە بودجەی گشتیی وڵات بۆ پێگەیاندنی مەلا و فەقێی حکوومەتی لە حەوزە ئایینییەکاندا خەرج دەکرێ.

چوار دەیە قەیرانی ئابووری، چوار دەیە دارمانی کۆمەڵایەتی، چوار دەیە پاشکەوتن و گەڕانەوە بۆ چەند سەدەی ڕابردوو لە سایەی ئەم چوار دەیە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی، بەرهەمی نیزامێکی سیاسییە کە خومەینی بناغەکەی دانا. لە سۆنگەی ئەم نیزامەوە زیاتر لە ٢٠ میلیۆن کەس لەژێر هێڵی هەژاریی ڕەها و ٣٠ میلیۆن کەسیش لەژێر هێڵی هەژاریی ڕێژەییدا دەژین، زیاتر لە ٢٠ میلیۆن کەس بێکارن، ٧ میلیۆن بنەماڵە - سەتا ٣٥ی حەشیمەتی وڵات - کرێچین، زیاتر لە ٨ میلیۆن کەس گیرۆدەی مادەی هۆشبەرن، کۆچ بۆ دەرەوەی وڵات و خەمۆکی و خۆکوژییەکان ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ زیاتر دەبن و، ئەمانە بەشێکی بچووکن لە دیاردە کۆمەڵایەتییەکانی ئێرانی پاش دەسەڵاتی خومەینی و قوتابییەکانی.*

بۆیە ١٤ی جۆزەردانی ١٣٦٨ ناکرێ بە خاڵی کۆتایی دیکتاتۆرێک دابندرێ کە بە گرتنە بەری سیاسەتی پۆپۆلیستی و کەلکاژۆ لە هەستی ئایینیی خەڵک توانی بگاتە ترۆپکی دەسەڵاتی سیاسی لە ئێران، بەڵکوو ڕووداوی مەرگیشی بووە هۆی بنچداکوتانی زیاتری نیزامی دیکتاتۆریی دەسەڵات بەسەر وڵاتدا. بۆیە خومەینی و بنەما فیکرییەکانی بەردەوام لە هەناوی ئەم ڕێژیمەدا دەژیێتەوە، تەنانەت لە ئێستاشدا کە خۆری خومەینیزم و میراتەکەی بۆ فەرخەکانی لە ئاوا بوونە.

لە ئێستادا میراتگرانی خومەینی بەرەوڕووی کۆمەڵێک قەیرانی جیدی بوونەتەوە. هێژمۆنیی کۆماری ئیسلامی لە ناوچە و وڵاتانی دراوسێی کە بنەڕەتیترین دروشمی خومەینیی دامەزرێنەری ڕێژیمە، لە کەمترین ڕادەی خۆیدایە. ڕێژیم لە ناستی نێودەوڵەتییشدا پتر تەریک کەوتۆتەوە و ئەو تەریککەوتنەوەیە هەرەسی بە ئابووریی ڕێژیم هێناوە.

سەرهەڵدانەکانی خەزەڵوەری ڕابردوو کە ڕووداوەکانی دوای کوژرانی قاسم سولەیمانی، بەردانەوەی فڕۆکە ئۆکراینییەکە و کۆرۆنای بەسەردا هات؛ ئاگری بن خۆڵەمێشە.

هۆکارەکانی ئەم بارودۆخە و داڕمانی شەرعییەتی کۆماری ئیسلامی لای خەڵکی وڵات وەک باس کرا بەردەوامیی سیاسەتی خومەینیزم و دەسەڵاتی حکوومەتە کە دژایەتیی بنەڕەتیی هەیە لەگەڵ مافەکانی خەڵک و بەرژەوەندییە نیشتمانییەکان.

حاکمیەتی سیاسی لە چوار دەیەی ڕابردوودا بە سیاسەتی ئیدئۆلۆژیک و یەکسانسازی، بەرەبەرە هەموو هێزە کۆمەڵایەتییەکانی لە پشتیوانەوە کردۆتە دژ و بەرهەڵستکار. ڕێزنەگرتن لە ماف و ئازادییەکانی خەڵک، سەرکوتی باوەڕە نەتەوەیی و ئایینییەکانی خەڵکی نافارس و غەیرە شیعی، بە ڕەسمی نەناسینی بەرابەری و یەکسانی و ڕێگری لە بەردەم بەشداری و هاوبەشیی گشتییدا، دەسەڵاتی سیاسیی بەرەوڕووی کۆمەڵێک بەرگژەی هۆوییەتی، کۆمەڵایەتی و سیاسی کردۆتەوە.

ئەو بەرگژانەش لە نەبوونی متمانەی خەڵک بە دەسەڵات، لە نەبوونی ئازادی و دێموکراسی و لە نەبوونی ئیرادە بۆ بەخۆدا چوونەوە وا دەکا ڕێژیم چیدی توانای بەرهەمهێنانەوەی وێژمانی ئیدئۆلۆژیکی خۆی نەمێنێ و، بێگومان بەبێ پشتیوانیی خەڵک ناتوانێ بەسەر قەیرانەکانی بەردەمیدا زاڵ ببێ.

کۆمەڵە هۆکارێکی دیکەش لەو پێوەندییەدا ڕۆڵی کاتالیزۆر دەبینن. بەربڵاو بوون و قورستر بوونی سزاکانی ئەمریکا و کۆمەڵگەی جیهانی، داڕمانی بایی نەوت، ڕاوەستانی ئابووریی وڵات ئەویش لە قەیرانی جیهانیی ئابووریدا کۆماری ئیسلامیی بەرەوڕووی هەلومەرجێکی چارەنووسساز کردوە. هەلومەرجێک کە لەوانەیە دانوستان و سازان لەگەڵ ئەمریکاش دادی نەدا.
ڕەنگبێ ئەمە قەدەرێکی مێژوویی بێ کە ئێران جارێکی دیکەش گۆڕینی نیزامی سیاسیی وڵات بە خۆیەوە ببینێ. ئەم نیزامە نە دێتە سەر ڕاستەڕێ و نە ئیرادە و مەیلێک لای خەڵک بۆ متمانەکردنەوە بە ڕێژیم و دەربازکردنی لە کەڵەکەبوونی قەیرانەکان هەیە.

کاتی خۆی و لە گەرمەی ناڕەزایەتییەکانی دژی ڕێژیمی "شا" دا، خومەینی گوتی ئەم ڕێژیمە دەبێ بڕوا و نەمێنێ. مێژوو دووپات دەبێتەوە، ئەم ڕێژیمەش دەبێ بڕوا، کەی و بە کام نرخ؛ ئەمەیان بەندە بە هەلومەرجی خەبات و مافخوازیی خەڵکی ئێران و فاکتەرەکانی پێوەندیدار بە سەرخستنی ئەم خەباتەوە.

---

* ئامارەکان لە بڵاوکراوە ڕەسمییەکانی کۆماری ئیسلامی وەرگیراون.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٥ی جوونی ٢٠٢٠

ئاکامی سەبر و زەبری ئەمجارەیان؟

بڕیارنامەی نوێی شوڕای بڕیاردەرانی ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ئەتومی لەدژی ئێران وەرزێکی نوێ لە پێوەندییەکانی ئێران و ئاژانس، هەروەها ئێران و شوڕای ئەمنییەتدا دەکاتەوە، هاوکات دەتوانێ وردە وردە چارەنووسی بەرجامی بێئەنجامیش بە لایەکیتردا بخا. ئەم بڕیارنامەیە لەم ڕووەوە گرینگە کە یەکەم بڕیارنامەی ئاژانس لەدژی ئێرانە کە دوای ٨ ساڵ پێوندیی ئارام و بێقڕەی ئێران و ئاژانس، بەنیگەرانییەوە لە چالاکییە ئەتومییە شاراوەکانی ئێران دەڕوانێ و تانەی ئەوە لە ئێران دەدا کە بێتوو هاوکاریی هەمەلایەنەی ئاژانس نەکا؛ پەروەندەی ئێران دەچێتە سەر مێزی شوڕای ئەمنییەت. سەفەری جەواد زەریف، وەزیری دەرەوەی کۆماری ئیسلامی بۆ ڕووسیە و تورکیە و هەوڵە دیپلۆماسییەکانی دیکەشی نەیتوانی پێش بە ئەم ڕووداوە بگرێ.

ئەم ڕاپۆرتەی بەڕێوەبەری گشتیی ئاژانس کە خراوەتە بەردەستی ئەندامانی ئاژانس، تێیدا هاتوە ئێران زیاتر لە ٤ مانگە ڕێگەی بە پشکنینی دوو بنکەی گومانلێکراوی ئەتومیی نەداوە و ماوەی ساڵێکیشە خۆی لە هەر چەشنە وتووێژێک لەبارەی بەرنامە ئەتومیی لانیکەم ٢٠ ساڵ شاراوەکەی دەدزێتەوە. هەروەها پاشکەوتی ئۆرانیۆمی پیتێندراوی ئێران گەیوەتە ٥ هیندەی بڕی ڕێگەپێدراو لە بەرجامدا. بەمجۆرە ئەو بڕیارنامەیەی شوڕای بڕیاردەران پێوەندییەکانی ئێران و ئاژانسی چەند هەنگاوێک بۆ پێش کاتی بەرجام نیزیک کردەوە. لە ئێستادا ئێران کەمتر لە سێ مانگی کات هەیە هەموو داواکانی بەڕێوەبەری گشتی و شوڕای بڕیاردەرانی ئاژانس جێبەجێ بکا. لە ئەگەری ملبادانی ئێران، ئەم بابەتە دێتە نێو ڕاپۆرتی مانگی خەرمانانی "ڕافائێل گروسی" و یان شوڕای بڕیاردەران ناچار بە بڕیارنامەیەکی دی لە دژی ئێران دەکا؛ یان لە ئەگەری پەرەسەندنی گرژییەکاندا پەروەندەی ئێران دەدرێتە شوڕای ئەمنییەت. بێتوو ئەو پەروەندەیەش بچێتە شوڕای ئەمنییەت، بێ سێودوو هەموو سزاکانی پێشووی شوڕای ئەمنییەت لەدژی ئێران دێنەوە جێی خۆیان.

گەڕی نوێی گوشارەکان دژی ئێران هەر ئەوەندە نین. لە حاڵێکدا کەمتر لە چوار مانگ کات بۆ کۆتایی‌هاتنی سزاکانی شوڕای ئەمنیەت لە پێوەندی لەگەڵ مامەڵەی چەکوچۆڵ لەدژی ئێران بەردەستە، سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ڕاپۆرتێکدا ئاشکرای دەکا ئێران بڕیارنامەی ٢٢٣١ی شوڕای ئەمنیەتی پێشێل کردوە. هەروەها ئەو مووشەک و کەرەستە سەربازییانەی لە پەلامارەکانی ئەمساڵ و ساڵانی پێشوودا فڕۆکەخانە و بنکە نەوتی و نیزامییەکانی عەڕبستانی کردوەتە ئامانج، ئاخێزگەیان ئێران بووە. ئەوانەش لە جێی خۆیدا ڕێگا بۆ هەوڵەکانی ئەمریکا بۆ درێژکردنەوەی ئەو سزاگەلەی لە سێزدەساڵی ڕابردوودا لەسەر ئێران بووە، خۆش دەکا. هەروەها لێکەوتەی دیکەشی بۆ ئێران دەبێ.

یەکەم ئەوەی ئەمە یەکەمجارە سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان بەڕەسمی ڕادەگەیەنێ چەکوچۆڵی بەکارهاتوو لە دژی عەرەبستان پێوەندییان بە ئێرانەوە هەیە و بێتوو عەڕەبستان لەو بارەوە داوخوازی هەبێ - کە دیارە دەیبێ - ئێران دەبێ وەڵامدەر بێ و تێچووی سیاسی و ماددیی ئەم کردەوەیەی بدا. هەروەها سبوتبوونی ناردنی چەکوچۆڵ بۆ حوسییەکانی یەمەنیش لەسەر ئێران بە مانای پێشێلکردنی بڕیارنامەی ٢١٤٠ی شوڕای ئەمنیەت دێ کە ئەویش ئێران بەرەوڕووی سزا دەکاتەوە.

گرینگییەکی دیکەی ئەم ڕاپۆرتە لاوازکردنی هەڵوێستی ڕووسیە و چینە کە هەتا بە ئێستاش دژی درێژکردنەوەی سزاکانی سەر ئێرانن. ڕۆڵی ئوروپاش لەم نێوەدا ئاڵتەی جۆشی هەڵوێستە لێکدوورەکانی ئەمریکا لەلایەک و ڕووسیە و چینە لەلایەکی دی. بەو مانایە لەلایەک ئەمریکا قایل بەوە بکا کە سزاکان هەمیشەیی نەبن و چین و ڕووسیەش کە خوازیاری فڕۆشتنی چەکوچۆڵ بە ئێرانن، بڕیارنامەکە لە شوڕای ئەمنیەتدا ڤیتۆ نەکەن. ئەمەش بەو لەنگەرگرتنەی لە گەڵە نوێیەکەدا هاتوە و دەتوانێ بەرژەوەندی و ئامانجەکانی هەموو لایەنەکان - ئێرانی لێ بترازێ - دابین بکا. لەو نێوەدا تاکەهیوای کاربەدەستانی ئێران دۆڕاندنی دۆناڵد ترامپ لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆککۆماریی ئەمریکا لە پاییزی ئەمساڵدایە. جۆ بایدەن، جێگری باراک ئۆباما، سەرۆککۆماری پێشووی ئەمریکا کە ڕکەبەری ترامپ لە هەڵبژاردنەکانە، وادەی ئەوەی داوە لەئەگەری سەرکەوتنی بەسەر ترامپدا؛ بێتوو ئێران بەرعۆدەی دەروەستییەکانی پێشووی بێ، بە هیندێک تێبینییەوە دێتەوە نێو بەرجام.

بەڵام بارودۆخ لە وڵاتانی عێراق، لوبنان و سووریەش وەک حەسارخەڵوتەکانی سیاسەتی دەروەی ئێران چ بەدڵی ئەم وڵاتە ناچێتە پێشێ. سەرهەڵدانەوەی ناڕەزایەتییەکان لە لوبنان، پاشەکشەی بەناچاری کۆماری ئیسلامی لە ستاتووی پێشووی لە عێراق و، خرانە بواری جێبەجێکردنی سزاکانی ئەمریکا لەدژی سووریە؛ پێگەی ئێرانی تا ڕادیەکی زۆر لە

ناوچەدا لاواز کردوە. کۆماری ئیسلامی لە نێوخۆی وڵاتیشدا بەهۆی کەڵەکەبوونی قەیرانە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان و ناکارامەیی ڕێژیم لە چارەسەرکردنیان لەگەڵ پەلهاویشتنی بزووتنەوە ئێعترازییەکان بەرەوڕوویە کە لە ئێستادا بە کەلکی خراپ وەرگرتن لە پەتای کرۆنا توانیویەتی تاڕادەیەک پێشیان پێ بگرێ. بەڵام لێی سوور و عەیانە بزووتنەوە سیاسی، مەدەنی، شوناسخوازی و ئێعترازییەکانی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران کە لە چوار دەیەی ڕابردوودا و، سەرەڕای سیاسەتی زەبروزەنگ و کوشتار و تێچووی گیانی و ماڵیی زۆری بۆ خەڵک نەوەستاوە؛ بەوەندە ناوەستێ و خەباتی گەلانی ئێران تا گەیشتن بە گۆڕانکارییە بنەڕەتییەکان درێژەی دەبێ.

ئەم بزووتنەوانە ئەگەرچی بەهۆی تونددوتیژیی ڕەهای دەسەڵات و نەبوونی ستراتیژی و هاوهەنگاویی و پێکەوەیی بەکردەوەی بزاوتە جۆراوجۆرەکان هەتا ئێستا ئاکامی یەکلاکەرەوەی لێ وەرنەگیراوە؛ بەڵام بەپێوەن و کۆڵیان نەداوە. بۆیە بارودۆخی لەرزۆکی کۆماری ئیسلامی لە هاوکێشە ناوچەیی و جیهانییەکان و ناکارامەیی لە قەیرانە گەورە و بنەڕەتییەکانی کۆمەڵگەدا زەروورەتێکی مێژووییە بۆ ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی دروست دەکا، کە ئەویش ڕێککەوتن و ساغبوونەوە لەسەر هەندێ بنەڕەتی هاوکاری و هاوپەیمانییە. پێش هەموو شتێکیش دەکرێ تێپەڕین لە تەواوەتیی کۆماری ئیسلامی، سازان لەسەر فۆرمی ئیدارەی وڵات لە قۆناغی تێپەڕین و دارشتنەوەی پێکهاتە و جۆری نیزامی سیاسیی داهاتووی وڵات بنەڕەتی ئەو ئەرکانە بێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢١ی جوونی ٢٠٢٠

پێویستیی متمانە بە یەکتر بۆ تێپەڕین لە کۆماری ئیسلامی

کۆمەڵگەی ئێران لە ئێستادا سەختترین قۆناغەکانی ژیانی خۆی لە سەردەمی کۆماری ئیسلامییدا تێپەڕ دەکا. لەلایەک گوشارە ئابوورییەکان لەسۆنگەی سزا قورسە نێودەوڵەتییەکان، دارمانی بایەخی دراوی نیشتمانی، بێکاری، هەژاریی لە ڕادەبەدەر، ئاوسان و ناکارامەیی حکوومەت لە کۆنترۆڵکردنی دۆخەکەدا خەڵکی لە تەنگانەیەکی زۆر پەستاوتوە. لەولاش حکوومەت بە سەپاندنی کەشی ئەمنیەتیی قورس و فشاری زۆر بۆ سەر چالاکانی سیاسی و مەدەنی دەیەوێ بەسەر دۆخەکەدا زاڵ بێ و پێش بە تەقینەوەی ناڕەزایەتییەکان بگرێ. درێژەی ئێعدامە سیاسییەکان و ڕەشبگیری چالاکانی مەدەنی و سیاسی و سەپاندنی سزای قورس و درێژخایەنی زیندان بەسەریان لە کوردستانەدا و تۆندکردنی فشارەکان لەسەر جموجۆڵە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان لە ئاستی ئێران هەر بۆ ئەو مەبەستەیە.

کۆماری ئیسلامیی ئێران پێیوایە بردنە ژێر چەقۆی بەرژەوەندیی تاکەکانی کۆمەڵ، دروستکردنی ترس لەسەر ئەمنیەتی خۆیان و ترس لە زیان بۆ سەر خێزانەکانیان دەتوانێ پێش بە جموجۆڵ و سەربزێویی تاک و لە پانتایی گەورەتریشدا کۆمەڵگە بگرێ و، ئەوەش سیاسەتی هەمیشەیی دەسەڵات بووە کە لە چوار دەیەی ڕابردوودا تەمەنی ڕێژیمەکەیانی پێ درێژ کردوەتەوە. کۆماری ئیسلامی پێیوایە کە سزای ئێعدام کۆمەڵگە چاوترسێن دەکا، هەروەها سزای زیندانیی درێژخایەنیش لە کات و ساڵە هەرە پڕبایەخ و زێڕینەکانی چالاکێکی سیاسی و مەدەنی - سەپاندنی ١٠ ساڵ زیندان بەسەر زارا محەمەدی بۆ نموونە - تێچوویەکی قورسە بۆ وی، بۆیە ئەمە دەکاتە کەرەستەی ترس و تۆقاندن بۆ ڕاگرتن یان هەرنەبێ خاوکردنەوەی جووڵانەوە مەدەنی و ناڕەزایەتییەکان لە کۆمەڵگەدا.

پوختەی مەبەست. لە ئێستادا سیاسەتی ڕێژیم لەو هاوکێشە ناوچەییەکاندا گەیوەتە بنبەست. شانۆشکۆی ڕێژیم بەتایبەت دوای کۆژرانی قاسم سولەیمانی شکاوە و لەدوای ئەمە ڕێژیم لە پێگەی هێرشبەرییەوە بۆ نەرمی نواندن لە بەرامبەر ئیسرائیل و ئەمریکا دابەزیوە و نەک لە هەمبەر لێدانی هێز و بنکەکانی لە سووریە، تەنانەت لە بەرامبەر ئەم هێرشانەی دەکرێنە سەر بنکە ئەتومی و مووشەکییەکانی لە قووڵایی خاکی وڵاتەکەشیدا نەرمی دەنوێنێ؛ بەڵام بە چنگ و ددان هەوڵ دەدا لە نەبوونی مەشرووعییەت و قەیرانی کارامەییدا؛ ئوتوریتە و ئیقتداری ئەمنیەتی و نیزامیی خۆی لە نێوخۆدا و بەسەر خەڵکی وڵاتدا ڕاگرتبێ.

لە بەرەی بەرامبەریشدا، خەڵک هەتا دێ هیوابڕاوتر دەبن، مەودای نێوان چینەکانی کۆمەڵگە بەهۆی بارودۆخی ئابووری زیاتر بووە، تەمای ئیسلاحخوازی هەناسەی لێ بڕاوە و متمانەی پێناکرێ، ئۆپۆزیسیۆنێکی سەراسەریش لە ئارادا نییە کە بتوانێ مودیرییەتی دۆخی ئێعترازی و سەرهەڵدانی نێوخۆ بکا. هێزەکانی نێو ئۆپۆزیسیۆن بەهۆی نەبوونی واقعبینیی سیاسی لە دۆخی وڵات و ستراتیژیی فراوانبینی بۆ داهاتوو لەگەڵ هێزە کۆمەڵایەتی و ئیلیتەکانی کۆمەڵگە لەنێوخۆ کە دژبەری ڕێژیمیشن مەچ نین.

لەو نێوەدا کۆرۆنا ئەگەر بۆ خەڵک تامی تاڵی مەرگ و مەینەتی بووە، بە شێوەی کاتییش بووبێ فریای ڕێژیم کەوتوە. ڕێژیم کە پێش کۆرۆنا قەیرانی مەشرووعییەتی خۆی بە ئێسک و پێستەوە هەست پێ دەکرد - سەرهەڵدانی ناڕەزایەتییە یەک لە دوای یەکەکان و بەشداریی ئێجگار کەمی خەڵک لە هەڵبژاردنەکانی مەجلیس بۆ نموونە - و قەیرانی کارامەیی لە ئیدارەکردنی وڵاتیش هێندەی دیکە لە پێ خستبوو؛ بە هاتنی کرۆنا و مودیرییەتی ئەم پەتایە لە بەرژەوەندیی خۆیدا هەناسەیەکی هاتەوە بەر. ڕێژیم هاوکات هەوڵ دەدا لە بەرامبەر گوشاری ڕۆژئاوا بەتایبەت ئەمریکا کە -لە ئەگەری هەلبژێرانەوەی ترامپ لە هەڵبژاردنەکانی هاوینەدا بێگومان ئەم گوشارانە زیاتر دەبن- بە دروستکردنی هاوپەیمانیی

درێژخایەن لەگەڵ چین و ڕووسیە هەم قورسایی گوشارە ئابووریەکانی ئەمریکا لەسەر خۆی کەم کاتەوە، هەم لە نفووز و دەسەڵاتی ئەم دوو زلهێزە لە کەیسە ئەمنیەتییەکانی شووڕای ئەمنیەتدا بە قازانجی خۆی کەلک وەرگرێ. هەموو ئەوانە دەرخەری ڕاستییەکن کە بزووتنەوەی ئێعترازیی خەڵک لە نێوخۆی وڵات نابێ کۆشکی هیوای لەسەر کێشەکانی ئێران لەگەڵ کۆمەڵگەی جیهانی هەڵچنێ و دەبێ پشت بە خۆی ببەستێ. لێرەدایە کە ئەرکەکان دەستنیشان دەکرێن.

ڕاستە کە خەڵک نایەوێ کۆڵ بدا و نایەوێ لە مافەکانی خۆی خۆش ببێ، بەڵام نەبوونی هاوپێوەندیی ئۆرگانیک لە نێوان چین و تویژە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگەدا کە هەموو قوربانیی ستەم و چەوسانەوەی کۆماری ئیسلامین؛ کەلێن و پەرتەوازەیی زۆری لە نێوانیاندا دروست کردوە. ئەم متمانەیە و ئەم هاوپێوەندییە پێویستە و ئیلیت و ڕێکخراوە سیاسی و مەدەنییەکان دەبێ دروستی بکەن.

ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی ڕوویەکی دیکەی ئەم بابەتەیە. کۆماری ئیسلامی لە چوار دەیەی ڕابردوودا بنەمایەکی گرینگی کاریی خۆی لەسەر بێمتمانەیی ئۆپۆزیسیۆن بە یەکتری و لێکترازانیان داناوە. ڕێژیم دەزانێ لە سۆنگەی گەندەڵی و ناکارامەیی خۆیەوە شەرعییەتی نییە و ناتوانێ جێی متمانەی خەڵک بێ، بۆیە بەردەوام هەوڵ دەدا لە ڕێگەی ڕێگەگرتن لە کۆبوونەوەی هێز و توانای بەرهەڵستکارانەوە درێژە بە دەسەڵاتی خۆی بدا. بۆ ئەو مەبەستەش بوو کە زۆر تاوانی وەک تێرۆرەکانی قۆیەن و مێکونووسیان خوڵقاند. لێرەدایە کە ئۆپۆزیسیۆن دەبێ لە قۆناغی بێمتمانەیی بە یەکتر و پەڕشوبڵاوی تێپەڕێ و پێ بنێتە قۆناغی چالاکیی بەکردەوەی یەکگرتوو. ئۆپۆزیسیون دەبێ بیسەلمێنێ ئەگەر دەیەوێ ببێتە ئەلتەرناتیڤی ڕێژیم، کێشەی جەوهەریی لەگەڵ ڕوانگەکانی کۆماری ئیسلامی بەنیسبەت پرس و کێشەکانی کۆمەڵگە و تەواوەتیی وڵات هەیە، نەک هەر بەدیلێک بۆ دەسەڵات.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٥ی جوولای ٢٠٢٠

ناگاتە دەریایە زنە

قسەکانی خامنەیی لە ڕۆژی جێژنی قوربانیدا بە لەبەرچاوگرتنی بارودۆخی هەرە هەستیار و لە هەموو لایەکەوە قەیرانلێدراوی ئێران گرینگ بوون. لەو وتارەدا هەموو قسەکانی ناوبراو بە دەوری دوو تەوەری سەرەکیدا دەخولانەوە.

یەکەمیان ئەوەی کۆماری ئیسلامی بۆیە گەمارۆی خراوەتە سەر هەتا دەست لە یارمەتیدانی ئەو میلیشیا و گرووپانە هەڵگرێ کە شەڕی نیابەتیی بۆ دەکەن. خامنەیی لەو بەشە لە قسەکانیدا ئەیشاردەوە کە ڕێژیمەکەی سەرەڕای ئەو تەنگانەیەی کە لە سۆنگەی سزا سەپێندراوەکانەوە تووشی هاتوە، لەو یارمەتیدانە بەردەوامە و ئەوە دانانێکی گەورەی خامنەیی بەو ڕاستییە بوو کە بژیوی سەرەکیی زۆربەی هەرە زۆری گرووپە تێرۆریستییەکانی ناوچە لە لایەن ڕێژیمەکەی ئەوەوە دابین دەکرێ. هەروەها نیشاندەری ئەم ڕاستییە بوو کە کۆماری ئیسلامیی ئێران لەو بارودۆخە قەیرانناوییە هەر سەختەی ئێستای ئێرانیشدا، پێش هەموو شتێک لە خەمی میلیشیاکانی سەر بە خۆیدایە؛ دووهەم ئەوەی خەڵکی وڵاتیشی بە قەزا و قەدەر سپاردوە.

تەوەرە گرینگەکەی دیکەی قسەکانی خامنەیی لەو وتارەیدا، بابەتی پیشەسازیی موشەکیی ڕێژیمەکەی بوو. ئەو گوتی ئامانجی ئەمریکا لە دانوستان لەگەڵ ئێران پێشگرتن بە چالاکیی موشەکی و ئەتومیی ڕێژیمەکەیەتی. خامنەیی گوتی کاتێک ئێمە موشەکمان نەبێ و واز لەو ئامانجانە هەڵگرین، ئیدی نامێنین و فەوتاوتن. ڕێبەری ڕێژیم لەو بەشە لە قسەکانیشدا دانی بەوە دانا کە ڕێژیمەکەی پتر لەوەی شەرعییەتی نێوخۆیی هەبێ و پشت بە توانا و هێزی لەبڕانناەهاتووی خەڵکی وڵات ببەستێ، هەموو هیواکانی لەسەر موشەک و میلشیا ئەجنەبی و توانا سەربازییەکانی هەڵچنیوە.

پرسیار ئەوەیە یەکەم کۆماری ئیسلامی کە لە ساڵدا بە میلیارد دۆلار یارمەتیی گرووپ و میلیشیا تێرۆریستییە بەکرێگیراوەکانی دەکا، ئاخۆ ئەو لایەنانە لە تەنگانەدا فریای دەکەون؟ هەروەها ئەو ڕێژیمە دیکتاتۆرییانەی کە لە چەند دەیەی ڕابردوودا دارمان و بوونە بەشێک لە مێژوو، موشەک و جبەخانەی قورس و گرانیان نەبوو؟ هەروەها ڕێژیم بۆچی متمانەی بە خەڵکی خۆی نییە هەتا پشتی پێ ببەستێ و بۆ مانەوەی لە دەسەڵاتدا لێی دڵنیا بێ؟

دروستکردنی میلیشیا لە وڵاتانی ناوچە و یارمەتیدان و تەیارکردنیان جۆرەها چەکی سووک و قورس و تێکنۆلۆژیی سەربازی لە لایەن کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە دوو مەبەستی سەرەکیی لەپشت بووە:

یەکەمیان؛ ئیدۆلۆژیک و بۆ بڕەودان بە هێژمونیی شیعەگەری لە ناوچەیە کە خۆی لە چێ کردنی هیلالی شیعەدا دەبینێتەوە. **دووهەم**؛ پشتێنەی ئەمنیەتی و بەکارهێنانی ئەو هێزانە بۆ گۆڕینی هاوکێشە سیاسییەکانی ناوچە لە بەرژەوەندیی کۆماری ئیسلامیدا. لە سەرچاوە داراییەکانی وڵاتیشدا وەدیهاتنی ئەم بەشە لە ئامانجەکانی ڕێژیم پشکی شێری بۆ دیاری کراوە و ئەم یارمەتییە زەوەندە لە شەڕی سووریەوە هەتا دابینکردنی تێچووەکانی حیزبوڵڵا، حەماس، حەشدی شەعبی و

حوسییەکانی یەمەن دەگرێتەوە کە بەپێی ڕاپۆرتی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا تەنیا لە نێوان ساڵەکانی ٢٠١٢ هەتا ٢٠١٨ پتر لە ١٦ میلیارد دۆلار بووە. ئەگەر ئەمەش بە ئیدیعای ولاتی "دوژمن" دابندرێ، لەگەڵ قسەکانی حیشمەتوڵلا فەلاحەتپیشە، سەرۆکی پێشووی کۆمیسیۆنی ئەمنیەتی میللی و سیاسەتی دەرەوەی مەجلیس هیچ ناکرێ کە دەڵێ هەتا ئێستا لە نێوان ٢٠ هەتا ٣٠ میلیارد دۆلاریان بە سووریە داوە. گەڕانەوەی ئێران بۆ لیستی ڕەشی FATF لەمساڵیشدا یەکێک لە هۆکارەکانی هەر بەردەوامیی ئێران لە یارمەتیدانی ئەم گرووپە تێرۆریستییانە بوو.

بەڵام ئیستا لە کاتێکدا کە لەو دوازدە مەرجەی ئەمریکا بۆ ڕێککەوتن لەگەڵ ئێرانی داناوە، حەوت مەرجیان پێوەندییان بە دەستوەردانەکانی ئێران لە ناوچەدا هەیە، ئاخۆ ئەو "مێحوەری مقاومەت"ـەی! کۆماری ئیسلامی لە توانایدا هەیە هاوکێشەکان لە بەرژەوەندیی ئێران بگۆڕێ؟ گۆڕانکارییەکان لە ناوچە -کاتێک حەسەن نەسروڵڵا بە هەزار بیانوو خۆی لە شەڕ لەگەڵ ئیسرایل دەدزێتەوە، کاتێک تەنانەت لە شارە پیرۆزەکانی شیعە لە عێراق ئاڵای ئێران ئاگر دەدرێ و کاتێک لە سووریە ئیسرائیل بە شێوەی سەربازی و ڕووسیەش لە فۆڕمی سیاسیدا تەنگیان بە کۆماری ئیسلامی هەڵچنیوە- پێچەوانەی مەیلی کۆماری ئیسلامی ڕوو دەدەن و پێمان دەڵێن: "میحوەری مقاومەت"ـەکەی کۆماری ئیسلامییش کە کارتی هەرە گرینگی ڕێژیم بۆ سەر مێزی وتووێژ لەگەڵ ئەمریکا و ئوروپا بوو، ئیدی ئەو برشتەی نەماوە. بارودۆخەکە جۆرێکە کە ڕێژیم تەنانەت لە بەرامبەر ئەو هێرشانەدا کە لە نێوخۆی ولاتیشدا دەکرێتە سەر دامودەزگا ئەمنیەتی و سەربازییەکانی مرتەقی لەخۆی بڕیوە.

بەمجۆرە ڕێژیمی ئێران لە کاتێکدا لە نێوخۆی ولاتیشدا لەگەڵ کڵپەی ناڕەزایەتییەکان بەرەو ڕوویە، تەنیا مووشەکەکانی بۆ دەمێنێتەوە بۆ ئەوەی پشتی پێ ببەستێ و مەترسییەکانی شەڕ لەسەر خۆی پێ کەم بکاتەوە. بەڵام ڕێژیم باشتر لە هەر لایەنێکی دی دەزانێ کە مەترسیی سەرەکی

خەڵکی وەزاڵەهاتووی ولاتەکەی خۆیەتی کە تا ئێستا تەنیا بەهۆی زەبروزەنگی لەڕادەبەدەر و سەرکوتی خوێناوی کپی کردوون، بۆیە ئەو مووشەکانەشی دادی نادەن.

ڕێژیمێک کە مەشروعییەتەکەی لە خەڵکی ولاتەکەی وەرنەگرێ، ڕێژیمێک کە خۆی، سەرچاوەی نەهامەتی و ڕۆژڕەشییەکانی خەڵکەکەی بێ، ڕێژیمێک کە وەڵامی داوای ڕەوای لاوانی ولاتەکەی بە فیشەک و ئاگر و پەتی ئێعدام بداتەوە؛ ڕێژیمێک کە تەنیا دیاریەکەی لە ماوەی چوار دەیە دەسەڵاتدا هەژاری، بێکاری، برسیەتی، وێرانیی ئابووری و زەوتکردنی مافە مەدەنی و سیاسییەکانی خەڵکەکەی بێ، ئەم ڕێژیمە هەر بەدەستی ئەو خەڵکە دەڕووخێ و هیچ هێزێکیش دەفریای ناگا.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٧ی ئاگۆستی ٢٠٢٠

شەڕ و ئاشتی و پڕەنسیپە جیهانگیرەکان لە کولتووری سیاسیی حیزبی دێموکراتدا

لە مەرامنامەی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا زۆر بەڕوونی ئامانج و خولیا و، هاوکات پلان و بەرنامەکانی دامەزرێنەرانی ئەم حیزبە فۆرمولە کراون. لەم مەرامنامەیەدا وەدیهێنانی مافەکانی کورد و پارێزگاری کردن لەو مافانە بە ئامانجی بنەڕەتیی حیزبی دێموکرات داندراوە. لەو مەرامنامەیەدا زۆر بەڕوونی هاتوە کە حیزب هیچ دوژمنایەتی و ناکۆکییەکی لەگەڵ حکوومەتی ناوەندی نییە و دەخوازێ لە ڕێگەی هێمنانەوە مافە سیاسی، نەتەوەیی و کۆمەڵایەتییەکانی کورد لە ئێراندا وەدی بێن و دێموکراسی هەم لە کوردستان و هەم لە ئێراندا سەقامگیر ببێ. حیزبی دێموکراتی کوردستان بە درێژایی مێژووی خۆی ئەم پڕەنسیپە پێشکەوتووانەیەی ئاوێتە بە باوەڕی بەرگری لە ناسنامەی نەتەوایەتی لەبەرامبەر هەر مەترسی و هەڕەشەیەک کردوە. "هێمن"، شاعیری میللیی کۆماری کوردستان و ئەندامی پێشووی ڕێبەریی ئەم حیزبە ڕاست لە کاتێکدا کە سوپای جەهل و تاریکی هێرشی هێناوەتە سەر کوردستان و خۆی گوتەنی "قەڵتوبڕی خستە سنە"، بەمجۆرە ئەم پڕەنسیپەی حیزب لەتوێی شێعرێکدا دادەڕێژێ:

"لاشەڕم، کوا بەدفەڕم، ئەمما لەسەر مافی ڕەوام
دەست و چەک، ئیمان و هیوا و هەستی ئاورینم دەوێ
بۆ نەجاتی ئەم گەلە کۆیلە و هەژار و بێکەسە
گیانی پاک و بیری تیژ و ڕێگە ناسینم دەوێ
ئارەزووم هەرچی ئینسانە بەئازادی بژی
چۆن گەلی داماو و دیل و مات و خەمگینم دەوێ؟"

حیزبی دێموکراتی کوردستان هەر لە بەردی بناغەوە، سیاسەتەکانی خۆی لەسەر بنەمای چەند پرسێکی جەوهەری دانا، وەک خەبات و تێکۆشان لەپێناو مافی نەتەوایەتی، داکۆکی لە دێموکراسی، پێکەوەژیانی هێمنانە و لەسەرووی بوونی بەرژەوەندییە گشتییەکانی خەڵک لە هەر حاڵەت و بارودۆخێکدا. حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ماوەی ٧٥ ساڵ تەمەنی خۆیدا ئێستاش پێوانەی سەرەکیی قازانج و بەرژەوەندیی خەڵکی کوردستان بەگشتی و خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە

سەرچاوە Serchawe

بەتایبەتیی. لە هەموو ئەو ماوەیەدا حیزبی دێموکراتی کوردستان هەر دەرفەتێکی قۆستۆتەوە کە بە قازانجی نەتەوەی کورد بووە و لە هەموو هاوکێشە و پێوەندییەکانی لەگەڵ هێزە کوردستانی، ئێرانی، ناوچەیی و جیهانییەکانیشدا پرسی کورد و بەرژەوەندییەکانی دەوری بنەڕەتیی گێڕاوە.

باوەڕ بە وتوویژ و چارەسەری ئاشتییانەی پرسی کورد لە ئێران و پڕەنسیپ و بایەخە مرۆییە جیهانییەکان لە ڕەوتی خەبات لەدژی دوو ڕژێمی پاشایەتی و کۆماری ئیسلامییدا تێچووی زۆر قورسی بۆ حیزب بووە. لە ئێعدامکرانی پێشەوای دامەزرێنەری، لە تێرۆری ڕێبەرانی شوێندانەری، لە کۆمەڵکوژیی خەڵکەکەی و شەهید بوونی هەزاران پێشمەرگەی جەنگاوەری؛ بەڵام ئەم حیزبە لە هیچ برگەیەکی مێژووی بریندار و خوێناویی خۆیدا قەت نەیویست تیرۆڕ بە تیرۆڕ وەڵام بداتەوە، زیندانییەک بخاتە ژێر ئەشکەنجەوە و، دیلێکی شەڕ ئێعدام بکا. حیزبی دێموکراتی کوردستان بە مووشەک لێی درا، بەڵام وازی لە پرەنسیپی ڕێگاچارەی ئاشتیخوازانە بۆ پرسی کورد لە ئێران نەهێنا و نەیهێشت ڕێژیم باوەڕ بە بایەخ و مەرامە جیهانگیرەکانی لەدەست دەربێنێ.

حیزبی دێموکرات ئەگەر لەسەر بنەمای جەوهەری باوەڕەکانی -بەرژەوەندیی گشتیی خەڵک و چارەسەری ئاشتییانەی پرسی کورد- هەر کاتێک هەلی وتوویژ ڕەخساوە، بە دانوستان لەگەڵ حکومەتی ناوەندی هەوڵی داوە مافەکانی خەڵکی کورستان دەستەبەر بن و شەڕ و نائارامی و ماڵوێرانی لە خەڵک دوور خاتەوە. بەڵام هەرکات دەسەڵات ویستوویەتی بە زەبری هێز کوردستان داگیر و خەڵک سەرکوت بکا، بە خەباتی پێشمەرگانە و بەرگریی چەکدارانە داکۆکیی لە بەرژەوەندییەکانی خەڵکی کوردستان کردوە و بزووتنەوەی شۆرشگێرانەی خەڵکی کوردستانی بەهێز و، مەتەرێزی بەرگری لە خاک و نیشتمانی ئاوەدان ڕاگرتوە. هاوکات زەبری وەهای لە دوژمن داوە کە تاساوە، بۆ نموونە خومەینی بەر لەوەی جامە ژارە بەناوبانگەکەی لە ساڵی ٦٧ی هەتاویدا هەڵبدا، ئەم جامە ژارەی لە هاوینی ٥٨ دا و لە شەڕی سێ مانگە و لە سۆنگەی ئازایەتیی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتدا فڕ کردبوو.

شانازییەکانی ئەم حیزبە لە ڕەوتی بەرگریی ڕەوای و قۆناغەکانی مێژووی خوێناوییدا گەلێک زۆرن. حیزبی دێموکرات پێشتر و لە ساڵەکانی ٤٦ و ٤٧ دا بە فیداکاری و لەخۆبوردوویی ڕێبەری و کادر و پێشمەرگەکانی، گۆمی مەندی دەسەڵاتدارەتیی پاشایەتیی ئیران شڵەقاندبوو. ئەم حیزبە لە سەر یەک ٣٣ ساڵ خەباتی بێوچان بەدژی ڕژێمی پاشایەتی تۆمار کردبوو کە بە نرخی ئێعدامی ڕێبەرانی و زیندان و ئەشکنجە و ئاوارەیی و دووڕەوڵاتیی کادر و پێشمەرگە و ئەندامەکانی وەسەر یەکی نابوو. حیزبی دێموکرات دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران و لە کاتێکدا بە سیاسەتی واقعبینانە و هەڵوێستە ڕوون و بوێرەکانی بەشداریی چالاکانەی لە ڕووخاندنی ڕژێمی پاشایەتیدا کردبوو، بە

نیازپاکییەوە لەگەڵ دەسەڵاتی نوێ لە ناوەند کەوتە مامەڵەوە. حیزبی دێموکرات کە هەرچەند مانگ دوای ئاشکراکردنەوەی تێکۆشانی لە نێوخۆی وڵات لە حیزبێکی سەدان کەسییەوە ببووە خاوەنی هەزاران پێشمەرگە و سەدان هەزار ئەندام و لایەنگر لە کوردستاندا، بەنیسبەت چارەنووسی خەڵکی کوردستانەوە ئەرک و بەرپرسایەتییەکی زۆری لەسەر شانی خۆی هەست پێدەکرد. هاوکات کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانیش هەر هەمان چاوەڕوانییان لە ڕێبەریی حیزبی دێموکرات بوو.

حیزبی دێموکرات سەرەتا پێوابوو ڕێژیمی نوێ کە بەرهەمی ڕاپەڕین و فیداکاری و خوێندانی خەڵکی ئێران دژی ڕێژیمێکی سەرکوتگەر و داپڵۆسێنەرە، بێشک دان بە مافەکانی گەلی کورد کە خەباتێکی دوورودرێژی لەدژی ڕێژیمی پاشایەتی کردوە و دەیان ساڵ بە دەستی ئەم ڕێژیمە غەددارەوە چەوساوەتەوە، دادەنێ. بەڵام لەگەڵ ئەوەدا کە بەهۆی تێژبینیی ڕێبەرانی حیزبەوە زۆر زوو جەوهەری ئینتیما و بیرکردنەوەکانی ڕێژیمی بۆ دەرکەوتبوو و ڕێفراندۆمی کۆماری ئیسلامیی بایکۆت کردبوو؛ بەڵام دیسانەکەش هەموو هەوڵی ئەوە بوو بە سیاسەتی سازان و مەدارا پێش بە هەڵگیرسانی شەڕ لە کوردستان بگرێ و لە کەشێکی سیاسی و ناتوندوتیژدا بۆ مافە نەتەوایەتییەکانی کورد لە ئێرانی نوێدا تێبکۆشێ. هەڵبەت سیاسەتی وتووێژ وەک پرەنسیپێک زۆر پێشتر لەو سەردەمە و لە کاتی کۆماری کوردستاندا لە حیزبی دێموکرات و لای ڕێبەرانی ئەم حیزبە نهادینە بوو، وەک چۆن کاتی خۆی پێشەوای شەهید چەند جار سەردانی تاران کرد و لەگەڵ نوێنەرانی ڕێژیمی پاشایەتی کەوتبووە دانوستانەوە، بۆوەی ناکۆکییەکان دوور گرژی و شەڕ و لێکدان چارەسەر بن.

لەو بارودۆخەشدا حیزبی دێموکرات لە ڕێگەی سەردان و ناردنی شاندی دانوستانکار، لە ڕێگەی نووسینی نامەی سەرئاوەڵا و نامەی نهێنی بۆ کاربەدەستانی ڕێژیمی نوێ، هەموو هەوڵی ئەوە بوو ڕێگە لە ڕووداتی شەڕ و میلیتاریزە کردنی کوردستان بگرێ، تا ئەو ڕادەیەی کە د. عەبدولڕەحمان قاسملوو، ڕێبەری چەپ و مارکسیستی حیزب "لبیک" بۆ خومەینی، ڕێبەری ئایینی و دوگمی ڕێژیم بنێرێ. یان تا ئەو جێیە لە مەدارا و ددان بە جەرگداگرتن بۆ دوورخستنەوەی شەڕ لە کوردستان چووە پێش کە لەلایەن هیندێک ڕێکخراوە سیاسیی کەمئەزموونی کرچوکاڵەوە بە "سازشکار"ی دابندرێ و دروشمی "بمرێ"ی لەدژی بەرز بکرێتەوە! بەڵام کاتێک شەڕ دەرگای بە کوردستان گرت و زۆر لەو ڕێکخراوانەی هەتا پێش ئەوە حیزبی دێموکراتیان بە سازشکار دەزانی و خەڵکیان بۆ ڕاپەڕین و شەڕ لەدژی ڕێژیم هان دەدا لەپڕ لە مەیداندا نەمان، ئەمە دیسان حیزبی دێموکرات بوو کە باری قورسی بەرگریی چەکداری لە پێناو پاراستنی مان و شوناسی کورد لە ئێرانی گرتە ئەستۆ. تەنانەت لەو کاتەشدا کە بست بە بست و شوێنشوێنی کوردستان مەیدانی بەرگری و خۆڕاگریی ئازایانەی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات بوو، دیسان ڕێبەریی حیزب وازی لە پرەنسیپی وتووێژ و چارەسەری ئاشتییانەی کێشەکانی نێوان کورد و ناوەند نەهێنا. بەڵگەنامەکانی کۆنگرەی چواری حیزبی دێموکرات ئاوێنەی بااڵنوێنی هەموو ئەم ڕاستییانەن کە پرەنسیپ و بایەخەکانی خەباتی حیزبی دێموکرات لە پێوەندی لەگەڵ مافی نەتەوایەتیی گەلی کورد لە ئێران و

سیاسەت و هەڵوێست و شێوەی ڕەفتاری حیزب بەنیسبەت دەسەڵاتی ناوەند دەردەخەن. وەک لە بەڵگەنامەکانی دیکەی حیزب لە کۆنگرەکانی دواتریشدا دەردەکەوێ، حیزبی دێموکراتی کوردستان سەرەڕای تێگەیشتن و باوەڕی قووڵی بەوەی کەمترین مافەکانی گەلی کورد لە چوارچیوەی ئەم ڕێژیمەدا وەدی نایەن؛ بەڵام چونکی وتووێژ وەک ڕەهەندێک لە خەباتی سیاسیی کورددا دەبینێ، ئەو مافە بە خۆی دەدا لە کاتی گونجاو و لەپێناو بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی گەلی کورددا لەگەڵ دەسەڵاتی ناوەندەی بکەوێتە دانوستانەوە.

حیزبی دێموکراتی کوردستان کە دەستیشی بۆ چەک برد، بەرگریی چەکدارانەی ئەگەر لەلایەک لەپێناو وەدەستهێنانی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد و دیفاع لە کەرامەت و هۆوییەتی گەل بوو، هاوکات چەکێک بوو بە مەبەستی ناچارکردنی ڕێژیم بۆ وتووێژ. بە واتایەکی دی "شەڕیشی هەر بۆ "ئاشتی" کردوە. وەک چۆن د. قاسملوو لە ڕاپۆرتی کۆمیتەی ناوەندی بۆ کۆنگرەی ٥ دا بەڕوونی دەڵێ: "شەڕی هێزەکانی پێشمەرگە شەرە بۆ دیفاع لە ئازادی، شەڕە لە پێناو مافێکی ڕەوادا و دواجار شەڕە بۆ گەیشتن بە ئاشتییەکی سەربەرزانە."

ئەم شەڕە (لەگەڵ کۆماری ئیسلامیی ئێران) کە تا ئێستاش لە فۆرم و شێوەی جۆراوجۆردا درێژەی هەیە، تێچووی قورسی بۆ حیزبی دێموکرات بووە. لە ڕەوتی ئەم شەڕەدا زیاتر لە ٥ هەزار پێشمەرگەی حیزب لە مەیدانی ڕاستەوخۆی بەرەنگاریدا شەهید بوون. جێی سەرنج ئەوە کە لە نێو شەهیدەکاندا ٤٤ کەسیان ئەندامی ڕێبەری و ٣٦ کەسیان لە فەرماندەرانی هێزەکانی پێشمەرگە و ١٦٠ کەسیان فەرماندەر و جێگری لک و زیاتر لە ٤٥٠ شەهیدیان کادری سیاسی بوون. بەو مانایە کە هیچ حیزبێکی کوردی نییە ئەوەندە ڕێبەر و کەسایەتیی ئاستبەرزی لە مەیدانی ڕاستەوخۆی بەرەنگاری لەگەڵ ڕێژیمدا لەدەست دابێ. لە لایەکی دیکەوە زیاتر لە ٣٦٠ ئەندامی ئەم حیزبە لە زیندانەکانی کۆماری ئیسلامیدا لە دار دراون، و زیاتر لە ٣٢٠ کادر و پێشمەرگەی حیزب لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵات تێرۆر کراون. بەڵام لەگەڵ ئەم هەموو خەسارە گیانییە قورسەدا، حیزبی دێموکرات ئێعدامی بە ئێعدام و تێرۆری بە تێرۆر وەڵام نەداوەتەوە. پێچەوانە لە ڕەوتی بەرگریی چەکداریی حیزبدا بە هەزاران دیلی شەڕی ئازاد کردوە. ئەم حیزبە لەگەڵ ئەوەی قوربانیی سەرەکیی دەستی تێرۆریزمی کۆماری ئیسلامی بووە، لەگەڵ ئەوەدا کە خاوەنی تۆکمەترین هێزی نیزامی و پێشمەرگە لە کوردستان بووە، بەڵام نەک هەر دەستی بۆ کردەوەی هاوشێوە لە دژی ڕێژیم نەبردوە؛ بەڵکوو ئەم کردەوەیەی لە هەر فۆرم و شکلێک و لە هەر شوێنێکی دنیا و بۆ هەر مەبەستێکیش کرابێ، مەحکووم کردوە. ئەمەش لە خەباتی ڕەوای گەلی کورد و ئەو ژێرخانە فیکرییە دەوڵەمەندەوە سەرچاوە دەگرێ کە ڕێبەرانی ئاست بەرزی حیزب وەک سامانێکی مەعنەوەی بۆ جووڵانەوەی کورد چێیان کردوە. وەک چۆن د. قاسملووی نەمر لەو پێوەندییەدا دەڵێ: "ئەم بزووتنەوانەی بە ڕێگای دێموکراتیدا دەڕۆن و لایەنگری و پشتیوانیی خەڵکیان لەگەڵە، پێویستییەکیان بە پەنابردن بۆ تێرۆر نییە [...] تێرۆریزم سیاسەتی ڕەسمیی کۆماری

ئیسلامییە، ئەوەش نیشانەی ئەوەیە کە ئەم ڕێژیمە بەرامبەر بە داوای ڕەوای خەڵک هیچ وەڵامێکی پێ نییە جیا لە سەرکوت".

وەک لە دێڕەکانی پێشوودا بە کورتی باس کرا، حیزبی دیموکراتی کوردستان هیچ هەل و دەرفەتێکی بۆ چارەسەری ئاشتییانەی پرسی کورد لە ئێران لە کیس نەداوە، بەڵام ئەوە دەسەڵاتدارانی ڕێژیم بوون کە قەت گوێیان بە نیازپاکیی حیزبی دێموکرات نەبزووت. ئەمەش وایکرد کە ئەم حیزبە ناچار بێ لە فۆرمەکانی دیکەی خەباتدا بۆ وەدیهێنانی مافە نەتەوایەتییەکانی خەڵکی کوردستان بەردەوام بێ. بەڵام ئەم حیزبە نەیدەتوانی ماوەی پتر لە حەوت دەیە لەو مەیدانەدا بمێنێتەوە ئەگەر پشتیوانیی هەموو چین و توێژەکانی کوردستانی لەگەڵ نەبا. ئەم خەڵکەی کە لەگەڵ ئەوەدا زۆرترین فشار و تۆندوتیژی و سەرکوتی خوێناویی ڕێژیمیان لەسەر بووە، بەڵام پشتی حیزبەکەی خۆیان چۆڵ نەکردوە. هۆکاری ئەمەش بۆ باوەڕی قووڵ و متمانەیەی خەڵک بۆ حیزبی دێموکرات و سیاسەتە واقعبینانەکانی دەگەڕێتەوە. ئەم حیزبەی کە دەگەڵ ئەوەی هەمیشە باوەڕی بە مافی دیاریکردنی چارەنووس بووە بەڵام، ژیرانە و بەپرسانە هەلومەرجی خەباتی نەتەوەکەی هەڵسەنگاندوە و سیاسەت و دروشمەکانی لاقیان لەسەر عەرز بووە. حیزبێک کە بایەخی بە هەموو پێکهاتەکانی کۆمەڵ داوە و تێکۆشانی فیکری و سیاسی و کۆمەڵایەتیی هەموو جۆراوجۆرییەکانی کۆمەڵگەی وەک سەرمایەی بەنرخی خەبات و تێکۆشان سەیر کردوە.

لە گشتییەتی خۆیدا ئەمەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی کردووەتە حیزبی خۆشەویستی کۆمەڵانی خەڵک هەر بەتەنیا باوەڕی ئەم حیزبە بە چارەسەری ئاشتییانەی پرسی کورد هاوکات لەگەڵ مانەوە لە سەنگەری خەباتی بەرگری و چەکداری بۆ بەخاوەنکردنی پرسی کورد و پشتیوانیی هەمەلایەنە لە خەڵکی کوردستان نییە؛ بەڵکوو بۆ کۆمەڵێک دەسکەوت و پەرەنسیپی بەنرخی دیکەی ئەم حیزبە دەگەڕێتەوە. وەک ئەوەی گرینگترین ڕووداوی مێژووی خەباتی ڕزگاریخوازانەی کورد، واتە دامەزرانی کۆماری کوردستان لەسەر دەستی ئەم حیزبە پێکهاتوە و پێشەواکەی لەو پێناوەدا سەری چۆتە سەر دار. وەک خەڵکیبوون و لەپێناو خەڵکدا تێکۆشان لە هەموو ماوەی تەمەنیدا. وەک سەربەخۆیی سیاسیی حیزبی دێموکرات لە هەڵوێست و بڕیاردان لە هەرە کاتە ناسکەکاندا. وەک باوەڕەندبوون و جێگیرکردنی ئەخلاقی سیاسی لە سیاسەتکردن و بڕیاردان و کاری بەکردەوەدا. وەک پشتیوانیی بەکردەوەی لە جووڵانەوەی ڕزگاریخوازیی کورد لە بەشەکانی دیکەی کوردستان. وەک باوەڕ و ئیمانی قووڵی بە دێموکراسی و پلۆرالیزم و بایەخە مرۆیی و جیهانگیرەکانی دی. وەک لە سەروودانانی بەرژەوەندیی گشتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لە ئاستی کوردستانی گەورەشدا، وەک ناساندنی پرسی کورد بە کۆمەڵگەی جیهانی لە ڕێگەی دیپلۆماسی، و وەک خۆ بەخاوەنکردنی پرسی مێژوو، زمان، شوناس، کولتوور و جوغرافیای کوردستان لە ئێران و... هتد.

لەولاش ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە هەموو ئەو ماوەیەدا چ بە زبری سەرکوت و سەرنێزە و چ لە ڕێگەی شەڕی نەرم و ساییێریی ئامبازی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کورد بووە و لەو بەربەرەکانییەدا لە هیچ کردەوەیەکی دژەمرۆیی بەرامبەر بە کورد خۆی نەبواردوە. بەڵام تەنیا ئاسنی ساردکوتانی بۆ ماوەتەوە. حیزبی دێموکراتی کوردستان بە باوەڕی نەتەوەیی و پرەنسیپە مۆدێرنە جیهانییەکانی وەها ئاوێتەی بیر و زەین و نەستی کۆمەڵگەی کوردی بووە کە دابڕاندنیان لە یەکتر ئەمری مەحاڵە.

حیزبی دێموکرات کارەساتی زۆری بەسەر هاتوە. پێشەوای دامەزرێنەری لەدار دراوە، د. قاسملوو و د. شەرەفکەندی، دوو سکرتێری هەرە بەوەجی ئەم حیزبە تێرۆر کراوە، ڕێبەرییەکەی لە زێدی خۆی هەڵقەندراوە و تەنانەت لەو شوێنەش بە مووشک لێی دراوە؛ بەڵام لەگەڵ ئەوەدا هەتا ئێستاش هیچ حیزب و ڕێکخراوێکی سیاسیی دیکە لە هیچکام لە بەشەکانی کوردستان نەیتوانیوە هاوشێوەی ئەم بجووڵێتەوە و دەسکەوتەکانی دووپات بکاتەوە.

بۆ دوا وتە و ئاکامگیری لەو باسە باشترین شت گەڕانەوە بۆ چەند بڕیارێکی گۆنگرەی ١٧، تازەترین کۆنگرەی حیزب وەک بەرزترین ئۆرگانی بڕیاردەری حیزبە. لەو جێگایەی دەڵێ باوەڕ بە ڕێگاچارەی ئاشتیخوازانەی مەسەلەی کورد لە ئێران پرەنسیپێکی هەمیشەیی حیزبی دێموکراتە. ئەگەرچی ڕەفتاری کۆماری ئیسلامی لەگەڵ خەڵکی کوردستان و حیزبی ئێمە و ئەزموونمان لەبواری وتووێژدا بە ئێمە دەڵێ کە ڕێژیم هەمیشە وتووێژی بۆ مەبەستی بەدخوازانە و خراپکارانەی خۆی بەکار بردوە.

یان کە باسی دێموکراسی وەک یەکێک لە بایەخە گرینگەکانی نهادینەکراو لە حیزبدا دەکرێ، هاتوە کە دێموکراسی هەم وەک ئیدەئالێکی کارپێکراوی ژیانی سیاسی و ڕێکخراوەیی حیزبی دێموکرات و هەم وەک گونجاوترین بەستێن بۆ گفتگۆ و چارەسەری کێشەکان، لە ڕیزی پێشەوەی ئامانج و بەهاکانی حیزبی ئێمەیە. هەرلەوکاتەدا ئەولەویەتی خەباتی ئێمە مەسەلەی نەتەوایەتی و پرسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە. هەربۆیە جۆری مامەڵەمان لەگەڵ پرۆسە سیاسییەکانی دەرەوەی کوردستان و ئایندەی ئێران پێش هەموو شتێک لەسەر بنەمای تایبەتمەندیی کوردستان و پرسی کوردە. هاوکات خەبات بۆ چارەسەری پرسی کورد لە ئێراندا نابێ ئەو ڕاستییەمان لێ بشارێتەوە کە کورد یەک نەتەوەیە و کوردستان یەک نیشتمانە دابەش کراوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی ئاگۆستی ٢٠٢٠

سەرچاوە Serchawe

هەتا ئوتکە کەمی ماوە

قەیرانی کۆرۆنا چ لە ئاستی نێودەوڵەتی و چ لە ئاستی نێوخۆیی وڵاتاندا ئەگەرچی بەشێکی زۆری کات و وزەی کاریی حکوومەتەکانی بەخۆیەوە خەریک کردوە، بەڵام لە هەوزەی سیاسەتی نێودەوڵەتیدا گۆڕانکارییەکان هەر وا ڕوو دەدەن. کۆماری ئیسلامیی ئێران ئەوەندەی ئەم پەتا جیهانداگرە لە نێوخۆی وڵاتدا دەفریای کەوتوە و نەرمە ستۆپی بە ناڕەزایەتییە جەماوەرییە ناوچەیی و سەراسەرییەکان کردوە، بەڵام لە سیاسەتی دەرەکیدا ئەوەندەی بە قازانج نەشکاوەتەوە.

درێژنەکردنەوەی ماوەی سزاکانی پێوەندیدار بە سەودای چەکوچۆڵیش لەژێر تەوژمی ئەمریکا و هەڕەشەکانی بۆ چالاک کردنی میکانیزمی پەلاپیتکە جارێ زووە بە دەسکەوتێکی سیاسیی گرینگ بۆ کۆماری ئیسلامی دابندرێ. بەڵام ئاسایی کردنەوەی پێوەندییە دیپلۆماتیکەکانی ئیماراتی یەکگرتووی عەڕەبی لەگەڵ ئیسرائیل ئیدی شتێک نییە ڕێژیمی پێ هەراسان نەبووبێ، چونکی ئەوەندەی دێ کۆماری ئیسلامی لە ناوچەدا زیاتر دەخاتە پەراوێزەوە و پتر تەنگی پێ هەڵدەچنێ. ئاسایی کردنەوەی پێوەندییەکانی ئیمارات لەگەڵ دەوڵەتی جوولەکە کە لە ئێستادا ڕێگەپێدانی ئاسمانیی وڵاتانی بەحرەین، عەمان و عەڕەبستانیشی بەدوودا هاتوە و وێدەچێ لە ماوەیەکی نیزیکی داهاتوودا هەواڵی ئاسایی کردنی پێوەندییەکانی ئەو وڵاتانەش لەگەڵ ئیسرائیل ببیستین، ئۆقرەی لە کۆماری ئیسلامی هەڵگرتوە. ئەم گۆڕانکارییانە. لە ڕەوتی ئاشتی و سەقامگیریی سیاسی لە ناوچە وەرزێکی نوێ و دۆخێکی دی لە پێوەندی و هاوکێشەکانی ناوچەدا دێنێتە ئاراوە، دۆخێک کە کۆماری ئیسلامیی ئێران و وڵاتانی تەواوەتیخواز بە ئایدۆلۆژیی ئیسلامگەرایی فێندەمینتاڵی دیکەش ناتوانن خۆیانی تێدا ببینەوە.

کۆماری ئیسلامی پتر لە چوار دەیەیە دروشمی سڕینەوەی ئیسڕائیل و لەو ڕێگەیەوە هەوڵی هەڵخڕاندنی هەست و سۆزی ئایینی خەڵکی موسوڵمانی ناوچەکە دەدا. بەڵام هەم لە پێوەندیی ژێربەژێری لەگەڵ ئیسڕائیل -بەتایبەت لە کاتی شەڕی عێڕاق- قازانجی کردوە، هەم لە پشت ئەو ڕوخسارە داکۆکیکارەی خەڵکی فەلەستین کە لە خۆی دروستی کردوە؛ ئارامی و سەقامگیری لە ناوچەی بەبارمتە گرتوە و هەمیش ویستوویەتی بەو پاوانخوازییە پرسی ڕەوا و گرینگی مافەکانی خەڵکی فەلەستین بە گەمە سیاسییەکانی خۆی ببەستێتەوە. وەرزێک کە وێدەچێ بەو گۆڕانکارییانەی لە لوبنان، سووریە، عێڕاق و

وڵاتانی دیکەی کەنداو دەیبینین، بەرەو ئاوابوون بێ. چونکی ئیدی بۆ هەموو خەڵکی ناوچە و دنیا ڕوون و ئاشکرایە کە کۆماری ئیسلامیی ئێران و سیاسەتی فراوانخوازیی چ خەسار و زیانێکی بە ناوچە گەیاندوە و ئەو ڕێککەوتنە سێ قۆڵییەش (ئەمریکا-ئیمارات-ئیسرائیل) لە ڕاستیدا بەگژداچوونەوەی «هیلالی شیعە»ی ڕێژیمی ئێرانە کە لە ڕوانگەی ڕۆژاوا و وڵاتانی عەرەبییشەوە - وێڕای پەرەسەندنی ئیسلامگەرایی پاشکەوتووانەی تورکیە -، بە هۆکاری سەرەکیی ناسەقامگیری لە ناوچەدا دادەنرێ.

ئەم شکستە گەورەیە ئەوەندە هاسان بۆ ڕێژیم هەرس نابێ. مەیدانەکانی تەڕاتێنی ڕێژیم لە ناوچە جار بە جار لێی بەرتەسکتر دەبێتەوە و ئەمەش بە مانای بەفیڕو چوونی سەدان میلیارد دۆلار سامانی ئێران لە چوار دەیەی ڕابردوو دێ کە کۆماری ئیسلامی لەپێناو دروست کردنی خەونی ئیمپراتۆرییەکەی لە ناوچەدا بێرەوبەوێی دادا.

گۆڕانکارییەکانی دیکەی ئەم دواییانەش لە ناوچە هەم گرینگن و هەم بۆ ڕێژیم تاڵ و ناخۆش. دوابەدوای گوشارە سیاسی و ئابووریە نێودەوڵەتییەکان لە دژی حیزبوڵڵا و، بەهۆی ئەم شەپۆلە تووڕەییەش کە پاش تەقینەوەکەی بەندەری بەیروت لە دژی حیزبوڵڵا وەڕێ کەوتوە؛ حیزبوڵڵا بەرەبەرە و بەئارامی خەریکە هێزەکانی لە سووریە دەکێشێتەوە؛ ئەمەش دوای هێرشە وێرانکەرەکانی ئیسرائیل بۆ سەر بنکە و شوێنە سەربازییەکانی ئێران و حیزبوڵڵا شکستێکی چاوەڕوانەکراوە بۆ کۆماری ئیسلامی.

ئەمریکاش لە سیاسەتی «ئەوپەڕی زەخت»ی خۆی بەردەوامە و چەند ڕۆژ پێش ئێستا بوو کە ١٤ کەس و کۆمپانیای دیکە لە ئێران، چین و ئیمارات سەبارەت بە پێشێل کردنی سزا سەپێندراوەکانی دژی پیشەسازیی نەوتی ئێران خستە لیستی گەمارۆکانی خۆیەوە. ئەویش لە کاتێکدا کە بەردەوامیی ئەم گوشارانە هەناردەی نەوتی ئێرانی لە کردەوەدا بەتەواوی ئیفلیج کردوە و، سەرۆکی ڕێکخراوی بەرنامە و بودجەی کۆماری ئیسلامی ڕایگەیاندوە کە لە بارودۆخی سزاکانی ئەمریکا حکوومەتەکەی ناتوانێ دڵۆپێک نەوت بفرۆشێ.

ئێران هاوکات گوشاری ئاژانسی نێودەوڵەتیی وزەی ئەتومییشی لەسەرە. ئاژانس ماوەیەکە لە ئێرانی هەڵپێچاوەتەوە و ڕایگەیاندوە کە چالاکیی شاراوەی پێچەوانەی بەڵێنە ئیمزاکراوەکانی هەیە. ئاژانس ڕایگەیاندوە کە بڕی پاشکەوتی ئۆرانیۆمی ئێران ١٠ ئەوەندەی ئەو بڕە ڕێگەپێدراوەیە کە لە ڕێککەوتننامەی بەرجام (٢٠١٥)دا لەسەری ساغ بوونەوە و ئێرانیش پێملی بووە. ڕێکخراوی نێونەتەوەیی لێبوردن و جاوید ڕەحمان، ڕێپۆرتێری تایبەتیی شوڕای مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکانیش لە ماوەی چەند ڕۆژدا و لە دوو ڕاپۆرتدا بەردەوامیی پێشێلکرانی مافەکانی خەڵک بەهۆی کۆماری

ئیسلامییان داوەتە بەر ڕەخنە و داوایان لە کۆڕی گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان - کە ڕۆژی ٢٥ی خەرمانان- دەگیرێ کردوە، لەمپەری جیدی لە بەردەم سەرەڕۆییەکانی کۆماری ئیسلامییدا دروست بکەن.

پاپۆڕی بەختی کۆماری ئیسلامی لە نێوخۆی وڵات چەند هیندەی دەرەوەی سنوورەکانی لە قۆڕ چەقیوە. قەیرانی ئابووری و کێشەی بژیوی خەڵکی ئێران لە ئێستادا و بەهۆی پەتای کۆرۆناوە چەند قات زیادی کردوە. لە سۆنگەی چوونەسەرێی ئاوسانی ئابووری و بەرزبوونەوەی نرخی کاڵان و قەیران لە کەرتی بەرهەمهێنانداا ئابووریی ئێران لە چوار ساڵی ڕابردوودا یەک لە چوار و خوانی بنەماڵەکان تەنیا لە یەک ساڵی ڕابردوودا یەک لە پێنج چووکە بۆتەوە. بەدەر لە بابەتی ئابووری پرسی مافە سیاسی و مەدەنییەکانی خەڵکی وڵاتیش لە جێی خۆیەتی کە سیستماتیک لەلایەن ڕێژیمەوە سەرکوت دەکرێ. لە ئێستادا کۆماری ئیسلامی پتر لە هەر کاتێک بێزراوی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران بە هەموو جۆراوجۆرییە سیاسی و نەتەوەییەکانە و ئەوەی تا ئێستا ئەم دەسەڵاتەی لەسەر پێ ڕاگرتوە، سیاسەتی زەبروزەنگ و سەرکوت بەپێی سروشتی هەموو ڕێژیمە دیکتاتۆرەکان بووە کە ئەویش ناکرێ و نەکراوە هەتا سەر بێ.

بێگومان چارەسەری بارودۆخی سیاسی، ئابووری و قەیرانەکانی دیکەی کۆمەڵگەی ئێران تەنیا بە پێداچوونەوەیەکی بنەڕەتی بە سیاسەتەکان، بنەما و پێکهاتە ئابووری و غەیرە ئابوورییەکان ئەویش لە توێی بەرنامەیەکی درێژمەودا و چەند بەرنامەیەکی کورتمەودادا دەکرێ. وەها ئەرکێکیش لە توانای کۆماری ئیسلامی بەدەرە و حکوومەتێکی نیشتمانیی هەڵقوڵاو لە ویست و ئیرادەی خەڵکی دەوێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٦ی سێپتەمبەری ٢٠٢٠

نادرەسی ڕوونی قەیران و چارەسەر

کۆماری ئیسلامیی ئێران لە حاڵێکدا درێژە بە ژیانی سیاسیی خۆی دەدا کە ژیان و مانی خەڵکی وڵات پتر لە هەر کاتێکی دی دژوار و تاقەتپڕووکێن بووە. ڕێبەرانی ڕێژیم لە لایەک هەوڵ دەدەن بارودۆخەکە ئەوەندەی دەکرێ ئاسایی پیشان بدەن بۆوەی چەندی دەکرێ پێش بە تەقینەوەی ناڕەزایەتییە جەماوەرییەکان بگرن، تا ئەو ڕادەیەی سەرۆککۆمارە مەشرەفخۆش و عەیارەکەیان! عەیاری ڕێژیمەکەی بە باڵای ئاڵمان دەگرێ و ئیدیعای ئەوە دەکا لە بارودۆخی ئێستاشدا ئابووریی ئێران گەلێک لە ئی ئاڵمان لەپێشترە! ئەولاتریش ئەوە ڕێبەری ڕێژیمە کە خەڵک بۆ خۆڕاگریی پتر هان دەدا و سووچی هەموو مەینەتییەکانی خەڵک لە ئەستۆی خۆی و ڕێژیمەکەی دادڕێ و تاوانەکەی دەخاتە پاڵ "دوژمن" و ئەو سزا ئابووریانەی بە سەریاندا سەپاندوون.

هەوڵی ڕێبەرانی ڕێژیم بۆ وێکردنی ئادرەسی هۆکارەکانی دۆخی کارەساتباری ئێستای ئێران لەخۆڕایە و ئاو دەبێژنگ کردنە، چونکی لای کەس شاراوە نییە کە کۆی قەیرانەکانی ئێستای وڵات بەرهەمی چوار دەیە دەسەڵاتدارەتیی کۆماری ئیسلامی و سیاسەتە نێوخۆیی و دەرەکییەکانی ئەم ڕێژیمەیە.

ڕێبەرانی ڕێژیم هەر لە سەرەتاوە بە گوتاری ئیدۆلۆژیکی "هەناردەی شۆڕش"، بانگەوازی شەڕ لەگەڵ وڵاتانی ناوچەیان جارِ دا، دواتریش کە تووشی شەڕ لەگەڵ عێراق بوون و دەکرا هەر لە ساڵی یەکەمدا کۆتایی بەو شەڕە بێنن، بەئانقەست و بۆ مەرامی سیاسیی خۆیان - کە یەکدەست کردنی دەسەڵات بە پاساوی هەلومەرجی شەڕ بوو - پتر لە ٧ ساڵیان درێژ کردەوە، شەڕێک کە ئاسەواری وێرانییەکەی دوای سێ دەیە ئێستاش بە ڕوخساری وڵاتەوە دیارە.

لە چوار دەیەی ڕابردوودا بایەخی دراوی نیشتمانی ساڵ بە ساڵ و مانگ بە مانگ و لە ئێستادا ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ زیاتر دادەڕمێ. ئابووریی وڵات لە سۆنگەی ناکارامەیی و گەندەڵی حکوومەتییەوە لەقوڕ چەقیوە و بەردەوام چووکەتر دەبێتەوە. وەبەرهێنانی بیانی بە هۆی پاوانخوازیی سپای پاسداران و سیاسەتی شەڕەنگێزیی ناوچەیی و جیهانیی ڕێژیمەوە بەردەوام لە کەمی داوە و هەرەسهێنانی کەرتی تایبەت و دابەزینی بازرگانیی دەرەکییش، هیندەی دیکە ئابووریی وڵاتی خستۆتە ئاویلکەدانەوە.

بۆیەشە کاتێک ڕێبەرانی ڕێژیم دارمینی ژێرخانە ئابوورییەکانی وڵات لە چوار دەیەی ڕابردووی دەسەڵاتەکەیان دەبینن و نە توانا و نە ئیرادەی چارەسەر لە خۆیاندا شک دەبەن؛ دێن و وەبانگی هەموو ئەو بارودۆخە دەخەنە ئەستۆی فاکتەری دەرەکی!

ئەو فاکتەرە دەرەکییانەی کۆماری ئیسلامی بە ماکەی قەیرانەکانی وڵاتیان دادەنێ، وێدەچێ لە داهاتوودا پتر لە ئێستاش بەربینگی پێ بگرن. چونکی باسکی بەڕواڵەت بەهێزی کۆماری ئیسلامی لە هاوکێشە نێودەوڵەتییەکان کە خۆی لە دەستێوەردان لە وڵاتانی ناوچە و تەیار کردنی میلیشیا و گرووپە چەکدارەکان بۆ شەڕی نیابەتیدا دەدیتەوە، هەتا دێ کورتتر دەکرێتەوە. بۆ نموونە لە عێراق حکوومەتی ناوەندیی ئەم وڵاتە چیدی نایەوێ لە سۆنگەی نەرمینواندنی بۆ حەشدی شەعبی و دەسەڵاتی سێبەری کۆماری ئیسلامی بەرژەوەندییە ستراتیژیکییەکانی خۆی لەگەڵ ئەمریکا و ئوروپا بخاتە مەترسییەوە. لە سووریەش کە هێزەکانی کۆماری ئیسلامی نەک مەیداندارِی، بەڵکوو توانای جووڵە و بزووتنیشیان پێ نەهێشتوون. وڵاتانی عەرەبیی ناوچە و ئەمریکا و ئوروپاش سەرەڕای تێگەیشتنی جیاوازیان لەگەڵ یەکتری، بەڵام

لەپێناو ڕاگرتنی پێوەندییە بنگەییەکانیان پاڵ وێک دەدەن و ناچارن وێگرا لە بەرامبەر دەستێوەردانەکانی کۆماری ئیسلامیدا بوەستن.

لەو کاتەدا کە ئاڵقەی گوشارەکان هەتا دێ زیاتر ڕێژیم ڕێک دەگوشێ، ڕێبەرانی ڕێژیم لەپڕ خەڵکیان بیر دێتەوە و دەیانکەن بە قەڵغان و داوا دەکەن زیاتر بەرگە بگرن! بەڵام ناپرسن کە پشکی خەڵک لە دروستبوونی قەیرانەکانی وڵات چەندە کە ئێستا دەبێ ئەو خۆڕاگرییە بەشی وان و ئەرکی ئەوان بێ؟ ئایا ئەوە خەڵکن کە شەڕ بە دنیا دەفرۆشن یان بۆ خۆیان؟ خەڵکن بە میلیارد میلیارد گەندەڵی دەکەن یان کاربەدەستە ورد و درشتەکانی خۆیان؟ ئەوانەی خەڵکن بیانییان بۆ هاوردەی دەرمان و کاڵا سەرەتاییەکانی ژیان دەدرێتێ کەچی یان دراوەکان ناگەڕێنەوە، یان دەدرێ بە پۆرشە و ئۆتۆمبیلی لوکسی دیکە؛ خەڵکن یان دەست و پێوەندییەکانی خۆیان؟ خەڵک لەبەر بێکاری و لە برسان شۆڕشیان نەکرد، بەڵام ئێستا برسی و بێکار و نەدار، ئەمە سووچی کێیە جیا لە خۆیان و چۆنە پشکی ئەم خەڵکە لەو دەسەڵاتە تەنیا مەینەتی و هەژاری و بێئەنوایی بێ کەچی ئێستا دەبێ خەڵک ببنە قەزا و بەڵاگێڕەوەی ئەوان و دەسەڵاتە نگریسەکەیان.

جەوهەری باسەکە ئەوەیە کە لە نێوان خەڵک و کۆماری ئیسلامیدا گرێبەستێکی کۆمەڵایەتی نییە هەتا ئەوان پێبەند بە دەروەستییەکانیان بکا. کۆماری ئیسلامی بەدەر لەو بەڵایەی بەسەر خاک و وڵاتی هێناوە و دنیای لێ کردووەتە نەیار، خەڵکی خۆیشی لێ دوژمنە. ئەم ڕێژیمەی چوار دەیەیە بۆ شەڕی ئازادیخوازان، مافویست و کەمایەتییە نەتەوەیی و ئایینییەکان شمشیری لە ڕوو بەستوە و ئاستی سەرکوت و ناڕەزایەتییە گشتییەکان گەیوەتە ڕادەیەک کە خەڵک ئیدی ئامادەن گیانیان بدەن بۆوەی داهاتوویەکی گەشتر بۆ نەوەی دواتر چێ ببێ.

کۆماری ئیسلامی لە ئێستادا کەوتۆتە تەنگانەترین ڕۆژەکانی تەمەنی. لە لایەک حکوومەتی دینی بە خەسڵەتی دەمارگرژی و پاشکەوتوویی خۆی ناتوانێ لەگەڵ هەلومەرجی بەجیهانی بوون هەڵ بکا، لە لایەکی دی بەهۆی ناکارامەیی لە ئیدارەی وڵات و گەندەڵیی سەرتاپاداگیر بووەتە هۆی سەرهەڵدانی جۆرەها قەیران کە توانای چارەسەر کردنیانی نییە؛ لەگەڵ ئەوانەشدا چوار دەیە سیاسەتی هێژمۆنیخوازیی شیعەگەری سەرەڕای تەرخان کردنی بەشی هەرە زۆری سامانی گشتیی وڵات ئەم ڕێژیمەی لەسەر ساجی عەلی داناوە. ئەوەی ڕێژیم لەو ڕۆژانەدا پشتی پێ بەستوە یەکەم کارامەیی هێزی سەرکوت و داپڵۆسینە و گەورەترین نەخشیان لە بەردەوامیی تەمەنی دەسەڵاتدا بووە، دووهەم هیوایەک کە بە گۆڕانکاری لە ئیدارەی سیاسیی کۆشکی سپی هەیەتی تا لەو سۆنگەیەوە ئاهێکی بێتەوە بەر و ڕێگایەک بۆ خۆقوتار کردن لەو تەنگانەیە بدۆزێتەوە کە بێگومان ئەگەری ئەم گۆڕانکارییەش دادی ڕێژیم نادا؛ چونکی کێشە جەوهەرییەکانی کۆماری ئیسلامی و ویلایەتە یەکگرتووەکان هەروا لەجێی خۆیانن.

کۆمەڵگەی ئێران وەک عەمباری بارووتە و چاوەڕوانی لێ هەڵبوون و پرپشکێکە کە ئاکامەکەشی چاوەڕوان نەکراوە، ئەو بارودۆخەش تەنیا کاتێک لە بەرژوەندیی خەڵک دەشکێتەوە کە هێزێکی پێشکەوتووی دێموکراتیک و خاوەن متمانە بەدیلی ئەم ڕێژیمە لە مەیدانەکەدا بێ و بیەوێ ئەم گۆڕانکارییانە مودیرییەت بکا.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٨ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٠

ئەمنیەت و داد لە نیزامی دادی ڕێژیمدا

لە ڕەشەممەی دوو ساڵ لەوە پێشەوە کە برایم ڕەئیسی بە بڕیاری خامنەیی، ڕێبەری کۆماری ئیسلامی سەرۆکایەتیی دەزگای دادی ئێرانی پێ سپێردرا، بابەتێک کە زۆری قسە لێ دەکرا، چاکسازی لە دەزگای قەزایی و "گۆڕانی بنەڕەتی لە نیزامی داد"ی ولاتدا بوو. ئەم گۆڕانەش حەوتووی ڕابردوو لە بەڵگەنامەیەکدا کە ناوی "دێکیۆمێنتی ئەمنیەتی داد"ی لەسەرە و لە ٣٧ خاڵدا گەڵاڵە کراوە و ئیمزای برایم ڕەئیسیی لەبن دراوە، ڕاگەیەندرا.

لە پێوەندی لەگەڵ ئەم بەڵگەنامەیەدا ئاماژە بە چەند خاڵ گرینگە:

یەکەم؛ ئەمە یەکەمجار نییە نیزامی کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ گارد گرتن لە هەمبەر هەڵکشانی ڕەوتی مافخوازیی خەڵک و خواستی گشتیی کۆمەڵگە لە هەمبەر پێشێلکرانی مافەکانیان و بۆ بەرگرتن لە ناڕەزایەتیی گشتی و کەمکردنەوە لە گوشارەکانی سەر حاکمییەت پڕۆژە یاسای لەو شێوەیە دەداتە دەرێ. پێشتریش حەسەن ڕووحانی لە سەرماوەزی ساڵی ١٣٩٥دا بەڵگەنامەیەکی لەژێر ناوی "مەنشووری مافەکانی هاوواڵتی" دا بڵاو کردەوە کە هەتا ئێستا نەک لەلایەن دامو دەزگا ئیداری و بەڕێوەبەرییەکانی دی، هەر لە کابینەکەی خۆیشیدا کەس بە لایدا نەچوو.

کاتی خۆیشی مەحموود شاهروودی، سەرۆکی پێشووتری دەزگای دادی کۆماری ئیسلامی لە ساڵی ١٣٨٣ی هەتاویدا بەخشنامەیەکی لەژێر ناوی «مافی هاووڵاتی»دا ڕاگەیاند کە نەک هەر وێچوو، بەڵکوو زۆر تێروتەسەلتر لەوەی «ڕەئیسی»یش بوو، بەڵام لەسەر ئەرزی واقع هیچی نەگۆڕی و کەس هیچی لێ نەبیست و نەدی.

دووهەم؛ لەو بەڵگەنامەیەدا کۆمەڵێک نۆڕم، مـاف، بەهـا و بـایەخی مرۆیـی و پەرەنسیپی حقـووقی ڕیـز کـراوە کە جێبەجێ کردن و لەبەرچاو گرتنیان لە باڵای کۆماری ئیسلامی ناکـاڵێتەوە، چونکی لە هەموو ماوەی تەمەنی ڕێژیمدا سەبارەت بە پێشێل کردنی ئەم بەها و بایەخ و مافانەی خەڵک لە نێوخۆ و لە کـۆڕ و کـۆمەڵە جیهـانی و نێونەتەوەییەکانـدا مەحکووم کراوە. گاڵتەجاڕی لەوە سەیرتر ئەمەیە کە بەڵگەنـامەکە نـاوی کەسێکی وەک «سەرۆکی دەزگـای داد»ی وڵاتـی لەسـەرە کە بە «ئایەتوڵڵای ئێعدام» و «قـازیی هەیئەتـی مەرگ» دەناسرێ و تـاوانی لەدار درانـی هەزاران زیندانیی سیاسیی لە مل دایە.

سێهەم؛ ئەوەی ئێستا بە ناوی بەڵگەنامەی حقووقیی ئەمنیەتـی داد ڕاگەیەنـدراوە، وەک نێـوەرۆک پێشـتریش لەسـەر کـاغەز لە قـانوونی بنەڕەتیی وڵات، قـانوونی سزادان و جۆرەها قـانوون و ڕێسای بەنووسـراوەی وڵاتدا هـاتوە، بەڵام بوونیـان هەتـا ئێستاش هیچ ڕێگرییەکی نەکردوە لە نائەمنیی کۆمەڵایەتی، نادادپەروەی، سەرکوتی خەڵک، دەسبەسەرکردنی سەرەڕۆیانە، شکاندنی کەسـایەتی و کەرامەتـی بەنـدکراوان، ئەشکەنجە بـۆ داننـانی زۆرەملـێ بە تـاوانی نەکـردوو، و لەو سۆنگەیەشـەوە ئێعدام و قەڵتوبڕی خەڵک و کۆمەڵگە؛ کە بەهۆی ڕەفتار و کردەوەکانی دەزگای داد و پـۆلیس و هێـزە چەکـدارەکانی دیـکەی ڕێژیمەوە کراون و لەسەریان بەردەوامن.

چـوارەم؛ لەو بەڵگەنـامەیەدا بـۆ نمـوونە بـاس لە سـەربەخۆیی پـارێزەر (وەکیـل) و مـافی زینـدانی بـۆ هەڵبـژاردن و دەستنیشـانکردنی وەکیل دەکـرێ، بەڵام هەر دوابەدوای بڵاوبـوونەوەی دێکیـۆمێنتەکە، کـانوونی پـارێزەران ڕایگەیـاند کە لە پەروەندە سیاسی و ئەمنیەتییەکاندا دادوەرەکان ئەو مافە بە بەندکراوان نادەن وەکیلی هەڵبژاردەی خۆیـان هەبـێ. هەروەهـا دادوەرەکان پتر لەوەی گوێیان لە تۆمەتبار و پارێزەرەکەی بێ، چاویان لەو بڕیارِ و ڕاسپاردانەیە کە لەلایەن ناوەندە ئەمنیەتییەکانەوە بۆیان چووە.

بەشەکانی دیکەی «بەڵگەنامەی ئەمنیەتی داد»یش کە چەند پاتە کردنەوەی بـڕگە یاسـاییەکانی دیکە لە پێوەنـدی لەگەڵ مـافی تۆمەتلێـدراوانە، بەڵام کـێ هەیە نەزانـێ هەر ئەو بـڕگە یاسـاییانە نەک هەر لەلایەن ناوەنـدە ئەمنیەتـی و هێـزە چەکـدارەکانەوە، بەڵکوو لەلایەن خودی دادوەر و دادئەستێنەکانیشـەوە پێشـێل کـراون و دەکـرێن. لەخـۆڕا نییە کە کـانوونی پـارێزەرانی ناوەند دەڵـێ کێشـەی ئـێمە یاسـا و ڕێوشـوێنەکان نـین، بەڵکوو بۆڕۆکراسیی دەزگـای داد و دادوەرەکـانن کە قـین لەدڵ، گەندەڵ و بووکەڵەی دەستی ناوەندە ئەمنیەتییەکانن.

سەرچاوە Serchawe

پێنجەم؛ لەو بەڵگەنامەیەدا پێداگری لەسەر پاراستنی کەرامەتی تۆمەتبار و گومانلێکراوەکان کراوە و گوتراوە بێڕێزی بە دەسبەسەرکراون و ئەشکەنجە و ئازاردانی جەستە و ڕوحیی ئەوان یان هەڕەشەی ناوزڕاندنی خۆیان و کەسوکاریان قەدەغەیە. بەڵام هێشتا جەوهەری ئەم نووسینانە ویشک نەببۆوە کە لە شاری تاران کۆمەڵێک تۆمەتبار بێ ئەوەی دادگایی کرابن و سزایەکیان بەسەردا سەپابێ، لە پشتی ماشێن بە نێوشار و بە بەرچاوی گشتیدا دەیانگێڕان و بە چەپۆک و مستان دادەگڕانە سەریان! کارنامەی دەزگای دادی کۆماری ئیسلامیش پڕە لە پەروەندەی هەزاران بەندیی سیاسی کە بە زەبری ئەشکەنجە ناچار بە دانانی زۆرەملێ کراون و لەو سۆنگەیەوە سزای زیندانی درێژخایەن و زۆریشیان سزای ئێعدامیان بەسەردا سەپاوە. تەنانەت کەم نین ئەو بەندکراو و گومانلێکراوانەی لە گرتنگەکانی ناوەندە ئەمنیەتییەکاندا لەژێر ئەشکەنجەدا گیانیان لێ ستاندوون.

لە درێژەی ئەم باسەدا دەکرێ زۆر خاڵ و سەرنجی دیکەش ڕیز بکرێن بۆوەی هەم تەواوەتیی ئەو بەناو «بەڵگەنامە حقووقی»یە ببڕێتە ژێر پرسیار، هەمیش ئەو سازوکار و بۆرۆکراسی و نیزامە نەهادینەکراوەی ڕێگری لە هەر چەشنە کرانەوەیەک بە قازانجی مافەکانی خەڵک دەکا؛ بەڵام ئەدی هۆکاری داڕشتن و ڕاگەیاندنی ئەم پەسندکراوە چییە؟ ئایا دروستکردنی کەسایەتییەکی دی لە برایم ڕەئیسییە و مۆرەتاشینە بۆ داهاتووی نیزامی سیاسیی ئێران؟ یان کاردانەوە بەو شەپۆلە نوێیەی گوشار لە نێوخۆ و دەرەوە بۆ سەر نیزامی دادی کۆماری ئیسلامی؟

لە ماوەی چەند مانگی ڕابردوودا کۆماری ئیسلامی لەلایەن وڵاتانی ئوروپایی و شووڕای مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکانیشەوە خرایە ژێر شەپۆلێکی نوێ لە ڕەخنە و گوشارەوە و، بانۆیزی ڕێژیم لە چەند شوێن و وڵاتان بانگ کرانە وەزارەتی دەرەوە. بەڵام زەنگی وریاکردنەوە بۆ کۆماری ئیسلامی ئەو کاتە لێ درا کە ئەمریکا لەگەڵ بەردەوامیی سیاسەتی ئەوپەڕی زەختی خۆی لە دژی ئێران، ئەمجارەیان دوو دادوەری دەزگای دادی ڕێژیمی سەبارەت بە بارودۆخی کارەساتباری گرتنگەکان و سزای داسەپاو بە سەر بەندکراوانی ناڕەزایەتییەکانی ئەم دواییانەدا خستە لیستی ڕەشی گەمارۆکانەوە. بەمجۆرە کۆماری ئیسلامی ئەو سیگنالەی وەرگرت کە لەو ڕەهەندەشەوە دەکرێ زەبروزیانی لێ بدرێ.

ناکام:

دەزگای دادی کۆماری ئیسلامی کە نەک سەربەخۆ، بەڵکوو ژێرکۆی دەسەڵاتی ویلایەتی فەقیهـ و بەشێک لە دێپارتمانی ناوەندە ئەمنیەتییەکانە، بێگومان یەک لە بنیات و باسکە هەرە بەهێزەکانی دەزگای سەرکوتە لە پێکهاتەی کۆماری

ئیسلامیدا. بۆیە ئەم جۆرە بڕیارنامە و پەسندکراوانەش نە دەتوانن پێکهاتەکەی بگۆڕن و نە دەشتوانن شەرعییەت بە ئۆرگانیزمێک بدەن کە پشکی شێری لە خنکاندنی هەناسەی ئازادیخوازان و مافوویستان لەم وڵاتەدا پێ دەبڕێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٤ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٠

قۆناغی دوای کۆڕۆنا بۆ خەڵک و دەسەڵاتی سیاسی چارەنووسازە

عەلی بداغی، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان دەڵێ قۆناغی دوای کۆڕۆنا بۆ خەڵک و دەسەڵاتی سیاسیی تاران چارەنووسسازە. ئەو پێی وایە بزووتنەوەی ناڕەزایەتیی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران ڕێبەریی خۆی دەبینێتەوە و خەبات دژی کۆماری ئیسلامی دەچێتە قۆناغی یەکلاکەوەرەی خۆی.

لە کۆنفرانسی ئەندامانی کۆمیتەی قوشتەپەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە کەمپی کاوە لە باشووری کوردستان، کە دوانیوەڕۆی ڕۆژی پێنجشەممە، ٨ی خەزەڵوەری ١٣٩٩ی هەتاوی بەڕێوەچوو، ئەندامی ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستان، عەلی بداغی باسێکی سیاسیی پێشکەش کرد و لە پێوەندی لە بارودۆخی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتیی ئێستای ئێران و ڕەوتی مافخوازیی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و فاکتۆرەکانی بەچۆکدا هێنانی کۆماری ئیسلامی بۆ بەشدارانی کۆنفرانس دوا.

بەڕێزیان لە سەرەتای باسەکەیدا تاوتوێی بارودۆخی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتیی ئێستای وڵاتی لە ژێر گوشاری قورسی سزاکانی ئەمریکادا کرد و گوتی سەرەڕای ئەوەی بەرپرسایەتیی گەمارۆکان لە ئەستۆی کۆماری ئیسلامی و سیاسەتی شەڕەنگیزی و قەیرانخوڵقێنیی ڕێژیمە، بەڵام هۆکاری سەرەکیی ئەم دۆخە بۆ نیزامی سیاسیی گەندەڵی ڕێژیم و بنەما فیکرییەکانی ئەم ڕێژیمە دەگەڕێتەوە؛ نیزامێکی سیاسیی گەندەڵ کە هەموو پێکهاتەکانی ئیداری و بەڕێوەبەریی ڕێژیم لە شوڕای شار و شارەوانی، نیزامی بانکی، دەوڵەت، کەرتی تایبەت و دەزگای دادی ڕێژیمی تەنیوە و جێگای حاشای بۆ کاربەدەستانی هەرە سەرووی ڕێژیمیش نەهێشتۆتەوە.

ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب لە بەشێکی دیکەی باسەکەیدا پەڕژایە سەر دۆخی کرۆنا لە ئێران و گوتی ئەم پەتایە ئەوەندەی بۆ ڕێژیمی سیاسی هەل و نیعمەت بووە، بۆ خەڵک مەینەتی و مەرگ و ماڵوێرانی بەدواوە بووە. کرۆنا هاوکات

تاقیکارییەکی دیکە بوو کە ئەوەندەی دیکەی متمانە و شەرعییەتی نەبووی کۆماری ئیسلامیی لە پێوەندی لەگەڵ بەرپرسایەتییەکانی لە بەرامبەر خەڵک و کۆمەڵگەدا بردە ژێر پرسیار. بەڕێزیان گوتی قۆناغی دوای کرۆنا بۆ خەڵک و کۆماری ئیسلامی و ڕەوتی خەباتی مافخوازیی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران یەکلا کەرەوە دەبێ.

تەوەرێکی دیکەی باسەکەی عەلی بداغی پێگەی ئێران لە هاوکێشە ناوچەییەکان لە سەردەمی ئەمریکای تڕامپ و هەڵبژاردنەکانی ئەم حەوتوویەی سەرۆککۆماریی ئەم وڵاتە بوو.

ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەو پێوەندییەدا تیشکی خستە سەر ئەوەی کە ئاکامی هەڵبژاردنەکانی ئەمریکا بۆ ئێران بەتایبەت ئاڵقەی دەسەڵات یەکجار گرینگە، بەڵام کێشەی خەڵک و دەسەڵات لە ئێران گرێدراوی ئەوە نییە دێموکراتەکان یان کۆماریخوازەکان کامیان حوکمی کۆشکی سپی بکەن؛ بەڵکوو پرسی ماف و ئازادییەکانی خەڵک و لە بەرامبەردا نیزامی سەرکوتی کۆماری ئیسلامی و یەکلاکردنەوەی ئەو پرسەیە.

لە بەشێکی دیکەی کۆنفرانسی ئەندامانی حیزب لە کەمپی کاوە هەڵبژاردنی ئەندامانی کۆمیتەی نوێ بەڕێوە چوو کە لە بەشەدا ئەندامانی کۆمیتە ئازادانە و بە شێوەیەکی دێموکراتیک لەلایەن ئەندامانەوە دەنگی متمانەیان پێدرا.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٣٠ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٠

بیری چیایی

(کۆنە پەخشانێک کە ساڵی ١٣٨٠ و لە یەکەم ساڵی پێشمەرگایەتیمدا نووسیومە)

تۆ هەناسەی سەوزی ئەوین با چیتر نەتکێمە نێو هەوری پەمەیی خەیاڵ و نەڕژێمە باوەشی وەهمەوە. بێستە با خەندەکانی چاوەڕوان نیشتمانی خەمیان جێ بهێڵن، ئەوسا منیش شێعرێک دەکەمە دیاری بۆ بەرۆکی بێوەفاییت، شێعرێ پڕ بە باڵای خەمی ئەو گوڵبزانەی بە بێدەنگی چوونە نێو کۆشی نەمان.

ئەی ئەو کەسەی وام ئەزانی لەتە ونبووەکەمی، چیرۆکی دڵی هەرچی ئەشقیایە بۆم دەکردی بە قەسیدە و چەند بە نەرمی دەم چپاندە گوێی دڵت تاکوو ببتە هەوێنی هەرچی وەرزی خەندەیە، کەچی ئێستا کە نازانم قەسیدەی مەرگی عەشقم لە کۆڵانی کێهە دڵتا، لە ژێڕ زایەڵەی کامە قاقای کامە شەوتا، بێن و بڕژێنە قوواڵایی کێهە گاڵتە و کامە یادتا؟

ئەی ئەو کەسەی وام ئەزانی سیما و ڕووحی تاقانە ئەوینم لە تۆ دا ژیاوتەوە، لە خەونی پەپوولەکانی عاشق تاکوو توانیم تێم گەیاندی، لە ڕازی خوشینی چەم و نهێنیی قەڵبەزەی، چیم لە لا بوو بۆم درکاندی، لە ڕژدی شاخ و چیرۆکی چیاییەکان چیم دیتبوو، چیم بیستبوو بۆتم هانی و گوتم.... گوتم گیانە زەریا ماسی جێ ناهێڵێ تا ئەو کاتەی لە نێو سینگی دا نەرمە شەپۆلی خۆشەویستی شک ببا. نیشتمان چۆن چیاکانی لە بیر دەکا، گەر ئەشکەوتی چیاکان نەبنە بۆسە بۆ پێکانی سینگی هەتاو؟؟

شنە بەهار خەمبار دەکا و لێی دەتۆرێ، ئەگەر شینی هەڵاڵە و شەپۆری نێرگزی دەستە خوشکی و گریانە خوێنی دایکی گەزیزەی نەبیستبێ، لە سەمای سەوزی وەرزی گوڵان دا؟؟؟

زەریای چاوی عاشق فرمێسکی لی دەتۆرێ ئەگەر هەژمەتی دواماڵاوایی لە ئەوینی لە هەناوی دا هەست پێ نەکردبێ؟؟؟ ئەی ئەو کەسەی بە مانای هەموو خەونەکانم ناوتم دەبرد، ئەوە نە هاواری قەتیسماوی ئەوینە لە کاتە بەرتەنگەکانی بەر لە سێدارە و، نە فڕکە باڵی پەڕەسێلکەیەکی کۆچەر کە دواپین نیگای لە بۆ باڵای نیشتمانی دەگێڕێ و وەنەوشەی ئاسمانی یادی جێ دەهێڵێ. دەزانی هاواری ئەو وشانە چیت پێ دەڵێن؟؟ ئەوانە تک تک هەناسەی سەوزی بەهارێکی ئەرخەوانن کە وا خوێنی خەزانیان لێ دەچۆڕێ و چیتر بە چرپەی جارێ هەر ماوە نەفەسی تۆ دڵخۆش نابن نا..... چونکی باش دەزانن کە وا هەنگاوەکانی تۆ زۆر لە میژە ڕێ بڕینی مەیلەو دڵیان بیر چۆتەوە و باریونەتە نێو کۆشی ڕەشەبای " بەزین" و چاو چۆن بە لەز بەرەو دواوە دەکشێنەوە؟؟.....

لە ئامێزی بەهارێکی بێ گەڵا دا، لە باوەشی خەونێکی بێ بێداری دا بووینە میوانی شکۆفەی پیرەدارێک و چ زوو ڕەشەبای خەزان دایگرتین؟؟؟ ئای چ خەمێکی بەرزە باڵایە چیرۆکی چاوەکانت لە سەر دووڕێیانی من.... تۆ و ..... ئێمەدا.

دەزانی چیە هەناسەکەم.... خۆ من نالێم چۆن دڵت هات پۆرترەی خەونی کەسکی ئەو ئەوینە بگریتە بەر قینی بڕووسکە و شەختەی ناهۆمیدی.... خۆ من نالێم کە چۆنە خەرمانی هەرچی یاد و بەڵێنە چوونە ژێر هەوری ڕەشی لە بیرچوونەوە.... دەمەوێ لە دواساتەکان و لە دواکاتی ئاویلکەدانی ئەو عەشقەدا ئەوەت پێ بڵێم کە کە ئێستاش هەناسەکانی دوا پەخشانی عاشقت دڵۆپ دڵۆپ سۆزەی وەفایان لێ دەچۆڕێ و شنەی پەیامێ کە هۆ ئازیزکەم..... لە مەودا لە قامووسی پیشمەرگەدا جگە لە باوەشی خۆشەویستی و ماچی وەفا و سۆزی ئەمەگ، جگە لە گوڵبزەی هیوا و تیشکی خۆر و و خەونی شکۆ، بە شوێن هیچ دا نەگەڕێی، هەر ئەمەو بەس.... هەر ئەمەو بەس.... بەس حەیف بوو دواییین پەیڤەکانی عیشقت گوڵم.... حەیف بوو.... حەیف.

گوڵم! من دەتوانم لێت ببورم، ئەگەرچی سەری سەدان شێعری چاونەپشکوتومت بڕیوم، گەمە نەما نەیکەی بە عەشقم، شکاندت شابالّی فڕینم و ڕووپەری خەیاڵ و کاوله جێژوانت درێوم، بەڵام حەیفت نەکرد خەزانت خستە باوەشی وەرزی سەوزی بەهاری ئەم عەشقەوە؟؟ حەیفت نەکرد سووره گوڵی ئەو کورتە تەمەنەی خۆشەویستیت دا بە دەم ڕەشەباوە؟؟؟ حەیفت نەکرد ئایەتی مەرگت پژاندە هەناوی هەرچی خەونی شکۆفەیە و تۆراندت لە سەر تیشکی نیگا، هەرچی سەمای گوڵبزەی پێکەنین بوو؟؟؟؟؟

حەیفت نەکرد چرۆی خەندەت لە لێو بێگانە کرد و منت لە خۆم و نیوەی ونبووم دوور خستەوە؟؟ حەیفت نەکرد نم نمەی باران، تیرۆژی بەربەیان، وشەی ماچ و باوەش و نیشتمانت لە باڵای دواییین شێعری شاعیری غوربەت نشین ئەستاندەوە؟؟؟

حەیفت نەکرد گەرمە نیگای بەرلەمالّاوایی تەنیا ژوانی پێکەوە بوونمانت شەرمەزار کرد؟؟ سەری ماچی خۆشەویستیت شۆڕ کردەوە؟؟ بۆنی سینگت و هەناسەی زولفت لە یادم دا کردە زووخاو.... کردتە خەڵووز ... حەیفت نەکرد؟؟؟

حەیفت نەکرد بەڵێنی سەوزی چیایی بوونت شکاند؟؟ حەیفت نەکرد گەرمە شینت خستە نێو کۆشی حەزەکانم... مەرگە ساتت هاویشتە باوەش هەناسەی وادە و بەڵێنیت؟؟

گوڵم! خۆ هێشتا تێر ماچی ئەو لێوانە نەبووم، خۆ هێشتا دەستم نەگەیبۆ سێوی حەرام دەرکی بەهەشتی باوەشت لێم گاڵە دا، حەیفت نەکرد؟؟؟

حەیفت کرد گوڵم حەیفت کرد، چونکی نەتناسی ئەوینی ئەهوورایی و بیری چیایی.....

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١١ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٠

عەلی بداغی: قۆناغی دوای کۆرۆنا بۆ خەڵک و دەسەڵاتی سیاسی چارەنووسازە

عەلی بداغی، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان دەڵێ قۆناغی دوای کۆرۆنا بۆ خەڵک و دەسەڵاتی سیاسیی تاران چارەنووسسازە. ئەو پێی وایە بزووتنەوەی ناڕەزایەتیی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران ڕێبەریی خۆی دەبینێتەوە و خەبات دژی کۆماری ئیسلامی دەچێتە قۆناغی یەکلاکەوەرەی خۆی.

لە کۆنفڕانسی ئەندامانی کۆمیتەی قوشتەپەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە کەمپی کاوە لە باشووری کوردستان، کە دوانیوەڕۆی ڕۆژی پێنجشەممە، ٨ی خەزەڵوەری ١٣٩٩ی هەتاوی بەڕێوەچوو، ئەندامی ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستان، عەلی بداغی باسێکی سیاسیی پێشکەش کرد و لە پێوەندی لە بارودۆخی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتیی ئێستای ئێران و ڕەوتی مافخوازیی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و فاکتۆرەکانی بەچۆکدا هێنانی کۆماری ئیسلامی بۆ بەشدارانی کۆنفڕانس دوا.

بەڕێزیان لە سەرەتای باسەکەیدا تاوتوێی بارودۆخی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتیی ئێستای وڵاتی لە ژێر گوشاری قورسی سزاکانی ئەمریکادا کرد و گوتی سەرەڕای ئەوەی بەرپرسایەتیی گەمارۆکان لە ئەستۆی کۆماری ئیسلامی و سیاسەتی شەڕەنگیزی و قەیرانخوڵقێنیی ڕێژیمە، بەڵام هۆکاری سەرەکیی ئەم دۆخە بۆ نیزامی سیاسیی گەندەڵی ڕێژیم و بنەما فیکرییەکانی ئەم ڕێژیمە دەگەڕێتەوە؛ نیزامێکی سیاسیی گەندەڵ کە هەموو پێکهاتەکانی ئیداری و بەڕێوەبەریی ڕێژیم لە شوڕای شار و شارەوانی، نیزامی بانکی، دەوڵەت، کەرتی تایبەت و دەزگای دادی ڕێژیمی تەنیوە و جێگای حاشای بۆ کاربەدەستانی هەرە سەرووی ڕێژیمیش نەهێشتۆتەوە.

ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب لە بەشێکی دیکەی باسەکەیدا پەڕژایە سەر دۆخی کڕۆنا لە ئێران و گوتی ئەم پەتایە ئەوەندەی بۆ ڕێژیمی سیاسی هەل و نیعمەت بووە، بۆ خەڵک مەینەتی و مەرگ و ماڵوێرانی بەدواوە بووە. کڕۆنا هاوکات تاقیکارییەکی دیکە بوو کە ئەوەندەی دیکەی متمانە و شەرعییەتی نەبووی کۆماری ئیسلامیی لە پێوەندی لەگەڵ

بەرپرسایەتییەکانی لە بەرامبەر خەڵک و کۆمەڵگەدا بردە ژێر پرسیار. بەڕێزیان گوتی قۆناغی دوای کڕۆنا بۆ خەڵک و کۆماری ئیسلامی و ڕەوتی خەباتی مافخوازیی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران یەکلا کەرەوە دەبێ.

تەوەرێکی دیکەی باسەکەی عەلی بداغی پێگەی ئێران لە هاوکێشە ناوچەییەکان لە سەردەمی ئەمریکای تڕامپ و هەڵبژاردنەکانی ئەم حەوتوویەی سەرۆکۆماریی ئەم وڵاتە بوو.

ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەو پێوەندییەدا تیشکی خستە سەر ئەوەی کە ئاکامی هەڵبژاردنەکانی ئەمریکا بۆ ئێران بەتایبەت ئاڵقەی دەسەڵات یەکجار گرینگە، بەڵام کێشەی خەڵک و دەسەڵات لە ئێران گرێدراوی ئەوە نییە دێموکراتەکان یان کۆماریخوازەکان کامیان حوکمی کۆشکی سپی بکەن؛ بەڵکوو پرسی ماف و ئازادییەکانی خەڵک و لە بەرامبەردا نیزامی سەرکوتی کۆماری ئیسلامی و یەکلاکردنەوەی ئەو پرسەیە.

لە بەشێکی دیکەی کۆنفرانسی ئەندامانی حیزب لە کەمپی کاوە هەڵبژاردنی ئەندامانی کۆمیتەی نوێ بەڕێوە چوو کە لە بەشەدا ئەندامانی کۆمیتە ئازادانە و بە شێوەیەکی دێموکراتیک لەلایەن ئەندامانەوە دەنگی متمانەیان پێدرا.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٣٠ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٠

چرۆ و پشکووتنەکانی دوای خەزەڵوەر

ساڵێک بە سەر سەرکوتە خوێناوییەکەی ٢٥ی خەزەڵوەردا ڕابرد، ڕووداوێکی مێژوویی کە بەهۆی چەند خسڵەتێکی تایبەتی لاپەڕەیەکی نوێی لە ڕەوتی ناڕەزایەتییەکانی خەڵکی ئێران لەدژی کۆماری ئیسلامی هەڵدایە. ئەو ڕۆژانەی کۆتایی خەزەڵوەری ساڵی ڕابردوو کە سەدان هەزار کەس بە دەستی بەتاڵ هاتنە سەر شەقام بۆوەی داوای مافەکانیان بکەن و دژی گرانی و بێکاری هەڵوێستیان هەبێ و کەرامەتی مرۆیی خۆیان پیشان بدەن؛ بەڵام بە بڕیاری خودی خامنەیی قڕانیان تێخرا، هەزاران کەسیان وەک خەزەڵ هەڵوەراند و شەقامیان بە خوێنی پاکترین ڕۆڵەکانی نیشتمان سوور کرد.

بەربڵاوی خۆپیشاندانەکان کە زیاتر لە سەد شاری ئێرانی گرتەوە، بەشدارانی خۆپیشاندانەکان کە هەم لە چینی مامناوەند و هەم لە چینی خواروو کۆمەڵگەی بوون و، دروشمە پێکهاتە شکێنەکان کە هەموو هێڵە سوورەکانیان بەزاند و دواجار سەرکوتی بێبەزەییانە و ئەوپەڕی تونددوتیژییەکان کە بۆ شکاندنی ڕێزەکانی خۆڕاگریی خەڵک کران؛ تایبەتمەندییەکی جیاواز بەو خۆپیشاندانە گشتگیرەی خەڵکی ئێران دەدەن.

ناڕەزایەتییەکانی خەزەڵوەری ٩٨ بەدوای بردنە سەرێی نرخی بێنزین ڕوویان دا، بابەتێک کە لە سەرەتادا هیچ دەزگا و لایەنێکی ڕێژیم بەرپرسایەتییەکەی وەئەستۆش نەدەگرت، ڕووحانیی سەرۆککۆمار سەرەتا دەیگوت ئاگاشم لێی نەبووە، دوایەش بایداوە و گوتی ئەمە لە بەرژەوەندیی خەڵکە و قازانجەکەی بۆ ئەوان دەگەڕێتەوە؛ دواتریش ڕوون بۆوە کە هەموو ئەو بەزمە بۆ پڕکردنەوەی کورتیهێنانی بودجە بووە. بەڵام هەم خەڵک و چاودێرانی سیاسی و هەم ژووڕە فیکرییەکانی کۆماری ئیسلامی دەیانزانی کە ناڕەزایەتییەکان بە گرانبوونی بێنزین تەنیا بیانوویە، چونکی هاتنە سەر شەقامی خەڵک ناڕەزایەتی بە کەڵەکەبوونی کۆی قەیرانەکانی کۆمەڵگە بوو، ئەو قەیرانگەلەی وایکردوە خەڵکی ئێران کەمترین ماف و ئازادییەکیان نەبێ و پتر لە ٦٠ میلیۆن کەس لە خەڵکی وڵات پێویستییان بە یارانە و چاویان لە یارمەتیی دەوڵەت بێ.

لەو ناڕەزایەتییانەدا خاڵی گرینگ ئەوە بوو کە خەڵک بۆ بەرزکردنەوەی دەنگی خۆی شەقامی هەڵبژارد، بۆوەی زۆرترین کەس ڕەگەڵ کەوێ و زیاترین کاریگەری دابنێن و لە ئاستی سەرکوت و تونددوتیژیش کەم بێتەوە؛ کاتێکیش تونددوتیژیی و سەرکوتی خوێناویی خەڵک ڕەوتی ناڕەزایەتیدەربڕینەکەیان گۆڕی، بانکەکان و ناوەندە سەربازییەکان و شوێنە ئایینییەکان کەوتنە بەر پەلامار. ئەگەرچی وێدەچێ پەلامار و سووتاندنی ئەو شوێنانە لە بنەڕەتڕا کاری خۆپیشاندەران نەبووبێ و بە دەسکیسیی ناوەندە ئەمنیەتییەکان بۆ بەلاڕێدا بردنی ناڕەزایەتییەکان و بیانوو بۆ سەرکوتی تونددوتیژ کرابن؛ بەڵام ئەگەر واش نەبووبێ پەیامێکی تێدا دەخوێندرێتەوە کە خەڵک لەو شوێنانە بێزارن و هیچ خێرووبێرێکیان لێ نەدیون و چارەیانی ناوێ.

خۆپیشاندانەکانی خەزەڵوەر خوێناویترین ناڕەزایەتیدەربڕینەکانی مێژووی هاوچەرخی ئێرانە، بەڵام بینیمان دواجار نە کەس دادگایی کرا و نە هیچ گیانئەستێنێک وەک تاوانبار ناسێندرا. بینیمان کە زۆر لە بنەماڵەی قوربانییانی ئەم سەرکوتە لە ڕێگەی قانوونەوە وەدووی خوێنی بەناحەقڕژاوی ڕۆڵەکانیان کەوتن، بەڵام وەڵامێکیان دەست نەکەوت هیچ، بگرە برینی دیکەشیان خستنە سەر دڵیان و تەنانەت سووکایەتییان پێکرا. بۆیە هەوڵی ئەو مافناس و ڕێکخراوەگەلی داکۆکی لە مافی مرۆڤ کە دەیانەوێ پەروەندی قوربانییەکانی ناڕەزایەتییەکانی خەزەڵوەر لە دەرەوەی ئێران بەرنە بەردەم دادوەرە نێونەتەوەیی و دادگا نێودەوڵەتییەکان - بۆ نموونە دادگای لاهە - هەم جێی ڕێز و پێزانینە و هەمیش هەوڵێکی

کاریگەر و شوێندانەر لە گەیاندنی حەق بە حەقدار. هاوکات مافخوازیی بنەماڵەی قوربانییان و پاشەکشە نەکردنی میراتگرانی خەزەڵوەری ٩٨ جێی بایەخە، چونکی بەدەر لە کوژرانی سەدان کەس و برینداربوونی هەزاران کەس، لەو ماوەیەدا بە دەیان هەزار کەسیش گیران، هەزاران کەس لەو گیراوانە حوکمی قورسی زیندانی درێژخایەن و سزا و قەرەبووکردنەوەی ماددییان بەسەردا سەپا، بنەماڵەی قوربانییان و گیراوەکان خرانە ژێر تونددترین گوشارەکان و ڕێ لە ڕێورەسمی پرسە و سەرەخۆشیی کوژراوەکان گیرا و تەنانەت چەند کەس لە گیراوەکان ئێعدام کران؛ بەڵام هیچ کام لەوانە نەبوونە هۆی کۆڵدانی خەڵک و وەستاندنی دادخوازیی ئەم جینایەتە سامناکە.

سەرکوتی خوێناویی ٩٨ هاوکات دەربڕی ئەم ڕاستییەش بوو کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بە تەواوی لەلایەن خەڵکەوە چەک کراوە و هەموو ڕەواییەتێکی لێ ئەستێدراوەتەوە و ئەم ڕێژیمە جگە لە هێزی کوشتوبڕ و سەرکوت وەڵامێک بۆ ویست و داواکانی خەڵک ناناسێ.

خۆپیشاندانەکانی خەزەڵوەری ٩٨ ڕاستە بە تونددترین شێوە سەرکوت کران، کۆرۆناش بۆ کۆماری ئیسلامی نێعمەت بوو کە بۆ کاتییش بووبێ خەڵکی لە ماڵەکانیان پەستاوتووە، بەڵام کێشە سەرەکییەکەی خەڵک و کۆماری ئیسلامی هەروا لەجێی خۆیەتی.

هیچ گۆڕانکارییەک لە بەرژەوەندیی خەڵک و لەپێناو باشترکردنی ژیانی خەڵک لە بواری دامەزران و خۆشبژیویان نەکراوە، ژێرخانی ئابووریی ئێران هەروا تێک تەپیوە و هەڵبژێرانی جۆ بایدەنیش بە سەرۆککۆماریی ئەمریکا نرخەکانی نەهێنایەوە خوارێ. بێکیفایەتی، درۆ و هەڵخەڵەتاندن و گەندەڵیی سیستماتیک و ناکارامەیی حکوومەتیش کە هەروا درێژەی هەیە، بۆیە بە دڵنیاییەوە هەر ئەوانەی لە خەزەڵوەردا ڕژانە سەر شەقامەکان و خەڵکانی وەزاڵەهاتووی دیکەش لە یەکەم هەل و دەرفەتدا دەڕژێنەوە سەر شەقام. بەو جیاوازییە کە ئەمجارەیان هەم ترسیان لە سەرکوت ڕژاوە و هەم ڕق و هەم هەستی تۆڵەستێنیش دنەدەری پتریانە. ڕوون و ئاشکراشە کە ڕێژیم ناتوانێ هەتا سەر سیلە لە سەر و سینگی لاوانی ئەم نیشتمانە بگرێ و بە تێکدەر و ئاژاوەچی و دوژمنیی خەڵکیان ناو بەرێ؛ خەڵکی ئێران هەر بە دروشمەکانیانڕا دیارە کە کێ بە دوژمنی خۆیان دەزانن.

لە ساڵیادی ڕاپەڕینی خەزەڵوەری ٩٨ دا دوو خاڵ گرینگن:

یەکەم: کاربەدستانی هەرە بەرزی کۆماری ئیسلامییش نایشارنەوە کە ئەم ڕووداوە گەورەترین قەیرانی تەمەنی کۆماری ئیسلامی بوو. ماوەیەک لەوە پێش "محەممەدڕەزا باهونەر"ی لیدەری بناژۆخوازەکان دانی بەوە دانا کە "باش بوو خەڵکێک بەجێی ئەوەی بێنە ڕیزی خۆپیشاندانەکان هەر سەیریان کرد و چاک بوو زوو کۆمان کردنەوە، دەنا ئەو ڕاپەڕینە بەرەو شۆڕش، یان شۆڕشێکی نەرم دەڕۆیشت و هەر بۆمان کۆ نەدەبۆوە." ئەم قسەیەی باهونەر پێمان دەڵێ ئەمجارەیان دەبێ هەموو پێکەوە بین و ئەو عەمباری باڕووتە چاوەڕوانی پڕیشکێکی دیکەیە هەموو ئێران بگرێتەوە و چارەنووسی خەڵک و کۆماری ئیسلامی یەکلا بکاتەوە.

دووەم خاڵ کە هەم گرینگە و هەم ئەرک دەخاتە سەر شانی هەموو لایەک ئەوەیە کە ڕووداوی خەزەڵوەری ٩٨ نابێ لە بیر هیچ تاکێک و هیچ لایەنێکی سیاسی بچێتەوە و ناشێ ئیزن بدرێ تۆزی بیرچوونەوەی لێ بنیشێ. چونکی ئەگەر بێدەنگی لە کوشتنەکانی ساڵەکانی یەکەمی دوای سەرکەوتنی شۆڕش نەکرابا و، ئەگەر پەروەندەی کوشتارەکانی ساڵی ٦٧ و جینایەتەکانی ڕێژیم لە کوردستان لە دادگایەکی نێونەتەوەییدا خسترابانە بەردەم دادوەران و، ئەگەر تێرۆری دژبەرانی ڕێژیم لە دەرەوەی وڵات کۆماری ئیسلامیی بەرەوڕووی لێپرسینەوە و دانی تێچوویەکی قورس کردبا؛ ئێستا ئەوەندە خوێنە لەبەر خەڵکی ئێران نەڕۆیشتبوو. ڕەنگبێ ئێستا کۆماری ئیسلامییەک نەدەبوو....

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٠

کۆماری ئیسلامی و تراویلکەی بایەن

هەسەن ڕوحانی، سەرکۆماری ئێران لە کۆبوونەوەی ئەم حەوتوویەی هەیئەتی دەوڵەتدا نەیشاردەوە کە هیندەی دنیا و ئاسمان بە ڕۆیشتنی ترامپ دڵخۆشن. ئەم خۆشی لەدڵگەڕانە بۆ ڕێژیم سروشتییە، چونکی ئەو زەبرە گورچکبڕەی لە ماوەی چوار ساڵی ڕابردوودا لە دەست سیاسەتەکانی ترامپ خواردوویانە مەگەر هەر بە نەمانی ئەو بیانەوێ بە مێژووی بسپێرن. ترامپ بە سیاسەتی ئەوپەڕی زەخت و سزا قورسەکانی ئابووریی ئێرانی تێک تەپاند، جەنگاوەری ئەفسانەیی سیاسەتی دەرەکیی ڕێژیم (قاسم سولەیمانی)ی کوشت، بە گۆڕینی هاوکێشەکانی ناوچە ڕێژیمی ئێرانی لە بەرامبەر ئیسرائیلدا داماو و زەبوون کرد، میلیشیاکانی سەر بە ئێرانی لە وڵاتانی دراوسێیدا پەڕپووت و لاواز کرد، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەوانەدا ئایا

هاتنی بایدەن بە مانای کۆتایی ئەو وەرزە سەختە دەبێ بۆ کۆماری ئیسلامی؟ ئایا بارودۆخی نێوخۆی وڵات ئەو ئاسوودەییان دەداتێ کە بەمجۆرە بکەونە شایی و لۆغانەوە؟

ئەم دڵخۆشییانەی جەنابی ڕوحانی لە حاڵێکدایە کە قورسایی سزا ئابووریەکان نەک لەسەر ئێران سووک نەبوون، بەڵکوو ڕەوتی سەپاندنی سزای نوێ بەدژی ڕێژیم هەروا درێژەی هەیە. فاکتەرەکانی دیکەی پێوەندیدار بە ئەگەری گەڕانەوە بۆ بەرجامیش بە قازانجی ئێران نین.

لەلایەک وڵاتانی ئوروپایی هاوبەشی ڕێژیم لە بەرجام ڕەخنەی زۆر تووندیان سەبارەت بە پێشێلکاری و لادانەکانی کۆماری ئیسلامیی هەیە، لەلایەکی دیکەشەوە ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ئەتوومییش ڕایگەیاندوە ئێران ئەوەندەی لە بەرجام لا داوە کە ئیدی گەڕانەوە بۆی سەخت و ئەستەمە. ئاژانس پێی وایە خاڵی دەسپێک ئیدی مانای نییە و ژیاندنەوەی بەرجام لە دەوڵەتی جۆ بایدەندا - ئەگەریش بکرێ - پێویستیی بە ڕێککەوتنێکی نوێ لەبارەی چۆنیەتیی گەڕاندنەوەی ئێران لە لادان و پێملکردنی بە مەرجی نوێیە. بە تایبەت کە پرسی بەرنامە مووشەکییەکانی کۆماری ئیسلامی و دەستوەردانەکانی لە ناوچەش کە خامنەیی دەڵێ بە هیچ جۆرێک ئامادە نین لەسەریان بکەونە دانوستانەوە، یەکێکی دی لەو بابەتانەیە کاربەدەستانی ئوروپا و وڵاتانی ناوچە پێی هەستیار بوون و پێیان وایە حەوجێ بە ڕێککەوتنێکی سەرووتر لە بەرجامە بۆوەی ئەم بەشەش لە نیگەرانییەکان بڕەوێتەوە. کۆبوونەوەی دوو ڕۆژی دیکەی شوڕای ئەمنیەتی نەتەوە یەکگرتووەکانیش - کە ڕۆژی سێشەممە، ٢ی بەفرانبار بۆ تاوتوێی ڕاپۆرتی ئانتۆنیۆ گوتریش لەسەر چالاکییە ئەتوومییەکانی ئێران کۆ دەبیتەوە- ئێرانی بە تەواوی تەنگەتاو کردووە.

لەوە بەولاتر پرسی هەوڵە تێرۆریستییەکانی کۆماری ئیسلامی لە ئوروپا و ڕفاندن و بارمتەگیرییەکانی ڕێژیم بەتایبەت دوای ڕفاندن و ئێعدامی بەپەلەی ڕوحوڵلا زەم جارێکی دیکەش سەرنجەکانی لەسەر جەوهەری ڕاستەقینەی کۆماری ئیسلامی و نەحاواوەبوونی ئەم ڕێژیمە لەگەڵ پرەنسیپە جیهانداگرەکان کۆ کردەوە. کۆماری ئیسلامی پێشتریش بە ئێعدامکردنی نەوید ئەفکاری سەرەڕای داوا و گوشاری وڵاتان بۆ ڕاگرتنی ئەم حوکمە سەلماندبووی لەپێناو هێشتنەوەی دەسەڵاتی زەبروزەنگی خۆی پێملی هیچ یاسا و پرەنسیپێکی نێودەوڵەتی نەبووە و ناشبێ.

لە بەستێنەکانی دیکە یەک لەوان مافی مرۆڤیشدا بەرگڕەکان دژی کۆماری ئیسلامی بەردەوامن. وەک لە ماوەی دوو ڕۆژدا (٢٦ و ٢٧ی سەرماوەز) هەم کۆڕی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان و هەم پارلمانی ئوروپا کۆماری ئیسلامیی ئێرانیان سەبارەت بە پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لەو وڵاتە بە تووندی مەحکووم کرد. پاش ئەوەش کە ڕاوێژکاری ئەمنیەتی میللیی

هەڵبژێردراوی جۆ بایدەن کاردانەوەی توندی بەنیسبەت ئێعدامی ڕوحوڵڵا زەم هەبوو، لای زۆر لە کارناسانی سیاسی ئەم ڕایە دروست بوو کە بە ئەگەری زۆر پرسی مافی مرۆڤ لە ئێران یەک لە فاکتەرەکانی پێوەندیدار بە گەڕانەوەی ئەمریکا بۆ بەرجام دەبێ.

قەیرانی ئابووری، بێکاری، گرانی، هەڵاواسانی ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ زیاتریش لە سایە گەندەڵی و ناکارامەیی و دەستەوەستانیی حکوومەتدا هەروا لەجێی خۆیەتی. کارناسانی سەربەخۆی ئابووری دەڵێن هیلّی هەژاری لە ئێران ئێستا ١٠ میلیۆن تەمەنە و لە کۆمەڵگەی ئێرانیدا کە بەپێی داهاتیان بەسەر دە "دەهەک"دا دابەش دەبن، حەوت "دەهەک"یان کەوتوونەتە ژێر هێڵی هەژاریەوە. ناڕەزایەتییەکان بە دۆخی کارەساتباری ئابووریی کە لە سۆنگەی کۆرۆناوە لەکزیی داوە، وەک عەمباری باڕووت چاوەڕوانی پریشکەیەکە.

لەو بارودۆخەدا چاوی هیوای ڕێژیمی ئێران لە گواستنەوەی هەرچی زووتری دەسەڵاتە لە کۆشکی سپی. ئەم خۆشخەیاڵییەی ڕێژیم زیاتر لە هەموو شتێک بە لایحەی بودجەی ساڵی داهاتووەوە دیارە، کاتێک سەرەڕای بەردەوامیی گەمارۆکان و ئابووریی تێکتەپیوی وڵات، پێشبینیی کردوە ڕۆژانە نیزیک بە ٢ میلیۆن و ٥٠٠ هەزار بۆشکە نەوت هەناردە بکا و داهاتەکەی دوو هێندە زیاد بکا. دەوڵەتی ڕوحانی بۆ ئەم ساڵ هەناردەی یەک میلیۆن بۆشکە نەوت ئەویش بە نرخی ٥٠ دۆلاری بەربێژی کردبوو، بەڵام بەپێی ئاماری توێژینەوەکانی مەجلیس هەناردەی نەوت قەت لە ٣٠٠ هەزار بۆشکە، ئەویش بە نرخی کەمتر لە ٤٠ دۆلار تێ نەپەڕی. هەروەها لە ٨ مانگی سەرەتای ئەمساڵدا تەنیا سەتا ١٨ی ئامانجەکانی بودجە وەدی هاتوون. بەو پێیە ئەگەر لەگەڵ هاتنە سەر کاری جۆ بایدەنیش هەر هەموو سزا ئابووریەکان لەسەر ئێران هەڵگیرێن هێشتا ئەم وڵاتە ناتوانێ ئەو بڕە نەوتە دیاریکراوە بفرۆشێ و ئەوەندە داهاتەی هەبێ، بۆیە لە ئێستاوە ناوەندی توێژینەوەکانی مەجلیس پێشبینیی ئەوەی کردوە کە کورتیهێنانی بودجەی ئێران بۆ ساڵی داهاتوو لانیکەم ٣٢٠ تریلیۆن تمەن دەبێ.

بێگومان گۆڕینی ئەم دۆخە و کرانەوەی سیاسی بە ڕووی ئێران لە ئاستی نێودەوڵەتیدا پێویستیی بە وازهێنانی کۆماری ئیسلامی لە سیاسەتە شەڕانگێزییەکانی هەیە. ئەزموونی سزا ئابووریەکانیش دەری خست هەتا ئەم ڕێژیمە زەختی قورسی لێ نەکرێ، وەڵامدەر نابێ و کشانەوەی بۆ نییە. ئێستاش کە لەو هەڵومەرجەدا و لە نێوخۆی حاکمییەتدا باس لە وتووێژ و دانوستان دەکرێ، هۆکارەکەی هەر ئەم گوشارانەیە و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بۆ وەرگرتنی ئاکامی بنەڕەتی پێویستە لەسەریان بەردەوام بێ. کۆماری ئیسلامیی ئێران تەنیا لێبڕاوی و ئیرادەی هاوبەشی هەموو جۆراوجۆرییەکانی کۆمەڵگەی ئێران و پشتیوانیی وڵاتانی خاوەنهێز و کۆمەڵگەی جیهانی لە خەڵکی ئێران دەتوانێ بەچۆکی دابێنێ. وەک چۆن چوار دەیە

لەوە پێش و لە کۆبوونەوەی "گوادلوپ" دا کە بە بەشداریی ڕێبەرانی وڵاتانی ڕۆژاوا بەڕێوە چوو، و هاوڕایی ڕێبەرانی ئەمریکا، ئەڵمان، فەڕانسە و بریتانیا بۆ چۆڵکردنی پشتی ڕێژیمی پاشایەتیی پەهلەوی لەسەر چارەنووسی ناڕەزایەتییەکانی ئێران شوێنی بنەڕەتیی دانا. بۆیە ئەوەی لەو نێوەدا نابێ لەبیر بکرێ و نەخوێندرێتەوە، دیسانەکەش خەڵکی ئێرانن کە داینەمۆی سەرەکیی هەر گۆڕانکارییەک لەم وڵاتەن.

شکی تێدا نییە ئەگەر وڵاتانی خاوەنبڕیار لە تەنیشت بەرژەوەندییە سیاسی و ئابووریییەکانی خۆیان سیلەی چاوێکیان لە پرسی مافی مرۆڤ لە ئێران و داخوازییە ڕەوا و مرۆییەکانی خەڵکی ئەم وڵاتە بێت، هەم زاڵبوون بەسەر کۆماری ئیسلامیدا ئاسانە و هەم ناوچە و جیهانیش لەکۆڵ تەوەری شەڕەنگێزی و قەیرانخولقێنی دەبێتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی دێسەمبەری ٢٠٢٠

وتووێژەکان

وتووێژ لەگەڵ مستەفا شەڵماشی لەبارەی دواییین کۆبوونەوەی SI و بەشداریی حدک

ڕێکخراوی ئەنترناسیونال سۆسیالیست کە حیزبی دێموکراتی کوردستان وەک ئەندامی ئەسڵی تێیدا ئەندامە، ڕۆژی هەینی، ٣٣ی سەرماوەز لە کاتالۆنیائی ئیسپانیا و لە شاری بارسەلۆنە کۆبوونەوەی بەرینی خۆی پێک هێنا. لەو کۆبوونەوەیەدا هەیئەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەسەرپەرستی مستەفا شەلماشی، ئەندامی دەفتەری سیاسی و بەرپرسی دەرەوەی وڵاتی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەشدار بوون و نوێنەری حیزب لە کۆبوونەوەی گشتیی ئەو ڕێکخراوەیەدا وتاری حیزبی دێموکراتی کوردستانی پێشکێش کرد.

ئەو کۆبونەوەیە دووەمین کۆبونەوەی دوای کۆنگرەی ٢٥ی سۆسیالیست ئینتەرناشنالّ بوو و جیا لە حیزبی دێموکراتی کوردستان؛ دوو لایەنی کوردیی دیکە تێیدا بەشداربوون کە بریتی بوون لە یەکیەتی نیشتمانی کوردستان و پارتی یەکیەتیی دێموکرات PYD.

لەسەر چەندی و چۆنیی باسەکانی ئەو کۆبوونەوانە و چۆنیەتیی باس لە پرسی کورد لە تووێی مژار و باسەکانی کۆبوونەوەکانی بارسەلۆنا، «کوردستان» وتوویژێکی لەگەڵ کاک مستەفا شەڵماشی، بەرپرسی شاندی حیزب لەو کۆبوونەوانەدا پێک هێناوە:

پرسیار: کاک مستەفا ئەو کۆبوونەوەیەی ڕێکخراوی ئەنترناسیونال سۆسیالیست لەسەر بنەمای چی پێکهاتبوو؟ گرینگترین باس و تەوەرەکانی ئەم کۆبوونەوەیە چ بوون؟

وەڵام: ئەو کۆبونەوە یە لە سەر بناغەی ستراتیژییەک پێک هاتبوو کە سێ تێمای سەرەکیی دەگرتەوە. ستراتیژییەکە بریتی بوو لە بنیاتنانی داهاتوو لەگەڵ بەرەی چەپ لە دنیادا. ئەو سێ تێما سەرەکییەش کە باسیان لە سەر کرا بریتی بوون لە یەکەم، دێموکراسی، یەکسانی و هاوکاری. دووەم؛ کارکردن لە پێناوی سەقامگیری و ئاشتی لە جیهانی پڕ کێشەی ئێستادا و، سێهەم؛ پەرەپێدانی هەستی ئینسانی لە بەرامبەر قەیرانە ئینسانیەکاندا.

لەو چوارچێوەیەدا کۆمەڵێکی زۆر باس و وتار پێشکێش کران و ئەنجامی زووربەی باسەکان دەهاتنەوە سەر چەند مەسەلەیەکی گرنگی جیهانی کە پەیوەندی ڕاستەوخۆیان بە ژیانی مرۆڤەکانەوە هەیە. گرنگترینی ئەو بابەتانەش بریتی بوون لە ئاشتی، ئازادی، دێموکراسی، یەکسانی، ئابووری، پێکەوەژیان و مافی مرۆڤ.

پرسیار: ئاکامگیری لەو باس و وتارانە چ بوون؟ ئایا نەخشەڕێیەکیان لێ ساغ کراوەتەوە بۆ چارەسەری کێشە و قەیرانەکان و ئایا سیاسەتیان لەسەر دەکردرێ؟

وەڵام: لە کۆی وتارەکاندا جگە لەوەی کە هەرکەس باسی لە کێشەکانی وڵاتی خۆی دەکرد، بەڵام بەگشتی پێداگری هەموویان ئەوە بوو کە بەرەی چەپ و دیموکرات پێویستە دەست لە پۆپۆلیزم هەڵبگرێ و بگەڕێتەوە بۆ ئەو بنەمایانەی کە لە پێناویاندا دامەزراوە، دەنا بە بەرەی ڕاستی دەدۆڕێنێ. جگە لەوە بۆ دەستەبەرکردنی ئەو پرەنسیپانە پێویستە سۆسیالیست ئینتەرناشنالّ لە دنیادا زیاتر چالاک بێ و لەو پاسیفیزمە بێتەدەر کە بەسەریدا زاڵە.

سەرچاوە Serchawe

بۆ وەدیهاتنی ئەو ئامانجە گرنگانەی مرۆڤ هاوکاریی جیهانی پێویستە بە تایبەتی لە نێو حیزب و ڕێکخراوە چەپ و دێموکراتەکاندا. هەمو ئەو مەسەلانەش بناغەی تیۆری و بۆچوونی سۆسیالیست ئینتەرناشنالێ پێک دێنن و ئامانج لە پێکهێنانی سۆسیالیست ئینتەرناشنالیش هەر پێکهێنانی ئەو بەستەرەیە.

پرسیار: ئێوە وەک حیزبی دێموکرات و ئەندامی ئەسڵی لەو ڕێکخراوەیەدا وتاریان هەبوو و جەنابت قسەت کرد. باسەکەین ئێوە چی بوو؟

وەڵام: وتارەکەی ئەمن سێ تەوەری سەرەکی و چەند تێبینییەکی لە خۆ دەگرت. تەوەری یەکەم هەڵسەنگاندنێکی وەزعی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران بوو لە ژێر سایەی دەسڵاتی حکومەتی کۆماری ئیسلامیدا. ئاماژە بە پێشێلکارییەکانی ڕێژیم لە بواری مافی مرۆڤ چ لە کوردستان و چ لە ئێراندا، تیشک خستەسەر فشارە سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان بۆ سەر کوردستان و دەستێوەردانەکانی ڕێژیم لە هەموو ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست هەر لە کوردستان و عێراقەوە بگرە تا دەگاتە یەمەن.

تەوەری دووەم مەسەلەی بومەلەرزە ماڵوێرانکەرەکەی ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستان بوو. لەو بوارەدا ئیشارەم بە قووڵایی کارەساتەکە و بەرفراوانی زیانە ئینسانی و ماددییەکانی کرد بە تایبەت لە ناوچەی کرماشان و سیاسەتی دوژمنکارانەی ڕژیمم لە و مەسەلەیەدا لەقاودا کە چۆن هەوڵ دەدا گەورەیی کارەساتەکە بشارێتەوە و، بەربەست دەخاتە سەر ڕێی یارمەتیی کۆمەڵانی خەڵک و بۆخۆشی یارمەتییەکی ئەتۆ ناکا. هەروەها ئیشارەم بەوە کرد جێگای تێڕامانە کە ڕێژیم داوا لە کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی ناکا تا بە هانای قوربانییەکانی بوومەلەرزەکەوە بێن و دەبێ ڕێژیم شتێکی بۆ شاردنەوە هەبێ کە نایهەوێ تەنانەت ڕۆژنامەنووسانیش بە زۆر لەو ناوچە و دەڤەرانەدا ڕابەرن. باسیشم لەوە کرد کە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان چۆن بە هانای خوشک و براکانیانەوە چون بۆ دابینکردنی پیداویستییە سەرەتاییەکان و لە کۆتایی ئەو تەوەرەی قسەکانمدا داوام لە سۆسیالیست ئینتەرناشنالێ و کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی کرد کە یارمەتیدەر بن لە ئاوەدانکردنەوەی ئەو ناوچانەدا بە یارمەتیی ڕاستەوخۆ بە بومەلەرزەلێدراوان، نەک لە ڕێگەی ڕێژیمەوە.

تەوەری سێهەمی باسەکەشم مەسەلەی ڕیفڕاندۆمی باشوری کوردستان و گەلەکۆمەگی ئێران، عێراق و تورکیە بو، بۆ ئەوەی نەیەڵن گەلی کورد بڕیار لە چارەنووسی خۆی بدا. لەو بارەوە تیشکم خستە سەر هێرشی نیزامیی ئێران و میلیشیای حەشدی شەعبی و ئەرتەشی عێراق بۆ سەر ناوچە کێشەلەسەرەکانی باشووری کوردستان. لە کۆتایی ئەو باسەشدا داوام کرد کە پێویستە پشتیوانی لەوە بکرێ کە مافەڕەواکانی گەلی کورد کە لە دەستوری بنەڕەتیی عێراقدا هاتون جیبەجێ بکرێن، دەنا

دیارە کوردیش وەک هەر نەتەوەیەکی دیکە مافی خۆیەتی بڕیار لە چارەنووسی خۆی بدا و دەوڵەتی خۆی ڕاگەیەنێ. کۆتایی وتارەکەشم بەوە بەست کە سۆسیالیست ئینتەرناشنالێ پێویستە چالاکانەتر بەرگری لە دێموکراسی، ئازادی، مافی گەلان، ئاشتی، یەکسانی و پێکەوە ژیان بکا لە هەموو جیهاندا.

پرسیار: لە دنیای پڕ کێشەی ئێستا و گۆڕانی بەردەوامی بەرژەوەندیی وڵاتان و بەو پێیەش هەڵوێستی وڵاتان، ئێوە پێتان وایە ئینتێرناسیونال سۆسیالیست لەکوێی ئەو هاوکێشانەدا جێدەگرێ و چ جێگە و پێگەیەکی بۆخۆی پێناسە کردوە؟

وەڵام: سۆسیالیست ئینتەرناشنالێ یەکگرتنێکی بەرفرەوانە لە حیزب و ڕێکخراوە سۆسیال دیموکراتەکانی سەرانسەری جیهان کە بە هەرسێک ستاتوتەکەی واتە ئەندامی ئەسڵی، چاوەدێر و موشاوێرەوە ١٥٠ حیزب و ڕێکخراوی لە سەرانسەری جیهاندا لە دەوری یەک کۆ کردووەتەوە. هەر ئێستا ٤٩ حیزبی ئەندامی ئەو بەرەیە لە حکومەتی وڵاتەکەی خۆیان دان بە شێوەی ئیئتیلافی یا حکومەتیان بەدەستەوەیە. بیگومان ئەو حیزبانە هەرکام بە گوێرەی قازانجەکانی وڵاتی خۆیان و حیزبی خۆیان، بەرژەوەندیی تایبەت بە خۆیان هەیە. بەڵام ئەو قەتعنامە و بڕیارانەی کە لە کۆنگرەکان و کۆبونەوەکانی شورا دا بە تێکڕای دەنگ، یا بە زۆرینەی دەنگ پەسند دەکرێن، هەموویان دەبێ ڕەچاوی کەن و پێبەندی بن. بە گشتی سۆسیال ئینتەرناشنالێ لە ڕاددەی دنیادا دەکرێ بڵێین لە بەرەی چەپدا ڕادەوەستێ، کە باوەڕی بە دێموکراسی، یەکسانی (چ بۆ تاکەکان، چ بۆ نەتەوەکان و چ بۆ دەوڵەتەکان)، ئازادی، مافی دیاریکردنی چارەنووس و پێکەوەژیانی بە ئاشتی هەیە. لەباری جێگە و پێگەشەوە زۆر گەورەیە، بەڵام ئینکار ناکرێ تاکوو ئێستا لە ڕادەبەدەر پاسیڤە. لەو کۆبونەوەیەشدا هەموو قسەکەران و پەنێلگیڕان بە تێکڕایی ئەوەیان هێنایە گۆڕێ.

پرسیار: پرسی مافی مرۆڤ، پرسی نەتەوە بندەستە و بێ مافەکان چ بەها و گرینگی و بایەخێکیان هەیە لەو کۆڕ و کۆمەڵانەدا، بەتایبەت دەبینین کۆبوونەوەکە لە شوێنێک گیراوە کە ماوەیەک لەوە پێش ڕاپرسیی سەربەخۆیی تێدا کرا، بەڵام دیمان کە چۆن لەلایەن وڵاتێکی بەڕواڵەت دێموکراتیکەوە سەرکوت کران؟

وەڵام: بەپێی بنەما فکرییەکانی سۆسیالیست ئینتەرناشنالێ، بێگومان دەبێ لایەنگری مافی مرۆڤ و مافی نەتەوە بندەستەکان بێ. لەو کۆبونەوەیەشدا کە لە ڕاستیدا میوانی خەڵکی کاتالۆنیا بوو، زۆر گرنگی درابوو بە کاتالۆنیەکان و پرسی چارەنووسیان؛ بە جۆرێک کە دوای وتاری سکرتێری سۆسیالیست ئینتەرناشنالێ یەکەم نۆرەی قسەکردن درابوو بە میگوێل ئیسێتا، سکرتێری حیزبی سۆسیال دیموکراتی کاتالۆنیا. لە کاتێکدا کە سکرتێری حیزبی سۆسیالیستی سەراسەریی ئیسپانیاش لە وێ بوو کە بۆخۆشی جێگری سەرۆکی سۆسیالیست ئینتەرناشنالێ بوو. هەروەها ئیوارەخوانی ڕۆژی یەکەم

میوانی حیزبی سۆسیالیستی کاتالۆنیا بووین لە بارەگای ئەسڵیی ئەو حیزبە. جگە لەوەش بڕیارنامەیەک پەسند کرا کە تێیدا پیداگری کراوە لە سەر دانی دەسەڵاتی زۆرتر بە هەرێمی کاتالۆنیا.

پرسیار: ئەدی لە پێوەندی لەگەڵ پرسی کورددا چی؟ لەکوێی بڕیارنامە و ڕاسپاردەکانی ئەو کۆبوونەوانەدا کورد خۆی دەبینێتەوە؟

وەڵام: بۆ ئاگاداریی هەموو لایەل لەسەر یەک ١١ قەتعنامە، یا پەسندنامە لە سەر ئەو گەل و وڵات و مەسەلانە پەسند کران کە بریتی بوون لە:

پرسی چارەنووسی سیاسیی خەڵکی کاتالۆنیا؛ لەسەر پێکهێنانی کومیتەی هەوڵدان بۆ یەکسانی؛ لەسەر چەند پرسێکی وڵاتانی گینە، هیندوراس، نیکاراگوا و هایتی؛ لە پێوەندی لەگەڵ کێشەی کۆرەی باکوور، لە بابەت پرسی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان؛ لەبارەی هەڵبژاردنەکان لە نیکاراگوا؛ لەسەر پرسی خەڵکی ڕۆهینگیا؛ لەسەر بابەتی کۆچبەری و کۆیلایەتی؛ هەروەها لە سەر بارودۆخی دوو وڵاتی ڤێنیزۆلا و یەمەن.

ئەوە جگە لە بڕیار لەسەر چالاککردنی سۆسیالیست ئینتەرناشنالْ و کۆمیتە ئێتنیکی، سیاسی و فەرهەنگییەکانی.

پرسیار: وا هەست دەکرێ سۆسیالیست ئینتەرناشنالْ پێشتر زیاتری بایەخ بە پرسی کورد و حیزبە کوردییەکان دەدا، چونکی گرووپی کاری کوردان هەبوو لەو ڕێکخراوەیەدا. هۆی چییە هێزە کوردییەکانی ئەندام لەو ڕێکخراوەیەدا نەیانتوانیوە نەک باشتر دەور و ڕۆڵیان هەبێ، بگرە ڕەنگبێ پێگەیان لاوازتر بووبێ؟

وەڵام: لە ڕاستیدا ئەمن بە پێچەوانە بۆ ئەو بابەتە دەڕوانم. ئەمن پێموایە کە ئەوە هێزە کوردییەکانن کە زۆر کەمتر گرینگی دەدەن بە سۆسیالیست ئینتەرناشنالْ لە چاو جاران. کورد بە گشتی عادەتی وایە، تا بە شتێک دەگا زۆری خۆ بۆ ماندوو دەکا و زۆری هەوڵ بۆ دەدا، بەڵام کە پێی گەیشت لە بەرچاوی دەکەوێ و پشتگوێی دەخا. لێرەشدا ئەوە ڕاستە. پێشتر زۆربەی حیزبە کوردییەکان خۆیان بۆ دەکوتا. کەسی بە نفوز و کاریزمای وەک مام جەلال، جێگری سەرۆکی بوو، زۆربەی حیزبەکان، تەنانەت ئەوانەی ئەندام، چاوەدێر یا موشاویریش نەبوون بەشداریان لە کۆبونەوە و کۆنگرەکانیدا دەکرد، کەچی ئەمجارە لە هەموو کوردستان تەنیا سێ حیزب بەشداریان کردبوو. دەنا مەجالی کار بۆ کورد زۆرە. گروپی کاری کوردانیش کە چالاک نییە هەر خەتای کورد خۆیەتی. ئێستاش ئەو مەجالە هەر هەیە. بەڵام کوردەکان بۆخۆیان

بەدواداچوونی بۆ ناکەن و تەنیا لە کۆبونەوە و کۆنفرانسەکاندا سۆسیالیست ئینتەرناشنالیان بیر دەکەوێتەوە. لە یەک، دوو ڕۆژیشدا زۆرکەم شت جێبەجێ دەبێ. ئەگەر پێشەکی پڕۆژەت هەبێ، بێگومان لەوێش زەمینەی پەسندبوونی هەیە. ئێمە ئەوجارە تەنیا بە سێ حیزب، ئەویش بە ڕاستی تەنیا بە ئیبتیکاری حیزبی دێموکراتی کوردستان توانیمان باشترین قەتعنامە لە سەر هەر چوارپارچەی کوردستان بە پەسند بگەیەنین.

پرسیار: ڕەنگبێ ئەو پرسیارەش هەبێ کە کورد چۆن دەتوانێ لە ڕێگەی ئەو ڕێکخراوەیە لە ئاستی نێونەتەوەییدا پرسی خۆی بەڕۆژەڤ بکا و دۆست و لایەنگری زیاتر بۆ خۆی پەیدا بکا؟

وەڵام: کورد پیویستە گرووپێکی کاریی بە هێز لەو ڕێکخراوەیەدا پێک بێنێ، کە بە بەردەوامی کار لەسەر مەسەلەکە بکا و لە کۆنگرە و کۆبونەوەکاندا پڕۆژە بێنێ و بە پەسندی سۆسیالیست ئینتەرناشنالی بگەیەنێ و دواتر لە راددەی نێو نتەوەیی دا کاری بۆ بکا و لایەنگری بۆ کۆ بکاتەوە. زۆریش گرنگە کە کورد وەک یەک نوێنەرایەتی دەرکەوێ و بە پێی نەخشەیەک کە داگیرکەران دایان ناوە هەڵسوکەوت نەکا. نەڵێ ئێران، سووریە، تورکیە و عێراق، بەڵکوو بڵێ کوردستان و هەمو وەک یەک پابەندی کوردستانیبوونی خۆیان بن و هەر حیزبەی لە بیری ناوچەکەی خۆی و حیزبەکەی خۆیدا نەبێ. ئەو کاتەیە کە بێگومان لەم ڕێکخراوەیە و زۆر ڕێکخراوی دیکەی نێونەتەوەییش دەتوانرێ کەڵک وەربگیرێ. ئیسرائیلییەکان بوونە دەوڵەتێکی بەهێزیش، کەچی ئێستاش لە هەمو بوندە نێو نەتەوەییەکاندا بە ناوی جۆراوجۆر بوونیان هەیە. کورد تا ئێستاش هیچی نییە، کەچی هەموو تریبونێک و مەجالێک بەبێ کەڵک و بێ سوود دەزانێ. چاو لە سۆشیال مێدیا بکە، کورد تەنیا دەتوانێ ڕەت بکاتەوە و بە بێ بایەخ وەسفی هەموو شتێک بکا و هەموو چالاکییەک ڕەت دەکاتەوە. کەس نالێ با فلان چالاکی بکەین و بەم شێوەیە نا، بەڵکوو بە فلان پلان و بەرنامە بیکەین. هەموو دەڵێن جا ئەوە چ فایدەیەکی هەیە.

زۆر سپاس کاک مستەفا بۆ کات تەرخانکردنت بۆ ئەو وتووێژە

سپاس بۆ ئێوەش

* ڕێکخراوی نێنتێرناسیونالێ سوسیالیست لە چەند دێڕێکدا

ڕێکخراوی "ئینتێرناسیۆنالێ سۆسیالیست"، بە یەکێک لە گەورەترین ڕێکخراوە سیاسییەکانی جیهان دادەنرێ و دەیان حیزبی سۆسیالیست و سۆسیال دێموکرات و حیزبی کرێکاریی جیهان، تێیدا بەشدارن. ئەو ڕێکخراوەیە لە ئێستادا ١٦٠ ئەندامی لە

١٠٠ ولّات و لە سێ ستاتووی ئەندام، چاوەدێر و ڕاوێژکاردا هەیە و حیزبی دێموکراتی کوردستان تەنیا هێزی سیاسیی ئێران و ڕۆژهەلّاتی کوردستانە کە تێیدا وەک ئەندامی ئەسڵی بەشداڕە.

بۆ یەکەم جار شەهید دوکتور عەبدوڕەحمان قاسملوو، سکرتێری پێشووی حیزبی دێموکرات لە ساڵی١٩٨٦ لە کۆنگرەی لیما لە وڵاتی پێڕۆ وەک میوان لەو کۆبوونەوەی ١٧ی ئینتێرناسیۆنالّ سۆسیالیستدا بەشداریی کرد و دواتر حیزب لە کۆنگرەی بیستەمی ئەو ڕێکخراوەیەدا وەک ئەندامی چاوەدێر وەرگیرا. حیزبی دێموکراتی کوردستان لە کۆنگرەی ٢٤ی ئینتێرناسیۆنالّ سۆسیالیستدا کە لە وڵاتی کۆلۆمبیا گیرا، بە ئەندامی ئەسڵیی ئەو ڕێکخراوەیە وەرگیرا

(لە ژمارەی ٧١٥ی"کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٧ی دێسەمبەری ٢٠١٧

عەبدوڵلّا حەسەنزادە: پێشمەرگە شەڕکردنەکەشی هەر لە پێناو ناشتیدا بووە

(٢٦ی سەرماوەز، ڕۆژی ئاڵا و ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستانە. ئەو ڕۆژە لە مێژ ساڵە لە نەستی هەموو تاکێکی کورد لە ڕۆژهەلّاتی کوردستاندا جێی گرتوە و ٣٣ ساڵیشە لەلایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە یادی دەکرێتەوە و بۆنە و ڕێوڕەسمی بۆ دەگیرێ.

ساڵی ١٣٦٣ی هەتاوی و لە سەر پێشنیاری مامۆستا عەبدوڵلا حەسەنزادە، سیمای ناسراوی بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەلّاتی کوردستان و سکرتێری پێشووی حیزبی دێموکرات؛٢٦ی سەرماوەز بەناوی ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان ناودێر کراوە و لەلایەن ڕێبەریی حیزبی دێموکراتەوە پەسند کراوە.

لە ٣٣ ساڵەی ئەو ناودێرکردنەدا بە چەند پرسیارێک لە پێوەندی لەگەڵ پێناسەی پێشمەرگە و ڕۆڵی لە گۆڕانکارییەکانی ئێستای کوردستاندا چووینە خزمەت مامۆستا عەبدوڵلا حەسەنزادە)

پرسیار: مامۆستا! ئەو وتوویژەمان تایبەتە بە یادی ٢٦ی سەرماوەز ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان. پێمخۆشە جەنابت بۆ چوونە نێو باسەکە یان بۆ سەرەتایەک بۆ وتوویژەکەمان بفەرموون پێناسەی جەنابت بۆ پێشمەرگە چیە؟ ئایا پێشمەرگایەتی ئەرکە، پێشمەرگایەتی نازناو و سفەتە، پێشمەرگایەتی تەعەهودێکی ئینسانییە؟ جەنابت چۆن باس لە پێشمەرگە دەکەی؟

وەڵام: ئەمن جاری دیکە باسی پێشمەرگەم کردوە، تاریفی پێشمەرگەم بە دوو سێ جۆر کردوە: یەکێکیان فیداکاریی پیشمەرگەیە کە قابیلی تاریفکردن نیە چونکی تەنیا مەوجوودێکە کە واز لە هەموو شتێک دێنێ تەنانەت تا سەرحەدی گیان، ئەویش دەبەخشێ؛ بەڵام لەوە موهیمتر بەڕاستی پێشمەرگەی کوردستان، (ئیجازەم بدە بڵێم بەتایبەتی لە نێو حیزبی دێموکراتی کوردستاندا) پێشمەرگە چاوەڕوانی ئافەرینێکیش نیە، یانی بێ ئەوەی هیچ تەوەقوعێکی هەبێ دەبەخشێ تا سەرحەدی گیانی، کەوابێ لە یادی ڕۆژی پێشمەرگەدا دوای پیرۆزبایی، غەیری سەردانەواندن بۆ ئەو ڕووحە بەرزە پیاو قسەیەکی نیە بیکا.

پرسیار: یانی سەرووتر لە ئەرک، سەرووتر لە تەعەهود؟

وەڵام: یانی سەرووتر لەوە شتێکی دیکە تەسەور ناکرێ. ئەوەی پێشمەرگە دەیکا لەوە هەورازتر نیە، بنیادەم هەموو شتێک دەکا بۆ ئەوەی ڕووحی لەدەست نەدا، ئەو ئەویشی لەسەر بەری دەستی داناوە.

پرسیار: مامۆستا لەمێژ ساڵە ٢٦ی سەرماوەز لەنەستی خەڵکدا و لە ڕۆژئمێری حیزبی دێموکراتدا بە تایبەت بە ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان ناسراوە و لەو ڕۆژەدا ڕێز لە حەماسە و گیانفیدایی پێشمەرگە دەگیرێ. بەڵام ئێستا کۆمەڵێ بەڵگە دەرکەوتوون کە نیشان دەدەن ٢٦ی سەرماوەز ڕۆژی پەلامار بۆ سەر شارەوانیی ڕێژیمی شا لە مەهاباد نەبووە. بەڵگەنامەکان دەڵێن ئەوە ٢٦ی ڕێبەندانی ١٣٢٣ بووە نەوەک ٢٦ی سەرماوەزی ١٣٢٤. ئێستا کە مەبناکە ئاوایە جەنابت چ تەوزیحێکتان هەیە کە بمانەوێ لەو ڕۆژەدا بیدەین؟

وەڵام: جارێ با لەپێشەوە بڵێم ئەو هەڵەیە لە شتێکڕا هات، لە هەڵەیەکی مێژوویی کە ڕەحمەتی کەریمی حیسامی کردبووی.

پرسیار: لە گێڕانەوەی ئەو ڕووداوەدا؟

وەڵام: بەڵێ کتێبێکی هەیە بە ناوی «کاروانێک لە شەهیدانی کوردستانی ئێران». لەوێدا داستانی شەهیدبوونی عەوڵای مینەخانێند کە وەک یەکەم پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ناو دەبا و لە گیرانی شارەوانیی مەهابادا شەهید بووە، دەخاتە ٢٦ی سەرماوەز. کاتی خۆیشی کە ئەوەمان دانا، غافڵ نەبووین لەوەی کە ٢٦ی سەرماوەز ڕۆژی هەڵکردنی ئاڵای کوردستانیشە، چونکی ئەوەمان بە سەنەد لەبەر دەستدا بوو. بۆیە ئەو وەختی کە دامانا ئەو ڕۆژە بکەینە ڕۆژی پێشمەرگە، گوتمان ئەمە زیاتر لەبەر خاتری ئەوەیە کە ئەو ڕۆژە ڕۆژی هەڵکردنی ئاڵای کوردستانە، بەڵام لەبەر حەساسیەتی هێزە ئێرانییەکان ئێمە ئەو بەشەی دەردەبڕین و دەڵێین ٢٦ی سەرماوەز یەکەمین عەمەلیاتی ئەو هێزەی تێدا کراوە کە دواتر ناوی نراوە پێشمەرگە، بۆیە ئەو ڕۆژەمان داناوە. جا ئێستا کە قسەی لێدەکەین ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەز هەتا ئێستا هەر ڕۆژی پێشمەرگەیە و هەر لە جێی خۆیەتی. بەڵام بۆ تاریخەکە بەڵێ، وەختێکی تاریخی ڕووداوێک دەردەکەوێ مەعلوومە دەبێ قەبووڵی بکەی. ئاخر دەڵێن لە دنیادا حەقیقەتی موتڵەق فەقەت تاریخە، هیچ شتێک بە موتڵەقی حەقیقەت نیە بەڵام تاریخ ئەوەیە، ئەوە لە ٢٦ی ڕێبەندانی١٣٢٣دا بووە نە دەکەوێتە ٢٥ و نە دەکەوێتە ٢٧ی ڕێبەندانی ٢٣ش. کەوایە ئەوەیان هەر لە جێی خۆیەتی، بەڵام ڕۆژەکە هەر پیرۆزە ئەگەرچی هەموو ڕۆژی ساڵ ڕۆژی پێشمەرگە و ڕۆژی فیداکاریی پێشمەرگەیە، بەتایبەتی ئەگەر هەموو بەشەکانی کوردستان بگرین. بەڵام لە پێوەندی لەگەڵ ڕۆژێک بەناوی ڕۆژی پێشمەرگە. عادەتەن ڕۆژێکی وا دادەنرێ کە تێیدا تەجلیل لە تۆڕێکی کۆمەڵایەتی بکرێ، ئەمە لە جێی خۆیەتی بەڵام ئارەزوو دەکەم دوو شت بێنە دی، یەکیان ئەوە کە هەموو هێزە کوردستانییەکانی هەر چوار بەشی کوردستان لەسەر ڕۆژی پێشمەرگە ڕێک کەون، یەکیشیان ئەوەیە کە ڕۆژێکی موناسبتر بدۆزرێتەوە بۆ ئەوە، ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەز ڕۆژی ئاڵایە و پارلمانی هەرێمی کوردستانیش پەسندی کردوە و پیرۆزە. بەڵام پێم وایە موناسبترین ڕۆژ، ڕۆژی ١٥ی ڕێبەندانە، چونکە لە ڕۆژی ١٥ی ڕێبەندانی ١٣٢٤دا بڕیار دراوە ئەو هێزە ناوی بنرێ پێشمەرگە. دەبێ ئەوەش بگوترێ کە وشەی پێشمەرگە ئەو ڕۆژە دانەنراوە تەنانەت ناوبردنی شۆڕشگێڕی چەکداری کورد بە پێشمەرگەش ئەو ڕۆژە یەکەم جاری نیە، بەڵام ئەوە کە بە ڕەسمی هێزێکی کوردی، هێزێک کە دیفاع لە ماف و ئازادییەکانی کورد دەکا ناو بنرێ هێزی پێشمەرگە ڕۆژی ١٥ی ڕێبەندان بوو. ئەو ڕۆژە لە مەهاباد کۆبوونەوەی ئەفسەرانی کۆماری کوردستان بووە و ئەو بڕیارەی تێدا دراوە و لە ڕۆژنامەی «کوردستان»دا ژمارەکەیم ئێستا چاک لەبیر نیە بەڵام ڕۆژی ٢٠ی ڕێبەندان بڵاو بۆتەوە. ئیدی ئەوە سەنەدی تاریخییە.

پرسیار: مامۆستا فەرموت کە مەبنای دیاریکردنی ئەو ڕۆژە گرتنی شارەوانیی مەهاباد بووە و بەڵام دەکرێ هەر ئەو مەبنایە یانی هەر ئەو ڕێکەوتە مێژوویی ئێمە وای دابنێین کە ڕۆڵی پێشمەرگە یەکەم جار لێی دەردەکەوێ ئەوە سەرەتای دامەزرانی کۆماری کوردستان بوو و، هەنگاونان بەرەو دامەزرانی دەسەڵاتی کوردی بگێڕینەوە بۆ ڕۆڵی پێشمەرگە؟

وەڵام: بە باوەڕی من ئەودەم فکری دامەزرانی کۆماری کوردستان نەهاتبووە ئاراوە. ئەوە وەکوو شانازییەک بۆ ئەو هێزەی کە دوایی بوو بە پێشمەرگە هەر دەمێنێتەوە بەڵام ئەو کاتی کە شارەوانیی مەهاباد گیرا نەک فکری کۆماری کوردستان، بەڵکوو فکری حیزبی دێموکراتی کوردستانیش نەهاتبووە گۆڕێ. حیزبی دێموکرات ٢٥ی گەلاوێژی ١٣٢٤ دامەزراوە، بۆیە ئەگەر بە ئیشتیا پێمان خۆش بێ جوێیە دەنا لە مەنتیقدا زۆر بەجێ نیە بڵێین ئەوە دەگەڕێتەوە سەر ئەوە چونکە ئەوکات فکرەکەشی لانیکەم بۆ هەمووان نەهاتبووە ئاراوە.

پرسیار: بەڵام ئەو عەمەلیاتە ڕێی خۆش کردبوو بۆ ئەو گۆڕانکارییانە؟

وەڵام: دیارە ڕێخۆشکردن بۆ ئەوەی کورد شتێکی بە دەستەوە بێ، ئیدارەی خۆی بکا لە مەنتقەیەکی زۆر بچووکی کوردستان لە ساڵی ١٣٢١ەوە زەمینەکەی خوڵقاوە. یانی بە تەواوبوونی شەڕی دووەمی جیهانی لەو مەنتەقەیەدا ئەو زەمینەیە خوڵقاوە و خەڵک دەسەڵاتی خۆی بەدەستەوە بووە و هەر ئەوە کە دەڵێن تەنیا نوێنگەی دەسەڵاتی پاشایەتی لەو مەنتەقەیەی کوردستان شارەوانیی مەهاباد بووە نیشانەی ئەوەیە خەڵک بەسەر چارەنووسی خۆیدا زاڵ بووە. ئێستا ئەوە کە چەندە توانیویەتی ڕێکی بخا ڕەنگە لێی بە ئیراد نەگیرێ چونکە ئێستاش ئێمە هەزاران موشکیل و کەموکوڕیمان لەپێشدایە.

پرسیار: مامۆستا چ پێشمەرگە وەک گوتت ئەو سفەتەی لەو کاتەوە کە لە زەمانی کۆمار کە بە هێزی چەکدار گوتراوە پێشمەرگە و چ پێشتریش، پێشمەرگە دەیان ساڵە نەقشی تایبەتیی خۆی هەیە، کۆماری کوردستان کە دامەزراوە پاراستوویەتی هەتاوەکوو تووشی ئەو نسکۆیە بووە. لە دوای ڕاپەڕینی گەلانی ئێرانیش، لاپەڕەیەکی زێڕین لە ڕاپەڕین و حەماسەتی مێژوویی پێشمەرگەمان بینیوە. پێتان وایە ئێستا ئایا ڕۆڵی پێشمەرگە و نەقشی پێشمەرگە لە گۆڕانکاریەکانی ئێستادا چیە ئایا هەمان تەعریفی پێشووی هەیە یان تەعریفێکی جیاواز بۆ کاری پێشمەرگە هاتۆتە گۆڕێ؟

وەڵام: ئەمن پێموایە نابێ تەسەوری غەڵەتمان لە پێشمەرگە هەبێ. ڕاستە پیاو کە بیر دەکاتەوە قەڵافەتی پێشمەرگەی بە تفەنگ و فیشەکدانەوە دێتە بەرچاو چونکە ئەو ناوە بەسەر کەسێکدا بڕاوە کە بە چەکەوە دیفاع لە مافەکانی میللەتی کورد دەکا و خەبات بۆ وەدەستهێنانی مافەکانی میللەتی کورد دەکا، بەڵام ئەمن پێموایە نابێ پێشمەرگە تەنیا لەوەدا ببینین. بێئەدەبییە دەیڵێم: ئەمن ساڵی ١٣٦١ لە ڕۆژنامەی «کوردستان»دا بە بێ ناو مەقالەیەکم نووسیوە کە دەڵێ: «باهەموومان پێشمەرگە بین». لەوێدا دەڵێم ئەم چینانە و ئەو تۆێژانەش کە هەر یەکەی لەبەر خۆیەوە بەڕێگایەکدا بۆ بەرەوپێشچوونی ئەو ئامانجە تێدەکۆشن هەموویان پێشمەرگەن. بێجگە لەوە عینوانی پێشمەرگایەتی شانازییەکە کە دەکرێ بیدەی بە هەموو خزمەتگوزاران بەڵام پێشمەرگە هەر تەقەکردن نازانێ، پێشمەرگە ئێستا موهەندیسە، ئێستا نووسەری

چاکە، پێشمەرگە ئێستا تەبیبی چاکە، پێشمەرگە ئێستا بیرمەندی چاکە. لە هەر بواریکدا بیگری هەر خودی ئەو کەسەی کە لە سفەتی پێشمەرگە دایە تواناکانی هەیە کەوابێ ئەگەر سبەینێ ئیشەڵڵا کورد مافی چارەنووسی خۆی بەدەستی خۆیەوە گرت ئەوەڵەن پێشمەرگە دەبێ بۆ پاراستنی ئەو وەزعیەتە تازەیە تێبکۆشێ. مەسەلێک هەیە دەڵێ پووڵ پەیداکردن ئاسانە بەڵام ڕاگرتنەکەی بەزەحمەتە. بەدەستهێنانی ئازادییش ئاسانترە هەتا پاراستنەکەی. کەوایە ئەودەمی ئیحتیاجیمان بەو هەیە، شەرت نیە تەنیا لە موقابیلی دوژمن و لە شەڕی چەکدارانەدا بێ، لە پەروەردەکردنیدا لە پێگەیاندنیدا لە گەیاندنەوەی بە کاروانی پێشکەوتنی گەلاندا پێشمەرگە دەتوانێ نەقشی کاریگەر ببینێ و ئەوانەش کە تێکەڵ بەو ڕەوتە دەبن زۆر بەجێیە شانازیی ناوی پێشمەرگەیان پێ ببەخشرێ چونکە پێشمەرگە ناوێکی کەم نیە. لەبیرمە جارێکیان ئێمە چووبووینە دێیەک ئەمن و یادی بەخێر کاک حەسەن ڕەستگار بووین، لە مزگەوت کۆبووینەوە خەڵکەکە پێیان خۆش بوو قسەیان بۆ بکەین و بە بڵێندگۆ بانگی خەڵکی دێیان کرد بێنە مزگەوت. ئەوەی کە بانگی خەڵکی دەکرد گوتی: پێشمەرگە هاتوون وەرنەوە و هەر لەسەر بڵێندگۆ داوای لێبووردنی کرد و گوتی: ببوورن پێشمەرگە نین مەسئوولن. هەر لەسەر بڵێندگۆکە جوابم دایەوە و گوتم: ئێمە شانازیی ئەوەمان نەبوو حەقی ئەوەمان نەبوو کە پێشمەرگە بین، ئەتۆ ئەوەت لێئەستاندینەوە؟

پرسیار: مامۆستا جیا لەو پێناسە جوانەی جەنابت بۆ نەقشی پێشمەرگە و ڕۆڵی پێشمەرگە و ئەوەی ئەو نەقشە ڕەنگبێ بازتەولید بێتەوە یان لە ڕەهەندەکانی دیکەدا بەکار ببرێ، بەڵام زۆر دەنگی نەشازیش دەبیستین کە دەڵێن سەردەمی خەباتی چەکداری نەماوە، سەردەمی پێشمەرگایەتی نەماوە، سەردەمی خەباتی ئاشتییانەیە، لە حاڵێکدا هەر چەند ڕۆژ لەوەپێش بوو کە پووتین پلاتفۆرمی نوێی بۆ ڕێکخستنی هێزە چەکدارەکانی خۆی دیاری کرد، دەبینین کە مەسەلەن ئامریکا چ دەکا. ئەو قسانە لە چییەوە سەرچاوە دەگرن؟

وەڵام: ئەو قسانە هێندێک کوردیش فێریان بوون و وەکوو تووتی دەیانڵێنەوە بەڵام بەشی زۆری لە دەسەڵاتە گەورەکانەوە هاتوە، ئەو دەسەڵاتانەی کە ئێستا خەریکن شەڕی ئەستێرەکان دەکەن، لە کوراتی ئاسمانیش ململانەی نیزامیی خۆیان هەیە بۆ میللەتێک کە لە هەموو مافەکانی بێبەشە دەیانەوێ چووکترین وەسیلەی دیفاع لە خۆی نەبێ. ئەوە ئیدی ئەوپەڕی بێ ئینسافییە کە لەگەڵ حەقیقەت، لەگەڵ تاریخ زیاتر لەوەی کە لەگەڵ میللەتێک دەکرێ. کەوایە هیوادارم قەت میللەتی ئازادیخوازی کورد تەسلیمی ئەو نازانم ناوی لێ بنێم تەبلیغات ناوی لێ بنێم تەوەهووم تەسلیمی نەبی، چونکی کورد ئێستاش خەتەری ئەوەی لەسەرە سبەینێ دوچاری خەباتی چەکدارانە ببێتەوە وەکوو گوتیشم ئەگەر مافەکانیشی وەدەست بێنێ بۆ پاراستنی هەر دەبێ هێزی پێشمەرگەی هەبێ. ئێمە لە بەرنامەی حیزبیشدا ئەوەمان هەیە کە ئەگەر حکوومەتی کوردستانمان دامەزراند هێزی پێشمەرگە و هێزە ئینتزامییەکانی دیکە پاراستنی ئەمنیەتی وڵات بەدەستەوە دەگرن، دیارە

ئەوە مەفەهوومی خۆی هەیە کە دەڵێین هێزی پێشمەرگە و هێزە ئینتزامییەکانی دیکە کە لێرەدا شەرحی بەرنامە ناکەین. لە پاشان بەتایبەتی بۆ ئێمەی دێموکرات با کەس فێرمان نەکا خەباتی ئاشتیخوازانە باشە، چونکی لە ڕۆژی ئەوەڵەوە حیزبەکەمان لەسەر مەبنای ئەوە دانراوە کە مەسەلەی کوردستان بە چەک چارەسەر نابێ. ئەو وەختیش کە ئەوەمان گوتوە ڕاست دوو تەرەفمان مەقسوود بووە یەکێکیان ئەوەی ئێمە ناتوانین بە چەک دەوڵەتەکان بەچۆکدا بێنین، یەکیشیان ئەوە کە دەوڵەتەکان ناتوانن بە چەک ئێمە بەچۆکدا بێنن و وا بکەن ئێمە واز لە ماف و داخوازییەکانمان بێنین. کەوابێ ئێمە لەوەدا زۆر کۆنین دەتوانم بڵێم پێشەنگین حیزبی دێموکرات لەو بارەیەوە پێشەنگە، تەنانەت وەختێکی ئێمە ئەوەمان دەگوت هیزی سیاسیی دیکە هەبوون ئێرانییش و تەنانەت کوردستانییش کە دەیانگوت ئازادی لە لوولەی تفەنگ دێتە دەرێ. ئێمە کە دەمانگوت ئاشتی باشە پێیان دەگوتین سازشکار، با کەس فێری ئاشتیخوازیمان نەکا.

پرسیار: لەگەڵ ئەوەشدا کە ئاشتییش هەر بە شەڕ دەپارێزرێ؟

وەڵام: بەڵێ بەڵێ ئوسوولەن ئێمە زۆر جار گوتووومانە شەڕەکەشمان بۆ ئاشتییە، پاشان ئاشتی ئەگەر قووەتی لە پشت نەبێ مادام جامێعە ئەوەندە پێش نەکەوتوە کە باوەڕی بە ماف و ئازادیی جۆراوجۆرییەکانی کۆمەڵ هەبێ ئاشتییەک قووەتی لە پشت نەبێ شانسی بەردەوامبوونی نیە.

پرسیار: مامۆستا! جەنابت لە پێشوازیی ڕۆژی پێشمەرگەدا بابەتێکی جوان و سەرنجڕاکێشت لە ئەکاونتی خۆت لە فەیسبووکدا بڵاو کردەوە لەوێدا بەداخبوونی خۆت لە یەک شتیش دەربڕیوەکە بەڕاستی پرسیاری زۆر خەڵکە کە بەشێکی زۆر و هێزێکی گەورەی باکووری کوردستان نازناوی پێشمەرگەی لەسەر هێزەکانی خۆی دانەناوە و بە گریلا ناویان دەبا. ئەوە هیچ لە ئەسڵی قەزییەکە دەگۆڕێ لەسەر تەعریف و نەقشی پێشمەرگە؟

وەڵام: نا خۆ ئێمە هەر وەکوو ڕێز و قەدر بۆ خەبات و فیداکاریی پیشمەرگە دادەنێین بۆ ئەوانەی ناویان پێشمەرگەیە هەر ئاواش بۆ ئەوانەوی ناویان گریلایە بۆ فیداکارییەکەیان ڕێز دادەنێین، یان ئەوانەی کە لە سووریە ناوی شەرڤانیان لەسەر دانراوە، بەڵام ئەو کارەی (پ.ک.ک) کە لە واقیعدا ئەوی سووریەش لە ژێر تەئسیری ئەودایە دوو شتی تێدایە؛ یەکیان دەرچوونە لە ئیجماعی هێزە سیایسییەکانی کورد کە ئەوە باش نیە، ئەوی دیکەیان ئەوەیە ئەو ناوە شیرینە ئەو ناوە پڕ نێوەرۆکە لەسەر تێکۆشەری چەکداری کورد هەڵدەگرێ ناوێکی نامۆ و بێگانە یان ناوێکی بەڕاستی بێ نێوەرۆکی لەسەر دادەنێ، مەسەلەن هەزار پەرژینی بەگوڵ بێ داعشیش شەرڤانە، هەرکەس شەڕ بکا شەرڤانە. بەڵام ئەوەی خۆی بۆ ماف و ئازادیی میللەتی کورد بە کوشت بدا ئەو پیشمەرگەیە. بۆیە هەم ئەو ناوە حەیفە حەزف بکرێ هەم لەو ئیجماعەدرچوونە

باش نیە. هەروەکوو لە بـاری دیکەشـەوە جاروبـار ئـاوا دەرچـوون. مەسـەلەن خـۆ ئیستا ئەو ئـاڵایەی لە کوردسـتان پەسـەند کراوە و ئاڵایەکی ڕەسمییە ئیمە وەک هەمبەستگی هەڵیدەگرین، دەنا ئەگەر سبەینێ ئێمە کوردستانی گەورەمان هەبـێ ڕەنگە بگۆڕێ، تەنانەت ئەگەر کوردستانی ئێران وەزعیەتێکی وەک کوردستانی عیراقی بۆ پێک بـێ قـانوونی نێـونەتەوەیی ڕێگەمـان نادا عەینی ئەو ئاڵایە هەڵگەین. دەبێ ئاڵایەکی دیکە بـێ، ڕەنگە تۆزێک وەک یەک بچن بەڵام نـابێ یەک شت بـن. بـاشە لەوێدا بۆ ئێمە لێک بترازێین بـۆ هەمووەمـان شتێک نەکەینـە سێمبول؟ بەداخەوە ئەوان وایـان بە بـاش زانیـوە کە لە هەمـوو شتێکدا هی خۆیان هەبێ.

پرسیار: مامۆستا! هەر لە پێوەندی لەگەڵ ئەو ئیجماع و ئەو سێمبولەی کە جەنابت باست کردبوو جەنابت پێت باش بـوو کە ڕۆژی ١٥ی ڕێبەندان بکرێتە ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان، ئەو پیشنیارە وەک حیزبی دێموکرات دراوە بە لایەنێکی دیکە یـان بە حکوومەتی هەریم و بە هێزەکانی دیکە یان هەر وەک پیشنیاری جەنابتانە؟

وەڵام: پێمـوایە پێـرارەکە بـوو هەر کە باسـی ڕۆژی پێشـمەرگە کـرا لە تەرەف ئـێمەوە، لە تەڕەف حیزبـی دێمـوکراتەوە پیشنیهاد بە هێزە سیاسییەکانی کوردی باشوور و بە حکوومەتی هەرێمیش کرا کە لە پێش چاو بگیرێ و دابنرێ.

مامۆستا زۆر سپاس بۆ ئەوە کاتەی تەرخانت کرد بۆ ئەم وتووێژە

سوپاس بۆ ئێوەش.

(لە ژمارەی ٧١٦ی"کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٣ی دێسەمبەری ٢٠١٧

عەبدوڵڵا حەسەنزادە: چارناچار ڕاپەڕینێکی دیکە دەبی ببێ هەتا ئەو نەزمە وەرگێڕێ

٣٩ ساڵ لە شۆڕشی ساڵی ٥٧ تێپەڕی. شۆڕشێک کە بڕیار بوو ئازادی بۆ خەڵک بەدیاری بێنێ، هەژاری و چەوسانەوە و بێمافی نەهێڵێ، کێشەکانی خەڵک بنەبڕ بکا و ئێران بکاتە بەهەشتی سەرزەوی. ٣٩ ساڵ دوای سەرکەوتنی شۆڕش ئێستا خەڵک هاتوونەتەوە سەرشەقام. لە دژی بارودۆخی ئابووریی وڵات ڕاپەڕیون و بۆ مافە سیاسی و مەدەنییەکانیان دروشم دەدەن.

شۆڕشی ساڵی ١٣٥٧ بۆ گەیشتە بارودۆخی ئەمڕۆ؟ لە کوێدا هەڵە کرا و چار چییە؟ «کوردستان» بۆ تاوتوێی ئەم بابەتە دیمانەیەکی لەگەڵ مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە، سیاسەتمەدار و سیمای دیاری حیزبی دێموکرات و بزووتنەوەی سیاسیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێک هێناوە:

پرسیار: ٣٩ ساڵ لەوە پێش ڕێژیمی پاشایەتیی پەهلەوی لە ئاکامی ڕاپەڕینێکی سەرتاسەریدا ڕووخا. لە ڕووی تیۆری و دوایەش ئاقاری ڕووداوەکان ئێستاش ئەو پرسیارە هەر جێی مشتومڕە کە ئایا ئەو شۆڕشە ئیسلامی بوو یان نەبوو؟ ڕەنگبێ ئەهمیەتی باسەکە لەوەڕا بێ کە ئەو کاتە ڕووحانیەت لە ئێران نفووزێکی زۆر تایبەتیی هەبووە و دوای ٤ دەیە بڵێی ئەو نفووزە یان ئەو جێگەوپێگەیە ئێستاش لە کۆمەڵگەی ئێراندا لە جێی خۆی مابێ یان نا؟

وەڵام: هەتا ئێستاش ئەو ناکۆکیی بیروڕایە هەیە کە ئەرێ ئێمە بڵێین شۆڕش، بڵێین ڕاپەڕین، بڵێین بزووتنەوە؟ شتی جۆراوجۆری ناو لێدەنێین. بەهەرحاڵ لانیکەمی ئەوەیە کە ئەوەی لە ئێران ڕووی دا ڕاپەڕینێکە. ئەو ڕاپەڕینە ڕاپەڕینی ڕووحانیەت بوو یان ڕاپەڕینی خەڵک بوو بە ڕەئی من ڕاپەڕینی هەموو خەڵکی ئێران بوو. هەموو خەڵکی ئێران لە دەست سیاسەتی ڕێژیمی پاشایەتی، لەدەست وەزعی خراپی ئابووری و لەدەست نەبوونی ئازادییەکان وەجان هاتبوون و چین و تۆژ و نەتەوەی جۆراوجۆری ئێران هەموویان داخواز و مەبەستی تایبەت بە خۆیانیان هەبوو. بۆ وەدیهاتنی ئەو ئاواتانە کە لەمێژ بوو لە دڵیاندا هەبوو هاتبوونە مەیدان، بەڵام لە ڕاستیدا وا نیە کە بڵێی شۆڕشەکە بەدەست خەڵکی دیکەوە بوو، وەک هێندێک جار دەگوترێ ئاخوندەکان هاتن بە تاڵانیان برد. ڕەنگە جەنابت وەبیرت نەیە بەڵام ئەو وەختی قسەیەک دەگوترا کە خەڵکی ئێران هەموو دەزانن چیان ناوێ بەڵام نازانن چیان دەوێ. ئەوە ڕاست بوو بەڵام لەسەر خەڵکەکەی دیکە ڕاست بوو. پیاو حەق بڵێ لەسەر دەم و دەزگای دینی یان ئاخوندەکان بە ڕێبەرایەتیی ئایەتوڵڵا خومەینی ڕاست نەبوو، چونکی ئەوان دەیانزانی. ئەمن لەبیرم نیە کەنگێ بوو بەڵام بە دەیان ساڵ پێش، بە ئیحتمالی زۆر دەوری ٢٠

ساڵ پێش ئەو وەختی نامیلکەیەکم دی بەناوی بەرنامەی ئینقلابی ئیسلامی. نازانم کتێبخانەیەکی چکۆلەی قاچاغم هەبوو لە وڵات ماوە یان نەماوە بەڵام لەوێدا ئەوە بەرنامەیە هەبوو. ئەوان دەیانزانی چ بکەن. پاشان حەقیقەت ئەوەیە کە ئاخوندەکان ڕێکوپێک بوون. حیزبیان هەبوو، بە قەولی شەهید دوکتور قاسملوو کادری حیزبییان هەبوو، کووبڵی حیزبییان هەبوو. کادری حیزبی دەوری سێسەدهەزار ئاخوند بوون و کووبڵی حیزبی سێسەدهەزار مزگەوت بوو کە هەمووشی لە یەک سەرچاوە دەستووری وەردەگرت. ئەوەی ئەو وەختی پێیان دەگوت شۆڕشی نەوارەکان. خومەینی بەو زمانە »شیرین«ـەی خۆی کە بۆخۆمان دەزانین چۆنی قسە دەکرد شریتێکی پڕ دەکردەوە و لە نەجەف یان لە پاریس ڕا دەینارد‌ەوە لە ماوەی دوو شەوورۆژ سێ شەوورۆژدا دەیان و سەدان هەزار کۆپیی لەسەر هەڵدەگیرا و لە هەموو دێ و شار و بڵێین کووچە و کۆڵانەکانداا ئیستفادەی لێ دەکرا. کەوابێ ئەو ڕاپەڕینە، ئەو شۆڕشە - ناوەکەی کێشە نیە هەرچی بێ - گوناح نیە بڵێین هی مەلاکان بوو. مەلاکان ڕێبەرییان کرد، مەلاکان هیدایەتیان کرد و بەرهەمەکەش ئەوان خواردیان؛ بەڵام ئەوە بەو مەعنایە نیە کە خەڵک ئەوەی دەویست. خەڵکی دیکە لە ئیران یەکێک پێی خۆش بوو بەرنامەی فەرهەنگی لە ڕادیۆ و تەلەڤیزیۆن باشتر بێ، یەکێک دەیویست بەرنامەی ئاموزشی لە مەدارس و دانیشگاکان باشتر بێ، یەکێک دەیەویست وەزعی ئابووری باشتر بێ، یەکێک دەیەویست چیدیکە لە مافە نەتەوایەتییەکانی بیبەش نەبێ. هەموو ئەمانەی تێدا هەبوون. بەڵام چونکی ئەمانە ڕێکخراو نەبوون، نە حیزبێکی سەرتاسەری هەبوو بتوانێ هیدایەتیان بکا نە جەبهەیەک هەبوو. ئاخوندکان کە ئەوان ڕێکوپێک بوون گرەوەکەیان بردەوە.

پرسیار: ئەدی دوای چوار دەیە ئێستاش پێتان وایە ئاخوندەکان و ڕووحانیەت ئەو پێگە بەهێزە کۆمەڵایەتییەیان هەیە لە ئیراندا کە بوویان؟

وەڵام: بێگومان ئەو پێگە بەهێزە مەعنەوییەیان نەماوە. ساڵ ٥٧ لە جەریانی ئەو ڕاپەڕینەدا خەڵک بە عەلاقەوە هەموو شتێکی بە قسەی خومەینی دەکرد بە ئیمانەوە دەیکرد ئێستا ئەوە نەماوە، بەڵام لە موقابیلدا نوقتە قوەتێکی دیکەیان هەیە. ئەگەر ئەو وەختی تەنیا کۆمەڵێک ئاخوندی هوشیار و شێلگیر - بەتایبەتی ڕێبەرییەکە - زیدی ڕێژیم بوون، ئێستا بۆخۆیان ڕێژیمێکن کە هەموو سەرچاوەکانی دەسەڵاتیان بەدەستەوەیە. با بڵێین ئەو کات نەوەد لە سەدی خەڵک بوون ئێستا دە لە سەدن. بەڵام ئەو دە لەسەدە هەموو ئیمکاناتی مادی، ئابووری، سیاسی، دیپلۆماسی، تەبلیغاتی، چی ئەتۆ دەتەوێ هەمووی لەبەر دەستی ئەواندایە. کەوابێ پێگەی تووەییان وەک جاران بەهێز نیە بەڵام دەسەڵاتیان زۆر لەو وەختی بە قوەتترە.

پرسیار: مامۆستا فەرمووت کە خەڵک ئەوەی نەدەویست کە ئێستا کە لەبەری هەڵدەگرێتەوە یان ڕۆژانە لەگەڵی

بەڕەوڕوویە. ئایا خەڵک ئیشتبایان کرد کە شۆڕشیان کرد و ئایا دەبێ ئەو خەڵکە لۆمە بکرێن کە بۆ وایان کرد؟

وەڵام: ئەمن پێموایە ڕاپەڕین لە دژی نیزامی دووهەزار و پێنسەد ساڵەی پاشایەتی بە هیچ حاڵێک ڕاپەڕینێکی بەهەڵە نەبوو، چونکی ئەو ڕێژیمە بە ئەندازەیەک دەرحەقی هەموو کۆمەڵی ئێران بە هەموو نەتەوە و چین و توێژەکانیەوە ناحەقیی کردبوو کە بۆیە دەبوو لەدژی ڕاپەڕن. کەوابێ بە باوەڕی من هەڵەیان نەکردوە، ئامانجەکانیان ڕەوا بوون. هەڵەکە لەوەدا بوو کە بەبێ بەرنامە بوون، یەکنەگرتوو بوون و نەیانتوانیوە ئامانجەکانیان وەدی بێنن. ئەوەی کە ڕێکخراو و بە بەرنامە بوو توانی ئامانجەکانی وەدی بێنێ. هەر وەک لەبیرمانە ڕێبەری ئینقلابی ئیسلامی دەیگوت ئیقتساد هی حەیوانەتە ئەو خەڵکە ئینقلابی بۆ ئەوە نەکردوە یارەڵماسی هەرزان ببێ، بۆ مەعنەویات کردوویانە. ئێستا با لەوە گەڕێین کە بۆخۆی چەندەی باوەڕ بەوە هەبوو، بەڵام ئەو ئامانجانەی ئەو خەباتی بۆ کردوون دەتوانین لە بەدەستەوەگرتنی دەسەڵاتی سیاسی لە لایەن دەمودەزگای دینییەوە خولاسەی بکەینەوە. ئەوەی جڵەوی شۆڕشەکەی بە دەستەوە بووە ئامانجی ڕاپەڕینەکەشی بە دەست هێناوە، بەڵام ئەوانەی ڕێبەرییان نەکردوە و نەقشی کاریگەریان تێیدا نەبووە نەیانتوانیوە بە ئامانجەکانیان بگەن. بەوحاڵەش ئامانجەکانیان موقەدەسن کە بۆ وەدیهێنانیان دژی ڕێژیمی پاشایەتی خەباتیان کردوە.

پرسیار: دەی خۆ قسەی خومەینی ڕاستە کە دەیگوت ئێمە شۆڕشمان بۆ هەرزانکردنی یارەڵماسی نەکردوە، چونکی ئەگەر سێ شۆڕشی گەورەی دنیا، شۆڕشی فەڕانسە و شۆڕشی ئێران و شۆڕشی ڕووسیە بە نموونە وەرگرین لە هەرسێکیاندا وەزعی ژیانی خەڵک و گوزەران و ئابووریی ئەو ساڵانەی کە وا ئەو شۆڕشانەیان تێدا کرا بە نیسبەتی ساڵانی پێشووی باشتر بووە؟

وەڵام: نا، وەک عەرزم کردی ئامانجەکانی شۆڕش جۆراوجۆر بوون، ئابووری بوون، کۆمەڵایەتی بوون، فەلسەفی بوون، هەموو ئەو شتانە هەبوون، بەڵام ئەوە کە بڵێین ساڵی ١٣٥٧ وەزعی ئابووریی خەڵک چاکتر بووە لە ڕابردوو و ئەوانە، هەموو دەکرێ بڵێین پێش سەرکەوتنی ئینقلاب بووە؛ دەنا دوای سەرکەوتنی ئینقلاب وەزعێکی باشتر نەهاتە گۆڕێ. لە جەریانی ئینقلابدا ئێرانێک کە لەسەر دەریای نەوت دەژیا و لەسەر دۆلارە نەوتییەکان دەنووست، سەری کیسەی دەکردەوە و ئیمکاناتی زیادی دا بەو هیوایە کە بتوانێ بە پووڵ و پارە پێشی ئەو ڕاپەڕینە بگرێ، ئیمکاناتی مادیی بۆ خەڵکی پتر کردبوو، بەڵام شەرت نیە ڕاپەڕینێک کە ئەوڕۆکە دەبێ، حەتمەن سبەینێ وەزعی ئابووری و وەزعی فەرهەنگی لە ڕابردوو چاکتر بکا، چونکە شۆڕش بەتایبەتی لە وڵاتانی دواکەوتووی وەکوو مەنتەقەکەی ئێمە بە هەموو ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و تا حەددێکی زۆر هەموو ئاسیا و ئەولاتریشەوە بڕۆیە ئەفریقا و ئەمریکای لاتین، ئەوەی پێیان دەڵێن دنیای سێهەم، عادەتەن شۆڕش وێرانیی لێ بەجێ دەمێنێ، ئەو وێرانییە چەند ساڵ دەبێ خەڵک باجەکەی بدەن، وەزع چاکتر نابێ، بەڵکوو خرابتریش دەبێ، بەڵام هەدەفەکە ئەوەیە کە هەم دەسەڵات لە دەستی چینە زۆردارەکان بێتە دەرێ و بکەوێتە دەستی

تەبەقاتێک کە خەڵک باوەڕی پێیان هەیە و لەنێو خەڵک هەڵقوڵاون، هەمیش بەرەبەرە بناغەی نەزمێکی دیکە دابنرێ، نەزمەکە فەرهەنگییە، ئابووریە، تەبلیغاتییە یان هەموو جەنبەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی.

پرسیار: مامۆستا ئێستا وەزعەکە تەواو پێچەوانە و جیاوازە لە بارودۆخی پێش شۆڕشی ٥٧. دەبینی کە وەزعی ئابووری، کۆمەڵایەتی و ماف و ئازادییەکانی خەڵک چۆنە. پێتان وایە کە شۆڕشێکی دیکە چاوەروانی خەڵکی ئێمە دەکا یان کۆمەڵگەی ئێران چیدیکە بەلای شۆڕشدا ناچێ و بیر لە ڕێگەی دیکە دەکاتەوە بۆ گۆڕانکاری؟

وەڵام: ئەمن وەکوو هێندێک ڕێکخراو یان کەسی خواپێداو!! ناتوانم پێشبینیی زەمان بکەم، بەڵام پێموایە شۆڕشێکی دیکە ناچار دەبێ ببێ، چونکی ئەو وەزعە ناتوانێ تاسەر بەردەوام بێ، دەبێ ئەو وەزعە بگۆڕێ، لە حاڵێکیشدا کە دێموکراسی لە وڵاتدا حاکم نیە و دەسەڵاتی فەرمانڕەوا گوێ بە قسەی خەڵک نادا، چارناچار دەبێ ڕاپەڕینێکی دیکە ببێ تا بتوانێ ئەو نەزمە وەرگێڕێ، کەوابێ خەڵک نەک تەنبێ نەبوون و نابێ تەنبێ ببن، بەڵکوو دەبێ هەوڵ بدەن زووتر ئەو هەدەفانەی لە ڕاپەڕینی ٥٧ دا نەیانتوانی بە دەستیان بێنن و ئەوە ٤٠ ساڵیشە بە دواییاندا وێڵن و لێیان مەحرووەن، وەدی بێنن، پێم وانیە ئەوە تەواو بووە.

پرسیار: جەنابتان ئەزموونی ژیان و خەبات بە دژی هەردووک حاکمیەتەکەت هەبووە و لە ڕاپەڕینیشدا بەشداریتان کردوە. پێتان وایە شەرایتەکە، شەرایتە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکە و ئامادەیی خەڵک و بوێری و ڕوحیاتی خەڵکەکە وا دەبینی کە ئێستا بیانەوێ خۆ لە قەرەی شتێکی وا بدەن؟

وەڵام: هێندێک شتی ئێستا لە زەمانی شای خراپترە. مەسەلەن لە زەمانی شایدا، بەتایبەتی لە یەکسانەی پێش ڕووخانی شادا ئەوەندە ئیمکاناتی ڕەفاهی ڕژابوو بۆ هەمووان کە خەڵک دەیانتوانی بە ٦ مانگ بێنە سەر شەقام و کارەکەیان بەجێ بهێڵن و ژیانیشیان تەئمین بێ، ئێستا ئەکسەرییەتی کۆمەڵگەی ئێران ئەو بوونیە ئابووریە بەهێزەی نیە و ئەوە زەعفێکە؛ بەڵام لە موقابیلدا ئەو فشار و نائۆمێدییە، ئەوەی پێی دەڵێن سەرخوردەگی ئەوەش گەیشتۆتە جێگایەک کە بە قەولی مارکسیستەکانی زەمانی قەدیم، خەڵک جگە لە زنجیرەکان هیچیان نەماوە لە دەستی بدەن. بۆیە ئەوەی کە دەڵێن هەلومەرجی عەینیی ڕاپەڕین، ئەو هەلومەرجە هەیە، یانی وای لێ هاتوە کە نە خەڵک بۆی تەحەمول دەکرێ و نە حاکمیەت دەتوانێ تا سەر ئاوا بەردەوام بێ. مادام حاکمیەتیش ئەوەی تێدا نیە کە بتوانێ خۆی بگۆڕێ، چارناچار هەر دەکێشرێتە ڕاپەڕینێکی دیکە.

پرسیار: ئەگەر ئەو پرسیارە بەو ڕوویەدا بکەین، هەر لە ساڵەکانی دوای شۆڕشەوە کە شەڕ دەستی پێکرد و پاشان کە شەڕ تەواو بوو، باس لەوە کرا حاکمیەت توانای ئیدارەکردنی وڵاتی نیە و ناتوانێ وڵات بەڕێوە بەرێ، بەڵام دەبینرێ ئەو حکوومەتە ئەوە ٤ دەیەیە بەردەوامە. هێز و قووەتی ئەو ڕێژیمە چی بوو کە توانیویەتی سەرەڕای هەموو گەندەڵیی سیستماتیک و ئەوانە لەسەر پێی خۆی ڕابوەستێ؟

وەڵام: وەختی خۆی ئێمە ئیختلافێکمان لەگەڵ چەند کەسی دیکە هەبوو، هێندێک دەیانگوت ڕێژیم سەقامگیر بووە، ئێمە دەمانگوت سەقامگیر نەبووە. دەیانگوت ئەوە نیە بیست ساڵە هەیە، ئێمە دەمانگوت ئەگەر بە مانەکەی بێ ساڵی هەوەڵێش هەر مابوو. سەقامگیری ئەوەیە کە خەڵک قبووڵیان کردبێ و مەشرووعیەتی هەبێ و یان هیچ نەبێ دەسەڵاتی هەبێ، غەڵەبەی پەیدا کردبێ، ئەمن لەبیرمە دەورانی شای - ئەتۆ ئیشارەت بە دەورانی شاش کرد - لە مەنتەقەیەکی کە ئەمنی لێ دەژیام، لە سەردەشت، لەسەر پردی کەڵۆێ کە نزیکە لە سەردەشت و ووڕە لە مەهاباد پاسگایەک هەبوو جاری وابوو ١٠ نەفەری لێ بوو جاری وابوو ٧ نەفەری لێ بوو. لەوێ بەوڵاوە هیچی لێ نەبوو تا دەگەیشتە مەنتەقەی پیرانشار بەڵام دوو ژاندارم وەڕێ دەکەوتن بۆ هەر ئەمریکی دەوڵەتی ئەو مەنتیقە وەسیعەی دەگەڕان چیان ئەمر کردبایە جێبەجێیان دەکرد، کەس نەیدەتوانی فکریش لە نافەرمانی بکاتەوە، بەڵام ڕێژیمی جمهوری ئیسلامی لەسەر هەموو تەپۆڵکەیەک پایەگایەکی دانابوو. ئەوە سەقامگیری نیە. سەقامگیری ئەوەیە کە ڕێژیمەکە لەگەڵ ئەوەی خۆشەویست نیە، بێزراوە بەڵام غەڵەبەی کردبێ. ئێستا بە باوەڕی من وەزعەکە فەرقی کردوە. ئەوەی پێی دەڵین و دەتوانین پێی بڵێین سەقامگیری، نەوەک وەک دەورانی ڕێژیمی پاشایەتی بەڵام تا حەدێک پەیدا بووە ئێستا دیاردەی نیزامگەری لە وڵاتەکە بەو ئەندازەیە نەماوە بەتایبەتی ئەگەر بچینە دەرەوەی کوردستان ئەوە دیاردەیە زۆر کەم بووە لە کوردستانیش زۆری فەرق کردوە بەڵام ئەوەی ئەو ڕێژیمەی تا ئێستا ڕاگرتوە بە باوەڕی من نە ئیسلاحاتی ئیقتسادی، نە ئیسلاحاتی سیاسی، نە مەحبووبیەتیەتی. بەڵکوو تەنیا ئیعمالی زەبروزەنگ و بێرەحمییەکی لە ڕادەبەدەرە. ڕەنگە ئەوە موقایسەیە زۆر خۆش نەبێ بەڵام دەکرێ بڵێین فەرقی ئەم ڕێژیمە دەگەڵ ڕێژیمی پاشایەتی ئەوەیە کە کاربەدەستانی ڕێژیمی پاشایەتی ئینسانی ئەم عەسرە بوون و زاڵم بوون بەڵام ئەوانەی ئێستا بەڕاستی ئینسانی ئەم عەسرە نین لەگەڵ دنیای موتەمەدین نایەنەوە. پاشا ئەگەر زوڵمی دەکرد، ئەگەر خەڵکی دەکوشت ڕەنگە پێی وانەبووبێ گوناحی کردوە، بەڵام لانیکەم پێی وانەبوو عیبادەتی کردوە. ئەمانە کە خەڵکی دەکوژن پێیان وایە عیبادەتیان کردوە و ئەجریشیان دەدرێتێ. بۆیە فەرقەکە یەکجار زۆرە، ئەمانە بەو بێرەحمییەوە ماون. بە باوەڕی من ئەگەر لەسەرەتادا ئەمانە بەو ئیدە دینییەی توانیان بەسەر کۆمەڵی ئێراندا زاڵ بن ئێستا هەر ئەوە بۆیان دەبیتە بڵێین نوقتەیەکی لاوازی.

ڕەنگە لە هەڵەدا بم بەڵام پێم وایە ئەو بزووتنەوە ئیسلامییانەی لە مەنتەقەی ئێمەدا هەن، لە ئێران خەتەریان کەمترە،

بـۆ؟ لە جێی دیکە بـۆیە خەتەریـان هەیە چـونکە خەڵـک دەرەبەگایەتییـان ئیمتحـان کـرد، سـەرمایەدارییان ئیمتحـان کـرد، جۆرێک سۆسیالیزمیان ئیمتحان کرد ئەو خۆشبەختییەی لێی دەگەڕان نەیانـدی، بـۆیە وەدوای ئیسلامگەرایی کەوتـن کە گۆیـا هەم لە دونیـا هەم لە قیـامەت خۆشبەختییان دەداتـێ، بەڵام لە ئێـران کە ڕێژیمـی دینـی ئیمتحـان کـراوە خەڵـک وەدوای نـاکەوێ، لەدەست ئەمە نەجاتیـان بـێ بـاوەڕ نـاکەم ڕێژیمێکی دیکەی دینـی بێـنن. بەبـاوەڕی مـن نـوقتەی قـوەتیـان هەر زەبروزەنگ و بێڕەحمییە. دووپاتی دەکەمەوە: نەجات بوون لەو ڕێژیمە ئاسان نیە، بەڵام ئیجباریـیە و هەردەبێ ڕوو بدا.

پرسـیار: مامۆسـتا کوردسـتان دوای شۆڕشـی سـاڵی ٥٧ کە دەکەوێـتە قۆنـاغێکی دیـکە لە خەبـات و مـافخوازی و وەزعیەتـی تـایبەتی سیاسـی و کـۆمەڵایەتییەوە. پێتـان وایە کوردسـتان زەرەرمەنـدی سـەرەکیی شۆڕشـی سـاڵی ٥٧ بـوو؟ یـان بە پێـی هەلومەرجی ئێستای کوردستان یان ئەو مەوقعیەتە کە ئێستا کوردستان لە موبـارزە لەگەڵ کۆمـاری ئیسلامی هەیەتـی بـۆ ئەو جێگای شانازییە و هەنگاوێک بۆ پیشەوەیە لە چاو کۆمەڵگەی ئیران؟

وەڵام: ئەمن پێم وایە بە هیچ حـاڵ دروست نیـە ئێمە بڵێین کوردسـتان زەرەرمەنـدی سـەرەکی لـە ئینقلابـی ئیسلامی بـووە، چونکە دەتوانین بڵێین ئـەمڕۆ کوردسـتان نـەک وەک شـوعار بڵێین سـەنگەری تەسخیرناپەزیرە. بـەڵام تـەنیا مەنتەقەیـە کـە تەسلیمی کۆمـاری ئیسـلامی نـەبووە، ئیـدەکانی جـودابیری، ئـازدیخوازی، ئازادمەنشیی لـە خۆیـدا هـەر ڕاگرتـوون. کەوابـێ کوردستان زەرەرمەندی یەکەم نیە و کەمتر لـەوانی دیکەش زیـانی پـێ گەیـوە. ئەگـەر بـاسی کوشتن بـێ زۆری لـێ کـۆژراوە، ئەگەر قسە لە زوڵم و زۆری ئابووری بـێ، زۆری بینیـوە. هەرچەند بـەینی خۆمـان بـێ خەڵکی کوردسـتان بـە جـۆرێکی دیکە ئەمەیـان قەرەبـوو کردۆتـەوە، ئێسـتا کوردسـتان ئیـدی دواکـەوتووترین مەنتەقـەی ئێـران نیـە، ئێسـتا کوردسـتان برسیترین ناوچەی ئێرانیش نیە، ئێستا شارێکی وەک بانە لە کوردسـتان بـۆ تـاران بـۆتە دوبەی. کەوایـە کوردسـتان دیسـان لەتوانایـدا هەیە ئەگە ڕۆژی خۆی هات جارێکی دیکە ببووژێتەوە و بێتەوە مەیدان و نەقشی خۆی یـاری بکـا. ئەمن پێم بـاش نیـە ئێمـە لەسەر نەخشی کوردستان موبالغە بکەین و بڵێین ئێران لە کوردسـتانەوە ئـازاد دەبـێ. ئەمە شوعارێکی زێدەڕۆیانەیـە. ئێـران لـە ئێرانـەوە یـان ئەگـەر جێیـەک دابنێـین، لـە تـارانـەوە ڕزگـار دەبـێ. بـەڵام پێم وایـە ئـەو پـارچـە زەمینـەی پێـی دەڵـێن کوردستان هێندی هەموو پارچە زەمینەکی بەقەدەر خۆی لە شوێنەکانی دیکەی ئێـران و بگـرە زیـاتریش لـە هـەر ڕاپـەڕین و شۆڕشێکدا کە لە ئیران هەڵگیرسێ، نەخش یـاری دەکـا.

پرسیار: هەمیشە لە ساڵیادی شۆڕشدا ئەو پرسیارە دەکرێ کە بەڕاستی کورد توانیوێتی لـە شۆڕشـی سـاڵی ٥٧ ئیستفادە بکـا یـان کورد بۆخۆی نەیتوانیوە کێشە نێوخۆیەکانی کورد نەیتوانیوە بەراستی؟

وەڵام: ئێمە هەست بە بریـنی خۆمان دەکەین و سروشتییشە، بۆیە پێمان وایە خەڵکی دیکە لە هیچیان کەم نیە. ڕاستە

ئێمە ئیختلافاتمەن زۆرە زۆر عەیبمان هەن، بەڵام کام لە هیزە سیاسییەکانی ئێران، کام لە هیزە سیاسییەکانی دیکەی کورد لە ئێمە کەم خیلافترن و پتر لەمەیداندان و حزووریان زۆرترە؟ کەوایە لەو بارەیەشەوە وەک کورد دەڵێ لە چاو شەلان پەیتین. (ڕەنگە پەیتەکە لە پەیکەوە هاتبێ). ئێستاش کوردستان لە هەمووان باشترە، بۆ ئێمە هێندە بە عەینەکی ڕەش تەماشای کوردستان بکەین؟ خۆ لەو بارەیەوە کە ئەوە غەمی خۆمانە حەقمانە گلەیی لە تەک تەکمان بکەین، لە حیزبەکانمان بکەین تەنانەت گلەیی لە کۆمەڵانی خەڵکیش بکەین. زۆرجار ئێمە هەر بەسەری حیزبەکاندا دەدەین و کۆمەڵانی خەڵک هەڵداوێرین. نەخەیر ئەوانیش نەقشیان هەیە، ئەوانیش بەسەر حیزبەکاندا دابەش دەبن، ئەوانیش نەقشی خۆیان وەک عاملێکی فشار یاری ناکەن. ساڵی ١٣٥٨ شتێک بە ناوی هەیئەتی نمایەندگیی خەلقی کورد دروست بوو. باوەڕ بکە خەڵک بەزۆری بەسەر حیزبەکانیاندا سەپاند، پیاوماقوولان و نوێنەرانی لە شارەکان ڕا هاتنە دەرێ گوتیان دەبێ ڕێک کەون تا حەدیک لە نەتیجەی تین بۆهینان و ئیسراری خەڵکەکەدا بوو کە ڕێک کەوتن. خەڵک ئێستاش دەتوانن ئەو نەقشە بگێڕن. کە نایکەن، ئەوانیش گلەییان لەسەرە.

پرسیار: ئێوە پێتانوایە ئەگەر شەڕایتێکی وا بێتە پێشێ ئێمە دەتوانین ئیستفادەی لێ بکەین؟

وەڵام: ئەمن پێم وایە ئیستا لەگەڵ هەموو کەموکوڕییەکان، لەگەڵ هەموو دووروییەکانمان لە مەیدانە ئەسڵییەکە ئەوەی پێیان دەڵێن ئەحزابی سیاسی ئوپۆزیسیونی کوردی دەوری خۆیان هەیە، پێگەی خۆیان هەیە و بێ ئەدەبی نابێ ئەگەر بڵێین دیسان نوقتەی ئومێدی خەڵکن.

پرسیار: مامۆستا زۆر سپاس بۆ ئەو دەرفەتەی پێت داین. ئەگەر لە پێوەندی لەگەڵ شۆڕشی داهاتووی ئێران و کوردستان شتێکی نەگوتراو هەیە باسی بکەن؟

شتی نەگوتراو لەوانەیە زۆر بێ بەڵام ئەوەی دەمەوێ بیڵێم هەر ئەوەیە کە حەز ناکەم ئەوەندە بە بەدبینییەوە لەخۆمان بڕوانین، ئەوەندە سەرکۆنەی خۆمان بکەین، دەبێ لە هەموو کەس زیاتر کەم و کۆڕییەکانمان ببینین، چونکە ئەگەر نەیانبینین ناتوانین چارەسەریان بکەین بەڵام نابێ کەموکوڕییەکانمان ببنە باعسی نائومێدیمان.

(لە ژمارەی ٧٢٠ی"کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٠ی فێبریوێری ٢٠١٨

ئاگری ڕۆژهەڵاتی:

حیزبەکانی کوردستانی ئێران دەبێ هەوڵ بۆ پەیماننامەی نیشتمانیی پاراستنی ئاو بدەن

دیمانە

(یەک لە قەیرانە هەرە سەرەکییەکانی ئێستای ئێران، قەیرانی ئاوە. ئێران لە ڕیزی ئەو ٢٤ وڵاتە دایە کە بارودۆخی ئاو تێیاندا مەترسیدارە و کارناسانی ئەو بوارە دەڵێن هۆکارەکەی بۆ پلان و بەرنامەی چەوتی بەڕێوەبەریی کۆماری ئیسلامی دەگەڕێتەوە. عیسا کەلانتەر، سەرۆکی ڕێکخراوی ژینگەی ئێران کە لە دەیەی ٧٠ دا وەزیری کشتوکاڵی ئێران بوو، قەیرانی ئاو لە ئێرانی بە هەڕەشەیەکی گەورەتر لە مەترسییەکانی ئیسرائیل ناو بردبوو.

کوردستان لە ڕووی سەرچاوەکانی ئاوەوە ڕیزبەندییەکی باشتری لە چاو ناوچەکانی دیکەی ئێران هەیە و ئەوەش بووەتە چەقی بەرنامە سیاسی و ئەمنیەتییەکانی ئێران بۆ گلدانەوە و گواستنەوەی ئاوی کوردستان بۆ پارێزگاکانی دیکەی ئێران، دۆخێک کە مەترسی ئەمنیەتی و ژینگەیی زۆری لەسەر کوردستان دروست کردوە.

لەو پێوەندییەدا و بۆ تاوتوێی زیاتری ئەو بابەتە »کوردستان» وتووێژێکی لەگەڵ ئاگری ڕۆژهەڵاتی، چاوەدێری سیاسی پێک هێناوە:

پرسیار: بەڕێز ئاگری با باسەکەمان بەو پرسیارە دەست پێبکەین ئەوەی دەگوترێ سەدەی بەردەممان سەدەی قەیرانی ئاوە، ڕاستە؟ لە بنیڕا خۆی قەیرانی ئاو یانی چی؟

وەڵام: ئاو بنەمای ژیانە و ئەوە واتە ئاو ژینگەیە، ئاو پیشەیە و کشتوکاڵە، ئاو گەشە و تەناهیی خۆراکە. ئەگەر بەو ڕوانگەیەوە سەیری ئاو بکەین، کاتێک دەگوترێ قەیرانی ئاو واتە کەمبوونی ئاو لە ژیانی مرۆڤدا، بە هۆی ئەوەی زۆر ڕەهەندی ژیانی مرۆڤ گرێ دراوەتەوە بە ئاو کە وایە ئەو کەمبوونە لە ژیانی ئاسایی تاک و دواتریش لە کۆمەڵگەدا قەیرانی بەرینی چەند ڕەهەندی دەنێتەوە. کەمیی ئاو لە ڕووی جوغرافیاییەوە سنووردارە بەڵام قەیرانی ئاو، قەیرانێکی جیهانییە چونکی ئەو قەیرانە دەتوانێ هۆکاری گۆڕینی دیمۆگرافی، کۆچی بە کۆمەڵ، پەرەسەندنی برسێتی و بەرینبوونی

تونـدوتیژی بـێ. کە وایە کەمیـی ئـاو تـایبەت بە هەمـوو جیهـان نـیە، بەڵام قەیرانـی ئـاو کە درهاویشـتەکانی ئەو کەم ئاوییەیە پرسێکی جیهانییە و چاوەڕوان دەکرێ ئەو پرسە و بە گشتی قەیرانی ژینگە لە سەدەی داهـاتوودا بەتـایبەتی لە نیوەی دووهەمی سەدەی دادێ کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی تووشی قەیرانی قورس و ئاستەم بکا.

پرسیار: هۆکارەکانی قەیرانی ئاو لە وڵاتی ئێران کامانەن؟

وەڵام: ئەوە قەیرانێک رووەدا، چەندین هۆکار و ڕەهەندی هەیە. قەیرانی ئاو لە ئێستادا دەبێ وەک "هەرەقەیران"سەیری بکەیـن، چـون هەم هۆکارەکـانی بەرفـراوانن و هەم چارەسـەری ئاستەمە و هەمیش کـاردانەوەی ئەو قەیـرانە لە سـەر ژیـانی کۆمەڵگە چەند ڕەهەندی و قـورس و بەرفروانە. بە گشتی قەیرانی ئاو لە ئیران دەکرێ ئەو هۆکارە سەرەکییانەی بۆ بێنینە گۆرێ:

١- ژینگە، ژینگەی ئێران ژینگەیەکەی کەم ئاوە و وشکەڕۆیە.
٢- کەش و هەوا، ئالوگۆری کەش و هەوای ئیقلیم وای کردووە ئێران تووشی کەمیی بەفر و باران ببێ.

٣- گەشەی ئێران، گەشەیەکی ناوەندتەوەرە، بەو مانایە کە لە پیشە و کشتوکاڵەوە، هەتا توریسم و... هەمووی لە ناوەنـد چڕکـراوەتەوە؛ ئەوە لە کاتێکـدایە کە ناوەنـد لە ڕووی بنیـاتی ئـاوەوە توانـای هەڵگرتنـی ئەو گەشـەیەی نـیە، و دیـارە قورسـایی گەشەی ناوەندتەوەریش بنیـاتی ئـاوی ناوەنـدی تێکشکاندووە؛ بە هـۆی ئەوەش کە لە سیاسـەتی ئێرانـدا ناوەنـد پێگەی دەسەڵاتداریـیە ئەو قەیرانە ناڕاستەوخۆ هەموو ئیرانی گرتۆتەوە و بە ڕاکێشانی ئاوی ناوچە جیاوازەکان بەتـایبەتی ئاوی کوردستان بۆ ناوەند وای لێهاتووە کە بنیاتی ئاوی ناوچە جیاوازەکانی ئێرانیش تێک بشکێت یان چـاوەڕوان دەکـرێ لە داهاتوودا تێکبشێ بـۆ وێـنە ئەحواز خـۆی ئـاوی زۆری هەیە بەڵام بە ڕاکێشـانی بـۆ ناوەنـد بنیـاتی ئـاوییەکەی تێکشکاوە و قەیرانی بێئاوی ئەوێشی گرتۆتەوە.

٤- گەندەڵیی پێکهاتەمەند، پێکهاتەی ئابووری و ئیداریی ئێران تووشی گەندەڵیی سیستماتیک و پێکهاتەمەند بـووە و ئەو گەندەڵییەش لە هەموو قەیرانیەکانی ئێراندا بوونی هەیە.

٥- سیاسـەتی هەنـاردەکردنی شۆرشی ئیسلامی_ئێرانـی، ڕێـژیم سـەربەخۆیی وەک پەیوەنـدی نەگـرتن بە کۆمەڵگەی جیهـانی دەبینێ و هاوکات لەگەڵ ئەوەش لە ڕووی سیاسییەوە بەردەوام خەریکی قەیران و ئاژاوەنـانەوەیە لە وڵاتـانی ئیسلامیدا. لە

٤٠ ساڵی ڕابردوودا، سیاسەتی ناوچەیی و تەنانەت جیهانییشی لە سەربناغەی هەناردەکردنی شۆرشی ئیسلامی - ئێرانیدا بووە، لە ڕووی ئابووریيەوە لەو باوەڕە دایە کە دەبێ ئابووریی ئێران بە گشتی و تەناهیی خۆراک بەتایبەتی تەنیا لەسەر بناغەی نێوخۆی دامەزرێ و کەمترین پەیوەندیی دەرەکیی دووڵایەنەی هەبێ، هەر بۆیەش لە زۆر ڕووەوە بەتایبەتی بۆ دابینکردنی "تەناهیی خۆراک" زەختی لە ڕادەبەدەری خستۆتە سەر بنیاتی ژینگە و ئاوی ئێران و ئەوەش وای کردووە ئەو بنیاتە تێکبروخێ.

٦- کولتووری بەکارهێنانی ئاو، موحسین ڕێنانی، ئابووریزانی ئێرانی پێی وایە نەوت وەک بەرتیلی خەڵک دراوەتە دەست حکوومەت و لە بەرانبەردا ئاویش وەک بەرتیلی حکوومەت دراوەتە دەست خەڵک و ئەوەش وای کردووە کە هەم داهاتی نەوت نابەجێ بەکاربهێندرێ و هەم ئاو لە ڕادەبەدەر کەڵکی لێوەردەگرێ.

٧- نەبوونی یاسا بۆ دەسەڵاتدارەتیی ئاو لە ئێران، ئێران لە ڕووی دەقی یاسا و جێبەجێکاری یاسا کێشەی پێکهاتەیی و گەورەی هەیە ئەو کێشەیە لە قەیرانی ئاویشدا ڕەنگی داوەتەوە.

٨- حەشیمەت، زۆربوونی ڕێژەی حەشیمەتی ئێرانیش هۆکارێکی دیکەی ئەو قەیرانەیە.

٩- ڕوانگەی چەوت، هەڵەی ڕوانین لەسەر چۆنیەتیی بەکارهێنانی ئاو لە نێو کۆمەڵگەدا.

پرسیار: یەکێک لەو پرۆژانەی لە ئێراندا ئێستا زۆر بە لێبڕاوی کاری لەسەر دەکەن، بەنداوسازییە. چۆنە لە حاڵێکدا لە دنیا بەنداوەکان دەڕووخێنن، لە ئێران بەنداوسازی بەو بەربڵاوییە هەیە؟

وەڵام: بەنداوسازی خۆی لەخۆیدا نە هەڵەیە و نە شانازی، بەڵکوو بەنداوسازی شیوازێکە بۆ ئیدارەکردنی دەسەڵاتدارەتیی ئاو و شێوازێکی کۆنیشە و ڕەنگە ئێمە کوردەکان یەکێ لە کۆنترین نەتەوەکان بین کە بەنداومان سازکردووە. کۆنترین بەنداوەکان لە دەسەڵاتدارەتیی عیلامییەکاندا دۆزراوەتەوە، بەڵام گەندەڵیی ئابووری و پاوانبوونی بەندئاوسازی لەدەست سپای پاسدارانداوای کردووە کە بەندئاوسازکردنیش وەک باقی بوارەکانیتر خۆی قەیران دروست بکا.

پرسیار: بارودۆخی ئاو لە کوردستانی ئێران چۆنە؟ ئایا قەیرانی ئاو، ناوچەی پڕئاوی وەک کوردستانیش دەگرێتەوە؟

وەڵام: هەر ئێستا کوردستان لەسەر سنووری قەیرانە، بەڵام ئەوەی کە مەترسیی گەورە دەخاتە سەر کوردستان باسی

ڕاکێشانی بەلێشاوی ئاوی شیرینی کوردستان بۆ ناوچەکانی دەرەوەی کوردستانە بێگومان ئەو ڕاکێشانە ئەگەر بەری پێ نەگیردرێ دەبێتە هۆکار بۆ تێکروخانی بنیاتی ئاویی کوردستانیش و ئەو ناوچەیەش لە ڕووی جوگرافیاوە تووشی کەم ئاوی و قەیرانەکانی دوای کەم ئاوی دێ.

پرسیار: وەک دەگوترێ تەنیا لە بناری زاگرۆس زیاتر لە ٦٠ بەنداو لێ دراوە. هۆکارەکانی لێدانی ئەو هەمووە بەنداوە چییە؟ زەرەر و قازانجەکانی چین؟

وەڵام: هیچ دەقێکی فەرمی لەلایەن حکوومەتەوە بڵاونەکراوەتەوە کە بۆ ئەو هەموو بەندئاوە لێ دراوە. بەڵام بە پێی ئەوەی لە پاڵ هەر بەندئاوێکی مامناوەنجی و بچوکیش ڕەهۆلێک بۆ ڕاکێشانی ئاوەکەی ڕایەڵ کراوە، و بە پێی ئەوەی کە پارێزگاری زۆربەی پارێزگاکانی کوردستانیش ڕایانگەیاندووە کە "بەشەئاو"ی کشتوکاڵ هەر ئەو بەشە ئاویە کە پێش بەندئاوەکان بووە، کەوایە ئەو بندئاوانە بۆ ئەوە لێدراون کە ئاوەکەیان بۆ ناوەندی ئێران ڕاکێشرێ.

پرسیار: ئایا ئەو بەندئاوانە لە ڕووی گەشەسەندنی ئابووری و کەرتی گەشتیاری و ئاوەدانکردنەوە خزمەتی بە کوردستان و ژینگەی کوردستان کردوە؟

وەڵام: باس لە بەهرەلاوەکییەکان ناکەم، بۆ وێنە بەندئاوێک ببێتە هۆی ئەوەی چوارکەسی خەڵکی شارەکە بچن لەوێ کەیک و نوشابە بفرۆشن، بەڵام وەک ستراتژیی ئابووری و وەک گەڵاڵەی حکوومەتی نەخێر. واتە هیچ کارێک نەکراوە کە دەرخەری ئەوە بێ کە بندئاوەکان دەبنە هۆکار بۆ گەشەی ئابووری بەتایبەتی لە کەرتی گەشتیاریدا. سەرەڕایی ئەوەش لێدانی ڕەهۆلی گەورە بۆ ڕاگواستنی ئاو وای کردووە کە بنیاتی ژینگەی کوردستان تووشی قەیرانی گەورە ببێ.

وەک پێشتریش باسم کرد بەشە ئاوی کوردستان بۆ کشتوکال هەمان بەشە ئاوە کە لە پێش لێدانی بەندئاوەکان هەبووە. لێدانی ڕەهۆڵەکانیش بۆ ڕاگواستی ئاو بنیاتی ژینگەی بەتایبەتی دارستانەکانی لەنێو بردووە. دواتر باس لە بەشە ئاوی ژینگەیە. دەزگاکانی ڕێژیم لە ناوچە فارسەکان هیچ بەشە ئاوێکیان بۆ ژینگە دانەناوە، ئەوە لە کاتێکدایە کە بە پێی زانستی بەلانیکەمەوە ئاو، دەبێت حەتمن ٦٠% ئاوی هەرێمێکی ژینگەیی بۆ ژینگە دەرخان بکرێ. ئەو بەشەئاوەش بۆ ژینگە تەرخان نەکراوە و وای کردووە کە بنیاتی ژینگەی ناوچە فارسەکان تێکبڕووخێ و ئەگەر هەمان سیاسەت لە کوردستان بگرنە بەر گومانی تێدا نیە کە لە ٥ هەتا ١٠ ساڵ پاش ڕاکێشانی ئاوی کوردستان بونیاتی ژینگەی کوردستانیش تێک دەڕوخێ.

پرسیار: وەک ئاگادارن ئێران کۆمەڵە بەنداوێکی لەسەر ئەو ئاو و چەمانە دروست کردوە کە دەڕژێنە باشووری کوردستانەوە، ئەویش لە کاتێکدا بۆ نموونە لێدانی بەنداوی ئەتاتورک لە تورکیە زیانێکی زۆری بە ژینگەی ئێران گەیاند. ئەوە خۆی لە خۆیدا مانای ئەوەیە کە دەوڵەتان شەڕی سیاسیی خۆیان بە ژینگە دەکەن؟ زیانەکانی بەردەوامیی ئەو شەڕە چین؟

وەڵام: کۆماری ئیسلامی لەگەڵ سێ وڵاتی ئێراق، تورکیە و ئەفغانستان، کێشەی ئاوی هەیە و ئەوان ئێستا بە دانانی عەباس عراقچی، وەک سەرۆکی ژووری "هیدرۆپۆلێتیک" دەیانەوێ ئەو کێشانە بە قازانجی خۆیان چارەسەر بکەن.

بەڵام لەسەر شەڕی ژینگە من پێم وایە بە پێچەوانەی ڕوانینی زاڵی نێو ڕۆژئاوایی ئاسیا قەیرانەکانی ژینگە لەو ناوچەیە لە درێژخایەندا ڕێژیمەکان ناچار دەکا لەگەڵ یەک ئاشت ببنەوە؛ چونکی قەیرانی ژینگەی ئەو ناوچەیە قەیرانێکی چەند ڕەهەندییەوە و داوێنی هەموو وڵاتانی ئەو ناوچەیەی گرتۆتەوە. بەڵام ڕاستە لە ئێستادا هەست دەکرێ کۆماری ئیسلامی بیر لەوە بکاتەوە کە ئاو وەک چەکێک دژی باشوورییەکان بەکار بێنێ و هەتا ئێستاش هەست دەکرێ کە باشوورییەکان بایەخێکیان بەو مەترسییە نەداوە.

پرسیار: ئێران پێشی بەو ئاوانە گرتوە کە دەڕژێتە وڵاتانی دراوسێ، بۆ نموونە ئاوی سیروان و زێی بچووک. ئایا بووە لە شوێنی دی کە پێش بەو ئاوانە گیرابێ کە دەڕژێنە وڵاتی ئێرانەوە؟

وەڵام: بەڵێ هەمان کێشە کە ئێستا باشوور لەگەڵ ئێران هەیەتی، ئێران خۆی لەگەڵ ئەفغانستان هەیەتی. بەڵام لە مێژوودا دو جار کێشەی ئاو بۆتە هۆی ئەوەی ئیران و ئەفغانستان ڕێککەوتن ببەستن؛ بەڵام هیچ ڕێککەوتنێک لە نێوان عێراق و ئێران یان باشووری کوردستان و ئێراندا نیە. بۆیەش چاوەڕوان دەکرێ کێشەکەی نێوان ئەوان ئالۆزتر ببێ.

پرسیار: بە گشتی قەیرانی ئاو لە ئێران و کوردستان چ سیاسی بێ، چ لە سۆنگەی بەڕێوەبەریی چەوت و هەڵە بێ؛ ڕەفتار و تەعاملی کورد لەگەڵ ئەو پرسە دەبێ چۆن بێ؟

وەڵام: من لێرەدا تەنیا ڕستەیەک دەڵێم، ئەوەش ئەوەیە کە لایەنە سیاسییەکانی کورد دەبێ، گەڵاڵەیەک بۆ پاراستنی ژینگە و ئاوی کوردستان ئامادە بکەن. دەکرێ ناوی بنێن پەیماننامەی نیشتمانیی پاراستنی ئاوی کوردستان و دەبێ هەموویان ئیمزای بکەن و هەر چەشنە پەیوەندی و چالاکیی سیاسی، تەبلیغی و... کە هەیانە لە ژێر نیسێ ئەو پەیماننامەیە دابێ، دەشزانم هەمووتان بەو پێشنیارە پێدەکەنن! بەڵام ئەو بابەتە یەکجار گرینگە.

(لە ژمارەی ٧٢٣ی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٦ی ئەپریلی ٢٠١٨

کۆماری ئیسلامیی ئێران ئەو نیزامە سیاسییە نییە کە بە پێخۆشبوونی خۆی بەرەو کرانەوە بچێ

دیمانە: شەونم هەمزەیی

(کورد لە ئێران بە نەتەوەیەکی مافخواز دەناسرێ، هەر ئەو مافخوازبوونە و سووربوون لە خەبات دەرخەری ئەوەیە کە مافەکانی بەبەردەوامی پێشێل کراون و نەهاتوونەتە دی. کورد وەک پێکهاتەیەک لە ئێران لە چاخی نوێشدا پتر لە دەیان ساڵە بۆ گەیشتن بە مافە نەتەوەیی و مەدەنییەکانی خەبات دەکا، بەڵام زۆربەی زۆری ئەو مافانە بەهۆی سیاسەتی سەرکوت و زەبروزەنگی حوکمەتە دیکتاتۆرەکان وەدی نەهاتوون و پێخوست کراون؛ بەڵام پێ بەپێی ئەوەش خەڵکی کورد کۆڵی نەداوە و ڕازی بەو قەدەرە نەبووە و لەسەر خەباتی مافخوازیی خۆی بەردەوام بووە. پرسی مافی مرۆڤ و سیاسەتکردن لەسەر ئەو بابەتە بۆ گرینگە؟ حیزبەکان چۆن لەسەر ئەو بابەتە سیاسەت دەکەن؟ دواییین هەڵسەنگاندنەکان بۆ ڕەهەندە جۆراوجۆرەکانی پێشێلکرانی مافی مرۆڤ لە کوردستان چین.
«کوردستان» ئەو بابەتەی لەگەڵ عەلی بداغی، بەرپرسی ناوەندی مافی مرۆڤ بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان تاوتوێ کردوە:)

شەونم هەمزەیی: با بە پێناسەیەکی ناوەندی مافی مرۆڤی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەست پێبکەین. ئەو ناوەندە کەی دامەزراوە و کارەکانی چین؟

عەلی بداغی: ناوەندی مافی مرۆڤ بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان، دامەزراوەیەکی تایبەت بە چالاکی لە بەستێنی مافی مرۆڤە کە لەلایەن کۆمەڵێک چالاکی سیاسی و چالاکانی بواری مافەکانی مرۆڤ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەڕێوە دەبرێ.

ئەو دامەزراوەیە بە سەرنجدان بە پێشێلکردنی سیستماتیکی مافی مرۆڤ لە کوردستانی ئێران هەوڵ دەدا تریبوونی لەقاودانی پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لە کوردستان و هەروەها سەکۆی فێرکردنی بنەماکانی مافی مرۆڤ و پەرەپێدانی

کلتووری مافی مرۆڤ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بێ. بڵاوکردنەوەی هەواڵ و زانیاری، هەڵوێست لە بەرامبەر ڕووداوەکان، دانەوەی ڕاپۆرت بە ناوەندە جیهانییەکانی داکۆکی لە مافی مرۆڤ و ئۆرگانە نێونەتەوەییەکان، بڵاوکردنەوەی وتار، وتووێژ و ئامادەکردنی ڕاپۆرت لە پێوەندی لەگەڵ بارودۆخی چالاکان و زیندانیانی سیاسی و مەدەنی، منداڵان، ژنان، کرێکاران و هتد بەشێکی دیکە لە چالاکی و پڕۆژە کارییەکانی ئێمە پێک دێنن.

شەونم هەمزەیی: ئێوە کادرێکی ڕێبەریی حیزبی دێموکراتن و بەو پێیە ئەو ناوەندە دەبێ لە حیزبی دێموکرات نیزیک بێ. حیزبی دێموکرات چۆن دەڕوانێتە پرسی مافی مرۆڤ و چۆنی سیاسەت لەسەر دەکا؟

عەلی بداغی: ئەمڕۆکە پرسی مافی مرۆڤ وەک یەکێک لە پارامێترەکان لە سیاسەتی نێودەوڵەتیدا دەوری کاریگەر دەبینێ و تەنانەت دەبینین کە لە هەندێ حاڵەتدا پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە لەلایەن حکوومەتە دیکتاتۆرەکانەوە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییشی بۆ دەخالەتی ئینسانی هان داوە.

کۆماری ئیسلامیی ئێران هەر لە سەرەتای دامەزرانییەوە تا ئێستا بە شێوەی سیستماتیک مافی خەڵکی ئێران و بە تایبەت مافی نەتەوەکانی ئێران و یەک لەوان نەتەوەی کوردی پێشێل کردوە و ئەو پێشێلکردنانە لە هەموو بوارە و بەستینە سیاسی، مەدەنی، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی و ئابووری و ئایینیدا بەرهەست و زەق و بەرچاون.

لە لایەکی دیکەوە لەمێژ ساڵە کە گوتار و یەکێک لە پەیامە سەرەکییەکانی ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی، بە تایبەت حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ کۆمەڵگەی جیهانی ئەوەیە کە کێشەکانی خۆیان لە گەڵ کۆماری ئیسلامی تەنیا لە خانەی سیاسەتی دەرەکی و هەوڵەکانی ڕێژیم بۆ دەسڕاگەیشتن بە چەکی ئەتومی و قەیران خوڵقێنییەکانی لە ناوچەدا قەتیس نەکەنەوە، چونکە گرینگتر لەو بابەتە پێشێلکردنی مافی مرۆڤە کە بە شێوەی ڕەها و سیستماتیک و دوور لە ڕەخنەی جیدیی کۆمەڵگای جیهانی پیادە دەکرێ.

حیزبی دێموکراتی کوردستان یەکێک لەو لایەنانەی ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامییە کە لە هەموو ئەو هەل و تریبوون و دەرفەتانەی دەستی دەکەوێ، بۆ لەقاودانی پێشێلکاریی مافی مرۆڤ لە ئێران هەوڵی داوە. دامەزراندنی «ناوەندی مافی مرۆڤ بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان»یش بۆ ئەو ئامانجە بووە هەتا بە شێوەیەکی سیستماتیک و بەبەرنامە بۆ ئەو مەبەستە تێکۆشانی هەبێ.

شەونم هەمزەیی: ئێوە چەند ڕۆژ پێش ئێستا ڕاپۆرتی وەرزی بەهاری ناوەندەکەتان بڵاوکردەوە کە دێکۆمینتێک بوو لەسەر حاڵەتەکانی پێشێلکرانی مافی مرۆڤ لە سەرەتای ئەمساڵەوە تا ئێستا. دەکرێ هەندێ وردەکاریی ئەو ڕاپۆرت و دێکۆمینتەمان بۆ باس بکەن؟

عەلی بداغی: پێش هەموو شتێک دەبێ بڵێم کە پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان سیستماتیکە. لە ماوەی ٤٠ ساڵی ڕابردوودا مافی خەڵکی کوردستان، چ مافە سیاسی و مەدەنییەکانیان، چ مافە کولتوورییەکانیان، چ مافە نەتەوەیی و چ مافە ژینگەیی و زمانی و بە گشتی لە هەموو ڕەهەندەکانەوە مافی کورد لە ئێران پێشێل دەکرێ. ئەو پێشێلکارییە هەم سیستماتیکە و هەم ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ. لە ڕێگری لە خوێندن بە زمانی دایک، بە زمانی زگماکەوە بگرە هەتا دەگاتە پەراوێزخرانی کوردستان لە گەشە و پەرەسەندن، لە بەشداری پێنەکردنیان، لە بێبەشکردنیان لە ئیدارەکردنی شار و ناوچەکانی خۆیان ڕا بگرە هەتا دەگاتە بەتاڵانبردنی سەرچاوە سروشتییەکانیان کە لە ئێستادا ڕەنگبێ گرینگترینی ئەوانە بەتاڵانبردنی «ئاوی» کوردستان بێ. لە ئاگردانی دارستانەکانی ڕابرە هەتا دەگاتە بەرگرتن بە چالاکی و جموجۆڵە فەرهەنگییەکان. جا ئەوەی ئێمە لە ڕاپۆرتەکانی ناوەندەکەماندا بە دێکۆمێنتی دەکەین پتر لایەنی زبری پێشێلکردنی مافی مرۆڤە لە کوردستان بەهۆی دەزگای قەزایی و دامودەزگا سیاسی و ئەمنیەتییەکانی کۆماری ئیسلامییە.

نوێترین ڕاپۆرتی ئێمە دەڵێ کە لە ماوەی سێ مانگی بەهاری ئەمساڵیشدا سەدان حاڵەتی پێشێلکرانی مافی مرۆڤ تۆمار کراوە کە لە چەند بەشی کۆڵبەرکوژی، ڕەشبگیر و گرتنەکان، تەقینەوەی مین، ئێعدام، خۆکوژی و ڕووداوەکانی کاردا پۆلێن کراون.

شەونم هەمزەیی: ئەمن چاوم بە وردەکاریی ڕاپۆرتەکە کەوتووە و ئەوەی بەدیم کرد ژمارەی زۆری گرتنەکان و حوکمدانەکان لە کوردستان بوو؟ ئایا ئەوە هۆکارێکی تایبەتیی هەیە؟

عەلی بداغی: بەڵێ هەر چاوخشاندنێکی کورت بەو ڕاپۆرتە و ڕۆژانە بەدواداچوون بۆ دەنگ و باس و مانشێتی هەواڵەکان پێمان دەڵێ کەشی سیاسی لە کوردستان لە چاو ناوچەکانی دیکەی ئێران ناوچەیەکی جیاوازە. لەو بەشە لە ئێران کارکردی دەزگای قەزایی و ناوەندە ئەمنیەتییەکان زۆر جیاوازە و بە گشتی تێچووی چالاکیی سیاسی لە کوردستان یەکجار لەسەرێیە.

وەک بۆ خۆت باست کرد هەر لە بابەت بەندکرانی چالاکە سیاسی و مەدەنییەکانیدا زۆرترین کەسیان لە بەندیخانەکان پەستاوتوە. باسەکە ئەوەیە کە ڕۆژنامەنووس و چالاکی کرێکاری و هەڵسوورە مەدەنییەکان لە کوردستان نەک لەسەر

کەیسێکی سینفی؛ بەڵکوو بە تۆمەتی ئەمنیەتی دەگیرێن و؛ بەندکراوە سیاسییەکانیش قورسترین حوکمیان لە دەزگای قەزاییدا بەسەردا دەسەپێ کە زۆربەی جاران دوورخرانەوە بۆ شار و ناوچە هەرە دوورەکان لە کوردستان وەک کەرەج و زاهیدان و مینابی لەگەڵە.

ئێمە دەبینین بۆ تاوانی وەک یەک لە ئێران سزای وەک یەک لە کوردستان دیاری ناکرێ و هۆکاری ئەوەش هەر بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کوردستان کەیسێکی ئەمنیەتییە بۆ کۆماری ئیسلامی. کوردستان لە ڕوانگەی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی سەری مارەکەیە و دەبێ پان بکرێتەوە، بۆیەش دەبینین تێچووی چالاکیی سیاسی، مەدەنی و هەڵسووڕانی کۆمەڵایەتی لە کوردستان لە چاو ناوچەکانی دیکە زۆر لەسەرێیە، بەڵام با ئەوەش بڵێم کە ئەوانە هیچیان کۆڵیان بە ڕوحی بەربەرەکانی و تێکۆشان لە کوردستان نەداوە.

شەونم هەمزەیی: ئەوانەی گیراون بە تاوانی سیاسی بەند کراون و حوکم دراون؟

عەلی بداغی: نەخێر هەتا ئێستاش دەزگای قەزایی کۆماری ئیسلامی تاوانی سیاسیی پێناسە نەکردوە و زیندانیانی سیاسیی کورد هەمووی بە تۆمەتی چالاکیی ئەمنیەتی دەگیرێن و حوکم دەدرێن. وەک باسم کرد دوای ٤٠ ساڵ لە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی ئێستاش «تاوانی سیاسی» لەو وڵاتە پێناسە نەکراوە و لە ڕاستیدا ئەوەش دەستی ئاوەڵا کردوە بۆ ئەوەی چی نەیار و دژبەر و ڕەخنەگر و ئۆپۆزیسیۆن هەیە لەو وڵاتەدا، تاوان «هەوڵدان بە دژی ئەمنیەتی وڵات»یان بدرێتە پاڵ و؛ سزای قورسیان لەو سۆنگەیەدا بەسەردا بسەپێندرێ. بەمجۆرە کۆماری ئیسلامیی ئێران هەم دژبەران و ڕەخنەگرانی خۆی دەمکوت دەکا و ڕاپێچی سووچی زیندانیان دەکا، هەم بەو پەڕی ڕووهەڵماڵراوی دێ و دەڵێ وڵاتەکەی تاقە یەک زیندانیی سیاسیی نییە!

لە کوردستان ئەو دۆخە بۆ چالاکانی سیاسیی کورد و ڕەخنەگرانی کۆماری ئیسلامی بە جۆرێکی دیکەیە، واتە تێچووی چالاکیی سیاسی و بەرهەڵستکاری...

لەچاو ناوچەکانی دیکەی ئێران گەلێ قورسترە. وەک پێشتریش ئاماژەم پێدا بۆ کاری وەک یەک، سزای وەک یەک نییە و چالاکی سیاسی هەیە لە کوردستان بە تاوانی! ڕومالکردنی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ سزای ١١ ساڵ زیندانیی بەسەردا سەپاوە، بەڵام هەر هەمان کار لە تاران سزاکەی ٦ مانگ بووە. ئەوە جیا لەوەی لە هەموو ئەو ساڵانەدا کوردستان لە ڕووی سەپاندن و جێبەجێکردنی سزای ئێعدام بە سەر زیندانیانی سیاسیدا پشکی شێری بەرکەوتوە، هەروەها لە ڕووی سەپاندنی سزای زیندانیی درێژماوەی ٢٥ ساڵ زیندان تا زیندانی هەتاهەتایی.

شەونم هەمزەیی: بە جۆرێکی دی دێمەوە نێو باسەکە. دەپرسم تاوانی سیاسی یانی چی و زیندانیی سیاسی چ فەرقێکی لەگەڵ زیندانییەکی دیکە هەیە؟

عەلی بداغی: تاوانی سیاسی لە ڕوانگە و بۆچوونی جیاوازەوە لێک دەدرێتەوە، بەڵام لە ئاسانترین تێگەیشتندا تاوانی سیاسیە بریتییە لە هەر جۆرە ڕەفتار و کردەوەیەک کە بە مەبەستی ڕەخنەگرتن لە سیستمی بەڕیوەبەریی وڵات لە دژی حاکمییەت دەکرێ و مەبەستی سەرەکیش لەو کردەوە و چالاکییە، بە ناڕەوا نیشاندانی ڕەفتار و بڕیار و ڕێوشوێنەکانی دەسەڵات و نیزامی بەڕێوەبەریی وڵاتە، ئەویش بە مەبەستی گۆڕان.

ئەو ڕەفتار و کردەوانەدا لە نووسینی وتار و بڵاوکردنەوەیان لە میدیا گشتییەکان، کۆڕ و کۆبوونەوە پێکهێنان و وەرێ خستنی خۆپیشاندان و سمینارگرتندا دەردەکەون و مەبەستی سەرەکیی هەموو ئەو کردارانەش ڕەخنەگرتن و دژایەتیکردنی نیزام و سیستمی بەڕێوەبەریی وڵاتە. هەر بەو پێیەش جیاوازیی تاوانبارێکی سیاسی لەگەڵ تاوانبارێکی ئاسایی لێرەدا دەردەکەوێ کە تاوانباری سیاسی ئارمانجخوازە و لە پێناو بەرژەوەندیی گشتیی کۆمەڵگە و وڵاتدا بە ئەنجامدانی کردەوەیەکی ناقانوونی تاوانبار کراوە، بەڵام تاوانبارێکی ئاسایی تەنیا لە بەرژەوەندیی تاکی خۆیدا دەستی بۆ تاوانێک درێژ کردوە. تاوانباری سیاسی بەو بیروباوەڕەی کە هەیەتی خۆی فیدای کۆمەڵگە و بەرژەوەندییە گشتییەکانی کۆمەڵگەکەی دەکا، بەڵام تاوانباری ئاسایی بە پیچەوانە پڕەنسیپەکانی کۆمەڵگە و بەرژەوەندییە گشتییەکانی کۆمەڵگەکەی فیدای بەرژەوەندیی خۆی دەکا.

هەر لەو سۆنگەیەشەوە لە زۆربەی وڵاتانی دنیا کۆمەڵە ئیمتیاز و مافێکی تایبەت بۆ زیندانییانی سیاسی لە بەرچاو گیراوە. بۆ وێنە بەر لە هەموو شتێک ڕێزی تایبەتیان لێ دەگیرێ و، ویڕای پاراستنی کەرامەتیان لە گیراو و تاوانبارە ئاساییەکان جیا دەکرێنەوە و کۆمەڵە مافێکی تایبەت وەک دەست پێڕاگەیشتن بە زانیاری و شوێنی ڕاگیرانی ستانداردیان بۆ دابین دەکرێ.

بەڵام لە کۆماری ئیسلامیی ئێراندا ڕاست پێچەوانەی ئەوە لە گەڵ تاوانبارانی سیاسی هەڵسوکەوت دەکرێ. تاوانبارانی سیاسی تۆمەتی ئەمنیەتییان دەدرێتە پاڵ و دوای ئەشکەنجە کرانێکی زۆر، لە ژووڕە تاکەکەسییەکانیان دەپەستێون و لە ژێر ناوی ڕیزە ئیدیعایەکی لیڵ و نادیاری وەک، هەوڵدان بۆ ڕووخاندنی نیزام و دژایەتیکردنی خودا سزای قورسی زیندانی درێژ ماوە و تەنانەت ئێعدامیان بە سەردا دەسەپێندرێ.

شەونم هەمزەیی: باشە ئەوە کە تاوانی سیاسی لە ئێران کاری پێ ناکرێ چ لە مەوزووعەکە دەگۆڕێ؟

عەلی بداغی: قسەکە ئەوەیە کاتێک لە وڵاتێکدا و لە سیستمی دادی وڵاتێکدا تاوانی سیاسی پێناسە کرا، ئیدی چالاکانی سیاسی دەزانن کە لە بەرامبەر هەرچەشنە کردەوەیەکدا چ جۆرە سزایەک چاوەڕوانیان دەکا و لەوەش دڵنیان کە جیا لە قازی کە نوێنەر و پارێزەری دەسەڵات و حاکمییەتە، هەیئەتی مونسیفەیەک هەیە کە تەشخیسی تاوان بوون یا نەبوونی کردەوەکەی ئەوان دەدا و دادگاییکردنەکەشیان بە ئاشکرا و لە بەرچاوی میدیاکانە، ئەوە لە هەموو وڵاتە دێموکراتیکەکاندا وایە. بەڵام لە ئێراندا بە هۆی ئەوەی کە تاوانی سیاسی پیناسە نەکراوە، هیچ ڕوون نییە کە کردەوە یان دژکردەوەیەکی سیاسیی چالاکێک بە چ پێودانگێک هەڵ دەسەنگێندرێ و چ جۆرە سزایەکی بۆ دەبڕدرێتەوە. ئەوەش لە جێی خۆی کە هیچ کام لەو دادگاییکردنانەی تاوانبارانی سیاسی بە ئاشکرا بەرێوە ناچن و تەنانەت پێچەوانەی ئەسڵی ١٦٨ی یاسای بنەڕەتیی وڵاتیش هەیئەتی مونسیفەیەک نییە کە تەشخیسی کردەوەکەی ئەو وەک تاوان یان کردارێکی قانوونی بدا و، ئەوە تەنیا دادوەرە کە وەک پارێزەری بەرژەوەندییەکانی دەسەڵات چۆنی پێ خۆش بێ بە گەز و ربەی خۆی دەیپێوێ و حوکمی خۆی دەدا.

بەڵام بۆ دوای ٤٠ ساڵ تاوانی سیاسی کە لە قانوونی بنەڕەتیی وڵاتدا ئاماژەت پێدراوە پێناسە نەکراوە و لە دەزگای دادی کۆماری ئیسلامیدا کاری پێ ناکرێ بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە دەسەلاتبەدەستانی سەرەکیی کۆماری ئیسلامی هەر لە جێدا نایانەوی کە وەها یاسایەک لە ئایینی دادڕەسیی ئێراندا هەبێ، چونکی ئەوان نایانەوێ کە وا پیشان بدەن کە لە نێو نیزامی کۆماری ئیسلامیدا زیندانیی سیاسی هەیە و ژمارەی ئەو زیندانییانەش چەندەن، چونکی لە دنیای ئەورۆدا ژمارەی زیندانییانی سیاسیی لە هەر وڵاتێک دا یەکێک لە پێوەر و پێودانگەکانی ئازاد بوون و دێموکراتیک بوون و دادپەروەر بوونی حاکمییەتی ئەو وڵاتەیە.

شەونم هەمزەیی: بێینە سەر لایەنەکانی دیکەی مافی مرۆڤ کە لە کوردستان پێشێل دەکرێ. مافی مرۆڤ لە کوردستان لە ڕەهەندەکانی دیکەوە چۆن هەڵدەسەنگێنن؟

عەلی بداغی: ئەگەر پێناسەی ئێمە بۆ مافەکانی کورد هەر ئەو پێناسەیە بێ کە لە جارنامەی جیهانیی مافی مرۆڤدا هاتوون و ٧٠ ساڵ لە تەمەنیشی ڕادەبڕێ، بەداخەوە زۆر لەو مافانە بۆ تاک و کۆمەڵی کورد وەدی نەهاتوون. هەڵبەت وەنەبێ لە ئێران تەنیا کوردستان لە زۆر مافە سروشتی و بنەڕەتییەکانی بێبەش بێ، بەڵکوو وەک دەبینین ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئەمڕۆکە بەهۆی ڕەفتارە نەگونجاوەکانی لەگەڵ نۆڕم و بایەخە نێونەتەوەییەکان بە ڕێژیمێکی پێشێلکەری مافی

مرۆڤ دەناسرێ. لە ماوەی ٤٠ ساڵ تەمەنی ئەو ڕێژیمەدا بەردەوام لەلایەن کۆمیسیون و شووڕای مافی مرۆڤی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و یەکێتیی ئوروپا و ناوەند و ڕێکخراوە جیهانییە بێسنوورەکانی پارێزەری مافی مرۆڤە مەحکووم کراوە. بەڵام پێشیلکارییەکانی مافی مرۆڤ لە کوردستان لەلایەن ڕێژیم بەوەڕا جیاوازە کە هەم سیستیماتیک و بە بەرنامەو پلان دەکرێ و هەم لە چاو ناوچەکانی دیکەی ئێران زیاترە. هۆکارەکەشی بۆ ڕوانگەی زاڵی ئەمنیەتی بۆ سەر کوردستان دەگەڕێتەوە.

لە حاشاکردن لە هەرچەشنە مافێکی سیاسی و نەتەوەیی، لە ژمارەی زۆری ئیعدام و شاڵاوی گرتن و بەندکردنی چالاکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و کولتووری. لە سەرکوتی تووندوتیژانەی بزاوتە مەدەنییەکان، لە ڕێگری لە خوێندن بە زمانی دایکی لە پەروەردە و بارهێناندا، لە بەشداری پێنەکردنی کورد لە ئیدارە و بەڕێوەبەریی ناوچەکانی خۆیان، لە لە پەراوێزخستن و لە پەراوێزداڕاگرتنی کوردستان لە ڕەوتی گەشە و ئاوەدانیدا، لە بەتاڵانبردنی سەرچاوە سروشتییەکانی کوردستان وەک کانگاکانی بەردی زێڕ و بەردی بیناسازی، لە بەتاڵانبردنی ئاوی کوردستان و لەوە لەوە و زۆر ڕەهەندی دی لە هەموو بوارەکانی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتیدا.

بە گشتی ئەگەر ڕێژیم خۆی لە خۆیدا نادێموکراتیک، سەرکوتگەر و دیکتاتۆرە، بەڵام کوردستان لە هەموو بوارەکانی ئەو زەبروزەنگ و پێشێلکارییانەدا بەداخەوە پشکی شێری بەر دەکەوێ و لە هەموو ناوچەیەکی دیکەی ئێران خەڵکەکەی پتر مافەکانی پێشێل کراوە.

شەونم هەمزەیی: مافی مرۆڤ چەندە دەتوانێ لە هاوکێشە جیهانییەکاندا بخوێندرێتەوە و شوێندارێ لە سەر بڕیاری سیاسیی وڵاتان؟

عەلی بداغی: مافی مرۆڤ ئەرزشێک و بایەخێکی نێونەتەوەییە و وڵاتان کەم و زۆر، بەند بە چەندی و چۆنیی دێموکراتیک بوونیان لەبەرچاوی دەگرن. ئێمە لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا پێشتر کۆمیسیۆن و ئێستا شووڕای مافی مرۆڤمان هەیە کە کار بۆ جێخستنی بەهاکانی مافی مرۆڤ و هاندانی دەوڵەتان بۆ ڕەچاوکردنی پڕەنسیپەکانی مافی مرۆڤ دەکا. تەنانەت وردە وردە باسی دەخالەتی مرۆیی خەریکە دەبێتە کارتێک بۆ وڵاتە زلهێزەکان لەسەر یەکلاکردنەوەی قەیرانی سیاسی و مرۆیی وڵاتێک. ئێمە لە بیرمانە ئەوەی ئێستا لە هەرێمی کوردستان هەیە و ئەگەر هەڵە و نالێکییەکانی ساڵی ڕابردوو نەبا دەکرا ئێستا لە قۆناغێکی زۆر شازی سیاسیدا با، بەرهەمی ئەو دەخالەتە مرۆییەیە کە ساڵی ٩١ و دوابەدوای

کۆڕەوە مێژوویییەکەی باشووری کوردستان بە دروستکردنی مەداری دژەفڕینی ٣٦ دەرەجە درا. یان وەرگرتنی سەدان هەزار کۆچبەر لە سێ ساڵی ڕابردوودا دوای مردنی «ئایلان» هەر لە سۆنگەی مرۆڤدۆستییەوە بوو.

لە پێوەندی لەگەڵ ئێراندا، دیاریکردنی ڕێپۆرتێری تایبەت بە ئێران بۆ کاروباری مافی مرۆڤ لە شووڕای مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان لە سۆنگەی گرینگیدانە بەو پرسە لای کۆمەڵگەی جیهانی. خۆ ئەگەر چاوێک بەسەر ئەو ئەو گەمارۆیانەدا بخشێنین کە لەلایەن شووڕای ئەمنیەت، وڵاتی ئەمریکا و وڵاتانی یەکیەتیی ئوروپاوە خراوەتە سەر ئێران، بەشێکی گرینگی لە سۆنگەی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە ئێران بووە.

لە زۆر وڵاتانی ئوروپایی و ئەمریکاشدا ڕێکخراو و لۆبیی چالاک هەیە کە کار لەسەر هەڵوێستی دەوڵەتەکانیان دەکەن و ئەو بابەتانەیان بۆ گرینگە. دیارە حاشا لەوەش ناکرێ کە لە هەر حاڵدا و لە گشتییەکی خۆیدا «مافی مرۆڤ»، تابعێکە لە بەرژەوەندیی گشتیی وڵاتان جا لە ڕووی ئابووریییەوە بێ یان ئەمنیەتی، بەڵام ناکرێ بیروڕای گشتیش لەبەرچاو نەگیرێ کەو بەو بابەتە حەساسە و شوێنکاری لەسەر ئاراستەی سیاسی و هەڵوێستەکانی وڵاتان هەیە.

بێگومان وڵاتانی ئوروپایی بەرژەوەندیی خۆیان لە سەرووی هەموو پرسەکانی دیکە دادەنێن، بەڵام هەموو ئەو دەوڵەتانە بیروڕای گشتیی وڵاتانی خۆیان بۆ گرینگە، بۆیە دەکرێ حەساسکردنی بیروڕای گشتیی ڕۆژاوا بە پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە ئێران، وەک بەستێنێکی باش بۆ فشارهێنان بۆ دەوڵەتانی حاکم بەسەر ئەو وڵاتانەدا چاوی لێبکرێ. دەبێ لەو بوارەدا مانۆڕی زۆر لەسەر تێگەیاندنی ئەو بیروڕا گشتییە لە دۆخی مافی مرۆڤو کردنی بە ئەهرومی فشار بۆ سەر پێوەندییەکانی ئەو وڵاتانە لەگەڵ ئێران بدرێ؛ ئەوەش ئەرکی ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی، چالاکانی مافی مرۆڤ و ڕۆژنامەنووسانە.

ئەوەش کە چەندە دەکرێ لەو بوارەدا سەرکەوتن وەدەست بێ، ئەوە بە ڕادەی ئەو تێکۆشان و هەڵسووڕانە بەندە کە دەبێ لەو پێناوەدا بدرێ، ئەگینا کۆماری ئیسلامیی ئێران ئەو نیزامە سیاسییە نییە کە بە پێخۆشبوونی خۆی بەرەو کرانەوە بچێ، بەڵام ئەزموونی فشاری کۆمەڵگەی جیهانی لە ساڵانی ڕابردوو بۆ سەر ئەو ڕێژیمە لەسەر پرسە ئەتومییەکەی دەری خست کە ڕێژیم چۆن لە بەرانبەر فشاردا پاشەکشە دەکا و دەست بەر دەداتەوە. بۆیە دەبێ لەو بوارەشدا فشاری زیاتری بخرێتە سەر.

شەونم هەمزەیی: وەک دوا پرسیار، لە پێوەندی لەگەڵ مافی مرۆڤدا، بە دەر لە حوکمەت و حاکمییەت، پێتان وایە کێ چیی دەکەوێتە ئەستۆ؟

عەلی بداغی: وەک بە تێر و تەسەلی باسمان کرد کوردستان ناوەند و شوێنی چڕبوونەوەی پێشێلکاریی مافی مرۆڤ لە ئێرانە. ڕەوتی ئیعدامەکان، گرتنی سەرەڕۆیانە و سەپاندنی زیندانی درێژخایەن و سەرکوتی ئازادییە مەدەنی و کۆمەڵایەتییەکان لە کوردستان چەند هێندەی ناوچەکانی دیکەی ئێرانە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پێشێلکاریی سیستماتیکی مافی مرۆڤ لە کوردستان زۆر کەمتر لەوەی کە هەیە ڕەنگدانەوەی لە میدیاکان و لە ڕاپۆرتی ناوەند و ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤدا بووە، هۆکاری ئەوەش بۆ زیاتر ئەمنیەتی بوونی کوردستان و بە داخەوە سیاسەتی هەڵاواردن و تەبعیزی زۆرێک لەو ناوەند و ڕێکخراوانەی مافی مرۆڤ دەگەڕێتەوە کە چۆن کوردەکان لە ئێراندا بە مرۆڤی پلە دوو سەیر دەکرێن، کەواتە پیشێلکاریی مافی مرۆڤی کوردیش هەر دەبێ بچێتە ئەو خانەیەوە.

ئەو نەبینین و بەکەمگرتن و پشتگوێخستنی پیشێلکاریی مافی مرۆڤ لە کوردستان لە لایەن ناوەندەکانی داکۆکیکەری مافی مرۆڤ وای کردوە کە تا ڕادەیەکی زۆر دەستی ناوەندە ئەمنیەتی و هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ سەرکوتی خەڵکی کوردستان ئاوەڵاتر بێ، وەک چۆن دەبینی لە ساڵدا سەدان کۆڵبەر و کاسبکاری کورد سەرەڕۆیانە دەدرێنە بەر دەستڕێژی هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی، بەڵام هیچ کام لەو تونددوتیژی و پێشێلکاریی مافی مرۆڤی کورد لە ئێران ڕەنگدانەوەیەکی ئەوتۆی لە ڕاگەیەنەکانی غەیرە کوردییەکان و لە ڕاپۆرتەکانی ناوەندەکانی مافی مرۆڤدا نەبوە.

ئەوەش ئەرکێکی زیاتر دەخاتە سەر هێز و لایەنە سیاسییە کوردستانییەکان و، ناوەند و گرووپ و لایەنە سەربەخۆکانی پارێزەری مافی مرۆڤ کە ئەو دەرفەتە بۆ دەرخستنی هەموو لایەنە شاراوەکانی پیشێلکاریی مافی مرۆڤ لە کوردستان و تێگەیاندنی نوێنەرانی تایبەتیی شووڕای مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان بقۆزنەوە.

قسە ئەوەیە کە ئامادەکردن و هاوڕاکردنی بیروڕای گشتیی جیهانی بۆ کاردانەوەی خێرا و کاریگەر دەبێ ئەرکی سەرەکیی هەموو تاکەکانی کورد لە نێوخۆ و هێز و لایەنانە سیاسییەکانی کورد بێ. ئەو ئەرکەش لە ڕێگەی مانگرتن و کۆر و کۆبوونەوە پێکهێنان و وەرێخستنی کەمپەینی جۆراوجۆر و خۆپیشاندانی بەردەوام و لەقاودەرانە دێتە دی.

پێش هەموو شتێک وردەکاریی پیشێلکاریی مافی مرۆڤ دەبێ بەردەوام بە دێکۆمێنت بکرێن و بڵاو بکرێنەوە. ئەوەش ئەرکی هەموو هێز و لایەنە سیاسی و داکۆکیکارانی مافی مرۆڤە تا بە کاری بەردەوام و بە دواداچوونی وردی ڕووداوکانی کۆمەڵگەی ئێران و ڕەوتی پێشێلکاریی مافی مرۆڤ وا بکەن کە بریارەکانی یەکیەتیی ئوروپا و شووڕای مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان لە سەر کاغەز و وەک شتێکی سەمبولیک نەمینێتەوە و ئاڵوگۆڕی جیدی و کارتێکەری لە سەر ڕەوشی مافی مرۆڤ لە ئێراندا لێ بکەوێتەوە.

خەڵکی کوردستان بۆ خۆشیان وەک نیشانیان داوە کە مافخوازن، دەبێ پتر لەو مافخوازییەدا لە سەنگەردابن و لە بەرامبەر پێشێلکردنی مافەکانیاندا بێدەنگ نەبن. تەبیعەتەن ئەوە هەزینەی خۆی هەیە، بەڵام هیچ شتێکیش گرینگتر و بە ئەزشتر لەو مافانە نییە کە پێویستە هەمانبن و بۆ ئەوە دەبێ تێچووی خۆی بۆ بدەین.

(لە ژمارەی ٧٢٩ی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٧ی جوولای ٢٠١٨

کورد و ناسیۆنالیزم و ئاواتی بەدەوڵەتبوون

د.کامڕان ئەمینئاوە: کێشەی سەرەکیی کورد نەبوونی ناسیۆنالیزمێکە کە بتوانێ زۆرینەی خەڵکی کوردستان لە دەوری ئاڵای سەربەخۆیی کۆ بکاتەوە

"سەت ساڵ لە کۆتایی شەڕی یەکەمی جیهانی تێپەڕی. ڕووداوێک کە بووە هۆی دروستبوونی چەندین وڵات لەسەر نەخشەی سیاسیی جیهان. ڕەوتێک کە دواتریش لەدایکبوونی کۆمەڵێک وڵاتی دیکەی لەسەر بنەمای نەتەوەخوازی لێکەوتەوە. بەڵام کورد سەرەڕای خەباتی بەردەوامی بە درێژایی سەدەی بیستەم و تا ئێستاش، ئەم ئاواتەی نەهاتووەتە دی، بۆ؟ هۆکارەکان چین؟ ئەم بابەتەمان لەگەڵ د.کامڕان ئەمینئاوە، نووسەر و توێژەری مێژووی کورد و ئێران تاوتوێ کردووە"

عەلی بداغی: یەکێک لە دەرەنجامەکانی شەڕی یەکەمی جیهانی، هەڵوەشانی ئیمپڕاتووریییەکان و بەهێزبوونی نەتەوەخوازی بوو، ئەوەش بوو کە بە دەیان وڵاتی نوێ هاتنە سەر نەخشەی سیاسیی جیهان، بۆ عەرەب لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و ئەفریقا تواناییان چەند وڵاتی نوێ دروست بکەن، لە باڵکان و ئورووپاش چەند وڵاتی نوێ دروست بوون، بەڵام بۆ کورد نەیتوانی لەو دەرفەتە کەڵک وەرگرێ؟

د.کامڕان ئەمینئاوە: تەواو بوونی شەڕی یەکەمی جیهانی و دانوستانی وڵاتە زلهێزەکان هەر ئەو جۆرەی بۆخۆشتان لە پرسیارەکەدا ئاماژەتان پێ کرد، هەر چەند هۆی پێکهاتنی چەندین وڵاتی سەربەخۆی نوێ لە سەر نەخشەی جیهاندا بوو،

بەڵام لە بۆ کورد، نەک ئاکامێکی باشی نەبوو، بەڵکوو کوردستانی ژێر دەسەڵاتی عوسمانی کرایە سێ کوت و چارەنووس و کێشەی کورد، هەروەها ڕەوتی خەباتی ئەوانی گەلێک ئاڵۆزتر کرد.

لەوە بەولا خەڵکی کورد تووشی شەڕ و خەباتێکی بێ پسانەوە لەگەڵ چوار دەوڵەت هات کە هەر کامیان سەر بە وڵاتێکی زلهێزی جیهانی بوون و وێڕای تەواوی ناکۆکییەکانیان لەگەڵ یەکتری، زۆر بە هاسانی بۆ سەرکوتکردنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کورد لە بەشە داگیرکراوەکانی کوردستان یەکیان دەگرتەوە. پێم وایە لەبەر ئەوەی بتوانین هۆیەکانی بەدەوڵەت نەبوونی کورد لەو سەردەمەدا تا ڕادەیەک دەستنیشان بکەین، پێویستە بە کورتی، ئاوڕێک لەم شەڕە و ئاکامەکانی وەکوو گەورەترین کارەساتی سەدەی بیستەم؛ هەروەها جێگە و پێگەی کورد لە ڕووداوەکاندا بدەینەوە.

دەستپێکی شەڕی یەکەمی جیهانی لە ئاگۆستی ساڵی ١٩١٤ لە نێوان بەرەی ئوتریش (نەمسا) - ئاڵمان و پەیوەستبوونی دەوڵەتی عوسمانی بەوان، لەگەڵ بەرەی ئینگلیس، فەڕانسە و ڕووسیە کە زۆرتر بەرهەمی گەورە قەیرانێکی مێژوویی و لە پێناوی دابەشکردنی کۆلۆنییەکان بۆ وەدەستهێنانی سوود و ئیمتیازێکی زۆرتر لە بازاڕە جیهانییەکان بوو، کوردستانیشی کردە گۆڕەپانی شەڕ و ململانێی ئەم دوو بەرەیە، بە تایبەتی پاش داگیرکرانی بەشێکی بەرچاو لە خاکی ئێران لە لایەن بەشدارانی شەڕەوە لە سەرەتای نوامبری ساڵی ١٩١٤، کوردیش خوازیار و ناخوازیار تێکەڵاوی ئەم شەڕە بوو و وڵاتەکەشی تووشی خەسارێکی گەورەی مادی و ئینسانی هات.

دەوڵەتی عوسمانی بەپێی ئەوەی کە سیاسەتەکانی تەباییەکی زۆری لەگەڵ بەرژوەندیی ئاڵمان لە ناوچەی ڕۆژهەڵات هەبوو، لەلایەکی دیکەشەوە گرووپە دەست ڕاستییەکانی پان تورکیست و پان ئیسلامیست خوازیاری پێکهێنانی حکوومەتێکی گەورەی تورک بوون و، پێشیان وابوو ئاڵمانییەکان لەم ڕەوتەدا پشتیوانییان لێ دەکەن، لە نوامبری ساڵی ١٩١٤ بە فەرمی تێکەڵاوی بەرەی ئوتریش و ئاڵمان بوو لەم شەڕەدا. سوڵتانی تورک لەبەر ئەوەی ڕەنگ و ڕووی ئایینی بە شەڕەکە بدا و پشتیوانیی موسڵمانەکانی کورد و عەڕەبیش بەرەو خۆ ڕابکێشی، وێڕای فتوای جیهاد، ڕایگەیاند دەوڵەتەکانی ڕووسیە، بریتانیا و فەڕانسە هەوڵی کوژاندنەوەی ڕووناکیی ئاسمانی ئیسلام دەدەن، بەڵام ئاڵمان، ئوتریش و مەجارستان پشتیوانی ئیسلامن. ئەم «جیهادە پیرۆزە» و هەوڵەکانی تۆڕی سیخۆری تورک و ئاڵمانی، بوون بە هۆی وروژاندنی بەشێک لە خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دژ بە ڕووسەکان و، بەشداریی هاوبەشی تورک و کورد بۆ وێنە لە هێرشکردنە سەر یەکەکانی سپای ڕووس لە ورمێ، گرتنی سابڵاغ، مەراغە، تەورێز و خۆی و شارەکانی دیکە. بەڵام پاش سەرکەوتنی ڕووسەکان لە سەرەتای ساڵی ١٩١٥ لە بەرەی شەڕەکانی دژ بە تورکەکاندا، تەواوی ئەو بەشانە دەکەونەوە دەستی ڕووسەکان و شەڕەکە تەنانەت ناوچەی وان، هەمەدان، کرماشان و زۆربەی شارەکانی کوردستانی ئێران دەتەنێتەوە. پاش ئەم سەرکەوتنانەی کە

ڕووسەکان بە تـایبەتی لە کوردستاندا وەدەستی دەهێـنن، لە مارسـی ١٩١٥ ئینگلیس و ڕووسیەی تـزاری گرێبەستێک بـۆ دابەشکردنی خاکی ئێران لە نێو خۆیان واژۆ دەکەن.

عەلی بداغی: بەدەر لە هەڵوێستی ڕەسمیی ئێران، هەڵوێستی کوردەکـانی ئەم وڵاتە و عەشیرەتەکانی دیکەی کوردستان لە لایەنگریی بەرەکانی شەڕدا چ بوو؟

د.کـامران ئەمینئـاوە: لەم کـاتەدا هەرچەنـد ئێـران بە فەرمـی خـۆی بـێلایەن ڕاگەیانـدبوو، بەڵام لە کـردەوەدا ڕووس و ئینگلیسییەکان لەلایەک و تـورک و ئـاڵمانییەکـانیش لەلایەکی دیکەوە دژ بە یەک شەڕیان دەکرد و ئێـران تووشی تـاڵان و وێرانی و کوشـتاری هەر دوو لایەنـی شەڕ ببـوو. ئێـران تەنیـا بە ڕواڵەت وڵاتێکی سەربەخۆ بـوو، دەنـا لێنـین گـوتەنی لەو سەردەمەدا نۆ لە دەی ئەم وڵاتە بە کۆلۆنی دەژمێردرا.

عەشیرەکانی کـورد، بە تـایبەتیی ئەوانەی لەسـەر یـان نیـزیکەی سـنووری ڕووسـیە و عوسـمانی بـوون بە هـۆی گۆڕانکـاریی هێزەکانی ڕووسیە و عوسمانی، هاوپەیمانەکانی خۆیان دەگۆڕی. بۆ وێـنە هەر وەکـوو ئـامـاژەم پێکـرد لە سـەرەتـای شەڕەکەدا عەشیرە کوردەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردسـتان زۆرتـر پشـتیوانییان لە عوسمانی دەکـرد، بەڵام پاشەکشـەی عوسـمانی و پێشـڕەوی ڕووسیە لە بەرەکانی شەڕدا، بـوو بە هـۆی گـۆڕانی بـارودۆخی ئەم نـاوچەیە و نیزیکبـوونەوە و دەسـتپێکی پێوەنـدیی سـەرۆک عەشیرە، بەگ، دەرەبەگ و شێخ و ئـاغاکانی کوردستان لەگەڵ ڕووسەکان.

بەگشتی ڕووس و ئینگلیس لە ڕەوتی ئەو شەڕەدا وێـڕای کەلـک وەرگـرتن لە کوردەکـانی ئێـران و عوسـمانی، لەکـردەوەدا هـیچ پلان و بەرنامەیەکی ڕاستەقینەیان بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی نەبوو، کوردیش لە باشترین حاڵەتدا بـۆ ئەوان ڕۆڵـی شەڕقانێکی باش و بە جەرگی هەبوو.

عەلی بداغی: ئەدی ئەو هاوکێشە و هاوسەنگییە دوای کۆتاییهاتنی شەڕ چی لێ بەسەر هات؟

د.کامران ئەمینئاوە: لە سەردەمی شەڕ و پـاش تەواوبـوونی شەڕی یەکەمی جیهـانی وڵاتـانی ڕووسیە، ئینگلیس و فەڕانسـە بەپێـی بەرژەوەنـدیی و هاوسـەنگیی هێزەکانیـان لە ئاستی جیهـان و ڕۆژهەڵاتـی نیزیـک، هەڵسـوکەوت و مامەڵەیـان لەگەڵ یەکتر و خەڵکی ئەو ناوچەیە و یەک لەوان کوردەکان دەکرد.

بۆ وێنە لە نێوان کۆبوونەوەی ئاشتیی پاریس لە ساڵی ١٩١٩ هەتا واژۆکردنی گرێبەستی لۆزان لە ساڵی ١٩٢٣، بە پێی بەرژەوەندی و هاوسەنگیی هێزەکان، ئاڵوگۆڕی جۆراوجۆر لە هەڵوێستی ئەم وڵاتانە سەبارەت بە گەلانی ناوچەی ڕۆژهەڵات و یەک لەوان کورد پێک دێ و پێم وایە خراپ نییە بە کورتی ئاماژەیان پێ بکەین.

کۆنفڕانسی ئاشتیی پاریس لە ژانویەی ١٩١٩ هەتا ١٩٢٠ درێژەی هەبوو و دەوڵەتە سەرکەوتووەکانی شەڕ بڕیاریان لە سەر داهاتووی پاش شەڕی یەکەمی جیهانی دەدا. لەم هەڵوێستانەدا بە چەشنیک چاوەڕە خاڵی «وودرۆ ویلسۆن» سەرۆک کۆماری ئەمریکا لە بەرچاو گیرابوو. لە خاڵی ١٢ی ویلسۆندا سەرەڕای ئاماژەکردن بە سەربەخۆیی و دەستەڵاتداریی بەشە تورک نشینەکانی عوسمانی، باس لە پێدانی دەرفەتی پێویست بۆ ژیانێکی هێمنانە و بارودۆخی پێویست بۆ گەیشتنی نەتەوەکانی دیکە بە سەربەخۆیی دراوە. لەم کۆنفڕانسەدا ژێنڕال شەریف پاشا کە لە ساڵی ١٩٠٩وە لە پاریس دەژیا، وەکوو نوێنەری کورد و، بۆغوس نۆبار پاشا، نوێنەری ئەرمەنییە تاراوگەنشینەکانی عوسمانی و ئاوتیس ئاهارۆنیان، نۆێنەری یەکەم کۆماری ئەرمەنستان بەشدار بوون. لەم کۆنفڕانسەدا لە بڕیارنامەی لێژنەی بریتانیا باس لە جیابوونەوەی ئەرمەنستان، سووریە، بێن چۆمان، کوردستان. فەلەستین و عەڕەبستان لە ئیمپڕاتووریی عوسمانی کرابوو. پاش گرێبەستی ئاشتی لەگەڵ ئاڵمان لە ژوئەنی ١٩١٩، ئەمریکا خۆی لەم ڕەوتە دەکێشێتە دواوە و لە کۆنفڕانسی سان ڕێمۆ (ئاوریل - مای ١٩٢٠) وڵاتە سەرکەوتووەکانی شەڕ، شەرت و مەرجەکانی خۆیان بۆ ئاشتی لەگەڵ عوسمانییەکان دەدەنە ئەستەنبووڵ. دەوڵەتی تورک لە درێژایی ئەم ڕەوتەدا هەوڵی خۆی دەدا هەتا پانتایی ئەو ناوچانەی کە قەرار بوو لێی جیا کرێتەوە، کەم کاتەوە و هاوکات کوردەکان تووشی چەند بەرەکی بکا. لە نێو کوردەکانی عوسمانیدا «جەمعییەتی تەعالی کوردستان» خوازیاری چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە ڕێگای وەرگرتنی خودموختاری لە چوارچێوەی دەوڵەتی عوسمانی، هەروەها هاوپەیمانی حیزبی حوڕییەت و ئیتلاف بوو. هەڵبەت لە نێو ئەم ڕێکخراوەیەشدا دوو بەرەکی هەبوو و جەوانەکانی خوازیاری سەربەخۆیی کوردستان بوون. لە کۆنگرەی ئەرزڕۆمیش لە ژوئەنی ١٩١٩ کەسایەتییەکانی بزووتنەوەی کورد، بڕیارنامەیەکیان سەبارەت بە هۆگریی خۆیان بۆ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی تورک پەسەند کرد، هەڵبەت هاوکات ڕایانگەیاند ئەگەر کاربەدەستانی تورک بەڕێوەبردنی وڵاتی کوردانیان پێ نەسپێرن، دەست بە ڕاپەڕین دەکەن. لە لایەکی دیکەشەوە کەماڵ ئاتاتورک هەوڵی دەدا لە ڕێگای پان ئیسلامیستییەوە دەرەبەگە کورد و شێخەکان و هتد بە دژی ئەرمەنییەکان هان بدا و لە شەڕی دژ بە ئەرمەن کەلکیان لێ وەربگرێ.

لەهەر حاڵدا لە پەیمانی سێور لە ئاگوستی ١٩٢٠ مافی بەشێک لە کوردان (تورکیە) وەکوو نەتەوەیەکی سەربەخۆ بە فەرمی ناسێندرا و لە مادەی ٦٤ی ئەم پەیماننامەیە ئاماژە بە مافی جیابوونەوەی دانیشتووانی کورد لە تورکیە بەپێی سەلماندنی ئەم ویستە لەلایەن خەڵکی کوردەوە کرا.

بەڵام لە ساڵی ١٩٢١ بەپێی سووربوونی تورکەکان لەسەر نەدانی ئەم مافە، وڵاتە سەرکەوتووەکان لە سەرەتا هەتا ئاستی مافی خودموختاری بۆ کورد پاشەکشە دەکەن، و بە پێی گرێبەستی لۆزان لە ٢٤ ژووییەی ساڵی ١٩٢٣ مافی دەستەڵاتداریی تورکەکان لەسەرتاسەری ئاناتۆلی مسۆگەر دەکرێ و مەسەلەی خودموختاری کوردەکانیش لەبیر دەچێتەوە. ئەمە دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی دروشمی پان تورکیستەکانی کەمالیست بۆ دروستکردنی یەک وڵات، یەک دەوڵەت، یەک ئایین، یەک نەتەوە و یەک زمان و سەرەتایەکی دیکە بۆ هەڵگیرسانەوەی کێشەی کورد لە باکووری کوردستان، کە هەتا ئێستاش چارەسەر نەکراوە و هەر بەردەوامە.

خاڵێکیش کە پێم وایە دەبێ ئاماژەی پێ بکرێ، ڕۆڵی ڕووسیە پاش سەرکەوتنی بالشویکەکان لە ساڵی ١٩١٧ و نیزیکبوونەوەی مسکۆ بە تورکیە و بەستنی پەیماننامەی دۆستی لە ساڵی ١٩٢١، هەروەها پاشەکشەکردنی فەرانسە و ئینگلیس لە بەشێک لە داواخوازییەکانیان بۆ دیتنەوەی زمانی هاوبەش و سات و سەودا لەگەڵ تورکەکان بوو. بەم پێیە، سەرەڕای جیابوونەوەی بەشێکی زۆر لە وڵاتە ناتورکەکان لە ئیمپراتووریی عوسمانی، تورکەکان توانییان دەستەڵاتی خۆیان بەسەر کوردستان و خۆرئاوای ئەرمەنستاندا مسۆگەر بکەن.

عەلی بداغی: ئەدی کوردەکان بۆخۆیان لەو هاوکێشەیەدا چییان کرد، چۆن بەو قەدەرە ڕازی بوون؟

د.کامران ئەمینئاوە: نەبوونی بەرنامە و هاوئاهەنگی لە نێوان جەمعییەت و کۆمیتە کوردستانییەکان، هەروەها لە نێوان عەشیرەکان و پێوەندییە لاوازەکانی ئەم ڕێکخراوانە لەگەڵ جەماوەری خەڵک و نەناسینی ئامانجی ڕاستەقینەی دەوڵەتەکانی ئینگلیس و فەرانسە، هەروەها پەیمانشکێنی ئەم دەوڵەتانە، تەواوی هیواکانی کوردی بۆ گەیشتن بە سەربەخۆیی کرد بە هیچ و شۆڕشەکانی کورد یەک بە دوای یەک لەلایەن سپای تورکەوە سەرکوت کران. خەباتی دژ بە ئیمپریالیستی تورکەکان کە بە ناوی شۆڕشی کەمالییەکان کەوتبووە سەر زمانی بەشێک لە کەسایەتییەکانی کورد، تا ڕادەیەک هیوای چارەسەرکردنی کێشەی کوردی لە چوارچێوەی خودموختاری لە تورکیە و پشتیوانی لە ئاتاتورک و سیاسەتەکانی پێک هێنابوو. سەرنجڕاکێش ئەوەیە، تورکەکان سەرەڕای سەرکوتی کوردەکانی خۆیان، پشتیوانییان لە بزووتنەوەی کوردی باشوور دەکرد. بەگشتی کۆنفرانسی لۆزان و ئاکامەکانی وێرای زەبرێکی حقووقی و میژوویی لە بزووتنەوەی کورد، پیشاندەری ئەم ڕاستییەش بوو کە زلهێزەکانی جیهان و تورکیە هەر کامیان بە چەشنێک کەلکیان لە کورد بەپێی بەرژەوەندیی خۆیان وەردەگرت. پێویستە لێرە جارێکی دیکە ئاماژە بەوەش بکەین، لە هیچ یەک لەم دانوستانانەدا کێشەی کوردی ڕۆژهەڵات باس نەکرا، هۆیەکەشی دەگەڕێتەوە سەر ئەو ڕاستییە کە وڵاتانی سەرکەوتوو لە شەڕدا دەیانویست وڵاتی ناتورکەکانی عوسمانی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست هەتا ئەفریقا دابەش بکەن و هیچ بەرنامە و

پلانێکیان بۆ کوردی ئێران نەبوو.

سەرنەکەوتنی بزووتنەوەکانی گەلی کورد وێڕای کاریگەریی نەرێنیی وڵاتە زلهێزەکان و لەبار نەبوونی بارودۆخی جیهانی و ناوچەیی، هەر وەکوو لە ڕابردوشدا ئاماژەم پێ کردووە، تا ڕادەیەکی زۆر پێوەندی بە هۆکارە نێوخۆییەکانەوە هەیە. کوردستان لە قۆناغی ناوبراودا سەرەڕای ئەوەی گۆڕەپانی ڕاپەڕینی گەلی کورد بە ڕێبەریی سەرۆک عەشیرە و شێخ و هتد دژ بە حکوومەتەکانی ئێران و عوسمانی بووە، بە هۆی نەبوونی یەکیەتی و تەبایی نەتەوەیی، شکڵ نەگرتنی ناسیۆنالیزمێکی بەهێزی فیۆدالی، پێک نەهاتنی فدراسیۆنێکی بەهێز لە میرنشینە سەربەخۆ و نیوە سەربەخۆکان لەژێر ڕێبەرییەکی بەتوانا و کارزاندا بۆ هاوئاهەنگی و بەڕێوەبردنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کورد لە تەواوی کوردستان، قەتیس مانەوە لە بەرژەوەندیی تەسکی تاکەکەسی - عەشیرەییدا، شەڕی نێوخۆیی، کوشتن و تاڵانکردنی یەکتری، هەروەها فاکتەری جوغرافیایی وەکوو پانتایی بەرچاوی خاکی کوردستان کە بەربەستێک بۆ پێوەندی لە نێوان ناوچەکانی کوردستان بووە، نەیتوانی بە ئاکامی دڵخوازی خۆی واتە پێکهێنانی کیان و دەوڵەتی کوردی بگا.

عەلی بداغی: کەم نین کەسانی خاوەنڕا کە پێیان وایە نەبوونی ڕێبەرێکی کاریزما لەو سەردەمدا کوردی لەوە وەپاش دا؟

د.کامران نەمینئاوە: ئەمە ڕاستییەکی حاشا هەڵنەگرە، بوونی ڕێبەرێکی کاریزما و توانا دەیتوانی فاکتەرێکی گرینگ و پێویست بۆ پێکهێنانی یەکیەتیی نەتەوەیی، کۆکردنەوەی ڕێکخراوە، عەشیرە و هۆزەکانی کورد و بەتایبەتی ناسینی دەرفەتەکان و کەلک وەرگرتن لەوان بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی بزووتنەوەی کورد بێ. لێرەدا توانایی ڕاکێشانی خەڵک، تێگەیشتن لە دەرفەتەکان و سنوور و بەرتەسکییەکانی بزووتنەوە یەکێک لە ئەرکەکانی ڕێبەرییەکی کاریزما بۆ بەڕێوەبردنی جووڵانەوەکە و پێشڕەوی و پاشەکشەکردنی دروست و هەڵبژاردنی شێوەی خەباتە. بەڵام سەرەڕای ئەوەش، ئەمە هەمیشە ناتوانێ فاکتەرێکی یەکلاکەرەوە بێ و لەم نێوەدا زۆر فاکتەری نێوخۆیی وەکوو هاوسەنگی هێزەکانی دژبەر، ئاگایی نەتەوەیی و پشتیوانیی جەماوەر، لێکدانەوەی دروستی سیاسەتی زلهێزەکانی جیهانی، هەروەها بارودۆخی ناوچە و جیهان و ئەوەی گۆڕانکاری لە جوغرافیای سیاسی ناوچەی ڕۆژهەڵات تا چ ڕادەیەک لەگەڵ بەرژەوەندی و بەرنامەی زلهێزەکان دێتەوە، دەتوانێ کاریگەریی ئەرێنی یان نەرێنی لەم ڕەوتەدا هەبێ. بە داخەوە پاش شەڕی یەکەمی جیهانی واتە لە ساڵی ١٩١٧ هەتا کۆتایی کۆنفڕانسی لۆزان لە ساڵی ١٩٢٣، کورد نەک یەکدەنگ نەبوو، بەڵکوو بە هۆی ئاستی خواردەوەی پێکهاتەی ئابووری و کۆمەڵایەتی، هەروەها فەرهەنگی سیاسی و ئایینی خۆی تووشی ناکۆکی و چەند بەرەکیی بەرچاویش بوو، هاوکات دەوڵەتانی سەرکەوتوو لە شەڕ بە پێی بەرژەوەندیی خۆیان لەم ناوچەیە و ململانێی سیاسی لەگەڵ مسکۆ کە هاوپەیمانی ئانکارا بوو، زۆر بە ئاسانی لە قەرارەکانی پەیمانی سێور پاشگەز بوونەوە و لە کۆتاییدا ئەم دوو

دیاردەیەی دەرەکی و نێوخۆییە، لە دوو لاوە مۆری نەرێنیی خۆیان لە دادێی ژیانی سیاسی و چارەنووسی کورد دا و، نەک کێشەی کورد چارەسەر نەکرا بەڵکوو بارودۆخی کوردستان بە گشتی بەرەو خراپی و ئاڵۆزیی زۆرتریش چوو.

عەلی بداغی: لەگەڵ ئەوەشدا سەدەی بیستەم سەدەی شۆڕشە بێ ئاکامەکانی کورد بۆ بەدەستەوەگرتنی مافی دیاریکردنی چارەنووس بوو. ئێوە پێتان وایە ئەم سەدەیە بۆ کورد پتر دەرفەت بوو یان هەڕەشە و مەترسی؟

د.کامران ئەمینئاوە: لە ڕەوتی خەباتدا هیچ دەرفەتێک بێ هەڕەشە نییە، واتە ژیانی سیاسی بە چەشنێک یەکیەتی و ململانێی دژبەرانە، ئەوە نەک تەنیا یاسایەکی فەلسەفی، بەڵکوو ڕاستییەکی حاشا هەڵنەگرە لە ژیان و خەباتی نەتەوەکانیشدا. واتە گۆڕانکاریی لە بارودۆخی سیاسی کۆمەڵگە کاتێک دەرفەت بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان لە هەلومەرجێکی نوێدا دەخوڵقێنێ هاوکات هێزی نوێخوازیش بەرامبەری لەگەڵ هەڕەشەی دیار و نادیاری دوژمنانێک دەکا، کە دەیانەوێ پێشگیری لە پەرەسەندنی ئەم جوڵانەوەیە بکەن، جا کەلک وەرگرتن لە دەرفەتەکان بۆ چارەسەرکردنی کێشە و یان لە نێوچوونی ئەم دەرفەتە بە هۆی سەرکەوتنی پیلانەکانی دوژمن، پێوەندیی بە بارودۆخی لەبار یان نالەبارى نێوخۆیی و دەرەکی و هاوسەنگیی هێزەکان هەیە.

سەدەی بیستەم بە هۆی ئاڵۆگۆڕە سیاسییەکان، سەدەی دەرفەت و هاوکات هەڕەشە بۆ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کورد بووە. بۆ وێنە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەتوانین ئاماژە بە دوو ڕووداوی گرینگ واتە دامەزراندنی کۆماری کوردستان لە ساڵی ١٣٢٥ هەتاوی و ئازادکرانی کورتخایەنی بەشێک لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ساڵەکانی پاش سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران لە ٢٢ی ڕێبەندانی ١٣٥٧ی هەتاوی، هەروەها دەسەڵاتی کورد لە باشووری کوردستان پاش سەرکەوتنی کوودەتای ٢٣ی پووشپەڕی ١٣٣٧ بە ڕێبەریی عەبدولکەریم قاسم هەتا ڕێکەوتننامەی ئەلجزایر لە ڕەشەمەی ١٣٥٣ی هەتاوی بکەین. لێرەدا تەنیا ئاماژە بە یەکێک لەم ڕووداوانە دەکەم؛ داگیرکرانی ئێران لەلایەن هێزەکانی یەکیەتیی سۆڤییەت و بریتانیا لە کۆتایی ئاگوستی ١٩٤١، بوو بە دەرفەتێک بۆ گەشەسەندنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کورد و ئازەری لە ئێراندا، هەروەها سەرهەڵدانی هەڕەشە و پیلانەکانی تاران و هاوپەیمانە ڕۆژئاواییەکانی بۆ لە نێوبردنی ئەوان.

گەڕانەوەی هێزەکانی سپای سوور بۆ یەکیەتیی سۆڤییەت لە مای ١٩٤٦، پاشەکشەی پەیتا پەیتای حکوومەتی ئازەربایجان، هێرشی سپاسی ئێران و گرتنەوەی تەورێز و هەڵاتنی ڕێبەرانی فرقەی دێموکرات بۆ باکۆ، ناچالاکی، دەست لەسەردەستدانان و بێدەنگیی هێزە سەرانسەرییەکانی ئێران وەکوو حیزبی تووەدەی ئێران، و لە کۆتاییدا خۆڕانەگری ڕێبەرانی کۆماری کوردستان، ڕووخانی کۆماری کوردستان و شەهیدبوونی پێشەوا قازی محەممەد و هاوڕێیانی لێ کەوتەوە.

بەڵام شکان و شکست لە ڕەوتی مێژوودا کاتییە و دەرفەتی نوێ بۆ هێزی پێشکەوتنخواز بێگومان پێک دێتەوە.

عەلی بداغی: پێت وانییە کورد بۆ خۆی وەک کێشەکانی، وەک تایبەتمەندییەکانی، وەک ئەوەی ئێستا لە هەر کام لە بەشەکانی کوردستان دەیبینین، ئێستاش نەبووەتە خاوەن ناسیۆنالیزم و شوناسخوازییەک کە دەوڵەتی کوردیی لەسەر دابمەزرێ، کە هەڵگری پڕۆژەی دەوڵەت - نەتەوە بێ؟

د.کامران ئەمینئاوە: دەیوید مەک داوڵ لە کتێبی «مێژووی هاوچەرخی کورد» دوو بنەماڵەی سادات نەهری (یان شەمدینان) و بەدرخانەکان وەکوو دوو بەرەی بەرچاوی ناسیۆنالیزمی کورد لە چەشنی خودموختاری و جیاییخواز پێناسە دەکا و پێی وایە ئەم دوو لاگیرییە ئێستاش پێکهێنەری دەستەبەندییەکانی بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردن. ئەگەر ئاوڕێک لە خەباتی کورد لە هەر چوار بەشی کوردستان بدەینەوە، بە چەشنێک ئەم دوو ڕەوتە بە درێژایی ژیانی سیاسی لە دوو سەدەی ڕابردوودا وەپاڵ یەک بوون، بەم جیاوازییەوە، کە ڕەوتی خودموختاری یان فێدرالخوازی پاش ڕووخاندنی کۆماری کوردستان هەتا ئەمڕۆ هێزی زاڵ لە بزووتنەوەی کورد بووە و لەم بەرەیەشدا بەشێک لە هێزە کوردییەکان هەر چەند دروشمی فێدرالیزمیان هەڵگرتووە، بەڵام لە پرۆگرامی خۆیاندا باس لە مافی چارەنووسی گەلان هەتا سەربەخۆیی دەکەن و بڕیاری کۆتایی بۆ گەلی کورد دادەنێن. من پێم وایە ئەگەر هێزێک مافی سەربەخۆیی بۆ کورد بە ڕەوا بزانێ، دەتوانی هەر یەک لەم حاڵەتانە وەکوو قۆناخێک بۆ گەیشتن بە سەربەخۆیی پێناسە بکا. بەڵام حاشاکردن لە مافی چارەی خۆنووسین بۆ ئەوەی کە تاوانی جیاییخوازیمان لێ نەدەن، بە کارێکی شیاو نازانم. بێگومان هەڵبژاردنی هەر کام لەم ڕێبازانە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد دەگەڕێتەوە سەر جیاوازیی فیکری و شێوەی هەڵسەنگاندنی ئێمە لە هەلومەرجی ئێستا، بەڵام، ئەو خاڵەی پێویستە بۆ هێزێکی کورد جێگای سەرنجدان بێ «بەرژەوەندیی و ستراتیژی نەتەوەییە». واتە ناکرێ لە لایەکەوە حاشا لە «نەتەوە» و «مافی بە دەوڵەت بوونی کورد» بکرێ و لە لایەکی دیکەوە باس لە هەبوونی کلیلی چارەسەرکردنی کێشەی کورد و نەتەوەکانی دیکە لە ڕۆژهەڵاتی گەورەی نێوەڕاست بکردرێ، یان ئەو هیوایە لە دڵ و مێشکی جەماوەر پێک بهێندرێ کە فێدرالیزم یان خودموختاری و هەبوونی مافی شارومەندی هێڵی ئاخرە. بە باوەڕی من، یەکێک لە کێشە سەرەکییەکانی کورد بە پێچەوانەی تەواوی ئەو پڕۆپاگەندە و «تاوان!»ی ناسیۆنالیست بوون کە لەلایەن دەوڵەتە داگیرکەرەکان و بەشێکی بەرچاو لە هێزە سەرانسەرییەکان بە بیر و ڕای جیاوازەوە وەپاڵی دراوە و دەدرێ، کەمایەسیی ناسیۆنالیزمێکی ڕاستەقینەی مۆدێرن و ئەمڕۆیی لە نێو کورد دایە، ناسیۆنالیزمێک کە بتوانێ زۆرینەی خەڵکی کوردستان لە دەوری ئاڵای سەربەخۆیی کۆ بکاتەوە، بەڵام ئەوە بەو مانایەش نییە کە ئێمە بیر و هزری ناسیۆنالیستیمان نییە و ناتوانین هەڵگری پڕۆژەی دەوڵەتی نەتەوەیی بین. بێگومان یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی وڵاتێکی فرە حیزبی هەبوونی بیر و ڕای جیاوازە و، هەتا کاتێک زۆرینەی ئاڵاهەڵگرانی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد لەسەر «ستراتیژییەکی نەتەوەیی»

کۆک نەبن و بە یەک پلانی هاوبەش بەرەو چارەسەرکردنی کێشەی کورد نەڕۆن چەتوونە باس لە دەرفەتێک بۆ پێکهێنانی دەوڵەتی کوردی، تەنانەت لە بەشە جیاجیاکانی کوردستان بکردرێ؛ بەڵام پێویستە لەم پێناوەدا کاری فیکری و تەبلیغاتی بکردرێ و بیرەکە بۆ نێو کۆمەڵگەی کوردی ڕاگوێزرێتەوە و بکرێتە بەشێک لە ڕەوانی خەڵک. لەبیرمان نەچێ پێکهاتنی بەشێک لە دەوڵەتە سەربەخۆکان نەک تەنیا بە هۆی شکڵگرتنی ناسیۆنالیزمێکی بەهێز، بەڵکوو بە پێی ئاڵوگۆڕەکانی جیهانی پاش شەڕ، یان شۆڕش و گۆڕانی حکوومەتی ناوەندی و هتد بووە.

عەلی بداغی: ئەم ناسیۆنالیزمەی جەنابت دەیفەرموو لای کورد کاڵ و کەمڕەنگ بووە و وەک کەمایسییەک باست کرد چییە؟

د.کامڕان ئەمینئاوە: ئێمە دەبێ خوێندنەوەی خۆمان لە ناسیۆنالیزم بێ و نەکەوینە داوی شانتاژی ئەو ڕەگەزپەرستانەی کە بە بەدناوکردنی ناسیۆنالیزمی نەتەوەیەکی چەوساوە، پاکانە بۆ شوینیزمی خۆیان و نەتەوەی باڵادەست دەکەن. ناسیۆنالیزم بۆ کورد بە مانای خەبات بۆ گەیشتن بە مافێکە کە لەلایەن داگیرکەرانی ولاتەکەی بە زۆر لێی زەوت کراوە. پێویستە سنووری نێوان ناسیۆنالیزمی بەرچاو تەنگی نەتەوەی حاکم و ناسیۆنالیزمی نەتەوەی ژێردەست ڕوون کرێتەوە. بە قەولی لازاریف «ناسیۆنالیزم بەشێکی گرینگ لە ژیانی مرۆڤایەتیی، لە قۆناخی گەشەسەندنی مێژوویی و ئەتنیکی ئەو لە سەردەمی نوێ و ئەمڕۆی دایە». ئاڵوگۆڕەکانی پێشکەوتنخوازانە لە کۆمەڵگەی کورد دەبێتە هۆی سەرهەڵدان و بەهێزبوونی سیاسەت و بیر و هزری ناسیۆنالیزمی کورد و پەرسەندن و گەشەکردنی بیری ناسیۆنالیستی لە پێناوی گەیشتن بە مافی چارەی خۆنووسین. بزووتنەوی نەتەوەیی کورد لە درێژایی خەباتی خۆی لە سەدەی ڕابردوودا لە سەر بناغەی دێموکراتیزم، ناسیۆنالیزم، هەروەها بیری چەپی سۆسیالیستی و بە دوور لە هەر چەشنە هەڕەشە و بێڕێزییەک بە نەتەوە دروستییەکان یان ئەوانەی کە لە کوردستان ژیاون و دەژین، بووە. بزووتنەوەی کورد جووڵانەوەیەکی پێشکەوتنخوازانە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی نەتەوەیی کورد، و بێ دەستدرێژی بە خاکی نەتەوەیەکی دیکەیە. ئەوەیە نەتەوەی کورد شایانی پێکهێنانی کیان و دەوڵەتی خۆیەتی.

عەلی بداغی: هەندێ بۆچوون هەیە دەڵێ کورد تا نەبێتە دەوڵەت نابێتە نەتەوە، لە بەرامبەریشدا ئەو ڕایە هەیە کە دەوڵەتە مۆدێرن و ئەمڕۆییەکان لەسەر بنەمای نەتەوەخوازی دروست دەبن. ئێوە ڕاتان چییە؟

د.کامڕان ئەمینئاوە: وڵامی ئەم پرسیارە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو بۆچوونانەی کە لەسەر چەمکی نەتەوە - دەوڵەت یان دەوڵەت - نەتەوە هەیە. هەر کام لەمانە دەتوانێ سووژەی لێکدانەوە و باسێکی دوور و درێژ بێ. بۆ ئێمەی کورد ئەوەی گرینگە، هەنگاو هەڵێنان بۆ گەیشتن بە سەروەریی نەتەوەیی و دامەزراندنی دەوڵەتی کوردییە. کورد یەکێک لە گەورەترین

نەتەوەکانی جیهانە کە هەتا ئێستا مافی بەدەوڵەتبوونی لێ زەوت کراوە. دوا نموونەش پیلانەکانی پاش گشتپرسی سەربەخۆیی باشووری کوردستان لە سپتامبری ٢٠١٧ و هێرشی سپای عێراق، حەشدی شەعبی بە ڕێبەریی و یارمەتی مالّی و سپایی کۆماری ئیسلامیی ئێران، و بە هاوکاری و سازانی بەشێک لە هێزەکانی کوردستانی، هەروەها دژایەتیی زۆرینەی وڵاتانی جیهان لەگەڵ ئەم ڕاپرسییە بوو. بەڵام سەرەڕای ئەم دژایەتییەش، کورد سەلماندی ئەگەر بۆی هەڵکەوێ بێگومان واز لە مافی نەتەوەیی خۆی ناهێنێ و پشتیوانی و شادی و خۆشی کوردەکان لە بەشەکانی دیکەی کوردستانیش پیشاندەری هەستی بەهێزی نەتەوەیی میللەتێکە کە بە درێژایی مێژوو بۆ گەیشتن بە ئاوات و ئامانجەکانی، خەباتێکی بێوچانی کردووە و هیچ کاتێک ملی بۆ سەرکوتکەران و داگیرکەرانی وڵاتەکەی شۆڕ نەکردۆتەوە. ئەوەی کە ئێمە بە کام پێناسە نەتەوەین، پێم وانییە گۆڕانکارییەک لە ئامانج و هەڵوێستەکانی مێژوویی ئێمە پێک بێنێ. هەر وەکو بۆخۆشتان ئاگادارن، نەتەوە لە ڕوانگەی جۆراوجۆرە پێناسە کراوە و وێڕای پێناسەی فەرانسەوی و ئەڵمانی یان پێناسەی بەرەی چەپ و ڕاست و هتد، دەتوانێ تەنیا «هەبوونی هەستی نەتەوەیی» پێناسەیەک بۆ نەتەوە بوون بێ. هەر وەکوو ئاگادارن پێناسەی فەرانسەوی و ئەڵمانییەکان لە نەتەوە جیاوازە، هۆیەکەشی دەگەڕێتەوە سەر تایبەتمەندییەکانی شێوەی شکڵگرتنی دەوڵەت و نەتەوە لە هەر یەک لەم وڵاتانە.

عەلی بداغی: ئێستا کامیان لەگەڵ دۆخی کورد دەگونجێ؟ کێشەکانی بەردەم یەکبوونی کورد کامانەن؟

د.کامران نەمینئاوە: بێ لەبەرچاو گرتنی تەواوی ئەم پێناسانە و ئەوەی کە کامیان باش یان خراپە، یان کامیان لەگەڵ وەزعییەتی ئێمەی کورد دێتەوە، ئێمە لە ڕەوتی یەکیەتیی نەتەوەیی گەلێک کێشەمان چ لە ئاستی ئەو وڵاتانەی کە کوردستانیان دابەش کردووە و چ لە ئاستی کوردستان بە گشتی هەیە. ئەگەر ئاوڕێک لە وەزعییەتی هەر بەشێکی کوردستان بدەینەوە شایەدی ناکۆکی، ناتەبایی و پاوانخوازی و پاشقوڵدانی یەکتری لە نێو هێزەکانی کوردستانین. نەبوونی بەرە یان کۆنگرەیەکی نەتەوەیی کە بتوانێ زۆرینەی هێزەکانی کورد لە بەشە جیاجیاکانی کوردستان بە چەشنێکی ڕاستەقینە لە دەوری یەک کۆکاتەوە یەکێک لە کەمایەسی و کێشەکانی نێو بزووتنەوەی کوردە. لە ئاستی تەواوی کوردستانیش بێگومان ناکرێ کاتێک ئەم ئاڵۆزییانە لە بەشە جیاجیاکانی کوردستان بەم زەقییە هەیە، بتوانین چاوەڕوانی ئەو بکەین، بەرە یان ڕێکخراوەیەک وەکوو چەترێک بۆ کۆکردنەوە و هێنانە ئارای دروشمی یەکگرتنەوەی کوردستان پێک بێ و ڕۆڵێکی بە هێز لەم پێناوەدا بگێڕێ، لە لایەکی دیکەشەوە پاوانخوازیی بەشێک لە هێزەکانی کوردستان و دەستێوەردان لەکار و باری بەشەکانی دیکەی کوردستان، پێوەندییەکان ئاڵۆزتر دەکا و ئەم هێزانە لە یەک دوورتر دەکاتەوە. مەسەلەیەکی دیکەش کە پێویستە لە ئاستی کوردستان و بە تایبەتی لە باشوور و ڕۆژهەڵات وەکوو خاڵێکی نەرێنی یان وەکوو کۆسپێک لەسەر یەکیەتیی نەتەوەیی سەرنجی بدرێتێ، مەترسی «ئیسلامی سیاسی» لەسەر چارەنووسی کورد و مەسەلەی نەتەوەیی،

سێکۆلاریزم، دێموکراسی، مافی ژنان و هتد لە کۆمەڵگەی کوردی دایە. چارەنووسی مێژووی کورد بە چەشنێک شکڵی گرتووە کە ئەستەمە ئایین و ئیسلامی سیاسی نەک بتوانێ ڕۆڵ بۆ یەکخستنی هێزەکان و جەماوەری کورد بگێڕێ، بەڵکوو بە پێچەوانە هەتا ڕادەیەکی زۆر نەخشێکی نەرێنی و جیاکەرەوەی نەتەوەیی هەیە و دوژمنە بیانی و نێوخۆییەکان بۆ زەبرلێدان لە بزووتنەوەی کورد و یەکیەتیی نەتەوەیی کەلکی لێ وەردەگرن. بۆ وێنە ئێمە لە سەرەتای سانەکانی پاش سەرکەوتنی شۆڕشی ڕێبەندانی ١٣٥٧ شایەدی ڕۆڵی نەرێنی و دوژمنانەی مەکتەبی قورئان و لایەنگرانی ئاغای موقتیزادە لەگەڵ بزووتنەوەی کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بووین.

کێشەیەکی دیکەش لە ڕەوتی «یەکگرتوویی نەتەوەیی» مانەوەی ئاسەواری بیر، داب و نەریتی عەشیرەیی لە نێو کۆمەڵگەی کوردی و تەنانەت لە شێوەی حیزبایەتی دایە. هەر چەند لە پێوەندییە ئابوورییەکاندا تەنیا کاریکاتۆرێک لە سیستمی عەشیرەیی ماوە، بەڵام ئاسەواری فەرهەنگی و سیاسی ئەم سیستمە وەکوو باوکسالاری، زاڵبوونی بەرژەوەندیی تاکەکەسی، بنەماڵەیی و حیزبی، پێشێلکردنی مافی ژنان و مەسەلەی فرەژنی، بێ پەرەنسیپی لە چالاکی سیاسی و هتد، ڕۆڵێکی نەرێنی و مەترسیدار لە کوردستاندا دەگێڕێ. بەم پێیە ئێمە بۆ گەیشتن بە یەکیەتیی نەتەوەیی ڕووبەڕووی گەلێک کێشە و کۆسپین و ئەرکی ڕووناکبیری کورد و ئەو ڕێکخراوانەی خۆیان لە بەرەی ناسیۆنالیزم، سێکۆلاریزم، سۆسیال دێموکراسی، چەپی مارکسی و هتد دەبینەوە هەنگاو هەڵێنان بۆ چارەسەرکردنی مەدەنی ئەم کێشانە و بردنە سەرەوەی ئاگایی نەتەوەیی و پێشکەوتنخوازانەی کۆمەڵگەی کوردستانە. ئێمە بۆ گەیشتن بە ئاواتەکانمان پێویستیمان بە یەکیەتی نەتەوەیی، پلۆرالیزمی سیاسی، ڕێزگرتن لە بیر و هزری یەکتری، خۆپارێزی لە پاوانخوازیی و دەستێوەردان لە کار و باری بەشەکانی دیکەی کوردستان و، ڕێز گرتن لە بڕیاری خەڵک هەیە هەتا هەنگاوی بە هێز بۆ چوون بەرەو داهاتوو و پێکهێنانی بەستێنێکی شیاو بۆ پێکهێنانی بەرەی نەتەوەیی و خەبات بۆ گەیشتن بە مافی چارەی خۆنووسین هەڵێنین.

عەلی بداغی: بۆچوونێکیش هەیە کە دەڵێ سەردەمی ناسیۆنالیزم کۆتایی هاتووە و جێی خۆی بە هەندێ پەرەنسیپی وەک «مافی مرۆڤ» و «پێکەوە ژیان» و «هاوبەشیی وەک یەک» لە چوارچێوەی سنوورە جوغرافیاییە سیاسییەکانی ئێستادا داوە، ئێوە لەگەڵ ئەوە کۆکن؟

د.کامران ئەمینئاوە: ئەگەر قەرار بێ بە وشەیەک وەڵامی ئەم پرسیارەتان بدەمەوە، نا لەگەڵ ئەو بۆچوونە نیم. بەڵام هۆی ئەم ناکۆکییە چییە؟ هەر وەکوو پێشتریش ئاماژەم کرد، پێم وایە پێناسەی هێزەکانی دژ بە ناسیۆنالیزمی کورد واتە ناسیۆنالیزمی نەتەوەیەکی چەوساوە کە بۆ گەیشتن بە مافی نەتەوەیی و ڕەوای خۆی خەبات دەکا، لە جێی خۆیدا نییە.

بێگومان دەبێ ئەم مەسەلەیە شی کرێتەوە، بۆچی سەردەمی ناسیۆنالیزم بە تایبەتی بۆ کورد کۆتایی هاتووە و پێوەری ئەم چەشنە هەڵسەنگاندن و بڕیارانە چییە؟ کام یەک لە ویستە نەتەوەییەکانی کورد لە نێو وڵاتە داگیرکەرەکانی کوردستان، بێجگە لە ستاتوویەکی سەقامنەگرتوو لە باشووری کوردستان جێبەجێ کراوە، کە بڵێن تەنیا کێشەی «مافی مرۆڤمان» ماوە کە دەبێ چارەسەر بکرێ؟ چۆنە بۆ سکاتلەندی، یان کاتالۆنیایی و باسکە جیاییخوازەکانی ئیسپانیا، هەروەها فەڕانسەوی و هۆلەندییەکانی بلژیک و خەڵکی کوبێک لە کانادا و تەنانەت بایەری ئەڵمان، ئەویش ڕاست لەنێو جەرگەی ئۆرووپا و کانادای پێشکەوتوودا کە پڕەنسیپەکانی مافی شارومەندی، مافی مرۆڤ و پێکەوەژیان و هتد تا ڕادەیەکی زۆر بە پێی دەستوور لەبەر چاو گیراوە و ستاتووی ئەوان بۆ بەراوەردکردن لەگەڵ حاڵ و وەزعی ئێمەی کورد نابێ، کێشەی نەتەوەیی بە یەکجاری چارەسەر نەکراوە و خەباتی ئەوان بۆ جیابوونەوە و پێکهێنانی دەوڵەتێکی نەتەوەیی هەر بەردەوامە، بەڵام بۆ ئێمەی کورد کە تەواوی مافەکانی نەتەوەیی و شارومەندیی و هتدێکمان لێ زەوت کراوە کاتی تەواو بووە؟ پێم وایە پێویستە ئاوڕێک لە بارودۆخ و وەزعییەتی باشووری کوردستان و پێوەندیی ئەوان لەگەڵ بەغدا و هەرێمەکانی سپای عێراق لە کاتی مالیکی و عیبادی بۆ کوردستان و مانەوەی گەلێک کێشەی دەستووری و هتد، ئەویش لە وڵاتێکدا بدەینەوە کە بە پێی یاسای بنەڕەتیی عێراق، وەکوو وڵاتی عەرەب و کورد پێناسە کراوە، هەتا بۆمان دەرکەوێ کە کێشەی نەتەوەیی نەک لای ئێمە و نەک بەشێک وڵاتانی ئۆرووپایی هەتا گەیشتنی گەلانی ناوبراو بە کیان و دەوڵەتی خۆیان چارەسەر ناکرێ. هەر چۆن پێشتریش ئاماژەم کرد، ناسیۆنالیزمی کورد، ناسیۆنالیزمێکی پێشکەوتنخواز، ئینسانی، بەرحەق و بە دوور لە هەر چەشنە هەڕەشە بۆ درواسێیەکانی کوردستان و ئەو گەلانەیە کە لە خاکی کوردستان بە هێمنی لەگەڵ کورد دەژین. کێشەی گەلی کورد هەتا کاتێک بە مافی خۆی واتە دروستکردنی دەوڵەتی کوردی نەگا، بە یەکجاریی چارەسەر ناکرێ.

عەلی بداغی: ئەگەرەکانی بەردەم بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کورد بۆ بەدەوڵەتبوون چین و کامانەن، لە حاڵێکدا هیچ حیزبێکی بەدەسەڵات و دەسترۆیشتووی کورد لە هیچ کام لە بەشەکانی کوردستان ئێستاش بە ڕەسمی داوای سەربەخۆیی و بە دەوڵەتبوونی نەکردووە و بە کردەوەش کاری بۆ نەکردووە!؟

د.کامران نەمینناوە: ئەگەر سەرنجێک بە خەباتی ڕزگاریخوازانەی کورد لە سێ دەیەی ڕابردوو بدەین، دەبینین هیچ کاتێک مەسەلەی کورد سەرەڕای تەواوی کەم و کورتییەکانی هەتا ئەم ڕادەیە نەبۆتە کێشەیەکی نێونەتەوەیی و ئاوا گەشەی نەکردووە. سەرەڕای تەواوی ئەو کێشانەی کە لە نێو هێزەکانی کوردستانی هەیە، سەرەڕای تەواوی ئەم هەوراز و نشێوانە، شکست و پاشەکشە و ناکۆکی و هتدی نێوخۆمان، بەم باوەڕەم ئەمڕۆکە بزووتنەوەی کورد لە ئاستێکی بەرز دایە. کێشەی نەتەوەیی کورد وەکوو چوارەمین گەورە نەتەوەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و گەورە نەتەوەی بێ دەوڵەت لە ئاستی جیهاندا،

گەیشتۆتە قۆناخێک، کە ئیتر ناکرێ لە بیر و ڕای گشتیی جیهانی و مامەڵە نێونەتەوەییەکان و ململانێی هێزەکانی جیهانی و ناوچەییدا لەبەر چاو نەگیرێ. بێگومان ناسیۆنالیزمی کورد کەم کێشە نەبووە و نیە، بەڵام خەباتی هیچ نەتەوەیەکیش بێ لەمپەر و بێ کێشە نەبووە. ئەمڕۆکە ئاستی ئاگایی نەتەوەیی، ئاستی خوێندەواریی خەڵک و، توانایی کەلک وەرگرتن لە شێوە جۆراوجۆرەکانی خەباتی مەدەنی بە تایبەتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ بەراورد لەگەڵ ساڵەکانی پێش کۆتاییەکانی سەدەی بیستەم نابێ. مانگرتنی ٢١ی خەرمانان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لوتکەی خەباتی مەدەنی نەک لە تەواوی کوردستان بەڵکوو لە ئاستی ئێرانیش بوو. ئێمە لەم ساڵانەدا ئەویش لە کۆمەڵگەیەکی میلیتاریزەکراوی وەک کوردستان کە هەر چەشنە داکۆکییەک لە مافی ڕەوای کورد بە گوللە و گرتن و ئەشکەنجە وڵام دەدرێتەوە، شایەدی چەشنە جووڵانەوەیەکی بەهێزی خەڵکی بووین، کە دەتوانێ وانەیەک بۆ گەلانی دیکەی ئێران و ناوچەش بێ. پێشتریش خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئاستی بەرزی هەستی نەتەوەیی خۆیان لە کاتی شەهیدکردنی نەمر شوانەی قادری لە پووشپەڕی ١٣٨٤ی هەتاوی، شەهیدکردنی نەمر فەرزادی کەمانگەر و هاوڕێیانی لە بانەمەڕی ١٣٨٩، بەسترانی دووکان و بازاڕەکانی کوردستان لە تەواوی ساڵەکانی پاش تێرۆری نەمر دوکتور قاسملوو، پشتیوانیی جەماوەری خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە گشتپرسیی سەربەخۆیی باشووری کوردستان لە پاییزی پارەکەدا، پشتیوانیی بەرفراوانی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە خۆڕاگریی کۆبانی، بەهاناچوونی خەڵکی پارێزگای کرماشان لە کاتی بۆمەڵەرزەکەدا، کۆکردنەوەی یارمەتی بۆ ئاوارەکانی شەنگال و هتد بووین. ئەمانە ئەستێرەگەلێکی گەش لە ئاسمانی ڕەنگینی کوردستان و هیوادەری خەباتی کورد بۆ گەیشتن بە ئاوات و ئامانجەکانیان لە دادێ دایە.

عەلی بدافی: ئەدی ڕاتان لەسەر دۆزی سیاسیی کورد لە بەشەکانی دیکەی کوردستان چییە؟ لەوێندەرێش ئایا چاخی نسکۆیە یان هەڕەتی هیوا؟

د.کامران ئەمینئاوە: لە بەشەکانی دیکەی کوردستانیش ئەم ڕەوتە بە چەشنێکی دیکە بەردەوامە و بەرەو پێشەوە دەچێ، کوردەکانی باشووری کوردستان سەرەڕای تەواوی کەمایەسی و کێشەکانیان ئەمڕۆ ستاتوویەکی حقووقیان هەیە، و ئەم حکوومەت و پەرلەمانە پڕ کێشە و ناکۆکە سەرەڕای تەواوی ئەو ڕەخنانەی کە بە حەقیش لێی دەگیرێ، بناغەیەک بۆ دەوڵەتێکی سەربەخۆی کورد لە داهاتوو دایە.

لە ڕۆژئاوای کوردستانیش، کورد بۆتە فاکتەرێکی کاریگەر لە سیاسەتی ئەم وڵاتە و حەماسەی کۆبانی یەکێک لە گەورەترین ڕووداوەکانی مێژووی جیهان لە بەربەرەکانی لەگەڵ ڕەشترین و تاوانبارترین هێزی ڕەش و پاشکەوتوو و جینایەتکاری سەدەی ٢١ واتە داعش بوو. بەشداری بێوێنەی ژنە شەڕڤانەکانی کورد خوڵقێنەری جوانترین شێعر و چیرۆکە

حەماسییەکان و بابەتێکی سەرنجڕاکێش بۆ تەواوی گەلانی جیهان بوو. کام گۆڤار و ڕۆژنامەیەکی بەناوبانگ و پڕخوێنەری ڕۆژئاوایی و ئەمریکایی دەیتوانی خۆ لەم خەبات و خۆڕاگرییە بە شکۆیە بدزێتەوە و باسی ئەم حەماسەیە نەکا؟

لە باکووری کوردستانیش سەرەڕای سیاسەت و بیروبڕوای کۆنەپەرستانەی ئەردۆغان، گرتنی ئازادیخوازانی کورد وەکوو بەڕێز سەلاحەدین دەمیرتاش و هاوڕێیانی، حیزبی دێموکراتیکی گەلانی تورکیە ڕۆڵێکی بەرچاو لە جووڵانەوەی مەدەنیی ئەم وڵاتە دەگێڕێ و پارتی کرێکارانی کوردستان بە تەواوی ئەو ڕەخنانەی کە دەکرێ لێی بگیرێ، جەمسەرێکی سیاسی لە خەباتی کوردی باکوورە. ئەمن لەسەر ئەم باوەڕەم حوکمی مێژوو بەرەو پێشەوە دەچێ و بەشە جۆراوجۆرەکانی کوردستانیش پێ بە پێی گۆڕانکارییەکانی جیهان و ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست تووشی گۆڕانکاری جیدی دەبن و هەر چەشنە ئاڵوگۆڕێکی ژێئۆپۆلیتیکی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و نیزیکدا گرێدراوی مەسەلەی کوردە. ئەوەی کە ئێمە تا چ ڕادەیەک بتوانین کەلک لەم دەرفەتانە بگرین، بەشێکی دەگەڕێتەوە سەر ئەوەی کە تا چ ڕادەیەک تێگەیشتنێکی دروست و ڕاستبینانەمان لە سیاسەتی نەتەوەیی و نێونەتەوەیی هەیە و چۆن دەتوانین بە پێی بەرژەوەندیی نەتەوەیی خۆمان، هەنگاوی بەهێز بۆ گەیشتن بە ئاواتە مێژینەکەمان، واتە مافی چارەی خۆنووسین هەتا سەربەخۆیی کوردستان هەڵێنینەوە. لەم ڕەوتەدا بە گشتی، بە داهاتووی کورد گەلێک گەشبینم و هیوادار.

سپاس بۆ ئەوەی بەشداری ئەم وتووێژە بوون

ئێوەش ماندوو نەبن

(لە ژمارەی ٧٣٩ی"کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٧ی دێسەمبەری ٢٠١٨

عەبدوڵڵا حەسەنزادە: لەوانەی دیومن کەسم لە سەرووی دوکتۆر قاسملوو نەدیوە

٣٠ ساڵ لە تێڕۆری د. عەبدولڕەحمان قاسملوو، سکرتێری ئەو کاتی حیزبی دێموکراتی کوردستان و هاوڕێیانی تێپەڕی کە لەسەر مێزی وتووێژ لەگەڵ نێردراوانی کۆماری ئیسلامیی ئێران و لەلایەن ئەوانەوە درانە بەر دەستڕێژ. ناودارێکی کورد دەڵێ: «میللەتی کورد وەجاخ کوێر نییە، بەڵام ئێستاشی لەگەڵدا بێ کورد کوڕی دیکەی نەبووە بڵێ قاسملووم.» خاوەنی ئەم وتە بەنرخە بەڕێز مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە تێکۆشەری دێرین، یاری غاری دوکتۆر قاسملوو، و هاوسەنگەری بەوەفای بەڕێزیانە؛ کە لە دیدارێکی تایبەتدا هاتووینەتە خزمەتی بۆ ئەوەی بە بۆنەی ساڵیادی تێڕۆری دوکتۆر قاسملوو، لەگەڵ بەڕێزیاندا یادێکمان لە قاسملووی نەمر و باسێکمان لە کەسایەتی و تایبەتمەندییەکانی ئەم زاتە گەورەیە لە زمان بەڕێز مامۆستاوە کردبێ.

عەلی بداغی: مامۆستا با لەو پرسیارەوە دەست پێبکەم کە جەنابت یەکەم جار دوکتۆر قاسملووت لە کوێ دیت؟

عەبدوڵڵا حەسەنزادە: جارێ لە پێشدا با بڵێم سڵاو لە یادی دوکتور قاسملوو، سڵاو لە گیانی پاکی، سڵاو لە هەموو ئەوانەی کە لە پێناو بیروباوەڕەکەی دوکتور قاسملوودا شەهید بوون، سڵاو و ئاواتی سەرکەوتنیش بۆ ئەوانە کە ئێستاش هەر لە رێگەی دوکتور قاسملوو و پێشەوا و بەگشتی حیزبی دێموکراتدا خەبات دەکەن.

ئەمن لەمێژ بوو لەگەڵ ناوی دوکتور قاسملوو ئاشنا بووم، بەڵام دیتنم بۆ یەکەم جار دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٧٠ی زایینی کە دەبێتە ١٣٤٩ی خۆمان، ئەو وەختە کە رێککەوتن لە بەینی دەوڵەتی عێراق و بزووتنەوەی کورد بە سەرۆکایەتیی خوالێخۆشبوو مەلا مستەفا بارزانیدا هەبوو؛ دوکتۆر قاسملوو لە دەرێرا هاتبوو بۆ پیرۆزبایی لە مەلا مستەفا و لە عەینی حاڵدا بۆ پێوەندی بە هاوڕێیانیەوە لە حیزبی دێموکراتدا. چونکی ئەو وەختی حیزبی دێموکرات زۆر پەرشوبڵاو بوو، بێجگە لەوانەی وڵات کە سابیتن، ئەوانی دیکە ژمارەیەکمان لە دەرێ بوون کە پێکەوە پێوەندیی دۆستایەتییان هەبوو نەک پێوەندیی رێکخراوەیی. بەشێکمان لە مەنتەقەی شۆڕش لە کوردستانی عێراق بووین، بەشێکیش لە مەناتیقی ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی عێراق بوون. لەوێ لە زیمنی سەردانی مەلا مستەفادا، مەرحوومی دوکتور قاسملوو چاوی بە برادەرێکمان کەوتبوو بەناوی کاک ئەمیری قازی کە ئەندامی کومیتەی ناوەندی بوو؛ لەوێ باسی ئەوەی کردبوو کە پێم خۆشە یەکتر ببینین. ئێمەش بۆخۆمان کۆبوونەوەیەکمان کرد، بڕیارمان دا دەعوەت لە دوکتور قاسملوو بکەین بێتەوە نێو رێبەریی حیزب و تەنانەت وەکوو مەسئوولیش لە رێبەریی حیزبدا بێ. بەڵام ئیدی ئەو دیدارە ئەو وەختی نەکرا؛ وا دیاری کرا کە دوکتور

قاسملوو بچێتەوە و پاش ماوەیەک بێتەوە. ڕاست تاریخەکەیم لەبیر نییە بەڵام لە مانگی ئاوریلی ساڵی ١٩٧٠دا بوو کە بۆ یەکەم جار لە بەغدا چاوم بە دوکتۆر قاسملوو کەوت و، دیدارێکی پێنج - شەش ڕۆژەمان هەبوو. کە لە جێی دیکەدا باسم کردوە، لەوێ شەش نەفەر کۆ ببووینەوە، حەوت کەسمان کردە ئەندامی کومیتەی ناوەندی(پێکەنین) لە حاڵێکدا نە کۆنگرە بوو نە کۆنفڕانس.

عەلی بداغی: سەرەتایەکی گرینگ زۆر گرینگ بۆ بنیاتنانەوەی حیزبی دێموکرات، بۆ ڕێکخستنەوەی حیزبی دێموکرات کە بوو بە ڕفیقایەتییەکی پتەویش لە نێوان جەنابت و دوکتور قاسملوودا کە هەتا کاتی شەهیدبوونی ١٩ ساڵی خایاند. مامۆستا ئەدی دوادیدارت لەگەڵ دوکتور قاسملوو کەی بوو، لە کوێ بوو و، ئەوەندەی لە بیرتان مابێ باسی چیتان دەکرد؟

عەبدوڵڵا حەسەنزادە: دوا دیدار لە کاتێکدا بوو کە ئەمن لە ڕێبەریی حیزبدا نەبووم، دوای کۆنگرەی هەشت بوو کە ئەمن هەڵنەبژێرامەوە ببمە ئەندامی کومیتەی ناوەندی، بەڵام پێوەندییەکە هەر پێوەندییەکی مامۆستا و شاگردی بوو...

عەلی بداغی: خۆت کاندید نەکردبوو مامۆستا!

عەبدوڵڵا حەسەنزادە: موهیم نییە ئەوە، موهیم ئەوەیە نەبوومە ئەندامی ڕێبەری. دوکتۆر قاسملوو لە هەموو مونەسەبەتێکدا زۆری لوتف لەگەڵ من دەکرد، تەنانەت لە مەسائیلی سیاسیدا دەکرێ بڵێم هیچ مەسەلەیەکی عومدەی سیاسی نەبووە، کە لەگەڵم باس نەکا و من ئاگادار نەکاتەوە هەرچەندە لە ڕێبەریدا نەبووم؛ ئەمە هەر تایبەت بەو دواییانە نەبوو پێشێش هەر وابوو. بەینی کۆنگرەی چوار و پێنجیش کە ئەمن دیسان لە ڕێبەریدا نەبووم، ئەو پێوەندییەمان هەر هەبوو. ئاخر دیدار ئەوە بوو کە لەدوای ناردبووم بچم، بۆ یەکەم جار تەواوی قەزیەکەی لەگەڵ من باس نەکرد بەڵام بە شێوەیەکی سەربەستە لە واقیعدا ئەو داستانەی لەگەڵ باس کردم؛ کە بەداخەوە سەری تێدا چوو. پرسیاری کرد کە ئەگەر دەوڵەتی مەرکەزی ئامادە بێ وتووێژمان لەگەڵ بکا، ئەتۆ نەزەرت چییە؟ گوتم جا سیاسەتی ئەم حیزبە داڕێژراوە، ئەم حیزبە قەتی وتووێژ نەفی نەکردوە. بەڵام بەپێی ئەو زەوابیتە کە ئێمە پەسەندمان کردوە تەنانەت بۆخۆشت گەڵاڵەت کردوە؛ جا ئەووەڵ جار ئەو شرووتە دوکتور قاسملوو بۆخۆی گەڵاڵەی کردبوو و دوایە بەبێ شک ئەوانی دیکەش دەستکارییان تێدا کردبوو. ئەوە ئاخرجار بوو کە ڕۆیشت و بەداخەوە ئیدی یەکترمان نەدیتەوە.

عەلی بداغی: مامۆستا پێش ئەوەی بێمە سەر پرسیارە سیاسییەکان ڕەنگبێ بیرهێنانەوەی ئەو ڕۆژانەوە و ئەو کات و ساتانەش بۆ جەنابت زۆر ناخۆش بێ، بەڵام بێگومان بۆ بینەرانمان گرینگە کە ئەگەر بکرێ باس لەو ئانوساتەش بکەی کە

هەواڵی تێرۆرەکەت بیست. لەو کاتەدا بیرت لە چی دەکردەوە؟

عەبدوڵڵا حەسەنزادە: ئەو ئانوساتە ئانوساتێکی ناخۆش بوو بەڵام بۆ ئێمە وەک دەڵێ تەدریجی بوو، ڕۆژی هەینی بوو، ڕۆژی جێژنی قوربانیش بوو، ئێمە شوێنی کاری دەفتەری سیاسیمان لە دێیەک بوو بەناوی «بۆڵێ» لە بناری قەندیل، بەڵام ماڵەکانمان لە دێیەکی دیکە بوو هەر لە بناری قەندیل بەناوی «ئێندزێ». ڕۆژانە هاتوچۆمان دەکرد بەڵام ڕۆژانی جێژن و تەعتیل نەدەچووین. دەوری سەعاتی نۆ و ئەوانە بوو ماشێنێکمان بەدوودا هات لەبیرم نییە کاغەزی لەگەڵ بوو یان نا، بەڵام پێویست نەبوو ئەگەر کاغەزیش نەبووبێ. گوتی: کاک دوکتور سەعید داوا دەکا بێن. کاک مستەفای هیجری ئەندامی دەفتەری سیاسی بوو، ئەو و من. کە چووین لە ڕێگادا ئەو کوڕە پێی گوتین: دەڵێن لە ئۆتریش تەقە لە هێندێک ئێرانی کراوە. گوتمان: باشە چ بووە چ نەبووە؟! گوتی: مەعلووم نییە، هەر ئەوەندە دەزانین تەقە لە هێندێک ئێرانی کراوە بەڵام کێن، کێ نین، بریندار بوون، کوژراون یان چی نازانین. هەتا چووینە لای شەهید دوکتۆر سەعید، دوکتۆر سەعید دیارە بە پارێزەوە بەڵام بە سەراحەت مەسەلەکەی لەگەڵ باس کردین. جارێ عەکسولعەمەلی من لە باری سیاسییەوە ئەوە بوو کە گوتم کاری عێراقییە. چونکی دوکتۆر قاسملوو لەگەڵ ئەوەی پێوەندیی لەگەڵ عێراق هەبوو زۆری عێراق ئەزیەت دەکرد. هەر حیزبەکەمان وابوو چەند جار ئێمە دەوڵەتی عێراقمان بەتۆمەتی کاری فاشیستی لە بەیانییەی ڕەسمیدا سەرکۆنە کردوە. دوکتور سەعید گوتی: ئەوەی تۆ بۆی دەچی وایە بەڵام هەندێک شت هەیە ئەتۆ ئاگات لێی نییە. گوتم وەک چی؟ گوتی: وەڵا ئاوەهایە. دیارە کاک مستەفا ئاگای لێ بوو، ئەمن ئاگام لە تەفسیلاتەکەی نەبوو. گوتم: جا کەوابێ مونافەشەی ناوێ، ئەوە وتووێژ بۆ مافدان نەبووە، وتووێژەکە بۆ ئەوە بووە کە ئەوی لەبەین بەرن. لەوێدا وەختی گریان نەبوو، چونکی لە سەعاتی وادا دوکتۆر قاسملوو شەخسی منی فێر کردبوو، کە دەبێ ڕووحییەمان لە شعوورمان بەقوەتتر بێ. چۆنی فێر کردم؛ یەکەم ئەندامی کومیتەی ناوەندیمان کە شەهید بوو مەرحوومی قادری ویردی بوو. ئێمە لە کومیتەی ناوەندی ١١ کەس بووین، ئەو شەهید ببوو، دوومان لە دەرێ بوون، هەشتیشمان لەوێ بووین. حەوت کەسمان دەگریاین زۆر سەیر دەگریاین؛ تەنانەت کەسێکی وەکوو مەرحوومی کەریمی حیسامی کە پیاوێکی هەم بەتەمەن، هەم بەئیستلاح کارکوشتە بوو. دوکتۆر قاسملوو تانەی لەمن دا، گوتی: هەستە وەختی گریانێ نییە وەرە با بچین بەیاننامە بنووسە. پیلی گرتم ژوورێک لەسەرێ بوو کە مەعموولەن بۆخۆم لەوێ کارم دەکرد؛ کاری نووسین و شت. گوتی: دانیشە بەیاننامەکە بنووسە، گوتم: دوکتۆر مێشکم هیچی تێدا نییە. گوتی: ئەوە ئەووەڵتە، سەت حاڵەتی وا دەبینی، لەو وەختانەدا ئەتۆ دەبێ ڕووحییەت بەقوەت بێ. یەک-دوو کەلیمە ڕێنوێنیی کردم و بەجێی هێشتم، مەجبوور دانیشتم ئەو بەیاننامەی کە دەبوو حیزب دەری بکا نووسیم. جا لەو لەحزەیەدا ئەوەم وەبیر هاتەوە کە دەبێ ئێمە ئەوەندەی دەکرێ ڕووحییە بدەین بە خەڵکی. پاش ماوەیەک هێندێک کارمان کرد، یەکێک لە کارەکان ئەوە بوو، شتێکمان گەڵاڵە کرد بۆ خەڵک کە بەرنامەی ڕادیۆ بڵاوی بکاتەوە: بەداخەوە خەبەرمان وەرگرت کە دوکتۆر قاسملوو لە ڤییەنێ تەقەی لێ کراوە،

ئێمە لەگەڵ رەفیقەکانمان لە ڤییەن لە تەماس‌داین بزانین نەتیجەکەی چییە. بۆ ئەوەی یەکسەر خەبەرەکە نەدرابێ. کاری دووەم ئەوە بوو کە شتێکی چووکەڵەمان نووسی، بە بێسیم بیدەین بە تێکۆشەرانی حیزبی، ئیدی بۆ ئەوان ئاوا نووسرا: دوکتۆر قاسملوو شەهید بوو، بەڵام بیروباوەڕەکەی زیندوویە، حیزبەکەش زیندوویە؛ شتێکی ئاوا کورت. دواتر ئەمن بە مەرحووم دوکتۆر سەعیدم گوت: ئەتۆ کارەکانت بکە، ئەمن دەچم بەیاننامەی دەنووسم بێئەوەی ئەو پێم بڵێ. چووم، دانیشتم بۆ بەیاننامەنووسین بەڵام ئیدی لەوێ نۆرەم بوو، چەند جار لە زیمنی نووسینەکەدا -خۆ ئەو وەختە کامپیۆتێر نەبوو-، کاغەز و قەڵەم بوو، مەجبوور دەبووم کاغەزەکەم لابەرم هەتا ئەوەی نووسیومە بە ئاوی چاوم ڕەش نەبێتەوە. بەهەرحاڵ ئەوە عەکسولعەمەلەکە بوو.

عەلی بداغی: زۆر ناخۆش بوو وەبیرهێنانەوەی ئەوە. مامۆستا تێکەڵاوی و کاری هاوبەش و هاوڕێیەتی و هاوسەنگەر بوون لەگەڵ دوکتۆر قاسملوو، بێگومان هەر کەسێک کە لەگەڵی بێ کاریگەریی زۆری لەسەر دادەنێ؛ پێم خۆشە بزانین دوکتۆر قاسملوو لەسەر کام ڕەهەندی ژیانت جیا لە ڕەهەندی سیاسی کە باست کرد کاریگەریی داناوە؟ لەسەر چ لایەنێکی بیرکردنەوەی جەنابت زۆرتر کاریگەری هەبووە؟

عەبدوڵڵا حەسەنزادە: هێمن لەبارەی مەلا ئەحمەدی فەوزییەوە دەڵێ: ئەمن دروستکراوی دەستی مەلا ئەحمەدی فەوزیم. ئەگەر موبالەغە نەبێ ئەمنیش وا دەڵێم، هەم لە باری سیاسییەوە، هەم لە باری ئاداب و ڕەفتار و بەتایبەتی هێندێک شتی زۆر گەورەی هەبوو کە ئێمە هەر ڕەعایەتمان کردبێ و تۆزێک بەلایدا چووبین هەر زۆرە. ئەو ڕۆحگەورەییە، دێموکراتبوون، کەمتر بیرلە تۆڵەکردنەوە، نەزاکەتی کەلام لە نووسیندا، لە زۆر بارەوە ئەخلاقی دوکتۆر قاسملوو بۆ ئەوە دەبوو، پیاو ڕەچاوی بکا و لێی فێر بێ. ئەوەی کە لە موقەدەمەی قسەکاندا باست کرد، وا بوو. یەعنی لێی زیاد دەکەم ئەمن لەگەڵ دوکتۆر قاسملوو و لەگەڵ زۆر کەس دانیشتووم، هیچ کەسم لە سەرەوی دوکتور قاسملووی نەدی، هیچ کەس.

جوانترین وەسف بوو لە پەسنی قاسملوودا
هیچ لەبەر تەعەسسوبیش وا نالێم؛ واقعیەت دەڵێم.

عەلی بداغی: بێینە سەر پرسیارە سیاسییەکانمان لەم دیدارە تایبەتەدا، زۆر جار دەبیستین: کە دەڵێن حیزبی دێموکراتی کوردستان، بزووتنەوەی کورد هەتا ئێستاش بێقاسملوویی پێوە دیارە. ئایا ئێوەش وا بیر دەکەنەوە؟

عەبدوڵڵا حەسەنزادە: ئەمن وا بیر دەکەمەوە کە چەند لایەنی هەیە، ئەوەڵەن جێی هیچ کەس پڕ نابێتەوە، نەک دوکتۆر

قاسملوو بەڵکوو جێی خەڵکی دیکەش. چونکی ئێمە بەنناپەک نیین ئیحتیاجیمان بە دە فەعلە هەبێ، ئەگەر یەکێکیان نەخۆش بێ یەکی دیکە لە جێگەی دادەنێ. ئێمە قەزیەیەکمان بە دەستەوەیە ئیحتیاجیمان بە هەمووان هەیە، کەوابێ جێی هیچ کەسمان بۆ پڕ نابێتەوە. شتێکی دیکە دووبارە دەڵێم، بە مردنی هیچ کەس نابێ جێیەکە بەتاڵ بێ، نابێ ڕەوتەکە بوەستێ. ئەسڵەن هونەری ڕێبەرێکی سیاسییش لەوەدایە کە وای کار کردبێ، وای خەڵک پێ گەیاندبێ کە دوای خۆی کارەکە بڕوا؛ دەنا هونەرێکی نییە فەقەت ئەو وەختە کار بڕوا کە بۆخۆی دەیکا. بەڵام ئەگەر ئەوەی لێ دەرچێ، بەڵێ ئەمنیش باوەڕم وایە کە بێقاسملوویی بە حیزبی دێموکراتەوە هەتا ئێستا دیارە. چونکی بۆخۆی ئەو چەترە بوو کە هەمووی خڕ دەکردنەوە لە عەینی حاڵدا ڕێبەرێکی گەورە بوو.

عەلی بداغی: بە دیوێکی دیکەی ئەم باسەدا، بەهەر حاڵ کۆمەڵێک ئەندامی ڕێبەری، کۆمەڵێک کادری تێکۆشەر، کۆمەڵێک پێشمەرگە هەن لەو نێوەدا، بەهەرحاڵ دوای قاسملوو ئەم حیزبە درێژەی بە ژیانی سیاسیی خۆی داوە؛ ئایا ئەمە غەدرێکیش لەم ڕێبەرییە نییە کە بەهەرحاڵ بە شەو و شەونخووننی بە قوربانیدان ئیدامەی کاریان داوە؟

عەبدوڵڵا حەسەنزادە: عەرزم کردی، گوتم نابێ کارەکان ڕاوەستن، کارەکان ڕۆیشتوون و چاکیش ڕۆیشتوون. تەنانەت لەدوای شەهیدبوونی کە ئەمن لە بەخاک سپاردنەکەیدا بەشدار بووم، هاتمەوە موساحەبەیەکی ڕادیۆییمان کرد؛ باسی ئەوەم کرد کە دوکتۆر قاسملوو تەمرینی نەمانی خۆی بە ئێمە دەکرد، ساڵێ لە سێ مانگەوە هەتا شەش مانگ بەجێی دەهێشتین، بۆ ئەوەی ئێمە کارەکانمان بکەین. تەنانەت جارێکی -ئەمن کەمێک سەریحم لەو شتانەدا- دەگەڵ خۆی قسەم دەکرد، گلەییم لە شتێکی کرد گوتم: لە کاری خۆیدا کاک دوکتۆر سەعید بەمشوورتر و مودیرترە تا تۆ. گوتی: چۆن وا دەڵێی دوکتۆر سەعید ڕادیۆی ئیدارە دەکا ئەمن حیزب ئیدارە دەکەم. گوتم: نا حیزب هەموومان ئیدارەی دەکەین، ئەتۆ بەتەنێ ئیدارەی ناکەی. قیعلەن هەرواش بووە. ئەمن لە پێشەوەش کە هەموومان لە بیرمانە ئەووەڵ قسەکانم ئەوە بوون کە سڵاوم لەوانە کرد کە ڕێگاکەی ئیدامە دەدەن، بەڵێ ئەوان فەزڵیان هەیە، هونەریان هەیە لە هیچی کەم ناکەمەوە، بەڵام ئەوە حەقیقەتێکی تاڵە و تەنانەت کەمێکیش تەقسیری ئەو خەڵکەیە، کە ئێستا دەڵێن قاسملوو جێی بەتاڵە، بریا قاسملوو دە کەسی لە جێ بایەن.

عەلی بداغی: مامۆستا فاکتێکیش لە کەسانی غەیرە کورد بێنینەوە، مەسەلەن بۆ نموونە کریس کۆچێرا دەڵێ: «ئەگەر قاسملوو مابا ڕەنگبێ پرسی کورد لە شەرایەتی ئێستادا بەرەو ئاقارێکی دیکە چووبا» و ئەوەش هونەری قاسملوو بوو، یان جاناتان ڕەندڵ دەڵێ: «کەسم نەدیوە وەک قاسملوو لە دانیشتن لەگەڵ هەموو ڕێبەرانی دنیادا توانای ڕاگرتنی سەربەخۆیی فیکری و سیاسیی خۆی هەبووبێ.» ئەم وەسفانە، ئەم پێناسەکردنانە چ مەنتقێکی لەپشتە؟ ئەوانە قسەی کۆمەڵێک کەسی

سەرچاوە Serchawe

ئوروپایین کە ئێحساسی قسە ناکەن.

عەبدوڵڵا حەسەنزادە: دوکتۆر قاسملوو جەززابترین ڕێبەری کورد بوو بۆ هەموو خاریجیەکی، ئەمن شتێک دیکە زیاد دەکەم؛ دوکتۆر کوشنێر لەسەر جەنازەکەی لە زیمنی قسەکانیدا گوتی: «هەتا دەمدی شتی تازەی لێ فێر دەبووم»، جا قسەکانیش دەقاودەق پێم خۆشە وەک خۆی بن. چونکی ئەمن زۆرم پێ جالب بوو بڵێم؛ قسەی جاناتان ڕەنداڵ ئەوەیە کە دەقیقەن دەڵێ: «تەنیا ڕێبەری سیاسی بوو کە دەیتوانی لەگەڵ هەر دەوڵەتێکیش دابنیشێ قسەی خۆی بکا و ئازادیی سیاسیی خۆشی نەدۆڕێنێ.» ئەوە وەسفێکی زۆر گەورەیە. ئەو لەگەڵ دەوڵەتانیش (ئەوەندەی دەکرا، لەگەڵ وەزیری خاریجە، لەگەڵ دەوڵەت، جاری وا بووە لەگەڵ ڕێبەری دەوڵەتیش دانیشتوە) بەڵام قاسملوو هەر قاسملوو بووە و حیزبەکەی هەر حیزبەکەی بووە. حیزبەکەشی فێر کرد کە بەبێ ویش هەر سەربەخۆ بمێنێتەوە و سەربەخۆیی سیاسیی خۆی بپارێزێ.

عەلی بداغی: لە زیمنی قسەکانتدا ئاماژەیەکیشت بەوە کرد کە لەگەڵ ئەوەی ئێمە ئەو کات بە پێی شەرایەتی سیاسی، لەگەڵ مەسەلەن دەوڵەتی ناوەندیی عێراق پێوەندیمان هەبوو بەڵام دوکتۆر قاسملوو تەنانەت ئەزیەتیشی دەکردن.

عەبدوڵڵا حەسەنزادە: ئائا. جارێکی پێکەوە سەفەرمان دەکرد، تازە زیندانی ئێمە لەلایەن دەوڵەتی عێراقەوە بۆمباران کرابوو ، بەیاننامەیەکمان لەسەر نووسیبوو؛ زۆر توند. بە فاشیستمان ناو بردبوون و مەحکوومەمان کردبوون. کە سەفەرمان کرد لە کەرکووکێ نانی نیوەڕۆیان بۆ دوکتور قاسملوو ئامادە کردبوو، ئەمنیش لەو وەختەدا بەرپرسی ڕادیۆ بووم. هەر وەژوور کەوتین ئەو دەیناسی ئەمن نەمدەناسی، دوکتۆر گوتی: «ئەوەش وەزیری ئێعلامی ئێمەیە»، هێشتا دانەنیشتبووین کابرا گوتی: «یانی بەیاننامەی دۆڵەتوو ئەوە نووسیویەتی؟» گوتم: «عەمەلیاتی دۆڵەتوو ئەتۆ دەستوورت دابوو؟» دانیشتین، چایان هێنا دوکتۆر قاسملوو گوتی: «بەیاننامەی دۆڵەتوو ئەمن نووسیومە.» نازانم نووسیبووی یان نا، چونکی ئەمن ئەو وەختی لە سنە بووم، ئەمن نەمنووسیبوو. گوتی: «ئەمن نووسیومە بەڵام ئەتۆ دۆستی منی حەق بەخۆت دەدەی بێی زیندانەکەم بۆمباران بکەی، زیندانییەکانم بکوژی، تەنانەت پێشمەرگەکانم بکوژی؛ حەق بەمن نادەی مەحکوومت بکەم؟ حیزبی دێموکرات ئەو پێوەندییانە نازانێ.

عەلی بداغی: مامۆستا دوکتۆر قاسملوو لە سیاسەت و لە کاری سیاسیدا هەلومەرجی دەخوڵقاند یان زیاتر لە هەلومەرجە ڕەخساوەکان بۆ بەرژەوەندیی حیزبەکەی و نەتەوەکەی باشترین ئیستفادەی دەکرد؟

عەبدوڵڵا حەسەنزادە: دەکرێ بڵێین ڕێبەرێکی سیاسی بەتایبەتی ڕێبەری سیاسیی حیزبێک کە لە دەسەڵاتدا نییە، قەت

ناتوانێ هەلومەرج بخولقێنێ، بەڵام ئیدە دەخولقێنێ و، مەرحەلەی دووهەمی کە باست کرد بەڵێ وا بوو. لە هەلومەرجی مەوجوود زۆر باش وەدەست دەهات و زۆر زوو ئیستفادەشی لێ دەکرد. تەنانەت جاری دیکەم گێڕاوەتەوە با تیکراریش بێ دەیڵێم؛ ساڵی ١٣٥٧ ئەو لە دەرەوە بوو ئێمە لە عێراق بووین، هاتەوە گوتی: «ئێمە ئیدی نابێ لێرە بین دەبێ بچینەوە، وڵاتی ئێمە دەگۆڕێ.» ئەو وەخت لە ئێران بە کەست گوتبا شا دەڕوا، ئیدی نازانم چی پێ دەگوتی! دەیگوت شێت بووە. بەڵێ تەوزیحی دا و بە قسەمان کرد و بڕیارمان دا، هێندێکمان بگەڕێینەوە. کاک حەسەنی ڕەستگار گوتی: «شا ڕۆیی!» گوتم: «بۆ؟» گوتی: «ئەو کابرایە وەک سوورەداڵەی بەبن بااڵی خۆیدا دەڕوانێ. پێشبینییەکانی وان.» بەڵێ فێعلەن وابوو.

عەلی بداغی: هەر بەو پێیە ئەگەر دوکتۆر قاسملوو لە ژیاندا مابا، بەپێی ئەو هەلومەرجانەی کە لە دوای شەڕی کەنداو لە مەنتەقەی ئێمە دروست بوون، ئایا دوکتۆر قاسملوو لەگەڵ هەمان بڕیار و هەمان تەسمیمگیری دەبوو کە ڕێبەریی حیزب کردیان؟ (بە گشتی عەرزت دەکەم نەک لە مەوردێکی خاسدا) یان ڕەنگبێ ئەو کاتە بڕیارەکان جۆری دیکە بان؟

عەبدوڵڵا حەسەنزادە: نا، ئەمن پێم وایە لەو بارەیەوە، هەندێک موبالەغە لە توانای دوکتور قاسملوودا نەکەین؛ ڕەنگبێ لە تەکنیکدا تەکنیکی وردتر و جوانتر ڕەعایەت بکرێ بەڵام ئەو هەلومەرجەی خۆڵقا ئەگەر دوکتۆر قاسملووش مابایە؛ ئێمەی تووشی ئەو حاڵەتە دەکرد. زۆر جار پێمان دەڵێن ئەوە کەمپنشینییە حیزبی دێموکراتی وا لێ کردوە. نا بابە کەمپنشینی وای لێ نەکردوە؛ هەلومەرجی خەباتەکە وایە کە مەجبووری کردووی و کردووتی بە کەمپنشین. کەمپنشینی نەتیجەی هەلومەرجەکەیە، نەک هەلومەرجی ئێستامان نەتیجەی کەمپنشینی بێ. ئەگەر هەلومەرجەکە وا نەبێ، لێرەڕا بە چوار سەعاتان دەچینەوە وڵاتی خۆمان. کەوابێ دوکتۆر قاسملووش مابایە شتی وا هەر دەبوو، جاروبار هەندێک موبالەغە دەکەن لە توانای دوکتۆر قاسملوودا. ئاخر ئێستا هەر یەکە و بۆخۆی دوکتۆر قاسملوویەک دروست دەکا؛ بەتایبەتی ئەوانەی نەیاندیوە. دەڵێن ئەگەر دوکتۆر قاسملوو مابایە حیزبی دێموکرات دوولەت نەدەبوو،

دوکتۆر قاسملوو مابوو ٣ ئینشعاب لە حیزبی دێموکراتدا کرا.

عەلی بداغی: زیاتر مەبەستم ئەوە بوو کە دەڵێن ئەگەر دوکتۆر قاسملوو مابا ڕەنگبێ ئێمە لە قەندیل دانەگەڕابایەن، ئەوەش نموونەیەک؟

عەبدوڵڵا حەسەنزادە: ئەدی بۆ هاتینە قەندیل؟ بۆ چووینە گەلاڵە؟ بۆ چووینە گەورە دێ، لە مەنتەقەی چوارتا؟ خۆ

ئەودەم دوکتۆر قاسملوومان مابوو. لە مەنتەقەی چوارتاوە بۆ هاتووینە قەندیل؟ دوکتور قاسملوومان لەوێدا لەگەڵ بوو. هەندێک موبالەغەیە لە وەسفدا. دوکتۆر قاسملوو ئەوەندە گەورەیە پێویست ناکا بە قسەی خیلاف گەورەی بکەین!

عەلی بداغی: بەڵێ. مامۆستا پێم خۆشە هەر لە زمان جەنابتەوە بڕێک زیاتر لایەنە جیاوازەکانی کەسایەتیی دوکتۆر قاسملوو باس بکەین، چی دوکتۆر قاسملووی لە بڕیاردانداء لە ڕێبەرانی دیکەی کورد جیا دەکردەوە؟

عەبدوڵڵا حەسەنزادە: دەتوانم بڵێم ئەوەی لە هەموو خەسڵەتێکی دوکتۆر قاسملوو بارزتر بوو، دێموکراتبوون بوو. یەعنی دوکتۆر قاسملوو لە وەختێکدا کە بەتەنێ (هەر ئەوە تەعلیماتی حیزبیش بوو دەڵێ: «کادری حیزبی دەبێ لە وەختی زەروورەتدا بتوانێ بۆخۆی بڕیار بدا») تەنیا لەو وەختانەدا بڕیاری دەدا؛ دەنا ئەو وەختە کە ئیمکانی مەشوەرەت لەگەڵ هاوڕێیانی هەبوو هیچ وەختێک بەتەنێ بڕیاری نەدەدا. چەند جارێشم لەبیرە کە ڕەئییەکەی وی و نەزەرەکەی وی ڕەت کراوەتەوە، تەنانەت مەوریدێکم لەبیرە زۆر جاری دیکەش ڕەنگە گێڕابێتمەوە بەڵام دووبارە گێڕانەوەیم پێ خراپ نییە؛ مەسەلەکە زۆر ناکەمەوە. مەسەلەیەک هاتە گۆڕێ هەموومان نەزەرمان ئەوە بوو کە دەبێ سەفەرێکی بۆ بکرێ، دوکتۆر قاسملوو موخالیف بوو بەڵام تەسویب کرا کە دەبێ ئەو سەفەرە بکرێ، کە تەسویب بوو باسی ئەوە کرا کە سەفەرەکە کێ بیکا، گوتمان: «دوکتۆر قاسملوو!» گوتی: «کاکە ئەمن تەنیا موخالیفی ئەو بڕیارەم چۆن شتی وا دەبێ؟» گوتمان: «بەتۆ نەبێ ناکرێ.» هەستا چوو جێبەجێی کرد بە باشترین شێوەش جێبەجێی کرد، بەڵام مانگێکی نەخایاند هەموومان پەشیمان بووینەوە. دەرکەوت ڕەئیەکەی وی سەحیحترە، ئەو لە پێش ئێمەوە دەرکی کردبوو، ئێمە دەرکمان نەکردبوو؛ بەڵام بەو حاڵە چووە ژێر ڕەئیی ئەکسەریەتی کومیتەی ناوەندی و قبوولی کرد. لەحاڵێکدا ڕێبەرانی سیاسیی دیکە زۆر جار بۆخۆیان بڕیار دەدەن.

عەلی بداغی: بەڵام لە پێوەندی لەگەڵ وتووێژ لەگەڵ نێردراوانی کۆماری ئیسلامیدا، ئەمەی ڕەعایەت نەکرد و بۆخۆی بریاری دا.

عەبدوڵڵا حەسەنزادە: عەرزم کردی ئەوە لەو جێیانەیە کە دەبێ بەتەنێ بڕیار بدا. ئەووەڵ جار کە لە دەرێ بوو پێوەندییەکە گیراوە بە حوکمی ئەو بڕیارە سیاسییەی کە بوومانە واتە ئێمە وتووێژ ڕەت ناکەینەوە، ئەوەی کردوە. دوایە هاتۆتەوە لەگەڵ کومیتەی ناوەندی باسی کردوە، لەگەڵ دەفتەری سیاسی بەدرێژی باسی کردوە؛ هەمووی ئەوانە. بەڵام بەهەر حاڵ ئەوە یەکێکە لە مەواریدی هەڵەیەکیش کە قەت قابیلی جوبران نییە و قەتیش قابیلی لێخۆشبوون نییە.

عەلی بداغی: مامۆستا جیا لە دنیای سیاسەت جەنابت پێگە و جێگەی دوکتۆر قاسملوو لە ڕەهەندەکانی دیکەی ژیانی کۆمەڵایەتی، لە ئەدەبیاتدا، لە هونەردا چۆن دەبینی؟ ئەگەر باسێک لە عەلایەقی دوکتۆر قاسملوو بکەی لەو بوارانەدا.

عەبدوڵڵا حەسەنزادە: دوکتۆر قاسملوو پیاوێکی زۆر جامێع بوو، باسی ئەدەبیات کرابا تێبینیی زۆر وردی ئەدەبیی هەبوو، شارەزاییەکی زۆر باشی لە ئەدەبی کوردی هەبوو. تەنانەت لەوەدا ساحەبنەزەر بوو کە شێعر یان وتاری ئەدەبییش هەڵسەنگێنێ؛ هەربۆیە ئەو مریدی دوو کەس بوو بە دەرەجەی یەکەم گۆران کە وەختی خۆی گۆران گەورەترین شاعیری دەوران بووە، باوەڕ کە تا ئێستاش خەڵکی دیکە نەیانگەیاندۆتە گۆران، هەموو کەس نەیتوانیوە خۆی لە قەرە بدا. لە شاعیرانی زاراوەی کرمانجییشدا قەدریجان. زۆری شێعری ئەو دووانە لەبەر بوو. باسی ئەدەبیاتی فەڕانسە دەکرا، لێی شارەزا بوو. باسی تاریخی ئێران دەکرا، لێی شارەزا بوو. باسی تاریخی وڵاتان دەکرا، لێی شارەزا بوو. تەنانەت لەبیرمە جارێکیان چەند فەڕانسەییەکی لەلا بوون، باسیان کرد و لەبارەی کوردستانەوە ئیزهاری نەزەریان کرد، خیلافیان لەگەڵ وی هەبوو؛ لێیان تووڕە بوو گوتی: «ئەمن چەند ساڵم لە وڵاتەکەی ئێوە خوێندووە، تاریخی ئێوەم خوێندووەتەوە، لە وڵاتی ئێوە ژیاوم، زمانەکە وەک ئێوە دەزانم؛ ئەلعان لەسەر مەسائیلی فەڕانسە خۆم بە ساحەبنەزەر نازانم. ئێوە سەفەرێک هاتوونەتە کوردستان بۆ هەمووتان بوونە ساحەبنەزەر؟!» بەڕاستی بێدەنگ بوون، یەعنی لە زۆر بواردا، دوکتۆر قاسملوو لە حەددی ئینسانێکی مەعمووڵی بەوڵاوەتر بوو. هەموو سەمفۆنییەکانی دەناسی، سەمفۆنییە خاریجییەکان کە ئەمن یەکێکیان ناناسم.

عەلی بداغی: مامۆستا ئەگەر ئەوە گرێ بدەینەوە بە دنیای سیاسەت ئایا تواناکانی دوکتۆر قاسملوو، ئەو توانا زۆرانە ئەوی بێمنەت نەکردبوو لە هاوڕێیەتی، لە بڕیاری گشتی یان لە ئیجماعێک کە دەبوو بۆ شتەکانی دیکە ببایە؟

عەبدوڵڵا حەسەنزادە: لەوبارەیەوە ڕەئیی من و ڕەئیی ڕەفیقەکانی دیکەی دوکتۆر قاسملوو فەرقی هەبوو. جارێ با ئەوەی بڵێم ئەمن ڕەنگە دە جار، بیست جار لەگەڵ دوکتۆر قاسملوو شەڕم کردبێ. چونکی ئەمن شاگردی وی بووم. بەڵام لە عەینی حاڵدا ئەویش پێی خۆش نەبوو شاگردەکەی هەر بڵێ بەڵێ. پێی خۆش بوو ڕەئیی تازە ببیسێ. هێندێ کەس پێیان وابوو دوکتۆر قاسملوو ڕەئیەکانی خۆی دەسەپێنێ، بەڵام ئەمن وام نەدەدی. دوکتۆر قاسملوو هیچ ڕەئیەکی خۆی نەسەپاندوە، بڵێن بۆخۆی دەیکا. بەڵام مەنتقی بەقوەت بوو کە لەسەر ویستەکان و بۆچوونەکانی خۆی ئیستدلالی دەکرد ئەوانی دیکە قسەیان پێ نەدەما، پەسەندیان دەکرد.

عەلی بداغی: ئەدی دوکتۆر قاسملوو کاریگەریی هیچ کەسایەتییەکی کوردی لەسەر نەبوو؟ یان بۆخۆی باسی لە شتێکی کردبێ؟

عەبدوڵڵا حەسەنزادە: لەباری سیاسییەوە، ئەووەڵەن با ئەوە بڵێم ڕێبەرێک کە لە هیچ کەس قێر نەبێ ڕێبەرێکی زیرەک نییە، هونەری ڕێبەرێکی گەورە ئەوەیە کە لە ئەندامەکان و عونسورەکانی خوارەوەی کۆمەڵیش شت قێر بێ و ئیلهام وەر بگرێ. شت هەیە ئەتۆ نایزانی ئەو دەیزانێ، دەبێ لێی قێر بی؛ کەوابێ لەو بارەیەوە ئەو وشک نەبوو، دەیویست لە خەڵکی قێر بێ. بەڵام وەکوو مامۆستا و مورشید ئەو تەنیا خۆی بە شاگردی پێشەوا قازی محەممەد دەزانی؛ بەحەقیقەت پێشەوا قازی محەممەدیش لە دوکتۆر قاسملوو لەسەرتر بووە.

عەلی بداغی: مامۆستا دوکتۆر قاسملوو جیا لە کوردستان و کورد کە تێزی دوکتۆراکەی بوو و، چل ساڵ خەبات لەپێناوی ئازادی و کورتەباس کە نامیلکەیەکی تێئۆری بوو؛ نووسینی دیکەی هەبوو؟

عەبدوڵڵا حەسەنزادە: نووسینی دیکەی زۆر بوو، جارێ نامیلکەی نێو حیزبی و ڕاپۆرتی کومیتەی مەرکەزی و ئەوانە کە نووسیبوونی بەجێی خۆی. بەڵام بێجگە لەوە ئێستا دوو شتی دیکەیم لەبیرە، یەکێکیان مێژووی کوردستان بوو کە بە هاوبەشی نووسرا، بەشی تورکیە « د. کەنداڵ نەزان» نووسی، بە زمانی فەڕانسە نووسرا، بەشی عێراق «د. عیسمەت شەریف وانلی» نووسی، بەشی سووریەش هەر ئەو نووسی بەڵام بە ناوی مستەفا نازدار، بەشی ئێرانیش دوکتۆر قاسملوو نووسی. لە پاشان دوکتۆر قاسملوو وەکوو کارناس لە وەزارەتی بەرنامەڕێژیی عێراق کاری دەکرد، کتێبێکی زۆر عیلمی و جوانی نووسی بە ناوی بەرنامەڕێژیی درێژخایەن، بەعەڕەبی نووسی. دیارە عەڕەبی نەدەزانی بەڵام لە وەزارەت هەیئەتێکی پێک هێنابوو، دوو کەس لەبەر دەستیدا کاریان دەکرد کە هەر دووکیان دوکتۆرایان هەبوو، هەر دووکیان دۆکتورایان لەسەر دەستی وی وەرگرتبوو، هەر دووکیان لە چێکۆسلۆڤاکی ببوون، زمانی چێکی و سلۆڤاکییان دەزانی، بۆیە ئەو ئیدەکانی دەگوتن بە عەڕەبییەکی ناتەواو یان بە چێکییەکی سەحیح، ئەوان بە عەڕەبی دایاندەڕشت؛ کتێبێکی زۆر بەنرخە. دیارە چاپیان نەکرد بیدەنە دەست خەڵکی هەر لە ئیختیاری خۆیاندا بوو.

عەلی بداغی: نەکراوەتە کوردیش؟

عەبدوڵڵا حەسەنزادە: نەخێر نەکراوە، چونکی نەیانهێشت بکەوێتە بازار.

عەلی بداغی: بەڵێ. مامۆستا لە پرسیارەکانی کۆتایی نیزیک دەبینەوە. ئامانجەکانی قاسملوو بەشی زۆری وەدی نەهاتوون بەڵام پێت وایە کە دوای شەهیدبوونی دوکتۆر قاسملوو ڕێگای قاسملوو لە ئێستادا چۆن دەپێوریێ؟ ڕێبوارانی ڕێگای قاسملوو چۆن لەم ڕێگایە هەنگاو هەڵدێننەوە؟ پێت وایە ئەو شەرایەتەی ئێستا ڕۆحی قاسملووی شاد کردوە یان لێمان ناڕەحەتە؟

عەبدوڵڵا حەسەنزادە: ئیشارە بە قسەکەی کریس کۆچێرا بکەینەوە کە ئەو وەزعەی عێراق پێکهات دەڵێ: «ئەگەر قاسملوو مابایە، وەزع جۆرێکی دیکە دەبوو چونکی پیاوی ئەو مەیدانە بوو.» بەبێ شک ئەگەر قاسملوو مابایە تەئسیری لەسەر شتەکان زۆر دەبوو، بەڵام ناحەقی دەبێ، بێئەمەگی دەبێ کە ئێمە نەقشی ئەوانەی دوای قاسملوو نەفی بکەین. دوکتۆر قاسملوو مابایە شتەکان چاکتر دەبوون، بەڵام ئەو ڕەوتەی کە بووە زۆر سەریعتر نەدەبوو. پێم وایە خراپ نەبووە، هەڵەمان هەیە. لەباری ئیدئۆلۆژی و ئەفکاری سیاسییەوە کەمبوودمان هەیە. بەڵام خەباتەکەمان بەردەوامە، ئاڵایەکەمان بە شەکاوەیی ڕاگرتوە، ئەوە زۆر موهیممە دەنا خۆ ئامانجەکانی پێشەوا قازی محەممەدیش نەهاتوونە دی. لە واقیعدا ئامانجی حیزبی دێموکرات و دوکتۆر قاسملوو، ئەوانە هەموویان بناغە دانەڕەکەیان پێشەوا قازی محەممەدە. ئەوە ئەمن بە دوو جەنبە دەیبینم، جەنبەیەکی ئەوەیە کە زیرەکی و وشیاریی ڕێبەرانی دامەزرێنەری حیزبی دێموکرات ئەوەندە زۆر بووە ئیدەیەکی سیاسییان هێناوەتە سەر کاغەز کە پاشی حەفتا ساڵیش هەر نوێیە؛ ئەوە زۆر موهیممە. لایەکەی دیکەی ناکامییەکی زۆرە حەفتا ساڵ بەسەریدا تێپەڕیوە، کەچی بە شێوەی تەواو نەهاتوونە دی. ئەگەر ئینسان لە تاریخدا دەژی، تاریخ نابینێ، بەڵام ئەگەر یەکێک (دەڵێن فەڕزی مەحاڵ، مەحاڵ نییە) ساڵی ١٣٣٠ مردبێ و ئێستا زیندووی کەیەوە، هەر سەری سوڕ دەمێنێ کە حەتتا لە باری مەسەلەی نەتەوایەتییەوە کوردستان چەندە پێش کەوتوە؟ خۆ وا نییە هیچ وەدی نەهاتبێ. شتێک لەو ڕۆژانەدا هەبوو پێم خۆشە ئیشارەی پێ بکەم؛ ئەو کۆنگرەیە کە دوێنێ و پێرێ لە سنە گیرا، هەڵایەکی زۆری لەسەر ساز بوو، ئەمن باسی ئەو هەڵایە ناکەم، بەڵام ئەوە نەتیجەی خەباتی میللەتی کوردە کە جمهووریی ئیسلامی وادار دەکا بە درۆش بێ، ڕێز لە ناوارانی کورد و گەورەپیاوانی کورد بگرێ. خۆ لە خۆڕا وەدی نەهاتوە. نا وا نییە کە ئامانجەکان بە هیچ جۆر وەدی نەهاتبن. لە وردەکارییەکاندا وەدی هاتوون لە عومدەکەش نیزیک بووینەوە. پێم وایە سبەینێ و دووسبەی نییە و ڕەنگە ئەمن نەیبینم بەڵام ئیشەڵا ئێوە حەتمەن دەیبینن؛ وەدی دێ بەڵام ئێستا وەدی نەهاتوە.

عەلی بداغی: مامۆستا تەمەندرێژ دەبی ئیشەڵا. دوکتۆر قاسملوو لەسەر مێزی وتووێژ شەهید کرا، دوای ئەم ڕووداوە تاڵە ئەویش بەم شێوەیە ئایا دەکرێ وتووێژ و ئاشتی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی مانایەکی هەبێ؟ یان با پرسیارەکەم جۆرێکی دیکە بکەم ئایا حیزبی دێموکراتی کوردستان لە هەر حاڵەتێکدا دەتوانێ لە تاوانی تێرۆری دوکتۆر قاسملوو خۆش بێ؟

عەبدوڵڵا حەسەنزادە: ئەمن بە ناوی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە قسە ناکەم بە ناوی خۆمەوە قسە دەکەم. عەرزم کردی کاری دوکتۆر قاسملوو لە خۆیدا دروست بوو، بەڵام ئەو تەکنیکە کە ئەو گرتیە پێشێ هەڵەیەکی گەورە بوو کە بە قیمەتی گیانی تەواو بوو. ئێستاش حیزبی دێموکراتی کوردستان و هێزە سیاسییەکانی دیکە دروست نییە وتووێژ لەگەڵ کۆماری ئیسلامی یان هەر دەوڵەتێکی دیکە کە بێتە جێگەی کۆماری ئیسلامی نەفی بکا. بەڵام بەو شەرتە ئوسوولی وتووێژ ڕەعایەت

بکا، پێداگر بێ لەسەر حەقیقەتەکان و حەقەکان، لە عەینی حاڵیشدا دەبێ ڕێبەرێکی سیاسیی حیزبێکی سیاسی ئینعتافیشی هەبێ، وا نییە کە یان سفر یان هەزار ڕەنگە لە پێنسەدی بە یەکتر بگەن. بەڵام -زۆر ناخۆشە پیاو ئەوەی بڵێ- بەش بە حاڵی خۆم هیچ ئومێدم بەوەی نییە کە لە بوونی جومهووریی ئیسلامیدا ماف و ئازادییەکانی میللەتی کورد و گەلانی دیکەی ئێران وەدی بێن؛ بۆ تاریخ دەبێ ئەوەی بڵێم.

عەلی بداغی: مامۆستا دوا سەرنجت چییە لەسەر ئەم وتووێژە کە قسەیەکی نەگوتراو مابێ بە بۆنەی ئەم یادە کە ئاوڕێکمان لە مێژووی پێوەندییەکانی جەنابت و دوکتۆر قاسملوو دایەوە. ئەگەر پەیامێکت هەبێ بۆ لاوان و نەوەی نوێی کورد.

عەبدوڵڵا حەسەنزادە: لە مێژووی پێوەندییەکاندا شت زۆرە و دەبێ ڕێبەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ئایندەدا لە زیمنی کاردا فێری بن، ئەوە یەکێک بوو لە قسەکانی دوکتۆر قاسملوو ڕەنگە ئەویش ئی خۆی نەبێ، دەیگوت: «ئینسان لە نێو ئاودا فێری مەلەی دەبێ لە وشکانی فێری مەلەی نابێ.» بۆیە دیپلۆماتێکی ئێمە دەبێ ئیستفادە لە تەجرەبەکانیش بکا، بەڵام شتێکی کە ڕێبوارانی ڕێی دوکتۆر قاسملوو دەبێ فێری بن، ئەوەیە کە ئەو لە بێئومێدی، ئومێدی دەخولقاند بەو مانایە کە نەیدەهێشت خەڵکەکە نائومێد بێ. ئێمە ڕۆژی زۆر سەختمان دیوە، یانی ئەو حیزبەی کە لە دەورانی دوکتۆر قاسملوودا ببوو بە حیزبێکی یەک میلۆنی، دوکتۆر قاسملوو لە وەختێکدا هەوڵی زیندووکردنەوەی دا (دیسانەکە دەڵێم هەر بەتەنێ نەبوو خەڵکی دیکەشی لەگەڵ بوو)، کە ئەو حیزبە چەند دە نەفەرێک بوو. تەنانەت لە بارەی خۆشمانەوە نا لە بارەی سازمانەکانی دیکەشەوە، دەیگوت قەت حیزبێک، سازمانێک بە ژمارەی ئەندامەکانی هەڵمەسەنگێنن، بە ئەفکارەکەی هەڵیسەنگێنن، ڕەنگە ئێستا پێنج کەس بێ بەڵام ئەگەر ئەفکارەکەی دروست بێ، ئەگەر سەرنجڕاکێش بێ؛ دەتوانێ لە ئایندەدا ببێتە بیروباوەڕی سەدان و هەزاران و میلۆنان.

عەلی بداغی: مامۆستا سپاس بۆ بەشداریتان لەم دیمانەیەدا.

عەبدوڵڵا حەسەنزادە: ئەمن سپاستان دەکەم.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٣ی جوولای ٢٠١٩

شوناسخوازیی سەرانسەریی نێستا لە کوردستان بەرهەمی خۆراگریی کوردە لە ٤٠ ساڵی ڕابردوودا

٢٨ی گەلاوێژی ئەمساڵ ٤٠ ساڵ تێپەڕی بەسەر ڕووداوێکی مێژوویی کە چارەنووسی سیاسیی کوردستانی ئێرانی گۆڕی. لەم ڕۆژەدا خومەینی، ڕێبەری ڕێژیم فتوای جیهاد و فەرمانی شەڕ لە دژی خەڵکی کوردستانی دا و بەوەش دەرگای هەموو هەوڵێکی ئاشتیخوازانە بۆ چارەسەریی پرسی کورد لە ئێراندا داخرا. لەو کاتەوە شەڕ لە کوردستان لە شێوەی جۆراوجۆردا بەردەوام بووە، کوردستان بە ئەمنیەتی کراوە و وەک موستەعمرەیەک سامان و سەرچاوەکانی لەلایەن حکوومەتی ناوەندییەوە بەتاڵان چووە. هەوڵی تواندنەوەی نەتەوەیی دراوە و لە هەموو پێشکەوتن و پەرەسەندنێکدا بێبەش کراوە و ئەوەش سەرچاوەکەی بۆ ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٥٨ی هەتاوی دەگەڕێتەوە.

"کوردستان" لە ٤٠ ساڵەی ئەم ڕووداوە مێژووییەدا دیمانەیەکی لەگەڵ کاک مستەفا مەولوودی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان پێک هێناوە و چەند باس و تەوەرێکی پێوەندیدار بەو بابەتەی لەگەڵ بەڕێزیاندا تاوتوێ کردوە.

عەلی بداغی: چی وای کرد خومەینی فەرمانی هێرش بۆ سەر کوردستان بدا؟

مستەفا مەولوودی: کە بنەڕەتڕا بەپێی تایبەتمەندی و خەسڵەت و کەسایەتیی نادێموکراتیکی ئایەتوڵڵا خومەینی و ئەو نیزامە مەزهەبییە کە ئاغای خومەینی و هاوبیرەکانی خەونی جێگیرکردنیان لە وڵاتی ئێراندا دەدی، سروشتی بوو کە حکومەتی تازەدامەزراو لە تاران زۆر زوو دەکەوێتە بیری کۆنترۆڵ کردنەوەی هەمووی وڵات و لێ ئەستاندنەوەی ئەو بڕە ئازادییەی کە خەڵکی ئێران بەگشتی و نەتەوە نا فارسەکان بە سەرکەوتنی شۆرش لە ساڵی ١٣٥٧ی هەتاویدا وەدەستیان هێنابوو. ئەوە بەگشتی، بەڵام لە کوردستان تا ڕادەیەکی زۆر مەسەلەکە جیاواز بوو. لە بەر ئەوەی کورد وەک نەتەوەیەک بەنیسبەت نەتەوەکانی دیکەی ئێران خاوەنی باکگراندێکی مێژوویی لە خەبات و تێکۆشانی بوو. لە مێژووی تۆمارکراویدا حیزبی سیاسیی خۆی (حیزبی دێموکراتی کوردستان)ی هەبوو، ئەزموونی کۆماری کوردستانی وەک پاشخانی ئیرادەگەریی سیاسی تۆمار کردبوو. لە ڕێژیمی پاشایەتیی تووڕە بوو و هاوکات بە خوێندنەوە و لێکدانەوەی سیاسیی ورد و بە مەبەستی وەدەستهێنانی مافە نەتەوەیی، سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانی بەشداریی لە شۆرشی ١٣٥٧ بۆ ڕووخاندنی ڕێژیمی پاشایەتی کردبوو. پاش سەرکەوتنی شۆرشیش حیزبی دێموکراتی کوردستان لە لایەک بە دانوستان و وتووێژ لەگەڵ نیزامی تازە و لە لایەکی دیکە بە کار و تێکۆشان لە ئێران و کوردستان لە بیری جێگیر کردن و دروستکردنی نیهادی مەدەنی و خەڵکتەوەر دابوو. ئەوەش ناتەبا بوو لەگەڵ بنەما فیکری و بەرنامەکانی ئایەتوڵڵا خومەینی و کەسانی دەوروبەری. ئەوەش بوو کە

ئەوان هەر لە سەرەتاوە کوردستانیان وەک چقڵێک دەدی لە چاوی خۆیاندا. بۆیەش خومەینی فتوا و فەرمانی جیهادی لە دژی کورد دەرکرد.

عەلی بداغی: کورد لەبەرامبەر ئەم هێرشەدا بەرگرییەکی چەکداریی ئازایانەی کرد، ئەگەر هێزە سیاسییەکان ئەم مقاومەتەیان نەکردبا چی ڕووی دەدا؟

مستەفا مەولوودی: لە مێژوودا کورد بە نەتەوەیەکی ئازا و چاو نەترس ناسراوە. بۆیە خۆڕاگریی خەڵکی کوردستان (لە شەڕی سێ مانگەدا) نموونەی ئازایەتی و کۆڵنەدانی خەڵکی کوردستان و هێزی پێشمەرگە بوو. هێزێکی زۆری حکوومەت بە فەرمانی ئاغای خومەینی بە ئیمکاناتێکی زۆرەوە و لە زەوی و ئاسمانەوە پەلاماری کوردستانی دا، بەڵام دوای سێ مانگ شەڕی قارەمانانە و بەرگرییەکی ڕەوا، هیزی پەلاماردەر تووشی تێکشانی گەورە بوو. خومەینی ناچار لە ڕۆژی ٢٦ی خەزەڵوەردا پەیامی ڕاگرتنی شە بە دژی کوردستانی ڕاگەیاند و دانی بە ئەوە دانا کە ئەویان لەسەر کوردستان خراپ تێگەیاندوە. پاشان ئۆگری نیشان دا کە کێشەی کوردستان بە دیالۆگ و وتووێژ چارەسەر بکرێ. خەڵکی کوردستانیش وەڵامی ئەرێنیی دایەوە بەو پەیامە. بەڵام بەداخەوە دەرکەوت ئەوەش هەر پیلان و کەلکوەرگرتن لە کات بوو بۆ ئەوەی هێزە پەلاماردەرەکان خۆیان ڕێک بخەنەوە و تەیار و پۆشتە بکرێنەوە بۆ پەلاماری دووبارە بۆ سەر خەڵکی کوردستان.

ڕوونە ئەگەر خەڵکی کوردستان و هێزە سیاسییەکان بە تایبەتی حیزبی دێموکرات مقاومەتی نەکردبا، بزووتنەوەی کوردستان تووشی شکانێکی قەرەبوونەکراو دەبوو،و بۆ ماوەیەکی نادیار جووڵانەوەکە تووشی کپ و بێدەنگی دەبوو. هەروەها خەڵکی کوردستان زووتر دەکەوتنە ژێر دەستەڵاتی شووم ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران. هاوکات سەرکوتی بزووتنەوەی سیاسیی کوردستان شوێنەواری خەراپی لەسەر بزوتنەوەی سیاسی سەرانسەریی خەڵکی ئێرانیش دادەنا.

عەلی بداغی: کۆمەڵێک دەنگ هەیە کە دەڵێن کورد نەدەبوا لەبەرامبەر ڕێژیمی ئیسلامیی ئێراندا کە بە شۆڕش هاتووەتە سەرکار ڕاوەستابا و دەستی بۆ چەک بردبا. چونکی ئەمە بیانووی دا بە شەڕخوازەکانی نێو دەسەڵات کە بۆ هەمیشەی هەیمەنەی خۆیان بەسەر کوردستاندا بسەپێنن. ئێوە وەڵامتان بۆ ئەو بانگەشەیە چییە؟

مستەفا مەولوودی: لەگەڵ ڕێزم بۆ بووچە جیاوازەکان بەڵام ئەوە لەجێی خۆیدا نییە. خەڵکی کوردستان و بەتایبەتی حیزبی دێموکرات بە هەڵسەنگاندن و خوێندنەوەی دروست لە بەرانبەر پەلاماری هێزەکانی حکومەت، چ هیزی میلیشا وەک بەسیج و چەکدار لە ناوچەکە و هەروەها هێرشی هیزە چەکدارەکانی حکومەت بە ئەرتەش و سوپای پاسدارانەوە ڕاوەستان

و مقاومەتیان کرد و ئەوە کارێکی بەجێ و جێی شانازییە. چونکی دەستی لەسەر دەست دانەنا و ئیزنی نەدا بزووتنەوەیەک سەرکوت و نەتەوەیەک قەلاچۆ بکرێ. بەڵام لەبەر چی گوتم کە ئەو بۆچوونە لەجێی خۆیدا نییە:

یەکەم؛ هەر لە سەرەتای هاتنە سەرکاری حکوومەتی تازە لە ئێران، خەڵکی کوردستان و حیزبی دێموکرات هەوڵیان دا بە ڕێگای وتووێژ و دیالۆگ مەسەلەی کوردستان لەگەڵ حکومەت چارەسەر بکەن؛ کەواتە ئەوان بە بەرپرسیارەتییەوە مامەڵەیان لەگەڵ دۆخەکە کردوە. بەڵام ئەوە حکومەتی تاران بوو بە پەلامار بۆ سەر کوردستان ڕێگای وتووێژی داخست و بەربەستی لەبەردەم چارەسەرە دێموکراتیکەکان دانا وم لە ڕاستیدا هیچ ڕێگایەکی بۆ خەڵکی کوردستان نەهێشتەوە جیا لە مقاومەت و بەربەرەکانییەکی ڕەوا.

دووهەم؛ بەڵام باشە خۆ لە بەشەکانی دیکەی ئێران کە بەو شێوەیە مقاومەت و خۆڕاگری نەبوو، ئەدی چارەنووسی ئەوان بوو بە چی؟

سێهەم؛ هەر لە کوردستان هێز و لایەن هەبوون بە شێوەیەک ڕەفتار و سیاسەتیان دەکرد کە بەهیچ شێوەیەک هانی حکومەت نەدەن و لە بەرامبەر ڕێژیمدا ڕانەوەستن. باشە چارەنووسی ئەوان چیی لێهات؟

چوارەم؛ دوایی ٤٠ ساڵ ئەگەر سەیری ئەو مێژوویە بکەین، بەکردەوە بۆمان دەردەکەوێ کە خەڵکی کوردستان کاری دروستی کردوە کە مقاومەتی کردوە. هێزە کوردییەکان کە بەرگریی چەکداریان لە هەمبەر ڕێژیمدا بووە و مانەوەی خۆیان کردۆتە ئەمری واقع، ئێستاش دەبینین کە لە مەیداندا ماونەوە، بەڵام ئەو نەتەوانەی مقاومەتیان نەکرد و بێدەنگی و چاوەڕوانی و تەنانەت تەسلیم بوونیان هەڵبژارد، هەموو شتێکیان لەدەست چوو. بۆیە ڕەمزی سەرکەوتن و مانەوەی کورد لەو مەیدانەدا بۆ ئەوە مقاومەتە دەگەڕێتەوە. ڕاستە کورد و حیزبی دێموکرات ڕێگایەکی هەڵبژارد کە تێچوویەکی زۆر و قورسی هەبوو، بەڵام سەربڵیند و تێکۆشەڕ لە مەیدانەکەدا ماوەنەوە و ئێستاش خەڵکی کوردستان چاوی هیوایان هەر لە هێزە خەباتکارەکانیەتی.

عەلی بداغی: دوای هێرشی تاران بۆ سەر کوردستان و بەرگریی کورد و شەڕی سێ مانگە بۆ ماوەیەک شەڕ ڕاوەستا و پرسی وتووێژ لە نێوان ڕێژیم و کورددا هاتەگۆڕێ، بەڵام بێ ئەنجام بوون. تاوانی ئەمە لە ئەستۆی کێ بوو؟ بۆ وتووێژەکان بێ ئامام مانەوە؟

مستەفا مەولوودی: ڕاستە دوای هێرشی تاران بۆ کوردستان بەو جۆرەی ئێوە دەفەرموون ماوەیەک شەڕ ڕاوەستا و پرسی وتووێژ هاتۆتە ئاراوە، بەڵام لە وەڵامی پرسیارەکەی پێشتردا گوتم کە ئەمە تاکتیکی ڕێژیم بۆ کات کوشتن بوو. لە ڕاونگەی منەوە پەیامی ٢٦ی خەزەڵوەر ئاغای خومەینی بۆ دیالۆگ و وتووێژ بە مەبەستی چارەسەری پرسی کوردستان نەبوو، بەڵکوو بۆ حەسانەوە و سازماندان و خۆ ئامادەکردنی هێزەکانی ڕێژیم بووە بۆ پەلاماری دووبارەیان بۆ سەر کوردستان. لە بەر ئەوە هەر چەند بەڕواڵەت هەیئەت لە تارانەوە هاتن بۆ کوردستان و لەگەڵ هەیئەتی نوێنەڕایەتیی خەڵکی کوردستان چەند جارێک دیداریان هەبوو، بەڵام ئەوان نیازپاک نەبوون. هەیئەتی نوێنەڕایەتیی خەڵکی کوردستان داخوازیی خەڵکی کوردستانیان لە چەند خاڵدا فۆرمووڵە کردبوو و خەڵکی کوردستان زۆریشی ئامادەگی نیشان دا؛ تەنانەت کە باس لە خودموختاریی ئیسلامی لە کوردستان دەکرێ، سکرتێری گشتیی ئەو کاتی حیزبی دێموکرات بۆ ئەوەش ئامادەیی دەردەبڕێ. بەڵام چوونکە لە ڕاستیدا ڕێژیم خەیاڵی وەخت کڕینی هەبوو بۆ پەلاماری دووبارەی کوردستان نەک چارەسەرکردنی پرسە، بۆیە هەر کە ڕێژیم خۆی لەو ئاستەدا دیتەوە کە دەتوانێ پەلاماری شار و ناوچە و گوندەکانی کوردستان بدا؛ بێ گوێدان بە کاری هەیئەتی دەوڵەت و خەڵکی کوردستان پەلامارەکەی دەست پێکردەوە و شەڕێکی بەسەر کوردستاندا سەپاند کە لە فۆرمی جۆراوجۆردا تا ئێستاش درێژەی هەیە. بۆیە زۆر ڕوونە کە تاوانی بە ئاکام نەگەیشتنی هەوڵە ئاشتیخوازانەکان لە ئەستۆی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییە.

عەلی بداغی: ئەگەر کەمێک وردتر باس لە کاریگەرییەکانی شکستی وتووێژەکان بکەین. دوایە لە کوردستان چ ڕووی دا؟

مستەفا مەولوودی: ڕاستی وتووێژێک بەم جۆرەی بڵێی وتووێژ بە شێوەیەکی جیددی و کاریگەر لە ئاڕادا بووبێ بە باوەری من هەر نەبوو، چوونکە من لە یەکێک لە هاوڕێیان کە ئەندامی هەیئەتی نوێنەرایەتیی کورد بووە و لە وتووێژەکاندا بووە؛ لێم بیستووە کە لەو چەند جار دانیشتنەدا تەنیا یەک جار و ئەویش بۆ ماوەی نیو سەعات وتووێژی فەرمی لە نێوان هەیئەتی نوێنەڕایەتیی خەڵکی کوردستان و نوێنەرانی حکومەتدا هەبوو. کە ئەویش هیچی وای تێیدا باس نەکراوە. بۆیە دەکرێ بڵێین وتووێژێک نەبووە تا بە ئاکام نەگەیشتنەکەی کاریگەریی بووبێ بە سەر خەڵک و بزووتنەوەی سیاسیی کوردستان. تەنیا ئەوە نەبێ کە ئاگربەست هەبوو لە نێوان کورد و هێزەکانی ڕێژیم لە کوردستان، کە هیزەکانی ڕێژیم بۆ جاری دووهەم خۆیان ڕێک خستەوە و تەیارتر و پۆشتەتر و ئەمجارەیان بە پیلان و بەرنامەی درێژخایەنترەوە پەلاماری کوردستانیان دایەوە. دەرەنجامەکەشی شەڕێکی نابەرامبەری خوێناویی لێ کەوتەوە و بووە هۆی وێرانی و کوشت و کوشتارێکی زۆر لە خەڵکی کوردستان و بەرپرسایەتیی هەموو ئەوانەش لە ئەستۆی ڕێژیمە کە کوردستانی میلیتاریزە کردبوو.
لە هەر شوێنێک هیزەکانی ڕێژیم هەبوون ژیانی خەڵک بەتەواوی لە مەترسیدا بوو. گرتن و کوشتن و ڕەوانەکردنی خەڵک بۆ زیندان و ئیعدامی خەڵکی کوردستان ببوو بە بەشێک لە ژیانی ڕۆژانەی خەڵکی کوردستان.

سروشتیش بوو لە بەرامبەر ئەم پەلامارەدا هیزە سیاسییەکان بە تایبەت حیزبی دێموکراتی کوردستان بە یارمەتی و هەزینەکردنی خەڵکی کوردستان لە گیان و ماڵ، شەڕ و مقاومەت و خۆڕاگرییەکی بێوێنەیان تۆمار کرد کە لە مێژوودا بە درەوشاوەیی ماوەتەوە و دەمێنێ. ڕاستە بۆ خەڵکی کوردستان و حیزبی دێموکرات تێچووی ئەو بەربەرەکانی و مقاومەتە زۆر بووە، بەڵام ئەمە پەرەی بە بزووتنەوەیەکی سیاسیی شۆرشگێرانە داوە و ئێستاش خۆڕاگریی خەڵکی کوردستان لە بەرامبەر فشاری ڕێژیمدا و سیاسی بوونی خەڵکی کوردستان و سوور بوونیان لەسەر مافە ڕەواکانیان ئەمری واقعە و فەزایەکی تەواو ماف ویستانە و سیاسیی لە کوردستاندا خوڵقاندوە.

عەلی بداغی: کۆماری ئیسلامی لە چوار دەیەی دەسەڵاتیدا هەمیشە وەک موستەعمیرەیەک لە کوردستانی ڕوانیوە، سامان و سەرچاوەکانی بەتاڵان بردوە، شەڕی نەرمی لەگەڵ کورد بردۆتە پێشێ و بە قورسترین چەک کە ڕەنگبێ ئێستاش زۆر لە دەوڵەتان نەیانبێ لە بزووتنەوەی کوردی داوە. کورد و کۆماری ئیسلامی لە داهاتوودا لە کوێ پێک دەگەن؟ یان ئەسڵەن دەکرێ لە جێیەک پێک بگەن؟

مستەفا مەولوودی: ئەزموونی مێژووی چل ساڵ دەستەڵاتداری کۆماری ئیسلامی لە ئێران و کوردستان، ڕەفتار و کردەوەی کاربەدەستانی ئەم ڕێژیمە، خوێندنەوە و جۆری ڕوانینی ڕێژیم بۆ چارەسەری پرسەکان بە ڕێگای زەبروزەنگ و ئەمنیەتی ئەوەمان پێ دەڵێین کە لە چوارچیوەی حکومەتی کۆماری ئیسلامیدا دێموکراسی لەم وڵاتە جێگیر نابێ و؛ خەڵکی و نەتەوەکانی ئێرانیش بە ماف و داوای ڕەوای سیاسی و کۆمەڵایەتیی خۆیان ناگەن. بۆیە ڕێگای ڕزگاریی خەڵکی ئێران لە دەست ئەو ڕێژیمە، ڕەدکردنەوەی ئەو نیزامەیە لە تەواوتیی خۆیدا و جێگیرکردنی نیزامی سیاسیی دێموکرات و بەرپرسیارە.

بەڵام بزوتنەوەی سیاسی خەڵکی کوردستان کە خاوەنی تایبەتمەندیی خۆیەتی، هەموو کاتێک دیالۆگ و گفتوگۆی بە یەکێک لە ڕێگاکانی تێکۆشان بۆ دەستەبەری مافەکانی خەلکی کوردستان دەزانێ. ئەگەر بە هەر هۆیەک لە هەڵومەرجی زاڵ بەسەر ئێراندا حکوومەت ناچار بە پاشەکشە بێ و، ئیستعدادی ئەوەی تێدا دروست ببێ کە بە داننان بە مافەکانی خەڵکی کوردستان ڕێگا بۆ چارەسەری ئەم پرسە خۆش ببێ؛ کورد دەبێ ئەوە بە هەند وەربگرێ. بۆیە خەڵکی کوردستان و هیزە سیاسییەکانی کوردستان دەبێ ئامادەیی ئەوەیان هەبێ لە ئەگەری وەها دۆخێکدا، ئەم دەرفەتە بە قازانجی بردنەپێشی بزووتنەوەی سیاسی خەڵکی کوردستان بقۆزنەوە و لەو بەستێنەشدا لەسەر هەست و بەبەرنامە بن.

عەلی بداغی: حیزبی دێموکرات ٤٠ ساڵە لەبەرامبەر ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا خەبات و مقاومەت دەکا، ئێوە چۆن باس لە دەسکەوتەکانی ئەم تێکۆشان و مقاومەتە لەو چوار دەیەیەدا دەکەن؟ لە بنەڕەتڕا پێتان وایە دەسکەوتەکان چین؟

مستەفا مەولوودی: وەک باسمان کرد حیزبی دێموکرات لە چل ساڵ خەبات لە بەرامبەر رێژیمی کۆماری ئیسلامیدا تێچووی زۆری بووە، خەساری زۆر بەرکەوتوە و ڕەنگە دەرفەتی باشیشی لە دەست دابێ یان باش لە دەرفەتەکان و هێزی خەڵکی کوردستان و توانای هەموو تێکۆشەران کەلکی وەرنەگرتبێ. بەڵام دەستکەوتی زۆریشی بۆ بزووتنەوەی سیاسی خەڵکی کوردستان دەستەبەر کردوە. یەکەم لە هەلومەرجێکی زۆر سەختدا بە ئیمکاناتی زۆر سنووردار و لە بەرامبەر رێژیمێکی درندە و دژی گەلیدا توانیویەتی بزوتنەوەی سیاسی لە کوردستانی ئێراندا لەسەر پێ ڕابگرێ. دەبینین کە تا ئێستاش فەزایەکی تەواو سیاسی بەسەر کوردستاندا زاڵە و خەڵکی کوردستان چەند شەقاوێک لە ناوچەکانی دیکەی ئێران لەپێشترن. حیزبی دێموکرات بە تێکۆشان و لە مەیداندا بوونی هەستی نەتەوایەتی و شۆڕشگێرانەی لە کوردستاندا زۆر بەهێزتر کردوە و ئەگەر سەردەمانێک هەست و باوەڕی نەتەوایەتی زۆرتر ڕەنگدانەوەی ناوچەیەکی پێوە دیار بوو، ئێستا لە باکووریترین ناوچەی کوردستان هەتا باشووریترینی، ئەوەی تۆخ و دیارە پرسی شوناسخوازییە.

بزووتنەوەی کوردستان هەر لە سنووری ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ناوچەکەدا قەتیس نەماوەتەوە، بەڵکوو سنووری وڵاتانی بڕیوە و زۆر لە وڵاتان و خەڵکی سیاسی ئاگادارن کە چل ساڵە خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەسەر پێیە بۆ وەدەستهێنانی مافی نەتەوایەتی و سیاسی و مەدەنییەکانی. چەند ڕۆژ پێش ئێستا نوێترین ڕاپۆرتی جاوید ڕەحمان، نوێنەری شووڕای مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ئێران بڵاو بۆوە کە تێیدا هاتبوو نیوەی زیندانیانی سیاسی لە ئێران کوردن. ئەوە تەعبیر لەوە دەکا کە لە کوردستان بزووتنەوەیەکی سیاسیی وشیار و لەسەر هەستمان هەیە.

لە یەک کەلامدا خەڵکی کوردستان بە مقاومەت و خۆڕاگریان لە بەرامبەر پیلانەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا و لە ڕێگای هیزە سیاسییەکانیان بەرچاوڕوونیی ورد و تەواویان لەسەر ماف و ویستەکانیان بەو کەس و لایەنانە داوە کە بیر لە داهاتووی ئێران و نیزامی سیاسی لە ئێراندا دەکەنەوە.

عەلی بداغی: حیزبی دێموکرات لەم چەند ڕۆژەدا هەم یادی ٧٤ ساڵەی دامەزرانی کردەوە، هەم ٤٠ ساڵەی ٢٨ی گەلاوێژی ٨٥ و جینایەتەکانی ڕێژیم لە کوردستانی بیر هێنایەوە. حیزبی ئێوە بەو پاشخانە لە میژووی خەبات چۆن بۆ گۆڕانکارییەکانی داهاتووی ئێران دەڕوانێ و بەرنامەی چییە؟

مستەفا مەولوودی: حیزبی ئێمە ئەزموونێکی زۆری خەبات و تێکۆشانی هەیە، زۆر ڕووداو و کارەساتیشی ئەزموون کردوون و قاڵبووی مەیدانی خەبات و تێکۆشانە. بەپێی ئەو ئەزموون و تێگەیشتنەی کە حیزبی دێموکرات هەیەتی، حکوومەتی ئێران لە خراپترین حاڵەتی خۆیدایە، ناتەبایی بەرچاو لەنێو دەزگاکانی ڕێژیمدا دەبیندرێ، خەڵکی ئێران بەگشتی لە چەنگ

ئەو ڕێـژیمە وەزاڵە هـاتوون و ڕۆژانە بەشـێوەی جۆراوجـۆر نـاڕەزایەتی دەردەبـڕن. هەژاری، نەداری و بێکـاری و کێشـەی جۆراوجۆری کۆمەڵایەتی تەنگیـان بە خەڵکی ئێـران هەڵچنیـوە، فشـاری سیاسـی و ئـابووریی دەرەوە لەسـەر حکـومەتی ئێـران نیشانەکانی بەسەر ژیانی خەڵکی ئێران بەتەواوی وەدەر کەوتوە و، بە ئاشکرا بە حکوومەت و نیـزامەوە دیـارە کە لەگەڵ چ فشـارێک بەرەوڕوویە. ئەوانە هەمووێـان چالشـی جیـددیان بـۆ حکـومەت دروسـت کـردوە و خەڵـک بە تەوژم و جیـدییەتی زیـاترەوە بەرەوڕووی ڕێـژیم بـوونەتەوە. ئەم بـارودۆخە دەرفەتێکـی باشـە بـۆ بـزووتنەوەی نـاڕەزایەتیی خەڵـک. حیزبـی دێموکرات لەو پیوەندییەدا لە سازماندان و بەخۆداچوونەوەدا و لە شێوەی هاوکاری لەگەڵ هیـزە سیاسـییەکان لە کوردسـتان و ئۆپۆزیسـیۆنی ئێرانـی بە خوێنـدنەوەی تـازەوە سـەیری داهـاتوو دەکـا. هەروەهـا حیزبـی ئـێمە خـۆی بـۆ هەر ئەگەرێـک و هەلومەرجێکی پێشبینی کراو و نەکراو ئامادە دەکا.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٣ی ئاگۆستی ٢٠١٩

وتوویژی "کوردستان" لەگەڵ جێگری سکرتێری گشتیی حیزب

د. ئاسۆ حەسەنزادە: با جارێک بۆ هەمیشە قبووڵی بکەین کە هەموو پارچەکانی کوردستان پێویستییان بە یەکترە

(وتوویژی ڕۆژنامەی کوردستان لەگەڵ جێگری سکرتێری گشتی و وتەبێژی دەفتەری سیاسیی حیزب)

گۆڕانکارییەکـان لە ئێسـتای ڕۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـتدا زۆر خێـرا و بەلەز ڕوو دەدەن و کـورد بەشـێکە لە ئەکتەرەکـان و لە ئاڵوگۆڕەکـانی نـاوچەدا، بە تـایبەت لە سـووریە و ڕۆژاڤـای کوردسـتان کە گۆڕانکارییەکـان تـا ڕادەیەک بە زیـانی کـورد شکاوەتەوە. نـاڕەزایەتییەکـان لە لوبنـان و عیـراق و لێکەوتەکـانی کە تـا ڕادەیەک پێـی ئێرانـی گرتـووەتەوە و ئەم بـاس و خواسانەی ئەم دواییانە لەسەر پرسی نەتەوەیی لە ئێران هاتنە گۆڕێ؛ هەمووی باسهەڵگرن.

"کوردستان" بۆ تـاوتوێی ئەم بابەتـانە و لێکـدانەوەی چەنـد تەوەرێکی تـر وتـووێژێکی لەگەڵ د. ئاسۆ حەسەنزادە، جێگری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان پێک هێناوە.

کوردستان: ئەو ماوەیە چ بۆ کورد و چ لە ناوچەدا مانگێکی پڕ ڕووداو و پێشهاتمان تێپەڕ کرد، بۆ نموونە مەسەلەی ڕۆژئاوای کوردستان، کێشە و ناڕەزایەتییەکان لە هێندێک لە وڵاتانی ناوچەدا،... هتد. ئەگەر لە سۆنگەی ئایندەی کورد و نەخشی ئێرانەوە چاو لە دۆخەکە بکەین، هەمووی ئەم گۆڕانکارییانە چەندە لە بەرژەوەندیی خەبات و تێکۆشانی خەڵک لە ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستانە؟

د. ناسۆ حەسەنزادە: لەگەڵ ئەوە کە گرینگترین ئاڵۆگۆڕەکانی ئەو ماوەیە ئەوانە بوون کە باست کرد بەڵام ئێمە پێویستە چ بۆ دۆخی خۆمان وەک کورد و چ لە ئاستی ناوچەدا تەنیا بە دیدێکی محەللی بیر نەکەینەوە. ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بۆخۆی زۆر لەمێژە ناوەندی قورسایی پێوەندییە نێودەوڵەتییەکانە. لە ساڵانی ڕابردووشدا زیاتر لە هەر کاتێک بووە بە تێئاتری ململانە و ڕکابەریی زلهێزەکانی دنیا. دەتوانم بڵێم کە دەوروبەری ئێمە ناوچەیەکە هەڵگری دینامیزمێکی ئەوەندە ڕاکێشەری سەرنجی دەرەکی و بەریەککەوتنی نێوخۆییە کە هیچ ناوچەیەکی جیهان نیەتی. لە جیهانی پێکەوە گرێدراوی ئەمڕۆشدا پێویستە هەمیشە ئاستی ئانالیزمان بەرەو فاکتۆرە جیهانییەکان بەرز بکەینەوە. ئەوە بە مانای لەبیر کردنی هۆکارە لۆکاڵییەکانی کێشە و پێشوەچوونەکان نییە، بەپێچەوانەوە هەموو کاری ئێمە دەبێ بۆ باشتر ناسین و ئاقاربەخشیی زیاتر بە دینامیزمە نێوخۆییەکان بێ، چونکە دۆخی ئێمە لەگەڵ ئەوە کە بەرهەمی دەستێوەردان و سیاسەتی ناعادڵانەی زلهێزەکانی دنیایە، تەنیا لەسەر ئەو عەرزەی کە لێی دەژین و لەو واقیعە مەیدانییەدا کە لەگەڵی بەرەوڕووین قابیلی گۆڕانە. کورد لە خەباتی خۆیدا دەبێ هەمیشە پشت بە هێز و توانای خۆی ببەستێ و تێبکۆشێ باڵانسی هێز لەپێشدا لەگەڵ دەوڵەتانی حاکم بەسەر کوردستان و ڕکابەرە محەللییەکانی خۆی بگۆڕێ. بەڵام هەڵە دەبێ ئەگەر زەرووریەتی سەرنج و پشتیوانیی نێودەوڵەتی پشتگوێ بخەین. سەبارەت بە پێشهاتەکانی ئەم دواییانە، نموونەکانی ئیشارە پێ کردوون لە جنسی جیاوازن و مەلامح و لێکەوتەکانیشیان بۆ ئێمەی وەک کورد وەک یەک نییە. لەپێوەندی لەگەڵ ڕۆژئاوای کوردستاندا ئەوەی لەو ماوەیەدا ڕووی دا بۆ هەموو کورد زۆر تاڵ بوو. بەهۆی بەستێنێکی سیاسیی پێشووتر کە لەلایەن ئەکتەرە کوردییەکان خۆشیانەوە کۆمەڵێک هەڵە و کەمایەسیی تێدا بوو و بەهۆی سیاسەتی دەمدەمی و قازانچپەرستانەی ئیدارەی ئیستای ئامریکا، ئەوەی لێی دەترساین ڕووی دا و مەیدان بۆ جێبەجێکردنی پیلانی لەنێوبردنی ئەزموونی ڕۆژئاوا خۆش بوو. ئەوەی ڕووی دا یان لە حاڵی ڕوودانە، بە زیانی هەموو کورد و بە قازانجی هەر چوار دەوڵەتی حاکم بەسەر کوردستانە بە کۆماری ئیسلامیشەوە. ئەمن لەگەڵ ئەوە نیم بەدەستی خۆمان شەرعیەت بە پشتێکردنی ئامریکا لە کورد بدەین و بڵێین مادام دەوڵەتانی دیکە بەدووی بەرژەوەندیی خۆیانەوەن، هەر جۆر لەگەڵمان بجووڵێنەوە هەقیانە. بەڵام پێم وایە پێویستە لە خۆمان بپرسین بۆچی کورد نەیتوانیوە ئەوەندە یەکگرتوو بێ و خۆی ئەوەندە سەرنجڕاکێش بکا، کە زلهێزەکان هەر چەند دهیە و هەر چەند ساڵ جارێک و چەند جار پشتی بەرنەدەن. دیارە با ئەوەش ببینین کە هێرش و داگیرکاری بۆ سەر ڕۆژئاڤا دەرفەتێکی نوێ لە خۆدەرخستنی کورد و وەدەنگ هاتنی بێوێنەی ناوەندە سیاسییە نێونەتەوەییەکان و

تەنانەت خەڵکی دنیا لە کوردی دروست کرد. هەمووی ئەمە بۆ دەکارخستنی زیاتر دەبێ و پێم وایە ئەگەر بژاردەی کوردی ڕۆژئاوا بە هەماهەنگی لەگەڵ هێزی پارچەکانی دیکەی کوردستان دانیشن بیرێک لەو دۆخە بکەنەوە کە کوردی تێدایە و مشوورێک لە پێوەندییەکانی نێوان خۆیان و ڕێکارەکانی ڕووبەڕووبوونەوەی مەترسییەکانی سەر کورد بکەنەوە، ئێستاش زەرفیەتی باش بۆ پێچەوانە کردنەوەی ئاقاری ڕووداوەکان بەدەستەوەیە. بەڵام شتی وا بەرنامەڕێژیی درێژخایەن، پشووی درێژ و لە هەمووی گرینگتر باوەڕ و پێبەندیی نێوان کوردەکان پێویستە. دەبێ جارێک بۆ هەمیشە ئەوە قبووڵ بکەین کە سەرەڕای واقیعی سیاسی و ئاجێندای جیاوازیان، هەموو پارچەکانی کوردستان پێویستیان بەیەکترە.

کوردستان: لەپێوەندی لەگەڵ خۆپێشاندنەکانی عێراق و لوبنان و پێوەندیی بە ڕۆڵی ئێرانەوە چ دەڵێن؟

د. ناسۆ حەسەنزادە: دەستێوەردان و ڕۆڵی خراپکارانەی کۆماری ئیسلامی لە عێراق و لوبنان و لە نموونەکەی پێشووشدا واتە سووریە، لە کەس شاراوە نییە. لەبیرمە جارێکیان ڕۆژنامەنووسێکی بیانی لە سەرکردەیەکی پێشووی حیزبی ئێمەی پرسی کە ئایا ئێران لە عێراقدا دەستێوەردان دەکا؟ ناوبراو بە زمانی تەنز ولامی دایەوە و گوتی نەخێر نایکا، چونکە ئێرە ماڵە خۆیەتی! دیارە لە پێوەندی لەگەڵ بەرژەوەندیی ئێراندا زەمینە و زەرفیەتی ناڕەزایەتییەکانی ئێستای عیراق و لوبنان یەک نین. بەڵام یەک شت لە هەردووکیاندا حازرە و دەتوانێ بۆ ئایندەی کۆماری ئیسلامی و ناوچە بە گشتی گرینگ بێ. ئەویش ئەوە کە لە هەردووکیان دەنگەکان بەدژی خۆتێهەڵقورتاندن و خراپکاریی کۆماری ئیسلامی تا دێ زەلامتر دەبن. لەخۆڕا نییە کە خامنەیی بەو لەحنە ئیشارەی بە خۆپیشاندەرانی عێراقی کرد. ئەمن هیچ گومانم نییە کە ئەو سناپیەرانەی گیانی خۆپێشاندەرانی عیراقی دەستێنن، بەکرێگیراوی ئێرانن، ئەگەر ئێرانی نەبن.

کوردستان: ڕووداوەکانی ڕۆژئاوای کوردستان ڕەنگدانەوەی لە فەزای سیاسیی نێوخۆی ئێرانیشدا هەبوو. یەک لەوان ئەو باسانە بوو کە لە پارڵمانی ئێران کرا. لێکدانەوەتان بۆ ئەم باس و بابەتانە چین کە لەو پێوەندییەدا پارلمانی ئێراندا هاتنە گۆڕێ؟

د. ناسۆ حەسەنزادە: لەپێشدا ئەوە کە پارلمانی دەوڵەتێکی سەرکوتکەری کورد دانیشتنی تایبەتی لەسەر دۆخی کورد لە بەشێکی کوردستاندا دابنێ، بە شتێکی باش دەزانم. هەرچەند موشکلی کورد بەوە حەل نابێ، بەڵام ئەو جۆرە شتانە فاکتەری کوردی لە زێهنی سیاسیی بژاردە حاکمەکاندا زیاتر وەک پرسێکی حاشاهەڵنەگر لێ دەکا. لەو باس و خواستانەدا هێندێک شتی باشیش گوتراون. بەڵام بەو دەلیلە ئیشکالیان تێدا دەبینم کە زۆرتر لە سۆنگەی دژایەتیی تورکیە یان گرژیی نێوان تورکەکانی ئێران و کوردەوە چوونە پێش. بەشێک لە نوێنەرە کوردەکان تەنیا بە دیدی دژایەتیی ئەردۆغانەوە

قسەیان کرد. وتە و ڕەفتاری نوێنەرە تورکەکانیش بە ئاشکرا ڕق و دژمنایەتی لەگەڵ هەموو کوردی لێ دەبارى. ئەمن پێم وایە ڕێژیم هیچکام لەوانەی پێ ناخۆش نییە، واتە ئەوە کە بژاردەی کوردی ڕۆژهەلات پارچەکەی خۆی لەبیر بچێتەوە و هەر لە بەرەی دژە عوسمانیدا چالاک بێ؛ لەولاشەوە گرژیی نێوان نەتەوەکانی ئێران پەرە بستێنێ و لاوازبوونی کوردی لێ بکەوێتەوە.

کوردستان: بەڵام کورد و تورک وەک هەموو نەتەوە ژێردەستەکانی ئێران بەتایبەتی کە دراوسێشن، دەبوو هاوخەم و هاوخەبات بن. بۆ وا نییە؟ چەند ڕۆژ لەمەوبەر لە یاریگەی تەورێز دروشمی «مەرگ بۆ کورد» درا. چی وا دەکا کورد و تورک بەجێی ئەوەی هاوخەبات بن، تورک کورد بە ڕکەبەر و نەیاری خۆی دابنێ؟ مەترسییەکانی پەلوپۆ هاویشتنی ئەم گرژییانە کە وا دیارە سیستماتیکە و دەستی ڕێژیمیشی لەپشتە چین و ڕێگاچارە چیە؟

د. ناسۆ حەسەنزادە: ئەوەندەی دەگەڕێتەوە سەر ڕێژیم شتەکە ڕوونە: جومگەکانی دەسەڵات لە ئێران بە تورکان تەنراوە و ئێلیتی فارس لەنێو دەسەڵاتیش پێی خۆشە بۆ دژایەتی و لاوازکردنی کورد (چونکە هەمیشە کورد بۆ مافی خۆی و بەدژی دیکتاتۆری مکوڕتر بووە) یان بۆ ترساندنی سەرجەم خەڵک و ئۆپۆزیسیۆن لە باڵکانیزە بوونی ئێران، گرژییە قەومییەکان بە زیندوویی ڕابگرێ و بەپێی شوێن و هەلومەرج کەم و زیادی بکا. بێخەبەر لەوە کە دووکەڵی ئەو ئاگرە ئاخری دەچێتەوە نێو چاوی دەسەڵاتی ناوەندی و تەواوەتی ئەرزیی ئێران کە گۆیا زۆری لە خەمدان چاکتر دەچێتە ژێر پرسیار. ئەمڕۆ بەشێکی گرینگ لە نوخبە و تەنانەت خەڵکی ئاسایی لەنێو تورکەکانی ئێران ڕوویان زۆرتر لە تورکیە و پان - تورکیسمە تا لە تاران. سەبارەتبە پێوەندیی کورد و تورکیش، دەبێ بزانین کە دۆخی کورد و تورک لە ئێراندا قەت وەک یەک نەبووە و تورکەکان ئەوەندەی نەتەوە و کەمایەتییەکانی دیکە ژێردەستە نەبوون. دیارە ئەوە بەو مانایە نییە کە ئێمەش شۆڤێنیستانە بجوولێینەوە و حاشا لە مەوجوودیەت و مافەکانی ئەوان بکەین. پرسیار ئەوەیە چۆن دەکرێ مافەکانی هەمووان وەدی بێ، بەبێ ئەوەی مافخوازیی گەلێک لەسەر حیسابی هەقی گەلێکی دیکە بێ. ئەمن پێم وایە بۆ پێشگیری لە کارەساتەکانی ئایندە، پێویستە دوو کار بکەین: یەکەم و لە هەمووی گرینگتر، یەکگرتوویی و خەباتی هەمەلایەنەی کورد بۆخۆیەتی. ئێمە بەداخەوە ئێستاش بەو جۆرەی پێویستە داتا و زانیاریمان لەسەر واقیعیەتە مێژوویی و جوغرافییەکان و ئالۆگۆڕەکانی دێمۆگرافیی ئێتنیکی و وردەکاریی بنەما ستراتیژییەکانی قەواره و نیهادەکانی ئایندەی خۆمان نییە؛ بەرنامەڕێژی چڕوپڕ و درێژخایەن و یەکگرتوومان نەکردوە؛ ڕێکارەکانمان نیوەچڵ و پرشوبڵاو و کاتین. دەبێ بزانین پرسی ئێمە بە خەون و ئارەزوو و دروشمی قەبە جێبەجێ نابێ. دەبێ دوورەدیمەنێکی سەروەریخوازانە بۆخۆمان دابنێین، بەڵام ئەوە لە هەموو بوارەکاندا هەنگاوی ورد و پلانمەند و درێژخایەنی دەوێ. دووەم، لەبارەی پێوەندیی کورد و تورک، من پێم وایە لەگەڵ ئەوە کە دەبێ بۆخۆمان وەها بەهێز بین کە چیدیکە کەس بیر لە کۆمەڵکوژیمان نەکاتەوە و خاک و

ناسنامەمان جرجانخواردوو نەکەن، بەڵام گرژیی نێوان نەتەوەکان و زەمینەی یەکتر پاکتاوکردن بە قازانجی کەس نییە. زۆرتریش بە زیانی کوردە، چونکە ئەگەر ڕۆژێک کارەساتی بەربڵاو ڕوو بدا، ئەو نەتەوەیەی بێکەستەرە، تورکەکان نین، بەڵکوو کوردە. هەربۆیە ئێمە وێڕای ساغکردنەوەی خاک و نیشتمانی خۆمان و بەهێزکردنی بنەما سیاسی و ئیداری و فەرهەنگی و ئابووریەکانی ئەمنیەتی قەومیی خۆمان، دەبێ کار لەسەر دیالۆگ و لێکگەیشتنی نێوان ئەو دوو نەتەوە گرینگەی ئێران بکەینەوە و وا بکەین کە لە موناسباتی ئێستا و ئایندەی نێوانماندا ئەقڵ و مەنتق و عەدالەت و بەرژەوەندیی هاوبەش بالادەست بن. بۆ ئەوە ئێمە دوو ئەزموونی مێژوویشمان هەیە، یەکیان هیی سمایل ئاغای شکاک (سکمۆ)یە، ئەوی دیکەش هیی پێشەوا قازی محەممەدە. وەک خۆم پێم وایە دەبێ بۆ ئەمڕۆ و ئایندە تەلفیقێک لە هەردووکیان دروست بکەین؛ واتە هەم بۆخۆمان بەهێز بین و مەیداندارییی ڕەوا بکەین، هەم بۆ لێکگەیشتن و پێکەوەژیانی ئاشتییانە و پێوەندیی بنیاتنەری نێوانمان هەوڵ بدەین.

کوردستان: هەڵوێستی بژاردەی نەتەوە غەیرە کوردەکانیش جێی تێڕامانە. لە کاتە ناسکەکاندا هەمووبان شمشیر و خەنجەر لە کالان دێننە دەرێ و ڕوو بە کورد ڕایدەوەشێنن لەبەر ئەوەی وەک دەڵێن کورد جیاییخوازە. لەحاڵێکدا کە کورد ئەوەندەی بۆ مافی خۆی خەباتی کردوە، ئەوەندەش بۆ نەهێشتنی سەرەڕۆیی لە ناوەنددا تێکۆشاوە. ئایا کاتی ئەوە نەهاتوە کە کورد خۆی یەکلا بکاتەوە و وێژمانی خۆی بگۆڕێ؟

د. ناسۆ حەسەنزادە: ڕەنگە پێت سەیر بێ ئەگەر بڵێم نەخێر! ئێمە لە سەردەمێکدا دەژین کە لەگەڵ بوونی دەرفەتی نوێ بۆ گەلان، بەربەستی نوێش لەسەر ڕێگایان زۆرە. ناکرێ بە فۆرموولە سادەکانی سەردەمانی پێشوو مامەڵە لەگەڵ واقیعییەتەکانی دنیای ئەمڕۆ بکەین. لە بنەڕەتڕا ئەمڕۆ هیچ گەلێک و تەنانەت هیچ دەوڵەتێک بۆ هیچ پرسێک بەموتڵەقی و بۆ هەمیشە خۆی یەکلا ناکاتەوە. بەڵکوو دیپلۆماسیی هاوتەریب و جووڵەی هەمەلایەنە و ناڵۆز بەڵام ئاراستەکراو دەگرێتەبەر. هێندێک کەس لەخۆڕا ئامانج و مێتۆد و بەستێن و پۆتانسیەلە جیاوازەکان دابەش دەکەن و لە بەرامبەر یەکتریان دادەنێن. هەموو شتێک بە دیاریکردنی دوورەدیمەن و ئەولەویەت و پۆلێن و یەکخستن و ڕێکخستنی شتەکانەوە بەستراوەتەوە. مەعلوومە خەباتی ئێمە وەک کورد پێش هەموو شتێک بۆ مافی خۆمان، بۆ خەڵکی خۆمان و بۆ خاکی خۆمانە. بەڵام ئەوە بەو مانایە نییە کە خۆمان لێ ببڕ بە تاکە ئەکتەر و بڕیاردەری مەیدانەکە و کەسی دیکە نەبینین. مادام لەگەڵ یار و نەیاران ڕووبەڕووین، مادام ئەکتەری دیکەی تەنانەت لە ئێمە بەهێزتر لە مەیداندان، دەبێ جۆری ڕوانین و ڕەفتاری ئەوانمان بۆ گرینگ بێ. لێرەدایە کە پێم وایە لەگەڵ ئەوە کە ئەولەویەتی ئێمە هەر دەبێ مافەکانی کورد و یەکگرتوویی و بەهێزبوونی خۆمان بێ، لەگەڵ ئەوە کە ئامانجی کۆتایی ئێمە سەربەستیی کورد وەک نەتەوە و بەختیاریی کورد وەک ئینسانە، بەڵام دێموکراسی لە وڵاتانی ناوچەدا و ڕەفتاری ئەقڵانی ئەکتەرەکانی دیکە

هەرچەندە زەحمەت و دوورەدەستیش بێ، هەر دەبێ بۆمان گرینگ بێ و لە هەوڵیدا بین. ئەوە ئەو کاتەی کورد خەتی خۆی جیا بکاتەوە و بۆ سەربەخۆیی خەبات بکا، پێویستتریشە. لەو شوێنەدا کە دەوڵەتانی حاکم بەسەر کوردستاندا خاڵی بەهێزی خۆیان لە مووشەک و تانک و تەیارەدا دەبینن، خاڵی بەهێزی ئێمە ئیرادەیە، جەهانبینییە، باوەڕ و بەهایە. بە قەولی قانع «چەکی شۆڕشگێڕیی من نووسین و بیروباوەڕە، ئەو دژمنەی هیوای بە بەندیخانەیە». بە دڵنیاییەوە ئەو هەوڵانە کە بۆ دێموکراتیزاسیۆنی بەرامبەرەکانمان یان بۆ وەدەنگ هاتنی نیهادە نێونەتەوەییەکان دەیدەین، لەپێشدا لەپێناو بەرژەوەندیی خۆماندا دەیدەین. ئەمن قبووڵمە کە نابێ وەکیلی خەڵکانی دیکە و بەڵگێڕەوەی کەس بین، بەڵام با واشی لێ نەیە کە لەژێر ناوی واقعبینیدا سەرەتاییترین چەمک و بەهاکان بێنینە ژێر پرسیار. کاری ئێمە لە هەر حاڵدا سەختە، بۆیە دەبێ لە هەموو لایەکەوە و بە هەموو رێگایەکی مومکین و مەشرووع لە فکری‌دابین.

کوردستان: د. ئاسۆ با بێینە سەر باس و بابەتێکی دی. ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە نیسبەت پرسی کورد لە بەشەکانی دیکەی کوردستان زۆر لەسەر هەستە، بەڵام بە نیسبەت دۆخی خۆی لە بەستێنە گشتییەکەدا تا ڕادەیەک بێخەمە. بۆ نموونە کۆڵبەرکۆژی یا چارەنووسی «زارا» ئەوەندەی «چیچەک» لەلای بژاردەکانی خۆشمان گرینگیی پێ نادرێ. هۆی ئەمە بۆ چی دەگەڕێتنەوە؟

د. ئاسۆ حەسەنزادە: لەپێشدا با بڵێین چیچەکیش کوردە و پێویستە هەموو کورد خۆی لێ بە خاوەن بکا. کێشە سەرنجدانی ڕۆژهەڵاتییەکان بە چیچەکەکان نییە، کێشە سەرنجنەدانی کوردی پارچەکانی دیکە و سەرنجدانی کەمی خودی ڕۆژهەڵاتییەکان بە زاراکانە. ئەوەش هۆکاری زۆرە. لە بنەڕەتڕا مادام لە ئێرانڕا دەرفەتی ڕاستەقینەی چالاکی بۆ کوردەکان لە پێوەندی لەگەڵ ماف و مژارەکانی خۆیان نیە، ئەو ئینتیرژیی ئینسانی و نەتەوایەتییە بۆ ماف و مژاری کورد لە پارچەکانی دیکەدا دەکار دەخرێ، بەتایبەتی ئەگەر بێت و بابەتەکە بووبێتە سووژەی بیروڕای گشتیی جیهانی. ئەمن ئەوەم پێ ئاساییە، بەمەرجێک کوردی ڕۆژهەڵات ماف و مژارەکانی خۆی لەبیر بن و ماف و مژاری پارچەکانی دیکەش وەک دەرفەت و بیانوو بۆ خستنەڕووی ماف و مژارەکانی خۆیشی بەکار ببا. لایەنێکی دیکەی مەسەلەکە بۆ هاودەستیی ناڕاستەوخۆی دەسەڵات و هێندێک لایەنی کوردی بۆ لە پەراوێزخستنی پرسی کوردی ڕۆژهەڵات دەگەڕێتەوە. لەوەش گرینگتر (گرینگتر چونکە ئەوەیان بەدەست خۆمانە) دەمەوێ ئیشارە بە نایەکگرتوویی و نەبوونی وەرەقەیەکی کاری هاوبەش لەنێوان لایەنە سیاسییەکاندا و لایەنە سیاسییەکان لەگەڵ کۆمەڵگە بکەم. لەبیرمان نەچێ ئەو هاوپێوەندییەی کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵات پاش مووشەکبارانی قەڵای دێموکرات نیشانی دا، بۆ هیچ پرسێکی پارچەیەکی دیکەی کوردستانی نەکردوە. من پێم وایە نووسەران، شاعیران، هونەرمەندان، نوێنەرانی پارلمان و ئۆرگانە محەللییەکان و بەگشتی بژاردەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەروەک خۆمان ڕەخنەیان زۆر لەسەرە و پێویستە بوێرانەتر و شێلگیرانەتر دۆخی کوردی ڕۆژهەڵات و

سەرچاوە Serchawe

خاوەندارێتی لە ڕۆڵەکانیان و لە پرسی سیاسیی میللەتەکەیان بکەنە سەردێڕی کارەکانیان. بەڵام ئەوە تا ڕادەیەکی زۆر بە هێزە سیاسییەکانیش بەستراوەتەوە کە یەکگرتووانە و مەیدانیتر بجووڵێنەوە، ڕوانگەی هاوبەش و پەیامی ڕوون و خۆراکی وێژمانی و کەرەستەی خەباتگێڕیی کاراتریان بدەنێ. بەکورتی هەر خەڵکی ناوخۆ نییە کە پێویستە ڕۆژهەڵاتیان زیاتر لەبیر بێ، ئێمە بۆخۆشمان دەبێ زیاتر لە خەمی ڕۆژهەڵاتدا بین.

کوردستان: لە پێوەندی لەگەڵ حیزبە سیاسییەکاندا، وێ ناچێ ڕووداوەکانی ئێستای ڕۆژاوا، دوو ساڵ لەمەوبەر کەرکووک و تەنانەت گۆڕانکارییەکانی ئێستا لە بەغدا و لێکەوتەکانی بووبنە هۆی بەخۆداچوونەوە و یەکگرتنی لایەنەکانی کورد. دەبێ چی ڕوو بدا کە ئێمە لەو قۆناغە دەرباز ببین؟

د. ناسۆ حەسەنزادە: ئەوەی سێ سەت ساڵە بەسەر گەلی کورد دێ بەتایبەتی لە سەدەی بیستەمەوە دەبوو زۆر پێش ئەو ڕووداوانەی باسیان دەکەی یەکیان خستباین. بەداخەوە وەرزشی میللیی کوردان نایەکگرتوویە. بەڵام ئەوە عەیبێکە کە وەک نەخۆشییەک دەبێ هەم لەگەڵی بژین، هەم لەگەڵی شەڕ بکەین. ئەگەر پێنج ساڵ پێش ئێستا ئەو پرسیارەت لێ کردبام، دەمگوت نا ئێستا شکور پێوەندییە نێوخۆییەکانی بزوتنەوەی کورد زۆر لە جاران باشترە و شتی ناخۆشی ڕابردوو دووبارە نابێتەوە. ئێستا لەو قسەیەی خۆم وە گومان کەوتووم. من پێم وایە بۆ ئەوەی سادەترین کاری هەر میللەتێکی ژێر هەڕەشە بکەین، واتە یەکگرتوو بین، پێویستە هەموو تاکەکان و هەموو لایەنەکان تەوازوعیان هەبێ و واز لە خەونی تاکەکەسی و بەرژەوەندیی بەرتەسک و مەزنیخوازی بێنن. هیچ کەس و هیچ لایەنێک نابێ لە مەنزەلەتی قەییومیەتی هەموو ئەوانی دیکە قەرار بگرێ. پێویستمان بە کۆمەڵگەیەکی هەمیشە چاودێر و لە مەیدان و لەسەر خەت هەیە؛ پێویستمان بە بژاردەی ژێر و بەرپرسیار هەیە؛ پێویستمان بە ڕێبەرانی وایە کە بە دیدی مێژوویی بەڵام بە مەهارەتی ئەمڕۆیی نەخشەڕێگایەک دابڕێژن و جێبەجێی بکەن کە هەموو ئاستەکانی کایەی سیاسیی کورد لەنێوان پارچە جیاوازەکان و لە هەر پارچەیەکدا ڕوو بە خۆمان و ڕوو بە نەیاران و دنیای دەرەوە هەماهەنگ بکا؛ پێویستمان بە سیاسەتکردنێکی دابێژراو و دامانڕاو لە پەراوێزی واریداتی و لە ئەقڵیەتی بچووکی زیانبەخش هەیە، سیاسەتکردنێکی باوەڕبەخۆ، نەتەوەویست و نەتەوەساز، لاق لەسەر عەرز، فرەڕەهەند، دەرسوەرگر لە ڕابردوو و خاوەن دوووڕەدیمەنی ڕوون و هیوابەخش. سیاسەتکردنێک کە متمانەی تاکی کوردی بخاتە سەرووی هەموو شتێک، هەموو فرەچەشنییەکانی دەروونی خۆمان ببینێ، لە درز و دابەشبوونەکان کەم بکاتەوە، بنەمای خاک و نیشتمان و پەرژینی نەتەوەییمان پتەو بکا و توانا و نەفەسی تاودانی مێژووییمان چەند قات بباتەسەر.

کوردستان: دوکتور، ئێوە لەم دواییانەدا سەفەری دەرەوەی وڵاتتان کرد. ئایا دەسکەوتەکانی ئەم جۆرە سەفەرانە چین و

بەگشتی وەزعیەتی کار و تێکۆشانی ئەندامان و لایەنگرانی حیزب لە ولاتانی دەرەوە و بەگشتی کوردەکان چۆن هەڵدەسەنگێنی؟

د. ناسۆ حەسەنزادە: لەگەڵ ئەوە کە ئێمە نە لە هەلومەرجی دژواری ئێستا و نە لە هیچ هەلومەرجێکدا نابێ لە ڕادە و جۆری خەبات و تێکۆشانی خۆمان ڕازی بین و هەردەم پێویستە بۆ کاری زیاتر و دەسکەوتی باشتر تێبکۆشین، لەو باوەڕەدام کە پێویستە لە هەڵسەنگاندنی کار و هەوڵەکانمان لە هەر بەستێنێکدا مومکیناتی هەر قۆناغێکمان لەبەرچاو بێ. وەک دەزانن بە زۆر هۆکاری سیاسی و ژیۆپۆلیتیک و بە دەلایلی تایبەت بە دۆخ و خیسلەتی کوردەکان خۆیان، کاری ئێمە لە بواری لۆبی و شوێندانان لەسەر ناوەندەکانی بڕیاری نێودەوڵەتی لەو گەلانەی خاوەن دەوڵەتن یان بەهەرحاڵ جوغرافیا و مێژوو کەمتر غەدری لێ کردوون، سەختترە. کورد بە گشتی و کوردی ڕۆژهەڵات بەتایبەتی لە دەرەوەی وڵات هەروەک لە خودی کوردستان پێویستی بە پەسندکردنی ڕوانگەی ستراتژیتر، ڕێکاری ژیرانەتر و یەکبوونی واقعیتر هەیە. بەڵام ئەمڕۆ لە چاو پەنجا ساڵ و تەنانەت دە ساڵ پێش ئێستا کورد لە دنیادا جێگە و پێگەیەکی دیکەی هەیە. ئەوەش بەشێکی بۆ خاوەندارییەتییەکی تۆکمەتر و بەرچاوتر و بەربڵاوتری دیاسپۆڕای کوردی لە مەسەلەی سیاسیی نەتەوەکەی دەگەڕێتەوە. دیارە ئێستاش بە تابعیەت لە لایەنە سیاسییەکانی کورد، کەموکۆڕی و پرشوبڵاوی و تەسکبینی زۆر دەرفەت نەزۆک دەکەن، بەڵام ئەمن بە چاوی ڕێز و ئومێدەوە دەڕوانمە پۆتانسیەلی کوردەکانی دەرەوەی وڵات، بەتایبەتی کوردی ڕۆژهەڵات. ئێمە لەو ماوەیەدا ئەوەمان هەم لە ساڵیادی مووشەکبارانی قەڵای دێموکرات و هەم بەتایبەتی لە کاتی هێرشی تورکیە بۆ سەر ڕۆژئاوای کوردستان بەباشی بۆ وەدەرکەوت. ئەگەر تەنیا وەک حیزبی دێموکراتی کوردستانیش چاو لە مەسەلەکە بکەم، ڕێم بدە بڵێم ئەندامان و لایەنگرانی حیزب لە وڵاتانی دەرەوە و کۆمیتەی بەڕێوەبەریی حیزب لە دەرەوەی وڵات بە هەموو چاوەڕواننییەکی هەردەم زیاتر کە لێمان هەن، لەنێو بژاردەکانی گەلانی هاوشێوە و لەنێو لایەنە سیاسییەکانی کوردستاندا سەرتۆپی لێهاتوویی و دڵسۆزی و لەخۆبوردووویی بێ چاوەڕوانین، لە کاتە هەرە سەختەکاندا هانابەخش و پشتیوان و دەست و چاوی ئێمە بوون.

کوردستان: سپاس کە کاتت بۆ ئەم دیمانەیە دانا.

د. ناسۆ حەسەنزادە: ئێوەش ماندوو نەبن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٧ی نۆڤەمبەری ٢٠١٩

ناسر باباخانی: ئەم بزووتنەوەیە دواجار کۆماری ئیسلامی تێکەوە دەپێچێ!

ئاماژە: خۆپیشاندان و ناڕەزایەتییەکان لە ئێران بە دژی گەندەڵی، ناعەدالەتیی کۆمەڵایەتی، گەلاڵە چەوتە سیاسی و ئابووریییەکانی دەسەڵات و هەروەها لەپێناو ماف و شوناسخوازیدا هەتا دێ زیاتر و بەربڵاوتر و ڕادیکاڵتریش دەبن، هەر بەو پێیەش سەرکوتی ناڕەزایەتییەکان توندتر و بێبەزەییتر. پرسیار ئەوەیە خۆپیشاندانەکان لە ئێران بۆ زوو دادەمرکێن؟ چۆن دەکرێ بزووتنەوە ناڕەزایەتییەکان بەرفراوانتر و بەربڵاوتر ببنەوە؟ خەڵک و ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی بۆ سەرخستنی ناڕەزایەتییەکان دەبێ چ بکەن و لە چی خۆ ببوێرن؟

"کوردستان" ئەم تەوەر و بابەتانەی لەگەڵ کاک ناسر باباخانی، مامۆستای زانکۆ و چاودێری سیاسی لە واشنگتۆن هێناوەتە گۆڕێ.

عەلی بداغی: ئەگەر بمانەوێ ناڕەزایەتییەکانی ئەمجارە لەگەڵ ئەوانی پێشوو جیا بکەینەوە و تایبەتمەندیی جیاوازی پێبدەین، جیاوازییەکان و ئەدرەسە تایبەتەکانی چین؟

ناسر باباخانی: سەرهەڵدانی ئەم دواییەی خەڵکی ئێران بە دژی دەسەڵاتی سیاسیی ئەم وڵاتە، لە ڕاستیدا دەکرێ وەک کامڵ بوون یان باڵغ بوونی سیاسیی قۆناغ بە قۆناغ، لە ماوەی بیست ساڵی ڕابردوودا سەیر بکرێ. ڕێک بیست ساڵ لەمەوبەر بزووتنەوەیەک سەری هەڵدا کە دەکرێ وەک وردەبزووتنەوەی خوێندکاری ناوزەد بکرێ، دە ساڵ دواتر سەرهەڵدانی چینی مامناوەندیی ئێران بەتایبەتی لە تارانی پێتەختی ئەم وڵاتە وردەبزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتیی بە ناوی بزووتنەوەی سەوز ساز کرد، بەڵام لە دوو ساڵی ڕابردوودا سەرهەڵدانێک ساز بووە کە خۆی لە قاوغی وردبزووتنەوە دەرهاویشتووە و لە هەندێ ڕەهەندەوە جیاوازیی سەرەکی لەگەڵ وردەبزووتنەوەکانی بەرلە خۆی هەیە.

لە ڕاستیدا ئەم بزووتنەوەی دوایی، بزووتنەوەیەکی سەرانسەری بوو کە جوغرافیایەکی زۆر بەرینتری لەخۆ گرتبوو کە لە پاش یەکەم ڕاپەڕینی تەنیا دوو ساڵی پێویست بوو سەرلە نوێ سەرهەڵداتەوە، هەروەها لە ڕوانگەی چنایەتییەوە لەوە پێشتر ئەگەر خۆپیشاندەران سەر بە چینی خوێندکار و چینی مامناوەند بوون، ئەوە ئێستا چینی هەژار و پێخواس و تەنانەت چینێکی دابڕاو لە چینی مامناوەند کە پێی دەوترێ lower-middle class (کە زۆر کات خوێندەوارن و نەمرنەژی دەژین) هێمای سەرەکیی بزووتنەوەکەن.

بەپێی داتا فەرمییەکانی کۆماری ئیسلامی زیاتر لە یەک لەسەر پێنجی خەڵکی ئێران لە پەراوێزی گەورەشارەکاندا دەژین و لەبەر هۆکاری دارمانی ئابووری و نەبوونی خۆشبژیوی و وێرانی کشتوکاڵ و بێکاری لە گوند و شارۆچکە و شارەکان کۆچیان کردووە بۆ قەراغ شارە گەورەکان کە زۆربەی هەرەزۆریان گەنجن، ئەمە لە کاتێکدایە کە داتا نافەرمییەکان باس لە بوونی ٢٤ملیۆن کەس لە پەراوێزی گەورەشارەکان دەکەن! کە ئەگەر وتەی پارلەمانیی کۆماری ئیسلامی بکەین بە بنەما، کە دەڵێ هێڵی هەژاری لە ئێران ٤\٨٠٠\٠٠٠ تمەنە، ڕادەی ئەم حەشیمەتە لە ٢٤ملیۆن زۆر زیاتر دەبێ، واتە لەشکرێکی تووڕە و وەزاڵەهاتوو کە دواجار دەتوانێ دەوری یەکلاکەرەوە بگێڕێ بۆ هەموو پێشهاتێکی سیاسی کۆمەڵایەتی.

لایەنێکی تر ڕادیکاڵیزە بوونی ئەم شۆڕشەیە، واتە خۆپیشاندەران چی تر خوازیاری سازش و سازان لەگەڵ دەسەڵاتی سیاسی نین و لە هەموو دروشمەکانی ئاڵوگۆڕ و ڕیفۆرم و بەخۆداچوونەوە و ئەو جۆرە چەمکانەی بۆ چاکسازی دەکار دەکرێن لایان داوە و خوازیاری گۆڕانن، ئەویش گۆڕانێکی بنەڕەتی.

خاڵێکی تر کە دەبێ ئاماژەی پێبکەین، ماوەی سەرهەڵدانەکانە، ئێستا ئەو ماوە و بڕگە زەمەنییە زۆر کەم بۆتەوە و گەیشتۆتە دوو ساڵ. سەیر کە، لە بزووتنەوەی خوێندکاران ساڵی ٧٨ تا دەگەیە بزووتنەوەی سەوزی ساڵی ٨٨ دەبێتە دە ساڵ، تا دێینە سەرهەڵدانەکەی ساڵی ٩٦ کە خەڵک لەبەر پرسی ئابووری ڕژانە سەر شەقام دەبێتە هەشت ساڵ و دوو ساڵ دواتر سەرهەڵدانێکی ڕادیکاڵتر، گشتگیرتر و لە جوغرافیایەکی زۆر بەربەرینتردا ڕوو دەدا. ئەمە بە چ واتایەک دێ؟ بە واتای کەڵەکەبوونی داخوازە سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانی خەڵک دێ کە لە لایەن دەسەڵاتەوە، ولامی پێ نەدراوەتەوە، بۆیە سەر لە نوێ دوای دوو ساڵ هەڵەسوونی هێناوەتەوە.

عەلی بداغی: جەنابت پێشتریش باسی ئەوەت کردبوو کە خەڵک دێن و شەقام لە دەست دەسەڵات دەستێننەوە. یانی ئێمە ئێستا لە قۆناغی خاوەنداریی خەڵک لە شەقام و داخوازەکانیان داین؟

ناسر باباخانی: وەک پێشتریش گوتوومە یەکێک لە خاڵە هەرە بەهێزەکانی ئەو جۆرە سەرهەڵدانانە، ئەستاندنەوەی شەقامە لە دەسەڵات. دەبینین لەم سەرهەڵدان و خۆپیشاندانانەدا شەقام دەکەوێتە دەست خەڵک و دەبێتە پێگەیەکی زۆر بەهێز بۆ ئەوەی کە دەسەڵات بەرەوڕووی تەنگەژە بکا و دواجار بەرەو گۆڕینی ببا یا لانیکەم تووشی چاکسازیی بنەڕەتیی بکا. لە نیزیکبوونەوەی مەودای خۆپیشاندانەکانیشدا ئەو کۆدە دەخوێنینەوە کە ئەگەری ئەوەی هەیە ئێمە بۆ ساڵێکی دی یان بۆ شەش مانگی دیکە یان زووتر یان بە هاتنە گۆڕێی هەر دەرفەت و بیانوویەکی دی، خەڵک بڕژێنە سەر شەقامەکان، بۆیە بە باوەڕی من ئەوەش وەک خاڵێکی گرینگ دەبێ زۆر بەوردی سەرنجی بدرێتێ.

عەلی بداغی: دەسپاگەیشتنی ئازاد بە زانیارییەکان و بەربڵاویی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان چ کاریگەرییەکی لەسەر سەرهەڵدانەکان و بەردەوامییان بووە و دەبێ؟

ناسر باباخانی: ئەوە سۆنامییەکە کە بەڕاستی کۆماری ئیسلامی زراوی لێی چووە. وەک پۆمپێئۆ باسی دەکا زیاتر لە ٢٠هەزار گرتەویدیۆ و وێنە بۆ وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا نێردراوە کە پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە ئێران و سەرکوتی خۆپیشاندەران و قەڵتوبڕی ئەوان لە لایەن دەزگا ئەمنی و نیزامییەکانی کۆماری ئیسلامی ئاشکرا دەکەن. کۆماری ئیسلامی لە جۆری پێوەندیی خەڵکی ئێران لەگەڵ دنیای ئازاد و دێموکراتیک دەترسێ بۆیە تا ئێستا بەم ڕادەیە سانسۆڕ نەخراوەتە سەر میدیاکان و نەبیندراوە کە خێرایی ئینتێرنێت تا ئەم ڕادەیە خاو بکرێتەوە. بۆ یەکەم جار لە مێژووی هەموو دنیادا ئێران بوو بە یەکەم وڵات کە خێرایی ئینتێرنێت تا ئەم ڕادەیە خاو کاتەوە و تەنانەت بە پێی ڕاپۆرتەکانی نێت بلاکس (NetBlocks) ڕادەی کەڵک وەرگرتن لە ئینتێرنێت لە سەتا بگاتە پێنج و دواجار سفر، بۆ سازکردنی دوڕگەیەکی ئایزۆلەی دابڕاو لە دنیای ئازاد و بۆ کۆنترۆڵ و سەرکوت و داسەپاندنی کەشی ئەمنی بەسەر وڵاتدا و پێشگیری لە بڵاوبوونەوەی هەواڵە مەترسیدارەکانی نێوخۆ کە لە دەوری کوشتنی خۆپیشاندەران خولی دەخوارد. هەر بۆیە ماوەی دە ڕۆژ ئێرانی لە جیهان دابڕاند، تەنانەت ئێستاش ئەم خاوی ئینتێرنێتە بەردەوامە و تا ئەم ساتە کە ئێمە خەریکی ئەو وتوویژەین لە خوزستان و بەلووچستان و لە هەندێک شوێنی دیکە ئینتێرنێت وەسڵ نەبۆتەوە!

بەڵام وەک دیتمان سۆنامی گرتەڤیدیۆییەکان لە پاش بەرقەرار بوونەوەی هێڵی ئینتێرنێت دنیای هەژاند و جیهان ئاگاداری جەنایەتەکانی کۆماری ئیسلامی دەرحەق بە خۆپیشاندەرەکان بوو، سەیری هەڵوێستی ئەمریکا و وڵاتانی ئوروپایی بکەی بۆت دەدرەکەوێ کە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان چەندە شوێندانەرن.

بەهەر حاڵ سەرەڕای هەموو ئەم حەوڵاڵەی ڕژێم، ئێستا هەموو کەس وەک «شارۆمەند-پەیامنێر» بەس بە مۆبایلەکەی خۆی سەرکوت و جەنایەتەکانی کۆماری ئیسلامی تۆمار دەکا.

عەلی بداغی: وەک دەزانین و باسیشمان کرد، نارەزایەتییەکان زۆر بەتوندی سەرکوت کران، بۆ؟

ناسر باباخانی: دیارە ئەوە تایبەتمەندیی هەموو سیستمێکی دیکتاتۆرییە، بەڵام ئەمن پێم وایە بۆ شرۆڤەی هەموو ڕووداوێکی سیاسی یان کۆمەڵایەتی، دەبێ باسی دەور و کردەوەی کەسانی پشت ڕووداوەکەش بکەین! بۆ وێنە ئاکاری تڕامپ ڕێک لە ڕوانگەی سایکولۆژییەوە دەتوانی شرۆڤەی دروستی بۆ بکەی.

لە سەرجەم ڕووداوەکانی ئێرانیش ئەوە خامنەیيە کە دەبێ وەک چەق و ناوەندی بڕیارەکان لێی بڕوانین. خامنەیی لەباری کەسێتیی و لەڕووی سایکۆلۆژییەوە نەخۆشیی دەروونیی هەیە! نەخۆشیی دەروونی وەک چی؟ تۆ ئەگەر سەیر بکەی هەر لە دوای مەرگی خومەینی بە یەک شەو لە «حجەالاسلام»ڕا بوو بە »آیت الله»، ئەو ڕقەی لە ڕەفسەنجانی هەیبوو دەگەڕاوە سەر ئەوە کە ڕەفەسەنجانی کەسێکی نیزیکتر بوو لە خومەینی، بۆیە ئەم کینەشی نەشاردەوە تا ئەم کارەساتەی بەسەر هێنا و لەسەر ڕێی خۆی لایدا، یان با بڵێین لە پێوەندی جۆری هەڵسوکەوتی لەگەڵ «آیت الله» مونتەزیریدا کە هەرگیز خامنەیی بە هیچ دانانەنا یا تەنانەت لەگەڵ ڕێبەرانی بزووتنەوەی سەوزدا عەینی شت. ئەگەر تۆ سەیری ئەدەبیاتی ڕێبەری کۆماری ئیسلامی بکەی، ئاخاوتنەکانی بەدوورن لە شەئنی دیپلۆماسی و تەنانەت بەدوور لە شەئنی ئەخلاقی بۆ ڕێبەری ولاتێک. بۆ نموونە چەند ساڵ لەوە پێش ئایدیۆمی «نفووز»ی کرد بوو بە بنێشتەخۆشکە و، دەست و پێوەندییەکانی لە میدیاکان بەردەوام ئەوەیان دەجوو. پێرارەکە تێرمی «اراذل و اوباش»ی بۆ خۆپێشاندەران بەکار هینا. ئەم ساڵ هات و «اشرار»ی بۆ لەکارکردن. هەمووی ئەوانەش کۆدێکن بۆ ئەوەی ناوەندە ئەمنییەتی و بەسیج و هێزە چەکدارەکان بەپێی هەمان دەستەواژەی بەناوبانگی «آتش به اختیار» لە هیچ نەپرینگێنەوە و بە هەموو هێزەوە خەڵک سەرکوت بکەن. لە ڕاستیدا ترسی دیکتاتۆر و ترسی دەسەڵاتێکی ملهۆر هەمیشە لەبەر ئەوەیە کە دەسەڵاتەکەی لەکیس بچێ، بۆیە خەڵک بێبەزییانە سەرکوت کران. ئەوەشمان لەبیر نەچێ کە ئەوان لە تەنیشتەوە لوبنان و عێراق دەبینن کە خەڵک هاتۆتە سەر شەقامەکان و ترسی ئەوەیان لێ نیشتووە ئالۆگۆڕ لە پێکهاتەی سیاسیی ولاتدا پێک بێ و تەنانەت ئەم ڕێژیمە بەیەکجاری هەر تێکەوە بپێچڕێ. بۆیە ئەم ناڕەزایەتییانە بەم شێوە تونده سەرکوت کران.

عەلی بداغی: کە هەڵسەنگاندن بۆ خۆپێشاندان و ناڕەزایەتییەکان لە چەند ساڵی ڕابردوودا دەکرێ، «بۆشایی ڕێبەریی دیاریکراو» یەکەم شتە قسەی لەسەر دەکرێ. بەو حاڵە و لە بەردەوامیی ئەو دۆخە، داهاتووی سەرهەڵدان و ناڕەزایەتییەکانی خەڵک چۆن دەبێ؟

ناسر باباخانی: ڕەنگە ئەوە بۆ سەرهەڵدانێکی کلاسیک تا ڕادەیەک ڕاست بێ، بەڵام لە نەبوونی ڕێبەرێک کە ئیجماعی گشتیی لەسەر بێ، هەندێ جار نەبوونی ڕێبەرییەکی دیاریکراو خۆی لەخۆیدا دەبێ هۆکارێک بۆ ئەوەی کە یەکگرتوویەکی زیاتر - بەتایبەتی لەم جۆرە سەرهەڵدانانەدا - ساز بێ. چون لەبەر جیاوازیی لایەنەکان بەهەر حاڵ بەشێک لە خەڵکانی ئێران هەن کە لەگەڵ لایەنێکی سیاسیدا نین، یان بەشێک لە نەتەوەکان لەگەڵ حیزبێکی سیاسیدا نین.

بۆیە بە ڕای من بۆ بەردەوامیی ئەم خۆپیشاندانانە کە بێ سەرە و ڕێبەری نییە، سۆشیال میدیا دەتوانێ جۆرێ یەکیەتیی سەرانسەری ساز بکا کە بە تەعبیری مانوئێل کاستێلز وەک تۆرێکی بەربڵاو و دوورودرێژ «هیوا» و «تووڕەیی» لە هەناوی

یەکتردا کۆکاتەوە. ئەگەرچی شوێنی لۆکاڵیی سەرهەڵدان شەقامە و تووڕەیی خەڵک لەوێ خۆدەردەخا، بەڵام سۆشیال میدیا شوێنی کۆبوونەوەی سەرانسەری و ئاڵوگۆڕی زانیارییەکانە و هیوا بە دواڕۆژێکی باشتر. بۆیە شەقام وەک هێزی ڕەق ئامێری و سۆشیال میدیا دەبێ وەک هێزی نەرم ئامێری ڕەچاو بکرێ.

کۆماری ئیسلامیش ئەوی بەباشی بۆت دەرکەوتبوو بۆیە بە هەموو توانایەوە دەستی کرد بە فیلتێرینگی سۆشیال میدیا و خاوکردنەوەی خێرایی ئینتێرنێت، بۆ ئەوەی کە ئەو دەوری ڕێبەرییە لە سۆشیال میدیادا لەنێو بەرێ.

ئێزنم بدە بڕێک باسەکە بکەمەوە، وەک بۆخۆشت دەزانی بۆ سەرهەڵدانی زۆربەی هەرە زۆری شۆڕشە گەورەکانی دنیا چەند هۆکاری سەرەکی هەیە بۆ وێنە بۆ سەرهەڵدانی شۆڕشی فەڕانسە وەک گەورەترین شۆڕشی مێژووی مرۆڤایەتی، دوو هۆکاری سەرەکی ڕەچاو دەکرێ. یەکەم بوونی پاشخانێکی ڕۆشنبیری مێژوویی لەم وڵاتەدا و دووهەم گرفت و کێشەی ئابووری. ئەم بزووتنەوەیەی ئێستا لە ئێران سەریهەڵداوە لەبری پاشخانە ڕۆشنبیرییەکەی فەڕانسە، ئەوە سۆشیال میدیایە کە ئەم بۆشاییەی بۆ پڕ دەکاتەوە و لەباری... ئابووریشەوە هەموومان دەزانین کە ئێران چەندە کاول بووە!

شۆڕشی فەرانسەش سەرەتا ڕێبەری نەبوو، خاوەنی نەبوو، بەڵام دواتر بوو بە خاوەن سەر و لە ڕەوتی بەرەوپێش چوونیدا خۆی ڕێکخست. تۆندوتیژییەکانی سەرەتای شۆڕشیش کە بە هێرشکردن بۆ سەر بەندیخانەی باستیل دەستی پێکرد لە ڕاستیدا هێرش بۆ سەر نمادی ستەم و نادادپەروەری بوو. ڕووخانی باستیل، ڕووخانی هەیبەتی دەسەڵات بوو. وەک چۆن شۆڕشی فەڕانسە بەرهەمی ساڵ و دوو ساڵ و سێ ساڵ نەبوو بەڵکوو بەرهەمی هەفتا - هەشتا ساڵ کەڵەکە بوونی...

... گرفتەکانی کۆمەڵگەی فەڕانسە بوو، بزووتنەوەی نوێی خەڵکی ئێرانیش بەرهەمی چل ساڵ کەڵەکە بوونی کێشە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووریەکانی کۆماری ئیسلامییە.

عەلی بداغی: بەشێکی پرسیارەکەش ئەوە بوو کە داهاتووی سەرهەڵدانەکان چۆن دەبێ؟

ناسر باباخانی: وەک باسم کرد بێگومان سەرهەڵدانەکان بەردەوام و پێم وایە زیاتریش دەبن. چون حکوومەت و دەسەڵات ناتوانێ چارەسەری کێشەکان بکا، حکوومەت تووشی گوشارێکی لە ڕادەبەری دەرەکی و ژوورەکی بۆتەوە و لە لایەکی تریشەوە ئەساسەن ماهییەتی ئەو حکوومەتەش، ماهییەتێکی نەگۆڕە و هەڵگری ڕێفۆرم نییە، لەبەر ئەوەی ژیانی خەڵک بەرەو دۆخێکی خەراپتر دەڕوا و تەنانەت وەک پێشتر باسم لە کەسێتیی خامنەیی کرد هەر ئەو بوو کە چراسەوزی دا بە

هێزەکان بۆ ئەوەی کە خەڵک سەرکوت بکەن. خووی دیکتاتۆر ئەوەیە کە لە بڕیارەکەی پاشگەز نابێتەوە. ئەوەش وا دەکا کە گوشاری سەر خەڵک زیاد بێ و دواجار وەک هۆکاریک بۆ دیسان سەرهەڵدانی خەڵک، ئەویش لە سەرانسەری ئێراندا.

بزووتنەوەی ئەم جارە بە پێی ئەوە کە دوای ماوەیەکی کورت (پاش دوو ساڵ) سەری هەڵداوە و لە باری جوغرافیایی و ڕادەی حەشیمەت زۆر بەرفراوانتر و ڕادیکاڵتر بوو ئەگەری سەرهەڵدانەوەی لە کورتماوەدا و ڕامانێینی سیستم، یەکجار زۆرە، من پێموایە چیی وای نەماوە دوا پەردەی شانۆی کۆماری ئیسلامی ببینین!

عەلی بداغی: ئەدی چۆن دەکرێ ناڕەزایەتییەکان بەربڵاوتر بکرێن، ئەسڵەن لە بنەڕەتڕا دەکرێ شۆڕشێک بەدژی ئەم ڕێژیمە وەڕێ بخرێ، ڕێژیمێک کە خۆی بەرهەمی شۆڕشە؟ مەلزووماتەکەی چییە؟

ناسر باباخانی: ئەمە پرسیارێکە کە چل ساڵە ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی بەدووید ا وێڵە، تەنانەت وڵاتانی بیانی و لەسەرووبانەوە ئامریکا کە چۆن دەکرێ شۆڕشێک بەدژی ئەو شۆڕشە وەڕێ بخرێ؟ هەر لەم ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستەدا یا تەنانەت لە ئامریکای لاتیندا شۆڕش ڕووی داوە و کەسێک هاتۆتە سەر کار وەک شۆڕشگێڕ، وەک نموونەی ئەم ئەفسەرانی عەرەبی وڵاتیی ڕۆژهەڵاتی نێوەراست کە وەک قارەمان، وەک ڕزگاریدەر هاتنە سەر کار کەچی دواتر بۆخۆیان بوون بە دیکتاتۆر و هەر بە شۆڕشیش لەبەین چوون. بۆ نموونە لە عێراق و میسر و یەمەن و...

جا بۆیە بۆ ئەوەی کە سەرلە نوێ شۆڕشێک وەڕێ بخرێتەوە ڕەنگە بەو مانا کلاسیکییەی کە ئێمە لە شۆڕش دەڕوانین ڕوو نەدا، لەبەر ئەوەی بارودۆخەکە ئاڵۆگۆڕی زۆری بەسەردا هاتووە. تا ئێستا ئێران پێی وابووە کە لە نەبوونی ئاڵتێرناتیڤێکی جیدیدا دنیا بە هەموو جۆرێک مامەڵەی لەگەڵ دەکا، یانی ترسی بەسوریە بوونی ئێران و ئەو کابووسەی کە ئێستا لە سووریە ڕووی داوە، بووە هۆکاری ئەوەی دنیا لەبەرامبەر کۆماری ئیسلامیدا نەوی بکێشێ.

چون لە ڕاستیشدا لە ئێستادا ئێران ئۆپۆزیسیۆنێکی جیدی نییە، ئۆپۆزیسیۆنێک کە هەندێ ڕوخساری دیار هەبێ نییەتی. بۆیە سەرەتا پێویستە ئۆپۆزیسیۆنێکی یەکگرتوو و بەهێز هەبێ، بۆ ئەوەی کە لە دنیای دەرەوە وەک ئاڵتێرناتیڤ و بەدیلێکی شیاو سەیریان کا و دواتر بتوانن لانیکەم وەک حکوومەتێکی کاتی یان گوزار لە کۆماری ئیسلامی شکل بگرێ و، پیشانی بدەن کە ئەم ئۆپۆزیسیۆنە یەک دەستە و تایبەتمەندی دێموکراتیکی هەیە و دواجار بە هەڵبژاردن کارەکانی بەڕێوە دەبا. بۆیە من پێم وایە بەر لە هەموو شتێک سەرەکیترین کار دروستکردنی بەرەیەکی هاوبەشە و تا کاتێکیشئەو بەرە هاوبەشە لە نێو ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانیدا نەبێ ئامریکا و دنیای دەرەوە دەستیان بۆ هیچ ناچێ.

بۆ نموونە کۆبوونەوەی «معارض»یی عێراقی بە ناوی کۆنگرەی لەندەن بۆ لابردنی سەدام بە ئیبتکاری وەزیری دەرەوەی ئەو کاتی ئامریکا ساز بوو. ئەو دەم هەندێک فەیس لە نەتەوە جۆربەجۆرەکان، کورد و عەرەبی شیعە و عەرەبی سوننی یەکیان گرت و دواجار توانییان دەسەڵاتەکە بگوازنەوە بۆ ئەم کۆنگرەیە. بۆیە شتێکی هاوشێوەی وەک کۆنگرەی لەندەن دەکرێ، بەڵام ئامریکا ئەوە نابینێ، ئوروپا ئەوە نابینێ و هەروەها هەندێ فاکتۆری دیکە وەک پێوەندییە ئابووریەکانی ئەمریکا لەگەڵ وڵاتانی عەرەبی دراوسێی ئێران و کەنداو دەور دەبینن کە لەواندا ئێران وەک گورگەکەی چیرۆکی هەیاس بۆ ترساندنی ئەوان بەکاری بێنن. لە هەر حاڵدا پاشنەئاشیلی کۆماری ئیسلامیی ئێران هەر دەتوانێ ئەوە، بێ کە بە دروستبوونی بەرەیەکی یەکگرتووی گۆڕانخواز و دێموکراتدا خەبات دژی کۆماری ئیسلامی بچێتە فازی کۆتاییەوە ئەمە کاتالیزۆرە بۆ بەردەوامیی ناڕەزایەتییەکان، بەڵام لە یادمان نەچێ کە خەڵک لە نێوخۆ هەمیشە هەنگاوێک لە پێش ئۆپۆزیسیۆن بووە!

عەلی بداغی: هەڵسەنگاندنی ئێوە بۆ ڕۆڵی ئۆپۆزیسیۆن لە ناڕەزایەتییەکانی ئەمجارەدا چییە؟ وە لە داهاتوودا ئۆپۆزیسیۆن چۆن دەتوانێ کۆمەگ بێ و ببنە فاکتۆرێکی شۆێندانەر؟

ناسر باباخانی: ئەگەر بێنم ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆنی کورد پێک بگرم دەتوانم بڵێم ئۆپۆزیسیۆنی کوردی بە حوکمی ئەو پاشخانە فکرییە، بە حوکمی ئەو چوارچێوە ئۆرگانیک و ڕێکخراوەییەی کە هەیەتی لە هەموو ئۆپۆزیسیۆنەکانی دیکە دەتوانێ لە داهاتوودا زیاتر شۆێندانەر بێ، دیارە ئەگەر بە گوتاری هاوبەشەوە بچێتە بازنەی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانییەوە. بەهەر حاڵ ئێستا ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران هەیە و ئەگەرچی خۆم ڕەخنەم لێی هەیە بەڵام دەتوانێ دەسپێکێکی باش بێ.

لە پێوەندی لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆن بەگشتیدا ڕۆڵی ئۆپۆزیسیۆن لە ناڕەزایەتییەکانی ئەمجارەدا بە باوەڕی من ڕۆڵێکی ئۆرگانیک نەبوو. ئەم سەرهەڵدانانە، سەرهەڵدانێکی خۆڕسک بوون وەک زۆربەی سەرهەڵدانەکانی تر.

بەڵام کۆماری ئیسلامی بۆ کەمکردنەوەی عەزەمەتی گیان بازی خەڵک و بە جۆرێ داشکاندنی سەنگی خۆپیشاندانەکان دەیهەوێ کە بەسەر ئۆپۆزیسیۆنیدا بێنێ و بە تایبەتی یەک دوو جەریان (وەک کوڕی شا و موجاهیدین) زەق دەکاتەوە کە نە توانایی ئەم ڕێکخستنەیان هەیە و نە ئەو پێگە کۆمەڵایەتییە کە بتوانن کارێکی لەم چەشنە بکەن. بۆیە ئەمن سەرهەڵدانەکان بەخۆڕسک دەزانم و دیارە حاشا لە ئینتیمای سیاسیی خەڵکی ئێرانیش ناکەم.

کەوا بوو کۆماری ئیسلامی دەیەوێ بە تیرێک دوو نیشان بپێکێ: یەکەم کەشەکە ئەمنییەتی بکا و دواتر خەڵک تاوانبار بکا بەوەی بە فیتی دەرەکی هاتوونە دەرێ بۆوەی بێبەزەییانە سەرکوتیان بکا. (بڕوانە سێناریۆی هەمیشەیی: ئێعتراف وەرگرتن لە خەڵک لە تلویزیۆنی کۆماری ئیسلامیدا) لە کوردستانیش باس لە حیزبەکانی «ضد انقلاب» بنێشتەخۆشکەی سەر زارێتی!

لە کۆتایی وڵامی پرسیارەکەتدا دەبێ بڵێم ئۆپوزیسیۆن لەم سەرهەڵدانانەدا دەور و ڕۆڵێکی ئەوتۆی نەبووە. بەڵام لە داهاتوودا چۆن دەبێ دەگەڕێتەوە سەرخۆیان. وەک گوتم ئێمە وک کورد دەبێ هاوکاریی بەکردەوە و گوتاری هاوبەشمان هەبێ و لە پێوەندی لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانیدا لای کەم تا ئێستا پێموانییە ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی ئەوپوتانسیەلەی هەبێ و ئەو هێزە بتوانێ فاکتۆرێکی شۆێندانەر بێ.

عەلی بداغی: جەنابت ڕۆڵی ژنان لە نارەزایەتییەکانی مانگی خەزەڵوەردا چۆن هەڵدەسەنگێنی. پێت وانییە سەرکوتی تووندی ژنان لە پێشتریشدا لەو ترسەوە سەرچاوە دەگرێ کە ڕێژیم نایهەوێ ئەم کلێشە نوێیە تەحەممول بکا؟

ناسر باباخانی: وەک خۆت ئاماژەت پێکرد لە پرسیارەکەتدا، ڕێژیم نایهەوێ سەرچەشنێکی دیکە لە نێو بزووتنەوەی سەراسەریی ئێراندا بەو وردەبزووتنەوانە زیاد بێ. ئێستا بزووتنەوەی کرێکاریمان هەیە، بزووتنەوەی خوێندکاریمان هەیە، بزووتنەوەی نەتەوەییمان هەیە و بزووتنەوەی دیکە. ترسی ڕێژیم لە بزووتنەوەی ژنان ئەوەیە کە بە جۆرێک ئەمە ڕێک چاوی ئەسفەندیاری ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی نیشانە گرتووە! واتە لە ماوەی ٤٠ساڵ دەسەڵاتی سیاسیی خۆیدا، ڕۆخساری ژنی باش و ژنی خەراپی وێنا کردووە. ژنی باش بریتییە لەو ژنەی کە چارشێوێکی بەسەرەوە، دایکێک کە لە ماڵ خەریکی چێشت لێنانە و کاری بە هیچ کێشەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە نییە و دەچێتە وانەکانی قورئان و، ئەگەر لەو پەڕی خۆیدا چالاکیی کۆمەڵایەتیی هەبێ ئەوە یان بۆ ئیمام حوسێن یان بۆ بۆنە جۆربەجۆرەکانی مەزهەبییە و چاوی بەسەر ئەوەیە کە منداڵەکانی تووشی کێشە نەبن، ئەوە خوێندنەوەیەکی فەرمییە لە ژنی باش و ژنی موسڵمان لە کۆماری ئیسلامیدا. بەڵام ئێستا لەو سەردەمەدا ئێمە دەبینین دەوری ژنان زۆر زۆر بەرچاوە، وەک ژن و وەک هێزی شۆێندانەر. یانی کاتێک لە بزووتنەوەیەکدا ژن دێت هاوشانی پیاو دەست پێدەکا بە خەبات و دروشم دەدا، چەشنێک لە چالاکیی ڕۆمانتیسیزم لە نێو کەشی ئەو سەرهەڵدانەدا ساز دەبێ کە لە هەموو فەزای دنیادا شتی وا هەیە. تەنانەت بە جۆرێک لە جۆرەکان پەیوەندییەکی ئەوینداری لە نێو خۆپێشاندەران ساز دەبێ و پێوەندییەکی عاتفی باڵ بەسەر سەرهەڵدانەکەدا دەکێشێ. ڕێژیم دەمەکە بەمەی زانیوە داوە و هەوڵ دەدا ڕێی لێبگرێ. چون سیمین دوبووار گوتەنی ئەوە ژنی ئازایە کە دەتوانێ منداڵی ئازا و ڕەها و چاونەترس ڕابێنێ، بۆیە لە داوێنی ئەو ژنەیە کە منداڵ پەروەردە دەبێ و دواجار ئەو

منداڵە لەسەر بنەمای ئەو بارهێنانە و ئەو پەروەردە کردنە دەتوانێ بەدژی زوڵم و زۆری دەنگ هەڵبڕێ. تەنانەت لە نێو ئەدەبیاتی ڕەسمیی دەسەڵاتدا تووندوتیژییەکی گوفتاری و سووکایەتی زمانی بەرامبەر بە ژن هەیە یان وەها باو کراوە کە کاتێک ژنێک دەسبەسەر دەکرێ یان بازجوویی لێدەکرێ ئابرووی بنەماڵەکەی دەچێ، ئابرووی ئەو ژنەی دەچێ واتە لە کەرەسەی جۆراوجۆر کەڵک وەردەگرن بۆ ئەوەی ژن وەک هێز و دینامیزمێک لە بزووتنەوەدا پاشەکشەی پێ بکرێ و بیبەنەوە چوارچێوەی ماڵ و بیانخەنە یەر چاوەدێریی باب و برا و مێردەوە و بەم شێوەیە دەیانەوێ ڕێیان لێ بگرن. بەڵام بە خۆشییەوە ئەمە بە دڵی کۆماری ئیسلامی ناچێتە پێشێ و بەشداریی ژنان لە مەیدانی ناڕەزایەتی تۆختر بووە و تەنانەت هەندێک جار تۆ لەو گرتە ویدیۆییانەدا دەبینی کە ژن دەوری لیدێر دەگێرێ. ئەمە نیشاندەری ئەوەیە کە کۆماری ئیسلامی لەو هێزە تۆقیوە و لە داهاتوودا ژنان دەورێکی زۆر سەرەکی دەگێڕن.

عەلی بداغی: کاک ناسر کەمێک پێشتر ئاماژەت بەو دەستەواژانە دا وەک «خەڵک» و «خەڵکی ڕاستەقینە». خامنەیی چەند ڕۆژ پێش لە کۆبوونەوەی لەگەڵ کۆمەڵێک بەسیجیدا گوتی کە ئیرادەی «خەڵک» توانیی بەسەر «پیلان»دەکەدا سەر بکەوێ. کاک ناسر ئەگەر هەڵوێستەیەک لەسەر ئەم قسانە بکەین، کام خەڵک و کام پیلان؟

ناسر باباخانی: خامنەیی دەمێکە لە وشەی «مردم»، واتە خەڵک کەلک وەردەگرێ، بۆ ئەو «مردم» بریتین لە دەستوپەیوەندی گوێڕایەڵی خۆت کە لە شەقامەکان بە ئەمری ئەو خەڵک دەدەنە بە گوللە لە ڕوانگەی نیزامەوە ئەوانە «خەڵکی ڕاستەقینە»ن، بۆیە بە یارمەتی وەرزرەتەکان و دەزگاکان خەڵک دێننە سەر شەقامەکان کە زۆربەیان مووچەخۆر و خوێندکار و قوتابی و مامۆستان کە ناچاریان دەکەن کە دەبێ ئیمزا بدەن و دەبێ خۆپیشاندان بکەن و لەسەر شاشەی تلویزیۆنیش ناوی دەنێن حەماسەی خەڵک!

مەسەلەیەکی چینی دەڵێ کاتێک شتێک بەراوژوو نیشان دەدەی؛ واتە درۆ دەکەی. ئەمە پیشەی وڵاتانی دیکتاتۆری و دواکەوتوویە کە ڕاستییەکانی نێوخۆ بە پێچەوانە نیشان دەدەن بۆ شاردنەوەی کەموکوڕییەکانی وڵات.

خامنەیی هەر لە سەرەتای دامەزراندنی کۆماری ئیسلامییەوە هەتا ئێستا، بەتایبەتی پاش مردنی خومەینی کە دەسەڵاتی گرتە دەست، ئیستراتیژیی سەرەکیی ئەم وڵاتەی بۆ نێوخۆ و دەرەوە لەسەر بنەمای بەراوەژوو نیشاندانی واقعییەتەکانی کۆمەڵگە داڕشتووە. ئەمە بەڵکوو دوکتورینێک بووە کە لە سەرەوەی هێرەمەکە واتە خۆی بۆ خوارەوە دیکتە دەکرا و لە هەموو بوارەکاندا بەجۆرێک هەوڵ دراوە کە سیمای ڕاستەقینەی دیاردەکان بشاردرێنەوە. شەخسی خامنەیی لەسەر بنەمایەکی پاڕانۆییدی بۆ بەلاڕێدا بردنی ڕاستییەکان لە زۆر تاکتیکی سەیروسەمەرە کەڵکی وەرگرتووە، بۆ وێنە ئەم دەستەواژانە بە

بەردەوامی لە گوتـارە سیاسـییەکانی ئەو حکـوومەتەدا کە لە زمـانی «ولـی فقیـە» دەگـوازرێتەوە بەدی دەکرێـوەک پـیلان، دوژمن، تەمـاح، سیخوڕی، دەستەواژەی نفـووز، خەیـانەت، هەڕەشەی دەرەکی، دەستی پشتی پەردە، ئەرازل و ئەوبـاش و، ئەشـرار لەم دواییـانەدا و، ئەمە بـۆتە هۆکارێـک بـۆ ئەوەی کە بە هەر جۆرێـک بەر بە هەر چەشـنە پلـۆرالیزمێکی سیاسـی بگرێ. ئەم «خەڵک»ەی کە جەنابیشت باست فەرموو دەچێتە خانەی ئەم دەستەواژانەی ئەو بۆ مەرامەکانی بەکاری دێنێ.

بەڵام بەپێـی هەمـوو ئامـار و داتاکـان کە لە ناوەنـدە ئاکادیمیـک و بـاوەڕپێکراو نێونەتەوەییـدا هەیە، کۆمـاری ئیسـلامی بەپێچەوانە ئیـدیعای ڕێبەرەکـانی، ڕێژیمێکی داڕمـاوە، ئەم داتایـانە تەعبیـر لە دۆخی کارەسـاتباری ئێـران دەکەن کە لە ڕاگەیاندن و میدیاکانی کۆماری ئیسلامیدا نەک باس ناکرێ، بەڵکوو بـاس کردنەکەشیان باسی سەرە؛ بـۆیە لە حەقیقەتـدا ئەو قەرائەتە ڕەسمییەی کە ڕێبەری کۆمـاری ئیسـلامیی ئێـران لە شـەقامەکان دەیـداتە دەرەوە، ڕێک بەراوەژوو نیشـان دانـی حەقیقەتەکان و، ئەوەی مرۆڤکوژ و خوێنڕێژە پیاوەکانی ڕێبەرن نەک خەڵکی ئێران!

عەلی بداغی: کاک ناسر سپاس بۆ بەشداریت لەم دیمانەیەدا.

ناسر باباخانی: سپاس بۆ ئێوە و سەرجەم هاوکارانتان، «کوردستان» ئاوەدان!

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٧ی دێسەمبەری ٢٠١٩

وتووێژ لەگەل مستەفا مەلوودی جێگری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان

مسـتەفا مەولـوودی: کـۆمەڵگەی نێـودەوڵەتیش دەزانـی کۆمـاری ئیسـلامی ڕێژیمێکـی نادەروەسـتە و گـۆڕان لە ڕەفتـار و سیاسەتەکانیدا ئەستەمە

ئەمریکـا لە گوشـارە سیاسـی و ئابووریـیەکـانی بـۆ سـەر کۆمـاری ئیسـلامیی ئێـران بەردەوامە. وڵاتـانی ئوروپـایی هاوبەشـی ئێـرانیش لە بەرجامـدا ئەگەر چـی دەسـتی هیوایـان لە ڕێـژیم بەرداوە، بەڵام هەوڵ دەدەن ئەوەنـدەی دەکـری خۆیـان لە هەڵوێستی توند لەدژی ئێران بەدوور بگرن. لەنێوخۆی وڵاتیشدا ڕێژیم دەیەوێ بە بەشداریـیەکی لایەنیزۆر لەلایەن

خەڵکەوە ڕەواییەت بۆخۆی دەستەبەر بکا و پشتئەستوور بەوە لە گەمە سیاسییەکانی بەردەوام بێ.

کۆماری ئیسلامیی ئێران چەندە دەتوانێ لە مەوداکانی نێوان ئوروپا و ئەمریکا بە قازانجی خۆی کەلک وەرگرێ؟ هەڵبژاردنەکان لە ئێران بەرەو کوێ دەڕۆن و بزووتنەوەی سیاسیی کورد چ دەورێکی کە گۆڕانکارییەکانی ئێستای ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەیە. «کوردستان» ئەم بابەتانە و چەند مژارێکی دیکەی لەگەڵ مستەفا مەولوودی، جێگری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان تاوتوێ کردوە.

کوردستان: با سەرەتا باسێک لە «سەودای سەدە» بکەین. ئایا ئەم جۆرە تەرح و پڕۆژانە دەتوانن سەقامگیریی سیاسی لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و ئاشتیی نێوان نەتەوە ناکۆکەکاندا دابین بکەن؟

مستەفا مەولوودی: بە بڕوای من نا، ناتوانێ. تەنیا پڕۆژە و گەڵاڵەیەک دەتوانێ سەقامگیریی سیاسی لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستی لێ بکەوێتە و، ئاشتیی نێوان گەڵان دابین بکا کە بۆ ماف و ئیرادەی گەلانی ئەو ناوچەیە گەڕابێتەوە و؛ لەسەر ئەساسی دانان و پاراستنی مافی گەڵان و پێکهاتەکانی ناوچەکە داڕێژرابێ. ئەم پڕۆژانەش دەبێ گشتگیر و فرەپەسند بن، بەو مانایەی دوو لایەن یان چەند لایەنی خاوەن ماف و خاوەن بەرژەوەندی لەسەری ڕێک کەوتبن. لە ڕوانگەی منەوە تەنیا شتی پۆزتیڤی ئەو پڕۆژەیە هاندانی دوو لایەنە هەتا بە دیالۆگ و وتووێژ کێشەکانی نێوانیان چارەسەر بکەن. دەنا لە تەواوەتیی خۆیدا پێموایە ئەو پڕۆژەیە ناتوانێ سەقامگیریی سیاسی لە ناوچەی خۆرهەڵاتی نێوەڕاستدا بەدی بهێنێ هیچ؛ بەڵکوو ڕەوشەکە زۆر سەخت و دژوارتر دەکا و ئەگەری ئەوە هەیە ناوچەکە تووشی زۆر سیناروی ناروونی دیکە بکاتەوە و کێشەکان لە باتی چارەسەری ئالۆزتر ببن.

کوردستان: لەم ڕۆژانەدا سەرۆکی ئاژانسی نێودەوڵەتیی وزەی ئەتومی ئێران خرایە لیستی گەمارۆکانی ئەمریکا دژی ئێرانەوە، ئەوەش لە درێژەی ئەم گوشارانەوە دێ کە بە «گوشاری لانیزۆر» دەناسرێ. پێتان وایە ئەم گوشارانە تا ئێستا چ کاریگەرییەکیان لەسەر سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی بووە؟

مستەفا مەولوودی: ئەوەی کە سەرۆکی ئاژانسی نێودەوڵەتی وزەی ئەتۆمی ئێران لە لایەن حکومەتی ئەمریکاوە دەخرێتە لیستی ڕەشی سزاکانەوە، ئەم بڕیارە چ لە بواری سیاسی و چ لە بواری ئابووریییەوە دەتوانێ شوێنەواری زۆر نیگەتیڤی لەسەر حکومەتی کۆماری ئیسلامیی ئێران هەبێ. لەگەڵ ئەوەشدا چەت بخاتە نێوان پێوەندیی ئۆرگانیکی ئەو ڕێکخراوەیە لەگەڵ لایەنە نێودەوڵەتییەکان بەتایبەت ئاژانسی نێودەوڵەتیی وزەی ئەتۆم و ئەوەش دەتوانێ بۆ ڕێژیمی ئێران

کارەساتبار بێ و، تەنانەت زیانی قەرەبوونەکراویش بە رێککەتنی بەرجام بگەیەنێ کە لانی کەم لە ئێستادا ئەگەر کارایی خۆیشی لەدەستدا بێ؛ بە شێوەی فۆرم لە ڕوانگەی ئێران و لایەنەی ئوروپاییەوە لەجێی خۆیەتی. بۆیە بە ئەگەری زۆر حکومەتی ئێران لە باری سیاسی و ئیعتباری نێودەوڵەتی و ئابووریەوە تووشی چالشی گەورەتر دەبی و دەکرێ بڵێم زیاتر ئەم ڕێژیمە ئیزۆلە و پەراوێز دەخا. هەر چەند لە حاڵەتی لەو چەشنەدا جۆری مودیریەتی کاربەدەستانی ئێران بە جۆرێکە کە دووکەڵی ئەو جۆرە قەیران و کێشەگەلە زۆرتر بچێتە چاوی خەڵک، کە بەداخەوە خەڵکی ئێران هەتا ئێستاش لەو سۆنگەیەوە تێچووی زۆریان داوە و، گوشارەکان لەسەریان چەند قات زۆرتر دەبێ.

کوردستان: گەمارۆکان کاریگەرییان لەسەر ئابووری و ژیانی خەڵکی وڵاتیش داناوە، بەڵەبەرچاوگرتنی ئەوەی چەند ڕۆژ پێش ئێستا کۆنگرەی ئەمریکا پشتیوانیی لە ناڕەزایەتییەکان لە ئێران کرد و داوای لە وڵاتەکەی کردوە کە بابەتی پشتیوانی لە خەڵکی ئێران لە شووڕای ئەمنیەیدا بخاتە دەستووری کارەوە؛ ئێوە ڕوانگەتان بۆ سیاسەتی سزادانی ئێران و هەروەها سیاسەتی پشتیوانیی مەعنەوی و سیاسیی کۆمەڵگەی جیهانی لە خەڵکی ئێران چییە؟

مستەفا مەلوودی: غەدرێکی گەورەیە لە خەڵکی ئێران بەو مێژووە پڕشنگدارە لە خەباتیان دژی سەرەڕۆیی و بە تایبەتمەندییە پڕبایەخەکانیان کە ڕێژیمێکی وەک کۆماری ئیسلامی حوکمیان بکا و، لە سۆنگەی سیاسەت و دەسەڵاتی ئەم ڕێژیمەوە بکەونە ئەم بارودۆخەوە. مێژووی ژیانی سیاسی خەڵکی ئێران بە هەموو پێکهاتەکانی ئەوە بەرووڕی نیشان دەدا، هەر بۆیە خەڵکی ئێران کە بە ئیرادەوە لە بەرانبەر ئەو ستەم و جەورەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی پێی ڕەوا دیون خۆیان ڕاگرتوە و، لێبرانە هەول دەدەن بە هەوڵ و هیممەتی خۆیان ئەم ڕێژیمە سیاسییە سەرکوتگەرە بە ڕێژیمێکی دێموکراتیک و خەڵکی بگۆڕن. بەڵام بەپێی ئەو پێوەندییە سیاسی، ئابووری و نێونەتەوەیی کە لەو سەردەمەدا گەڵان و وڵاتان بەیەکەوە هەیانە، ڕووداو و گۆڕانکارییەکان کارتێکەرییان لەسەر یەکتر هەیە.

سروشتییە گوشاری حکومەتی ئەمریکا و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بۆسەر ڕێژیمی ئێران و پشتیوانیی مەعنەوی لە خەڵکی ئێران بۆ دابینکردنی مافی کۆمەڵایەتی و ئازادیەکانیان لە ئێران، دەتوانێ بۆ ڕێژیم شوێنەواری سەلبی و بۆ خەڵکی وڵاتی ئێران بەگشتی شوێنەواری ئیجابیی هەبێ و دەتوانێ زۆرتر هاندەری خەڵک بێ بۆ بەردەوام بوونیان لە خەبات و تێکۆشان بۆ دەستەبەری ئازادی و گەیشتن بە مافەکانیان.

کوردستان: وەدواخستنی چالاککردنی «میکانیزمی ماشە» لە لایەن وڵاتانی ئوروپایی دیسان ئەو گریمانەیە بەهێز دەکاتەوە کە هیوا و تەما ماوە بۆوە ئێران ڕەگەڵ کۆمەڵگەی جیهانی کەوێ و گرژی و ئاڵۆزییەکان ئەوەندەی دەکرێ ڕێیان

لێ بگیرێ. ئایا ئێران دەبێتە ئەو تەیرە مەعقوولە کە لە کۆمەڵگەی جیهانیدا جێی بێتەوە؟ ئایا ئەوە کاتکڕینی زیاتر بۆ ڕێژیم و کاتسووتاندنی پتر بۆ خەڵکی ئێران نییە؟

مستەفا مەلوودی: بە سەرنجدان بە مێژووی چل ساڵەی حکومەت و ڕەفتاری ئەم ڕێژیمە چ دەرحەق بە خەڵکی وڵات لە نێوخۆ و چ بەنیسبەت نابەرپرسیار بوونی دەسەڵات بەنیسبەت کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی و ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکان، ئۆمێد بەوە زۆر کەمە کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی گۆڕان ی بەسەردا بێ و بیەوێ ڕەفتار و هەڵسەوکەت و سیاسەتەکانی بگۆڕێ. بەڵام وڵاتانی ئوروپایی بە تایبەتی یەکیەتیی ئوروپا و ئاژانسی نێودەوڵەتی وزەی ئەتۆمی زانیاریی باشیان لەسەر ڕێژیمی ئێران هەیە و بەباشی نابەرپرسیارەتیی ڕێژیمەیان بۆ دەرکەوتوە. هەڵبەت ئەوان بەهۆی ڕەوشی هەستیاری ئێستای ناوچە و ژئیۆپۆلیتیک و هەڵکەوتەی جۆغرافیایی ئێران زۆربەی هەوڵەکانیان بەو ئاراستەیەدایە کە ڕێژیمی ئێران ڕەفتارەکانی بگۆڕێ. کۆماری ئیسلامی هاوکات ئەم گوشارەشی لەسەرە کە ئەگەر ڕەفتارەکانی لە زۆر بوار و ئاستەکاندا نەگۆڕێ، دەتوانێ ناوچەکە تووشی کارەساتی چاوەڕواننەکراو بکا کە دیارە زەرەرمەندی یەکەم لە پێشدا خەڵکی ئێران و دواجار خودی ڕێژیمە. بۆیە لە باتی ئەوە دەست لەسەر دەست دابنێن و چاوەڕوانی ڕووداوی چاوەڕوانکراو بن، کار دەکەن بەڵکوو ئەوەندەی دەتوانن بەرپرسایەتی لە کاربەدەستانی ڕێژیمی ئێراندا دروست بکەن، کارێک کە ئوروپاییەکان ئێستا پێیەوە سەرقاڵن، بەڵام پرسیار ئەوەیە کە ئایا ئەمە دەتوانێ چارەسەری کێشەکان بێ؟ لە ڕوانگەی منەوە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لەبەر ئەوەی خۆی و سیاسەتەکانی سەبەب و هۆکاری بنەڕەتیی کێشە و قەیرانەکانن، نەخێر شانسی ئەمە زۆر کەمە.

کوردستان: هەتا ناڕەزایەتییەکان لە ئێران زیاتر و ماوەی ڕووداندیان کەمتر دەبێتەوە، گوشار و تۆندیی سەرکوتەکەش لەلایەن ڕێژیمەوە زیاتر بووە. خەڵکی ئێران جیا لە بەردەوامیی ناڕەزایەتی کام چەک و کام ڕێکاری دیکە هەیە بیگرنە بەر بۆ داواکردنی مافەکانیان و بەردەوامیی خەباتیان؟

مستەفا مەلوودی: ناڕەزایەتییەکان لە ئێران وکوردستان ڕیشە و بنەچەی بۆ شێوەی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی دەگەڕێتەوە، ئەم گوشار و سیاسەتە چەوتانەی دەیان قەیرانیان بەرەوڕووی کۆمەڵگەی ئێران کردۆتەوە و بوونەتە هۆی نەهامەتیی خەڵک.

کەڵەکەبوونی داواکان و شێلگیریی خەڵک و بەردەوامیی ناڕەزایەتییەکان خەڵکی ئێرانی سیاسیتر و مافویستتر کردوە. چین و توێژە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگەی ئێران لە ئێستا مکوڕتر لە هەر کاتێک تێدەکۆشن مافی لەدەستچووبان بۆ بگەڕێتەوە.

بەتایبەتی ئەگەر سەرنجی دروشمەکان لە شەپۆلی نوێی نارەزایەتییەکانی ئەم دواییانە بە دوای خستنە خوارەوەی فرۆکەی ئۆکراینییەکە بدەین کە لە لایەن سوپای پاسدارانی ئێرانەوە کرایە ئامانج؛ دەبینین خۆپیشاندەران ڕێژیمیان لە تەواوەتی خۆیدا بە ئامانج گرتبوو؛ ئەمەش دەربڕی ئەوەیە کە خەڵک بێزار و لێبڕاو بوون بۆ گۆڕانی وەزعی مەوجوود و ئەوە دەتوانێ کاریگەریی لەسەر دروستکردنی جەسارەتی زیاتری خەڵک هەبێ؛ هەروەها ترس و نیگەرانی زۆرتریش لەنێو کاربەدەستانی ڕێژیمدا دروست بکا. سروشتییە فشاری لە ڕادەبەری ڕێژیم بۆ سەر خەڵک، بەتایبەت خەڵکی هەژار و کەم داهاتی وڵات دەبێتە هۆی ئەوە خەڵکی وڵاتان و تەنانەت دەوڵەتانیش پشتگیری مەعنەویی خەڵکی ئێران بکەن. بەڵام بە گشتی لە ڕوانگەی منەوە خەڵک دەبێ بە یەکگرتوویی خۆیان لە خۆپیشاندانەکان بەردەوام بن و هاوکات نارەزایەتییەکان بۆ فازی مانگرتنی گشتی بگوازنەوە.

کوردستان: ناوەندی هاوکاری هەڵبژاردنەکانی مەجلیسی بایکۆت کردوە، ئەم هەڵوێستە چەندە لەجێی خۆیدایە؟ پێتان وایە خەڵکی کوردستان چۆن بەرەو هەڵبژاردنەکانی ئەمجارە دەچن؟

مستەفا مەلوودی: لەسەر ئەساسی ئەو شناخت و زانیارییەی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران لەسەر نێوەڕۆک و کردەوەکانی حکومەتی کۆماری ئیسلامی لە ئێران بەگشتی و لە کوردستان بە تایبەتی هەیانە و، ئەزموونێک کە خەڵکی کوردستان لە بەشدارییەکان لە هەڵبژاردنەکان هەیانە، ئەمن لام وایە بایکۆت کردنی هەڵبژاردنەکانی دەورەی ١١ی مەجلیسی شورای ئیسلامیی ئێران بڕیارێکە تەواو لەجێی خۆیدایە.

هەڵبژاردنەکانی ئەمجارە دەبوا بایکۆت کرابا، یەکەم لەبەر ئەوەی خەڵکی کوردستانی ئێران خۆیان بەباشی لە هەموو بوار و ناستەکاندا نیزامی کۆماری ئیسلامییان ناسیوە و هەموو نەهامەتییەکانی خۆیان لە چاوی ئەو ڕێژیمەدا دەبینن، بۆیە ناچنە پشتی. دووهەم جیا لەوەش بە کردەوە بۆیان دەرکەوتوە نوێنەران لە مەجلیسی شورای ئیسلامی بە تاک لە حەوزەی هەڵبژاردنی خۆیاندا و بە کۆش لە مەجلیسی شورای ئیسلامیدا نەخش و دەورێکی زۆر سنووردارییان هەیە و، نەیانتوانیوە بەشێکی هەرە بچووکیش لە خواستەکانی خەڵک دابین بکەن و کاریگەریی ئەوتۆیان لەسەر دانانی یاساکان لە مەجلیس لە بەرژەوەندیی خەڵکدا نییە. جیا لەوەش خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دابراو و نامۆ نین لە هێزە سیاسییەکان، ئەگەر هێزە سیاسییەکان بەگشتی یەک هەڵوێست بن، تەجرووبە نیشانی داوە خەڵک بە دەنگیانەوە هاتوون؛ بۆیە من پێموانییە کە خەڵک هەر ناچنە سەر سەندووقی دەنگدان و حەوزەی هەڵبژاردن بێ نوێنەر دەبێ، بەڵام بڕوام وایە لە هەڵبژاردنی ئەو جارەدا خەڵک بەنیسبەت هەڵبژاردنەکانی ڕابردوو زۆر کەمتر دەچنە سەر سەندووقی دەنگدان کە ئەوە دەتوانێ پەیامێکی سیاسیی شوێندانەر بێ و شیوەیەکی موناسب و کاریگەریی خەباتە بە دژی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی.

کوردستان: وەک دەبینین ئێران و ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە بەردەم گۆڕانکاریی زۆر خێرا دایە، بەشێک لەم گۆڕانکارییانەش لەو ماوەیەدا ڕوویان دا. کوردی ئێران لە کوێی ئەم گۆڕانکارییانەدایە؟

مستەفا مەلوودی: هەر گۆڕانکارییەک لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و وڵاتانی ناوچە بەتایبەت لە پێتەختی ئەو وڵاتانەی کە کوردیان تێدایە و بەشێکی کوردستانە، شوێنەواری ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی لەسەر بزوتنەوەی سیاسی و کۆمەڵایەتی خەلکی کوردستان دەبێ. بۆیە لە ئێستاشدا هەر چەندە سیناریۆکان زۆر ڕوون نین و ڕەهەندی جۆراوجۆر بەخۆیانەوە دەگرن؛ بەڵام بە دڵنیایی کاریگەرییان لەسەر کوردستان دەبێ. بە خۆشییەوە خەڵکی کوردستانیش ئەزموون و لێزانی ئەوەیان هەیە کە لەو هەلومەرج و دەرفەتانەی لە سۆنگەی گۆڕانکارییەکاندا دێنە پێشێ بەباشی کەڵکیان لێ وەربگرن، و دەرفەتەکە بقۆزنەوە.

ڕووداوەکانی چەند ساڵی ڕابردوو لە ناوچە بەتایبەت سەرهەڵدانی داعش و ڕۆڵی کورد لە شکاندنی ئەم هێزە تێرۆریستییەدا و ئەو خەبات و تێکۆشانەی کورد لە بەشەکانی دیکەی کوردستانیشدا بۆ ئازادی و دێموکراسیی بوویانە، هەموو ئەوانە لەسەر یەک پێمان دەڵێن کورد لە ئێستادا فاکتەرێکی بەهێزە لە گۆڕانکارییەکانی ناوچەدا.

کوردستان: زەروورەتەکانی بەردەم جوواڵانەوەی سیاسیی کورد لە ئێران لە بارودۆخی ئێستادا چین و چمان بۆی کردوە؟

مستەفا مەلوودی: ئەوە حەقیقەتێکی تاڵ و مێژووییشە کە کورد لە پێناو وەدەستهێنانی مافەکانی تا ئێستا لە خەباتێکی زۆریان کردوە و تێچووی زۆریشیان بۆ داوە، بەڵام دەسەوتەکانی بارتەقای ئەم هەمووە قوربانیدانە نەبووە کە دیارە ناچینە سەر باسی هۆکارەکانی. بەڵام بە گشتی ڕەوتی مێژوو و جوواڵانەوەی کورد وایکردوە بزوتنەوەی سیاسیی خەلکی کوردستان بزوتنەوەیەکی لەسەر هەست و زیندوو بێ. ڕوونە کە بەپێی ئەزموونێک کە لە ماوەی خەبات و تێکۆشانیدا دەستی خستوە، بەنیسبەت گەلان و بەشەکانی ئێران ئامادەیی زۆرتری و ئەزموونی پتری لە هەموو ئاستەکاندا هەیە. بۆیە پێویستە کە لە حاڵی ئێستادا یەکڕیز و یەکگرتووتر و خاوەن پلان و بەرنامە بێ و، خۆ بۆ هەموو حاڵەت و ئەگەرەکان لە ئاڵۆگۆڕەکانی داهاتوودا ئامادە بکا. من پێم وایە خەلکی کوردستان و هێزە سیاسییە خاوەن کاریگەرییەکان ئەم توانا و هێزەیان هەیە کە بە یەکگرتوویی و یەکڕیزیی زیاترەوە بەرەو گۆڕانکارییەکان بچن.

کوردستان: زۆر سپاس کە کاتتان بۆ ئەم دیمانەیە دانا

سەرچاوە Serchawe

مستەفا مەلوودی: ئێوەش ماندوو نەبن

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٥ی فێبریوێری ٢٠٢٠

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

بەفرانباری ٢٧٢٠ی کوردی = دێسەمبەری ٢٠٢٠ی زایینی

سڵاو و ڕێز لە هاوڕێی تێکۆشەر و دێرین عەلی بداغی
ڕەحمان نەقشی